ویلیام گای کار
وەرگێڕانی: سەلاح سەعدی




جیهان
گەمەی دەستی ئیسرائیلە

پێڕەوکردنی کرداریی پرۆتۆکۆڵەکانی سەرانی زایۆنیزم

FARHAN KURDI

تعديل

Farhan Kurdi



جیهان ...

گەمەی دەستی ئیسرائیلە

AWER
Nawendi Awer

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر

- بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: حەسەن بورەیی
- بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاریز حەسەن
- ڕاوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا

هەولێر-پشت پاریزگا- پشت مزگەوتی مەحموود عەلاف

07505114142 - 07507476644

Nawendi Awer:: ناوەندی ئاوێر

Nawendi.awer@yahoo.com

جیهان ... گەمەی دەستی ئیسرائیلە

جێبەجێبوونی کرداریی پرۆتۆکۆڵی سەرانی زایۆنیزم

ویلیام گای کار

وەرگێڕانی

سەلاح سەعدی

چاپی یەکەم

٢٠١٩

AWER
Nawendi Awer
ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە

جیهان ... گەمەی دەستی ئیسرائیلە

✓ نوسینی: ویلیام گای کار
✓ وەرگێرانی : سەلاح سەعدی
✓ نەخشەسازی ناوەوە: محمدحسێن خەتی
✓ بەرگ: ئیراهیم صالح
✓ تیراژ: ١٠٠٠ دانە
✓ چاپ: کوردستان/ هەولێر
✓ ساڵی چاپ: ٢٠١٩
✓ چاپخانە: هێڤی٢
✓ نرخ: (٨,٠٠٠) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٥٤٦)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێ دراوە.

ناوەڕۆك

پێشەکی

لەوانەیە پەرتووکێکی دیکە لە مێژوودا نەبێت بارتەقای ئەم پەرتووکە هەرا و زەنای نابێتەوە. چونکە بۆ گشت ئەو کەسانە وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە کە دەیانەوێ بزانن نهێنییەکانی پشت پەردەی ئەم جیهانە تێبگەن، بەو واتایەی چەند لێکدانەوەیەکی لە هەنبەر ڕووداوە گەورە و تۆقێنەرەکانی جیهان کردووە، وەك شۆڕشە مەزنەکان و هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، بەبێ ئەوەی دەستە شاراوە و بزوێنەرەکان و پاڵنەری ئەو ڕووداوانە بزانێ. لێکدانەوەکانیشی بەچەند بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری سیاسی و مێژوویی دەوڵەمەند کردووە و هیچ گومانێکیش لە ڕاستیی بەڵگەکان ناکرێ.

لێرەوە بەجیهانیبوونی ئەم پەرتووکە هاتووەتەدی، بەو واتایەی نەك تەنیا بۆ گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو بۆ هەموو کەسێکی سەر هەسارەی گۆی زەوی گرنگە، جگە لەمانەیش کردەی دوای دەرچوونی پەرتووکەکە خوێندنەوە و هەڵێنجانی هەنبەر ڕووداوەکانی جیهان گۆڕانیان بەسەردا هات و لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لێك دەدرانەوە، هەر ئەمەیشە پەرتووکەکەی بە زیندوویی هێشتووەتەوە و لەگەڵ ئەوەی چەندان دەیە بەسەر دەرچوونی تێپەڕیون، بەڵام بە باشترین بەڵگەی مێژوویی و سەرچاوەیەکی هەرە نایابی لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو و داهاتوو هەژمار دەکرێ، خودی خاوەنەکەشی

بە نەمری هێشتووەتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی پێشبینییەکانی ڕاست دەرچوون و ڕووداوەکانی دواتری جیهان دروستیی پێشبینییەکانی نووسەرەکەیان سەلماند.

نووسەری بەناوبانگ ((ولیام گای کار)) لەم پەڕتووکەدا جوولەکەی وەك هێزێکی بەدخوازی نهێنی و پشت پەردە ناساندووە و ڕوونی کردووەتەوە بەنهێنی و لە تاریکیدا خەریکی کار و پیلانرێژییە و زۆربەی کەسە پلە باڵا و مەزنەکانی جیهانی بەرزەفتکردووە، هیچ گومانێکیش لەوەدا ناهێڵێتەوە و دەیسەلمێنێ چۆن زایۆنیزمی جیهانی ڕق و کینەی نێوان گەلان دەوروژێنێ، ئاشووب و پلانگێڕی پەخش دەکات و هەوڵی هەلگیرساندنی جەنگی سێیەمی جیهانی دەخاتە گەڕ کە ئەگەر هەلبگیرسێت شوێنەوار و وێرانکارییەکەی لە هەردوو جەنگەکەی پێشوو - بەیەکەوە- مەترسیدارترە، لە کۆتاییشدا ئامانجی وێرانکردنی جیهان و ڕۆنانی ئیمپراتۆریایەکی تایبەت بەخۆیەتی لەسەر دار و پەردووی جیهانی وێرانکراودا.

هەروەها نووسەر لە پەڕتووکە مەزنەکەی خۆیدا ڕوونی دەکاتەوە چۆن ئەو جەنگ و شۆڕشانەی ژیانمان دەکەنە پووشی بەردەم ڕەشەبا و ئەو بێسەروبەرییەی باڵی بەسەر جیهانەکەماندا کێشاوە: تەنیا دەرئەنجامی پیلانگێڕییەکی بەردەوامی ئەهریمەنییانەیە، لە چەند شوێنێکی دیکەشدا ڕوونی دەکاتەوە چۆن زایۆنییەکان بەهۆی ئەو ململانێیەی جوولەکەکان لەنێوان زایۆنیزمی سیاسی و جیهانی ئیسلامیدا دەیوروژێنن، پیلان بۆ جەنگی سێیەمی جیهانیی نێوان جوولەکە و موسڵمانەکاندا دادەڕێژن، پیلانە نەخشە بۆ کێشراوەکەش

بە جۆرێك جەنگەکە بەڕێوە دەبات ولاّتانی عەرەبی و دواتریش ئیسلامی بەتەواوی خاپوور بن.

نووسەر زرینگە لە زەنگی هۆشداری هەڵدەستێنێت و پێی وایە ئەگەر سەرتاپای جیهان بۆ وەستاندنی ئەم پیلانگێڕییە زایۆنییە غەمیان لەبەر نەبێت و مشووری وەستاندنی نەخۆن، ئەوا مەرگەساتێکی جیهانی وەکات[1] بە ڕێگەوەیە.

ئەم پەڕتووکە گرنگە بە بەهێزترین بەڵگەی شەرمەزارکردن و سەرکۆنەکردن دادەنرێ و پیلانگێڕییە زایۆنییەکەی تایبەت بە کۆنترۆڵکردن و ملپێکەچکردنی جیهان بۆ ژێر هەژموونی جوولەکە دەخاتە ڕوو، لەوانەشە هەر ئەمە وای لە جووەکان کردبێ هەوڵی بێوچان بخەنەگەڕ ئەم پەڕتووکە لە سەرانسەری جیهان بشارنەوە، دەبێ ئەوەش بزانین خودی نووسەرەکەشی لە هەلومەرجێکی پڕ لەتەمومژ تیرۆر کراوە، ئۆباڵی تیرۆرکردنەکەشی خراوەتە ئەستۆی جووەکان.

ئەم پەڕتووکە – زۆر بە سادەیی– پەردە لە ڕووی ئەو هێزانە رادەماڵێ کە دەستیان لە تراژیدیا و ئێش و ئازارەکانی ڕابردوو و ئێستەی مرۆڤایەتیدا هەبووە، ئەویش زایۆنیزمی جیهانییە، هەروەها ئازایەتییەکی بێهاوتای نووسەرێکی مەزن دەردەخات، چونکە بڕیاری دا خۆی بەنێو شەپۆلی مەترسیاندا دابدات و پەردە لە ڕووی پیلانە زایۆنییەکە هەڵماڵێت!

مەجدی کامل

---

١) وەکات: واتا بەدڵنیاییەوە، یان بە تەئکید، بۆنموونە زۆرجار لە کوردەواریدا دەگوترێ:" سبەی نەچم، دووسبەی وەکاتە دەچم".

بەشی یەکەم

جیهان.. کەمەی دەستی ئیسرائیلە

سەبارەت بەم پەڕتووکە و نووسەرەکەی

(١)

گرنگترین پەڕتووکێکە سەرەداوەکانی پیلانگێڕییەکە ئاشکرا دەکات



((جیهان گەمەی دەستی ئیسرائیلە))[2] یەکێکە لە بەناوبانگترین پەرتووکەکانی جیهان، لە هەمووشیان کاریگەرترە. سەرتاپای جیهان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم پەرتووکە لە ڕیزی سەت پەرتووکە هەرە گرنگەکەی سەت ساڵی دواییە.

هەرچەندە پێنج دەیە بەسەر دەرچوونی ئەم پەرتووکەدا تێپەڕیون، بەڵام ئێستەیشی لەگەڵ دابێت زۆر پرس دەوروژێنی، بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی دوای دەرچوونی هاتنە پێشێ بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە ڕاستیی بۆچوون و دروستیی پێشبینییەکانی دەسەلمێنێ.

ئەم پەرتووکە شرۆڤەی ڕەگوڕیشەی بزووتنەوەی زایۆنیزمی جیهانی و ئامانج و شێوازەکانی دەکات. هەروەها چۆنییەتیی بەکێشکردنی سەرکردایەتییەکانی وڵاتانی گەورە و بەرزەفتکردنی چارەنووسی ئەم دەوڵەتانە تاوتوێ دەکات کە زایۆنیزمەکان نەوە دوای نەوە بەپێی چەند پیلانێکی ئەهریمەنی هەوڵی جێبەجێکردنی دەخەنە گەڕ. هەروەها گلۆبالیزم و چۆنییەتیی دروستبوونی و بیردۆزە ئابوورییەکانی وەک سەرمایەداری و ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم و

---

٢) ناونیشانی ئەم پەرتووکە بە عەرەبی (الاحجار على رقعة الشطرنج)، کە بە کوردییەکەی دەبێتە (مۆرەکانی شەترەنج) بەڵام هەستمان کرد ئەم ناونیشانەی ئێستەی واتا (جیهان... گەمەی دەستی ئیسرائیلە) باشترە و زیاتر گوزارشت لە نێوەڕۆکەکەی دەکات.

سۆسیالیزم له جیهانی هاوچەرخدا شرۆڤه دەکات. تیشکیش دەخاته سەر نانەوەی ئاشووب و هەلگیرساندنی شۆڕشەکانی جیهان.

(ویلیام کار)ی ئەفسەری هەوالگریی بریتانی و نووسەری پەرتووکی (جیهان... گەمەی دەستی ئیسرائیله) سەرەداوەکانی پیلانی جوولەکەی زایۆنیزمی جیهانی کەوتووەته دەست کە بەر لە هەموو شتێك ئامانجی هەلگیرساندنی جەنگی سێیەمی جیهانییە، پیلانەکەشی وەهایە بەهۆی ململانێی نێوان خۆرئاوای مەسیحی و جیهانی ئیسلامی هەڵی گیرسێنێ، داینەمۆی ململانێیەکەش زایۆنیزمی سیاسی بەنهێنی لە خۆرئاواوە دەیبزوێنێ.

ئەو پەرتووکەی بەر لە هێرشەکانی یانزەی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠١ دەرچووە، ئاماژە بەوە دەکات زایۆنیزمەکان کار بۆ دنەدانی جیهانی ئیسلامی و خۆرئاوای مەسیحی دەکەن بۆ ئەوەی ململانێ و بەریککەوتنێکی توندوتیژ لەنێوانیاندا سەرهەڵبدات، ڕاستییەکەشی ئەم هێرشانە لە ڕەوتی ئەم پیلانەوە سەرچاوەیان گرت و بۆ پێکهێنانی بەرەی جەنگی دژ بە تیرۆر لە جیهاندا– بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا– هاتەکایەوە، بۆ ئەوەی گۆڕەپانی جەنگەکە ببێتە زەمینە و پێشینەی هەلگیرسانی جەنگی سێیەمی جیهانی کە ئێستە لە چەندان شوێنی جیهاندا لێکەوتەکەی دەبینین و بە پاساوای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەڕێوە دەبرێ. پیلانی ئەم جەنگە لە ڕێگەی دزەکردن بۆ نێو کۆمەڵەیەکی (ئیسلامی) مەیسەر بوو کە بەوپەڕی کاڵفامی و بەبێ درککردن بە دەرئەنجامەکانی کۆتایی، خەریکی جێبەجێکردنی پیلانە زایۆنیزمییەکە بوو.

جەنگی ئەمریکا دژ بە ئەفغانستان کە خۆرئاوای مەسیحی و چەند وڵاتێکی دیکەی هاوپەیمانی خۆرئاوایی لەپێناویدا پڕ چەك و تەیار کران، وەك پاکستان بە نموونە، دواتریش دووبارەکردنەوەی بە داگیرکردنی عێراق، بەڵگەی سەلمێنەری کردنەوەی بەرەیەکی جەنگیی بێ ئابڕووانەی دژ بە تیرۆر بوو، بێگومان ئەمەیش بەپێی پیلانە زایۆنییەکە بوو کەوا نووسەری ئەم پەرتووکە (ویلیام کار) ئاماژەی بۆ کردووە.

(حیکمەت فاکە)ی لێکۆڵەر لە توێژینەوەیەکی گرنگدا بەناونیشانی (احجار علی رقعە الشترنج) ... پەردە لە ڕووی پیلانگێڕی بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی سێیەمی جیهانی هەڵدەماڵێ و دەڵێ:" زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین چەند لایەنێکی بیانی کە بەڕووکەش وا دەنوێنن بوونەتە موسڵمان، دزەیان کردووەتە نێو ڕێکخراو و کۆمەڵە ئیسلامییە توندڕۆیەکان و هەر ئەو لایەنانەش دنەی کوشتنی هەڕەمەکی دەدەن، ڕفاندن و سەربڕینی وەحشیگەرانەشیان بەناوی ئیسلامەوە تەنیا پیلانێکی داڕێژراوی وردە بۆ شێواندن و لەکەدارکردنی وێنە و ناوبانگی ئیسلام لەبەردەم جیهاندا بەڕێوە دەبرێ، باشترین نموونەش بۆ ئەمە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی سەرۆکی شانەیەکی تیرۆرستییە لە مەغریب، چونکە ڕوونبوویەوە سەرۆکی شانەکە کەسێکی بە ڕەچەڵەك فەرەنسی بوو و باوەڕی بە ئیسلام هێنابوو و بانگەشەی ئەوەشی کردبوو کار بۆ هەواڵگریی فەرەنسی دەکات، بەڵام هەواڵگریی فەرەنسی گوتەکانی بە درۆ خستبوویەوە و بوونی گشت جۆرە پێوەندییەکیشی لەگەڵیدا ڕەت کردبوویەوە، ئەمەیش لەپێناو

شاردنەوەی پێوەندی لەگەڵ کەسانی سەر بە مۆساد و بەکرێگیراوەکانی دیکە بوو.

گومان لەوەدا نییە ئیسرائیل بۆ جێبەجێکردنی پیلانە بەرفراوانە زایۆنییەکەی کە ئێستە پەردەی لەسەر لادراوە و لە زۆرێک لە راپۆرتەکان و بەرنامەکاندا قسەیان لەسەر کراوە، بە خراپ سوود لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەردەگرێ، ئەم پەرتووکەی (ولیام کار)ی ئەفسەری هەواڵگریی بریتانی، پیلانی هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەم و دووەم و سێیەمی جیهانی ڕوون دەکاتەوە، ڕوونکردنەوەکەش نووسینێکی پەخشانیی بێ بەڵگە نییە، بەڵکو لەمیانی چەند بەڵگەنامەیەکی هەردوو سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا هاتووەتەکایەوە و بە زمانی عەرەبی لە سێزدە چاپی جیاجیادایە و لە سەرەتای حەفتایەکانەوە کەوتوونەتە بەردەست.

هۆیە ڕاستینەکانی جەنگی دژ بە عێراق ڕوون و ئاشکرایە، سەرەتا ئەمریکا بانگەشەی دەکرد گوایە جەنگی دژ بە دکتاتۆرێکی ملهوڕە و ڕۆڵ و ئەرکی سەرشانیشی کۆتایی هاتووە، هەر وەك چۆن ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤ دا تیشکی خستووەتە سەر، ڕۆژنامەکە نووسیبووی: "C.I.A ئەندازیاری یەکەمی کودەتایەکەی سەدام حوسێن بووە لە ساڵی ١٩٧٨ دا.

جەنگەکەی دژ بە عێراق کە ناونیشانی (ڕزگارکردن)ی بۆ داتاشرابوو، وێرانکارییەکی گەورەی نایەوە و بووە هۆی لەنێوبردنی شارستانییەت و دەستگرتن بەسەر نەوت و هەڵوەشاندنەوەی جڤاکی عێراقی و بڵاوکردنەوەی ئاشووب و بێسەروبەری و توندوتیژی لەمیانی تێکەڵاوکردنی بەرگرییەکی ڕەوا لەگەڵ چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە

نەناسراوە تیرۆرستییانەی ناونیشانی (ئیسلامییانە)یان هەلگرتبوو، هەروەها بەڕێوەبردنی کردەکانی کوشتن و لەنێوبردنی خەلکی سڤیلی وەك پیر و مندالّ لەگەلّ ڕفاندن و داواکردنی فدییە و لکاندنی کۆی ئەم کردارانە بە بەرگرییەکی ڕەوا، بۆ شێواندن و لەکەدارکردنی وێنە و ناوبانگی بەرگرییەکە بوو لەبەردەم ڕای گشتیی جیهانیدا.

ئەم بێسەروبەری و ئاشووب و دۆزەخە تۆقێنەرە هەروەك سەرۆکی فرەنسی -جاك شیراك- گوتی، بە ڕێکەوت سەری هەلّنەدابوو، بەلّکو بەپێی پیلانێکی پتەو و قوولّی زایۆنی و لەپێناو زەمینەسازیی هەلگیرساندنی جەنگی سێیەمی جیهانی بوو کە ئیسرائیل هیواخوازە بەهۆی داگیرکردنی نێوان نیل و فوراتەوە سوودێکی زۆری لێ ببینێ.

بەلّگەنامەکانی نێو پەڕتووکی (جیهان... گەمەی دەستی ئیسرائیلە) لەو بەلّگە ڕەسمییانەی زایۆنیدا نەهاتووە کە چەندان نووسەر پەردەیان بەڕوودا هەلّمالّیوە و توانیویانە بەرنامە نهێنییەکانی زایۆنیزم بنکۆلّ بکەن، بەلّکو یەکێکە لەو بەلّگەنامە نهێنییانەی کە لە سەدەی حەڤدەیەمەوە نووسراون و نووسەری ناوبراو دەستی پێیان ڕاگەیشتووە.

لە عێراقدا شارستانییەتێکی کۆن و نوێ و وزەیەکی زەبەلاحی مادی هەیە، لەبەرئەوە سیاسەتی ئەمریکا بەچەند قۆناغێك کاری بۆ تێکدانی کردووە، هەر لە جەنگی دروستکراوی هەشت سالّەی عێراق-ئێرانەوە بگرە تا دەگاتە جەنگی سیناریۆیی کوێت کە بەهۆی ئەم جەنگەوە نیوەی نەوتی عەرەبان کەوتە ژێر کۆنترۆلّی ئەمریکاوە.

جا لە ترسی ئەوەی نەوەك ژیانی ئاسایی بۆ عێراقی خاوەن هێز و وزە بگەڕێتەوە، پیلان بۆ بەرەیەکی جەنگی فراوان و دژ بە تیرۆر کێشرا، ئەمەیش وایکرد گشت ئاشتییەکی چاوەڕوانکراو پەکی بکەوێت، هەمووشمان دەزانین هێزە ئیستعمارییە- ئەمریکی و ئیسرائیلییەکە- لەسەر مێزدا بانگەشەی ئاشتی بەگوێی خەلکیدا دەدەن و لە ژێرەوەش ڕێگە لە وەدیهاتنی دەگرن و بە سووربوونێکی بەردەوامەوە پەکی دەخەن.

ئەو پیلانە زایۆنییەی کە سیاسەتی ئەمریکی ملکەچیەتی و جێبەجێی دەکات، هەر تەنیا بە دەستگرتن بەسەر نەوتی عەرەبان ناوەستێ بۆ بەکارهێنانی لە ملپێکەچکردنی جیهان، شێرەی نەوت لە دەستی خۆیەتی و بە ئارەزووی خۆی بۆ چەند وڵاتێکی بەردەداتەوە و هەندێکیشیان بێبەش دەکات و خۆی بەرزەفتی نرخەکان دەکات، بەلکو لە هەمان کاتیشدا ئامانجی دابەشکردنێکی نوێی جوگرافیی ناوچەی خۆرهەلاتی نێوەڕاست و دروستکردنی چەند وردە دەوڵەتێکی جۆراوجۆرە کە بە دابەشکردنی عێراق دەستپێدەکات و بە لەباریەکهەڵوەشاندنەوەی عێراق و وڵاتانی دیکەی عەرەبی کۆتایی دێت، لە نێوەڕاستی ئەم دەوڵەتانەشدا - ئیسرائیلی گەورە- هەیە کە وەك چەقی هەژموونی تەواوی ناوچەکەیە.

سەرگرتنی ئەم پیلانەش بەندە بەو وەرچەرخانە سیاسییانەی ناوچەی عەرەبی کە لە ماوەی دەیەی ئێستەدا هاتوونەتە پێشێ، لەمانەیش گرنگتر، سەرگرتنی ئەم پیلانەش دوای ئەوەی هەموو لایەك پێی زانیوە، بەندە بە (سەرلەبەری) هەلوێستی وڵاتانی عەرەب، چونکە

لەسەر ئەو ولاتانه پێویسته هاودەنگ و یەکرێز بن بۆ ئەوەی بە هەر نرخ و هۆکارێك بێت نەیەڵن سەربگرێ.

لێرەوە دەتوانین ئەم پەرتووکه بە یەکێك له گرنگترینی ئەو نووسراوە مێژووییانه دابنێین کە بە بەڵگە و پاساوی جێگەی باوەڕ جەخت لەوە دەکاتەوە ئیسرائیل تۆوی هزرە ئیستعمارییە دەمارگیرییەکانی له خاکی ئەورووپا و ئەمریکادا چاندووە، چونکە لە (ڕووی ئایینی و ڕووحی و کەلتووری و جڤاکییەوە) خاکی گونجاوی گەشەکردنی ئەم هزرانەن لە ماوەی زیاتر لە چوار سەدە و پێش کۆنگرەی یەکەمی خۆی له شاری بازڵی سویسرا و ڕێك له ساڵی ١٨٩٧، مورید و شوێنکەوتوو و خزمەتکارانی ژێر ئالای ئەم ئایدۆلۆژییە داگیرکەرانەیە زۆرن و ژمارەیان سەدان کەسە و هەرهەمووشیان کەسایەتیی سیاسی و ئایینی و سەربازی و ئەدەبی و هزرین و لە خۆرئاوادا شوێن و پێگە و دەستهەڵات و ئەرکەکانیان زۆر گەورە و گرنگ و کاریگەرە .

لە چوارچێوەی ئاخاوتن سەبارەت بە نووسراو و پەرتووکە پێشەنگەکانی ئاشکراکردنی ئایدۆلۆژیا و شێوازە ئالۆزەکانی زایۆنی لە وێرانکردنی دەوڵەتان و جڤاکەکاندا، یان دزەکردنە نێو پێکهاتە سەرەکییەکانیاندا و دواتریش کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنیان بەپێی چەند مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو، یان تەنانەت وێرانکردن و هەڵوەشاندنەوەیان بۆ چەند هەرێم و قەوارەیەکی بچووکی دژ بەیەك، بەردەوام جیهان پەنا دەباتە بەر ئەم پەرتووکە گرنگە (جیهان... گەمەی دەستی ئیسرائیله) کە نووسەرەکەی ویلیام گای کاری بریتانییە و ماوەی چوار دەیە خەریکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و

شوێنپێ هەلگرتن و شیکردنەوە بووە، واتا زادەی هەوڵ و کۆششی چەندان ساڵەی نێوان ١٩١١- ١٩٥٠ بووە ، یەکەمجاریش لە ساڵی ١٩٥٨ دا لە چاپ دراوە.

ئەم پەرتووکە چەندان زانیاریی گرنگ و مەترسیدار و سەرسوڕهێنەری تیادایە، هەر هەمووشیان تایبەتن بە کردار و چالاکییەکانی چەند زایۆنیزمێکی جوولەکە و نا جوولەکە لە چەند ماوە و قۆناغێکی جۆر بە جۆری مێژووی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ئاینیی ئینگلترا و فەرەنسا و ئیسپانیا و ئەڵمانیا و ڕووسیا و ئەورووپای خۆرهەلات و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

نووسەر سەبارەت بە گەمە و پیلانگێڕی و کودەتایەکانیان وردەکاری زۆر گرنگ و تۆقێنەر بلاو دەکاتەوە، بەتایبەت ئەوانەی هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ئینگلیزی (١٦٤٠-١٦٦٠) ڕەوتی خۆیان گرتووە، لەمەشدا پشتی بە پەڕتووکە زەبەلاحەکەی (ژیانی پاشا چارلیی دووەم) بەستووە، کە نووسەرەکەی ئیسحاق دزرائیلیی(١٧٦٦-١٨٤٨) گەورە جوولەکەی ئینگلیز و باوکی (بنیامین دزرائیلی) بووە (دواتر چەندان جار بووەتە سەرۆکوەزیران). دزرائیلی لە پەڕتووکەکەی خۆیدا تیشک دەخاتە سەر وێکچوونێکی سەیر و هاوشێوەیی لە جۆرەکانی پلان و نەخشەکێشان بۆ ئەو کردانەی پێش هەردوو شۆڕشی ئینگلیزی و فەرەنسی بەڕێوەچوون.

ویلیام گای کار زۆر بە دووروودرێژی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کاتێک بنەماڵەی ڕۆچیڵد سەنتەرە گرنگ و مەزنەکانی ئابووری و بازرگانیی ئەو کاتی فەرەنسایان گرتووەتە دەست، چۆن پشتگیریی مادییانەی پێشکێشی شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ی فەرەنسا کردووە، هەر لە

درێـژەی باسەکەشـیدا پوختەیـەك لـە پلانـی کـاری ڕۆچـیڵدییەکانی خستووەتە ڕوو کە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوەندەکانی بڕیاری نێو شۆڕشی فرەنسی دایڕشتووە ، جێبەجێکردنی پیلانەکەش بەهۆی (دەستهەڵاتی زێڕ) و ئەو فەلسەفە پراگماتیکییە بووە: (بۆ سەرکەوتنی پلانەکەمان هەرگیز گرنگ نییە ئەو حکوومەتەی ئێستە لەناوەوە یان لە دەرەوەڕا دەڕووخێنـدرێ، چـونکە لایـەن و کەسـی سـەرکەوتوو هـەرکێ بێـت، پێویستی بە سەرمایەیە، سەرمایەش بەتەواوی لە دەستی ئێمەدایە).

بەڵگەش بۆ ئەم باسەی سەرەوە ئەوەیە دوای ئەوەی ناپلیۆن بـە سـوپایەکەی خـۆی ئـەورووپای داگیرکـرد و لـە سـاڵی (١٩٠٤)دا وەك ئیمپراتۆرێـك خـۆی ڕاگەیانـد و جـۆزیفی بـرای وەك پاشـای نـاپۆلی دەستنیشـان کـرد و لویسـی کـردە پاشـای هۆڵەنـدا و جیرۆمیشـی وەك پاشـای وستفالیا دیـاری کـرد، بـۆ وەدەسـتهێنان و دەسـتەبەرکردنی پارەی پێویسـت، پـەنای بـردە بـەر ناتـان ڕۆچـیڵد، ناتـان ڕۆچیڵدیش بەخراپ سوودی لەو داواکارییـە وەرگـرت و برایـەکانی کـردە پاشایانی دارایـی و پـارە لـە ئـەورووپا، دواتـریش بوونـە (دەسـت و دەسـتهەڵاتی شاراوە)ی پشت ئەو پاشایەتییانەی ناپلیۆن ڕایگەیاندبوون.

شتە سەرنجڕاکێشەکە لەوەدایە پیاوە نهێنییە دەستهەڵاتدارەکان لـەو کاتییـەوە بڕیاریـان دا سویسـرا بکەنـە مەڵبەنـد و ناوەنـدی سـەرکردایەتی و دەسـتهەڵاتەکانیان، ئـەم وڵاتـەیان کـردە دەوڵـەتێکی بێلایـەن و نەیانهێشـت بچـێتە نێـو هـیچ ململانێیـەك، ئەمـەیش بـۆ سەلامەتیی خۆیان و داراییەکانیان بوو.

ئەم پەڕتووکە چەندان بەڵگەی دیکە لەخۆ دەگرێ، لە بەڵگەکاندا ڕوونبووەتەوە زایۆنیزم لـە ڕێگـەی دارایـی و پـارە و پـووڵی زەبـەلاحی

خۆیەوە بەچ شێوەیەك بانکەکانی خۆرئاوایان کۆنترۆلکردووە و لەپێناو بلاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیایە زایۆنیزمییەکەیان و کڕینی خەڵك و پۆستی هەستیار و زەمینەسازی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی تایبەتی جوولەکە لە کاتی گونجاودا- هەر ئەمەیش بوو لە شەوی ١٤/١٥ی ئایاری ساڵی ١٩٤٨دا ڕووی دا- سوودیان لێ وەرگرتووە.

نووسەر دەڵێ لە ڕووی مێژووییەوە شتێکی سەلمێندراوە دوای ئەوەی زایۆنیزم (لە ساڵی ١٩١٧) کاری بۆ دەرچوواندنی بەڵێنی بەلفۆری بریتانی کرد و هەر یەکە لە فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیرییان لێ کرد، چەند فەرمانێك بۆ لۆرد لنبی دەرچوو بۆ ئەوەی تورکەکان لە ئاسیای بچووکدا وەدەرنێ و دەست بەسەر فەڵەستیندا بگرن. ڕاستیی نیاز و مەبەستی ڕادەستکردنی فەڵەستین بە جووەکان تەنیا دوای ئەوە ئاشکرا بوو کە عەرەبەکان یارمەتیی لۆرد لنبییان دا ئەرکە مێژووییەکەی خۆی بەتەواوی بەجێ بهێنێ). هەرکە فەڵەستینیش دەستی بەسەردا گیرا و خرایە بەر سەرپەرشتیی (وصایا) بریتانی، جوولەکەکان خێرا داوایان لە حکوومەتی بریتانی و هاوپەیمانان کرد لە فەڵەستین لیژنەیەکی زایۆنی پێکبهێنن و نوێنەرە سیاسییەکانی خۆیان وەك ئەندام تیایدا دابمەزرێن، بەو مەرجەی ئەرکی ئەو نێردەیەش ئەوە بێت ئامۆژگاری پێشکێشی جەنەڕاڵ کلایتۆنی حاکمی سەربازیی فەڵەستین بکات و وەك گرووپێکی پێوەندی لەنێوان جوولەکە و سەرکردایەتیی سەربازی دەستبەکار بێت.

ئەو لیژنەیە لە ئاداری ساڵی ١٩١٨دا دەست بەکاربوو، بەڵام ئەندامەکانی سەربردەیەکیان هەیە هی ئەوەیە بگێڕدرێتەوە، چونکە ویلیام گای کار دەڵێ لیژنەی ناوبراو ڕێك لە ئاداری ساڵی ١٩١٨دا

دەستبەکاربوو (واتا تەنیا دوای پێنج مانگ لە بەڵێنی بەلفۆر) ئەندامەکانیشیان ئەمانە بوون:

– کۆلۆنێل ئۆمسبای گۆر (دواتر بووە لۆردی هارلیک)، بەڕێوەبەری بانکی میدلاند و بانکی ستانداری باشووری ئەفریقیا بوو. هەر ئەو بانکەش بوو پارەی بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی بویر خەرجکرد بۆ ئەوەی لە ئەفریقیادا ئەڵماس و زێڕی دەستکەوێ.

– کۆلۆنێل جیمس دی ڕۆچیڵد، کوڕی سەرۆکی لقی فرەنسای خانەوادەی ڕۆچیلد و دامەزرێنەری ژمارەیەکی زۆر لە موستەعمەراتی جوولەکە لە فەڵەستین. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٩–١٩٤٥ بووە ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی بریتانی، دواتریش چەرچل وەك وەزیری کاروباری پارلەمانی لە حکوومەتی بریتانیا دایمەزراند.

– جێدار (ملازم) ئەدوین سامۆئیل کە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا وەك بەڕێوەبەری چاودێریی حکوومەتی بریتانیا دامەزرا، کاتێکیش (ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨) دامەزرا، بووە بەڕێوەبەری ئێستگەی ئیسرائیلی.

– ئیسرائیل سیف بەڕێوەبەری کۆمپانیایە زەبەلاحەکانی (مارکس و سپێنسەر)ی بریتانی، خاوەنی پێوەندیی پتەو بە سووخۆرە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها ئەندامێکی بەرجەستەی دەستگەی (براین ترۆست) بوو کە ئامۆژگاری و ڕاوێژی پێشکێشی حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بریتانی دەکرد.

– لیۆن سیمۆن، کە دواتر پلەی (سوارچاك)ی بەدەستهێنا و بووە بەڕێوەبەری بەرپرسی نووسینگەکانی پۆستەی گشتی لە بریتانیا، بەتەواوی کۆنترۆڵی ئامێرەکانی تەلەفۆن و گشت جۆرە پێوەندییە

بێتەلەکانی دەکرد. ئەندامەکانی دیکەی لیژنەکەش بریتی بوون لە: دکتۆر ئیلدەر و جۆزیف کلوین و حاییم وایزمانی ڕابەری بەناوبانگی جوولەکە)، هەر هەمووشیان نزیکی زایۆنیزم بوون یان کەسانی چالاکی نێو چوارچێوەکەی بوون.

نووسەری پەرتووکی (جیهان... گەمەی دەستی ئیسرائیلە) بە قسەیەکی سێر ستۆرز بەڵگەکانی پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێ: ئەم لیژنەیە بەر لە بەڕێوەچوونی (کۆنگرەی ئاشتی لە فرسای) و پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بە ئامانجی ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو لەپێناو (دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جوولەکەکان و جوولاندنی یارمەتیدەر و هەوادارانیان بۆ ئەوەی یارمەتیی مادییان بدەن) ڕەوانەی فەڵەستین کران.

نووسەر ئاماژە بە چەند ناوێکی دیاریکراوی زایۆنی دەکات کە لە لایەک نوێنەری پارەدەران و سووخۆرانی جیهانی بوون، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی توانای زەبەلاحی مادییانەوە توانییان کار لە (کۆنگرەی فرسای بۆ ئاشتی) بکەن، تاکوو خزمەتگوزاری بۆ بەرنامە نەخشەبۆ کێشراوەکەی بڕەخسێنێ.

جا ئەگەر بڕیاری ڕاسپێریی (انتداب) بریتانیا لەسەر فەڵەستین ئەو کات لە (کۆمەڵەی گەلانی یەکگرتوو) دەرچوو، بەڵام نووسەر ڕوونی دەکاتەوە نووسەری ڕەشنووسی ڕاسپێریی بریتانی بۆسەر فەڵەستین پرۆفیسۆر فیلکس فرانکفۆرتری بەناوبانگ بووە کە زایۆنییەکی ئەمریکی بووە، دواتریش لە سەردەمی سەرۆک ڕۆزفڵت دا بووەتە ڕاوێژکاری یەکەمی کۆشکی سپی.

یەکێك لەو ڕووداوانەی ویلیام گای کار دەیگێڕێتەوە ئەوەیە کاتێك لە ساڵی ١٩١٩ گفتوگۆیە سەرەتاییەکانی (کۆنگرەی ئاشتی) لە فرسای/

فرەنسا دەستیان پێکرد، ڕاوێژکاری تایبەتی بەڕێز کلیمنسۆی سەرۆکوەزیرانی فرەنسا مسیۆ ماندیل بووە، ئەمەش تەنیا ناوێکی خوازراوی یەکێك لە ئەندامەکانی ئال ڕۆچیلد بووە. هەروەها مۆرگنزاویش لە کۆنگرەکەدا وەك ئەندامی شاندی ئەمریکی ئامادەبووە و ڕاوێژکارێکی گەورە بوو، باوکی ئەو پیاوە بووە کە دواتر بووەتە سکرتێری دارایی سەرۆك ڕۆزفلت. هەروەها لەم گفتوگۆیانەدا مستەر ئۆسکار ستراوس هەبووە، ناوبراو بە پێڕەوکارێکی توندڕۆی پلانی پارەدەرانی زایۆنی ناسرا بوو، ڕۆڵێکی بەرجەستەشی لە پێکهێنانی کۆمەڵەی گەلان و داڕشتنی سیاسەتەکانیدا هەبووە.

نووسەر نووسینێکی لۆسیان وۆڵفی نووسەری پەرتووکی (دراسات عن تاريخ اليهود) دێنێتە نێو باسەکەی: کۆمەڵەیەکی دیکەی بچکۆڵەی جوولەکەی (زایۆنیزمی) بەرجەستە هەن کە واژۆیەکانیان لەسەر (پەیماننامەی ئاشتی لە فرسای) دەرکەوتووە- ئەمەیش پێویستی بە زۆرێك لە توێژینەوە و شیکردنەوە و بەستنەوەی ڕووداوەکان هەیە بەیەکتری- لەوانە: لویز کلۆتز لە فرەنساوە(دواتر لە پرسێکی دارایی تێوەگلاوە و لەبەرچاوان خۆی بزرکردووە) هەروەها بارۆن سۆمینۆ لە ئیتاڵیاوە و مستەر ئیدوین مۆنتاگ لە هیندستانەوە.

ویلیام گای کار بەقووڵی دەچێتە نێو پێوەندییە نهێنییە (دارایی و سیاسی و ئایینییەکانی) نێوان زایۆنییەکان و کەسایەتییە مەزنەکانی جیهانی، وەك: ویلسۆن، ڕۆزفلت، لوید جۆرج، چەرچل، کلیمنسۆ و چەندان کەسی دیکە، بەڕای نووسەر ئەو کەسانە پێچەوانەی ئەو پاڵەوانییەتی و سەربەخۆیی و مەزنایەتییەی دراوەتە پاڵیان (مۆرەی سەر تەختەی شەترەنج بوون).

(٢)

جیهان... کەمەی دەستی ئیسرائیلە

پێڕەوکردنی کردارییانەی پرۆتۆکۆڵەکان



پــەڕتووکی((جیهان... گەمــەی ئیســرائیلە)) بــەوە بەناوبانگــ لەمیانی ڕوونکردنـەوەی مەترسـیدارترین و گرنگترینـی ئـەو ڕووداوانـەی جیهان پیایایـندا تێپـەڕیوە و دەسـتی شـاراوەی جووەکـان جولێنـەری سـەرەکیی ئـەو ڕووداوانــە بــووە، ئـەو پێڕەوکردنـە کرداریـیـە ڕوون دەکاتەوە کە لە گەورەترین بەڵگەنامەی جوولەکە لە مێژوودا هـاتووە و زۆر بە وردی پەردە لە ڕووی ڕەهەندەکانی کودەتـا و پیلانـی جوولەکە بــە دژی جیهــان ڕادەمــاڵێ، ئــەم بەڵگەنامانــە بــەناوبانگن و بــە پرۆتۆکۆلەکانی سەرانی زایۆنیزم ناسراون، جیهانیش یەکـەمجار بـەهۆی پـەڕتووکێکی دیکـەوە پێیــان ئاشـنابووە کـە هـەمان نـاوی هـەبووە، هەرچـەندە هـەوڵی بێوچـانی جووەکـان خرایـە گـەڕ بـۆ ئـەوەی ئـەو پرۆتۆکۆلانە بە نهێنی بمێننەوە، بەڵام هەوڵەکانیان شکستیان خـوارد و پرۆتۆکۆلـەکان بلاوبوونـەوە، کـاتێکیش پـەردە لەسـەر نهێنییـەکانی ڕامالدرا جیهان بەتەواوی حەپەسا.

ڕاسـتییەکەی جیهـان ئاشـنای هـیچ پـەڕتووکێکی دیکـە نـەبووە بەقەد پەڕتووکی پرۆتۆکۆڵەکانی سەرانی زایۆنیزم ورووژاندبێتی.

ئەم پرۆتۆکۆلانە لە تەلمود وەرگیراون کە پیاوانی بواری دارایی و ئابووریی جوولەکە بۆ سڕینەوە و وێرانکردنی مەسـیحییەت و بابـەوی و دواتــریش ئیســلام دایاننــاوە. ئــەو وێرانکارییــەش کــە خاوەنــانی پرتۆکۆلەکان بڕیاریان لەسەر داوە دەبێ لە ماوەی سـەت سـاڵدا بگاتـە ئەنجام. جووەکان پێیان وایـە ئـەوان پاشـایەتی و وڵاتێکـی جوولـەکیی داودی ئەتۆ دادەمەزرێنن هێندە فێڵ و ئامرازی لەبەردەستدا دەبێت - کـە کەمینەیـەکی زۆر کەمیشــن- بتــوانن بەتــەواوی و بەشـێوەیەکی

ئۆتۆکراتی جڵەوی حوکمڕانیی جیهان بگرنە دەست، هیچ ئاینێکی دیکەش -بە مەسیحییەت و ئیسلامیشەوە- نییە هاوسێ و هاوشانی ئایینی جوولەکەیی تەلموودی بێت، هەروەها ئەم شارستانییەتەی ئێستە بە تەواوی هەڵدەوەشێنێتەوە و ئاتاری لەسەر پاتاری ناهێڵێ. ئیسرائیلی بونیادنراویش لە خاکی فەلەستیندا تەنیا دەست و ئامرازێکی جوولەکەی جیهانییە.

بەڵام دەبێ بپرسین واتای پرۆتۆکۆل چییە؟ لە زماندا واتا ڕەشنووسی ڕێککەوتن یان پەیماننامە یان بەڵگەنامەی ڕەسمیی حکوومەتەکان دەگەیەنێ. هەروەها واتای بنەمایەکانی ڕەفتار و نەریت و زاراوەکانی دبلۆماسی و دارشتن و شێوازی بەڵگەنامە دبلۆماسییەکانیش دەگەیەنێ.

بەڵام مەبەست لە پرۆتۆکۆلەکانی سەرانی زایۆنی بریتییە لە شێواز و نۆرمێکی تایبەت و نێوەرۆکەکەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەو کۆمەڵە کەسەی لەخۆگرتووە کە بە سەروەرانی جوولەکە ناسراون.

سەران و سەروەرانیش پێرگەلێکی هەژموونداری بواری دەستوورن و لەڕووی ئاینیی جوولەکەشەوە سەرکردە و ڕێبەرە ئایینییەکانن، بەڵام لێرەدا لە واتا ئایینییە داماڵراوەکەی خۆی لایداوە، چونکە مەسەلەکانیان لەنێوان دیار و نادیاردا ئاڵۆزکاندووە، بۆ ئەوەی واتایەکەی لە مرۆژگارەدا کەسانی هەژموونداری بواری سیاسی و ئابووری و پیشەسازی و پارتە نهێنییەکان و بزووتنەوە وێرانکارە تێکدەرەکانیش بگرێتەوە و پاشا و دەستەهەڵاتداران و سەروەران لە دەستەهەڵات دابماڵێت و پەیماننامەکان ژێرپێ بخات و پیلانگێڕی و کوشتن و تیرۆر بڵاو بکەنەوە.

سەرەوەران و دەستهەلأتدارانیش لەو حاخامانە یان خاوەندانە (الرب یان الربوبی) خواوەندی وەرگیراون، نووسەرێکی پسپۆڕی جوولەکە دەڵێ: بە واتای مامۆستا یان زانا دێت.

بەلأم واتای پرۆتۆکۆڵەکانی سەرانی زایۆنیزم دەستەی نهێنیی جوولەکە مەزنەکانن کە بەردەوام بوون و قەوارە شاراوەکەی لە سەردەمی شۆڕشی فرەنسیدا نوێبوویەوە و لەسەر ڕەوتی خۆیشی بەردەوام بوو، لەسەدەی نۆزدەمیشدا لەنێو ڕووسیای سزاری و ڕێك لە ڕۆژگاری کارل مارکسدا هەر بەردەوام بوو، لە چاریەکی کۆتایی هەمان سەدەشدا زۆر کارابوو.

دواتریش لە دەیەی کۆتایی واتا لە ساڵی ١٨٩٧ لە بازلی سویسرا یەکەمین کۆنگرە زایۆنییە جیهانییەکەی خۆی بە سەرۆکایەتیی د. تیۆدۆر هرتزل بەڕێوەبرد، لەو کۆنگرە نهێنییەدا پرۆتۆکۆڵەکان دانران، چەند بیروڕایەکیش هەیە گوایە پێش ئەم کۆنگرەیە بەهۆی ئاشر گنزبرگی جوولەکەی ئۆدێسا لە (ئۆکرانیا) ئامادە کراوە، ناوبراو وەك کەسێکی ئاسایی یان تاکێکی گەل نووسیویەتی، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و شۆڕشی بەلشەفیی ڕووسیا، بەرەو فەلەستین کۆچی کردووە و لە ساڵی ١٩٢٧ و دوای ئەوەی ٦٠ ساڵ خزمەتی زایۆنیزمی کردووە، مردووە.

ئەم بڕیارانە (پرۆتۆکۆڵەکان) بۆ ئەوە ئامادە کرابوون لە هەردوو کۆنگرەی بازلدا بخرێنە ڕوو، بۆ ئەوەی تاوتوێ بکرێن و پاکنووس بکرێنەوە و لەمیانی ئەو کۆنگرەیەدا کە چەندان دانیشتن بەردەوام بوو، بڕیاری لەسەر بدرێ، هەر وەك چۆن لە دەقەکانیشیدا هاتووە. بەلأم پۆلیسی نهێنیی سزاری ڕووسی لە کردەیەکی زۆر خێرا و لە کاتی

بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەدا هەڵی کوتایە سەریان بۆ ئەوەی دەست بەسەر ڕاپۆرت و نووسینەکانی کۆنگرەکەدا بگرێ، ئەو پرۆتۆکۆلانەش یەکێك بوون لەو نووسراوانەی بە سەرکەوتوویی دەستیان بەسەردا گیرا.

صەهیون لە بنەڕەتدا ناوی گردێك یان بانێکە لە ئورسالم- ئۆرشەلیمی سەردەمی یەبووسییەکان (عەرەب)دا، هەروەها کەنعانییە (عەرەبەکانیش بەر لە هەزاران ساڵ پێش جووەکان لە کۆندا لێی نیشتەجێ بوون، کاتێکیش جوولەکەکان لە زیندان و دیلیی ژێردەستی بابلییەکان گەڕانەوە، بینییان یەبووسییەکان لە دۆخی ئاسایی خۆیان لە فەڵەستین ماونەتەوە، بەمشێوەیە واژەی سەهیۆن بەو گردەی قودس دەگوترێ، بۆخۆیان وەری دەگرن و بەکاری دەهێنن، هەروەك چۆن پێشتریش ئەستێرەی شەشینەی کەنعانیان بۆ خۆیان بەکارهێنا و چەندان شتی دیکەشیان وەك خوازە وەرگرتووە و خستوویانەتە پاڵ خۆیان.

لەسەر گردی سەهیۆندا داودی پێغەمبەر کۆشك و تەلارەکەی خۆی بنیاد نابوو، لەگەڵ گوزەرکردنی کاتیشدا وشەی سەهیۆن بووە هێما و ئاماژەیەك بۆ حکوومەتی ئایینییانەی جوولەکە، عاشقان (خۆشەویستانی) سەهیۆن ڕێکخراوێکی ئاشکرا-نهێنیی زۆر بەدناو بووە و جوولەکەکان لە ڕووسیای سزاریدا دوای نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دایانمەزراند، ئەو ڕێکخراوە دەیویست لە ڕێگەی نانەوەی ئاشووب و فیتنەچییەتی و تیرۆرەوە (واتا بەشێوازی سەهیۆنی) سزاریزمی ڕووسی بڕوخێنێ.

ئـەو ڕێکخـراوە بەچـەند دەیەیـەك بـەر لـە هێرتـزل گرنگـی بـە فەڵەستین داوە، زۆربەی کەسانی دیار و بەناوبانگی ئـەوکاتی جوولەکە تەڤلی ئەو ڕێکخراوە بوون، لەوانـە: بـاوکی حـاییم وایزمـان و کیش بن گۆریۆن و بنتویش و سۆلۆکۆفی خاوەنی پەرتووکی مێـژووی سـەهیۆنی و هتد. ئەو ڕێکخراوە توندوتیژە یەکەمین لایـەن بـووە لـە کۆتاییـەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کۆمەڵە جوولەکەکانی ناردووەتە فەڵەستین.

THE PROTOCOLS
OF THE MEETINGS OF THE LEARNED ELDERS OF ZION

TRANSLATED BY VICTOR E. MARSDEN



دەقە ئینگلیزییەکەی پرۆتۆکۆلەکان

کە جوولەکەکان توانیان بیشارنەوە و نەیانهێشتووە جارێکی

دیکە لە چاپ بدرێتەوە!

تیرۆرستان لە ١٣ی مارسی ساڵی دا١٨٨١ قەیسەری ڕووسیا ئەسکەندەری دووەمیان تیرۆر کرد، موسا سمیلانسکی دەڵێ حکوومەتی ڕووسیا ددانی بە ڕێکخراوی عاشقانی سەهیۆن داناوە، ئەم سمیلانسکییە لەلای عەرەبەکانی فەلەستیندا زۆر ناسراوە و لەو کاتیدا هاتووەتە فەلەستین و سەر بە ڕێکخراوی عاشقانی سەهیۆن بووە.

ئەمەی خوارەوە پوختەیەکی پرۆتۆکۆلەکانی سەرانی سەهیۆنە:

پرۆتۆکۆلی یەکەم:

نابێ سیاسەت لە هیچ شوێنێك و بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەخلاقدا یەکانگیر بێت و بگونجێ- جەختکردنەوە لەسەر بلاوکردنەوەی عەرەق و شێتی و داوێنپیسیی زوو- زۆر پێویستە خراپەکاری بلاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی سوودی دەستهەلاتێکی یەکلاکەرەوە دەرکەوێ و سیستم بگەڕێنێتەوە بۆ ژیانی سرووشتی.

پرۆتۆکۆلی دووەم:

ڕوونەدانی گۆڕانکاریی هەرێمایەتیی دوای جەنگەکان، بۆ ئەوەی جوولەکە بتوانێ یارمەتیی مادی پێشکێش بکات و هەر دوو بەرەی جەنگ لەژێر ڕەحمەتیدا بن، ئەمەیش توانا بە جوولەکە دەبەخشێ ئەو سەرکردە و ڕابەرانە هەڵبژێرێ کە بتوانن بەرزەفتیان بکەن.

پرۆتۆکۆلی سێیەم:

بلاوکردنەوەی هەژاری و بێدەرەتانی لەنێو کەسانی نێونەتەوەیی (الاممی) چونکە ئازادیی ڕادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ لەبەر چاوی ئەو کرێکارەدل هیچ مانایەکی نییە کەوا کار پشتی چەماندووەتەوە.

پرۆتۆکۆلی چوارەم:

دەبێ کۆمارەکان لەسەر ئەم بنەمایانە دابمەزرێن و پێکبهێندرێن:

١-شۆڕشی کوێرانی پڕ لە بێسەروبەری و هەراوزەنا.

٢-داپڵۆسین و تاکڕۆیی.

٣- برەودان و ڕەواجدان بە بیرۆکەی یەکسانی و ئازادی، گەرچی دژ بە سرووشتی ڕەمەکییانەی مرۆییە.

٤- برەودان و بڵاوکردنەوەی کێبڕکێی مادی و وەرچەرخاندنی جڤاك بەرەو جڤاکێکی خۆپەرستی دڵڕەقی بێ ئەخلاق، بۆئەوەی تەنیا لەپێناو زێڕ و چێژ و خۆشییەکان هەوڵ بدات.

پرۆتۆکۆلی پێنجەم:

بڵاوکردنەوەی دەمارگیریی ئایینیانە و عەشیرەتییانە- دەستوەردان لەگشت پەیماننامەییەك جا ئەگەر بەشێوەیەکی نهێنیش بێت- داماڵینی گەلان لە چەك- بەرزەفتکردنی ڕای گشتی.

پرۆتۆکۆلی شەشەم:

باوەڕهێنان بە کەسە نێونەتەوەییە (الاممی) نا جوولەکەکان بۆ بەفیڕۆدانی سامانی زەوی و بەرهەمی کشتوکاڵی بەرەو ئەو پیشەسازییەی دەڕژێتە دەستی جوولەکە و هاندانی کرێکاران بۆ حەزکردن بە سەرگەرمی و ڕابواردن و بێسەروبەری و زۆر داواکردنی زیادکردنی کرێ، بەردەوامیش کار بۆ بەرزکردنەوەی نرخی مادە سەرەکییەکان بکرێ بەشێوەیەك کرێکاران و خاوەنکارەکانیان شەکەت بکات- تێبینیکردنی گشت زیرەکییەکی نێونەتەوەیی و ڕاوەدوونانی یان لەنێوبردنی.

پرۆتۆکۆلی حەوتەم:

شەکەتکردنی کۆی ئەو دەوڵەتانەی دەبنە تەگەرەی بەردەم پلانەکانیان، ئەویش بە هەڵگیرساندنی جەنگ لەنێوان ئەو دەوڵەتانە و هاوسێیەکانیان، ئەگەر ئەمەیش سەری نەگرت، دەبێ ئاگری جەنگێکی جیهانی خۆش بکرێ.

پرۆتۆکۆلی هەشتەم:

زانستی ئابووری، بابەتی سەرەکیی زانستەکانی زایۆنییەکانە- پێگە و پۆستە گرنگەکان دەخرێتە ئەستۆی ئەو میللەت و نەتەوەیەی ئەخلاق و سرووشتیان تێکچووە، بۆ ئەوەی سەرشۆڕییەکانیان ببێتە ناوبڕی نێوان نەتەوە و ئەوان، بۆ ئەوەی ئەگەر لە فەرمانەکانی جوولەکە یاخی بوون پێشبینیی دادگەییکردن یان دەستگیرکردن و بەندکران بکەن.

پرۆتۆکۆلی نۆیەم:

دووبارە پەروەردەکردن و فێرکردنی گەل و نەتەوەیەك پێش ئەوەی بیر و باوەڕی زایۆنیزمیی تیادا بڵاو بکرێتەوە.

پرۆتۆکۆلی دەیەم:

سەهیۆنییەکان (زایۆنییەکان) باوەڕیان وەهایە گەلان گرنگی بە لایەنە پڕ لە باقوبریق و تەنتەنەکان دەدەن و ناچنە قووڵاییی مەسەلەکانەوە، لێرەوە دەتواندرێ ئەو نوێنەرانەی گەلان بخزێنینە نێو کایەی سیاسییەوە کە تەنیا بیریان لەلای چێژ و کەیف و سەفایە، بۆ ئەوەی نەتوانن گفتوگۆ لەسەر ئەو یاسایانە بکەن کە پێویستە وردەکارییەکانیان ئاشکرا نەکرێن، ئەمەیش ئازادیی کارکردن- دەنگدان

بەبێ لەیەکتری جیاکردنەوە و ناسینەوەی چینەکان ئاسان دەکات، ئەمەیش بۆ ڕێگەگرتنە لە توێژی ڕۆشنبیر بۆ نێو ئەو کایەیە- وێرانکردنی خانەوادەکان بە چاندنی تاکگەرایی و خۆپەرستی بۆ ئەوەی ئەقڵە بەهادار و پڕ لە شارەزاییەکان پێنەگەن و نەگەنە هیچ شوێنێك.

پرۆتۆکۆلی پانزەیەم:

پاراستنی ئەو بووکەشووشانەی لە پۆست و شوێنی گرنگ و هەستیار دادەندرێن هەروەها دروستکردنی شەرعییەت بۆ هەموو ئەو شت و فەرمانانەی لە دەوڵەتەکانیان وەك بڕیار دەخرێتە بەردەمیان.

پرۆتۆکۆلی دوانزەیەم:

کۆنترۆلکردنی خانەکانی چاپ و پەخش و دەستگرتن بەسەر بڵاوکراوەی ئۆپۆزسیۆن و کەسانی بەرهەڵستکار، بە بیانووی ئەوەی بەبێ هیچ بنەما و پرەنسیپێك ڕای گشتی دەوروژێنن، بەڵام بڵاوکراوەی ڕێگەپێدراوی بەرهەڵستکاران تەنیا دژی ئەو خاڵانە دەوەستێتەوە کە نیازی گۆڕینیان ئاراستە کراوە، ڕاستییەکەی ئەو لە ناوەوە پەیوەست و لایەنگرە و ئەو بەرهەڵستکارانە ئاشکرا دەکات کە پێی لە خشتە براون.

پرۆتۆکۆلی سێزدەیەم:

تێپەڕاندنی یاسایە دژوارەکان، دواتریش ڕاکێشان و خستنە تەڵەی ڕای گشتی بە گرفتێکی نوێ بۆ ئەوەی سەرنجیان لەسەر یاسای تێپەڕێندراو لابچێت ، هەروەها ئاڵۆزکردنی پرسە سیاسییەکان- لەخشتەبردن و خافڵاندنی جەماوەری مێگەل و ڕەشۆکی بەجۆرەها سەرگەرمی و ڕابواردن و گەمە و کۆنترۆلکردنی ئەنجامەکانی بەشێوەیەك خزمەتی وروژاندنی ڕای گشتی بکات و گوڕوتاوی بوروژێنێ

و چاو و سەرنج و ئاگاییەکانی لەهەنبەر ئەو شتانەدا دوور بخرێنەوە کە بەدژی دەهۆندرێنەوە.

پرۆتۆکۆلی چواردەیەم:

گۆڕینی وێنە و وێنای چەمکە گشتییەکانی وەک ئازادی، لە ڕێگەی خستنەبەر باس و پێشنیازکردنیان و کارکردن بە دژی ئەو چەمکانە بۆ ماوەیەکی زۆر دووردرێژ.

پرۆتۆکۆلی پانزەیەم:

وێرانکردنی تاکایەتیی مرۆڤ و تەواو خاپوورکردنی بە چەند هزرێکی هێمایی تایبەت بە بنەما و ڕێبازی کۆمەڵە.

پرۆتۆکۆلی شانزەیەم:

پرۆگرامی زانکۆیەکان: ڕاگران و مامۆستایانی زانکۆیەکان بەپێی بەرنامەیەکی نهێنیی چاکداڕێژراو و تۆکمە ئامادە دەکرێن- دەرچووانی زانکۆیەکان لە ڕووی هزرییەوە لە پرسە سیاسییەکان دوور دەخرێنەوە- دەبێ بیلمەتییەکان لە ڕێگەی بەکێشکردن یان تەنانەت دژایەتیکردنیان لەنێو ببرێن بۆ ئەوەی نەگەنە پۆست و شوێنە گرنگەکان.

پرۆتۆکۆلی حەڤدەیەم:

شارەزایی و پسپۆڕی لە یاسا وەها لە خەڵک دەکات بەشێوەیەکی سارد و سڕ و توندوتیژ و کەللەڕەقانە پەروەردە بین و لە گشت ڕێباز و بیروباوەڕ و هەڵوێستێکیشیان دایان دەماڵێ، بە چاوێکی نامرۆڤانە و تەواو یاساییانە دەنوارنە ژیان.

پرۆتۆکۆلی هەژدەیەم:

دەبێ گوتاربێژان بۆ وروژاندنی مانگرتنەکانی نێو جەماوەر و گەل ئامادە بکرێن، ئەمەیش دەرفەتی ناسین و ئاشکراکردنی کەسانی دژ و بەرهەڵستکار سانا دەکات.

پرۆتۆکۆلی نۆزدەیەم:

دەبێ تاجی ئازایەتی لەسەر سەری تاوانکاری سیاسی لابرێ، ئەمەیش بە دانانی لە ڕیزی دز و پیاوکوژە بێزراوەکان، بۆ ئەوەی جڤاك چۆن بەچاوی بێزراندن و سووکوڕیسوایی دەنوارێتە تاوانی ئاسایی، بەهەمانشێوەش لە تاوانە سیاسییەکان بنوارێ.

پرۆتۆکۆلی بیستەم:

سەهیۆن (زایۆنیزم) حوکمی جیهان دەکات، دەبێ حوکم و دەستهەڵاتەکەیان تەواو پێچەوانەی ئەو خراپەکاری و گەندەڵییە بێت کە لەنێو سیستەمە نێودەوڵەتییەکاندا باوە، خودی ئەمەیش لە دروستکراوی دەستی زایۆنیزمە بۆ ئەوەی جیهان هەست بە جیاوازیی نێوان هەردوو سیستەم بکات- لە دەوڵەتی جوولەکە و نیشتماندا دراو پشت بە هێزی بەرهەم و هێزی کار دەبەستێ، ئەمەیش ئەگەر و چانسی ئەودەست ئەودەستکردنی بۆ دەرەخسێنێ جا ئەگەر کاغەز بێت یانیش تەنانەت لە دار دروست کرابێت.

پرۆتۆکۆلی بیست و یەکەم:

سامانی زایۆنییەکان بەهۆی قەرزە دەرەکییەکانەوە چەند هێندە دەبێتەوە، دواتریش بە دەرکردنی چەند (چەك و کۆمپیاڵەیەکی کەم

بەهای پارە)[٣] کە گشت مرۆڤێك دەتوانێ تیایدا بەشدار بێت، پشت بە قەرزە ناوخۆییەکان دەبەستن، ئەمەیش دەبێتە هۆی هەڵلووشینی سامان و پارەیەکی زیاد.

پرۆتۆکۆلی بیست و دووەم:

کاتێك سیستمی زایۆنی سەقامگیر دەبێت، بۆ گشت مرۆڤێك ڕوون دەبێتەوە ئازادی لەسەر بنەمای هەڵوەشانەوە و خراپەکاری و گەندەڵی و کردنی گشت کارێکی دڵخۆشکەرانە و چێژبەخش و هەوەسبازی بنیاد نانرێ.

پرۆتۆکۆلی بیست و سێیەم:

لە دەوڵەتی زایۆنیدا (سەهیۆن) ئەخلاق دەسەپێندرێ و خواردنەوەی عەرەق و مەشرووب بە تاوانێکی گەورە دادەندرێ، چونکە عەرەق و مەشرووب مرۆڤ و ئاژەڵ دەهێنێتە یەك ئاست، کۆی ئەو هزرانەش لەنێو دەبرێن کە پاڵنەرەکەیان ڕەمەکە نەك ئەقڵ، بنەمای ئاژەڵییە نەك مرۆیی.

پرۆتۆکۆلی بیست و چوارەم:

گەورە بیرمەند و دەستەهەڵاتداری پرۆتۆکۆلەکان بە وەسفکردنی کاری پاشای دەوڵەتی زایۆنی کۆتایی بە پرۆتۆکۆلەکان دێنێت و

---

٣) بەڵگەنامەیەکە و بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، ئەو لایەنەی دەری دەکات بەڵێن دەدات ماوەماوە سوودێك بداتە هەڵگرەکەی، ئەویش بەپێی ڕێکەوتنێکی دیارکراو دەبێت. واتا وەرەقەیەکی داراییە و بریتییە لە قەرزێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، خاوەنی قەرزەکە شایستەی ئەوەیە سووی پێ بدرێ. دەشتواندرێ دەستاودەستی پێ بکرێ و حکوومەت و کۆمپانیا دامودەستگەیەکان دەری دەچوێنن

دەنووسیّ: دەبیّ حوکمێکی یەکلاکەرەوە بێت جا ئەگەر توندوتیژیش بێت، پلانە هەنووکەیی و خێرا و ئایندەییەکانی پاشا تەنیا پاشا و سیّ لەو کەسانە دەیزانن کە فێریان کردووە. دەبیّ پاشا لەلای هاووڵاتیانی خۆشەویست و لەبەردڵان و شکۆدار بێت، هەروەها دەبیّ چەندان جاری بێشومار لەگەڵیان بئاخڤیّ، ئەمجۆرە ڕێکارانە وادەکەن هێزی گەل و هێزی دەستهەڵاتدار- کە لە وڵاتانی نێونەتەوەییدا لە یەکتری جیاکراونەتەوە- لەوپەڕی هارمۆنیا و سازانێکی تەواودا بن.

کاتێکیش ئەم پرۆتۆکۆلانە بڵاوکرانەوە، جووەکەکان زارەترەك بوون، ئەمەیش وای لە هرتزلی ڕابەریان کرد چەندان بڵاوکراوە دەربکات و تیایاندا ڕایبگەیەنیّ: لە قودسی ئەقداسدا[٤] هەندێك بەڵگەنامەی نهێنی دزراون ئەمەیش بۆ ئەوە بووە نەکەوێتە دەستی ناکەسان و ئەوانەی ناتوانن بیپارێزن، جا ئەگەر گەورەی سەروەرانی جوولەکەش بێت، چونکە بڵاوبوونەوەیان بەشێوەیەکی پێشوەخت و لەکاتی نەگونجاودا، جوولەکەکان لە جیهاندا دەخاتە نێو خراپترین بەڵا و مەرگەسات و نەهامەتی.

---

٤) شوێنێکە و دەکەوێتە بەشی ناوەوەی خێمەی مووسا و هەیکەلی ئۆرشەلیم بەو ناوە ناسراوە، پیرۆزترین شوێنیەتی. قودسی ئەقداس لەسەر شێوەی شەشپاڵو دروستکراوە. تەنیا تابووتی عەهدی تیادا بوو، هێمای پێوەندیی تایبەتی بەنی ئیسرائیلە لەگەڵ خودا. تەنیا سەرۆکی کاهینەکانی ئیسرائیل دەیتوانی ساڵی جارێك لە ڕۆژی جەژنی کەفارەتدا بەمەبەستی داگیرساندنی بخوور و ڕشاندنی خوێنی قوربانی بەسەر عەرشی سەر تابووتی ڕەحمەت بچێتە نێو قودسی ئەقداس. بەمشێوەیە سەرۆکی کاهینەکان ڕێکاری لێخۆشبوون لە گوناهی خۆی و گەلەکەی دەگرتە بەر. قودسی ئەقداس لە بەشەکانی دیکەی خێمەی کۆبوونەوە/ هەیکەل بە ناوبڕێك جیاکرابوویەوە، ناوبڕەکەش زۆر قەبە و ئەستوور بوو لە کەتانی بێگەرد و هێلی شین و مۆر و پەمەیی دروستکرابوو و شارۆبیمی زێڕینی لەسەر چنرابوو. (سەلاح سەعدی).

دەکرێ بەراوردێکی نێوان نێوەڕۆکی پرۆتۆکۆڵەکان و ئەو ڕووداوە سیاسییانە بکەین کە دوای چەند ساڵێك لە پرۆتۆکۆڵەکان هاتنە پێشێ، وەك:

*پێشبینیکردنی ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامیی عوسمانی لەسەر دەستی جووەکان و پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل.

* پێشبینیکردنی خۆشکردنی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی کە تیایدا دۆڕاو براوە بەیەکەوە دۆڕان و تەنیا جوولەکەکان سوودیان لە غەنیمەت و دەستکەوتەکانی ئەو جەنگە وەرگرت.

* پێشبینیکردنی کەوتن و ڕووخانی سیستمی پاشایەتییەکانی ئەورووپا، ڕوون و ئاشکرایە ڕژێمی پاشایەتی لە ئەڵمانیا و نەمسا و ڕۆمانیا و ئیسپانیا و ئیتاڵیادا ڕووخان.

* پێشبینیکردنی بڵاوکردنەوەی ئاشووب و فیتنە و قەیرانێکی جیهانی و نێو دەوڵەتی و بونیادنانی ئابووری لەسەر بنەمای زێڕ، زێڕیش جوولەکە قۆرغیان کردووە.

چەندان پێشبینیی دیکەش هەن و ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی بەدرێژایی چەندان ساڵی دوای سەردەمی زانای ڕووسی سێرجی نیلۆس هاتنە کایەوە، وەك کەوتنی ڕووسیای قەیسەری و بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم تیایدا کەوا بەشێوەیەکی زۆر ملهوڕانە و تاکڕەوانە حوکمی ڕووسیایان کرد و ئەو وڵاتە بووە چەق و مەڵبەندی بڵاوکردنەوەی کودەتا و پیلان لە جیهاندا.

(٣)

ویلیام گای کار

سەرەتا و کۆتایی!!



ویلیام گای کار دەڵێ لە ساڵی ۱۹۱۱ تا ساڵی ۱۹۵۰ گەڕان و پشکنینی کردووە تاکوو زانیویەتی ئەو جەنگ و شۆڕشانەی بەسەر جیهانەکەماندا زاڵن تەنیا دەرئەنجامی کودەتا و پیلانێکی بەردەوامی ئەهریمەنانەیە.

دواتر درێژە بە قسەکانی دەدات و ڕەگ و قۆناغەکانی کودەتا و پیلانەکە ئاشکرا دەکات و تیشك دەخاتە سەر ئەو بەشانەی جێبەجێکراون تا دەگاتە قۆناغی نووسین و بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکەی، بەچڕیش تاوتوێی جێبەجێکردنی چەند لایەنێکی دیکەی تەواوکەری هەمان پیلانی ئەهریمەنانە دەکات. بابزانین ویلیام گای کار کێیە؟

ویلیام گای کاری جەنەڕاڵی دەریایی لە حوزەیرانی ساڵی ۱۸۹۵دا لە لانکشایری ئینگلترا لەدایکبووە، خوێندنی لە ئیسکۆتلەندا تەواو کردووە، دواتر لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی وەك ئەفسەری دەریاوانی لە سوپای دەریاوانیی ژێرئاوگەڕەکان (الغواصات) دەستبەکاربووە، دواتر لە وەزارتی ڕاگەیاندن و نووسینگەی ڕاگەیاندنی زایۆنی و پاشانیش لە هەواڵگری ئەمریکی و کەنەدیدا کاری کردووە.

لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا... ژیانی سەرکێشانەی نێو دەریای دەستپێکردووە و بە ڕێگەی ئاوی بەرەو خۆرهەڵات چووە ، لەوێدا چاوی بە بانگەشەکارانی کۆمۆنیستی کەوتووە و هەوڵیان داوە کاریگەری لەسەر هزرە پێنەگەیشتووەکانی بکەن، بەڵام زیرەك بووە و وای پێ باش بووە کەمێك بسەنگرێتەوە، بۆ ئەوەی بواری شرۆڤەکردنی ئەم بابەتەی بەتەواوی بۆ بڕەخسێ.

نووسەر هەوڵی باوەڕپێهێنانەکەی بەسەردا تێنەپەڕیوە و نەچووەتە ژێرباری هێزی کۆمۆنیستییەوە... دواتر بۆی ڕوون بووەتەوە کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی تەنیا بەشێکی کودەتا و پیلانێکی زەبەلاحی نێودەوڵەتییە، بانگەشەکارەکانیشی جەنگاوەران و داردەستی ئەهریمەنن و ئامانجیان لەنێوبردنی ئایین و نموونە باڵاکانە بۆ ئەوەی دەرفەتی گونجاو بۆ سەرکردەکانیان بڕەخسێ بەتەواوی جیهان بخەنە ژێر دەستانی خۆیانەوە.

لە ساڵی ١٩٣١دا ، دەستی بە بەڕێوەبردنی چەند کۆنگرەیەك کردووە و لە چەند یانەیەکی جۆراوجۆری کەنەدیدا سەبارەت بە کودەتا و پیلانە نێودەوڵەتییەکە وانەی گوتووەتەوە ، بابەتی وانە و کۆنگرەکانیشی دوو پرسی سەرەکی بوون: کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی و جیهانگەرایی سەرمایەداری. دواتر لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا کاری بۆ هەواڵگریی کەنەدی کردووە.

هەر لە ساڵی (١٩٥٠) وە و دوای خانەنشین بوونی لە هێزی دەریایی، بووەتە یەکێك لە گەورەترین کەسانی تاوتوێکاری کودەتا هەرە گەورە و بەناوبانگەکەی دوای جەنگ.

لەو کاتەوەی وەسەر پلیکانەکانی پەیژەی پۆستەکاندا سەر دەکەوت... بەردەوامیش توێژینەوەی لەمەڕ سەرە داوەکانی کودەتا و پیلانە هەرە گەورەکەی جوولەکەکان دەکرد: بچووبایەتە هەر شوێنێکی جیهان بەڵگەنامەی کۆ دەکردەوە، دەیپشکنین و لێیان ورد دەبوویەوە، کاتێکیش بۆی بلوابایە بەرپەرچی بەدخوازیی دەدایەوە.

کاتێك ویلیام لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی پلەی کۆمەندۆری پێ بەخشرا، حەوت پەرتووکی لەچاپ دابوو، هەر حەوت

پەڕتووکەکەش وەرگێڕدرانە سەر چەندان زمان.. پەڕتووکەکانی ئەمانەن:

١) بۆ خاتری میوان.. بۆ خاتری خوا.
٢) فریشتەکانی قوولایی دۆزەخ.
٣) بەرز و وشك.
٤) ڕاوێکی بە نرخ.
٥) لە دەرەوەی تەمتومان.
٦) شکستێك لە باکوور.
٧) کڵاوە مسییەکان و پانتۆڵە فشەکان.

دواتر و لە نیوەی پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوو (بیستەم) پەڕتووکی (جیهان.. گەمەی دەستی ئیسرائیلە)ی لە چاپ دا، مەبەستیشی لە بڵاوکردنەوەی ئەم پەڕتووکەدا ئاشکراکردنی هۆیەکانی تێکچوون و داڕووخان و شەڕ و ململانێی نێوان نەتەوەکان و بەرپابوونی جەنگ و شۆڕشەکان بوو.. ناوبراو لەم پەڕتووکەدا ئەم وێرانی و تێکچوون و نزمبوونەوەیەی داوەتە پاڵ ئەو کەسانەی کە بە (دەستە شاراوەکان) ناویان دەبات و سەرکردە و گەلان وەك گەمەی دەستی خۆیان و مۆرەی شەترەنج هەڵدەسووڕێنن! ئەو هێزە شاراوانەی لە پەڕتووکەکەدا ناوی بردوون مەبەستی حاخام و ئیمپراتۆرە ئابوورییەکانی جوولەکەیە و بەو (نوورانییانە ناوی بردوون کە سیستمی نوێی جیهانییان هێناوەتە ئاراوە).

ناوبراو پێی وایە ململانێ لەسەر گۆی زەویدا ململانێیەکی هەتاهەتاییی نێوان خێر و شەڕ و باشە و خراپە و باوەڕ و بێ باوەڕییە، پێشی وایە ئەو بێ باوەڕی و خوانەناسییەی (الحاد) نوورانییەکان لەنێو

توێژی گەنجاندا برەوی پێ دەدەن و تێکچوونی ئەخلاق بەسن بۆ هەڵوەشاندنەوە و لاوازکردنی ئەوگەل و نەتەوانە بۆ ئەوەی نوورانییەکان پیلانە بەدخواز و نەگریسەکانیان جێبەجی بکەن. ئەوجا ویلیام لە پەڕتووکەکەی خۆیدا چاوی بە مێژوو و بنەچەی جوولەکەکاندا گێڕاوەتەوە و بە بنەچە و ڕەگ و ڕیشەی جوولەکەکان و بنەمای ڕەچەڵەکیان و دابەشبوونیان لە ئەورووپادا جێگەی بایەخپێدانی بووە.

دواتریش دەچێتە سەر باسکردنی ڕۆڵی مەترسیداری جوولەکە لە شۆڕشە جیهانییەکان، ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییەش هەر لە نیوەی سەدەی هەژدەیەمەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە کاتی تەواوکردنی پەڕتووکەکەی لە نێوەڕاستی پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوو... لە شۆڕشی ئینگلیزییەوە دەستپێدەکات و دواتریش بە فەڕەنسی و ڕووسی و لە کۆتاییشدا جەنگی یەکەمی جیهانی دەگرێتەوە.

نووسەر لە پەڕتووکەکەی خۆیدا باسی نەگریسی و چەپەڵی و پیلانە دوورمەودایەکانی جوولەکە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی شەڕخوازی و بێدینی و تێکچوونی ئەخلاق، بەگشت چەك و ئامرازێکەوە کە لە پۆست و پێگە بەرزەکانی بەکرێگیراوی جوولەکە لە وڵاتاندا دەستپێدەکات، یانیش بەهۆی ساختەکاری و بەرتیل و هەڕەشەکردن لە کەسانی پلە باڵا و وەزارتەکانەوە دەگەنە ئەم مەرامەی خۆیان.!

هەندێکجاریش بەهۆی دروستکردنی قەیرانی داراییەوە ئەو نیازە گڵاوەیان دەهێننەدی ، هەروەك چۆن لە ئەمریکا و بریتانیادا بردیانە سەر. وڵاتانیان بە قەرز شەکەت کرد و بوونە هۆی هەژارکردن و برسییەتیی گەلانی ستەملێکراو!

ویلیام پێی وایە کۆمۆنیزم دوژمنی یەکەم و سەرسەختی مرۆڤایەتییە[٥] و جوولەکەکان بۆ هێنانەدیی مەرامی تێکوپێکدانی جیهان بەخراپ سوودیان لە کۆمۆنیزم وەرگرتووە. نەك هەر ئەمە، بەڵکو پێی وایە چەرچل و ڕۆزفلت و ستالین مۆرەی شەترەنج و گەمەی دیکەی دەستی جوولەکەن. ڕاشی گەیاندووە هێتلەر لە گشت سەرکردەکانی دیکە باشتر درکی بە مەترسیی جوولەکە کردووە لەسەر جیهاندا.. ڕاستە نووسەر دەستخۆشی لە هێتلەر ناکات لەپای ئەو قەسابخانە و خوێنڕێژییەی دەرهەق بە جوولەکەکان بەڕێوەی برد... بەڵام بەلای کەمەوە پاساوی بۆ هێناوەتەوە... ویلیام لە زانیارییەکانی خۆیدا پشتی بە زۆرێك پەڕتووکی پێشوو و گوتاری نێو گردبوونەوەی نوورانییەکان و دەستنووسی پارێزراوی نێو پەڕتووکخانە گشتییەکان بەستووە... وەك دەستنووسی ئەو نامەبەرەی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا کەوتە دەستی حکوومەتی باڤاری.

نووسەر هۆشداریی لەهەنبەر پەڕتووکی بەناویانگی (پرۆتۆکۆلەکانی سەرانی جوولەکە) دەدات و پێی وایە لە ئایندەدا مەترسیی گەورە دروست دەکەن، هەروەها چەند چارەسەرێکی

٥) نووسەر لە زۆر شوێندا هێرشی توند دەکاتە سەر ڕێبازی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم، بەڵام مەرج نییە من وەك وەرگێڕێك لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی نووسەر تەبا و کۆك بم، وەلێ وەك ئەخلاقیاتی کاری وەرگێڕان دەبێ دێڕ بە دێڕی نێو پەڕتووکەکە وەربگێڕم و بەهیچ شێوەیەك نە دەستکاری بکەم و نە هیچ بڕگە و پەرەگرافێکی لێ لابدەم. ئەوە کاری کەسانی سەر بە ڕێبازی کۆمۆنیزم و سۆسیالیزمە پەڕتووکەکە بخوێننەوە و ڕای خۆیانی لەسەر دەرببڕن و ئەگەر نووسەرەکە کەوتبێتە هەڵەوە یان هێرشی ناڕەوای کردبێ، بۆ خۆیان بە نووسین وەڵامی بدەنەوە. (سەلاح سەعدی).

کرداریش بۆ پەرچدانەوەی ئەو مەترسییانە دەخاتە ڕوو.. لێتان ناشارمەوە کۆی ئەو هۆشدارییانە چەند پێشبینییەك بوون بەدرێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو وەڕاست گەڕان... دوا هۆشداریی ناوبراویش لەمبارییەوە ئەو قەیرانە دەستکردە داراییەیە کە هەنووکە جیهان بەدەستییەوە دەناڵێنێ!

نووسەر پێش مردنە پڕ لە نهێنی و تەمومژاوییەکەی هەردوو پەرتووکی (ئەهریمەن میری جیهان) و (تەمی سووری سەر ئەمریکا)ی چاپ و بلاوکردەوە، بەردەوامیش بە سەرانسەری جیهاندا دەگەڕا و گوتار و وانەی پێشکێش دەکرد و چەندان نامەی دەنووسی و لە کۆبوونەوەکاندا بەشداری دەکرد و هۆشداریی دەدا و دەیگوت ئەگەر ڕێبەر و سەرکردە و دایبابان و پیاوانی ئایینی و مامۆستایانی ئایینی و خوێندکاران و کرێکاران و گشت مرۆڤێك بەو پیلان و کودەتایە ئەهریمەنییەی جوولەکە نەزانن کەوا جیهانی کردووەتە گەمەی دەستی خۆی، ئەوا چارەنووسی مرۆڤایەتی لەسەر دەستی سەربازانی ئەهریمەنەوە بەرەو کۆیلەبوونێکی تەواو دەچێت.

ویلیام گای کار لە تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٥٩دا لە هەلومەرجێکی پڕ لە ڕەمز و ڕاز و تەمومژاویدا مرد، ڕۆژنامەکان هیچ شتێکیان سەبارەت بە مردنەکەی باس نەکرد، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە ویلیام کار بە لەنێوبردنی فیزیکییەوە پاکتاوکراوە... چونکە ببووە تەگەرەی بەردەم نەخشە و پیلانی کودەتایە ئەهریمەنییەکە.

ئەم پەرتووکەی ناوبراو " جیهان... گەمەی دەستی ئیسرائیلە" بیرمەندان بە دەنگی ئاگادارکردنەوەی ئاقڵانی جیهانیان داناوە بۆ

ئەوەی گەلان لە پێناو بەرپەرچدانەوە و تێکشکاندنی هێزی دڵڕەشی شەڕخوازی یەکبگرن.

زۆر کەس هەن جەخت لەوە دەکەنەوە ویلیام کار زەك مرۆڤێك باجی ڕاستگۆیی داوە و هەموو ژیانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە شەڕخوازەکان تەرخان کردووە، هەر بۆیێ پەرتووکەکەی دوای چەند ڕۆژێکی زۆر کەم لە بڵاوبوونەوەی بەشێوەیەکی نائاسایی دیار نەما، نەك هەر ئەمە... خودی نووسەریش دوای ماوەیەکی کەم لە دیار نەمانی پەرتووکەکەی لە هەلومەرجێکی لێڵ و شاراوە لەگەڵ منداڵەکان و ژنەکەیدا دیار نەمان، دەستە شاراوەکە هەر بەمەش نەوەستا، بەڵکو دەستدرێژیی کرایە سەر دەستگەی چاپ و پەخشەکەش و ئەو دەستگەیانە بەشێوەیەکی کتوپڕ مایەپووچ بوون و دەرگەکانیان داخران و بەڕێوەبەرانی بزربوون. ئەمەیش مەسەلەیەکە و زیاتر لە چەندان نیشانەی پرسیاری بێ وەڵام دەورووژێنێ، تەنیا یەك وەڵامیشی هەیە ئەویش ڕقوکینەی هێزە شەڕخوازەکان لەپشت ئەو مەسەلانەوە بووە و تاکە ئامانجی دەمکوتکردنی گشت ئەو کەسانەیە بخوازن ڕووبەڕووی بوەستنەوە.

ئەم پەرتووکە لە بازاڕەکاندا بە چەند ناوێك ناسراوە و بریتین لە:

١) جیهان ... گەمەی دەستی ئیسرائیله، ئەمە دەقە ڕەسەنەکەیە (الاصلی).

٢) مۆرەکانی سەر داشی شەترەنج.

٣) جوولەکە... لەپشت گشت تاوانێکەوەیە.

زۆر کەس پێیان وایە مردنی تەمومژاویی ویلیام کار دەستی زایۆنیزمەکانی لەپشتە، چوونکە نووسەر بەهۆی پەرتووکی ((مۆرەکانی

سەر داشی شەترەنج یان جیهان گەمەی دەستی ئیسرائیله)) هەروەها دەستڕاگەیشتنی بە بەڵگەنامەیەکی مەترسیدار پەردە لەسەر ڕاستینەی جووەکان هەڵماڵیوە، هەموو ئەو شتانە دەسەلمێنێ کە ویلیام گای کار لەبارەیانەوە درکاندوویەتی، پیلانەکانیانی خستووەتە بەرچاو، بەڵگەنامە مەترسیدارەکەش بریتییە لە گوتارێکی نهێنیی گەورەترین حاخام بەناوی ئیمانۆئیل ڕابینۆڤیچ کە لە ڕۆژی ١٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٢ لە کۆنگرەیەکی نائاسایی لیژنەی لەناکاوی حاخامەکانی ئەورووپا لە بۆدابێست خوێندبوویەوە، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی کەنەدیش دەقێکی گوتارەکەی دەستکەوتبوو، ویلیام گای کاری کۆماندۆریش دانەیەکی ئەو بەڵگەنامە گرنگ و مەترسیدارەی وەگیرکەوتبوو. ویلیام کار لە هەلومەرجێکی زۆر لێڵ و تەماویدا مرد، زۆر کەس جوولەکەکانیان بە کوشتنی ناوبراو تۆمەتبار کرد.

ئەمەیش دەقی گوتارە نهێنییەکەیە کە ویلیام کار دەستی کەوتبوو دواتریش بڵاوی کردبوویەوە:

سڵاوتان لێبێ ئەی ڕۆڵەکانم، بانگی ئەم کۆبوونەوەیە تایبەتەم کردوون، بۆ ئەوەی بە هێڵە سەرەکییەکانی ڕێبازە نوێیەکەمان ئاشناتان بکەم، ئەویش ڕێباز و بەرنامەیەکی تایبەتە بە جەنگی داهاتوو. وەك دەزانن، پێویستبوو پلانە بنەڕەتییەکەمان بۆ ماوەی بیست ساڵ دوا بخەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەو ماوەیەدا ئەو دەستکەوتانە پتەو بکەین کە بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانییەوە وەدەستمان هێناون، بەڵام چەند ڕێکار و ڕێنماییەکی نوێ دەرچوون و

بۆ ئێمە ناردراون و داوا دەکەن پێنج ساڵی ئەم مۆڵەتە بیست ساڵییە کەم بکرێتەوە..

دەبێ پێتان ڕابگەیەنم ئەو ئامانجەی ماوەی سێ هەزار ساڵە و تا ئێستە کاری لەسەر دەکەین، ئێستە کەوتووەتە دەستمان، بۆیێ لەسەرمان پێویستە لە کۆتاییدا بەروبوومەکەی بڕنینەوە و هەوڵەکانمان چڕتر بکەینەوە و ئەوپەڕی بلیمەتی و شارەزایی بۆ کۆ بکەینەوە. ئێستە دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە چەند ساڵێکی کەمی ماوە گەلەکەمان پێگەی یەکەمینی خۆی لە جیهاندا وەرگرێتەوە کە مافێکی سرووشتی خۆیەتی و ماوەی چەندان نەوەی دووروودرێژە لێی زەوت کراوە، بەمەیش کاروبار و پرسەکان دەچنە سەر ڕەوتی سرووشتیی خۆیان و جوولەکە دووبارە دەبێتەوە سەرۆك و سەروەر. (چەپڵە ڕێزانێکی بە گوڕ).

ئێستە سەبارەت بە ڕێنماییەکانی تایبەت بە جەنگی داهاتوو بیرۆکەیەکتان پێدەبەخشم: ئێوە ئەو بەرنامە و ڕێبازە سەرکەوتووەتان لەبیرە کە ساڵی ١٩٣٠ پێڕەومان کرد و بە تەواوی سەرکەوتنی وەدەستهێنا، هەڵمەتی سەرانسەریی پڕوپاگەندە توانی لە ئەڵمانیا ڕقوکینە دژ بە خۆرئاوا و دژی سامییەکان بوروژێنێ، دواتریش وروژاندنی ڕقوکینە لە خۆرئاوا دژ بە گەلی ئەڵمانی بەهۆی دوژمنایەتیی ئەڵمانی لە هەنبەر سامییەکان سەرکەوتنی وەدەستهێنا.

ئەمە هێڵی سەرەکیی بەرنامە و ڕێبازی هەنووکەییمانە کە ئێستە پێڕەوی دەکەین، ئێمە لە خۆرهەڵاتدا هەڵمەتێك دژ بە خۆرئاوا و لە خۆرئاواش دژ بە خۆرهەڵات بەڕێوە دەبەین، دژایەتیی ئەو گەل و نەتەوانەش دەکەین کە بەبێلایەنی دەوەستن و ناچاریان دەکەین

خۆیان بەلای بلۆك و سەربازگەیەكدا بدەن، ڕێگەش نادەین هیچ كەسێك ڕوویەڕوومان بوەستێتەوە، بەتایبەت ئەگەر ویستی ئاستی توندیی ململانێیەكە دابەزێنێتە خوارەوە و هێوری بكاتەوە.

بێگومان دوا ئامانجیشمان لەم پلانەدا جەنگی سێیەمی جیهانییە كە شوێنەوار و وێرانكارییەكانی لە گشت جەنگەكانی پێشوو زۆرتر و بەرفراوانترە، هەوڵیش دەخەینە گەڕ ئیسرائیل لەم جەنگەدا بێلایەن بمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە شوێنەوار و كاریگەرییەكانی بە دوور بێت و لە هەمان كاتیشدا ببێتە بارەگەیەكی لیژنەكانی نێوبژیوانی و ڕاوێژكاری و چاودێری و ... هتد كە ئەوكات ئەركی سەرپەرشتیكردنی پرسی گەلانی دەخرێتە سەرشان، ئەم جەنگە دوا جەنگەمان دەبێت لە ململانێی مێژوویی دژ بە جوییم، ئەوسا شوناسی ڕاستینی خۆمان ئاشكرا دەكەین و ڕووی شاراوەی خۆمان بۆ جیهان وەدەر دەخەین.

لە دوای جەنگی سێیەمی جیهانی هیچ ئایینێك نامێنێ، هەروەها پیاوانی ئایینیش لە گۆڕێدا نامێنن، چونكە بوونی ئایینەكان و پیاوانی ئایینی بۆسەر ئێمە مەترسین و دەتوانن سەروەربوونی داهاتوومان بەسەر جیهاندا لەنێو ببەن، چونكە ئەو هێزە ڕووحییەی ئایین لە دەروونی باوەڕداراندا زیندووی دەكاتەوە، دواتر بوێریی ئەوەشیان لە دەروونیدا دەژیێنێتەوە دژمان بوەستنەوە، ئێمە ڕێوڕەسم و نەریتە ڕووكەشەكانی ئایینی جوولەكە دەپارێزین، ئەمەیش تەنیا بۆ یەك مەبەست ئەویش پاراستنی ئەو بەستەرەی تاكەكانی گەلەكەمان بەیەكەوە دەبەستێتەوە و لێناگەڕێین هیچ بیانییەك بەهۆی ژن و ژنخوازی و هتد بێتە نێو ئایینەكەمانەوە.

لەوانەشە لەپێناو دوا ئامانجماندا هەمان کردە دووبارە بکەینەوە کە لە ڕۆژگاری هێتلەردا بەڕێوەمان برد، واتا ئێمە خۆمان چەند ڕووداوێکی چەوساندنەوە و ستەمکاری دژ بە چەند کۆمەڵە و تاکەکانی گەلەکەمان ڕێکدەخەین، بە واتایەکی دیکە لە ڕووداوگەلێکدا چەند ڕۆڵەیەکی گەلەکەمان دەکەینە قوربانی، خودی ئەو ڕووداوانەش خۆمان دەیانوروژێنین و لە پشت پەردەوە ئاراستەیان دەکەین، بۆ ئەوەی لە لایەك پاساوی ڕاکێشانی سەرنج و پاڵپشتیی گەلانی ئەوروپا و ئەمریکا و تەواوی جیهانمان بکەوێتە دەست، لەلایەکی دیکەشەوە پاساوی دادگەییکردنەکانی دوای جەنگیش فەراهەم بکەین، ئەمەیش لەپێناو دادگەییکردن و دواتریش دەرکردنی فەرمانی کوشتن و لە سێدارەدانی ئەو سەرکردە و ڕێبەرە سەربازییانەی دژ بەیەك دەجەنگن، هەروەك چۆن لە دادگەییەکانی نۆرمبرگ بەڕێوەمان برد.

لەوانەیە قوربانیدان بە چەند هەزار کەسێك لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان زۆر گەورە و تراژیدی بێت، بەتایبەت کاتێك خۆمان کار بۆ لەنێوبردنیان بکەین بۆ ئەوەی تۆمەتەکە بخەینە پاڵ خەڵکی دیکەوە، لەوانەیە قوربانییەکە زۆر گەورە بێت، بەڵام لەپێناو دوا ئامانجمان: سەرکردایەتیکردن و سەروەربوون بەسەر جیهاندا، نابێ سڵ لە هیچ قوربانییەکی گەورە و بچووك بکەینەوە.

***

(٤)

پیلان و کودەتای جوولەکە و
قووچەك و دۆلاری ئەمریکی



ڕوون و ئاشکرایە حاخامەکانی جوولەکە لە لێکدانەوەی مانایە نهێنییەکانی کتێبە پیرۆزەکاندا بانگەشەی دەستهەڵاتی ڕەها دەکەن ، پێشیان وایە ئەو دەستهەڵاتە ڕەهایە بەهۆی سرووشێکی خواوەندییانەی تایبەتەوەیە... بەڵام بانگەشەیەکی لەمجۆرە هیچ گرنگییەکی نییە، ئەگەر کۆی ئەو کەسانە ئامرازێکیان لەبەردەستدا نەبێت سرووشەکانیان بخەنە واری کرداری و جێبەجێکردنەوە... لەبەرئەوە ژمارەیەك سووخۆر و گەورە حاخامەکان و بەڕێوەبەران و دانایان کۆبوونەوە و بڕیاریان دا جڤاتێکی نهێنی دامەزرێنن کار بۆ وەدیهێنانی مەبەستەکانیان بکات، ناویشیان لێنا کۆمەڵگەی نوورانی (The Illuminati..)

وشەی نوورانی لە وشەی لوسفیر (Lucifer) وەرگیراوە و مانای هەڵگری تیشك و ڕۆشنایی یان بوونەوەرێکی زۆر ڕۆشن دەگەیەنێ... بەمشێوەیە، مەجمەعی نوورانی بۆ جێبەجێکردنی سرووتە تایبەتەکانیان دامەزراوە.. لەمەوە دروستیی (کەنیشتی ئەهریمەن) مان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کاتی خۆی مەسیح لە هەنبەریاندا بەکاری هێناوە و بەم زاراوەیە وەسفی کردوون.

سەرانی ئەنجوومەنی باڵای جڤاتی نوورانیی جوولەکە سەبارەت بە کاروبارەکانی ئایین و بیروباوەڕەکان و ئاهەنگ و بۆنە ئاینییەکان و سرووتەکان بانگەشەی هەبوونی زانیارییەکی بەرز دەکەن.. هەر ئەو کەسانەش باوەڕی خوانەناسیی مادییان داڕشت کە لەساڵی ١٨٤٨دا لە مانیفێستی کۆمۆنیستی بڵاوکرایەوە و لەلایەن کارڵ مارکسەوە نووسرا بوو.

مامی کارڵ مارکس حاخامێکی جووله‌که بوو، به‌ڵام به‌شێوه‌یه‌کی ڕه‌سمی له‌ بواری که‌هنووتیی باڵا دابڕا.. به‌مشێوه‌یه‌ ده‌بینین جووله‌که‌کان جارێکی دیکه‌ ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ سه‌ر بنه‌مای هاوبه‌شیی شاراوه‌. دروشمی نوورانییه‌کان قووچه‌که‌ و سینبوڵی کوده‌تا و پیلانێکی ئامانجداره‌ بۆ ڕووخاندنی که‌نیسه‌ی کاسۆلیکی – وه‌ك نوێنه‌ری مه‌سیحییه‌تی جیهانی– و دامه‌زراندنی ده‌سته‌ڵاتێکی دکتاتۆری که‌ حکوومه‌تێکی جیهانی له‌سه‌ر شێوازی نه‌ته‌وه‌ یه‌ککگرتووه‌کان به‌ڕێوه‌ی ببات.

ئه‌و چاوه‌ی له‌سه‌ره‌وه‌ی قووچه‌که‌که‌یه‌ تیشك بۆ گشت لایه‌ك ده‌نێرێ:

ئه‌مه‌ سینبوڵی ئاژانسی سیخوڕیکردن و تیرۆر و تۆقاندنه‌.. له‌سه‌ر شێوازی گۆستابۆ (هه‌والگریی ئه‌ڵمانیی سه‌رده‌می هێتله‌ر). وایز هاوپت له‌ژێر دروشمی برایه‌تیدا دایمه‌زراند، ئه‌مه‌یش بۆ پاراستنی نهێنییه‌کانی ڕێکخراوه‌که‌ و ناچارکردنی خه‌ڵك بوو بۆ ئه‌وه‌ی به‌ تۆقاندن خه‌ڵك له‌هه‌نبه‌ر یاسایه‌کانی ملکه‌چ بکه‌ن.

ئه‌م ئاژانسه‌ ڕۆڵێکی گه‌وره‌ی له‌ ده‌سته‌ڵاتی تیرۆرستیی دوای شۆڕشی فره‌نسیدا هه‌بوو.

ئه‌و دوو وشه‌یه‌ی له‌سه‌ر هه‌ردوو دروشمه‌که‌دا هه‌ڵکۆڵراون، مه‌به‌ست Annuit Coeptis واتا : ئه‌رکه‌که‌مان (کوده‌تا و پیلانه‌که‌مان) سه‌رکه‌وتنی وه‌ده‌ستهێنا.

به‌ڵام وشه‌کانی ژێر دروشمه‌که‌ که‌ بریتین له‌: Novus Ordo Seclorum سرووشتی ئه‌رکه‌که‌ ڕوون ده‌که‌نه‌وه‌، ماناکه‌شی سیستمی نوێی جیهانییه‌.

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە ئەم دروشمە تەنیا لەکاتی یەککگرتنی سیستمی ماسۆنییەت و ئۆرگانەکانی نوورانییەت لە سەروبەندی کۆنگرەی فیلمسباد ماسۆنییەکان لە ساڵی ١٧٨٢ وەك دروشمی خۆیان هەڵیانبژارد.



لە دەقە ئینگلیزییەکەی ڤیکتۆر مارسدنی ڕۆژنامەنووسی ئینگلیزی، بەڵگەنامەیەك بڵاوکراوەتەوە وێنەی مارێکی تیادایە کە خۆی لە گۆی زەوی ئاڵاندووە، کلك و سەری مارەکە لە کردەی خۆئاڵاندنەکەدا بەیەك دەگەنەوە، ئەمەیش مانای ئەوەیە پیلانەکە تەواوە و هیچ کەلێن و کەموکورتییەکی تیادا نییە.

مارەکە هێمای هەژموونی جوولەکەیە، هەروەها دروشمی هێزی پاشایە بەهێزەکەیانە، ئەم دروشمە لە فیرعەونییەکان دزراوە. چونکە مار لە لای فیرعەونییەکاندا هێمای دانایی و هێز و زۆرزانی بووە، فیرعەونییەکان پەیکەری زێڕیان بۆ داتاشیوە و تەنانەت لەسەر تاجی پاشایەکانیشیاندا هەبووە.

مارسدن دەڵێ: پێدەچێ ئەم دروشمە مۆری پرۆتۆکۆلی سەرانی زایۆنیزم بێت، وێنەی قووچەکە بریسکەدارەکەی خوارەوەی دروشمەکەش واتای پێوەندییەکی کۆن بە فیرعەونەکانی میسر دەگەیەنێ. هەروەها گەورە جەمسەرەکانی ماسۆنییەتی جیهانیش ددانیان پێیدا ناوە، بەوەی کە باوەڕ و سینبوڵ و ئاماژەکانیان فیرعەونیی میسرییە و بەهۆی بەنی ئیسرائیلەوە بۆیان گوازراوەتەوە کە لە میسردا ژیاون و پاشانیش ئەوێیان جێهێشتووە.

لە پەند و حیکمەتی کۆنی چینیی کۆنیشدا ئەوە دۆزراوەتەوە کە: سێگۆشەی سەر ئاو، واتا بەدی و خراپە، بازنەش گوزارشت لە کوشتن و خوێنڕێژی دەکات، ئەمەیش هێزێکە و سێگۆشەی سینبولی خراپەکاری دەپارێزێ.

ئەگەر لە مۆری سنبولی ماسۆنییەتیش ڕابمێنین -لەسەر سەت دۆلاری ئەمریکیدا- مەسەلەکە مۆرکێکی مکوڕانەتر بەخۆیەوە دەگرێ. قووچەکەکەی سەر ئەم جۆرەیان هێمای هەبوونی دەستهەڵاتێکی دکتاتۆرییە کە دەمامکی دیموکراسیزمی پۆشیوە- حکومەتێکی یەکگرتووی جیهانی لەژێر سیستمی نوێی جیهانیدا بەڕێوەی دەبات. (باوەڕی ئەمریکی لەسەر دۆلار- فائیز ئەلبەرازی).

ڕێبەری پرۆتستانتیەتی توندڕۆ باوکە بات ڕۆبرتسۆن جەخت لەوە دەکاتەوە ئەم دروشمەی سەر دۆلار هیچ پێوەندییەکی بە ڕزگارکردنی ئەمریکاوە نییە، بەڵکو خاوەنەکەی: ئادەم وایز هاوبێتی دامەزرێنەری ڕێکخراوی ئەهریمەنیی: (تەنویرە) و دزەی کردووەتە نێو ماسۆنییەت و پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیا و مێزی خڕی ئینگلترا و ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی ئەمریکا و ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی یەدەگی فیدراڵی،

کۆڕپەندی پیشەسازییە سەربازییەکان، بە شێوەیەکی گشتی دزەی کردووەتە نێو زۆر شتی ئەمریکا.

ناوبراو بەوپەڕی دڵنیاییەوە پێی وایە: ئەوەی ئەم مۆرەی لەسەر دۆلار دیزاین کردووە، پیاوێك بووە بە ناوی چارلز تۆمبسۆنی ئەندامی ڕێکخستنی کۆنگرێس کە ماسۆنییەکی دڵسۆز بووە. بەڵام ئەو دەستەواژەیەی لە خوارەوەی مۆرەکەدا بە لاتینی نووسراوە ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر هەر زمانێك واتای: (سیستمی نوێی جیهان) دەگەیەنێ. چاوە بریسکەدارەکەی سەرەوەی قووچەکەکەش بە لێکدانەوەی بات ڕۆبێرتسۆن، چاوی ئۆزیریسی خواوەندی میسری کۆنە و ماسۆنییەکان لە کاتی ئاهەنگە نهێنییە گرنگەکان بۆی دەگەڕێنەوە.

بەڵام شیکردنەوەی ویلیام گای کاری جەنەراڵی ئەمریکی سەبارەت بە مۆرەکە بەمجۆرەیە: چاوی سەرووی قووچەکەکە تیشك بۆ گشت لایەك دەنێرێت و هێمای ئاژانسی هەواڵگری و شۆفاری و تیرۆر و تۆقاندنە و وایز هاوبت لەژێر دروشمی برایەتی و بۆ پاراستنی نهێنییەکانی ڕێکخراوەکە و ناچارکردنی خەڵك لە ڕێگەی تۆقاندنەوە بۆ ملکەچکردنیان لەهەنبەر یاسایەکانیان دایمەزراندووە. هەر دوو وشە هەڵکنراوەکەی سەرەوەی دروشمەکەش (Annuit Coeptis) واتا ئەرکەکەمان سەرکەوتنی وەدەستهێنا. بەڵام وشە هەڵکەنراوەکانی خوارەوەی دروشمەکە (Novus Ordo Seclorum) سرووشتی ئەرکەکە لێکدەداتەوە و مانایەکەشی: (سیستمی نوێی کۆمەڵایەتییە). ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە ئەوەیە ئەم دروشمە تەنیا لە کاتی تێکەڵبوون و یەکگرتنی سیستمە ماسۆنییەکان و ئۆرگانە نوورانییەکان

له سەرویەندی کۆنگرەی فیلمسبادی ساڵی١٧٨٢ لەلایەن ماسۆنییەکان وەك دروشم هەڵبژێردراوە.

بیار هیپیس پەرتووکێکی بەناونیشانی: (لەپێناو دکتاتۆریەتی جیهانیی جوولەکەدا) نووسیوە و تیایدا نووسیویەتی: دۆلار دراوێکی تەواو زایۆنییە، لەمیانیەوە سیستمی نوێی جیهانی ڕاگەیەندراوە.

پێشتریش.. جیریمیۆی وەزیری دادی حکوومەتی فەرەنسی کە بەبنەچە جوولەکەیە و ماسۆنییەکی پلە (٣٣)یە واتا پلە بەرزە و یەکێکە لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەژادپەرستی جوولەکەی جیهانی لە ساڵی ١٨٤٨دا گوتوویەتی:

(ئەو ڕۆژە نزیکبووەتەوە ئۆرشەلیم ببێتە ماڵی نوێژ و ئاڵای خواوەندی لەسەر بشەکێتەوە، تاکە ئاڵای ئیسرائیل، لەسەر دوورترین کەناراوەکان دەشەکێتەوە، هەرگیز نابێ جوولەکە ببێتە هاوڕێی مەسیحی و موسڵمان، پێش ئەوەی نووری باوەڕ هەڵبێت، ئاینی تاکە ئەقڵ، کە وادەی هەڵاتنی بۆ هەموو جیهان هاتووە، ئەمەتا ئاماژەکەی لەسەر دۆلاری ئەمریکیدا ڕۆشنایی دەبەخشێتە هەموو ئەو کەسانەی لەچاپی دەدەن، بۆ ئەوەی مژدەی سیستمێکی نوێی جیهانیی پێبدەن کە تیایدا مەسیح دووبارە دەگەڕێتەوە).

با بگەڕێینەوە سەر شیکردنەوەی ئاماژەکانی سەر دۆلار... لە خوارەوەی دەستەواژەکەی پێشوو: سیستمی نوێی جیهاندا دەستەواژەیەکی ئینگلیزی بەمجۆرە نووسراوە (the Greatseal) واتا مۆری مەزن، وشەکانی سەرەوەی دروشمەکەش بە واتای سەرکەوتن بۆ ئێمە یان ئەرکەکە سەرکەوتنی وەدەستهێنا وەرگێڕدراون، هەروەها مانای مەزنی سەرکەوتوو یان پاشای تاکانەی

هەمووان یان مۆری میسری یان میسری مەزن دەگەیەنن، لەبەرئەوە دەکرێ بەمشێوەیە لە مانایەکانی سەر دۆلار تێبگەین:

(ئەنگوستیلە یان مۆری مەزنی پاشای پاشایان)، بنەڕەت و هۆکارەکانی پێکهێنانی کەسییەتییەکەش بۆ میسر دەگەڕێتەوە.

لە لێکۆڵینەوە و شەنوکەوکردنی بەردەوامیشدا ڕوونبووەتەوە ئەو دوو وشەیە بە فرەنسی واتا (قیبتیی مەزن) قیبتیش میسرییە نەك مەسیحی هەر وەك باوە.

ڕێکەوت و مێژووی ژمارە هەڵکەندراوەکانی سەر بنکەکە بە پیتی لاتینی نووسراون واتا وشەی Mocclxxvi ئەو مێژوو و ڕێکەوتە دەگەیەنێ کە تیایدا بە ڕەسمی (ڕێکخراوی نووراني) یەکەمین بەردی بناغەی کرداریيانەی بۆ دانرا و بۆ داگیرکردنی مێشك و دواتریش خاك و سامانی سەر گۆی زەوی کەوتە کار، نەك مێژووی سەربەخۆیی ئەمریکا.

هەڵۆیەکەی سەر دۆلاریش ئەستێرەیەکی شەشگۆشەی جوولەکەی لەسەر سەرە، دوو قووچەکی دژ بەیەکن و سینبوڵی جوولەکە و زایۆنیزم و کۆی ئەو شتانەیە کە پێوەندییان بە کەلتووری عیبری و قەوارەی جوولەکەوە هەیە.









ژمـــارەی ئـــەو ئەســـتێرانەی ئەســـــتێرە شەشگۆشـــــەکە پێکدەهێنن لەســەر دۆلاردا ١٣ ئەستێرەن نەك زیاتر. هەروەها پێنووســـە لوولەییـــەکانیش لەسـەر کلکی هەڵۆیەکـەدا ژمارەیـان تـەنیا ١٣یـە. ژمـارەی ئـەو ڕم و حەربەیـەی لـەنێو دەسـتانی هەڵۆیەکەدایـە ١٣ حەربەیـە. هــەروەها

ژمارەی گەڵای سەر چڵی زەیتوونەکەی نێو دەستی هەڵۆیەکەش سێزدە گەڵایە. هەروەها ژمارەی چینە پێکهێنەرەکانی قووچەکەش واتا ئەوەی چاوە پاسەوانەکەی لەسەرە سێزدە چینن و سێگۆشەیەکی دیکەی تیشکدەری لەسەرە.



بزاوتەکە واتای نوێژی ماسۆنییە شەیتانپەرستەکان دەگەیەنێ

واتایەکەشی ئەوەیە کە ئەسباتەکان ڕۆڵەی یەعقووبن، ١٢ سەبت، بە ئەسباتی ئیسحاق و ئیبراهیم ناودێرکراون. ئەسباتەکان لقێکی بەنی ئیسرائیل – یەهوودن– وەك ئەو تیرە و هۆزە عەرەبانەی ڕۆڵەی ئیسماعیل بوون. لە سوورەتی ئەعرافیشدا لە قورئاندا هاتووە: (وقطعناهم اثنتی عشرة أسباطا امما) واتا: کۆمەڵە و تیپ. هەروەها خاوەنی ئەلکولیان لە موعجەمی موحیتولموحیتدا نووسیویەتی: (هەر یەکێك لە کوڕانی ئیسماعیل قەبیلەیە، هەر یەکێك لە کوڕانی یەعقووب سەبتە). پرسیارەکەش ئەوەیە: ئەدی ئەوەکەی دیکە لە کوێوە هاتووە، بۆ ئەوەی ژمارەکەیان لەسەر دۆلاردا ببێتە ١٣؟

یەکەکە لە گشت دوانزەکانی پێشوو گرنگترە. بەقەدەر هەموویانە. ڕاستییەکەی ئەو یەکە خۆی بۆ ئەوان زیاد کردووە، بوونەتە ۱۳سەبت جا ئەگەر بە ساختەییش بێت. ئەوان (جوولەکەی الخزرن). کە نووسەرێکی جوولەکە و زانای ئینسکلۆپیدی لە ساڵی ۱۹۸۳دا بە مردنێکی گوماناوی مردووە و ناوی ئارسەر کیستلەر بووە لە پەڕتووکەکەی خۆیدا بەناوی (هۆزی سێزدەیەم) یەهودییەکانی بە ئەلخزر ناوبردووە، واتا تیرەی سێزدەیەم کە جوولەکەکانی ئەمڕۆژگارەن.

کاتێکیش ویلیام گای کار لە پەڕتووکەکەی خۆیدا باسی دۆلاری ئەمریکی و چۆنییەتیی پێوەندییەکەی بە ئەستێرەی ڕەش و چاوەکە دەکات و ناوی لێناوە چاوی هەڵو و وەك چاوێکی هەمیشە کراوە و بێدار وەسفی کردووە، هەروەها پێوەندیی قووچەکە سێیینەکە بە ڕەهەندەکانی وێنەکە و ئەو ئاسمانەی لێکداوەتەوە کە ئەگەر لە دۆلارەکە سەراوژێری بکەیتەوە وێنەی کەشتییەکی نێو دەریات دەکەوێتە بەرچاو، هەر ئەمەیشە موحەمەد عیسا داوود تیشکی خستووەتە سەر کاتێك باسی نهێنیی شتە شاراوە و داپۆشراوەکان و زۆر مەسەلەی دیکەی ئاژانسی ناسا و هەواڵگریی فیدراڵیی ئەمریکی و هەوڵەکانی زۆربەی مەڵبەندەکانی ئاسمانی و وشکایی و دەریاییش دێنێتە گۆڕی کە سەبارەت بە بزربوونەکانی سێگۆشەی بەرمۆدا هەنگاویان بۆ هەڵێنراوە، کۆی ئەو مەسەلانەش پێوەندییەکی پتەویان بەو دەستە شاراوەیە هەیە کە ڕۆبێرت ویزهاوت لە کۆنگرەیەکی ئەمریکی و لە ڕاگەیاندنێکی ڕوون و ڕەواندا تیشکی خستووتە سەر، کۆنگرەکەش لەپێناو وەدیهێنانی قەوارەیەکی ئایینیی جیاواز بەسترا


کە پشتگیری لە گشت جۆرەکانی خوانەناسی بکات، سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەش بە پلەی یەکەم ویزهاوتە و دواتریش چەندان ڕێکخراوی نهێنی بەدواداهات ، بەڵام ئێستە لە گشت بەرەیەکدا بووەتە خاوەنی نیشتمان و پارێزبەندی و ئاسایش.

***

(٥)

قەیرانی دارایی جیهانی..

و ڕاستکەڕانی پێشبینییەکانی ویلیام گای کار



هەموومان بەو قەیرانە گەورەیەی بێبازاڕی (الكساد) دەزانین كەوا لە سییەكانی سەدەی ڕابردوودا سەرانسەری جیهانی گرتەوە، بەلام كەس باوەڕی بەوە نەدەكرد دووبارە بێتەوە، خەلك پێی وابوو ئەستەمە سەرهەلبداتەوە، هەروەها پێمان وابوو جیهان وانە و پەندێكی تالی لێ فێربووە و هەرگیز ڕێگە بە دووبارەبوونەوەی نادات.

بەلام قەیرانی دارایی جیهانی بەهۆی قەیرانی بارمتەی زەویوزارەوە لە ئەمریكادا سەری هەلدا و قەیرانێكی ڕاستین بوو پێشتر كەس پێشبینیی نەكردبوو، بەتایبەت لە ولاتێكی وەك ئەمریكای خاوەن گەورەترین و زەبەلاحترین ئابووریی لەسەر گۆی زەویدا، ڕاستە ئەو ولاتە پەندی لە سەدەی ڕابردووش وەرگرتبوو و ئازار و تالیی بێبازاڕییە گەورەكەی چەشتبوو، زیانەكانیشی گەیشتبوونە چەند ژمارەیەكی هێندە مەزنی گەردوونی هیچ ئەقلێك نەیدەتوانی لێكی بداتەوە، زیانەكانی قەیرانەكە نەك هەر تەنیا بۆ ئابووریی ئەمریكا، بەلكو زیانی بە ئابووریی گشت ئەو ولاتانە گەیاند كە بە ئەمریكاوە پابەند بوون و لە خولگەی ئەودا دەخولانەوە.

گەمەكردن بە بازاڕ بەردەوامە، چونكە هێزی پالنەری پشت داڕووخانەكە چەند سەوداگەرییەكی ((مضاربات) بازرگانییە، چونكە سیستمی ڕێكخستنی تایبەت خزمەتی بەرژەوەندییەكانی سەوداگەركەان دەكات كە ڕاستییەكەی داڕووخانی بازاڕەكان دەكاتە پرۆژەیەكی قازانجبەخش بۆ هەندێك كەس و لایەنی دیكە.

بەم دەستەواژە وروژێنەرانە مایكل چۆسۆدۆفسكیی نووسەری ئەمریكی دەست بە گوتارەكەی دەكات كە لەژێر ناونیشانی " كێ

لەپشت دوا داڕووخانی ئابوورییەوەیە"، ئەمە پرسیارێکی فراوانە و بواری لێکۆڵینەوە لەهەنبەر ئەو کەسانەدا خۆش دەکات کە لەپشت داڕووخانی بانك و بۆرسە و بازاڕەکانی ئەمریکاوە بوون، بەو شێوەیەی لە دوا هەفتەکاندا بینیمان.

ڕاستییەکەی ئەگەر مرۆڤ لەهەنبەر دوا لێدوانەکانی هێنری بۆڵسۆنی وەزیری خەزێنەی ئەمریکی هەڵوەستەیەك بکات و بە وردی لە مەسەلەکە بنواڕێ، وروژان و گومانەکانی پتر دەبن، بابزانین بۆڵسۆن چی گوتووە؟

ئەم پیاوە جەخت لەوە دەکاتەوە پەنجەی تۆمەتبارکردن ئاماژە بە چەند کەس و پارتێکی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەکات کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەڵەی وەهایان کردووە بەشێوەیەکی زۆر گەورە ڕۆڵی لە هەلگیرسانی قەیرانە داراییە جیهانییەکەدا هەبووە و ئابووریی ئەمریکا و جیهانی کردووەتە پۆشی بەردەم ڕەشەبا، بەشێوەیەکی تەواو دڵنیا و ڕەهاش وڵاتەکەی خۆی بەرپرسیار دەزانێ، بۆڵسۆن لە قسە و لێدوانەکانی بۆ تۆڕی فۆکس بیزنس دەڵێ:" ئێمە بەداخین لەهەنبەر ئەو هەڵانەی کران و بوونە هۆی بەرپابوونی گەورەترین لەرزە و داڕووخانی دارایی جیهانی کەوا جیهان ماوەی حەوت دەیە بەدەستیەوە دەناڵێنێ"، لەمەیشدا ئاماژەی بە تاوانێکی گەورە کردووە، تاوانەکەش شکستهێنانە لە کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و شکستی سیستەمە داراییەکان.

ئایا جووەکانی ئەمریکا لەپشت دروستکردنی ئەم قەیرانەوە بوون؟.. ئەو گوتانەی مایکل چۆسۆدۆفسکی وەك تۆمەتبارکردنێکی شاراوەی ئەوانە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەنجەی تاوانیان بۆ درێژ

دەکات و جۆرە پێوەندییەکیشی بە ڕاستییەکی مێژووییەوە هەیە، ئەویش ڕۆڵی جوولەکە سەوداگەرەکانی نێو ئەمریکایە کە بەهیچ شێوەیەك بەرژەوەندیی ولاتەکەیان بەلاوە گرنگ نییە، چونکە ئەوان وەك ئامانج دەنوارنە پارە نەك وەك ئامراز، ئەمەیش جۆرە بەهایەکە بە درێژایی دوو هەزار ساڵ لە سەرانسەری جیهاندا لە مێشکیاندا چەسپاوە. (سەبارەت بە ڕۆڵی گریمانەیی جوولەکە لە قەیرانەکەی ئێستەدا دوور لە بیردۆزی کودەتا-ئەمیل ئەمین- ڕۆژنامەی ئەلخەلیج).

لە کاتی جەنگی سەربەخۆیی ئەمریکا (١٧٧٥-١٧٨١) سووخۆرە سەوداگەرە جیهانییەکان، زۆربەیان جوولەکەی ئەورووپی بوون لە ململانێی توندوتیژی نێو خاکی تۆیدا دەرفەتێکی نایابیان بۆ زیاترکردنی قازانجەکانیان وەدەستهێنا، لەبەرئەوە خەریکی هەڵگیرساندنی جەنگ و بەردەوامیدان بەو جەنگە بوون.

لێرەدا بۆ یەکەمین جار ڕۆڵی کۆمەڵەی ئابووریی ڕۆچیڵدییەکان خۆی بەدیاردەخات، ئەو کۆمەڵەیە لە هەرێمی هیسی ئەڵمانی گەنجانی بەکرێگیراویان بۆ حکوومەتی ئینگلیزی ئامادەکرد بۆ ئەوەی لەژێر ئاڵای بریتانیدا بەشداری شەڕ بکەن، هەروەها بۆ بەرپەرچدانەوە و سەنگەرگرتن دژ بە سەربازانی جۆرج واشنتۆن پارەی پێویستیان وەك قەرز دایە حکوومەت.

لەنێو بەڵگەنامە مێژووییەکاندا دەبینین قازانجە ئابوورییەکانی ڕۆچیڵدییەکان بەهۆی ئەمەوە چەندە زیادی کردووە و چۆنیش بازرگانییان بە چەکەوە کردووە و شۆفارییان بۆ هەریەکە لە ئینگلیز و ئەمریکییەکان کردووە و هەوڵی لەخشتەبردن و سەرنجڕاکێشانی

هەردوو لایەنیان داوە بۆ ئەوەی پانتایی جوگرافیی جەنگەکە فراوانتر بکەن، ئایا ڕۆڵی داراییانەی جوولەکە هەر لە سنووری جەنگی نێوەخۆیی ئەمریکیدا مایەوە تەنانەت دوای ئاشکرابوونی ئەم ڕۆڵەشیان؟ سەبارەت بە بازاڕەکانی وۆڵ ستریت و بۆرسەشەوە ٤٠٪ جوولەکەکانی ئەمریکا کە ژمارەیان ٦ ملیۆن کەسە و لە نیویۆرکدا دەژین، بۆ کەسێکی وردبینی ڕووداوەکە بەسە دەرئەنجامی لێ هەڵێنجێ.

ئەم زانیارییانەی پێشوو ئەو پرسیارە لە مێشکماندا دەوروژێنن: ئاخۆ ئەگەری نەخشە و پیلانگێڕییەکی شاراوە لە پشت ڕووداوەکانی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبووە؟ ئەدی ڕۆڵی بەشدار یان سەربەخۆی جوولەکە لەو ڕووداوانەدا چی بووە؟ لە سەرەتادا هەموو لایەك دەزانن کە بانکی لیمان برازەرس بە بنەچە و ڕەچەڵەك جوولەکەیە و یەکێکە لە گرنگترین ئەو بانکانەی لە بواری زەویوزار و خانووبەرەوە وەبەرهێنانی کردووە و بەهۆی هەرزانیی زەویوزار و دواتریش فرۆشتنی بە نرخێکی زۆر گرانەوە قازانجی خەیاڵیی وەدەستهێناوە، بەڵام لە کاتی دابەزینی نرخی زەویوزار و خانووبەرەوە پشکی عەقارییانەی بانکەکان لە بۆرسەدا هێندە دابەزی گەیشتە ئاستی داڕووخان. لەبەرئەوە بانکی لیمان مایەپووچی و قەللۆش بوونی خۆی ڕاگەیاند، بە واتای پابەندنەبوونی بە دانەوەی پارەی ئەو کەسانەی پارەیان لە بانك دانابوو، بەمەیش چەند بانکێکی هاوشێوە مایەپووچ بوون و خوێندنەوەکانی بنجامین فرانکلین ڕاست دەرچوون دوای ئەوەی پارەی پاشەکەوتکراوی ئەمریکی بەهەوادا چوو

و سەرلەنوێ لە کێڵگە و کارخانەکانی سەوداگەر و سووخۆرەکاندا دووبارە کەوتەوە نێو دۆخی کرێگرتەیی.

لە دۆخێکی وەهادا دوو وەڵام دەکەونە بەردەممان، هەردووکیشیان ڕۆڵی جوولەکە بە دوور نازانن، یەکەمیان پێوەندی بە بارودۆخ و پێگە و پلە ئابوورییەکانی جوولەکە و ئاستی پەسندکردن و ڕەتکردنەوەی جوولەکەکانەوە هەیە لەلایەن جڤاکی ئەمریکییەوە، دووەمیش تایبەتە بە چوارچێوەی چۆنییەتیی بەکارهێنانی دەستگە جیهانییە داراییەکانی جوولەکەوە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ ڕێگەگرتن لە جەمسەری داهاتوو-چین- و ڕووسیای سزاری کە ئێستە لەخەو متبوونی قووڵی خۆی بێداربووەتەوە، بۆ ئەوەی هیچ کامێکیان نەگەنە پێگەی هاوبەش و بەشدار لە حوکمکردنی جیهان و ئایدۆلۆژیای پارێزگەرانی نوێ تا کۆتایی سەدەی بیست و یەکی ئەمریکی بڕ بکات.
سەبارەت بە ڕەهەندی یەکەم دوو لقی لێ دەبێتەوە، یەکەم پێویستی بە خستنەڕووی ڕاپۆرتی چوارەمی ساڵانەی پەیمانگەی پلاندانی سیاسیی گەلی جوولەکەوە هەیە لە جیهان کە سەر بە ئاژانسی جوولەکەیە و دینیس ڕۆسی وەزیری پێشووی ئەمریکا سەرۆکایەتیی دەکات و گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە بڵێ:" کردەی پێشکەوتنی ئابووری لەلای زۆربەی جوولەکەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان گەیشتووەتە ترۆپك و ئەوە نابیندرێ بەرتەمایی هەوڵدان بۆ گەیشتن بەم ترۆپکە هەبێت، ئەمەیش مەسەلەیەکی سەرنجڕاکێشە و پێویستی بە ئاگایی و سەرنجی زۆر ورد و پرسیارێکی کاریگەر هەیە: ئایا ئەو کاتە هاتووە جوولەکان- بەو سەرمایە زەبەلاحەی بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان وەدەستیان هێناوە- وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ جەنگە هەرە

مەزنە ڕووحییەکەی مێژووی هاوچەرخی بەنی ئیسرائیل لە سەرانسەری جیهانەوە بگەڕێنەوە ئیسرائیل؛ ئەو جەنگەی بریتییە لە یەکگرداچوونەوەی نەتەوە و گەلانی چواردەوریان و لەپێناو بیرۆکەی بنیادنانی هەیکەل و سەرپرگە و گەڕاندنەوەی پاشایەتی و مولکی سولەیمان و کشت ئۆرگانێکی دیکەی تەوراتی بەڕێوە دەبرێ؟ بە تایبەت لە کاتێکدا ڕوخسار و نیشانەکانی وەدیهاتنی کۆی ئەو مەسەلانە خەریکە لەمیانی چەند کۆمەڵەیەکی توندڕۆی تەوراتیدا لە ئاسۆدا دەردەکەون و ماوەماوە هەڵدەکوتنە سەر گۆڕەپانەکانی مەسجیدولئەقسا؟

چوارچێوەی لقی دووەمیش بریتییە لەو ترس و نیگەرانییەی دووچاری لووبیی جوولەکە بووەتە و تایبەتە بە ئایندە و چارەنووسیان لە سایەی ئەو دابەشبوون و کەرتبوونە نێوەخۆییانەی دووچاریان دەبێتەوە، هەروەك چۆن بەسەر کۆمەڵەی گی ستریتدا هات و لە ئەیباك جیابوونەوە، هەروەها لە سایەی ئەو ڕەتکردنەوە گەشەسەندووەی لە بواری پراگماتیکی دارایی و سیخوڕیی بواری ئاسایش هاتەپێش (ئەگەر گوزارشتەکە پڕ بە پێستی خۆی بێت).

لێرەدا مافمان هەیە ئەو شتە بیر بێنینەوە کەوا بەمدوواییانە ئالان شویتزی پرۆفیسۆری جوولەکەی ئەمریکی و مامۆستای بەناوبانگی قوتابخانەی یاسا لە زانکۆی هارفارد ئاماژەی پێ کردووە" بەردەوامبوونی هەژموونداترین کەمینەی جوولەکە لە مێژووی جوولەکەی ئەمریکادا مەترسی ڕووی تێدەکات، ئەگەر هەر ئێستە کارێکی دەگمەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە نەکەین.

ئەم لێدوانە ئەو زانیارییانە پشتڕاستی دەکەنەوە کەوا ئاژانسی هەواڵی جوولەکە JTA بەمدواییانە پەردەی لەسەر لادا و ڕایگەیاند: جۆرە هەست و مەزەندەیەك لە بازنە و خولگەی سەرکردایەتیی هەندێك ڕێکخراوی ئەمریکیی لایەنگری ئیسرائیل بڵاو بووەتەوە و پێیان وایە ئیسرائیل جەنگی کاریگەری دروستکردن لەسەر ئەقڵ و دڵی ئەمریکییەکان دەدۆڕێنی. ئاژانسەکە دەڵێ: ئەو ئیسرائیلەی لە پاراستنی لایەنگری و پشتگیریی دەستەبژێری سیاسی ئەمریکی بۆ پاڵپشتیکردن لە سیاسەتەکانی خۆی سەرکەوتنی وەدەستهێنا، ئێستە لەگەڵ گەلی ئەمریکیدا ڕووبەڕووی گرفتی پێوەندی بووەتەوە کەوا خودی بەرپرسە ئیسرائیلییەکان ددانیان پیایدا ناوە و بووەتە شتێکی حەتمی و دەبێ بەوپەڕی مکوڕبوونەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

کەواتە ئایا کاتی ئەوە هاتووە ئەم بوون و قەوارەیە لەنێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پەردەی لە ڕوودا دابماڵدرێ؟ لەبەرئەوە ڕەوتێکی پێچەوانە لە واشنتۆن و نیویۆرکەوە بەرەو تەلئەبیب دەستی پێکردووە؟ ئایا سەرەتایەکانی گەڕانەوە دەستی بە قاچاغچییەتی و بردنی ناڕەوای دارایی کردووە، واتا ئەو مەسەلەیەی لە گشت وڵاتێك و شوێنێکی پێشووی ژیانیاندا زۆر لێی شارەزا بوون؟

وەڵامەکە بۆ خوێنەری ئەقڵمەند جێدەهێڵین و دەچینە سەر پرسیارێکی دیکە: ئایا جوولەکەکان لە کودەتایە هەرە مەزنەکەی دژ بە وڵاتی چین بەتایبەت و ڕووسیا بە شێوەیەکی گشتی، ئامرازی دەستی ئەمریکا بوون ؟

سنۆگ هۆنگنبیگی نووسەر و لێکۆڵەری ئەمریکیی بە ڕەچەڵەك چینی لە پەرتووکەکەی خۆیدا بەناوی (جەنگی دراوەکان) باس لە

کودەتایەکی هاوبەشی جوولەکە- ئەمریکی- ئەورووپی دەکات بۆ تێکدانی ئابووریی چینی -پەرجوو- لەمیانی دەستەوەردان و هەڵبەزاندن و دابەزاندنی دۆلار و پاشەکشەکردنی بەشێوەیەکی جیهانی و بەرزکردنەوەی نرخی نەوت لە جیهاندا و پڕکردنی بەهای ڕاستینی زێڕ لەلایەن خانەوادەی ڕۆچیڵد و داروودەستە نهێنییەکانی لە گشت جیهاندا، خودی ئەم مەسەلانە بەسن بۆ هێدمەگەیاندن و گورز وەشاندنی چاوەڕوانکراو لە ئابووریی چینی.

ئەوانەی باسمانکردن پەردە لەسەر ئەو ڕووداوانەی ئەمریکا لادەدەن کە ڕوویان دا و بەردەوامیش ڕوو دەدەن؟

بێگومان، چونکە ئەو حکوومەتە شاراوەیەی وولّ ستریتی کۆنترۆڵ کردووە و تەنیا لقێکی حکوومەتی جوولەکەیی مەغۆلیی جیهانییە و خانەوادەی ڕۆچیڵد لە ئینگلترا دایمەزراندووە. شێریب سبێریدۆفینیشی نووسەری بەڕەچەڵەک ڕووسی و خەڵکی ئەسکەندنافیا نەخشەی چەندان پیلان و نهێنی و کودەتا بڵاو دەکاتەوە کە ناکرێ لێرەدا لێیان بدوێین و هەر هەموویان بنووسین، لەوانەشە قەیرانی دارایی جیهانی سەرەتای ژانی لەدایکبوونی جیهانێکی نوێ بێت توانا و ویستی مرۆڤ بکاتە گاڵتەجاڕ، هەر ئەم مەسەلەیەش بوو ولیام گای کاری ئەدمیرال لە پەڕتووکە گرنگەکەی خۆی (بەردەکانی سەر داشی شەترەنج) پێی گەیشتووە، بەتایبەت کاتێك چاوێك بە هەردوو وشەکەی سەر دۆلاری ئەمریکیدا دەگێڕینەوە یەکەمیان ANNUIT COEPTIS کە واتای " کودەتایەکەمان سەری گرت و سەرکەوتوو بوو، دووەمیش NOVUS ORDO SECLORUM کە واتای " سیستمی نوێی کۆمەڵایەتیی جیهانی " دەگەیەنێ.

بەشی دووەم

جیهان... گەمەی دەستی ئیسرائیلە

ویلیام گای کار

پێشەكی

كودەتا و پیلانگێڕییەكی نێودەوڵەتی

ئەگەر ئەو شتەی من لەم پەڕتووكەدا خەریكم پەردەی لە ڕوودا هەڵماڵم، بۆ خوێنەر دەبێتە هێدمەیەك، هیوادارم هێدمەكە نەیخاتە نێو سەرگەردانی و شپرزەبوون و ئەو هەستەی لەلا دروست نەبێت پێی وابێت لە حوكمدان لەسەر مەسەلەكان بەهەڵەدا چووە، بەڵكو لە خوێنەر دەخوازم لەمیانی ئەم نووسراوەدا كە لە ساڵی ۱۹۱۱ ەوە خەریكی ئامادەكردن و نووسینیم، درك بە ڕووداوەكانی چوار دەوری خۆی و ئەم جیهانە بكات.

پرسیارێك بەردەوام لە مێشكمدا دەخولایەوە و بەدوای وەڵامەكەی هەڵوەدا بووم؛ بۆچی ڕەچەڵەكی مرۆڤ لە ئاشتیدا ناژیەت و لەبەرچی دانیشتووانی گۆی زەوی لە خێر و خۆشی و نیعمەتە زۆروزەوەندەكانی خودا بێبەشە، هەندێك خەنییە و هەندێكیش گەنی؟

من تا ساڵی ۱۹۵۰ نەمتوانی ڕۆچمە نێو ڕاستییەكەوە. چونكە لەم ساڵەدا زانیم ئەو جەنگ و شۆڕشانەی ژیانمانیان كردووەتە پووشی بەردەم ڕەشەبا و ئەو هەراوزەنا و بێسەروبەرییەی جیهانەكەمانی بەرزەفت كردووە، هەر هەموویان دەرئەنجامی كودەتا و پیلانگێڕییەكی بەردەوامی ئەهریمەنییانەن.

لەمیانی كارە بەردەوامەكەشم بۆ دەركەوت هێزێكی نەگریسی ئەهریمەنی هەیە هەندێكجار بە ئاشكرا و زۆربەی جاریش لەپشت پەردەوە، ڕووداوەكان دەخولقێنێ.

ئـەم هێـزە ئەهریمەنییـە ئەنجوومـەن و دانیشـتنە بـەدخوازەکانی جوولەکەیـە و لـەمیانی چـەند نەخشـە و پـیلان و کودەتایـەکی بـێ هەدادانەوە دەست لە بارودۆخی جیهان وەردەدات و بە ئارەزووی خۆی دەستکارییان دەکات، هیچ هێڵێکی سووریشی نییە، خەڵکانێکی هێندە بـەدخواز بـەڕێوەی دەبـەن تۆزقاڵێـک سـۆز و بـەزەییان نییـە، هـیچ پێوەندییەکیشیان بەو مرۆڤایەتییەوە نییە کە ئێمەی مـرۆڤ بە یەکەوە کۆدەکاتـەوە، چـونکە مرۆڤایـەتییان لێ دامـاڵیون، بـە ئامـانجی جێبـەجێکردنی کودەتایـەکانیان لـەپێناو چـنگ گیرکـردن لـە جیهـان و دواتریش خـاپوورکردنی، گاڵتـە و گـەمـە بـە گشـت پـیرۆزی و جوانی و چاکییەك دەکەن.

من بەدیار وەدەستهێنانی ئـەو وەڵامانـە زۆر چاوەنواڕ بـووم کـە ڕووداوەکانی ئەم جیهانە لێك دەدەنـەوە، تـاوەکو سـاڵی ١٩٥٠ داهـات، ئـەوکات تـوانیم خـۆم بخزێنمـە جیهانـە ژێرزەمینییـەکان و کـون و حەشـارگەی پیلانگێـڕە جوولەکـەکان و پاسـەوان و پارێزەرانیـان، دەستیشم بەو دۆسییە زۆر نهێنـی و پارێزراوانـە ڕاگەیشـت کـە هێندە بەلایانەوە گرنگە تەنانەت ئاو لە کوشتنی هەموو ئەو کەسانە ناخۆنەوە ئەگـەر تـەنیا بیانـەوێ لێـی نزیـك ببنـەوە، چ جـای ئـەوەی بەتـەواوی دەستیان پێی ڕابگات!

ئەم کودەتایە لەو بەشەی گەردووندا دەستیپێکرد کە ئێمـە بـە -فیردەوس- ناوی دەبەین کاتێك ئەهریمەن بەرەنگاریی مافی خواوەندی بوویەوە و پێی خۆش نەبوو تەنیا وشە و فەرمانەکانی ئەو -خودا- لـە هەموو شتێ بەرزتر بێت. پەڕتووکـە پیرۆزەکـان بۆمانیـان باسـکردووە چـۆن کودەتـای ئەهریمـەنی لـە جـەناتو عەدەنـەوە گواسـتراوەتەوە

جیهانی زەمینیمانەوە. ئەو ڕاستی و شتە ئاساییە پەرشوبڵاوانەی لە گشت شوێنێکی ئەم جیهانەدا وەگیرم کەوتن ئەڵقەکانیان بزربوون و بەشێوەیەکی زنجیرەدار نەکەوتبوونە دەستم و نەمدەتوانی ڕێکیان بخەم سەرەدەرییان لێ دەربکەم، ئەم دۆخەم بەردەوام بوو تا گەیشتمە ڕاستی و زانیم جەنگەکەمان لەگەڵ کەسانی ئاسایی خاوەن گۆشت و خوێن نییە.. بەڵکو لەگەڵ چەند هێزێکی ڕووحی و هزریی نێو ژێر زەمینە تاریکەکانە و زۆربەی بەرپرس و کەسانی باڵای سەرانسەری جیهانیان بەرزەفتکردووە. لێرەدا شەرمیش ناکەم ددان بەوەدا بنێم ئینجیل بوو ئەو کلیلەی خستە مشتم تا بتوانم بگەمە وەڵامی گشت پرسیارەکانی پێشووم.

هۆی ململانێی سەرزەوی چەند هێزێکی شاراوەن وەك ئێمە لە گۆشت و خوێن نین و جەنگە هەتاهەتاییەکەش هەر لەو کاتەوە هەڵگیرسا کە ئیبلیس لەهەنبەر مەزنیی خواوەندی ئافرێنەری مەزندا یاخی بوو، من ماوەی ٣٩ ساڵ بەدوای ئەم نهێنییەدا عەوداڵ بووم.

قۆناغەکانی پیلانگێڕی و کودەتایەکە

لە ساڵی ١٧٨٤دا قەدەر وای ویست بەڵگەی تەواو و بێ ئەملاوئەولا سەبارەت بە هەبوونی کودەتا و پیلانگێڕییەکی گەشەسەندوو و بەردەوام بخاتە نێو دەستانی حکومەتی هەرێمی باڤاریا، ئەو هەرێمە تا ساڵی ١٨٧٠ و تەڤلیبوونی بۆ نێو یەکێتیی ئەڵمانی، یەکێك بوو لە گەورەترین و بەهێزترین و کاریگەرترین وڵاتانی سەربەخۆی ئەڵمانیا. وردەکارییەکانی پیلانگێڕی و کودەتایەکەش بەمشێوەیە بوو:

ئادەم وایزهاویت ئامرازی کودەتایەکە بوو، ناوبراو لە زانکۆی ئەنگۆلد شتات مامۆستایەکی بەسوعیی بواری یاسا بوو، بەلام لە ئایینی مەسیحییەت هەلگەڕایەوە و چووە نێو ڕێبازی شەیتانەوە.

لە ساڵی ١٧٧٠دا سووخۆرانی جوولەکە ئەوانەی دەستگەی ڕۆچێلدیان دامەزراند ناوبراویان بەکرێ گرت بۆ ئەوەی چاوێك بە پرۆتۆکۆلە کۆنەکاندا بگێڕێتەوە و لەسەر بنەمای نوێ ڕێکیان بخاتەوە– مەبەست لە پرۆتۆکۆلەکانی سەرانی زایۆنیزمە.

ئامانج لەو پرۆتۆکۆلانە زەمینەسازی بوو بۆ (کەنشتی ئەهریمەن) جیهان کۆنترۆڵ بکەن، کۆنترۆڵەکەش دوای ئەو مەرگەساتە سەرتاپاگیرەی بە ڕێگەی دکتاتۆرانەی ئەهریمەنی خەریکن خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن، ڕێبازی ئەهریمەنی و ئایدۆلۆژیایەکەی بەسەر مرۆڤدا بسەپێنن. وایز هاویت لە یەکەمی ئایاری ساڵی ١٧٧٦ دا ئەرکەکەی خۆی بە کۆتا هێنا (مەبەستی نووسەر لە (کەنشتی ئەهریمەن) و ڕێبازی ئەهریمەنی ئەو جوولەکانەن بە ئامانجی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکەیان لەسەر داروپەردووی جیهانی وێرانکراودا پیلان بۆ وێرانکردنی جیهان دادەڕێژن.

ئەو پیلان و نەخشەیەی وایز هاویت کێشاویەتی ڕووخاندن و وێرانکردنی گشت حکومەت و ئایینەکانی سەر گۆی زەوی دەکاتە پێویستی.

لە ڕێگەی دابەشکردنی گەلانیشەوە دەگەنە ئەو ئامانجە و بە جۆییم ناوی بردووە، ئەم وازەیە واتای میگەلی مرۆیی دەگەیەنێ د جوولەکەکان بە مرۆڤەکانی نێو ئاینەکانی دیکەی دەڵێن، دابەشکردنەکەش بریتییە لە دروستکردنی بەرە و سەربازگەی دژ بەیەك

که تا هەتایە دەکەونە ململانێ و جەنگەوە، جەنگەکانیشیان لەهەنبەر چەند گرفتێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەژادپەرستی و کۆمەڵایەتییە و بەبێ وەستان بەرهەم دەهێندرێ.

نەخشە و پیلانەکە پێویستی بەوە هەیە ئەو بەرە و سەربازگەیانە پرچەك بکرێن، دواتریش لە گشت کاتێکدا ڕووداوێك دروست دەکرێ یان ڕێکدەخرێ، بۆ ئەوەی ئەو سەربازگە و بەرە دژبەیەکانە بکەونە گیانی یەکتر، ئەوجا خودی خۆیان لاواز و بێدەستەڵات دەکەن و حکوومەتە نیشتمانییەکان و دەستگە کۆمەڵایەتی و ئایینەکان وێران دەبن.

وایز هاویت لە ساڵی ١٧٧٦دا کۆمەڵەی نوورانییەکانی دامەزراند بۆ ئەوەی کودەتا و پیلانەکە بخاتە واری کردارییەوە. وشەی نوورانیش گوزارشتێکی ئەهریمەنییانەیە و واتای هەڵگرانی ڕووناکی دەگەیەنێ.

جا بۆئەوەی جیهان بە پیلانە ئەهریمەنییەکە ڕازی بێت، وایز هاویت دەستی بە درۆیان کرد، بانگەشەی دەکرد و دەیگوت ئامانجی گەیشتنە بە تاکە حکوومەتێکی جیهانی و لە خاوەن توانا بێهاوتایەکانی ئەقڵی و هزری پێکدێت.. بەمەیش توانی زیاتر لە دوو هەزار کەس لە کەسە هەرە سەرکەوتووەکانی چەندان بوار و کایەی هەمەجۆر بۆ خۆی ڕابکێشێ.

دوای ئەمە، وایز هاویت ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵاتی دامەزراند بۆ ئەوەی وەك مەڵبەند و سەنتەری سەرکردایەتیی نهێنیی ئەندازیارانی جێبەجێکردنی پیلان و نەخشە نوێیەکە دەست بەکار بێت.

پیلانەکەی وایز هاویت و شوێنکەوتەکانی پێویستی بەوە بوو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەپێی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە کار بکەن:

-بەکارهێنانی بەرتیل و پارە و سێکس، بۆ وەدیهێنانی کۆنترۆل و بەرزەفتکردنی کشت ئـ ر کەسانەی لە جۆرەها لایەن و لەنێو گشت حکوومەتـەکان و جۆرەهـا بـواری چالاکیی مرۆییدا، پۆسـت وپێگـەی هەستیاریان هەیە.

کاتێکیش یەکێك دەکەوێتە تەڵەی نوورانییەکانەوە، هەردەبێ لە کارکردن لەپێناو ئەواندا خۆی بەفیڕۆ بدات، نوورانییەکان لە ڕێگەی هەڕەشـە و زۆرەملێـی سیاسـی، یـان هەڕەشـەکردن بـە وێرانکردنـی ئـابووری ئـەو گوشـارە دروست دەکـەن، یـانیش وای لێ دەکـەن ببێتـە قوربـانیی ئابڕووچـوونێکی گـەورە و گشـتی، یـانیش بـە ئـازاردانی جەستەیی و تەنانەت مردنی خۆی و ئەندامانی خانەوادەکەی هـەڕەشە دەکەن.

-ئـەو نوورانییانـەی لـە زانکـۆ و پەیمانگـە زانسـتییەکاندا وەك مامۆستا کـار دەکـەن، لەسـەریان پێویسـتە گرنگـی بـەو خوێندکارانـە بدەن کەوا لە ڕووی ئەقڵییەوە بالآن و سەر بە خانەوادە مەزنەکانن، بۆ ئەوەی حەز و خولیای هەنبەر نێونەتەوەییبوونی جیهانییان لە مێشکدا بچێنن ، هـەروەها دواتـریش بـە فەراهـەمکردنی چـەند کورسـییەکی خوێندنی تایبەت لەسەر بنەمایەکانی ڕێبازی جیهانی ڕابهێندرێن.

ئـەمجۆرە خوێندکارانـە بیرۆکـەی نێونەتـەوەیی یـان جیهانییـان دەخرێتە مێشکەوە، تـا دەگاتـە ئـەو ئاستـەی پەسـندی دەکـەن و لـە مێشـکیاندا دەچەسـپێ و دێنـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی پێکهێنـانی یـەك حکوومەتی جیهانی لە سەرانسەری جیهاندا تاکە ڕێگەی دەربازبوونە لە جەنگ و کارەساتە یەك لە دوای یەکەکان.

هەروەها دەبێ ئەو باوەڕیان لەلا دروست بکرێ کە خاوەنی بەهرە و توانای تایبەتی ئەقڵی، مافیان هەیە ئەو کەسانە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە کە کارامەیی و زیرەکییان لەوان کەمترە، چونکە جوییم نازانن چ شتێك لە ڕووی جەستەیی و ئەقڵی و ڕووحییەوە لە بەرژەوەندییاندایە.

ئەمڕۆ لە جیهاندا سێ قوتابخانەی تایبەت بەمە هەن.. یەکەمیان دەکەوێتە شارۆچکەی گوردنستۆنی ئیسکۆتلەندا، دووەمیش دەکەوێتە شارۆچکەی سالمی ئەڵمانیا و سێیەمیش لە ئانافریتای یۆنانیدایە.

میر فیلیپی مێردی ئەلیزابێسی دووەمی شاژنی ئینگلترا لە گوردنستۆن خوێندوویەتی، لۆرد لویس ماونتباتنی مامی ئەم دەرفەتەی خوێندنی بۆ دەڕەخسێنێ، خودی لۆرد لویس لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا بووە سەرکردەی باڵای دەریاوانیی بریتانی.

– ئەرکی کەسییەتییە خاوەن دەستەهەڵات و هەژموونەکانی دەکەونە نێو تەڵەی نوورانییەکانەوە، هەروەها ئەو خوێندکارانەی مەشقی تایبەتیان پێکراوە، ئەوەیە وەك بەکرێگیراوی پشت پەردە بەکاربهێندرێن، دوای ئەوەی لە شوێنی هەستیاری نێو گشت حکوومەتەکان وەك کەسانی شارەزا و پسپۆڕ دادەمەزرێن، بەشێوەیەك بتوانن ئامۆژگاری پێشکێشی گەورە پیاوانی نێو دەوڵەتەکان بکەن و لەسەر گرتنەبەری چەند سیاسەتێك ڕایانبهێنن لە دوور مەودادا خزمەتی نەخشە و پیلانە نهێنییەکانی ڕێکخراوی تاکە جیهان بکات و گەیشتن بە قۆناغی وێرانکردنی یەکجارەکیی گشت ئاین و حکوومەتێك بهێنێتە کایەوە.

- کـۆنترۆلکردنی ڕۆژنامەگـەری و گشـت ئۆرگـان و کـەناڵ و ئێستگەکانی ڕاگەیاندن و دواتریش پێشکێشکردنی هەواڵ و زانیاری بە جوییم بەشێوەیەك ئـەو باوەڕەیـان لـە مێشکدا دروسـت بکـات کـە پێکهێنـانی تاکـە یـەك حکوومـەتی نێونەتـەوەیی تـەنیا ڕێگـەی چارەسەرکردنی گرفتە هەمەجۆرەکانی جیهانە.

بەڵام چۆن ئـەم پیلانـە ئەهریمەنییـە سـەر دەگرێ و سـەرکەوتن وەدەستدەهێنێ لە کاتێکدا دوو هێزی مەزنی وەك ئینگلترا و فەڕەنسا لە جیهاندا هەن؟

لێرەوە وایز هاوپت لەپێناو وێرانکردنی هـەردوو ئیمپراتـۆر یـانیش هەر هیچ نەبێت شەکەت و لاوازکردنیان، بیری لە حەتمییـەتی کـارکردن کردەوە.

وایز هاوپت فەرمانـەکانی بـۆ کۆمەڵـەی نوورانییـەکان دەرکرد بۆ ئەوەی ئاگری جەنگە ئیستعمارییەکان خۆش بکەن و لە هەمان کاتیشدا بریتانیـا و ئیمپراتۆرەکـەی بەتـەواوی شـەکەت و دەستەپاچـە بـبن، دواتریش بـۆ شـەکەتکردنی فەڕەنسـا شۆڕشـێك ڕێکبخـەن... ئەمەشیان هێنایەدی، چونکە دوای ساڵی ١٧٨٩ شۆڕشی فەڕەنسا هەڵگیرسا.

نووسەرێکی ئـەڵمانی بـەناوی (سفاك) دەقـە پاکنووسـکراوەکەی کودەتا و پیلانگێڕییە کۆنەکەی (پرۆتۆکۆلەکانی سەرانی زایۆنیزم)ی لە پەڕتووکێکـدا دانـاو ناونیشـانی(تاکە دەستنووسـی ڕەسـەن)ی بـۆ هەڵبژارد.

لـە سـاڵی ١٧٨٤دا دانەیـەکی ئـەم بەڵگەنامەیـە بـۆ کۆمەڵـەی نوورانییـەکان نـاردرا، واتـا بـۆ ئـەو کەسـانەی وایـز هاوپـت ڕەوانـەی فەڕەنسـای کردبـوون لەوێـدا ئـاگری شـۆڕش خـۆش بکـەن.. بـەڵام

نامەبەرەکە لە شارۆچکەی ڕاتسبۆن و لە ڕێگەی فرانکفۆرت بەرەو پاریس هەورەتریشقەیەك لێی دەدات و دەیکوژێ، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی بەڵگەنامە وێرانکارەکە بکەوێتە دەست پیاوانی ئاسایش لەو کاتەی تەرمەکەیان دەپشکنی، ئەوانیش بەڵگەنامەکانیان دایە دەست دەستهەڵاتە پێوەندیدارەکانی حکوومەتی باڤاریا.

دوای ئەوەی حکوومەتی باڤاریا بەوردی بەڵگەنامەی کودەتایەکەی خوێندەوە، فەرمانی بە پیاوانی ئاسایش کرد هەڵکوتنە سەر ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵات و داگیری بکەن و بچنە سەر ماڵی ژمارەیەك هاوبەشی وایز هاوبت کەوا کەسییەتیی زۆر بە دەستهەڵات و هەژموونداربوون، یەکێك لەو شوێنانە کۆشکی بارۆن باسۆس بوو لە سندسدۆرف.

چەند بەڵگەیەکی دیکەش لە کاتی هێرشەکاندا کەوتنە دەست و حکوومەتی باڤاریایان هێنایە سەر ئەو باوەڕەی بەڵگەنامەکە دەقی ڕەسەن و سەرەکیی نەخشە و کودەتایەکە و لەلایەن ئەو (کەنشتە ئەهریمەنییەوە) کێشراوە کەوا کۆمەڵەی نوورانییەکانی بەرزەفت کردووە.

لە کۆتاییشدا و لە ساڵی ۱۷۸۵ حکوومەتی باڤاریا ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵاتی داخست و کۆمەڵەی نوورانییەکانیشی بە پێشێلکارانی یاسا لەقەڵەم دا.

دەستهەڵاتەکانی باڤاریا لە ساڵی ۱۷۸٦دا وردەکارییەکانی کودەتا و پیلانگێڕییەکەیان بەناونیشانی ((نووسراوە ئەسڵییەکانی سیستم و ڕێبازی نوورانییەکان)) بڵاو کردەوە... هەروەها چەند دانەیەکیشیان بۆ گەورە پیاوانی دەوڵەت و کەنیسەش نارد.. بەڵام

دزەکردنی نوورانییەکان و دەستهەڵاتەکانیان هێندە بەهێز بوو، ئەم هۆشدارییە پشتگوێ خرا، هەروەك چۆن پێشتریش هۆشدارییەکانی مەسیح پشتگوێ خران.

لەو کاتییەوە چالاکییەکانی نوورانییەکان بەشێوەی نهێنی بەڕێوە دەچوون، وایزهاوبت ڕێنماییەکانی خۆی بۆ شوێنکەوتەکانی دەرکرد بەوەی دزە بکەنە نێو ڕیز و ئەنجوومەنەکانی کۆمەڵەی شینی ماسۆنی و پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی دیکەی نهێنی لەنێو جەرگەی ڕێکخستنە نهێنییەکاندا کردە ئەرك و فەرمان.

ڕێگە بە هیچ کەسێکیش نەدرا بچنە نێو ڕیز و ڕێبازی نوورانییەکانەوە تەنیا ئەو ماسۆنییانە نەبن کە باوەڕبوونیان بە نێونەتەوەییبوون سەلماند و لە ڕەفتارەکانیاندا دوورکەوتنەوە لە خودا دەبیندرا.

نوورانییەکان بەمشێوەیە دەمامکی مرۆڤایەتییان بۆ داپۆشینی ئەو چالاکییە وێرانکەرانە بەکارهێنا کە لە گشت ئایین و ڕێورەسمێکی ئاسمانی بەدوورن.

کاتێکش خەریکی خۆئامادەکردن بوون دزە بکەنە نێو ئەنجوومەنی ماسۆنییەکانی بریتانیا، داوایەکیان ئاراستەی جۆن ڕۆبنسۆن کرد سەردانی وڵاتانی ئەورووپا بکات.

ڕۆبنسۆن یەکێك بوو لە گەورە ماسۆنییەکانی ئسکۆتلەندا و لە زانکۆی ئەدنبرە مامۆستای فەلسەفەی سرووشتی و ئەمینداری نهێنیی کۆمەڵەی پاشاتیش بوو.

بەلام فێڵەکەیان بەسەر ڕۆبنسۆندا تێنەپەڕی، باوەڕی بەوەش نەکرد ئەو ئامانجەی جیهانخوازەکان دەیانەوێ پێی بگەن دامەزراندنی دکتاتۆریەتێکی نەرم و خۆشەویست و میانڕەو بێت.

لەگەڵ ئەمەیشدا، ڕۆبنسۆن بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆی ئاشکرا نەکرد، بەلکو لەنێو دڵی خۆیدا بە نهێنی هێشتنییەوە... نوورانییەکان دانەیەکی پاکنووسکراوی نەخشەی کودەتایەکەی وایزهاوپتیان دایە دەستی بۆ ئەوەی شرۆڤەی بکات و بیپارێزێ.

لە ساڵی ١٧٨٩دا شۆڕش لە فەرەنسادا هەلگیرسا، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشەکەش بریتی بوون لە ملکەچی نواندنی پیاوانی دەوڵەت و کەنیسە لەهەنبەر ئەو ئامۆژگارییەی ئاراستەیان کرابوو تاکو ئەو هۆشدارییانە پشتگوێ بخەن کەوا ئاراستەیان کرابوو.

جا بۆ ئەوەی ڕۆبنسۆن حکوومەتەکانی دیکە لە مەترسیی نوورانییەکان ئاگادار بکاتەوە، لە ساڵی ١٧٩٨دا دەستی بە نووسینی پەڕتووکێك کرد و ناوی لێنا (بەلگەی هەبوونی کودەتایەك بۆ وێرانکردنی گشت حکوومەت و ئایینێك).. بەلام ئەم هۆشدارییەش هەروەك ئەوانەی پێشوو پشتگوێ خرا!.

لەو کاتیدا تۆماس جیفرسۆن ببووە قوتابییەکی وایزهاوپت و سەرسەختترین بەریگریکاری ناوبراو، لەو کاتیشدا حکوومەتی ولاتەکەی وایزهاوپتی بە پێشێلکاری یاسا لە قەڵەم دا.. ئەوجا نوورانییەکان لە ڕێگەی جیفرسۆنەوە توانیان دزە بکەنە نێو ئەنجوومەنی تازە لەدایکبووی ئەو کاتی ماسۆنییەکانی نێو ئینگلترای نوێ.

هەرچەندە پێم وایە ئەم زانیارییانە زۆرێک لە ئەمریکییەکان دەحەپەسێنێ و دووچاری هێدمەیان دەکات، بەڵام حەزم لێیە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە تۆمار بکەم:

جۆن ڕۆبنسۆن لە ساڵی ۱۷۸۹دا سەبارەت بە دزەکردنی کۆمەڵەی نوورانییەکانی بۆ نێو ئەنجوومەنەکانیان هۆشداری دایە ڕێبەرانی ماسۆنی.

داڤید باینی سەرۆکی زانکۆی هارفاردیش لە نۆزدەی تەمووزی ساڵی ۱۷۹۸دا هەمان هۆشداری بەگوێی خوێندکارانی دەرچوودا چرپاند و بۆی ڕوونکردنەوە هەژموونی گەشەسەندووی نوورانییەکان لە نێوەندە سیاسی و ئایینییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا شتێکی بەڵگەنەویستە.

جۆن کوینسی ئادامز ئەنجوومەنی ماسۆنییەکانی لە ئەمریکا ڕێکخستبوو... لە ساڵی ۱۸۰۰دا بڕیاری دا دژ بە جیفرسۆن خۆی بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار بپاڵێوی، بۆیێ سێ نامەی بۆ کۆلۆنێل ویلیام ستوون نارد و تیایاندا باسی ئەوەی کردبوو چۆن جیفرسۆن بە چەند ئامانجێکی وێرانکارانە ئەنجوومەنی ماسۆنییەکانی بەکارهێناوە.

ئەوەی ڕاستی و دروستیی نێوەڕۆکی ئەم نامانەش دەسەلمێنێ، سەرکەوتنی جۆن کوینسی ئادامز بوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا.. تا ئێستەیش ئەم نامانە لە پەڕتووکخانەی ڕیتنبۆرگ سکوێر لە شاری فیلادلفیا پارێزراون.

ویلیما مۆرجان لە ساڵی ۱۸۲٦دا دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەرکەکەی بەسەریدا دەسەپێنێ ڕاستیی نوورانییەکان و پیلانگێڕی و

نەخشە نهێنییەکانیان و دوا ئامانجیان بە ماسۆنییەکانی دیکە و ڕای گشتی ڕابگەیەنێ.

نوورانییەکانیش دەستەوەستان نەبوون و کەسێکی خۆیان بەناوی ڕیچارد هوارد ڕاسپارد حوکمی کوشتن وەك ناپاکێك بەسەر مۆرجاندا پێڕەو بکات.

کاپتن مۆرجان لە مەترسییەکە ئاگادارکرایەوە، بۆیێ هەوڵی دا بچێتە کەنەدا، بەڵام هوارد لە نزیك سنوور دەستی پێی ڕادەگات و لە نزیك دۆڵی نیاگرا تیرۆری دەکات.

لێکۆڵینەوەکان کەسێکی نیویۆرکییان بەناوی ئافیری ئەلێن دۆزییەوە سوێندی خواردبوو گوێی لە هوارد بووە لەنێو کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەیەکی نهێنی لە نیویۆرك بەناوی (سوارچاکانی پەرستگە) ڕاپۆرتێکی خوێندووەتەوە و تیایدا باسی ئەوەی کردووە چۆن حوکمی لەنێو بردنی کاپتن مۆرگانی بەجێهێناوە.

هەروەها تیشك خرابووە سەر ئەوەی چۆن ڕێکارەکانی بەڕێکردنی بکوژەکە بۆ شوێنێکی دوور لە ئینگلترا جێبەجێ کراون.

تەنیا چەند کەسانێك کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، دەزانن ئەو ڕووداوە لەو کاتیدا بووە هۆی ڕق و بێزاری و تووڕەیی نزیکەی ٤٠٪ ماسۆنییەکانی باکووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وازیان لە ماسۆنییەت هێنا.

من نووسراوی نێو کۆبوونەوەیەکی گەورەی ماسۆنییەکانم لەلایە ئەو کات بۆ تاوتوێکردنی ڕووداوەکە بەڕێوەچووبوو.

دەشتوانین وێنای ئاستی هەژموونی جێبەجێکاران و داڕێژەرانی کودەتا و پیلانە ئەهریمەنییەکە بکەین، چونکە توانیویانە ڕووداوی

گـەورە و بەرجەسـتەی لـەمجۆرە لـە پرۆگرامـەکانی خوێنـدنی خوێندنگەکانی ئەمریکادا لابەرن.

نووڕانییـەکان لـە سـاڵی ١٨٢٩دا لـە نیویـۆرك کۆنگرەیـەکیان بەڕێوەبرد، نووڕانییەکی ئینگلیزی بەناوی ڕایت دەستی بە قسان کرد و بە ئامادەبووانی نێـو کۆنگرەکـەی ڕاگەیاند کۆمەڵەکـەیان بڕیاری داوە کۆمەڵـەکانی وەك عەدەمییـەکان و ئەیتەیسـتەکان و چـەند بزووتنەوەیەکی دیکەی تێکدەرانە لە یەك ڕێکخراودا بەناوی کۆمۆنیزمدا کۆ بکاتەوە.

ئامانجی ئەو هێزە تێکدەرانەش ڕێخۆشـکردن بـووە بـۆ کۆمەڵـەی نووڕانییەکان بۆ ئەوەی لە ئاگری جەنگ و شۆڕشەکان خۆش بکەن.

کلینتۆن ڕۆزفلتی باپیری فرانکلین ڕۆزفلت و (هۆراس گریلی) و (چـارلز دانـا) بـۆ کۆکردنـەوەی پـارە لـەپێناو ئـەم پرۆژەیـە نوێیـەدا ڕاسپێردران.

پارەی کۆکراوەی تایبەت بەم پرۆژەیەش درایە هەریەکە لە (کارل مـارکس) و (ئـەنجلس) کاتێـك پـەڕتووکی سـەرمایە و مانیفێسـتی کۆمۆنیزمیـان لـە گـەڕەکی سـوهۆفیی لەنـدەنی پایتـەختی ئینگلیـزدا نووسی.

وایز هاوبت دوای ئەوەی بانگەشەی دەکرد نووڕانییەت بـە مردنی خۆی دەمرێ، لە ساڵی ١٨٣٠دا مرد، جا بۆ ئـەوەی فێـڵ لـە ڕاوێژکارە ڕووحانییـەکانی بکـات، وەهـا خـۆی نیشـان دەدا تۆبـەی کـردووە و گەڕاوەتەوە نێو باوەشی کەنیسە.

بەمشـێوەیە لـەو کاتـەی کـارل مـارکس لـەژێر سەرپەرشـتیی نووڕانییەکانـدا مانیفێسـتی کۆمـۆنیزمی نووسـی، پرۆفیسـۆر (کـارل

ڕیتەر)یش لە زانکۆی فرانکفۆرت بیردۆزێکی دژ بە کۆمۆنیزمی ئامادە دەکرد، ئەویش هەر لەژێر سەرپەرشتیی کۆمەڵەیەکی دیکەی سەر بە نوورانییەکاندا بوو، بەشێوەیەك سەرانی کودەتا و پیلانگێڕییە جیهانییەکە بتوانن هەردوو بیردۆز بۆ لەیەککردنی نەتەوە و گەلان بەکاربێنن، بەشێوەیەك مرۆڤەکان تیایدا ببنە دوو بەرەی دژ بەیەك، دواتریش هەردوو بەرە پڕ چەك بکرێن و هان بدرێن شەڕی یەکتری بکەن و یەکتری لەنێو ببەن و دەستگە ئایینی و سیاسییەکانی هەردوو بەرەش بەتەواوی لەنێو بچێت.

ئەو کارەی ڕیتەر دەستی پێکردبوو، لەلایەن فریدریك نیچەی ئەڵمانییەوە تەواوکرا و ڕێبازێکی بەناوبانگی بەناوی خۆی دانا واتا (نیچەیزم)

ئەم ڕێبازەش بناغەی بنیادنان و پەیدابوونی ڕێبازی نازیزم بوو.

هەر ئەم ڕێبازانەش بوون زەمینەیان بۆ بەکرێگیراوانی نوورانی فەراهەم کرد هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی هەڵگیرسێنن.

نوورانییەکان لەساڵی ١٨٣٤دا جیۆسیبی مازینیی ڕێبەری شۆڕشگێڕی ئیتاڵیایان وەك بەڕێوەبەری بەرنامەکانی نانەوەی ئاشووب لە جیهاندا هەڵبژارد.. مازینی تا ئەو کاتەی لە ساڵێ ١٨٧٢دا مرد، ئەو پۆستەی هەر لێ نەسەندرایەوە.

لە ساڵی ١٨٤٠ جەنەڕاڵێکی ئەمریکیان بەناوی بابك ناردە لای، بەڵام هێندەی نەبرد بابکیش کەوتە ژێر کاریگەری و هەژموونی مازینییەوە.

ئەو کات جەنەڕاڵ بابك زۆر تووڕە و ڕەنجاو بوو، چونکە سەرۆك جیفرسۆندافیس هێزە هیندییەکانی نێو سوپای ڕەوانەی ماڵەوە

کردبوویەوە کە لەژێر سەرکردایەتیی جەنەڕاڵ بابکدا بوون، چونکە ئەو هێزانە لەژێر دەمامکی ڕەفتاری ئاسایی نێو جەنگ کاری دڕندانەیان کردبوو.

جەنەڕاڵ بابك بیرۆکەی تاکە حکوومەتی جیهانیی پەسند کردبوو، تەنانەت دواتر بووە سەرۆکی کەهنووتیی کودەتایە ئەهریمەنییەکە... لە ماوەی نێوان سالانی ١٨٥٩-١٨٧١ لەپێناو دانانی نەخشە و پیلانێکی سەربازی بۆ هەلگیرساندنی هەرسێ جەنگی جیهانی و شۆڕشە مەزنەکان قۆڵی لێ هەڵماڵیبوو، پێشی وابوو هەرهەموویان لە سەدەی بیستەمدا دەبنە هۆی ئەوەی کودەتا و پیلانەکە بگەنە دوا قۆناغی خۆیان.

جەنەڕاڵ بابك لە ساڵی ١٨٤٠ زۆربەی کارەکانی خۆی لە کۆشکەکەی خۆیدا لە شارۆچکەی لیتل ڕۆکی ویلایەتی ئەرکانساسدا بەڕێوەدەبرد.

کاتێك نوورانییەکان و ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلات بەهۆی چالاکییە بەرفراوانە شۆڕشگێڕییەکەی مازینی لەنێو ئەورووپادا گومانیان کەوتە سەر و کەوتنە ژێر پرسیارەوە، جەنەڕال بابك ڕاسپێردرا لەسەر بنەمای نوێ ئەنجوومەنی ماسۆنییەکان نوێ بکاتەوە و ڕێکیان بخاتەوە،ناوبراو سێ ئەنجوومەنی بالای دامەزراند و ناوی لێنان بالادیە، یەکەمیان لە چارلستۆنی ویلایەتی کارۆلینای باشووری ئەمریکا و دووەمیش لە ڕۆما و سێیەمیش لە بەرلین بوو.

هەروەها ئەرکی دامەزراندنی بیست و سێ ئەنجوومەنی لاوەکی سەر بەو ئەنجوومەنە سەرەکییانە خرایە ئەستۆی، ئەو بیست و سێ ئەنجوومەنە لاوەکییەش دابەش ببوونە سەر شوێن و مەڵبەندە

ستراتیژەکانی سەرانسەری جیهان... ئەو ئەنجوومەنانەش لەو کاتیدا و تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت بارەگەی سەرکردایەتیی گشتیی نهێنیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جیهانین.

ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی مارکۆنی باس لە داهێنانە بێتەلەکەی خۆی (ڕادیۆ) بکات، زانایانی نوورانی توانیبوویان چەند پێوەندییەکی نهێنی لەنێوان بابك و سەرۆکەکانی ئەو ئەنجوومەنانە ڕێکبخەن.

ئاشکراکردنی ئەم نهێنییەش وای لە ئەفسەرانی هەواڵگری کرد درك بەوە بکەن چەند ڕووداوێك کە بەڕووکەش هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ یەکتریدا نییە لە شوێنی جیاجیای جیهاندا و لە یەك کاتدا ڕوودەدەن و دواتر چەند هەلومەرج و دۆخێکی مەترسیدار دەهێننە ئاراوە و دوای ماوەیەك دەگۆڕێن و دەبنە جەنگ و شۆڕش.

نەخشە و پیلانەکەی جەنەڕاڵ بابك چەندە سادە بوو هێندەش کارا بوو... پیلانەکە ئەوەی کردبووە پێویستی هەرسێ بزووتنەوە جیهانییەکە ڕێکبخات: مەبەست لە کۆمۆنیزم و نازیزم و زایۆنیزمی سیاسی و چەندان بزووتنەوەی دیکەی جیهانییە، دواتریش بۆ خۆشکردنی ئاگری هەرسێ جەنگی جیهانی و هەرسێ شۆڕش بەکاربهێندرێن.

ئامانج لە هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕەخساندنی دەرفەت و زەمینەسازی بوو بۆ نوورانییەکان تاکوو دەستهەڵاتی قەیسەرەکانی ڕووسیا بڕووخێنن و ناوچەکە بکەنە پێگەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئەیتەیست (الملحد). بە سوود وەرگرتنیش لە ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریای بریتانی و ئەڵمانی زەمینەسازی بۆ ئەو جەنگە کرا کە لە بنەڕەتەوە بەکرێگیراوانی

نـوورانی لـەو دوو دەوڵەتـەدا هەڵیانگیرسـاند... دوای کۆتـایی هـاتنی جەنگەکەش کۆمۆنیزم وەك ڕێبازێك بنیادنرا و بۆ تێکدان و وێرانکردنی دەوڵەتەکانی دیکە و ئایینەکان بەکارهێندرا.

بـەڵام زەمینەسـازی بـۆ هەڵگیرسـانی جـەنگی دووەمـی جیهـانی بـەهۆی نـاکۆکیی نێـوان فاشیسـتـەکان و بزووتنـەوەی زایـۆنیزمی جیهانییەوە ڕەخسێندرا.

پیلانە داڕێژراوەکـەی ئـەو جەنگـەش وەهـا بـوو بـە وێرانکـردن و ڕووخاندنی نازیزم و زیاترکردنی دەستهەڵاتی زایۆنیزمی سیاسی کۆتایی بێت، بـۆ ئـەوەی زایـۆنیزم بتـوانێ لـە فەڵەستیندا دەوڵـەتی ئیسـرائیل دامەزرێنێ.

ئامانجەکانی پشت پاڵپشـتیکردنی کۆمـۆنیزم ئـەوەبوو هێزەکـەی لەهەنبەر کۆی هێزەکانی جیهانی مەسیحیدا بکاتـە قۆنـاغی بەرابـەری، دواتریش هەر لە هەمان سنووردا بوەستێندرێ، بـۆ ئـەوەی دەست بە قۆنـاغێکی دیکـە بکـات، ئـەویش زەمینەسـازییە بـۆ دوا مەرگەسـاتی مرۆیی.

پـیلان و نەخشـەی جـەنگی سـێیەمی جیهـانیش وەهایـە دەبـێ بـەهۆی ئـەو ململانێیـەوە هەڵگیرسـێ کـەوا نوورانییـەکان لـەنێوان زایـۆنیزمی سیاسـی و سـەرکردەکانی جیهـانی ئیسـلامی دەیـوروژێنن، دەبێ ئەو جەنگەش بەشێوەیەك بەڕێوەببرێت و ئاراستە بکرێ، ئیسلام و زایۆنیزمی سیاسی یەکتری لـەنێو ببـەن، لـە هـەمان کاتیشـدا گـەلانی دیکە یەخەی یەکتری بگرن و بکەونە نێو جەنگەوە، تـا دەگاتـە دۆخـی شەکەتبوونێکی تەواوی جەستەیی و ئەقڵی و ڕووحی و ئابووری.

جەنەڕاڵ بابك لە ١٠ ئابی ساڵی ١٨٧١دا بە مازینی ڕادەگەیەنێ ئەوانەی بەرتەمایی ئەوەیان هەیە بگەنە دەستهەڵات و کۆنترۆڵکردنی ڕەمای جیهان، لە دوای جەنگی سێیەمی جیهانی دەبنە سەبەبکاری مەترسیدارترین و گەورەترین کارەساتی کۆمەڵایەتی کە مێژوو بەخۆیەوەی دیبێ.. ئەمەی خوارەوەش دەقی چەند ڕستەیەکە و لە نامەکەی نێو مۆزەخانەی بریتانی لە لەندەن پارێزراوە:

((جڵەوی بزووتنەوە ئەیتەیستەکان و عەدەمییە تێکدەرەکان بەردەدەین، هەروەها کار بۆ ڕوودانی مەرگەسات و تراژیدیایەکی گشتیی مرۆیی دەکەین کە قێزەونیی خوانەناسیی ڕەها بکەوێتە بەرچاوی گشت گەلێك، هەروەها سەرچاوەی دڕندەیی و مەرەگەساتێکی هەژێنەری خوێناوی تیادا دەبینن.. ئەوسا هاووڵاتیانی گشت نەتەوەیەك لەهەنبەر ئەو کەمینەیەی بانگەشەی شۆڕشێکی جیهانی دەکەن، هەست دەکەن ناچارن بەرگری لە خۆیان بکەن، بۆیێ ڕادەبن تاکوو تاکەکەسە وێرانکەرەکانی شارستانییەت لەنێو ببەن... هەروەها جەماوەری مەسیحیش لەو کاتیدا بۆی ڕوون دەبێتەوە بیر و هزرە لاهووتییەکەی سەرگەردان و بێمانا بووە، ئەو جەماوەرەش تینوو و هەڵوەدای نموونەیەك دەبێت بەرەو پەرستشێك ئاراستەی بکات.. ئەوسا لە باوەڕێکی بێگەردی شەیتانیەوە ڕۆشنایی و نوورێکی بێگەردی بۆ دێت و دەبێتە دیاردەیەکی جیهانی و بەهۆی کاردانەوەی گشتیی جەماوەر و دوای وێرانبوونی هاوکاتانەی مەسیحییەت و ئەیتەیستی دێتەکایەوە !

کاتێکیش مازینی لە ساڵی ١٨٧٢ مرد، بابك ڕێبەرێكی دیكەی شۆڕشگێڕی ئیتاڵی بەناوی ئەدریانۆ لیمی وەك جێنشینی مازینی دەستنیشان کرد.

کاتێکیش لیمی مرد، لینین و ترۆتسکی جێگەیان گرتەوە، پشتگیریی مادیی چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانی هەموو ئەو کەسانەیش لەلایەن خاوەنانی بانکە جیهانییەکانی بریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەمریکاوە دەستەبەر دەکرا.. لێرەدا لەسەر خوێنەر پێویستە ئەوەی بیر بێتەوە خاوەنی بانکە جیهانییەکان لەمرۆژگارەدا – هەروەك پارە گۆڕەرەوەکان و سووخۆرانی سەردەمی مەسیح– بەکرێگیراو و ئامرازی دەستی نوورانییەکانن.

ئەو بیرۆکەیە ئاخنراوەتە ڕووح و مێشکی جەماوەرەوە کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەکی کرێکارییە و لەپێناو بەرگریکردن لە مافی کرێکاران و وێرانکردنی سەرمایەداری دامەزراوە.. ئەم پەرتووکە – جیهان.. گەمەی دەستی ئیسرائیله– هەروەها پەرتووکی تەمێکی سوور لەسەر ئەمریکایە– دەری دەخەن ئەفسەرانی هەواڵگری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا چەند بەڵگە و دیکۆمێنتێکی دروستیان دەستکەوتووە، دەیسەلمێنن سەرمایەدارانی جیهانی هەر لە ساڵی ١٧٧٦ بەهۆی بانکە نێودەوڵەتییەکانیانەوە پارە و خەرجیی گشت جەنگ و شۆڕشێکیان دابین کردووە.

شوێنکەوتەکانی (کەنشتی ئەهریمەتی) لە سەردەمی ئێمەدا حکوومەتەکانمان ئاراستە دەکەن و ناچاریان دەکەن بچنە نێو جەنگ و شۆڕشەکانەوە، لەمەیشدا نەخشە و پیلانەکەی جەنەراڵ بابك جێبەجێ

دەکەن کە ئامانجی تێوەگلاندنی جیهانی مەسیحییە لە جەنگێکی سەرانسەری و لەسەر ئاستی نەتەوە و تەواوی جیهاندا.

چەندان بەڵگەنامە هەن بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دەیسەلمێنن بابەک خۆی وەک وایزهاوپت لە سەردەمی خۆی، سەرۆکی ڕووحیی سیستمی کەهنووتیی شەیتانی بووە.

جگە لەو نامەیەی مازینی لە ساڵی ١٨٧١ دا نووسیویەتی، نامەیەکی دیکە کەوتووەتە دەستی کەسانی نامۆوە و لە ڕێکەوتی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٨٨٩شدا بۆ سەرۆکانی ئەو ئەنجوومەنە باڵایانەی نووسیوە کە پێشتر پێکی هێناون.. ئەو نامەیەش بۆ ئەوە نووسراوە سەبارەت بە پەرستنی ئیبلیس و ئەهریمەن، بنەمایەکانی باوەڕی شەیتانی ڕاڤە بکات.. لە نامەکەدا هاتووە:

((دەبێ وەها لە جەماوەر بگەیەنین ئێمە باوەڕمان بە خودا هەیە و دەیپەرستین، بەڵام ئەو خودایەی دەیپەرستین خەیاڵی پووچ و وەهم لێمانی دادەبڕێت.. هەروەها دەبێ ئێمە کە گەیشتووینەتە چاودێریی زانیاریی بەرزەوە پاکی و بێگەردیی باوەڕی ئەهریمەنی بپارێزین.. بەڵی شەیتان خودایە.. وەڵی داخەکەم، (ئەدۆنای)ش (ئەمە ئەو ناوەیە شەیتانییەکان بۆ ئەو خوایەی بەکاردێنن کە ئێمە دەیپەرستین) خودایە.. ڕەها تەنیا دەبێ وەک دوو خواوەند بوونی هەبێت!))

بەمشێوەیە باوەڕبوون بە هەبوونی ئیبلیس خۆی لە خۆیدا کوفر و بێدینییە.. بەڵام ئایینی ڕاستین و فەلسەفەی پاك و بێگەرد بریتییە لە باوەڕهێنان بە ئەهریمەن وەك خواوەندێکی هاوتا و هاوشانی ئەدۆنای.. بەڵام ئەهریمەن، کە خواوەندی ڕۆشنایی و خێر و چاکەیە،

لەپێناو مرۆڤایەتیدا دژ بە ئەدۆنای خواوەندی تاریکی و بەدخوازی دەجەنگێ.

نووسراوە پیرۆزەکان تەنیا لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا ناوی ئەهریمەن دەهێنن ئەشعیا:١٤، لۆقا: ١٠. بەلاّم باوەڕی ئەهریمەنی بەشێوەیەکی یەکجارەکی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ ئەهریمەن شۆڕشی لە ئاسماندا بەڕێوەبرد، ئیبلیسیش تۆبەرەی ئەدۆنایە، برای ئەو میخائیلەیە کە کودەتا ئەهریمەنییەکەی لە ئاسماندا پووچەلّ کردەوە... هەروەها ڕێوڕەسمە ئەهریمەنییەکان دەلّێن میخائیل لە کەسایەتیی یەسووعەوە هاتووەتە سەر زەوی بۆ ئەوەی ئەو ڕەفتارە ئاسمانییەکەی لە زەویدا دووبارە بکاتەوە، بەلاّم شکستی هێنا.. جا لەبەرئەوەی ئەهریمەن باوکی درۆ و دەلەسەیە، بەڕوونی بەدیاردەکەوێ هێزە ڕووحییەکانی تاریکی ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانە لە خشتە دەبات کە بانگەشەی ڕۆشنبیری دەکەن بۆ کردنی ئەو کارانەی دەیخوازن، ڕێك هەروەك چۆن لە ئاسماندا کردیان.

ئەو پروپاگەندەیەی ناراستەکارانی کودەتا و پیلانگێڕییە ئەهریمەنییەکان لەنێو جەماوەردا بلاّویان کردەوە، وایکرد ڕای گشتی باوەڕیان وەهابێت دژبەرانی مەسیحییەت هەرهەموویان بێدین و خوانەناس و ئەیتەیست بن.. بەلاّم ڕاستییەکە ئەوەیە ئەمە درۆ و دەلەسەیەکی بە ئەنقەستی ناراستەکراوە، ئامانجیش لێی شاردنەوەی نەخشە و پیلانە نهێنیی کاهینەکانی ڕێبازی ئەهریمەنی بوو، واتا ئەو کەسانەی سەرپەرشتیی (کەنشتی ئەهریمەنی) دەکەن و ناراستەی دەکەن، بەشێوەیەك بتوانن ڕێگە لە مرۆڤایەتی بگرن دەستووری دادپەروەریی خواوەندی لەسەر زەویدا پێڕەو بکەن..ئەو کاهینانە لە

تاریکیدا خەریکی جموجوڵن و بەردەوام لەپشتی پەردەوەن، تەنانەت لە هەنبەر زۆرینەی هەرە زۆری شوێنکەوتە لەخشتەبراوەکانیان پارێزگەری لە نهێنیی کەسییەتی و ئامانجەکانیان دەکەن.. پەڕتووکە پیرۆزەکان پێیان ڕاگەیاندووین نەخشە و پیلانەکانی وەك ئەوەی وایزهاویت و بابك بەڕاستی و بەبێ هیچ گومانێك دادەندرێن و جێبەجێ دەکرێن تا ئەو ڕۆژە دێت هێزە شەڕخوازەکانی ڕووحی دەتوانن گۆی زەوی کۆنترۆڵ بکەن.

ئایەتێکیش پێمان دەڵێ دوای گوزەرکردنی ئەو ڕووداوانەی لێیانەوە دواین، ئەوا ئەهریمەن ماوەی هەزار ساڵ کۆتوبەند دەخرێتە دەست و پێی (لێرەوە ڕوون دەبێتەوە باس و قسەکە سەبارەت بە مەسیحی دەجالە نەك ئیبلیس.. ئەمەیش لۆژیکیترە).

من بانگەشەی ئەوە ناکەم بڵێم دەزانم ئەو ئایەتە چ ماوەیەکی دیاری کردووە یان ئەو ماوەیە بە پێوەرە مرۆڤییەکەی ئێمە چەندە، بەڵام ئەوەی ئێستە بەلامەوە گرنگە ئەوەیە تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە لەو کودەتا و پیلانگێڕییە ئەهریمەنییە لەژێر تیشکی ئەو باسانەی لەنێو پەڕتووکە پیرۆزەکاندا هاتوون، منیان خستووەتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەکرێ ئەهریمەن کۆتوبەند بکرێت و هێزە ئەهریمەنییەکان بەشێوەیەکی خێراتر بخرێنە نێو ئابلۆقەوە، ئەگەر هاتوو ڕاستیی هەبوونی کودەتا و پیلانگێڕییەکی بەردەوامی ئەهریمەنی بڵاوکرایەوە و هەموو خەڵك بە زووترین کات پێی بزانن.

دوور لە دەمەتەقێ و بێژبازی، لەسەر گشت مەسیحییەك پێویستە بزانێ دوو هێزی سەرئاسا هەن، یەکەمیان خودایە و لە تەوراتدا بە چەندان ناو هاتووەتە بەرباس، دووەمیش ئەهریمەنە و چەندان ناوی

هـەن.. ئـەوەی گرنگیشـە لێـی بـدوێین، ئەوەیـە بـەپێی پەیامـە سرووشییەکانەوە، ڕۆژی حەشر و حیسابیش هەیە.

ئیبلیسیش ئەو کۆتوبەندە تێکدەشکێنێ کە ماوەی هەزار ساڵ لە دەست و پێی کراوە و سـەرلەنوێ دەگەڕێتـەوە بۆ ئـەوەی ئاشووب و هـەراوزەنا لەسـەر زەویـدا هەڵگیرسـێنێ.. خـوداش دوای ئەمـە لەتـەك دەستەبژێرێك دێتـە نێـو مەسـەلەکە و بـەرخ و بزنـەکان لەیەکتری جیا دەکاتـەوە.. دەشـزانین ئەوانـەی پشـت لـە لایـەنگریی خـودا دەکـەن ئەهریمەن یان ئیبلیس دەبێتـە حوکمڕانیـان و ئاشـووب و هـەراوزەنا و بێسـەروبەرییەکی تاهـەتایی دەخاتـە نێویانـەوە، تەنانـەت ڕقیـان لـە سەروەر و سەرۆکەکانیان دەبێتەوە و لەهەنبەر یەکتریشدا ڕق وکینە لە دڵ دەگرن، چونکێ بۆیان ڕوون دەبێتەوە بە دوورکەوتنەوەیان لە خودا لەخشـتە بـراون و تاهەتایـە خۆشەویسـتی و هاوڕێیـەتیی خودایـان لەدەست داوە.

نیافـە کاردینـاڵ کـارۆ دودڕیگـزی ئەسـقەفی شـاری سـانتیاگۆی پایتەختی چیلی لە ساڵی ١٩٥٢دا پەڕتووکێکی بـەناوی (لادانی پەچە لەسەر نهێنیی ماسۆنییەت) بلاّوکردەوە، تیایدا ڕوونی کردبوویەوە چۆن نوورانییەکان و شـوێنکەوتەکانی ئەهریمـەن و ئیبلـیس لـەنێو جەرگـەی کۆمەڵەیەکی دیکەی نهێنیدا کۆمەڵەیەکی نهێنییان دروستکردووە... لە پەڕتووکەکەیـــدا ژمارەیـــەکی زۆر بەڵگەنامـــەی یەکلاکـــەرەوەی بلاّوکردبوویەوە و سەلماندبووی تەنانەت سـەرانی ماسـۆنییەتیش، واتا ماسۆنییە پلە ٣٢ و ٣٣ یەکان، نازانن چـی لـە ئەنجوومەنـە مەزنـەکانی خۆرهـەلاّت و ئـەو ئەنجوومەنـە نوێیانـەدا دەگـوزەرێ کـەوا بابـك دایمەزرانـدبوون، واتـا ئەنجوومەنـەکانی سرووشـە بالادییـەکان د

ئەنجوومەنە تایبەتەکانی سەربەو ئەنجوومەنە، تیایدا مەشق بە ژنانی ئەندامی ئەندامی کودەتا و پیلانگێڕییە جیهانییەکە دەکرا و چەند نهێنییەکیان پێ دەگوترا.. کاردینالی ناوبراو لە لاپەڕە ١٠٨ی پەڕتووکەکەیدا مارجیۆتای وەك سەرچاوەی متمانە هێناوەتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ بەر لەوەی لیمی بابك وەك جێنشینی مازینی و ئاراستەکاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانی هەڵبژێرێ، یەکێك بووە لە شوێنکەوتە زۆر پابەند و توندڕۆیەکانی ئیبلیس.

ئەخشە و پیلانەکەی وایزهاوبت پێویستی بەم شتانەی خوارەوە هەیە:

- نەهێشتنی سەرجەم حکوومەتە نیشتمانییەکان.
- ڕەتکردنەوەی بنەمای میرات.
- ڕەتکردنەوەی موڵکییەتی تایبەتی.
- نەهێشتنی هەستی نیشتمانی.
- نەهێشتنی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونی تاکەکەسی و ژیانی خانەوادەیی و ڕەتکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی پێی وایە ژیانی خانەوادەیی ناوك و چەقێکە و شارستانییەتی لە چوار دەوریدا بنیاد دەنرێ.
- ڕەتکردنەوە و نەهێشتنی گشت ئایینەکان، وەك زەمینەسازییەك بۆ هەوڵی دانانی باوەڕی ئەهریمەنی لە شوێنیاندا کەوا لە حوکمڕانی و سەپاندنی بەسەر مرۆڤایەتیدا مۆرکێکی ڕەهای هەیە.

بارەگە و مەلبەندی سەرکردایەتیکردنی پیلانگێڕی و کودەتایەکە

بارەگە و مەڵبەندی سەرکردایەتیکردنی پیلانگێڕی و کودەتایەکە تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا بوو، چوونکە خانەوادەی ڕۆچیڵد لەوێ دامەزرا و سەقامگیربوو و ژمارەیەك لەو گەورە دەوڵەمەند و پارەدارانەی جیهانی خستە ژێر دەستهەلآتی خۆی کەوا ویژدانی خۆیان فرۆشتبووە ئەهریمەن.

دواتر کاهینەکانی سیستمی ئەهریمەنی بارەگەی سەرکردایەتیی خۆیان گواستەوە سویسرا، دوای ئەوەی حکوومەتی باڤاریا لە ساڵی ١٧٨٦ پەردەی لەڕوودا هەڵمالین و تا کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لەوێ مانەوە، دواتر چوونە نیویۆرك و بارەگەی سەرکرادیەتییان چووە نێو تەلاری هالڕۆدیرات.. لە نیویۆرکیشدا خانەوادەی ڕۆکفلەر لە بواری کردەکانی پارەدان و فەراهەمکردنی داراییەوە، شوێنی خانەوادەی ڕۆچیڵدیان گرتەوە.

هەرچەندە بڕیارە کۆتاییەکان بەردەوام لە دەستی ئەو ئەنجوومەنە شەڕخوازانەیە کە ئەو ئەهریمەنانە دەبزوێنێ، ئەوا ئەم دەروازەیە بەچەند بەشێکی وانەیەك بە کۆتادێنم، وانەکە یەکێك لە سەرانی ئەنجوومەنەکانی ماسۆنیی بالادی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە پاریس بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلآتی گوتبوویەوە:

لەژێر کاریگەری ئێمەوە ئاستی پێڕەوکردنی یاسایەکانی جوویبم دابەزیوەتە نزمترین ئاست، هەروەها سەنگ و قورسایی یاساش بەهۆی

چەند لێکدانەوەیەکی ئازادانەوە تێکوپێك دراوە کە ئێمە خستوومانەتە نێو ئەم بوارەوە.. دادوەران بە فەرمان و ڕای ئێمە حوکم لەسەر پرسە گرنگەکان دەدەن: واتا لەژێر تیشکی ئەو بنەمایانەی بۆیان دادەنێین تاکو بەهۆیانەوە حوکمی جوویم بکەن، بێگومان ئەمەیش بەهۆی چەند کەسێکی وەك بووکەشووشەی دەستی ئێمە جێبەجێی دەکرێ، هەرچەندە هیچ پێوەندییەکی ئاشکرا و بەرچاو لەنێوان ئێمە و ئەواندا نییە... تەنانەت چەند پیر و ئەندامانی بەڕێوەبردنیش ڕازین ڕاوێژمان پێ بکەن.

ئایا هیچ کەسێکی ئاقڵ هەیە نکۆڵی لەوە بکات قۆناغە زنجیرەیی و یەك لەدوای یەکەکانی کودەتایەکە– ڕێك وەك ئەوەی وایز هاوپت لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و جەنەڕاڵ بابك لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا نەخشەیان بۆ دارشتووە– پێڕەو کرا بێت ؟

هەردوو ئیمپراتۆریای ڕووسی و ئەڵمانی ڕووخێندران، ئیمپراتۆریای بریتانی و فرەنسیش بوونە هێزی پلە دوو و سێ، ئەو سەرانەی تاجی پاشایەتییان لەسەر بوو (پاشایەکان) وەك بەروبوومێکی پێگەییو کەوتنە خوارەوە.. جیهانیش بەهۆی ئەو پروپاگەندانەی نوورانییەکان بڵاویان دەکردەوە، دووجار دابەش کرایە سەر دوو سەربازگە و بەرەی دژ بەیەك... هەروەها ئاگری دوو جەنگی جیهانیش هەڵگیرسا و لە جیهانی مەسیحییەتی خۆرئاواییدا خوێنی دەیان ملیۆن کەس ڕژێندرا، بەبێ ئەوەی هیچ کامێك لە تاوانکاران و بەرپاکەرانی ئەو قەسابخانانە هیچ هۆیەکی کەسییان دژ بە بەرەی دژ و خەڵکانی دیکە هەبێت ! !.. هەروەها شۆڕشی ڕووسی و چینی بووە ئەمری واقیع و کۆمۆنیزمیش گەشەی پێدرا و بەهێز کرا تا هێزەکەی

بارتەقای گشت دەوڵەتانی خۆرئاوای مەسیحیی لێهات.. بەلام لە خۆرهەلاتی دوور و نێوەڕاستدا کودەتا و پیلانگێڕییەکە بۆ زەمینەسازکردنی جەنگی سێیەمی جیهانی بەردەوامە ! !

ئێستە و هەر لەم کاتەدا دەبێ ئەم نەخشە و پیلانگێڕییە لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتیی جیهانی بوەستێندرێ و هۆشدارییان پێ بدرێ کە دوا مەرگەسات و تراژیدیا بەڕێوەیە و هیچ گومانێکی تیادا نییە، لەدوای مەرگەساتەکەش جەستە و ئەقڵ و ڕووحی مرۆڤایەتی بەتەواوەتی دوور دەخرێتەوە و دەکرێتە کۆیلە.

ویلیام کار دەڵێ یەکییەتیی جەماوەری مەسیحی کە من شەرەفی سەرکردایەتیکردنیم پێ بڕاوە، کۆی ئەو زانیارییانەی خستووەتە بەردەستی هەمووان کەوا دەستی کەوتوون، بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر ڕوخسار و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کودەتایەکە... ئێمە ئەو زانیاریانەمان لە دوو پەرتووکدا بلاوکردووەتەوە، ئەوانیش: جیهان گەمەی دەستی ئیسرائیلە، ئەوی دیکەشیان تەمی سووری سەر ئەمریکایە، لەگەڵ چەندان بلاوکراوەی دیکە...

ئێمە بەهۆی زانیاریمان لەهەنبەر پیلانگێڕی و کودەتایەکەوە پێشبینیی ڕووداوەکان دەکەین، ئەو ڕووداوانەی پێشبینیشمان کردبوون هێندە بەوردی هاتنەدی وایانکرد سەرنجی بیرمەندانی گشت جیهان بۆ خۆیان ڕابکێشن.

بەشی یەکەم

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانی

بۆ ئەوەی بزانین لەمڕۆدا چی دەگوزەرێ، دەبێ بگەڕێینەوە ئەو ڕابردووەی ڕووداوەکانی پێشەکی و زەمینەی ڕووداوەکانی دواترن. دواتریش لەسەرمان پێویستە مێژوو بخوێنینەوە و لێکی بدەینەوە، چونکە بەڕاستی مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و ئامانجی ململانێیەکی بەردەوامیش لەدێر زەمانەوە هەمان ئامانجە.. مەبەستمان لە ململانێیە بەردەوامە کۆنەکەی نێوان هێزی چاکە و خراپەیە، بۆ ئەوەی بۆمان ڕوون بێتەوە ئاخۆ ویستی خواوەندی مەزن سەردەکەوێ و زاڵ دەبێت، یانیش خراپەکاری و وێرانەیی باڵی بەسەردا دەکێشێ.

ڕاستییەکەی، هەردوو هێزی چاکە و خراپە، دابەش بوونەتە سەر چەند پارتێکی جۆراوجۆر، لەنێوان خۆیاندا و لە هەوڵیاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش لە ململانێدان.. ئەم ناکۆکییەش لە ڕا و بۆچوونەکان بەهۆی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە سەری هەڵداوە کە بۆ بڵاوکردنەوەی درۆودەلەسە و ڕاستیی پڕ لە کەموکورتی و گەیاندنیان بە جەماوەر بەکارهێنراون و هەرگیز بۆ گواستنەوەی ڕاستییە تەواوەکانی تایبەت بە هەر ڕووداو و بابەتێك بەکار نەهێندراون.

بازرگان و دەلالەکانی جەنگ هۆکارەکانی بۆ دابەشکردنی مرۆڤایەتی بەسەر چەند بەرەیەکی دژ بەیەك ڕاگەیاندنیان بەکارهێناوە، جەنگ و ململانێی نێوان ئەم بەرە و سەنگەرانە بەچەند هۆیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ئایینی بووە، بەشێوەیەك بەردەوام

توانیویانه هەر هەموو بەره و سەنگەرەکان دژبەیەك پەمپ بدەن بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی ئەو هەڵچوونەی هەندێکیان هێرش بکەنە سەر هەندێکی دیکە و لە کۆتاییشدا هەرهەموویان وێران ببن و لەنێو بچن!

ئەوانەی پسپۆڕی بواری بەراوردکردنی ئایینەکانن لە ڕابردوودا بۆیان ڕوونبووەتەوە کە تەنانەت لەنێو تیرە و هۆزە تەواو دوورەدەست و گۆشەگیرەکانەوە هەستێکی ئایینییان هەیە و دنەیان دەدات لە پرسیاری لەمجۆرە بفکرن و گفتوگۆی لەسەر بکەن: بۆچی لەدایکبووین؟ .. ئامانج لە ژیانی ئێمەدا چییە؟.. ئەو مەبەست و ئامانجانە چین کە دەبێ لە خزمەتیان دابین و هەوڵیان بۆ بخەینە گەڕ؟.. دوای مردنمان بۆ کوێ دەچین؟ .. تەنانەت پێدەچێ دواکەوتووترین تیرە و هۆزەکانی ئەفریقیای نێوەڕاست و ئوستراڵیاش هیچ گومانێکیان لە بوونی خودا و جیهانی ڕووحی و ژیانی دوای مردن نەبێت.

لە هەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە بەراوردکاریی ئایینەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو ئایینانەی ڕێباز و ڕێوڕەسمەکانیان باوەڕهێنان بە خواوەندێکی باڵا و سەروو دەکەنە مەرج، لە بنەمایەکی بەرزی سیستماتیکەوە سەرگەی خۆیان دەگرن و مرۆڤەکان هان دەدەن خواوەندی بەرز و مەزن بپەرستن و ڕێز لە دایباب و پیران بگرن و هاوسێ و چاکەکارانیان خۆشبوێت و نوێژی سەر مردووان بکەن.. بەڵام دواتر شەڕخوازان بە هەڵپە و چلێسی و ئاڵووش و بەدخوازییەکانیان هاتوون تاکو بە زۆرەملێ خەڵك بەرزەفت بکەن و ببنە حوکمڕانیان، بۆیێ ئایینیان لە ئاستە بەرزەکە هێناوەتە ئەو ئاستەی نزمەی ئەمڕۆ دەیبینین.. هەندێك ئایین هێندە نزم بوونەتەوە

کاهینەکانیان بۆ نزیکبوونەوە لە خودا قوربانیی مرۆیی پێشکێش بکەن!!.. تەنانەت خودی مەسیحییەتیش وەک نوێترین ئایین، گەیشتووەتە ئاستێکی نزم و دابەش بووەتە سەر چەندان کۆمەڵە و ڕێباز، تا وای لێهاتووە باوەڕ بەوە نەمێنێ ئەو زۆرینە گەورەیەی رایدەگەیەنن مەسیحین وەک سەربازانی مەسیح هەژمار بکرێن!!

بەشێوەیەکی گشتی، مەسیحییەت لەهەنبەر کارە خێرخوازی و چاکەکارییەکانەوە دابەزیوەتە ئاستێکی نزم.. لە ڕابردوودا هۆگری و خۆشەویستی هەبوو و لە ئایینی مەسیحیدا یەکییەتی و پتەوییەک دەبیندرا.. بۆ نموونە لە پێناسەکردنی هاوسێدا: هاوسێ بریتییە لەو کەسەی لەهەنبەر تۆدا خۆشەویستی و چاکەکاری نواندووە و دەتوانیت متمانەت پێی هەبێت.. پەڕتووکە پیرۆزەکان هانمان دەدەن بارتەقای خۆمان هاوسێیەکانمان خۆشبوێن.. باشترین هۆکاریش بۆ دروستکردنی هاوسێیانی باش ئەوەیە کاری چاکەیان لەگەڵ بکەیت بەبێ ئەوەی هەست بە خۆپەرستی بکەیت، چونکە نەمانی کارە خێرخوازییە تاکەکسییەکان واتا نەمانی گیانی یەکییەتی و گیانی یەکبوونی ساغ و پتەوی بە کۆمەڵ.

لەمرۆژگارەدا بۆ کردنی کاری خێر و چاکە ڕێگەیەکی زۆر ساردوسڕمان گرتووەتەبەر، چونکە کردنی کاری خێر و چاکەمان داوەتە پاڵ کارمەندانی تایبەت بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی جڤاک.. گوتەیەکی زۆر باویش هەیە و دەڵێ: فلانە شت وەک چاکەکاریی نێو کار و پیشە ساردە!!.. شتێکی باشە ئەوەمان بیربێتەوە تەنانەت یاسایەکانی دەستەبەری کۆمەلایەتیی حکوومیش، تاکەکس لە مافەکانی هاوسێ نابوێرێ.. نوێژی بەبێ کاری چاک هیچ

سوودێکی نییه، هەروەها هێزی بنەمای ئەیتەیستی له بۆشایی و لاوازی و هەڵوەشانەوەی باوەڕەوە دروست دەبێت.

جا بەهەر هۆیەك بێت ئەوا ڕێباز و مەزهەبە مەسیحییەكان لەو ولاتانەی بە جیهانی ئازاد ناودێركراون، زۆر بەخێرایی كۆنترۆڵی گەنجانی لەدەست دەردەچێ... هەر گەنجێكیش لە دەست مەسیحییەت دەچێ وەك باوە دەبێتە كەسێكی عەلمانی. زۆر بەخێراییش دەبێتە هاوڕێ و لایەنگری یەكێك لە ڕێبازە خوانەناسەكانی وەك كۆمۆنیزم و نازیزم.

زۆرینە هەرە مەزنەكەی مەسیحییەكانیش سەربازانی مەسیح نین، لە كاتێكدا دەبینین لەسەر گشت ئەندامانی هەردوو پارتی كۆمۆنیست و نازی پێویستە سوێندی لایەنگری و پشتگیری ڕەهای سەركردەكانیان بخۆن، هەروەها گشت كاتەكانی بێدارییان لە بەرەوپێشبردنی ئامانج و پرسەكەیدا بەسەرببەن و بەشێوەیەی یەك لە دە پارەی چالاكییەكانی پارتەكەی بدات.

هەروەها ئەگەر كەسانی ئەیتەیست و شوێنكەوتەكانی داروینی لێ وەدەرنێین، ئەوا زۆربەی خەڵك باوەڕیان بە چیرۆكی خەلقبوون هەیە، بەڵام پێدەچێ سەبارەت بە سەربردەی ئادەم و حەوا و بەهەشتی عەدن جیاوازی گەورە لە ڕا و بۆچوونیان هەبێت.

ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگە، ئەوەیە گشت بوونەوەرێكی مرۆیی ڕێژەیەك ئازادی ئیرادەی پێ بەخشراوە، ئازادییەكەشی زەمینەی بۆ دەڕەخسێنێ بڕیار بدات ئاخۆ باوەڕ بە هەبوونی خودا و شەیتان بهێنێ یانیش ببێتە كەسێكی ئەیتەیستی مادی.. چونكە ئەوەی باوەڕ بە هەبوونی خودا و شەیتان بهێنێ، لەسەری پێویستە خۆی ساغ

بکانەوە لە خزمەتی کامەیاندا دەبێت.. بەڵام کەسی ئەیتەیست باوەڕ بە بیردۆزی حوکمی ڕەها دەهێنێت و پشتگیری لە پارت و دەوڵەت دەکات.. بەڵام سزای لادانیش چەشتنی ئازار و ئەشکەنجە و زیندان و زۆربەی جاریش مەرگە.

ئێمە دەبینین کەسانی ئەیتەیست بەتەواوی هەبوونی هێزە شاراوە و غەیبییەکان ڕەت دەکەنەوە، بەڵگەش دەهێننەوە و دەڵێن تەنانەت تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت بوونی خوداش نەسەلمێندراوە... چەندان تیپ و گرووپی ئەیتەیستی هەن، وەك: کۆمۆنیستە ڕاستینەکان، ماسۆنییەکانی ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلات، بیرمەندە ئازادەکان، هەروەها ئەندامانی کۆڕبەندی نا خواوەندی و نوورانییەکان و عەدەمییەکان و ئانارکیست و نازییە ڕاستینەکان و مافیاکانیش هەن.. هەروەها کەسانی بێباوەڕی دیکەش هەن شەرم لە بەڕێوەبردنی چالاکییە ئەیتەیستییەکانی نێو کۆمەڵەکانی نازیزم و کۆمۆنیزم دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەرەو پەیوەستبوونی هەمەچەشنی عەلمانی دەچن.

زۆربەی کەسانی ئەیتەیستی بیروباوەڕەکانیان لەسەر ئەو بنەمایە بنیاد دەنێن کە دەڵێ یەك ڕاستی هەیە ئەویش مادەیە، هەروەها هێزە کوێرەکانی ئەم مادەیە کە هەندێکجار بە وزەش ناوی دەبەن، پێشکەوتوون تا لەسەر شێوەی گژوگیا و دواتریش ئاژەڵ و ئینجا مرۆڤ بەدیارکەوتوون.. بە هەموو جۆرێکیش نکۆڵی لە هەبوونی ڕووح و ژیانی دوای مردن دەکەن.

کۆمۆنیزمی نوێ لە ساڵی ١٧٧٣ لەلایەن کۆمەڵێك لە سەرمایەداران و دەوڵەمەندانی جیهانی (بارۆنەکانی دارایی) دامەزرا و هەر لەو کاتییەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەیتەیستی بەکاریان هێنا کە لەسەر بنەمای دکتاتۆریەتێکی سەرتاپاگیر داڕێژرابوو. لینین لە پەڕتووکەکەی خۆیدا

(کۆمۆنیزم باڵی چەپڕەو) بە ڕوونی باسی دەکات و لە لاپەڕە ٥٢ی پەڕتووکەکەدا نووسیویەتی:

" بیردۆزەکەمان ڕێبازێکی باوەڕپیانە نییە، بەڵکو ئامراز و هۆکارێکی کارە".

کارل مارکسیش (١٨١-١٨٨٣) ئەڵمانییەکی بە ڕەچەڵەک جوولەکە بوو..یەکەمین جار لە ئەڵمانیا و دواتریش لە فەرەنسا بەهۆی چەند چالاکییەکی شۆڕشگێڕییەوە وەدەرنرا، دواتر ئینگلترا مافی پەناهەندەیی پێبەخشی.. لە ساڵی ١٨٤٨دا مارکس مانیفێستی کۆمۆنیزمی بڵاو کردەوە.. ئەویش ددانی بەوەدا ناوە لەوانەیە نەخشەی وەرچەرخاندنی جیهان بۆ چەند کۆمارێکی سۆسیالستیی سۆڤیەتی چەندان سەدە بخایەنێ.

کارڵ ڕیتەریش (١٧٧٩-١٨٥٩) کەسێکی ئەڵمانی بوو، مامۆستای مێژوو و زانستە جیۆ سیاسییەکان بوو.. ناوبراو بیردۆزێکی دژ بە مانفێستی کۆمۆنیستی نووسی، نەخشەیەکی دانا و تیایدا ڕایگەیاند نەژادی ئاری دەتوانێ دەست بەسەر ئەورووپا و دواتریش جیهاندا بگرێ.. چەند ڕێبەر و سەرکردەیەکی ئەیتەیستی ئاری نەخشەکەی ڕیتەریان پەسندکرد و کاریان پێ دەکرد، بۆیێ نازیزمیان لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی جیهان و گۆڕینی بۆ دەوڵەتێکی ئەیتەیستی بەکارهێنا کە بەتەواوی ملکەچی دکتاتۆریەتە سەرانسەرییەکەیان بێت.

ڕێبەرانی هەردوو کۆمەڵەی ئەیتەیستی لەسەر دەستهەلاتی دەوڵەت کۆك و تەبان و سەرۆکی دەوڵەتەکەش بە خودای سەر زەوی دادەنێن، ئەم باوەڕەش بیرۆکەی تألیە مرۆڤ دەخاتە واری کرداریی‌یەوە.

باوەڕی کارڵ ڕیتەر دوای لێکۆڵینەوە و شرۆڤە مێژووییەکەی تۆکمە بوو بەوەی کە کۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی جیهانیی بواری دارایی هەن پەیوەستی هیچ وڵاتێك نین و پشتگیری لە هیچ دەوڵەتێك ناکەن، بەڵام دەست لە کاروباری گشت وڵاتێك وەردەدەن، لە ساڵی ١٧٧٣دا بەمەبەستی بەکارهێنانی بزووتنەوەی شۆڕشی جیهانی بۆ وەدیهێنانی هەڵپە و بەرتەماییە نهێنییەکانیان، ماسۆنییەتی ئازادی خۆرهەڵاتیان دامەزراندووە.. ڕیتەر رایگەیاندبوو زۆربەی ئەو کەسە داراییە جیهانییانە، ئەگەر هەر هەموشیان نەبن، جوولەکەن یان ڕەچەڵەك و بنەچەیان جوولەکەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ بەتەواوی سرووتە ئایینییەکانی جوولەکە پێڕەو دەکەن یان نا.

ڕیتەر لە وەڵامدانەوەی مانیفێستی کۆمۆنیستیی کارڵ مارکسدا تاوتوێی ئەو مەترسییانەی کردووە و پێی وایە ئەگەر جیهان ڕێگە بەو کۆمەڵە پیاوە بدات بەردەوام کۆنترۆڵی سیاسییانەیان بەسەر کۆمۆنیستی جیهانیدا هەبێت و بەپێی نەخشە و پیلانەکانیان ئاراستەی بکەن، ئەوا مەترسیی گەورە دێنە پێشێ.. لە کۆتاییدا چەند پێشنیازێکی واقیعی و کردەی بەرەنگاربوونەوەی کودەتایەکەی بارۆنە جیهانییەکانی بواری دارایی دەخاتە بەردەم سەرکردە ئارییەکانی جەنگ، هەروەها پلانێکی دژ بە پیلانە یەکەمەکەیان بۆ دەکێشێ لەڕووی فراوانی و دوورمەودابیەکەیەوە، بە ڕۆڵی خۆی ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سرووشتییەکانی جیهانە لەپێناو بەرژەوەندیی نەژادی ئاری.

ڕیتەر ئاماژەی بە دامەزراندنی نازیزم و بەکارهێنانی فاشیزم واتا سۆسیالیزمی نیشتمانی کردووە وەك ئامرازێك بۆ وەدەیهێنانی

بەرتەمایی و ئامانجەکانیان، ئامانجەکانیشیان بە وێرانکردنی نەخشە و پیلانی بارۆنە جیهانییەکانی دارایی، و دواتریش داگیرکردنی جیهانەوە دێتەدی.. هەروەها ئاماژەی بە پرسێکی دیکەش کردووە، ئەویش ئەوەیە کە بارۆنە جیهانییەکانی بواری دارایی دەیانەوێ سامییەت لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەکاربێنن، لەبەرئەوە لەسەر ڕێبەر و سەرکردە ئارییەکان پێویستە ناسامیزم لە هەموو ڕووەکانی بەکاربێنن بۆ ئەوەی پرسی ئاری بەرەو پێش ببەن.

نەخشە و پلانەکەی کارل ڕیتەر ئەم پێشنیازانە دەگرێتە خۆی:

–ملپێکەچکردنی گشت وڵاتانی ئەورووپی بۆ ژێر هەژموون و دەستهەڵاتی ئەڵمانیا.. هەروەها ڕیتەر جەختی لەسەر گرنگیی باوەڕهێنان بە گەلی ئەڵمانی کردووەتەوە لەوەی کە لەڕووی جەستەیی و ئەقڵی لە ڕەگەز و نەژادی سامی بەرزتر و پێشکەوتووترە.. خودی ئەم هزر و بیرۆکەیەش ئەو ناوکە بوو کە پیاوانی ئاریی نێو بواری ڕاگەیاندن بیردۆزی سەرەوەربوونی نەژادی ئەڵمانییان لەسەر بنیاد نا.. ئەم بیردۆزە ئامرازی دەستی ئەو جۆرە کەسانە بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بانگەشە و پڕوپاگەندەکانی بارۆنە داراییەکانی جیهانی بەکاریان هێنا، واتا ئەو بارۆنانەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ڕەگەز و نەژادی سامی گەلی هەڵبژێردراوی خودان، هەر نەژادی سامیشە چاودێریی و گرنگیدانی خودایی هەڵبژاردووە ببێتە خاوەنی گۆی زەوی.. بەمشێوەیە ملیۆنان کەس دابەش بوونە سەر دوو بەرەی دژ بەیەك.

–هەروەها کارل ڕیتەر ڕاسپاردەیەکی دیکەی نووسیبوو تیایدا داوای کردبوو پێڕەویی لە سیاسەتێکی دیاریکراوی دارایی بکرێ،

بەجۆرێك ڕێگە لە خاوەنی بانکە جیهانییەکان بگرێ و نەیەڵێ ئابووریی ئەڵمانیا کۆنترۆڵ بکەن (هەروەك چۆن کۆنترۆڵی ئابوورییەکانی ئینگلترا و فەڕەنسا و ئەمریکایان کردبوو).

- هەروەها ڕاسپاردەیەکی دیکەشی هەبوو تایبەت بوو بە دروستکردنی ئابووری پێنجەمی نازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمۆنیستی، لە ڕاسپاردەکەدا ئامانجی باوەڕهێنان بوو بە چینی باڵا و نێوەڕاستی ئەو وڵاتانەی ئەڵمانیا بەتەمابوو بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە تا وەها بخاتە مێشکیانەوە فاشیزم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم تاکە هۆکار و ئامرازی لەبارە و پێشوازیکردن لە سوپای ئەڵمانی وەك پارێزەری ئەو وڵاتانە لە مەترسیی کۆمۆنیستی، تاکە چارەسەر و فریادڕەسیانە.

-هەروەها ڕێتەر وەك ڕاسپاردە داوای کردبوو کۆمۆنیزم بەتەواوی وێران بکرێ، ڕەچەڵەکی جوولەکەش لە ڕەگوڕیشەوە دەربهێندرێ، بۆ ئەوەی ڕێبەرانی ئاری بتوانن بەتەواوی جڵەوی پرس و کاروباری جیهانییەکان بگرنە دەست.

ململانێ و دانانی نەخشە و پیلان بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان، ڕێگە بۆ ڕێبەرانی هەردوو بەرەی ئەیتەیستی خۆش دەکات چەپەڵترین پیلانگێڕی و کودەتا بهۆننەوە و گشت جۆرە تاوانێکی وەك تیرۆرکردنی تاکەکەسی تا دەگاتە جینۆساید بکەن.. تەنیا لەپێناو شەکەتکردن و پرزە لێبڕانی ئەو وڵاتانە جەنگ هەڵدەگیرسێنن کە بەتەمان ملیان پێ کەچ بکەن.

لێکۆڵینەوەی بواری بەراوردکاریی ئایینەکان ئاماژە بەوە دەکات هەرگیز ناکرێ نازیزم و کۆمۆنیزم بە هیچ کام لەو ئایینانە بەراورد بکرێ

کەوا داوای باوەڕهێنان بە خودا دەکەن.. خۆ ڕاستە ڕێبەر و سەرۆکە ئەیتەیستەکانی ولاتانی سۆڤیەت ماوەیەك ڕێگە بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی باوەڕهێنان بە خودا دەدەن، بەلام ڕێگە بە پێڕەوانی ئایینی نادەن هیچ جۆرە هەژموونێکیان هەبێت یان ڕەفتاری کۆمەلایەتی و سیاسیی هاونەژادەکانیان ئاراستە بکەن..ئامانجی دوورمەودای هەردوو باوەڕی ئەیتەیستیش ئەوەیە گشت زانیارییەکی تایبەت بە هەبوونی خودا و ڕووح یان ژیانی دوایی لە مێشکی مرۆڤ بسڕنەوە.. بۆ ئەمەیش گشت ئامراز و هۆکارێك بەکاردێنن، وەك کوشتن و بەرنامە بەردەوامەکانی شۆردنەوەی مێشك و هتد.. ئەگەر بگەینە ئەو ڕاستییانەش بەتەواوی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەر قسەیەك لەبارەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان موسلمانان و ئەیتەیستەکان یان قسەیەکی پووچی بێمانایە یانیش جۆرێکە لە ڕیکلام و پڕوپاگەندە.

سادەترین ئامراز بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی جیهانی ئێستەمان شرۆڤەکردنی ڕووداوەکانی مێژووە لەژێر تیشکی ئەو باسەی خستمانە ڕوو، بەو پێیەی چەند داشێکی سەر گەمەی شەتەرەنجی جیهانین.. ڕێبەرانی نوورانی جیهانییان دابەشکردووەتە سەر دوو سەربازگە و بەرەی دژ بەیەك و پاشا و شاژن و ڕاهیب و سوارچاکیان ڕێك وەك پارچەکانی نێو گەمەی شەترەنج بەکارهێناوە... جەماوەری گشتیشیان وەك سەربازەکانی نێو شەترەنج هەلسووڕاندووە.. سیاسەتە توندوتیژە بێبەزەییەکانیان دنەیان دەدات خەلك تەنیا بە پارچەکانی شەترەنج بزانن و بە ئارەزووی خۆیان بیانجوولێنن، لەوانەیە ئەوان قوربانی بە پارچەیەکی گەورە یان ملیۆنێك سەرباز بدەن ئەگەر تەنانەت یەك هەنگاویش لە دوا ئامانجیان نزیکیان بکاتەوە، واتا ئامانجی کۆنترۆلکردنی دکتاتۆرییانەی ئەهریمەن.

لەسەر زاری ڕیتەری پرۆفیسۆر گێڕدراوەتەوە قۆناغی هەنووکەیی پیلانگێڕی و کودەتایەکە لە بانکی ئامشیل مایرۆپاوەر و ناسراو بە (ڕۆچیڵد) دەستیپێکردووە و دەکەوێتە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا. لەوێدا سێزدە لە گەورە بازرگانەکانی زێڕ و زیو کۆبوونەتەوە و بڕیاریان داوە پێش ئەوەی دەست بە بەرقەرارکردنی دەستهەلآتە ڕەهایەکایان بکەن بەسەر سامان و سەرچاوە سرووشتی و مرۆییەکانی سەرانسەری جیهان، گشت سەرێکی ڕێکردوو بەرەو ئەورووپا لەنێو ببەن و گشت حکومەتەکانیش بڕووخێنن و گشت ئایینە سیستماتیکەکانیش بسڕنەوە، دواتریش حوکم و دەستهەلآتە دکتاتۆرەکەی ئەهریمەن بەرپا بکەن.. لە پیلانەکانیاندا بەکارهێنانی بنەمایە مادییەکانی مێژوو و دیالەکتیکی هەبوو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان باسوخواسێکی گەرمە.

جا کاتێك بچووکترین گومان دەکەوێتە دڵی ئەو هێزە شاراوانە و هەست دەکەن یەکێك لە گەمە و ئامرازەکانی دەستیان – ڕێبەر و سەرۆکەکان– زیاد لە پێویست بە مەسەلەکان دەزانێ، یەکسەر فەرمانی لەنێوبردنی دەردەکەن.. هەر لەبەر ئەمەیش بوو ڕووداوەکانی تیرۆرکردنی تاکەکەسی و زۆرێك لە شۆڕش و جەنگەکان بەرپابوون و تیایاندا ڕووحی دەیان هەزار مرۆڤی تیادا چوو و هەزاران کەسیش ئاوارە و دەربەدەر بوون.. زۆر زەحمەتە هەر سەرکردەیەکی سەربازی پاساوێك بۆ ڕووداوی بەردانەوەی بۆمبی ئەتۆمی بەسەر هێرۆشیما و ناکازاکی بهێنێتەوە، لەو ڕووداوەدا سەت هەزار کەس لە چاو تروکاندێکدا کوژران و نزیکەی دوو هێندەی ئەم ژمارەیەش بە سەختی بریندار بوون.. هێزەکانی یابانی شکستیان خواردبوو، پرسی

ڕادەستکردنیش چەند کاتژمێر و با بڵێین چەند ڕۆژێکی مابوو، هیچ پێویستیش نەبوو ئەو کاره ئەهریمەنی و دۆزخییە بکرێ.. تاکە هۆی لۆژیکی بۆ لێکدانەوەی ئەم مەسەلەیە ئەوەبوو هێزە شاراوەکان بڕیاریان دابوو ئەم چەکە نوێیەی پاکتاوکردنی بە کۆمەڵ نمایش بکەن، بۆ ئەوەی هۆشداری بدەنە ستالین لەوەی ئەگەر لە داواکارییەکانیدا پێ دریژی بکات، خۆی و وڵاتەکەی هەمان چارەنووسی یابانیان دەبێت.. ئەمە تاکە بیانووه، تەنانەت بە نیمچە پاساوێکی ئەو تاوانە قێزەونەش ناچێ کە دژی مرۆڤایەتی کردیان.

بەڵام ئێستە بۆمبی ئەتۆمی و هایدرۆجینی بە بەراورد بە هەندێك چەکی دیکەی کۆمەڵکوژ، هێندە لەنێوبەر و کاریگەر نییە.. چونکە هەردوو بەرەی کۆمۆنیستی و سەرمایەداری دەستیان بە کۆکردنەوەی گازی دەمار (الاعصاب) کردووه و لە عەنبار و جبەخانەکاندا هەڵیان گرتووه، ئەو چەکە مەترسیداره دەتوانێ گشت بوونەوەرێکی زیندووی سەر گۆی زەوی بسڕێتەوه.. ئێستە نەهێشتن و سڕینەوەی گشت شوێنەوار و ژینگەیەکی ژیان لە ناوچەیەکدا، بەندە بەو داواکارییە سەربازی و ئابوورییانەی خزمەتی ئامانجەکانیان دەکەن.

هێزە هێرشبەر و داگیرکەرەکان دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە بەکارهێنانی گازەکەدا، دەتوانن بەبێ هیچ مەترسییەك لە ناوچە پیسبووەکاندا بپەڕنەوه، ئەوساکێ ئەو ناوچانەش دەبنە ناوچەی مردووان، بەڵام تەلار و ئامرازەکان وەك خۆیان دەمێننەوه و هیچیان لێ نایەت.

جارێکیان ئەدمۆن بۆرك نووسیبووی: کۆی ئەو شتانەی هێزە بەدخوازەکان بۆ سەرکەوتن پێویستیانە ئەوەیە چاکەخواز و لایەنە

باشەکان دارێك لەسەر بەردێك دادەنێن.. ئەمەیش ڕاستییەکی مەزنە و بۆرك پەی پێ بردووە.

شرۆڤەکردنی بەراوردکارییانەی ئایینەکان بە پێوەندی لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەی لەمرۆدا تاقییان دەکەینەوە، شرۆڤەکاری بێلایەن دەگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی پێی وایە ئەوانەی باوەڕیان بە خودا و ژیانی دوایی هەیە، باوەڕێکی پڕ لە خۆشەویستی و هیوایان هەیە، بەڵام خوانەناسی و ئەیتەیستی لەسەر بنەمای بێهیوایی و ڕقوکینەیەکی ڕەش بنیاد نراوە.. جیهان هیچ کاتێك بە قەد ساڵی ١٨٤٦ هەوڵی تێوەئاخنینی علمانیەتی بۆ نێو ژیانمان نەداوە، کاتێك هۆلیۆك و برادلۆ و کەسانی هاوشێوەی ناوبراو سووربوون لەسەر ئەو ڕایەی کە دەڵێ دەبێ گرنگیدانەکانی مرۆڤ تەنیا بەند بێت بە بەرژەوەندییە هەنووکەییەکانی ژیانییەوە.

ئەم بانگەشەکارانەی علمانیەت پێش ئەو مێگەلە ساختەیەی پەیامبەرانی وەك کارڵ مارکس و کارل ڕیتەر و لینین و ستالین و هێتلەر و مۆسۆلینی کەوتوون.. ئەو کەسانە ملیۆنان مرۆڤیان بەهۆی بەرهەم و شتە سەیرەکانی دەستکردی خۆیان لەخشتە بردووە، هەروەها زۆرێك لەو مەسیحییە باوەڕدارانەشیان لە خشتە بردووە کە دەبوایە تێگەیشتووتر و ئاقڵتر بن.

لێرەوە لەسەرمان پێویستە لەلای دوو یاریزانی سەرەکیی کودەتا و پیلانگێڕییەکە یان سەرانی ئەهریمەن بسەنگرێینەوە و هەڵوەستەیەك بکەین. یەکەمجار هەڵوەستەیەك لەلای جوولەکەکان دەکەین.

ئێمە لەمرۆژگارە بەهەموو ئەو کەسانە دەڵێین جوولەکە (یەهودی) کە ڕۆژێك لە ڕۆژان چوونەتە نێو ئایینی جوولەکەوە..

ڕاستییەکەی زۆرێك لەو کەسانە لەڕووی ڕەچەڵەك و نەژادەوە سامی نین، چونکە بنەچەی ژمارەیەکی یەکجار زۆریان هیرۆدی و ئەیدۆمین کە خوێنی تورکی مەغۆلی لە لەشیان دەگەڕێ.

ڕەچەڵەك و نەژادی ناسامی و تورکی و فینلەندی لە سەدەی یەکەمی زایینییەوە و لەمیانی ڕەوگە دالآن و تەنگەلآنێکی (الممر) زەمینییەوە لە ئاسیاوە هاتوونەتە ئەورووپاوە و دەکەوێتە باکووری دەریای قەزوینەوە.. بەم گەلە بتپەرستانە دەگوترێ خەزەر.. ئەوانە لە دوورترین شوێنی خۆرهەلآتی ئەورپادا نیشتەجێبوون، لەوێدا مەملەکەتی بەهێزی خەزەریان پێکهێناوە، دواتریش بەهۆی هێرش و پەلاماری بەردەوامەوە وردەوردە ڕووبەری قەڵەمڕەویی خۆیان فراوانتر کردووە، تا لە کۆتاییی سەدەی دووەمدا دەستیان بەسەر زۆربەی زەوییەکانی ئەورووپای خۆرهەلآتدا گرتووە کە دەکەوێتە خۆرئاوای چیای ئۆراڵ و باکووری دەریای ڕەش.

خەزەرەکان لەو کاتیدا تەقلی ئایینی جوولەکە بوونە، لە مەسیحیەت و ئیسلامیان بە باشتر زانیوە، هەروەها لەوێدا پەرستگە و فێرگەی فێرکردنی ئایینی یەهوودییان لە سەرانسەری مەملەکەتەکەیاندا بنیاد ناوە.. خەزەرەکان لە سەردەم و ترۆپکی هێزی خۆیاندا سەرانەیان (الجزیە) لە بیست و پێنج گەلی ژێردەستی خۆیان وەرگرتووە.

دەوڵەتی خەزەر نزیکەی پێنجسەت ساڵ حوکمڕان بوو ، لە کۆتاییدا لە سەدەی سێزدەیەمی زایینی لە لایەن ڕووسییەکانی باکوورەوە هێرشیان کرایە سەر و تێکشکێندران.

گیانی شۆڕشگێڕی لە خەزەرییە جوولەکەکانەوە پەڕییەوە ئیمپراتۆریای ڕووسی و تا شۆڕشی سووری تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٧ بەردەوام بوو.

داگیرکردنی خەزەرییەکان لە سەدەی سێزدەیەمدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە زۆرێك لەو خەڵکانەی بە جوولەکە ناویان دەبەین لەنێو ئیمپراتۆریای ڕووسیدا مانەوە.

ڕاستییەکی دیکەش ئەوەیە فینلەندییەکان و چەند کۆمەڵەیەکی دیکەی بە ڕەچەڵەك ڕووسی، بنەچە و نەژادیان ئاری نەبووە.. گەلی ئەڵمانیش وەك دوژمنێك لێیان نواڕیون و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ڕەفتاریان لەگەڵدا کردوون.

ئێستە دێینە سەر باسکردنی سووخۆرەکان. ڕاستییەکەی ژیاننامەی مەسیح ئەوەمان بۆ دەردەخات وەك پێغەمبەرێك هەموو کەسێکی خۆشویستووە تەنیا یەك کۆمەڵەی تایبەت نەبێت.. زۆر ڕقی لە سووخۆرەکان بووەتەوە، ئەمەیش لە کەسییەتییەکی ئایینی وەك مەسیح شتێکی سەیرە.. مەسیح چەندان لەبەر ئەو ڕەفتارە خراپەیان واتا سووخۆری، هێرشی توندی کردووەتە سەر سووخۆرەکان و ئابڕووی بردوون و بە پەرستەرانی پارە ناوی هێناون، هەروەها لەمەڕ ئەو سووخۆرانەوە گوتوویەتی: ئەوان کەنشتی ئەهریمەنن.. ئەم ناسناوە بەهێزەش بەهۆی ڕقی ئەستووری مەسیح بووە لەو کەسانەی پارە دەگۆڕنەوە و خەریکی کاری سووخۆرین، ڕۆژێکیان حەزرەتی مەسیح قامچییەکی گرتە دەست و لە هەیکەل وەدەری نان و ئەم قسانەی پێگوتن: هەیکەل ماڵی خودا بوو.. بەڵام ئێوە کردووتانە ئەشکەوتی دزان... مەسیح بەم کارە تۆڵەخوازییەی دژ بە پارە گۆڕەرەوە و سووخۆران، واژۆی لەسەر بڕیاری مەرگی خۆی کرد.

مێژوو پێمان نیشان دەدات کە پارەگۆڕەرەوە (الصراف) جیهانییەکان لە پیلانە نهێنییەکانیاندا ئاشووبیان ناوەتەوە.. نوورانییەکان گشت هێزێکی شەرخوازی جیهان ئاراستە دەکەن.

مێژوو دەیسەلمێنێ سینیکای فەیلەسووف و ڕیفۆرمیستی ڕۆمانی (٤ پێش زاین لەدایکبووە و ٦٥ زاینی مردووە) چەشنی مەسیح ویستبووی پەردە لە ڕووی کردە خراپەکارییەکان و هەژموونی شەڕخوازانەی ئەو سووخۆرانە ڕابماڵێ کەوا دزەیان کردبووە نێو ڕۆماوە.. سینیکا بەخێوکار و مامۆستای تایبەتی نیرۆن بوو، کاتێکیش نیرۆن بووە ئیمپراتۆر سینیکای فەیلەسووف وەك ڕاوێژکار و هاوڕێی دڵسۆزی مایەوە.. بەڵام هێندەی پێنەچوو نیرۆن بۆبایای خواست، ئەو ژنە نیرۆنی خستە نێو داوی سووخۆرە بەدخوازەکانەوە.. ئیدی نیرۆن بووە بەدناوترین سەرۆك و دەستهەڵاتداری نێو مێژوو، کەسییەتییەکەشی کەوتە نێو ئەوپەڕی دڵڕەشی و ناکەسی و نزمییەوە، تەنانەت وای لێهات تەنیا بۆ تێکدان و وێرانکردنی گشت شتێکی جوان و چاك دەژیا، کارە تۆڵەخوازییەکانی شێوە و ڕەوتی دوژمنایەتییەکی ئاشکرای گرتبوو.. بەمشێوەیەش سینیکای فەیلەسووف هیچ کاریگەرییەکی بەسەر نیرۆنەوە نەما، بەڵام لەهەنبەر هەژموونە بەدخواز و ڕەفتارە خراپەکانی سووخۆرەکان و لەپێناو ئاشکراکردن و داماڵینی دەمامکیان، ساتێك هەدادانی نەبوو.

لە کۆتاییدا سووخۆرەکان داوایان لە نیرۆن کرد ڕێکاری دەمکوتکردنی سینیکا بگرێتە بەر، چونکە سینیکا جەماوەرێکی زۆری هەبوو.. نیرۆنیش فەرمانی بە سینیکا کرد بە دەستی خۆی خۆی بکوژێ!

ئەمە یەکەمین ڕووداوی بەناوبانگ بوو تیایدا سووخۆرەکان کەسییەتییەکیان لەنێوبرد کە ببووە کۆسپی بەردەمیان و ناچاریان کرد بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ، بەڵام دوا ڕووداو نەبوو، چونکە بەدرێژایی مێژوو ژمارەیەك ڕووداوی هاوشێوەی

خۆکوشتن و تاوانی کوشتن دەبیندرێ خراوەنەتە قاڵبی ڕووداوی ئاسایی و خۆکوشتنەوەز

مەسەلەی جیمس فۆرستال یەکێکە لە خراپترین نموونەی ئەم دۆخانە و لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی داوە.. فۆرستال لە ساڵی ١٩٤٥ گەیشتە ئەو باوەڕەی خاوەن بانکە ئەمریکییەکان بە نهێنی خەریکی دامەزراندنی یەك کۆمەڵە و ڕێکخستنن و ئەندامەکانیشی خاوەنی بانکە جیهانییەکانن و کۆنترۆڵی دارایی فەرەنسا و ئینگلترا و وڵاتانی دیکەشیان کردووە.. هەروەك لە یادداشتنامەی ژیانیشیدا ئاماژەی بۆ کردووە گەیشتە ئەو باوەڕەش بارۆنە جیهانییەکانی دارایی بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی هەڵگیرساندنی ئاگری هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانین.. ناوبراو هەوڵێکی زۆری خستە گەڕ سەبارەت بەو ڕاستییە باوەڕ بە ڕۆزفلت و گشت کەسانی پلە باڵای نێو حکوومەت بهێنێ.. بەڵام نازانین ئاخۆ دواتر لەمە شکستی هێنا و بەهۆی بێهیوابوونییەوە خۆی کوشت، یانیش بۆ دەمکوتکردنی هەتاهەتایی تیرۆر کراوە.. ئەو کردانەی کوشتن کە مۆرکی خۆکوشتنی بەسەردا براوە، بە درێژایی سەدەکان لە کودەتا و پیلانگێڕییە جیهانییەکاندا هۆکارێکی پەسندکراوی سیاسییە.

کاتێکیش ئیمپراتۆر یۆستنیافۆسی یەکەم (٤٨٣–٥٦٥ زایینی) یاسایە مەدەنییە بەناوبانگەکانی دەرکرد و تیایاندا هەوڵی دابوو سنوورێك بۆ ئەو کارە ناڕەوایانە دابنێ کە بازرگانانی جوولەکە لە بازرگانی و ئاڵوێرەکاندا پەنایان بۆ دەبردن.. بەڵام بازرگانانی جوولەکە هەر خودی بەکرێگیراوانی نوورانییەکان بوون، بەهۆی بازرگانیی ناڕەوا و قاچاغچییەتییەکی بەرفراوانەوە توانیبوویان لەسەر حیسابی

بازرگانانی دیکەی جگە لە خۆیان ئیمتیازی زۆر نادادپەروەرانە و ستەمکارانە وەدەستبێنن، بەمشێوەیە توانیان ئەو بازرگانە ستەملێکراوانە قەللۆش بکەن و لە گۆڕەپانی کار وەدەریان بنێن.. یاسای یۆستنیانۆس تا سەدەی دەیەم سەرچاوەی سەرەکیی ماف بوو، تا ئێستەیش بە گرنگترین سەرچاوەی ماف و ئەحکامەکان دادەندرێ.. بەڵام سووخۆرەکان بە زیرەکی و زۆرزانیی خۆیان توانییان ئەو خێر و چاکەیە سەراوژێر بکەنەوە کە یۆستنیانۆس خەریکی وەدیهێنانی بوو.. ئینسکۆلۆپیدیای فنك ئاند واگنازی یەهوودی بەمجۆرە وەسفی بازرگانە جوولەکەکانی ئەوکاتی دەکات: جوولەکە لەو کاتیدا تەواوی ئازادییە ئایینییەکانی خۆیان هەبوو، تەنانەت هەندێك مەڵبەند و پێگەی بچووك بەردەوام دەرگەی بۆ ئەوان لەسەر پشت بوو.. بازرگانیکردن بە کۆیلەیش بە سەرچاوەی یەکەمی سامانی هەندێك جوولەکەی ڕۆمانی دادەندرا، بەڵام لە ساڵی ٣٣٥ و ٣٣٦ و ٣٨٤ی زاینی چەندان یاسا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە بازرگانییە دەرچوون.

مێژوو بۆمانی ڕوون دەکاتەوە بازرگانانی جوولەکە و پارە گۆڕەرەوەکان هەر تەنیا لە بازرگانیی کۆیلەدا کاری ناڕەوایان نەکردووە، بەڵکو بازرگانییە خراپ و ناڕەوایەکانی وەك مادەی هۆشبەر و بازرگانیکردن بە سێکس و قاچاغچییەتیکردن بە شەراب و بۆن و خشڵ و گەوهەر و چەند کاڵایەکی دیکەی بە نرخیشیان ڕێکدەخست و قۆرغیان دەکرد.. ئەوجا بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان و پارێزگەریکردن لە چالاکییە ناڕەوایەکانیان، پەنایان دەبردە بەر بەرتیل و کڕینی پشتگیری و دەنگی بەرپرسانی گەورە.. بەمشێوەیە بەهۆی

مادەی هۆشبەر و شەراب و ژنەوە، توانیان ئەخلاقی گەل تێکبدەن..
مێژوو تۆماری کردووە یۆستنیانۆسی گەورە ئیمپراتۆری ڕۆما هێندە بەهێز نەبووە بتوانێ سنوور و ئاستێك بۆ ئەمجۆرە چالاکییانە دابنێ.

لە لێکۆڵینەوەیەکی ئیدوارد گیبۆنی مێژوونووسی بریتانیدا (١٧٣٧-١٧٩٤) تاوتوێی کاریگەرییە خراپەکار و تێکدەرەکانی بازرگان و سووخۆرانی جوولەکەی کردووە و پێی وایە دەستی درێژ و بەتوانایان لە نزمکردنەوە بێهێزکردن و ڕووخاندنی ئیمپراتۆریای ڕۆمانیدا هەبووە.. ئەمەیش ناونیشانی پەڕتووکەکەی بووە.. گیبۆن زۆر بە وردی و دووروودرێژییەوە باسی لە ڕۆڵی خراپی یۆبابای ژنی نێرۆن کردووە و دەڵێ: ئەو ژنە بۆ خولقاندنی جۆرە هەلومەرجێکی خراپی نێو ڕۆما ڕۆڵێکی خراپی هەبووە، هاتنەکایەی ئەو هەلومەرجە نالەبارانەش وایان لە گەلی ڕۆمانی کردووە وەك سەرخۆشێك بە کەمتەرخەمییە بنواڕێتە وێرانبوون و داڕووخانە خێرایەکەی ڕۆما.. بە کەوتنی ئیمپراتۆریای ڕۆمانیش هەژموون و دەستهەڵاتی جوولەکە هاتەکایەوە، ئەورووپاش کەوتە نێو چاخە تاریکەکان.

ئینسکۆلۆپیدیای ئینگلیزیش سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێ:
بازرگان و سووخۆرانی جوولەکە زۆر حەزیان لە بواری بازرگانی بوو، ئەوەی لەم بوارەشدا یارمەتیدەریان بوو، کارامەیی و بڵاوبوونەوەیان بوو لە گشت شوێنێکدا.. زۆربەی بازرگانیی ئەورووپا لە چاخە تاریکەکاندا لەژێر دەستی جووەکاندا بوو ، بەتایبەتیش بازرگانیکردن بە کۆیلە.

کاتێك دەنواڕینە پارە و دراوی کۆنی پۆڵۆنی و هەنگاری، دەتوانین هەست بە کاریگەریی ئەو هەژموونە ڕەهایەی جووەکان

بکەین، ئەم دراوانە چەند نەخشێکی یەهوودییان لەسەرە.. ئەمەیش نیشانەی سووربوونی جوولەکە بووە بۆ کۆنترۆڵکردنی دراو و دواتریش دەرکردن و لە سکەدانی ئەو دراوەش هەر لەژێر دەستی خۆیاندا بووە. سووخۆرانی جوولەکە لەو کاتیەوە دروشمێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو کە دواتر (ئامشل مایەر پاوەر -١٧٤٣- ١٨١٢ی زاینی) پێی بەناوبانگ بوو، دروشمەکە دەڵێ: لێگەڕێن ئەرکی دەرچوواندن و لەسکەدانی دراوی نەتەوە و گەلێك بگرینە ئەستۆ و سەرپەرشتی بکەین، ئەوجا پاشان گوێ بەوە نادەین کێ یاسایەکان بۆ ئەو نەتەوە و گەلە دادەنێت!!.

ئامشل مایەر پاوەر ئەم دروشمەی وەك تێز و پێشنیازێك خستووەتە بەردەم هاوپەشەکانی، بۆئەوەی کرۆکی ئەو پاڵنەرەیان بۆ راڤە بکات کە وای لە سووخۆران کردووە لە ساڵی ١٦٩٤دا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بانکی ئینگلترا بدەن.

بارۆنەکان -ئەوانەی سەرانی ئاری بوون- سووربوون لەسەر شکاندنی قۆرغکارییە یەهوودییەکەی نێو بواری بازرگانی و دراو و ئاڵوێرەکانی ئەوروپا.. هەر ئەمەیش پاڵنەری سەرەکییان بوو کاتێك لە ساڵی ١٠٩٥ دا بەرەکەتی هەندێك رێبەری مەسیحییان وەدەستهێنا بۆ ئەوەی جەنگەکانی خاچپەرستی یان جەنگە پیرۆزەکان بەرێوەببەن.

لەنێوان ساڵانی ١٠٩٥ و ١٢٧١دا هەشت هەڵمەتی خاچپەرستان رێکخرا، ئامانجی رووکەش و بەرچاوی هەڵمەتەکان پاراستنی ئەو مەسیحییانە بوو کە سەردانی لانکەی مەسیحیان دەکرد، ئامانجێکی دیکەشیان دامەزراندنی حوکمڕانییەکی مەسیحی بوو لە فەلەستین.. بەلام راستییەکەی چەند جەنگێك بوون و بۆ دابەشکردنی دانیشتووانی

ئەورووپا بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەك هەڵگیرسێندران: یەکەمیان لەگەڵ جوولەکەکان بوون و دووەمیشیان دژیان بوون.

کەنیسەی کاسۆلیکی لە ساڵی ١٢١٥دا چوارەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوەبرد، بابەت و پرسی سەرەکیی کۆنگرەکە شرۆڤەکردن و تاوتوێکردنی دەستدرێژییەکانی جوولەکە بوو لە گشت وڵاتانی ئەورووپیدا... لەو ماوە مێژووییەدا ڕێبەرانی کەنیسە و سەرکردەی دەوڵەتەکان بە یەکگرتوویی کاریان دەکرد.. ڕێبەرانی کەنیسە ڕەزامەندیی تەواوی خۆیان لەهەنبەر بەردەوامبوونی هێرش و هەڵمەتە خاچپەرستییەکاندا دەربڕی.. هەروەها لەپێناو دانانی ئاستێك بۆ ئەو سووخۆرییەی جوولەکەکان خەریکی بوون، چەند بڕیار و ڕاسپاردەیەکیان دەرکرد .. بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەش چەند ڕێنماییەکیان دەرکرد تیایاندا داوای دیاریکردن و سنووربەندکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی جوولەکەکانیان دەکرد، بەو واتایەی دەبووایە جووەکان تەنیا لە گەڕەکە تایبەتییەکانی خۆیاندا نیشتەجێ ببن و نەتوانن ماڵەکانیان ببەنە گەڕەکەکانی دیکە، هەروەها ڕێگەشیان لە مەسیحییەکان گرت ببنە لایەنێکی بەکارهاتوویان و نەدەبوایە بەهیچ شێوەیەك لە مامەڵەی جوولەکەکاندا ببنە بریکار، ئەمەیش بۆ ڕێگەگرتن بوو لە سووخۆر و بازرگانانی جوولەکە بۆ ئەوەی نەتوانن مەسیحییەکان وەك نمای کارەکانیان بەکاربێنن، چونکە جوولەکەکان لە ڕێگەی هەندێك کرێگرتەی مەسیحییەوە چەند گرێبەست و پەیماننامەیەکی گوماناویان دەبەست، لە کاتی ئاشکرابوونیشدا مەسیحییەکان ئۆباڵ و سزای کارە ناڕەوایەکانی جوولەکەکانیان دەگرتە ئەستۆ... لەلایەکی دیکەوە یاسایەکان جوولەکەکانیان

قەدەغەکرد ژنان و کچانی مەسیحی لە ماڵ و دەستگەکانی خۆیاندا بەکاربێنن، چونکە ئەو ژن و کچانەیان لەخشتە دەبرد و دەیانکردنە لەشفرۆش و لەپێناو وەدەستهێنانی پارە و هەژموونیش بەکاریان دەهێنان.. دواتریش چەند یاسایەکی دیکە دەرچوون ڕێگەیان لە جوولەکەکان گرت هەندێك کردەی دیکەی بازرگانی بەڕێوەببەن.. بەڵام کەنیسە بە گشت هێز و دەستهەڵاتی خۆی و بە پاڵپشتیی سەرکردە و ڕێبەری دەوڵەتەکانیش نەیتوانی سەرانی پارە و دارایی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و ملیان پێ کەچ بکات... ئەو یاسایانە ئاگری ڕقوکینەی نوورانییەکانیان دژ بە کەنیسەی مەسیح خۆشکرد، بۆیێ لەپێناو لاوازکردن و بێدەستهەلاتکردنی کەنیسە و جیاکردنەوەی لە دەوڵەت، نەخشە و پیلانیان دانا.. جا نوورانییەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، لەنێو خەڵك و جەماوەری سادەدا بیرۆکەی عەلمانی و بێ ئایینیان بڵاو کردەوە.

حکوومەتی فرەنسی لە ساڵی ١٢٥٣دا چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ گرفت و پرسی جوولەکە دانا و بەهۆی پێشێلکردنی یاساوە هەر هەموویانی وەدەرنا، بەشێکی زۆری دەرکراوەکان پەنایان بردە بەر ئینگلترا و ئەو وڵاتەش وەك پەناهەندە وەریگرتن.. تا ساڵی ١٢٥٥ جوولەکەکان توانیان کۆنترۆڵی چەند گەورە پیاوێکی بواری کەنیسەی ئینگلیزی و زۆرێك لە پیاوماقووڵان و دەرەبەگەکان بکەن.. ئەم سووخۆرانە و ئەوانەی بە دانایانی جوولەکە ناوبانگیان دەرکردبوو، سەر بە نوورانییەکان بوون.. ئەمەیش لە میانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاشکرا بوو کە شا هێنری سێیەم لەهەنبەر ئەو ئابڕووچوون و قۆڵبڕی و بەرتیل و تاوانانەی بۆنیان بە گشت لایەکدا بڵاو ببوویەوە، فەرمانی بەڕێوەبردنی دەرکرد، بەتایبەت دوای کوشتنی سان هیۆ ئۆف لینکۆڵن لە ساڵی

١٢٥٥دا، لێکۆڵینەوەکان سەلماندییان هەژدە جوولەکە ئەو کردانەیان ڕێکخستووە، بۆیێ درانە دادگە و فەرمانی لەسێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ کرا.

شا هێنری لە ساڵی ١٢٧٢دا مرد، دواتر شا ئەدواردی یەکەم بووە جێنشین و فەرمانی قەدەغەکردنی سووخۆریی جوولەکەکانی دەرکرد.. دواتریش لە ساڵی ١٢٧٥ دا چەند یاسایەکی تایبەت لە پارلەمان دەرچوون و بە یاسایەکانی تایبەت بە جوولەکە ناونران.. ئامانج لەو یاسایانە کەمکردنەوەی هەژموون و دەستهەڵاتی سووخۆرانی جوولەکە بوو لەسەر گشت قەرزارانیان، نەك هەر قەرزارە مەسیحییەکان بەتەنیا، بەڵکو جوولەکە هەژارە قەرزارەکانیشی گرتەوە.. ناکرێ ئەو یاسا و سیستمانە بە دوژمن و دژبەری سامییەت دابندرێ، چونکە پارێزگەری لەو جوولەکانە دەکرد کە پابەندی یاسایەکانن.

سووخۆرانی جوولەکە پێیان وابوو لەو جارەشدا، دەتوانن بەرەنگاری فەرمانەکانی پاشا ببنەوە.. بەڵام هەڵەیەکی گەورەیان کرد، چونکە پاشا فەرمانی دەرکردنی گشت جوولەکەیەکی لە ئینگلتەرادا دەرکرد.. ئەمە دەستپێکی ئەو دۆخە بوو کە مێژوونووسان بە وەدەرنان و دوورخستنەوەی مەزن ناویان بردووە.

دوای ئەوەی شا ئیدوارد هەنگاوی یەکەمی هەڵێنا، سەکسۆنیا لە ساڵی ١٣٤٨ و هەنگاریا لە ساڵی ١٣٦٠ و بەلجیکا لە ساڵی ١٣٧٠ و سلۆڤاکیا لە ساڵی ١٣٨٠ و نەمسا لە ساڵی ١٤٣٠ و زەوییە نزمەکان (هۆڵەندا) لە ساڵی ١٤٤٤ و لە کۆتاییشدا ئیسپانیا لە ساڵی ١٤٩٢ هەمان هەنگاوی شا ئیدواردیان هەڵێنا.

وەدەرنانی جوولەکەکان لە ئیسپانیا گرنگییەکی تایبەتی هەبوو.. چونکە لە سەدەی چواردەیەمدا سووخۆرانی جوولەکە بۆ یەکەمین جار

توانیان وەها لە حکوومەتی ئیسپانی بکەن مافی وەرگرتنی باج وەدەستبهێنن و ڕاستەوخۆ باج لە گەلی ئیسپانی وەربگرن، ئەمەش وەك دەستەبەرکردن و نەفەوتانی ئەو قەرزە بووە کە دەیانەخشیە حکوومەت.. سووخۆرانی جوولەکە بە خراپترین شێوە سوودیان لەو دەرفەتە وەرگرت، هێندە توندوتیژ و دڕندانە بوون ئەگەر خەڵك نەیتوانیبایە قەرزەکانیان بداتەوە، داوای هۆقە گۆشتێکیان لە خەڵکی قەرزار دەکرد، ئەم ڕەفتارەش دڵی خەڵکی پڕ لە ڕق و تووڕەیی کرد و یەك چەخماخە بۆ تەقینەوەی ڕق و تووڕەییەکە بەس بوو... چەخماخەی ڕق و تووڕەییەکەش لەنێو ئەو گوتارە ئاگرینانە تیشکیان دەدا کە فێرناندۆ مارتسنسز دەیخوێندنەوە و بەهۆیەوە جەماوەر ڕاپەڕین و یەکێك لە گەورەترین قەسابخانە خوێناوییە بەناوبانگەکانیان بەرپاکرد.. ئەمەیش یەکێکە لەو نموونانەی کە جوولەکەکان بەهۆی سیاسەتی سەرکردە و ڕێبەرە تاوانکارەکانیان خەڵکی بێوەی و بێگوناهیان هاندا.

جوولەکەکان لە ساڵی ١٤٩٥ لە لیتوانیا و لە ساڵی ١٤٩٨ لە پورتوگال و لە ساڵی ١٥٤٠ لە ئیتاڵیا و لە ساڵی ١٥٥١ لە باڤاریا وەدەرنران.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە خاڵێکی گرنگی نێو ئەو ڕێکارانە بکەین، هەندێك لە پارەدەر و دەستڕۆیشتووانی جوولەکە تەگبیریان دەکرد لەبۆردۆ و ئەفینۆن و چەند مەملەکەتێکی بابەوی و مەرسیلیا و باکووری ئەزلزاس و بەشێك لە ئیتاڵیای باکوور پەناگە و شوێنی حەوانەوە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.. مەسەلەکەش هەر وەك ئینسکۆلۆپیدیای بریتانی لەبارەیەوە دەدوێ بەمجۆرەی لێهات: جەماوەری جوولەکە دیسانەوە خۆی بینییەوە بەرەو خۆرهەلات و بەتایبەت بەرەو هەردوو ئیمپراتۆریای پۆلۆنی و تورکی دەچێت.. بەڵام هەندێك لەو جوولەکانەی

ئێش و ئازاری مانەوەی نێو خۆرئاوایان لە ئاوارەیی پێ باشتر بوو، کەوتبوونە بەر گۆی ئەو کۆتوبەندانەی لە قۆناغی پێشوودا بەسەریاندا سەپێندرابوو.

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین چاخە تاریکەکانی جوولەکە لەگەڵ نیشانە و دەرکەوتەکانی چاخی ڕێنسانسی ئەورووپادا بەدیارکەوتن.. ئەمەیش پاڵپشتیی لە ڕاستی و دروستیی بیردۆزی هەندێك لە مێژوونووسان دەکات کە پێی وایە نەتەوە و گەلانی ئەورووپا تەنیا لە کاتی خۆ ڕاپسکاندن و ڕزگاربوون لە چڕنووکی ئابوورییانەی جوولەکە توانییان بچنە نێو چاخی ڕابوون و گەشەکردنەوە.

ئەو جوولەکانەی لە ئەورووپادا مابوونەوە دوای کردە گەورەکەی کۆچپێکردنی بەزۆر، هەر لە گەڕەکەکانی خۆیان نیشتەجێ بوون کە بە جیتۆ ناو دەبران و جوولەکەکانیش بە (کاحل) ناویان دەبرد، لەوێدا بەسەر جوولەکەکان سەپێندرابوو دوور لە جەماوەری گەل و نەتەوەکان بژین، لەوێدا حاخام و دەستهەڵاتدارانیان حوکمڕانییان بەسەردا دەکردن، ئەو حاخام و دەستهەڵاتدارانەش ملکەچی فەرمان و ڕێنماییەکانی نوورانییەکان و گەورە سووخۆرانی جوولەکە بوون، مەبەستمان ئەو سووخۆرانەیە لە هەندێك وڵاتی ئەورووپیدا توانیان لە پێگە و پۆستەکانی خۆیاندا بمێننەوە.. بەکرێگیراوانی نوورانییەکانیش لە گەڕەکەکانی جیتۆدا نیشتەجێ ببوون، دژ بەو کەسانەی وەدەریان نان و دایانبڕیون ژەهری ڕق و کینە و گیانی تۆڵەکردنەوەیان دەڕژاندە دڵی جەماوەری جوولەکە. هەروەها حاخامەکانیش بە گوێچکەی جوولەکەکانیان دەچرپاند هەر ئەوان گەلی هەڵبژێردراوی خودان و ڕۆژی تۆڵەکردنەوە بێگومان زۆر نزیکە و هەر خۆیان دەبنە خاوەنی گۆی زەوی و هەموو شتەکانی سەری.

دەبێ ئەوەش بڵێین زۆربەی ئەو جوولەکانەی بەرەو ئەورووپای خۆرهەڵات کۆچیان کرد. ئەوەیان بەسەردا سەپێندرابوو تەنیا لە شوێنی دەستنیشانکراوی نیشتەجێبوونیان بژین، ئەو شوێنەش کەوتبووە سەر سنووری خۆرئاوای ڕووسیا و لە کەنارەکانی دەریای بەلتیك لە باکوورەوە تا دەگاتە کەنارەکانی دەریای ڕەش لە باشووردا درێژ ببوویەوە.. زۆربەشیان بە ڕەچەڵەك جوولەکەی خەزەری بوون.. جوولەکە خەزەرییەکان بە ڕۆشنبیری و کەلتووری یەدیش ناسراون (یەدیش ناوی ئەو زمانەیە کە پێی دەئاخڤن)، هەروەها بەوە ناسراون زۆر دڵڕەش و نەگریس و قرچۆکن، لە مامەڵە ئابوورییەکانیشاندا ڕێگەی زۆر نەگریس دەگرنە بەر و ئەخلاقیان زۆر نزم و خراپە..لێرەدا دەبێ لەو عیبرانییە دێرینانەیان جیا بکەینەوە کە تەورات باسی کردوون، چونکە ئەو عیبرانییانە بەزۆری کەسانی بەئەدەب و ڕەوشتبەرز بوون.

بەکرێگیراوانی نوورانییەکان لەنێو گەڕەکەکانی جیتۆدا ئاگری ڕق و کینە و حەزی تۆڵەکردنەوەیان خۆش دەکرد.. وردە وردە هەلومەرجەکەیان قۆستەوە و دەستیان بە ڕێکخستن کرد، تا بووە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی جیهانی و ئامانجی تۆقاندن و وێرانکاری بوو.

سەران و کەسە بەناوبانگەکانی بواری دارایی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەیان پێشخست، تا کردیانە کۆمۆنیزمی جیهانی... ئەوانە کاری توندوتیژانەی تاکەکەسییان ڕێکدەخست تا بووە بزووتنەوەیەکی سیستماتیکی شۆڕشگێڕی و دواتریش بۆ گەڕاندنەوەی جوولەکەکان بۆ ئەو وڵاتانەی پێشتر بەزۆر لێیان وەدەرنرابوون، پیلانێکی ڕێکوپێکیان ڕێکخست، گەڕانەوەکەش بەشێوەی دزەکردن بوو، چونکە لە ڕووی یاساییەوە قەدەغە بوو بگەڕێنەوە ئەو وڵاتانە.. جا لەبەرئەوەی ڕێگەیان

لێ گیرابوو لەو وڵاتانە نیشتەجێ ببن و کاریان دەستکەوێ، پارە و سەرمایەیەکی زۆریان خرایە بەردەست بۆ ئەوەی سیستمی بازاڕی ڕەش دامەزرێنن، لەو بازاڕانەدا گشت جۆرە بازرگانی و ئاڵوێرێکی قەدەغەکراویان دەکرد.. هەروەها بەپێی ڕێبازی کۆمپانیای نهێنیی قۆرغکردن کاریان دەکرد، ئەمەیش ڕێگەی بۆ بارۆنەکانی دارایی خۆشکرد پارە بۆ ئەو تۆڕانە دابین بکەن تاکو بە نهێنی بمێننەوە.

بەڵام گومانی چەند نووسەر و مێژوونووسێکی وەك کۆنت دی بۆنسین و خاتوو نیستا و وبستەر و سێر و ترسکۆتیان وروژاند و ئەو نووسەرانە گەیشتنە ئەو باوەڕەی نوورانییەکان هێز و دەستی شاراوەی پشت بزووتنەوەی شۆڕشی جیهانین.. هەردوو نووسەر ویلیام فۆس و سیسیل گیراهتی لە پەرتووکەکەیاندا بەناوی (الحلبە الاسبانیە) دەڵێن: پرسی ناسین و ئاشکراکردنی سەرکردە و ڕێبەرە ڕاستەقینەکانی ئەو کۆمپانیایە قۆرغکارییە نهێنییەی جیهانی کۆنترۆڵ کردووە و چۆنییەتیی گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان مەسەلەیەکە و لە دەرەوەی بواری ئەم پەرتووکەدایە.. بەڵام هەر بە یەکێك لە گرنگترینی ئەو پرسانە دادەندرێ کە دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە... جا ئەو کەسەی ڕۆژێك ئەو مەتەڵە هەڵدێنێ و دەیخاتە بەر چاوی خەڵك، پیاوێکی زۆر دلێر و بەجەرگە، ژیانیشی بەبەراورد بەو ئەرکەی چاوەڕوانیەتی هەر هیچ نییە، ئەرکەکەش بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی جیهان لەمەڕ ئەو ڕێکار و کارانەی کۆمەڵەی ئەهریمەن دەیگرنەبەر و خۆیان وەك کاهینانی ئایینێکی نهێنی سەپاندووە و دەیانەوێ ئایینەکەیان بەسەر جیهاندا بسەپێنن.

ئێمە بە شرۆڤەکردنی ئەو ڕاستییانەی خوارەوە دەتوانین بڵێین پیلانی دزەکردنی جوولەکەکان بۆ نێو ئەو وڵاتانەی لێیانەوە وەدەرنراون، سەرکەوتنی وەدەستهێناوە: چونکە جوولەکەکان لە ساڵی ١٦٠٠دا

گەڕاوەنەتەوە ئینگلتەرا و سالی ١٥٠٠ گەڕاوەنەتەوە مەجەر، بەلام لە سالی ١٥٨٢ دووبارە وەدەرنراوەنەتەوە. هەروەها سالی ١٥٦٢ گەڕاونەتەوە سلۆڤاکیا و لە سالی ١٧٤٤ دووبارە بەزۆرەملێ دەرکراونەتەوە. سالی ١٧٠٠ گەڕاونەتەوە لیتوانیا. جا بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی چەند جار دەرکراون، بەلام ئەوان گشت جارێک کۆمەڵەیێک تۆڕ و ڕێکخستنی شاراوەیان لە دوای خۆیان جێهێشتووە و پیلانیان بۆ چالاکییە شۆڕشگێڕییەکان داناوە و ئاشووبیان ناوەتەوە.

لێرەدا لەلای گەورەترین سەرانی پیلانگێڕی ئەهریمەنی دەوەستین کە بە نوورانییەکان ناسراون.

ڕوون و ئاشکرایە حاخامەکانی جوولەکە لە لێکدانەوەی مانا نهێنییەکانی نووسراو و پەڕتووکە پیرۆزەکاندا بانگەشەی دەستهەلاتێکی ڕەها دەکەن، پێشیان وایە ئەمە بەپێی سرووشێکی تایبەتی خواوەندییە.. بەلام ئەگەر ئەو کەسانە ئامرازێکیان لەبەر دەستدا نەبووایە سرووشە وەرگێراوەکانیان بخەنە واری کردارییەوە، ئەوا ئەم بانگەشەیە گرنگییەکی ئەوتۆی نەدەبوو.. لەبەرئەوە، ژمارەیەک سووخۆر و حاخامە گەورەکان و بەڕێوەبەران و کەسانی دەستهەلاتدار کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کۆڕبەندێکی نهێنی دامەزرێنن کار بۆ وەدەیهێنانی ئامانجەکانیان بکات، ناویشیان لە کۆڕبەندەکەیان ناوە کۆمەڵگەی نوورانی.

بەشی دووەم

شۆڕشی ئینگلیزی

(١٦٤٠- ١٦٦٠ زاینی)

هێزە شەڕخوازەکان گەیشتنە ئەو ڕاستییەی چنگگیرکردنیان لە سیستەمەکانی دەستهەڵات و حکوومەتەکانەوە تەنیا لەمیانی کۆنترۆڵکردنی خاوەن پۆست و پایە گەورەکانی نێو کۆشک و تەلارەکانی دەستهەلاتی ئیمپراتۆرییاییەکان دەبێت، ئەمەیش دەرفەت دەڕەخسێنی چنگ لە سەرچاوە و سامانەکان گیر بکەن، بە کورتی ئابووری زەوت بکەن و دەستی بەسەردا بگرن.

ڕاستییەکی مێژوویی هەیە مێژوویی هەیە و بریتییە لەوەی شا ئەدواردی یەکەمی شای ئینگلترا یەکەمین کەس بووە جوولەکەی لە ولاتەکەی خۆیدا وەدەرناوە، لەبەرئەوە سەرکردە و بارۆنە داراییەکانی جوولەکە لە فڕەنسا و ئەڵمانیا، بڕیاریان دا ئینگلترا ئامانجی یەکەمیان بێت.

بەمشێوەیە شانە نووسراوەکانیان دووبەرەکی و تەنگوچەڵەمەیان لەنێوان شا و حکوومەتەکەی و خاوەنکار و فەرمانبەرانی و کرێکار و خاوەن کارگە و دواتریش لەنێوان دەوڵەت و کەنیسەدا نایەوە.. پیلانگێڕەکان بیردۆز و بۆچوونی دژ بەیەکیان دەهێنایە ئاراوە کە بانگەشەی چارەسەری جۆراوجۆری پرسە سیاسی

و ئایینییەکانیان دەکرد، ئەمەیش بۆ تێکدانی ڕیزی گەلی ئینگلیز و دابەشکردنیان بوو بۆ سەر بەرەی دژ بەیەك... سەرەتا گەلی ئینگلیزیان دابەش کردە سەر دووبەر و سەنگەری: پرۆتستانتی و کاسۆلیکی... دواتر بەرەی پرۆتستانیش دابەش بووە سەر دوو کۆمەڵەی: پابەند و سەربەخۆیەکان.

جا کاتێك ناکۆکی کەوتە نێوان شارلی یەکەم و پەرلەمانی ئینگلتەرا، بەکرێگیراوانی سەر بە (مناسح بن ئیسرائیل)ی سووخۆر پێوەندییان بە ئۆلیڤەر کرۆمویلی سەرکردەی بەرهەڵستکاری ئینگلیزی کرد، و پێیان گوت ئەگەر بێت و بتوانێ ئەو پرۆژە نهێنییەیان بۆ جێبەجێ بکات کە مەبەستی ڕووخاندنی عەرشی بریتانیابوو، ئەوا پارەوپوولێکی زۆری پێدەبەخشن.

هەروەها فرناندیز کارفاجالی ڕێبەری پورتوگالیی بە ڕەچەڵەك جوولەکە ڕۆڵی پیلانگێڕ و نەخشەدانەری سەرەکیی کاروبارە سەربازییەکانی کردەی کرۆمویلی دەگێڕا، بۆیێ سەرلەنوێ لایەنگرانی کرۆمۆیلی ڕێکخستەوە کە بە (سەرە خڕەکان) ناسرابوون، دواتر سوپایەکی نموونەیی لێیان پێکهێنا، باشترین چەك و پێداویستیی جەنگیشی بۆ دەستەبەر کردن.. جا لەو کاتەی کودەتایەکە لە واری جێبەجێکردندا بوو، سەتان تێکدەری ڕاهێنەر هێنرانە نێو ئینگلتەرا، بۆ ئەوەی تەقلی تۆڕ و شانە نهێنییەکانی سەر بە جوولەکەکان بن.. هەمان شتیش لەم ڕۆژگارەدا لە ئەمریکا بەڕێوە دەچێت.

تۆڕ و شانە نهێنییەکانی جوولەکە لە ئینگلترای ئەو کاتیدا بەسەرۆکایەتیی جوولەکەیەك بوو بەناوی دی سۆز.. هەروەها فرنالدیز کافاجال بەهۆی دەستهەلات و هەژموونەکەی خۆیەوە توانی (دی سۆز)

وەك باڵیۆزی پورتوگال لە ئینگلتەرا دامەزرێنێ.. سەرکردە و ڕێبەرانی ئاژاوەگێڕی جوولەکە لە ماڵی ناوبراو کۆ دەبوونەوە هەر لەو ماڵەشدا پیلانی کودەتا و سیناریۆیەکانیان بەڕێوە دەبرد، چونکە پارێز بەندیی سیاسی و دیبلۆماسی هەبوو.

بڕیاری یەکەمی پیلانگێڕەکان دروستکردنی دووبەرەکی بوو لەنێو گەلی ئینگلیزی و نانەوەی ناکۆکی لەنێوان کەنیسە و دەوڵەتدا.. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش ڕێبازی کالفنیان ئاخنییە نێویەوە، خودی ئەو ڕێبازەش دەستکردی خودی جوولەکەکان بوو.. ناوی تەواوی کالفن (کۆهین) بوو، لە کاتی سەفەرە بانگخوازییەکەی لە سویسراوە بەرەو فرەنسا ناوی خۆی گۆڕیبوو، سەفەرەکەشی لەپێناو بانگەشەکردن بوو بۆ بیروباوەڕەکەی.. کاتێکیش بەرەو ئینگلترا دەچێت ناوی خۆی دەگۆڕێ بۆ کالفن.. مێژوو بۆمانی ڕوون دەکاتەوە کە چۆن سویسرا لانکە و پێگەی یەکەمی زۆرێك لە شۆڕش و پیلانگێڕییەکان بووە.. هەروەها ئەوەش بەدیار دەخات کە سەرکردە و ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانی جوولەکە لەپێناو شاردنەوەی ڕەچەڵەکە ڕاستینەکەی خۆیان ناوی خۆیان گۆڕیوە.

لە ساڵی ١٩٣٦ و لەنێو ئاهەنگی ڕێکخراوی بنای برێسی جوولەکە لە پاریسدا، ئاهەنگێڕەکان بەوپەڕی گوڕوتاوەوە جەختیان لەوە کردەوە کالفن بە ڕەچەڵەك جوولەکە بووە.

سەرکردە و ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکان جگە لە دەمەتەقێ و بێزبازییە ئایینییەکان، چەند گرووپ و دەستە و تاقمێکی چەکداریشیان بۆ زیاتر تەشەنەسەندنی ئاگری ئاشووب و شڵەژان لە سیاسەت و کاردا ڕێکدەخست.. ڕافە و باسی تیرۆرێی لایەنێکی پڕ لە نهێنیی شۆڕشی

ئینگلیزی و وردەکارییەکانی دیکەی ئەو قۆناغە، لە هەردوو بەش و بەرگە قەبارە گەورەکەی ژیانی شا شارڵی دووەم دەبینین کەوا ئیسحاق دزرائلی (١٧٦٦-١٨٤٨) داینـاوە، نـاوبراو یەکێکە لە جوولەکە ئینگلیزییەکان و چەندان جار سەرۆکوەزیران بووە و باوکی بنیامین لۆرد بیکۆنسفێلد بووە.. ئیسحاق دزرائیلی لە پەرتووکەکەی خۆیدا ئەوە بەدیاردەخات زانیاریی بەهادار و گرنگی لە میلخوار دی سالمی جوولەکە وەرگرتووە کە لە حکوومەتی ئەو کاتی بریتانیادا نوێنەری فرەنسا بووە.. دزرائیلی لە پەرتووکەکەی خۆیدا تیشک دەخاتە سەر ڕێکچوون و هاوشێوەیی جۆرەکانی پیلاندانان و ئامادەکارییەکان بۆ ئەو کردانەی پێش هەردوو شۆڕشی ئینگلیزی و فرەنسی کەوتوون... بەمشێوەیە دەتوانین زۆر بەڕوونی کاریگەری و ڕۆڵی دەستی شاراوەی ڕێکخەرانی بزووتنەوەی شۆڕشی جیهانی لە هەردوو شۆڕشدا ببینین.

بەلگەی تەواوی تاوانبارکردنی کرۆمۆیل بە بەشداریکردن لە پیلانگێرییە شۆڕشگێڕییەکەی جوولەکەی جیهانی، کەوتووەتە دەست لۆرد (ئەلفرێد دۆگلاس)کە سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی لین ئینگلش بووە و کۆمپانیای پەخشی باکوور لە بریتانیادا دەری کردووە.. لۆرد دۆگلاس لە گوتارێکیدا کە لە ژمارە ٣ی ئەیلوولی سالّی ١٩٢١ی گۆڤارەکەدا بلاو کراوەتەوە، باس لەوە دەکات چۆن لە ئەمستردامی هۆلّەندا گەیشتووەتە لای هاوڕێی (بەڕێز ل.د. فان فالکرت)، بەرگێکی بزری دۆسییەکانی کەنشت مولجیمی دەستکەوتووە.. ئەم بەرگە لە سەردەمی جەنگی ناپلیۆنیدا بزربووە و چەندان دۆسیە و نامەی تیادایە و بەڕێوەبەرانی ئەم کەنشتە ناردوویانە و گەیشتووەتە دەستیان.

ئەم دۆسییە و نامانە بە ئەڵمانی نووسراون، یەکێکیان کە ڕێکەوتی شەشی حوزەیرانی ساڵی ١٦٤٧ی لەسەرە لە (ئەی. کەی) واتا ئۆلیڤەر کرۆمۆیلەوە بۆ ئیبنزبرات نێردراوە و تیایدا نووسراوە:

لە بەرانبەر یارمەتیی مادیدا بەرگری لە قبوڵکردنی جوولەکەکان لە ئینگلترا دەکەم.. بەڵام ئەمە ئەستەمە تا ئەو کاتەی پاشا شارڵ زیندوو بێت.. بەبێ دادگەیکردن ناتواندرێ شارل لە سێدارە بدرێ، لەبەرئەوە پێشنیاز دەکەین تیرۆر بکرێ.. بەڵام ئێمە ناچینە نێو ڕێکاری پەیداکردن و ئامادەکردنی بکوژەکە، وەلێ ئەگەر ویستی ڕابکات ئێمە یارمەتیی دەدەین.

حاخام برات لە ڕێکەوتی ١٢ ی تەمووزی ساڵی ١٦٤٧دا لە وەڵامی ئەم نامەیەی سەرەوە، نامەیەکی دیکە دەنووسێت، لە نامەکەیدا هاتووە:

ئێمە لەو کاتەدا یارمەتیی مادیی پێشکێش دەکەین کە شارل لاببرێت و جوولەکە لە ئینگلترا وەربگیرێن... تیرۆرکردن زۆر مەترسیدارە... دەبێ دەرفەتی هەڵاتن بدرێتە شارڵ.. ئەوسا دەستگیرکرانەکەی بۆ دادگەییکردن و لەسێدارەدانی دەبێتە هۆیەکی لەبار و گونجاو... یارمەتییەکەش زۆر و مشە دەبێت.. بەڵام پێش بەڕێوەچوونی دادگەییەکە، گفتوگۆکردن لەسەر مەرجەکانی چ سوودێکی نییە.

لە دوانزەی نۆڤێنبەری هەمان ساڵدا، دەرفەت بۆ شا شارڵی یەکەم ڕەخسێندرا هەڵبێت.. دواتریش –بێگومان– دەستگیر کرا.. هەردوو گەورە مێژوونووسی بریتانی هۆلیس و لودلۆ کۆکن لەسەر ئەوەی هەڵاتنی پاشا و دواتر ڕێگەلێگرتنی بە پیلان و تەگبیری

کرۆمۆیل بووە.. دوای وەستاندنی پاشاش ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی هاتنە پێشێ، چونکە کرۆمۆیل گشت ئەندامانی پارلەمانیی سەر بە پاشای پاکتاوکرد.. بەلاّم ئەنجوومەنەکە لە دانیشتنەکەی خۆی لە شەوی پێنجی دیسێمبەری سالّی ١٦٤٨دا، لەگەلّ ئەو پاکتاوەی دەرهەقی کرا و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی سازش و ملکەچییەکەی پاشایان پەسند کرد و بۆ گەیشتنە ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەلّیدا بە کارێکی تەواویان دانا.

واتای ئەمە بۆ کرۆمۆیل نەمانی ڕۆلّەکەی و بێبەشکردنی بوو لەو پارە و پوولەی سەرانی جیهانیی بواری دارایی پێیان دابوو، بۆیێ دووبارە بۆ دەستەوەشاندن دەستی بە بزاوتی نوێ کردەوە.. لەبەر ئەوە فەرمانی بە کۆلۆنێل براید کرد هەموو ئەو ئەندام پارلەمانانە پاکتاو بکات کە لە پێناو ڕێککەوتن لەگەلّ پاشادا دەنگیان دابوو..ئەوەی دواتر ڕووی دا ئەو ڕووداوە بوو کە لە پەڕتووکی مێژوویی قوتابخانەکاندا بە پاکتاوکردنی برایدی ناسراوە.. دوای ئەو پاکتاوکردنە تەنیا پەنجا ئەندام لە ئەنجوومەنەکەدا مانەوە، لە پێناو بەرژەوەندیی کرۆمۆیلدا دەستەهەلاّتێکی ڕەهایان گرتە دەست.. لە نۆی کانوونی دووەمی سالّی ١٦٤٩دا پێکهێنانی دادگەیەکی بالاّی داد ڕاگەیەندرا و ئەرکەکەشی دادگەییکردنی پاشا بوو.. بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو دادگەیەش داروەستە و خەلّکانی نێو سوپایەکەی کرۆمۆیل بوون.. کاتێکیش پیلانگێڕان نەیانتوانی تەنیا یەك ناوقاتی ئینگلیزیش بدۆزنەوە دژ بە پاشا ڕۆلّی داواکاری گشتی ببینێ ، کارفاجال جوولەکەیەکی بێگانەی بۆ ئەو ئەرکە ڕاسپارد کە ناوی (ئیسحاق دۆریسلاوس) بوو و لە ئینگلتەرادا بەکرێگیراوی و کاری بۆ مناسح بن

ئیسرائیل دەکرد .. ئەوسا شارڵی یەکەم نەك بەو تۆمەتانەی گەلی ئینگلیزی دابوویانە پاڵی، بەڵکو بەو تۆمەتانە کرا کەوا سووخۆرە جیهانییەکانی جوولەکە ئاراستەیان کردبوو.. لە ٣٠ حوزەیرانی ساڵی ١٦٤٩دا فەرمانی کوشتنی پاشا بە ئاشکرا و لەبەردەم کۆشکی میوانداریی وایتهۆل لە لەندەن بە گیوتین جێبەجێ کرا.

بەمشێوەیە سووخۆرانی جوولەکە و کاهینانی کەنشتی ئەمریمەن تۆڵەی ئەو کۆچپێکردنە بەزۆرەیان کردەوە کە لەلایەن شا ئەدواردەوە لەهەنبەریاندا جێبەجێ کرا.. کرۆمۆیلیش لە بەرانبەر تاوانەکانیدا پارە و پوولی وەرگرت.

تەنیا تۆڵەسەندنەوە تاکە ئامانجی سووخۆرە جیهانییەکانی جوولەکە نەبوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکییان کۆنترۆڵکردنی ئابووریی ئینگلترا و گرتنە دەستی جڵەوی کاروبارەکان بوو. ئەوان پیلانییان دادەڕشت ئینگلترا دژ بە وڵاتانی دیکەی ئەورووپی لە جەنگ بگلێنن، چونکە جەنگەکان پێویستیان بە پارەوپوولێکی زۆر هەیە، ئەمەیش سەرکردە و سەرانی ئەورووپا ناچار دەکات قەرز لە سووخۆرە جوولەکەکان وەربگرن، دواتریش دەبێتە هۆی زیاتر بوونێکی خێرای قەرزی نیشتمانیی وڵاتانی ئەورووپی.

ئەگەر لە کوشتنی شارڵ لە ساڵی ١٦٤٩ تا دەگاتە دروستکردنی بانکی ئینگلترا لە ساڵی ١٦٩٤ دا بە دوای سەرە داوەکانی ڕووداوەکان و بەدوایەکداهاتنیان بگەڕێین، دەبینین قەرزی نیشتمانی لە زیادبوونێکی بەردەوامدا بووە.. بۆشمان ڕوون دەبێتەوە خاوەن سەرمایەکانی جیهانیش توانیویانە مەسیحییەکان تێك بەربدەن.

گرنگترین ڕووداوێکیش لەم پێودانگەوە ڕوویان دابێت، ئەمانە بوون:

ساڵی ١٦٤٩: کرۆمۆیل بە پشتبەستن بە پارەوپوولی جوولەکە هێرشی کردە سەر ئێرلەندا.. درۆگهیدا ووکسفۆردی دەستگیر کرد.. پرۆتستانتە ئینگلیزەکان سەرزەنشت کران لەوەی کاسۆلیکیە ئێرلەندییەکان دەچەوسێننەوە.

ساڵی ١٦٥٠: مۆنترۆزی سەرکردەی ئینگلیزی دژ بە کرۆمۆیل ڕاپەڕی، بەڵام شکستی هێنا و دەستگیرکرا و لەسێدارە درا.

ساڵی ١٦٥١: شارلی دووەم هێرشێکی کردە سەر ئینگلترا، بەڵام شکستی هێنا و بە ڕێگەی دەریایی گەڕایەوە فەرەنسا.

ساڵی ١٦٥٢: ئینگلترا چووە نێو جەنگی دژ بە هۆڵەندییەکان.

ساڵی ١٦٥٣: کرۆمۆیل خۆی وەك مەزن و سەروەری پارێزەری ئینگلترا ڕاگەیاند.

ساڵی ١٦٥٤: ئینگلترا کەوتە نێو چەندان جەنگی نوێوە.

ساڵی ١٦٥٦: ئاشووب و شپرزەیی و بێسەروبەری کەوتە نێو موستەعمەراتە ئەمریکییەکانەوە.

ساڵی ١٦٥٧: کرۆمۆیل مرد و ڕیچاردی کوڕی وەك پارێزەری نوێی ئینگلترا لە شوێنی داندرا.

ساڵی ١٦٥٩: ڕیچارد قیز لە پیلانگێڕی دەکاتەوە و واز لە دەستهەڵات دێنێت.

ساڵی ١٦٦٠: ژەنەراڵ مۆنك لەندەن داگیر دەکات.. شارلی دووەم وەك پاشا ڕادەگەیەندرێ.

ساڵی ١٦٦١: پەردە لە ڕووی ئەو کودەتایانە ڕادەماڵدرێ کەوا کرۆمۆیل و هەندێك لە داروودەستەکەی تیایدا بەشداربوون، وەك: براد شۆ و ئیرتۆن، هەروەها هەڵچوونێکی میللی لە لەندەن بەرپا دەبێت، گۆڕی مردووەکان هەڵدرانەوە و لە دار دران.

ساڵی ١٦٦٢: ململانێیەکی ئایینی لەنێوان تائیفەکانی پرۆتستانتیدا هاتەکایەوە و ئەو تائیفانە چەوسێندرانەوە کە ڕازی نەبوون مل بۆ کەنیسەی ڕەسمیی ئینگلترا (ئینجلیکانی) کەچ بکەن.

ساڵی ١٦٦٤: دیسانەوە ئینگلترا دەچێتەوە نێو جەنگی دژ بە هۆڵەندا.

ساڵی ١٦٦٥: قەیرانێکی توندی ئابووری دووچاری ئینگلترا دەبێت... بێکاری و برسییەتی هەوکی گەل دەگرن و تاعوونە گەورەکە بڵاو دەبێتەوە.

ساڵی ١٦٦٦: ئینگلترا دژ بە فرەنسا و هۆڵەندا دەچێتە نێو جەنگێکی نوێوە.

ساڵی ١٦٦٧: بەکرێگیراوانی کابال ململانێیەکی نوێی سیاسی و ئاینییان نایەوە.

ساڵی ١٦٧٤: لەنێوان ئینگلترا و هۆڵەندا ئاشتی بەرقەرار بوو.. هێزە شاراوەکان دووبارە دەستیان بە دابەشکردنەوەی دەورەکان کردەوە.. بەڕێز (ولیام مستراد هۆڵدەر)ی کاڵفام بۆ پلەی سەرکردەی گشتیی هێزە هۆڵەندییەکان بەرزکرایەوە، ناویشی گۆڕا بۆ ولیم پاشای ئۆرانج.. چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەو و ماریی کچی دۆق یۆرکدا ڕێکخرا.. دۆق لە میراتگریی عەرشی ئینگلترا دوورخرایەوە.

ساڵی ١٦٧٧: ماری کچە شازادەی ئینگلیزی شووی بە ولیم ئۆف ئۆرانج کرد.. جا بۆ ئەوەی ولیم بگاتە عەرشی ئینگلتەرا، دەبووایە شارڵی دووەم و دۆق یۆرك لەنێو ببرێن.

ساڵی ١٦٨٣: کودەتایەك لە ماڵی رای رێکخرا، ئامانجی کودەتایەکە لەنێوبردنی شارڵی دووەم و دۆق یۆرك بوو.. بەڵام کودەتایەکە سەری نەگرت.

ساڵی ١٦٨٥: شارڵی دووەم مرد و دۆق یۆرك بەناوی پاشا جیمسی دووەم چووە سەر تەختی پاشایەتی.. بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی پاشا چەند پڕۆپاگەندەیەك بڵاوکرانەوە.. دۆق مۆنمارت رازی کرا یانیش بەرتیلی پێ درا بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی یاخبوونێك بکات و پاشا لەنێو ببات.. لە ٣٠ی حوزەیراندا جەنگی سیدجمور هەڵگیرسا و لەو جەنگەدا مۆنمارت دەستگیرکرا و لە ١٥ی تەمووزدا لە سێدارە درا.. لە مانگی ئابدا جیفریزی دادوەر هەڵمەتێکی خوێناوی دادگەییکردنی بەڕێوەبرد و نزیکەی ٣٠٠٠ کەس لە لایەنگرانی مۆنمارت بوونە قوربانی و زیاتر لە ١٠٠٠ کەسیشیان حوکمی فرۆشتنیان –وەك کۆیلە– بەسەردا سەپێندرا.

ساڵی ١٦٨٨: هێز و دەستە شاراوەکە فەرمانیان بە ولیم ئەمیر ئۆرانج کرد هێزەکانی لە ئینگلتەرا دابەزێنێتە کەناری تۆربای، ئەمەیش شا جیمس دووەمی ناچارکرد سازش بکات و بەرەو فەرەنسا تێ بتەقێنێ، چوونکە بەهۆی دەبەنگی و بێتوانایییە کەسییەکەی و ئەو پڕوپاگەندەیەی بە دژی جیمس بڵاوکرابوویەوە و ناوبانگی لەکەدار کردبوو، گەل رقیان لێی دەبوویەوە.

ساڵی ١٦٨٩: ولیم و ماری وەك شا و شاژنی ئینگلترا ڕاگەیەندران.

شا جیمسی دووەم نیازی نەبوو بەبێ بەرگری عەرشی پاشایەتی جێبهێڵێ.. بەڵام لەبەرئەوەی کاسۆلیکی بوو، ئەوا چەند هێز و دەستێکی شاراوە هەوڵیان دا ولیەم شازادەی ئۆرانج وەك پاڵەوانێکی پرۆتستانتی بەدەربخەن.. شا جیمس لە پێنجی شوباتدا دابەزییە کەناری ئێرلەندا. دواتر جەنگی بۆرنی هەڵگیرسا و تیایدا کاسۆلیکی و پرۆتستانتییەکان ڕوویەڕووی یەکتری بوونەوە.. پرۆتستانتییەکان لە دوانزەی حوزەیرانی گشت ساڵێك ساڵیادی سەرکەوتنیان لەو جەنگەدا بەرز ڕادەگرن.. لەوانەشە هیچ کامیشیان نەزانن ئەو جەنگە بە پیلانی سووخۆرە جیهانییەکان بوو و لەپێناو ئەوەدا بوو بە توانا و هەژموونی ئابووری و سیاسیی ئینگلترا بگەن.. ئامانجی یەکەمیشیان وەدەستهێنانی ڕەزامەندی بوو بۆ دامەزراندنی بانکێك لە ئینگلترا و دەستبەرکردنی ئەو قەرزە نیشتمانییانەی ئینگلترا بۆ وەگەڕخستنی داینەمۆی جەنگەکە وەك قەرز لێی وەرگرتبوون.. مێژوو دەری خستووە چۆن پێ بەپێ پیلانەکانیان جێبەجێ کردووە.. ئەو دەوڵەت و گەلانەی چوونەتە نێو ئەو جەنگ و شۆڕشانەوە، لە کۆتاییدا هیچ دەرئەنجامێکی سوودبەخشیان وەدەستنەهێناوە.. هەروەها نەگەیشتوونەتە چارەسەرێکی گونجاوی هیچ کام لە گرفتە سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان.. تاکە براوەی ئەو جەنگانەش کۆمەڵە بچووکە سووخۆرەکان و بازرگانانی جەنگ و هاوڕێیان و ئەو کرێگرتانە بوون بازرگانییان بە چەك و فیشەك و کەشتییەکانەوە کردووە و ئەرکی تەرخانکردنی قەرزیان بۆ ئەو شۆڕش و جەنگانە دەستەبەرکردووە.

هەرکـە ئـەو سـەرکردە هۆڵەندییـەش گەیشـتە سـەر عەرشـی پاشایەتیی ئینگلیزی، یەکسەر باوەڕی بە خەزێنـەی ئینگلیـزی هێنـاوە ڕێژەی ۱,۲۵۰,۰۰۰ جونەیە لەو سووخۆرە جوولەکانە بە قەرز وەریگری کـە چـاکەیان بەسـەریەوە هـەبووە و گەیاندوویانەتـە سـەر عەرشـی پاشایەتی.. پرۆگرامـەکانی خوێنـدن لـە خوێندنگەکانـدا بـۆ منـدالآنمان باسی دانوستانەکانی تایبەت بەو قەرزە دەکەن، ئەندامە ئینگلیزەکانی نێـو دانوسـتانەکان (جـۆن هـۆبلن) و (ولیـام پاترسـۆن) بـوون، بـەلأم لایەنەکەی دیکـەی دانوسـتانەکە واتـا سـووخۆرە قـەرزدەرەکان بـەهیچ شێوەیەك لەم پرۆگرامانەی خوێندنـدا قسـەیان لـەبارەوە نـەکراوە!!.. بەدرێژاییی مێژووش شوناس و ناویان شاردراوەتەوە.

بەڵگەنامە مێژوویـەکانی تایبـەت بـەو دانوسـتانانە، دەڵـێن لـەنێو کەنیسەیەکی داخراودا بەڕێوەچوون و تـەواو نهێنییەکـەی پاراسـتووە.. هەروەها سووخۆرە جیهانییەکان ڕازی بوون ۱,۲۵۰,۰۰۰ جونەیـە بدەنـە گەنجینەی ئینگلیزی بەمەرجی خۆیـان – واتـا سـووخۆرەکان– بەنـد و مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە دابنێن.. لایەنی ئینگلیزش بەو مەرجانە ڕازی بووە... ئەمانەی خوارەوەش چەند مەرجێکن:

۱)ناوی کەسانی قەرزدەر بە نهێنی بمێنێتەوە، پەیمانێك بدەن بۆ ئەوەی ئەو قەرزدەرانە لە ئینگلترا بانکێك دامەزرێنن.

۲) بەڕێوەبەرانی بانکـەکانی ئینـگلترا ڕێگـەی دیـاریکردنی نرخـی دراویان پێ بدرێ لە بەرانبەر زێڕدا.

۳) ڕێگە بە بەڕێوەبەری بانکەکان بدرێ مـافی دەرکردنـی قـەرزی دە جونـەیەییان هـەبێت، لـە بەرانبـەر هـەر جونـەیەکی زێـڕدا کـە لـە ڕەسیدی نێو بانکەکانیاندا هەیانە.

٤) ڕێگەیان پێ بدرێ قەرزە نیشتمانییەکە تۆمار بکەن و ئەوە دەستەبەر بکەن کە قیستە سەرەکییەکانی بدرێت، لەگەڵ دانی ڕێژەی سوود لە ڕێگەی سەپاندنی باجی ڕاستەوخۆ بەسەر گەل و جەماوەردا.

بەمشێوەیە شا ولیام ئۆف ئۆرانج گەلی ئینگلیزی بە ڕێژەی ١,٢٥٠,٠٠٠ جونەیهی ئیستەرلینی فرۆشتە سووخۆرانی جوولەکە!!..
سووخۆرانیش لە کۆتاییدا گەیشتنە مەرام و نیازی خۆیان و بانکی ئینگلترایان خستە ژێر کۆنترۆڵی ئابووریی خۆیانەوە، هەروەها مافی دەرکردنی دراوی بریتانییان وەدەستهێنا و دوای ئەمەیش ئیتر بەلایانەوە گرنگ نەبوو کێ یاسا و دەستوورەکانی ئەو گەلە دادەڕێژێ.

بۆ درککردن و تێگەیشتن لە بنەمای هاوکێشەی دراو بە زێڕ، هەرئەوەندە بەسە ئەم نموونە سادەیە بهێنینەوە:

- بەڕێوەبەری بانکەکانی ئینگلترا دەتوانن بە ڕێژەی ١٠٠٠ جونەیە لە بەرانبەر هەر ١٠٠ جونەیهێکی زێڕدا قەرزێك دەربکەن کە وەك دەستەبەر دەیخەنە سەر ڕەسیدەکەیان. جا ئەگەر ڕێژەی سوودەکە ٥٪ بێت، دەتوانن ساڵانە ٥٠ جونەیە وەدەستبێنن، ئەمەیش یەکسانە بە نیوەی بەهای ئەو سەد جونەیهەی وەك دەستەبەرکردنی قەرزەکە لە بانك دایانناوە!!.. جا ئەگەر کەسێك یان دەستگەیەك بیەوێ لە بانکەکەدا بڕێك پارە قەرز بکات، ئەوا بەڕێوەبەرانی بانکەکە ناچاریان دەکرد زەوی یان پشکێك یان موڵکێك بە بارمتە دابنێ کە بەهایەکەی لە قەرزەکە زۆر زۆرتربێت.. خۆ ئەگەر لە دانەوەی سوودەکە یان خودی بڕە پارەکە دوا بکەوێ، ئەوا بەڕێوەبەرانی بانکەکە ڕێکاری پێویستیان دەگرتەبەر بۆ ئەوەی دەست بەسەر موڵك و بارمتە

دارابیەکەدا بگرن.. بەمەیش پارەیەکی هێندە زۆریان دەست دەکەوت لە خودی قەرزەکە یەکجار زۆرتر بوو.

نیاز و مەبەستی شاراوەی قەرزدەران و ... وخۆرە نێودەوڵەتییەکان بەرەو بێتواناکردنی ئینگلترا ئاراستەی دەگرت بۆ ئەوەی هەرگیز نەتوانێ قەرزە نەتەوەییەکەی بداتەوە.. ئامانجی پیلانەکەیان دروستکردنی هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی بوو بۆ ئەوەی ببێتە هۆی تێوەگلانی گشت ئەو گەل و نەتەوانەی دەکەونە نێو داو و تەڵەکانیان و بەتەواوی نغرۆی نێو قەرزەکانیان بن.

هێز و دەستە شاراوەکان لە پشت پەردەوە رۆڵی خۆیان دەگێڕا و بووکەشووشە گونجاوەکانیان دەجوولاند، هەروەها رێگەیان بۆ هەلگیرساندنی ئەو جەنگانە خۆش کرد کە بە جەنگی میراتگریی ئیسپانی ناسرابوون.. لەساڵی ١٧٠١دا دۆق مارلبۆرۆ وەك سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی هۆڵەندا دەستینشان کرا، هەروەها بەپێی ئینسکۆلۆپیدیای جوولەکە لەلایەن سووخۆرێکی جوولەکەی هۆڵەندی بەناوی (سلۆمۆن مەدینا) وە بەبەهای ٦٠٠٠ جونەیە مووچەیەکی ساڵانەی بۆ برایەوە.

ئەو رووداوانەی وەك زنجیرەیەك بەدوای یەکتریدا هاتن و بوونە هۆی هەلگیرسانی شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ی فەرەنسا، بۆمان روون دەکەنەوە رێژەی قەرزی نەتەوەیی بریتانی چۆن کەڵەکە و قەبە بووە تا لە ساڵانی ١٦٦٨و ١٨١٥دا گەیشتووەتە ٨٨٥ ملیۆن جونەیە. لە ساڵی ١٩٤٥دا قەرزەکە گەیشتە ئاستێکی خەیاڵی و لە ٢٢ ملیار جونەیە تێپەڕی کرد.

****

بەشی سێیەم

ڕێبەرانی شۆڕشی فڕەنسی

لە بەشی پێشوودا ئەو بەڵگەیەمان پێشکێش کرد کە چۆن و بە چ ڕێگەیەك کۆمەڵەیەکی بچووکی سووخۆران توانیان بەسەر توانایە ئابوورییەکانی ئیمپراتۆریایەکی مەزنی وەك ئینگلتەرادا زاڵبن.

هەروەها ئینسکۆلۆپیدیای جوولەکە پێمان دەڵێ وشەی ئیدۆم لە مێژووی جوولەکەدا مانا و چەمکی خۆی هەیە و واتای سوور دەگەیەنێ.

مێژووش بۆمانی دەگێڕێتەوە، چۆن زێڕینگەرێکی جوولەکە بەناوی (ئامشێل مووسا پاوەر) لە گەڕان و گەشتی سەر خاکی ئەورووپای خۆرهەڵات شەکەت بووە و لە ساڵی ١٧٥٠دا بڕیاری داوە بەتەواوی لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا نیشتەجێ ببێت، لەوێ لە ناوچەی جود ینسراسدا دوکانێکی پارە گۆڕینەوە دەکاتەوە.. لەسەر دەرگەی دوکانەکەشیدا قەڵغانێکی سوور وەك هێمای پیشەکەی هەڵدەواسێ. لێرەوە پێویستە ئەوە وەبیر بهێنینەوە شۆڕشگێڕەکانی جوولەکە لە ئەورووپای خۆرهەڵاتدا ئاڵای سووریان وەك دروشم هەڵبژاردووە، چونکە ڕەنگی سوور نیشانەی خوێنە.

لە شرۆڤەکردنی بزووتنەوەی شۆڕشی جیهانیشدا زۆر گرنگە ئەوەمان لەیاد بێت ئاڵای سوور سینبوڵی شۆڕشی فڕەنسی و گشت ئەو شۆڕشانەی دیکەن کە تا ئێستە بەدوایدا هاتوون.

لەمانەیش مانادارتر و بەڵگەدارتر، ئەوەیە کاتێك لینین بە پارەی سووخۆرە جیهانییەکان حکوومەتی ڕووسی ژێروژوور کرد و لە ساڵی ١٩١٧دا دکتاتۆرییەتی یەکەمی پرۆلیتاری دامەزراند، دیزاینی ئاڵای دەوڵەتەکەی ڕەنگی سوور بوو، چەکوش و داسێکیشی لەسەر بوو، لەسەریشیدا ئەستێرەی یەهووزا هەبوو.

ئامشێل مووسی پاوەر کوڕێکی هەبوو لە دایکبووی ساڵی ١٧٤٣ بوو و ناوی ئامشێل مایەر پاوەر بوو.. باوکەکە لە ساڵی ١٧٥٤دا مرد، لەو کاتیدا تەمەنی کوڕەکەی گەیشتە یانزە ساڵی.. باوکی لەسەر گشت کاروبارەکانی تایبەت بە پیشەی زێڕینگەری و سووخۆری ڕایهێنابوو.

کوڕەکە وەك نووسەری بانکی ئۆبنهامێر دەستی بەکار کرد.. ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێنەپەڕی کارامەیی و شارەزایی و بەهرەی خۆی لە کاروبارەکانی پارەگۆڕینەوەدا سەلماند. ئەمەیش وای لە خاوەنی بانکەکان کرد بە بەشداریکردنی ناوبراو وەك هاوبەشی بەشێکی بچووك پاداشتی بکەن.. دواتر هێندەی نەبرد بەرەو فرانکفۆرت گەڕایەوە بۆ ئەوەی لەوێدا دەستگەکەی باوکی بەڕێوە ببات.. قەڵغانە سوورەکەش بەوپەڕی شانازییەوە بە سەردەرەی دەرگەکەوە بە هەڵواسراوی مابوویەوە.. جا لەبەر ئەوەی ئامشێل مایەر پاوەر دەیزانی گوزارشت و نیشانە و هێمایە نهێنییەکانی ئەو قەڵغانە چین، بڕیاری دا ناوێکی نوێ لە خانەوادەکەی بنێ.. بۆیێ ناوی (ڕۆچیڵد)ی بۆ خانەوادەکەی هەڵبژارد، وشەی ڕۆچیڵد بە ئەڵمانی واتا قەڵغانی سوور.. بەمشێوەیە خانەوادەی ڕۆچیڵد پەیدابوو.

ئامشێل مایەر پاوەر لە ساڵی ١٨١٢دا مرد، پێنج منداڵی هەبوو زۆر بەوردی لەسەر ئەوە ڕایهێنابوون ببنە ئیمپراتۆری پارەوپوول و

زێـڕ.. بـەتواناترین منداڵیشـی نـاوی (ناسـان) بـوو و لـە کاروبـارە داراییەکاندا توانایەکی سەرنجڕاکێشی دەنواند.. تەنانەت لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا بە ئامـانجی کۆنترۆڵکردنی توانـا ئابوورییـەکانی ئینگلیـز ڕەوانـەی ئیـنگلتەرا کـرا.. ناسـان ڕۆچـیلد لـە سـەفەرەکەیدا ٢٠,٠٠٠ جونەیهی وەرگرت، ئەویش توانی بە گۆڕینی ئەم ڕێژەیە بە دوو هێندە واتـا ٦٠,٠٠٠ جونەیـە لـە مـاوەی تـەنیا سـێ سـاڵدا توانـا و شـارەزاییە داراییەکەی بسەلمێنێ.

مایەر ڕۆچیلد لە ساڵی ١٧٧٣دا هێشتاکە تەمەنی سی و سێ ساڵ بوو.. دوانزە پیاوی زۆر دەوڵەمەندی لـە فرانکفۆرتـدا بینـی بـۆ ئـەوەی باوەڕیان پێ بهێنێ سامان و سەرمایەکانیان کۆبکەنەوە و یەك کۆمەڵـە یـان گـرووپ پێکبهێـنن، بـۆ ئـەوەی بتـوانن پـارەی بزووتنـەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانی دەستەبەر بکەن.

ڕۆچـیلد بـۆی ڕوونکردنـەوە شۆڕشـی ئینگلیـزی بـە چ شـێوەیەك ڕێکخراوە و پیلانی بۆ دانراوە، هەروەها ئەو هەڵانەشی بۆ ڕوونکردنەوە کە لەکاتی شۆڕشەکەدا کراون.. چونکە شۆڕشێکی زۆر هێـواش بـووە و ماوەیەکی زۆری خایاندووە.. هەروەها کۆنەپەرستان بەپێی پێویست و لە ماوەیەکی خێرادا و بە توندوتیژییەوە پاکتاو نەکراون.

نەخشـەی پیلانگێڕییەکـەی فەرەنسـا پشـتی بـە مـانۆڕکردن بـە سامانە یـەکگرتووە زەبەلاحەکـەیان بەسـتبوو، ئەمـەیش دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی هەلومـەرجی پـڕ لـە نیگـەرانیی ئـابووری، بەشـێوەیەك بێکاری لەنێو جەماوەری گەلی فەرەنسیدا بەشێوەیەکی سەرانسەری بڵاو دەبێتـەوە، بـەرەو دۆخێکـی نزیـك لـە برسـییەتی و قـاتوقڕیی دەبـات، ئەوسا بەرپرسیاریەتیی داڕووخانی ئابووری دەکەوێتە ئەستۆی پاشا و

دەربـار و پیاومـاقوولان و کەنیسـە و پیشەسـازان و خاوەنکـاران، پاشانیش کەسانی هاندەر و بانگەشـەکاری بـەکرێگیراو دزە پێدەکەن نێو جەماوەری گەل، بۆ ئەوەی هەستی ڕقوکینە بلاو بکەنـەوە و داوای تۆلەکردنـەوە لـە چـینە دەسـتەلاتدارەکان بکـەن کـە لـە ڕووی سێکسییەوە زۆر داوێنپیسن، هەروەها گشت جۆرە تۆمـەتی ڕاستین و بوختانێکیشیان بۆ هەلدەبەستن.

ئەمەی خوارەوەش دەقـی پوختـەکراوی ئـەو پیلانـی کارەیە کە سرووشـتی کودەتایەکـە بـەدیاردەخات و ئـەو جـۆرە کەسـانە بـۆ کـۆنترۆلکردنی گشـت جـۆرە سـامانێك و ڕەنجـدەرانی بـیر و بـازوو کێشـاویانە (تێبینـی بکـە ئـەم گوتەیـەی خـوارەوە یەکێکـە لـە پرۆتۆکۆلەکانی سەرانی زایۆنیزم):

ڕۆچیلد بە ڕاڤەکردنی ڕەهەندەکانی پیلانەکـە دەسـتی بە قسان کرد و گوتی: ((لەبەرئـەوەی زۆرینـەی خـەلك زیـاتر بـەرەو شـەڕخوازی دەچن نەك حـەزی چاکەکاری و خێرخـوازی، ئـەوا باشـترین هۆکار بۆ وەدەسـتهێنانی باشـترین دەرئـەنجام لـە حوکمڕانیـدا بـەکارهێنانی توندوتیژی و تیرۆر و تۆقاندنـە، نـەك گفتوگۆیـە زانسـتییە هێمنـەکان.. یاسا -بـە بـاوەڕی نـاوبراو- هێزێکـی باوەڕپێهێنـەری دەمامکدارە... هەروەها گەیشتن بـەو دەرئەنجامـە لۆژیکییـەی کـە دەلـێ یاسایەکانی سرووشت دەیسەلمێنن هەق و ڕاستی واتا هێز.

دواتر ڕۆچیلد جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە ئـازادیی سیاسی تەنیا بیرۆکەیەکی داماڵراوە و هـەرگیز نابێتـە ڕاسـتینەیەکی واقیعی.. لەمـەوە ئـەو دەرئەنجامـە دێتـە دەسـت کـە ئـەوەی بـۆ گەیشـتن بـە دەسـتەلاتی سیاسـی پێویسـتە ئەوەیـە کەسـێك یـان دەسـتگە و

دامەزراوەیەك لەنێو جەماوەردا بانگەشەی ئازادی و ڕزگاریی سیاسی بڵاو بکاتەوە، چونکە ئەگەر جەماوەرەکە باوەڕی بەو بیر و هزرە داماڵراوە هێنا، بەوەش ڕازی دەبێت وەك بەرگریکردنێك لەو بیر و ئایدۆلۆژیایە لە هەندێك ئیمتیاز و مافی خۆی خۆش ببێت... هەروەها پیلانگێڕانیش دەتوانن دەست بەسەر ئەو ماف و ئیمتیازانەدا بگرن.

پاشان ڕۆچیلد جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەستەهەڵاتی زێڕ توانیویەتی کورسیی فەرمانڕەوایی لە دەستەهەڵاتدارە ئازادیخوازەکان بستێنێ.. هەروەها ئەوەشی وەبیری گوێگرانی هێناوەتەوە ئایین ڕۆژگارێك بەسەر جڤاکدا زاڵبووە.. بەڵام کاتێك ئایین بە ئازادی گۆڕدراوەتەوە، خەڵك نەیانزانیوە ئەو ئازادییە بەشێوەیەکی میانڕۆ بەکاربێنن... ئەمەیش دنەی داوە ئەو دەرئەنجامە وەدەستبێنێ کە پیلانگێڕان دەتوانن بۆ خۆشکردنی ئاگری ململانێیە چینایەتییەکانی نێو جڤاك، بیرۆکەی ئازادی بەکاربێنن.. هەروەها گوتوویەتی بۆ ئێمەو سەرکەوتنی پیلانەکەمان هەرگیز گرنگ نییە ئاخۆ حکوومەتە بەرقەرارەکە لە ناوەوە یان لە دەرەوەڕا دەڕووخێندرێ، چونکە کەسی سەرکەوتوو جا هەر کێیەك بێت، پێویستی بە پارەوپوول و سەرمایە هەیە، پارە و پوول و سەرمایەش بەتەواوی لە دەستانی ئێمەدایە.

*ڕۆچیلد دوای ئەمە ڕایگەیاند گەیشتن بە ئامانج بە هەر ئامراز و هۆکارێك ڕەوایە، چونکە ئەو دەستەهەڵاتدار و فەرمانڕەوایەی بەپێی بنەما و یاسایە ئەخلاقییەکان فەرمانڕەوایی دەکات، لە مانۆڕەکاندا ئەو سیاسییە زیرەکە نییە، چونکە پابەندی ڕاستی و هەق و یاسا و شەریعەتەکان دەبێت و نایەوێ درۆ لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆیدا بکات، بەمشێوەیە پێگە و دۆخی لاواز دەبێت و بەردەم لەبەردەم هەڕەشەی

لەرزین و داڕووخاندا دەبێت. دواتریش گوتوویەتی: ئەوانەی حەزیان لە دەستهەڵاتدارییە دەبێ پەنا ببەنە بەر پیلانگێڕی و فیتنەچییەتی و فڕوفێڵ و درۆ و بوختانی هەڵبەستراو، چونکە نموونە باڵاکانی کۆمەڵایەتیی وەك ڕاستگۆیی و ڕەفتاری ڕاست و دروست، لە سیاسەتدا تەنیا چەند کەموکورتییەکی گەورەن و هیچی دیکە.

من باوەڕی تەواوم بەوە هەیە ئەو بەڵگەنامانەی لە ساڵی ١٩٠١دا کەوتنە دەست پرۆفیسۆر نیلۆسی ڕووسی، دواتر لە ساڵی ١٩٠٥ وەك پەرتووکێك بەناوی (مەترسیی جوولەکە) لە ڕووسیا چاپ و بڵاوی کردەوە ، تەنیا دەقێکی فراوانکراوی کودەتایە ڕەسەن و بنچینەییەکە بووە. لە بەراوردکردنی دەقەکەشدا بەشی یەکەم وەك ئەو شتانەن کە تیایدا هاتوون.. بەڵام هەندێك زانیاریی دیکەی بۆ زیادکراوە و ڕوونی دەکەنەوە چۆن پیلانگێڕان داروینیزم و مارکسیزم و تەنانەت بنەما و ڕێبازەکانی فەلسەفەی نیچەشیان بەکارهێناوە.. لە هەموو ئەمانەیش گرنگتر ئەو بەڵگە نامانەی لە ساڵی ١٩٠١دا ئاشکرابوون، ڕوونی دەکەنەوە چۆن زایۆنیزم وەك چەکێکی نوێی نێو کودەتایەکە بەکاردەهێندرێ.. لێرەوە پێویستە ڕوونی بکەینەوە زایۆنیزم لە ساڵی ١٨٩٧دا لەدایکبووە.

پەرتووکی (مەترسیی جوولەکە) لەلایەن بەڕێز ڤیکتۆر مارسدن وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و کۆمپانیای چاپەمەنی بریتۆنز لە لەندەن لەژێر ناونیشانی پرۆتۆکۆلەکانی سەرانی زایۆنیزم لە ساڵی ١٩٢١ چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

لەوانەشە ئەم پرسیارە خۆی زەق بکاتەوە: بەڵگەی دروستیی بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوە نهێنییانە چین؟.. جا ئەگەر لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوانە دڵنیابینەوە، چۆن بیسەلمێنین بابەتی لەمجۆرەیان تیادا تاوتوێ کراوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر سادە و سانایە.. گرنگیدان و چاودێریی خواوەندی بووەتە هۆی ئاشکرابوونی ئەم پیلانە ئەهریمەنییە.

لە ساڵی ١٧٨٥دا سوارچاکێك بە ئەسپەکەی خۆی ڕێگەی نێوان فرانکفۆرت و پاریسی گرتبوو و چەند زانیارییەکی تێروتەسەلی گشتیی سەبارەت بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانی و چەند ڕێنماییەکی تایبەت بە شۆڕشی فەڕەنسی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو.. ئەو ڕێنماییانە لە نوورانییە جوولەکەکانی ئەڵمانیا دەرچوو بوون و ئاراستەی سەروەری مەزنی (ماسۆنیی خۆرهەڵات)ی نێو وڵاتی فەڕەنسا کرابوو.. هەروەها ئەنجوومەنی ماسۆنییەکانیش کە بە ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵات ناسرابوو، لە فەڕەنسا ببووە چەند پێگە و تۆڕێکی نهێنی و لەسەر دەستی (دۆق دورلیان)ی سەروەری مەزنی ماسۆنییەکانی فەڕەنسا ئامادەکاریی بۆ شۆڕش و کاری توندوتیژی دەکرد.

لەو کاتەی کابرای سوارچاك ملی ڕێگەی گرتبوو، لە ناوچەی ڕاتیسبۆندا هەورەتریشقەیەك لێی دەدات و دەیکوژێ.. ئەو بەڵگەنامانەی هەڵیگرتبوون دەکەوێتە دەست پیاوانی پۆلیسەوە، ئەوانیش دەیدەنە دەست دەستهەڵاتە خۆجییەکانی باڤاریا.. بەمشێوەیە و لە کاتی شرۆڤەکردنی ئێمە بۆ پێشکەوتنی ڕووداوەکان، پێوەندییەك لەنێوان بنەماڵەی ڕۆچیلد و جوولەکە نوورانییەکانی فرانکفۆرت و ئەو نوورانییانەش دەبینین کەوا دزەیان کردبووە نێو ماسۆنییەتی ئازادی فەڕەنسا و ئەوانیش ئەنجوومەنی تایبەتی خۆیانیان بەناوی (ئەنجوومەنە مەزنەکانی خۆرهەڵات) دامەزراندبوو.

نوورانییەکان لەگەڵ مارکیز میرابۆ بەریککەوتن. میرابۆ سەر بەچینی ئەرستۆکراتەکان بوو، لە نێوەندی دەربار و کۆشکی پاشایەتیشدا هەژموونێکی مەزنی هەبوو. هاوڕێیەکی گیانی بە گیانیی

ئــەو دۆقــە بــوو کــە وەك نمایــە بەرچــاوەکەی شۆڕشــی فڕەنســی هەڵبــژێردرابوو.. لــە مانــەیش گــرنگتر، مــارکیز میرابــۆ لــە ئــەخلاق داماڵرابوو، ژیانی پڕ لە داوێنپیسی و بەد ئەخلاقی و کاری نابەجێ بوو، ئەمەیش وایکرد تا بیناقاقای بکەوێتە نێو قەرزی زۆر گەورەوە.

بۆ گەورە سووخۆرەکان زۆر سانا بـوو وەهـا لـە بـەکرێگیراوانیان بکـەن لەگـەڵ میرابـۆی گوتاربێـژی بـەناوبانگی فڕەنسـی بکەونـە نێو پێوەندییەوە..جا لەژێر پەردەی هاوڕێیەتی و سەرسامبوون بە بەهرەی گوتاربێژیی ناوبراوەوە، ئەو بەکرێگیراوانە یارمەتیی مادییـان دەخستە بەردەم میرابۆ بۆ ئەوەی لە تەنگوچەڵەمە داراییەکانی دەربازی بکەن.. بەڵام ئەوەی مەبەستیان بوو، پیلاندانان بوو بۆ کەوتنە نێـو خەرەنـدی خراپەکاری و بەدڕەوشتی و سێکسیێکی زۆر نزم.. ئیدی میرابۆ گەیشتە دۆخێـك پارەیـەکی زۆری ئـەو کەسـانە قـەرزار بێـت و بکەوێتـە ژێـر ڕەحمــەت و ویســتیان.. لــە کۆبوونەوەیەکــدا کــە بــۆ تۆمــارکردنی قەرزەکانی بەڕێوەچوو، میرابۆ بە جوولەکەیەکی گەورە ناسێندرا، ئـەو جوولەکەیـە نـاوی موسـا منـدلۆهن بـوو، نـاوبراو میرابـۆی خستە ژێر گرنگیپێـدان و باوەشـی بـۆ کـردەوە، لـە کـاتێکی زۆر گونجاویشدا بە ژنێکـی زۆر جـوان و دڵڕفێنـی ناسـاند، ئـەو ژنـە چـەندە جـوان بـوو، هێندەش لە ئاکار و ڕەوشتی جوان بەدووربوو.

ئەو ژنـە جـوەوە جـوان و شۆخوشـەنگە ژنـی پیاوێـك بـوو بـەناوی هێرز.. بەڵام ئەم مەسەلەیە لـە دڵـی میرابـۆدا تـەنیا ئـاگری عـەودالی و هـەڵوەدایی گەشـترکرد.. هێنـدەی پێنەچـوو ژنەکـە ئەوەنـدەی لەگـەڵ میرابـۆ کـاتی بەسـەر دەبـرد، نیـو هێنـدە لەگـەڵ مێردەکـەی خۆیـدا نەبوو!.. بەمشێوەیە میرابـۆ هـیچ چـارە و دەرچـە و هێـز و ویستێکی

ئەما، بە قەرزی زۆر کۆتوبەندکرابوو و لە هەمان کاتیشدا ژنەکەی هێز بەتەواوی دڵی ڕفاندبوو.

بەمشێوەیە نەك تامەکە بەڵکو قولاپەکەشی قووت دا!.. بەلاّم بەکرێگیراوەکان، هەروەك ڕاوچییە شارەزایەکان، سەرەتا پەتەکەیان لێ توند نەکرد.

هەنگاوی دواتریان ئەوەبوو بیخەنە نێو نوورانییەتەوە.. دەشبووایە سوێندێکی گەورە بخوات پارێزگەری لە نهێنی بکات و لەژێر هەڕەشەوگوڕەشەی کوشتن ملکەچییەکی تەواو بنوێنێ.. هەنگاوی دواتریان ئەوەبوو خستییانە نێو چەند هەڵوێستێکی دیاریکراوەوە کە دوای ماوەیەك بەشێوەیەکی لێڵ و شاراوە بووە شتێکی باو.. مەبەستمان ئەو ڕێگە و شێوازەیە لە دوای ئابڕووچوون و ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسێك دەبێتە هۆی شێواندن و وێرانکردنی وێنە مەعنەوی و کۆمەلاّیەتییەکەی .. دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو ئابڕووچوون و هەڵمەتی ناوزڕاندنەش ئەوەبوو هاوڕێیان و کەسانی نزیکی سەر بە چینە کۆمەلاّیەتییەکەی ڕوویان لێی وەرگێڕا و لێی تەوەلا بوون.. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دڵ و مێشکی میرابۆ پڕ بێت لە ڕقوکینە و ڕقوکینەکەش گۆڕا بۆ حەزی تۆڵەکردنەوە و بە باوەڕداربوون بە بنەمایەکانی پرسی شۆڕش هەستی ڕق و حەزی تۆڵەکردنەوەی خۆی بەدەرخست.

ئەرکی میرابۆ هەوڵدان بوو بۆ ئەوەی سەرنجی دۆق دۆرلیان ڕابکێشێت و لە خشتەی ببات و باوەڕی پێ بهێنێ بە ڕۆڵی سەرکردە و ڕێبەری شۆڕش ڕازی بێت.. ڕێککەوتنە نهێنییەکە بە جۆرێك بوو دۆق دۆرلیان لە دوای پاشا خۆی وەك دەستەلاّتدارێکی دیموکراسیخواز

ڕابگەیەنێ.. پیلانگێرانی کودەتای شۆڕشی فەرەنسی سووربوون لەسەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك میرابۆ و دۆق دۆرلیان نەزانن پیلانی لەسێدارەدانی پاشا و شاژن و و هەزاران پیاوماقووڵی ئەرستۆکراتی لە گۆڕێدایە.. هەروەها ئەو باوەڕەشیان لەلایان دروستکرد ئامانجی شۆڕشەکە تەنیا پاککردنەوەی سیاسەت و ئایینە لە خەیاڵی پووچ و دکتاتۆرییەت و کەڵەگایی.

ئەرکی ڕێکخستن و هەماهەنگیی سرووت و ڕێوڕەسمی نوورانییەکان خرایە ئەستۆی ئادەم وایز هاویت بۆ ئەوەی لە (ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلات)ی ماسۆنییەکاندا بەکاری بێنێ.. وایز هاویت لە فرانکفۆرت دەژیا، میرابۆ دۆق دۆرلیان و تالیرانی هاوڕێی بە وایز هاویت ناساند، ئەویش لەلایەن خۆیەوە ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆی بە نهێنییەکانی (ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلات)ی ماسۆنییەکانیان ئاشنا بکات– واتا ماسۆنییەتی ئازادی فەرەنسی.. لە سەروبەندی ساڵی ۱۷۸۹دا زیاتر لە دوو هەزار ئەنجوومەن لە فەرەنسا سەریان هەڵدا و هەموویان سەر بە ماسۆنییەتی مەزنی خۆرهەلات بوون، لق و پۆپەکانیان زیاتر لە سەت هەزار ئەندام دەبوون. بەمشێوەیە نوورانییەتی یەهودی بە سەرپەرشتیی موسا مندلسۆهن و لەسەر دەستی ئادەم وایز هاویت توانیان دزە بکەنە نێو دڵی ماسۆنییەتی ئازادی ئەورووپی.

دوای ئەمە نوورانییە جووەکان لەنێو ئەنجوومەنی ماسۆنییەکان چەند لیژنەیەکی نهێنیی شۆڕشگێڕییان دامەزراند. بەمشێوەیە بناغە پتەوەکەی بزووتنەوەی شۆڕشی فەرەنسا لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی سەر بە ئەنجوومەنەکانەوە دارێژرا.

دوای ئـەوەی میرابـۆ لـە ئەرکەکەیدا سـەرکەوتنی وەدەسـتهێنا، وردە وردە خــەریکبوو هاوڕێیەکــەی بخزێنێتــە نێــو خراپــەکاری و بەدڕەوشتی، تا هاوڕێیەکەی گەیشتە ئـەو ئاستە نزمـەی پێشـتر خۆی تێیکەوتبوو، بەمەیش بەرەو گۆشەگیربوونی کۆمەڵایەتی ڕاپێچی کـرد.. چـوار سـاڵی نـەبرد تـا شـان و پشـتی دۆق دۆرلیـان بـە قـەرزی زۆر چـەمایەوە، بەشـێوەیەك هـیچ دەرچـەیەکی نەبینیـەوە و بـە ناچـاری ڕێگەیەکی مەترسیداری گرت، ئەویش بەشداریکردن بـوو لـە کردەکـانی قاچاغچییەتی و بازرگانیی قەدەغەکراو، بـۆ ئـەوەی قـەرەبووی هەنـدێ زیانی بکاتەوە. بەڵام بـەردەوام سەرکێشییەکانی شکستیان دەهێنـا و بەشـێوەیەکی سـەیر و لێـڵ ئاشـکرا دەبـوو، بەمــەیش کەوتــە نێــو هەڵوێستی خراپتر و زیانی گەورەتری بەرکەوت.

لە ساڵی ١٧٨٠ قـەرزەکانی گەیشـتنە ٨٠٠,٠٠٠ لـیرەی فرەنسـی.. دیسـانەوە سـووخۆرەکان لێـی نزیکبوونـەوە و سـەبارەت بـە کاروبـارە داراییـەکان ئامۆژگـاریی تایبـەتیان دەکـرد و بەشـێوەی کـاش پارەیـان دەدایـێ.. داو و تەڵـەیان لـە دەوروبەریـدا دادەنایـەوە و لـە مـانۆڕ و لەخشتەبردنیدا ئەو پەڕی کارامەییان دەخستە گـەڕ، تـا بارودۆخەکـەی گەیشتە ئاستێکی هێندە خراپ، هیچ چارەی نەما تەنیا بەبارمتـەدانانی گشـت موڵـك و زەوی و کۆشـك و تـەلارەکانی نـەبێت، بـەو کۆشـکە پاشایەتییەشەوە کە بـۆ خـودی خـۆی تـەرخان کرابـوو، ئەمـەیش وەك دەسـتەبەرکردنی قــەرزەکانی ئەسـتۆی بــوو.. دواتــر دۆق دۆرلیــان گرێبەستێکی واژۆ کرد و ڕێگەی بە خاوەنقەرزەکان دەدا گشـت زەوی و موڵکەکانی هەڵسوڕێنن، تاکو ڕێژە پارەوپوولێکی بـۆ دەسـتەبەر بکـەن

قەرزەکانی پێ بداتەوە و دەرامەتێکی جێگیریشی پێ بدەن بتوانێ پێی بژیەت.

دۆق دۆرلیـان هـیچ کاتێـك پیـاوە گـرنگ و پڕشـنگدارەکەی نێو مەسـەلە ئابوورییـەکان نـەبوو.. لـە کـاتی واژۆکردنـی گرێبەسـتەکەش لەگەڵ قەرزدەران و سووخۆرانی جوولەکەدا بە هەموو ئەقڵی خۆی وای دەزانـی گرێبەسـتەکە ڕێککـەوتنێکی دروسـت و بـێ گرفتـە.. چـونکە سووخۆرەکان هەڵسوڕاندنی موڵکەکان و کورتهێنانە داراییەکەیان گرتـە ئەستۆ تاکو بیکەنە سەرکەوتنێکی مادی.. ئێ لەمە زیاتر چی دەوێ... ڕاستییەکەی دۆق هەرگیز گومانی نەدەکرد بە واژۆکردنی ئەو گرێبەستە جەستە و ڕووحی خۆی فرۆشتووەتە ئەهریمەن.. بەڵام ئیدی کار لە کار ترازا و بە تـەواوی کەوتە ژێر دەستی بەکرێگیراوەکان.

هێز و دەستە شاراوەکانی پشت پەردە جوولەکەیەکی بـە بنەچە ئیسـپانیان بـۆ سەرپەرشـتیکردنی موڵـك و کۆشـکی پاشـایەتیی بالیـە ڕۆیـالی دۆق دۆرلیـان دەستنیشـان کـرد.. نـاوی ئـەو سەرپەرشـتیارە جوولەکەیـەش شـۆدرلۆس دی لا کلـۆس بـوو.. شـۆدرلۆس بـە پەڕتووکەکـەی بـەناوی (پێوەندییـە مەترسـیدارەکان) و چـەندان پەڕتووکی ئابڕووبەرانەی سێکسی بەناوبانگ بوو..بە ئاشکرا بەرگری لە داوێنپیسـی و بەدڕەوشـتییە بێسـنوورەکان دەکـرد، بـەو پاسـاوەی سیاسـەتی خۆشەویستی لـە گشـت لایەنێکـەوە شرۆڤە دەکـات، چونکە شەیدای سیاسەتە ! !

ئەو کابرایە کۆشکی دۆقی کردە گەورەترین و بەناوبانگترین خانـەی ئابڕووبـەری و تـا ئێسـتە جیهـان نموونـەی لەمشـێوەیەی بەخۆیـەوە نەبینیوە.. دواتریش بووە ئەو مەڵبەنـدەی وردەکـاریی نەخشـە و پیلانـی تێکدانی بـاوەڕە ئایینییـەکان و ئاکـاری گشـتیی فەرەنسـی دادەنـدران و

جێبەجێ دەکران. کۆی ئەو ڕەفتارانەی لەسەر بنەمایەکی حاخامییەوە بەڕێوەدەبران: شۆڕشگێرە گەنجە بەدڕەوشتەکانم پێ باشترە!

شۆدرلۆس دی لاکلۆس لەم ئەرکەدا بەتەنیا نەبوو، بەڵکو هاوبەشێکی دیکەی جوولەکەی هەبوو بەناوی کاگلیۆستڕۆ بجۆزیف بالسامۆ.. ئەو کەسە خانوویەکی دۆقی کردە چاپخانە و بڵاوکراوە و ئاگادارییەکانی شۆڕشی لێ لەچاپ دەدا.. هەروەها لیژنەی ڕاگەیاندنکارە شۆڕشگێڕە ماندەرەکانی ڕێکخست کە ئامانجیان بڵاوکردنەوەی ئەدەبی شۆڕشگێڕی بوو، چەندان ئاهەنگی مۆزیك و شانۆگەری و کۆبوونەوەی گوتاربێژیی بۆ گفتوگۆکردن بەڕێوەدەبرد.. ئامانجی لە کۆی ئەو شتانە وروژاندنی هەستوسۆزی جەماوەر و زەمینەسازکردن بوو بۆ شۆڕش.. بالسامۆ بازنەیەکی شۆفار و چاوی چاودێریکردنی ڕێکخست، بۆ ئەوەی زانیاریی تایبەت بە ئابڕووچوونەکان بگەیەننە پیاوانی نێو هێزە شاراوەکە و لە پرسەکانی ناوزڕاندنی کەسییەتیە باڵایەکانی کۆمەڵایەتیدا بەکاریان بێنن.. ئەو ژن و پیاوانەی دەکەوتنە نێو تەڵەی لاکاوس و بالسامۆ، یەکسەر دەبوونە نێچیری هەڕەشەکردن و فەرمان و کرداری زۆرەملێ، تا دەبوونە ئامرازی بەردەستیان و بەوپەڕی گوێڕایەڵییەوە فەرمانەکانیان بەجێ دەهێنا.

بەمشێوە موڵك وماڵی دۆق دۆرلیان بووە مەڵبەند و بارەگەی نەخشە و پیلاندانان بۆ شۆڕش.

شانە نوستووەکان دزەیان کردە نێو هۆڵی کۆبوونەوە و شانۆ و پیشانگەی هونەری و یانە وەرزشییەکان، ئیدی ئەو شوێنانەیان کردە هۆڵی سەرکێشی و شوێنی لەشفرۆشی و مەیخانە و مادەی هۆشبەر.. ڕێبەرانی پێشبینیکراوی شۆڕشی فرەنسی کەوتبوونە نێو ئەو کەشە پڕ لە پەتایەوە، لەوێدا ویژدانیان لەکار کەوت، دواتریش بە هاندانیان بۆ

ئقەمبوون بەنێو کاری بەدخوازی و داوێنپیسی، بەیەکجاری ویژدانیان نەما.

سکادر لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (میری خوێن) و لە کاتی باسکردنی کۆشکی بالیە ڕۆیالدا دەڵێ: ئەو کۆشکە بارتەقای گشت شوێنەکانی پاریس پیاوانی پۆلیسی سەرقاڵکردبوو.

خوشکی شاژن ئەنتوانێت چەند نامەیەکی کەسییانەی بۆ شاژن نارد و ئاگاداری کردەوە نەخشە و پیلانی کودەتایەك لە گۆڕێدایە و خاوەن بانکە جیهانییەکانیش دەستیان تێدایە، هەروەها ئەنجوومەنی ماسۆنییەتی ئازادی فەرەنسیش تیایدا بەشدارن.. بەڵام ماری ئەنتوانێت (١٧٥٥-١٧٩٣) نەیتوانی باوەڕ بەو شتە ترسێنەرانە بکات، وەك وەڵامێکیش بۆ هۆشداری و ئاگادارکردنەوەکەی خوشکەکەی لەوەی کە نووسیبووی نوورانییەکانی فەرەنسا لەژێر پەردەی ماسۆنییەتی خێرخوازەوە کار بۆ ڕووخاندنی دەوڵەت و کەنیسە دەکەن، ماری ئەنتوانێت نامەیەکی بۆ خوشکەکەی ناردبوو و تیایدا نووسیبووی: (نیگەرانییەکەت سەبارەت بە ماسۆنییەت لە جێگەی خۆیدا نییە و زێدەڕۆییانەیە، چونکە لێرەوە لە گشت شوێنێکی دیکەی ئەورووپا کەمبایەخترن).

مێژوو هەڵەی گەورە و سەرچیغڕۆیشتنی ماری ئەنتوانێت دەخاتە بەرچاو، چونکە بەردەوام هۆشدارییەکانی خوشکەکەی پشتگوێ دەخست، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی خۆی و مێردەکەی بەرەو گیوتین ڕاپێچ بکرێن.

زۆربەی شرۆڤەکارانی مێژوو پێیان وایە، شاژن ماری ئەنتوانێت ژنێکی بەلاروولەنجە بووە و زۆر حەزی لە ڕابواردن و سەرگەرمی بووە و

کەوتووەتە نێو شەپۆلی خۆشی و شادی و ئەو چێژانەی باڵیان بەسەر دەرباری کۆشکی فەرەنسیدا کێشابوو، هەروەها باس لە چەندان پرسی عەشقبازی و وروژێنەر دەکەن کە وەك ڕاستییەك دەیدەنە پاڵی، وەك ناپاکیکردن لە مێردەکەی لەگەڵ هاوڕێیەکانی و ژیانە ڕووت و پڕ لە سەرکێشییەکەی.. بەڵام ڕاستییەکەی ئەم وێنەیەی ماری ئەنتوانێت تەنیا لەلایەن بالسامۆ و هاوکارانی کێشرابوو، کێشانی ئەو وێنە ساختەیە لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی بەرفراوانی ناوزڕاندان دژ بەو شاژنە بەڕێوەچوو.. چەسپاندنی ئەم وێنە خراپە لە مێشکی جەماوەردا بووە ڕێخۆشکەرێك بۆ ئەوەی دوای شۆڕش گەل داوای سەری بکەن.. مێژوونووسان سەلماندوویانە ئەو بەندوباڵۆرانەی بۆ ماری ئەنتوانێت هەڵبەستراون، تەنیا درۆ و بوختانن.. زۆر ئارامگرتنی ناوبراو لەهەنبەر فڕوفێڵ و تەڵە و داوی دوژمنەکانی و ئەو نەفسبەرزییەی بەهۆیەوە ڕوویەڕووی چارەنووسەکەی خۆی بووە و ئەو ئازایەتییەی لە کاتی نزیککەوتنەوەی لە گیوتین پیشانی دا، ڕاستیی پاکییەتیی ئەو شاژنەمان بۆ دەسەلمێنن.. ناکرێ ئەم سیفەتانە لە ژنێکی داوێنپیسی بەئاڵووشدا ببیندرێن.

جا بۆ بەردەوامبوون لە زڕاندنی ناوبانگی شاژن، وایزهاویت و مندلسۆهن پرسی (ملوانکەی گەوهەری) یان وروژاند.. ڕووداوەکەش بەمجۆرە بووە:

لەو کاتیدا خەزێنەی فەرەنسی لە خراپترین دۆخدا بووە، حکوومەتی فەرەنسی پەنای بردبووە بەر بارۆنەکانی سەرمایە و دارایی بۆ ئەوەی قەرزێکی زۆری بدەنێ.. لەو کاتیدا بەکرێگیراوێکی شۆفاری سەر بە سەرانی کودەتایەکە دەچێتە لای زێڕینگرەکەی دەربار، بەناوی

شاژنەوە داواکارییەکی درۆین دەنووسێت و دەیداتە دەست زێڕنگرەکە، بۆ ئەوەی ملوانکەیەکی زۆر گرانبەها بۆ شاژن دروست بکات کە هەر لە ملوانکە ئەفسانییەکان دەچوو، نرخەکەشی گەیشتە چارێکە ملیۆنێك لیرەی فرەنسی.. زێڕینگرەکەش ملوانکەکە دروست دەکات و دەیداتە دەست شاژن بۆ ئەوەی ڕا و بۆچوونی بزانێ، بەڵام شاژن بە هەموو شێوەیەك ملوانکەکەی ڕەت کردبوویەوە و بێ ئاگایی خۆیشی لە نامەکە پیشاندابوو.. بەڵام سەربردەکانی تایبەت بەو ملوانکە ئەفسانەییە، وەك پیلانگێڕەکان هەوڵیان بۆ دابوو، لە گشت شوێنێکدا کەوتە سەر زاران.. هەروەها ئامێری زەبەلاحی بوختان و پروپاگەندەیان بەگەڕخست کە لە لایەن بالسامۆوە سەرپەرشتیی دەکرا، هێندەی نەبرد ماری ئەنتوانێت نوقمی لافاوی ڕەخنە و سەرکۆنەکردن بوو، کەسیەتییەکەی لەکەدار بوو، ناوبانگی کەوتە نێو چڵپاو.. کاتێکیش ئەو هەڵمەتە گەیشتە ترۆپك، بالسامۆ دەستە پۆڵاینەکەی خۆی وەشاند، چاپخانەکەی خستەگەڕ و هەزاران هەزار بڵاوکراوەی دژ بە شاژن بڵاوکردەوە، بوختانێکی دیکەی کردبوو گوایە عاشقێکی نهێنیی شاژن وەك دەربڕینی سەرسامی بە جوانی و شۆخوشەنگیی شاژن، ئەو ملوانکەیەی پێشکێش کردووە!

بەڵام خۆ مەسەلەکە لەم ئاستەش نەوەستا، بەڵکو پیلاندانەرانی ناوزڕاندنەکە بۆ لەکەدارکردنی ناوبانگی شاژن بیرۆکەیەکی چەپەڵتر و ئەهریمەنانەتریان داهێنا.. نامەیەکیان بۆ کاردینال برێنس دی ڕۆهان نووسی کە واژۆیەکی ساختەی شاژنی لەسەر بوو.. لە نامەکەدا داوا لە کاردینال کرابوو نیوەی شەوێ لەگەڵ شاژندا بچێتە کۆشکی بالیە ڕۆیال، بۆ ئەوەی سەبارەت بە ملوانکەکە بئاخڤن.. پیلانگێڕان بە

لەشفرۆشێکی کۆشکەکەیان ڕاسپاردبوو پۆشاکی شاژن لەبەر بکات و شەوێ چاوی بە کاردینال بکەوێ.. هەواڵەکەش گەیەندرایە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان و سەربردەی زۆر هەرزانی سێکسییان تیادا بڵاوکردبوویەوە تیایاندا هەردوو گەورە کەسییەتیەکانی دەوڵەت و کەنیسە کرابوونە ئامانج.

مێژوو باس لەوە دەکات دوای ئەوەی ملوانکە گەوهەرییەکە لە فرەنسا ئەرکە زۆر چەپەڵ و نەگریسەکەی بەجێگەیاند، بردرایە ئینگلترا.. دەشڵێن زۆربەی دانە گەوهەرەکانی بەشێوە ئەسڵییەکەی خۆی لەلای جوولەکەیەك بەناوی ئیلیاسۆنەوە پارێزراوە.

هەروەها بەڵگەیەکی دیکەی یەکلاکەرەوە هەیە دەیسەلمێنێ سووخۆرانی جوولەکە لە ئینگلترا پێوەندییان بە دانانی ئەو نەخشە و پیلانانە هەیە کە بوونە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی فرەنسی.. ئەم بەڵگەیەش لەلایەن لیدی کۆینزبۆرۆی ژنە نووسەری پەرتووکی (کەمنووتی ئەهریمەنی) یەوە لێی کۆڵراوەتەوە.. لە میانی لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا، چاپکراوێکی کۆنی وەگیر دەکەوێ، چاپکراوەکە بەناونیشانی (دوژمنایەتی و ڕکابەریی هەنبەر سامییەکان) لەلایەن برتار لازاری جوولەکە لە ساڵی ١٨٤٩دا نووسراوە.. لیدی کۆینزبۆرۆ لە زانیارییەکانی نێو پەرتووکەکەدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی بنیامین گۆڵد شمید و ئەبراهامی برای و هاوبەشەکەیان مووسا میکانا و برازایەکەی سێر موسی مۆنتیفیۆر کە هەر هەموویان لە ئینگلترا پارەداری جوولەکە بوون، پێوەندییان لەگەڵ برایە جوولەکەکانی نێو ئەورووپادا هەبووە و بەیەکەوە کاریان بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی فرەنسی کردووە.. هەروەها چەندان بەڵگەی

دیکه دۆزراونەتەوە و دەیسەلمێنن دانییل ئیتشیعی بەرلینی و داڤید فزیدلاندری زاوای و هێرز گریبیری ئەلزاسی و ڕۆچیلد دەستیان لە کودەتایەکەدا هەبووە.. بەمشێوەیە دەمامکی ئەو کەسانە بەردەبنەوە کە لەو کاتیدا هێزی شاراوەی پشت بزووتنەوەی شۆڕشی جیهانی بوون.

زۆریش گرنگە شرۆڤەی ئەو هۆکار و ئامرازانە بکەین کە ئەو سووخۆرانە بۆ کورتهێنانی دارایی حکوومەت بەکاریان هێناوە، چونکە دواتر هەمان ئەو هۆکار و ئامرازانە لە ئەمریکا و ڕووسیا و ئیسپانیا و وڵاتانی دیکەدا بەکارهاتوون.

سێر والتەر سکۆتی نووسەری بریتانی لە بەرگی دووەمی ژیانی ناپلیۆندا، وێنەیەکی ڕوونی قۆناغە سەرەتاییەکانی گەمەی شۆڕشی فرەنسی دەخاتە ڕوو.. بەمجۆرە باسی بارودۆخی ئەو کاتی دەکات: ئەو دەوڵەمەند و بارۆنانەی پارەیان دایە حکوومەتی فرەنسی، ڕێك وەك ڕەفتاری سووخۆرانی هەنبەر بانکێکی مایەپووچ ڕەفتاریان کرد.. چونکە بەدەستێك لەپێناو دەستبلاوی و خۆشڕابواردنەکانی قەرزی پێویستیان پێ دەدا، بۆ ئەوەی بە دەستەکەی دیکە پاشماوەی ئەو سامانە بگوشن کە بۆ دانەوەی سوودە نا لۆژیکییەکان دەچوو.. بەمشێوەیە زنجیرەیەکی دووردرێژی قەرزی ڕووخێنەرانەی ئەو سووخۆرانە بەدوای یەکتریدا هاتن کە لە دوای خۆیدا ماف و ئیمتیازی جۆراوجۆریشی بۆ سووخۆرەکان دەستەبەر دەکرد، ئەو مافانەش وەك دەستبەرکردنی نەفەوتانی قەرزەکانیان بوو.. بەمشێوەیە شپرزەیی دارایی دووچاری دەوڵەتی فرەنسی بوو.

دوای ئەوەی بارودۆخی حکوومەتی فرەنسی زۆر خراپ بوو، ناچاربوو داوای قەرزی نوێ بکات بۆ ئەوەی پارە و گوژمە بۆ ئەو پرۆژە

جەنگییانە دابین بکات کە خودی جەماعەتی کودەتایەکە پەلکێشی نێویان کردبوو.. سووخۆرەکان بە خۆشخوورییەوە ڕەفتاریان کرد و قەرزی پێویستیان خستە بەردەم حکوومەتی فرەنسی، بەو مەرجەی خۆیان ڕێککەوتنامەی گرێبەستی قەرزەکە بنووسن.. ئەو مەرجانەی نووسیبوویان لە ڕووکەشدا نەرم و لێبوردە بوو، بەڵام دواتر توانیان ماری ژەهراوی بخەنە نێو ژوورەکەوە، مەبەست لە نوێنەرەکەیانە بەناوی بەڕێز نیکەر کە خستیانە نێو حکوومەتی فرەنسییەوە، قەرزدەرەکان داوایان لێی کرد لە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریی پاشادا وەزیرێکی باڵا بۆ کاروبارە داراییەکان دابنێ.. قەرزدەرەکان بانگەشەیان دەکرد کە نیکەر لە کاتێکی زۆر کەمدا دەتوانێ فرەنسا لە تەنگوچەڵەمە داراییەکان دەرباز بکات.. بەڵام ئەوەی لە چوار ساڵی پاشتردا ڕووی دا، ئەوە بوو نیکەر بووە هۆی ئەوەی حکوومەتی فرەنسی بە خراپترین شێوە بخاتە نێو تەڵەی قەرزدەرە جووەکانەوە، تەنانەت بەهای قەرزی نیشتمانی بووە ١٧٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی.

(کاپتن ئەی.ڕامزی) لە پەرتووکەکەی خۆی بەناوی (جەنگێکی بێ ناو) دا زۆر بە وردی بارودۆخەکەی خستووەتە بەرباسەوە و نووسیویەتی: شۆڕش گورزێکە و دەوەشێندرێتە جەستەیەکی ئیفلیج.. کاتێک چنگی قەرزەکان توند دەبن، قەرزدەرەکان کۆنترۆڵی جۆرەها کایە و لایەنی ڕاگەیاندن و چالاکییە سیاسییەکان دەکەن و چنگیش لە پیشەسازی توندتر دەکەن.. بەمشێوەیە گۆڕەپان و شانۆیەکە بۆ گورزی شۆڕش ئامادە و هەموار دەبێت... دەستی ڕاست- کە دەستی پارەی قەرزە- ئیفلیجی بە جەستەکەدا بڵاو دەکاتەوە، بە دەستی چەپیش کە دەستی شۆڕشە- خەنجەرێك لە دەست دەگرێت و قوربانییەکە دەداتە بەر

خەنجەران.. هەروەها تێکدانی ئەخلاقیش کردەکە ئاسانتر دەکات و ڕێگەی هەمواری بۆ دەڕەخسێنێ

جا لەو کاتەی بڵاوکراوەکانی تایبەت بە ناوزڕاندن و لەکەدارکردن نەفرەت بەسەر پیاوانی کەنیسە و دەوڵەتدا دادەبارێنن، بەکرێگیراوانی کودەتایەکەش ئەو کەسانە ئامادە دەکەن کە بڕیاریان لەسەر دەدرێ ببنە ڕێبەرانی دەستهەڵاتی ترس و تۆقاندن و کوشتن، ئەمەیش پێش داڕووخانی پاشایەتی و دەستهەڵاتەکان دێت.. یەکێك لەو ڕێبەرانە ڕۆبسپێر و دانتۆن و مارا بوون.. ئەو پیاوانەی بۆ هێرشکردنە سەر پاستیل و ئازادکردنی زیندانیکراون و دەبەنگەکان بژار کرابوون، لە دێری یەعقووبییەکاندا یەکیان دەگرتەوە.. بەمشێوەیە وردەکارییەکانی پیلانە خوێناوییەکە لەنێو چوار دیواری تەلارێکی پیرۆزدا دادەندرا، هەر لەوێشدا لیستی ناوی کەسانی کۆنەپەرستی سەر بە چینی ئەرستۆکرات و لایەنگرانی پاشا دانرا کە دەبووایە لەنێو ببرێن.. هەروەها بڕیاریش لەسەر ئەوە دەدرێ تاوانکار و شێتوشوارەکان بەریان هەڵبدرێ و لەنێو جەماوەری گەلدا دەست بە کوشتن و سەربڕین و دەستدرێژیی ئاشکرا بکەن، لە هەمان کاتیشدا ئەندامانی شانە نووستووەکان مانۆیل بەڕێوە دەبەن و کەسایەتییە مەزنە سیاسییەکان و سەرانی ئیکلیرۆس و ئەفسەرانی سەر بە پاشا لە شوێنێکدا مۆڵ دەدەن.

بەشی چوارەم

کەوتنی ناپلیۆن

کەســە بانکییــە نێودەوڵەتییــەکان (ســووخۆرانی جوولەکــە)، پیلانیان بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی فرەنسی داڕشت، پیلانەکەشیان بەجۆرێك بوو خۆیان وەك بکەری شاراوەی پشت پێکهێنانی حکوومەتە ئەوروپییەکان بمێننەوە، ئەمەیش لەپێناو ئەوەدا بوو ئەو حکوومەتانە هەر لەژێر دەستهەڵاتی خۆیاندا بمێننەوە و بتوانن کۆنترۆڵیان بکەن و بە ئارەزووی خۆیان بەکاریان بێنن و دواتریش لە دوورمەودادا بیانکەنە مۆرەی سەر تەختی شەترەنج.

چونکە لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی فرەنسیدا یەعقووبییەکان دەستیان بەسەر دەستهەڵاتدا گرت.. داواشیان لە دۆق دۆرلیان کرد لەپێناو لەسێدارەدانی ئامۆزایە پاشایەکەی دەنگ بدات.. دۆق پێی وابوو دەبێتە پاشای دەستووریی فرەنسا، بۆیێ لەپێناو لەسێدارەدانی ئامۆزایەکەی دەنگی دا، بەمەیش هێزە نهێنییەکان و پیلانگێڕە ڕاستینەکانی لە سەرزەنشت و گومان دوورخستەوە، خۆیشی کردە جێگەی تیروتانە و گومانی چاوەڕوانکراو.. دواتر هێزە شاراوەکان فەرمانی لەنێوبردنی ئەویشیان دەرکرد، گشت هێز و وزەی لەکەدارکردن و ناوزڕاندنیان لەپێناودا چڕکردەوە..دۆق لە ماوەیەکی زۆر کورتدا لە گیوتین نزیکبوویەوە!.. لەو کاتەی لە ڕێگە قەرەباڵغەکاندا لەنێو گالیسکەیەکدا دەبێت، بە گوێیەکانی خۆی دەنگی

گشت چینەکانی جەماوەری دەکەوتە بەرگوێ و لە هەنبەر ئابڕووچوون و لەکەداربوونیدا نارەزاییان دەردەبڕی و ڕق و قینی خۆیان پیشان دەدا!

کاتێکیش بۆ میرابۆ ڕوونبوویەوە تەنیا ئامرازێکی دەستی هێزە نهێنییەکە بووە بۆ تۆڵەکردنەوە لە خەڵك بەکارهێنراوە، پەنجەی پەشیمانیی گەست.. هەرچەندە تەواو بێ ئەخلاق و بەد ببوو، بەڵام نەیتوانی بەرگەی دیمەنە توندوتیژە زێدەڕۆیەکان و کارە پڕ تۆڵەخۆزاییەکانی یەعقووبییەکان بگرێ، کار و کردەوە قێزەونەکانی یەعقووبییەکان دژی ئەو کەسانە دەکران کە سەروەرە نهێنییەکانیان پەنجەی تۆڵەکردنەوە و ئەشکەنجەدانیان بۆیان درێژ دەکردن و فەرمانی لەنێوبردنیان دابوون.. ڕاستییەکەی میرابۆ دژ بە ئازاردانی پاشا بوو، ئامانجی پیلانە کەسییەکەی کەمکردنەوەی ڕۆڵی پاشا بوو، بۆ ئەوەی تەنیا وەك نمایەکی دەستهەڵات بمێنێتەوە، خۆیشی ببێتە ڕاوێژکاری سەرەکیی پاشایە کارتۆنییەکە.. لەبەرئەوە کاتێك لەوە دڵنیابوویەوە ئامانجی سەروەرەکانی کوشتنی لویسە، هەوڵی دا بیباتە دەرەوەی پاریس و لە بارەگەی هێزەکانیدا شوێنێکی بۆ بکاتەوە، هێزەکانیشی هێشتا پشتگیریان دەکرد.. بەڵام یەعقووبییەکان بە پلانەکەی میرابۆیان زانی و فەرمانی لەنێوبردنی ئەویشیان دەرکرد!

وەلێ مەسەلەکە لەهەنبەر ئەودا جیاوازییەکی تێکەوت، چونکە ڕێکخراوەکانی ناوزڕاندن و لەکەدارکردن کاتی پێویستیان لەبەردەمدا نەبوو تۆڕێکی ئابڕووبردن و تۆمەتبارکردنی بۆ بچنن، بۆیێ پەنایان بردە بەر ژەهرخواردکردنی، بەشێوەیەك تاوانەکە وەك ڕووداوی

خۆکوشتن هاتە بەرچاو.. لەو پەرتووکەی سەبارەت بە گەوهەر ئاماژەمان پێی دا ئەم تێبینییانە نووسراون:

لویس دەیزانی میرابۆ ژەهرخوارد کراوە.

دانتۆن و ڕۆبسپێر لە ئەهریمەنە بەرجەستەکراوەکانی سەردەمی تیرۆر و تۆقاندن بوون.. کاتێکیش ڕۆبسپێر و دانتۆن لە خزمەتکردنی ئامانجی نوورانییەکان بوونەوە و کاریان تەواو بوو، نۆرەی ئەوانیش هات، تۆڕێکی تۆمەتبارکردن و ئابڕووبردنیان بۆ چنرا و دواتر ڕەوانەی بەردەم گیوتین کران.

گەورە نووسەری بریتانی سێر واڵتەر سکۆت درکی بە زۆر ڕاستیی تایبەت بە هێزە نهێنییەکانی پشت شۆڕشی فەرەنسی کردووە.. هەر کەسێك پەرتووکەکەی ناوبراو (ژیانی ناپلیۆن) بخوێنێتەوە، هەست دەکات نووسەر لە پیلانگێڕییەکەدا ڕەگوڕیشە و دەستی شاراوەی جوولەکەی ئاشکرا کردووە.

سێر واڵتەر ئاماژە بەوە دەکات کەسییەتییە سەرەکییەکانی شۆڕش زۆربەیان کەسانی بیانی بوون، هەروەها تێبینیشی کردووە ئەو کەسانە گوزارشتی تایبەتی جوولەکەیان بەکارهێناوە وەك بەڕێوەبەران و دانایان.. هەروەها ئاماژەی بەوەشکردووە (مانوێل) بەشێوەیەکی لێڵ و پڕ لە ڕەمز و ڕاز وەك داواکاری گشتیی کۆمۆنەی پاریس دامەزراوە.. سێر واڵتەر دەڵێ ئەو کەسە بەرپرسی گواستنەوەی هەزاران قوربانی بووە بۆ بەندیخانەکانی پاریس، ئەو قوربانیانە دواتر لە قەسابخانە شوومەکەی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٧٩٢ لەنێوچوون و تەنیا لە بەندیخانەکانی پاریسدا ژمارەیان گەیشتە ٨,٠٠٠ کەس. هەروەها سێر واڵتەر تێبینیی کردووە کۆمۆنەی پاریس (ئەنجوومەنی

هەرێمی پاریس) دواتر کەوتووەتە دەستی ئەو یەعقووبیانەی داوای ڕشتنی خوێنێکی زۆرتریان دەکرد.. سکۆت پێی وایە ڕۆبسپێر و دانتۆن و مارا تا تەواوکردنی ئەرکەکانیان و لەسێدارەدانیان ئەندامانی کەنشتی یەعقووبییەکان بوون.. هەر مانۆیلیش بوو چەخماخەی هەڵمەتی دژ بە پاشا و شاژنی هەڵگیرساند و بووە هۆی ئەوەی هەردووکیان بەرەو گیوتین ببرێن..کەسێکی دیکە بە ناوی داڤیدەوە یارمەتیدەری مانۆیل بووە، ئەو داڤیدە ئەندامێکی نێو لیژنەی ئاسایشی گشتی بووە و قوربانییەکانی دادگەیی کردووە.. بەوەش بەناوبانگ بووە بەردەوام داوای کوشتن و خوێنڕشتنی کردووە.

سێر والتەر نووسیوویەتی ئەو دایڤیدە هەموو ڕۆژێک بە دەستەواژەی (با خوێنێکی زۆرتر بڕژێ) دەستی بە کاروباری ڕۆژانەی کردووە.. هەر ئەویش بووە پەرستشی بوونەوەری مەزنی هێناوەتە ئاراوە (کە ماوەیەك شۆڕشی فرەنسی لە شوێنی ئایینی مەسیحی داناوە و فەرمانی ڕەتکردنەوەی دەرچووە)!.. سرووتە بتپەرستییە پێرەوکراوەکانیش جۆرە لاساییکردنەوەیەکی جوولە و چرپەکانی ئاهەنگی ئەو حاخامانە بووە کە سرووشیان لە ئەهریمەن وەرگرتووە.. ئەم سرووتانە شوێنی ڕێوڕەسم و سرووتە مەسیحییەکانیان گرتەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێك بکەین و بڵێین: پەڕتووکە قەبارە گەورەکەی سێر والتەر سکۆت (ژیانی ناپلیۆن) کە لە نۆ بەرگ پێکهاتبوو و ڕاستییەکی زۆر و زەوەندی دەخستە ڕوو، بزرکرا و لە ئێستەدا لە هیچ شوێنێك بەرچاو ناکەوێ!!

هەروەها دەبێ ئاماژە بە پەڕتووکێکی دیکەش بکەین کە (ج. ڕینیە) بە ناونیشانی (ژیانی ڕۆبسپێر) نووسیویەتی، ناوبراو

بەشێوەیەك نووسیویەتی وەك بڵێی زانیاریی سەبارەت بە چەند نهێنییەك هەبێ.. لە پەرەگرافێکدا نووسیویەتی: لە ماوەی نێوان ٢٧ی نیسان و ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٩٤ حوکم و دەستهەڵاتی تیرۆرستی و تۆقاندن گەیشتە ترۆپك. لەو ڕۆژەی دواییدا ڕۆبسپێر هەناسە سارد کرا و پشتی تێکرا، هەروەها بەرپرسی تیرۆر و تۆقاندنی هیچ کەسێك نەبوو، کردەییش نییە ڕۆبسپێر ئەو کەسە بووبێت.. چونکە ژمارەی ئەو کەسانەی لەو کاتیدا هەژموونداو و بەدەستهەڵات بوون لە بیست کەس تێپەڕی نەدەکرد.. لە شوێنێکی دیکەدا ڕینیە نووسیویەتی: ڕۆژی بیست و هەشتی تەمموز ڕۆبسپێر لە بەردەم کۆمەڵەی گشتیدا گوتارێکی دووررودرێژی خوێندەوە و تیایدا هێرشێکی توندی کردە سەر ئەو کەسانەی وەك خۆی دەڵێ تیرۆرستی توندڕۆ بوون.. بەڵام ئەم هێرشەی چەند دەستەواژەیەکی لێڵ و ناڕۆشنی تیادا بوو و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داڕێژرابوون و چەند تۆمەتبارکردنێکی دیارینەکراوی تیادابوو.. ئەو وشە و ڕستانەی هاتنە سەر زاری، بەمجۆرە بوون: من ئێستە و لەم کاتەدا ناوێرم ناوزەدیان بکەم.. هەروەها ناشتوانم ئەو پەردەیە دادڕم کە ماوەی چەندان سەدە و ئەوەی دێرینە ئەم مەتەڵەی داپۆشیوە.. بەڵام من جەخت لەوە دەکەمەوە، لەنێو بەڕێوەبەرانی ئەو کودەتایەدا کەسانی سەر بە ڕێبازی تێکدان و خراپکردن و دەستبڵاوی هەن، ئەمانەیش کاریگەرترینی ئەو هۆکارانەن کەوا کەسانی بێگانە بۆ تێکدان و گەندەڵکردن و بۆگەنبوونی دەوڵەت دایانهێناوە، مەبەستم لەو کەسانەش کاهینە ئەیتەیستە چەپەڵەکان و ڕێبازە پڕ لە خراپەکاری و بەد ڕەوشتییەکەیانە.. هەروەها ڕینیە بەمشێوەیە بۆچوونی خۆی

نووسیوە: ئەگەر ڕۆبسپێر ئەم قسانەی بەزاریدا نەهاتبان لەوانەبوو سەرکەوتن وەدەستبێنێ.. بەڕاستی ڕۆبسپێر زیاد لەپێویست ئاخاوت، لەبەرئەوە بە گوللە لە شەویلاکی درا و تا ڕۆژی دواتر و وادەی پەلکێشکردنی بەرەو گیوتین، دەمکوت کرا!!

بەمشێوەیە ماسۆنییەکی دیکە لەنێوبرا کە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسابوو زیاد لەپێویست بە مەسەلەکە بزانێ.

دوای ئەوەی پیلانگێڕانی کودەتایەکە هەموو ئەو قوربانییانەیان لەنێو برد کە لە شۆڕشی فەرەنسیدا بڕیاری پاکتاوکردنیان درابوو، قۆناغێکی نوێی پیلانگێڕییەکی جیهانییان دەستپێکرد.. ئەنسلیم مایەر ڕۆچیڵد، ناسان مایەری کوڕی بەمەبەستی کردنەوەی لقێکی دەستگەی ڕۆچیڵد لە لەندەن، ڕەوانەی ئینگلترا کرد.. ئامانجیش لەمە پتەوکردنی پێوەندیی ئەو سووخۆرە جیهانییانە بوو کەوا بانکی ئینگلترایان کۆنترۆڵ کردبوو و دەستیشیان بەسەر بانکەکانی فەرەنسا و هۆڵەندا و ئەڵمانیادا گرتبوو..دوای ئەمە خاوەن بانکەکان بڕیاریان دا ناپلیۆن وەک ئامرازێکی جێبەجێکاری خواست و ویستەکانیان بەکاربێنن، بۆیە زنجیرەیەک جەنگی ناپلیۆنییان هەڵگیرساند، لەمەیشدا ئامانجیان ڕووخاندنی چەندان پاشایەتیی دیکەی ئەورووپی بوو.

دوای ئەوە ناپلیۆن بە سوپایەکەی ئەورووپای داگیرکرد، لە ساڵی ١٨٠٤دا خۆی وەک ئیمپراتۆرێك ڕاگەیاند، جۆزیفی براشی کردە پاشای ناپۆلی و لویسی وەک پاشای هۆڵەندا و جیرۆمی وەک پاشای وێستفالیا دەستنیشانکرد.

ناسان ڕۆچیلّدیش، کارەکانی بەشێوەیەك ڕێکخست هەر چوار برایەکەی خۆی کردە پاشای دارایی ئەورووپا، بە واتایەکی دیکە بوونە دەستهەلاّتی نهێنی و دەستی شاراوە.

سویسرا بارەگە و پێگەی سەرکردایەتییەکەیان بوو، لەبەرئەوە بڕیاریان دا سویسرا بە بێلایەنی بهێڵنەوە و بۆ دەستەبەرکردنی سەلامەتیی خۆیان و پارە و پوول و داراییەکانیان، نەیخەنە نێو هیچ ململانێیەکەوە.

لە بارەگەی سەرکردایەتیی خۆیاندا لە ژنێفی سویسرادا سەر لەنوێ چەندان پیلانگێڕی و کودەتای نهێنییان دارشتەوە، کاروبارەکانیشیان بەشێوەیەك ڕێکخست بتوانن لە جەنگەکاندا قازانجی زۆر ناڕەوا و نایاسایی وەدەستبێنن، واتا ئەو جەنگانەی خۆیان هەڵیاندەگیرساندن بەبێ ئەوەی هیچ شت و بەرژەوەندییەکی هەردوو بەرەی شەڕکەر یان دەرئەنجامی جەنگەکە لەبەرچاو بگرن.. ئامرازی فەراهەمکردنی ئەم مەبەستەشیان کۆنترۆڵکردنی کارخانەکانی چەك و تەقەمەنی و پیشەسازیی کەشتی و کانەکان و پیشەسازییە کیمیاییەکان و دروستکردنی دەرمان و تەنووری پۆلا و هتد بوو.

بەمشێوەیە گشت شتێك بەبێ هیچ گرفتێك دەچووە پێشێ.. بەلاّم تاکە شتێك هەبوو کۆمەڵە پیلانگێڕ و کودەتاچییەکەی قەڵس کردبوو، ئەویش خۆپەرستی و لووتبەرزی و پۆزە بێمانایەکانی ناپلیۆن بوو، تا گەیشتە ئەو ئاستەی پشتی تێیان کرد و پەردەی لە ڕووودا هەڵماڵین.. بەمشێوەیە سنوورێکی بۆ سەرکێشییەکانی خۆی دانا.

هەندێك بۆچوون هەیە گوایە زستانە سەختەکە و ساردییە لە ڕادەبەدەرەکەی ڕووسیا ئەو هەڵمەت و هێرشانەی ناپلیۆنیان کردە

گـەورەترین کارەسـاتی سـەربازی لـە مێـژوودا کـە لەسـەرەتادا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە دەچوونە پێشێ.. بەڵام ڕاستییەکەی هۆی شکستی ناپلیۆن تێکچوونی هێڵەکانی پێوەندی بوو کە نەیهێشت کۆمەکی لۆجستی و سەربازی و چەك و فیشەکی پێ بگات.

ئەو پیلانە- کەوا هێزە نهێنییەکان بۆ ڕووخاندن و وێرانکردنی هێزەکانی ناپلیۆن پێڕەویان کرد و ناچاریان کرد دەستبەرداری عەرشەکەی بێت- لەو کاتییەوە بووەتە ڕێبازێکی تەقلیدیی هێزە نهێنییەکانی پشت شۆڕشەکانی جیهان.. پیلانەکەش زۆر سانا و سادەیە، بریتییە لە دانانی بەکرێگیراو و شۆفارە نهێنییەکانیان لە چەق و سەنتەرە سەرەکییەکانی نێو لق و بەشەکانی سوپایەکان، هەر لە پرچەککردنەوە بگرە تا دەگاتە پێوەندی و ڕێگەوبانەکان و گواستنەوە و هەوالگری.. بەمشێوەیە سەرکردەکانی کودەتا دەتوانن لە ڕێگەی تێکدانی کردەکانی پرچەککردن و برینی فەرمانەکان و دەرکردنی فەرمانی دژ و نەناردنی پێداویستیی لۆجستی بۆ ئەو شوێنەی زۆر پێویستی پێی هەیە و سیخوڕیکردن و دژە سیخۆڕیکردنەوە، تەنانەت لەنێو بەهێزترین و سیستماتیکترین هێزدا شپرزەیی و بێسەروبەری و هەراوزەنا بڵاو بکەنەوە.. چونکە ئەو شانە نوستووانەی لەو شوێن و پێگە هەستیارانە دادەندرێن، بارتەقای دە هەزار پیاوی نێو گۆڕەپانی جەنگ دەتوانن کاری گەورە بکەن.. ئەو ئامراز و هۆکارانەی لە ڕووخاندن و شکستپێهێنانی ناپلیۆندا بەکارهێنران، دواتر لە ساڵی ١٩٠٤ بۆ تێکشکاندنی سوپایەکانی ڕووسیا لە بەرانبەر سوپایەکانی یابان وەگەڕخران، هەروەها لە ساڵی ١٩١٧ و لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕووسی و بەرپاکردنی یاخیبوون لە سوپای ئیتاڵی لە ساڵی

١٩١٨دا بەکارهاتن. دزەکردنی کۆمۆنیستەکان بۆ نێو پێگە و پۆستە هەستیارەکانی ئەڵمانیا ئەفسەرێکی سوپای ئەڵمانی ناچار کرد لە ساڵی ١٩١٨دا داوای ئاگربەستێك بکات و پێی بەخشرا. هەروەها هەمان ئەو هۆکار و ئامرازانە لە ساڵی ١٩٣٦دا بۆ تێکشکاندنی کارایی سوپای ئیسپانی بەکارهێنران. هەمان ئەو پیلانانە بۆ شکستپێهێنانی سوپایەکەی هیتلەر لە رووسیا بەکارهێنران دوای ئەوەی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا هێرشێکی سەرکەوتووانەی لە رووسیا بەرێوەبرد.

بەمشێوەیە دەبینین مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، چونکە ئەو هێزانەی کۆنترۆڵی رەوتی کاروبار و رووداوەکانیان کردووە هەموو جارێ هەمان رێگە و هۆکار بەکار دەهێننەوە.. بەڵام لەمانەیش گرنگتر، ئەوەیە ئەوەکانی ئەوانەی بوونە هۆی کەوتن و شکستخواردنی ناپلیۆن، هەر هەمان ئەو کەسانەن بوون کە لە ساڵی ١٩٥٤ و تاکوو ئێستەیش بوونە هۆی بەرپەرچدانەوە و شکاندنی هێزە نیشتمانییەکانی وڵاتی چین..چەند فەرمانێك دەرچوون کە بایی ملیۆنان ملیۆن دۆلار چەك و تەقەمەنی لەجیات ئەوەی بگاتە دەست چیان کیای چیك و لایەنگرانی، نقومبێتە نێو قووڵایی زەریای هندی.. ئەو راستییەی وایکردووە هەردوو حکوومەتی ئەمریکی و بریتانی ناپاکی لەو هاوپەیمانانەمان بکەن کەوا لە چین و کۆریادا دژ بە کۆمۆنیستەکان دەجەنگن، ئەوەبوو خاوەنی بانکە جیهانییەکان مانۆرپیان بوو بۆ ئەوەی هەژموون و دەستهەڵاتی کۆمۆنیستەکان بەسەر ئاسیادا بسەپێنن، بۆیێ سیاسییەکانی ئەو دوو وڵاتەیان لە خشتە برد وایان لێکردن لە ناوچەکەدا دەستبەرداری هێزەکانی دژ بە کۆمۆنیزم بن!

مێژوو تۆماری کردووه ناپلیۆن له ساڵی ١٨١٤دا بە چ شێوەیەك له پاریس دەستبەرداری عەرشی پاشایەتی بووه و چۆن بۆ دوورگەی ئیلبا نەفی کراوه و لەوێشدا ڕایکردووه و هەوڵی داوه عەرشی پێشووی وەدەستبێنێتەوه، هەروەها چۆن جاری دووەم دژ بەو پیاوانە کاری کردووه کەوا بەتەواوی گەمە و پیلانەکانیان لەبەردەستدا بوو.. ناسان ڕۆچیڵد و بازنە جیهانییەکەی بۆ شکستپێهێنانی ناپلیۆن پشتگیریان لە ئەڵمانیا کردووه.. پیلانەکەشیان وەدەستهێنانی پارەیەکی زۆر بووه، جا دەرئەنجامی ململانێیەکە هەرچی بێت بەلایانەوە گرنگ نەبووه.. ئەوجا پێش هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی واترلۆ، ناسان ڕۆچیڵد له پاریس بووه.. له کۆشکێکدا بووه کە ڕاستەوخۆ دەیڕوانییە کۆشکەکەی لویسی هەژدەیەم.. لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵی ڕێکخستنی تۆڕێکی سیخوڕی و چاوی چاودێریکردنی داوه، تاکوو لە ڕێگەی کۆتری نامەبەرەوە ورد و درشتی هەواڵەکانی جەنگی واترلۆی بۆ بێنن، چونکە لەوکاتیدا لە ئان و ساتی هەڵگیرساندا بووه،... هەروەها بۆ گواستنەوەی هەواڵە هەڵبەستراوەکانی جەنگ بۆ نێو ئینگلتەرا، تۆڕێکی دیکەی دامەزراند.. جا کاتێك ناسان لە سەرکەوتنی ولنگتۆن و هێزەکەی دڵنیا بوویەوه، فەرمانی بۆ بەکرێگیراوەکانی دەرکرد هەواڵی پێچەوانە بۆ ئینگلتەرا بگوازنەوە و جەخت لەسەر سەرکەوتنی ناپلیۆن و دۆڕانی سوپای ئینگلیزی بکەنەوه..ئەو ڕووداوە پەندێکی باوەی هێنایە ئاراوە کە دەڵێ: " کۆترەکە پێی گوتم". ئەگەر کەسێکی ئینگلیزی بە هاوڕێیەکی بڵێ: لە کوێوە ئەم زانیارییانەت هێنا؟ هاوڕێیەکەی دەڵێ: ئۆو، کۆترەکە پێی گوتم!

کۆترەکانی ناسان ڕۆچیڵدیش هەواڵی درۆیان پەخش دەکرد و درۆی زۆر شاخداریان بەنێو گەلی ئینگلیزیدا بلاو دەکردەوە، ئەمەیش بووە هۆی بلاوبوونەوەی تۆقین لەنێو جەماوەردا.. بازاڕی ئابووری و دارایی بە تەواوی ڕووخا، نرخی جونەیهی ئیستەرلینی دابەزییە ئاستی یەك شلن، نرخی پێداویستییەکانیش بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار داڕووخا.. ئەوسا ناسان کەشتییەکی بچووکی بە دووسەت جونەیە بەکرێگرتبوو هاتووچووی نێوان فرەنسا و ئینگلترای پێدەکرد.. لە کاتی گەیشتنیدا خۆی و هاوڕێیەکانی هەرچی کۆمپیالە و پشك و مولکیان کەوتە بەردەستی کڕییان، جا کاتێك هەواڵی ڕاستینی سەرکەوتنی ولنگتۆن گەیشت، نرخەکان گەڕانەوە باری ئاسایی خۆیان و سووخۆرانی جیهانی قازانج و سامانێکی خەیاڵییان وەدەستهێنا.

دەستگەی ڕۆچیڵد بە بۆنەی داستانە سەرکەوتووەکەی ولنگتۆن و وەك دەربڕینی خۆشی و شادیی لەنێو بردنی ناپلیۆنەوە، قەرزێکی بە ڕێژەی ۱۸ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلیتی دایە حکوومەتی ئینگلیزی، پێنج ملیۆنیشی قەرز بەخشییە حکوومەتی ڕووسی.. ئەمەیش وەك بەشێوەیەکی ڕەسمی باسکرابوو، بۆ نۆژەنکردنەوەی وێرانبوونی دوای جەنگ بوو.. کاتێکیش ناسان ڕۆچیڵد لە ساڵی ۱۸۳٦ دا مرد، کۆنترۆڵکردنی بانکی ئینگلترای دەستەبەر کردبوو، قەرزی نەتەوەیی ئینگلیزی بەهۆی ئەو کارەساتە گەورەیەی ڕۆچیڵد لە ساڵی ۱۸۱٥دا بەسەر ئابووریی ئینگلترای هێنابوو، گەیشتبووە ۸۸٥,۰۰۰.۰۰۰ جونەیهی ئیستەرلینی.

مرۆڤ بە ئاستەم لە ڕیزی هەزاران ماسۆنیدا دەتوانێ تاکە یەك ماسۆنیی ئەورووپی ببینێتەوە شتێك سەبارەت بە سەربردە

ڕاستینەکەی دزەکردنی نوورانییەکانی ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلاتی بۆ نێو ڕیزەکانی ماسونییەتی ئازادی ئەورووپی بزانێ.. بەلام سەرکردە و سەروەرە گەورەکانی ماسۆنییەتی ئازاد لە نیمچە دوورگەکیان بە ڕاستیی مەسەلەکە کردووە، هەر ئەمەیش بوو وایکرد برایانی ماسۆنییان لە پێوەندی و نزیکبوونەوە بە هەر ماسۆنییەکی ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلاتی ئاگادار بکەنەوە.. هەروەها بابا بیۆسی نۆیەم دەیزانی نوورانییە شۆڕشگێڕەکان دزە دەکەنە نێو ڕیزەکانی ماسۆنییەتی ئازادی ئەورووپا، ئەمەیش هانی دا دژ بە کۆمۆنیستی و ماسۆنی هێرش و هەلمەتێکی ئاشکرا بەڕێوەببات و هۆشداری بداتە مەسیحییەکان لەوەی نەچنە ڕیزی ماسۆنییەتەوە. خۆ ئەگەر هەندێك کەس بچووکترین گومانیان لە ڕاستیی ڕۆڵی ماسۆنییەکانی نێو شۆڕشی فەرەنسیدا هەیە، لێرەدا گفتوگۆیەکی نێوان ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی فەرەنسی دەهێنینەوە کە لە سالی ١٩٠٤ سەبارەت بەم مەسەلەیە بەڕێوەچووە.

دوای چەندان پرسیاری لێکۆڵینەوەیی بەڕێز مارکیز ڕۆزانب سەبارەت بەوەی ئاخۆ ماسۆنییەتی ئازاد دروستکراوی شۆڕشی فەرەنسییە، گوتوویەتی: کەواتە ئێمە بەتەواوی سەبارەت بەم خالە هاوڕاین کە ماسۆنییەت تاکە دروستکەری شۆڕشی فەرەنسی بووە، ئەو ئەرك و لایەنە گرنگانەی ئێستە لەم دانیشتنەدا دەیانبیستم، دەیسەلمێنن هەندێك لە ئامادەبووان ڕێك وەك من بە مەسەلەکە دەزانن.

ئەوسا جۆمل –کە یەکێکە لە ئەندامە بەناوبانگەکانی مەحفەلی خۆرهەلاتی گەورە– هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: ئێمە نەك هەر دەیزانین، بەڵکو بەتەواوی بە خەڵکی ڕادەگەیەنین.

لەساڵی ۱۹۲۳دا ئاهەنگێکی مەزنی ئێوارە ڕێکخرا و تیایدا چەندان کەسییەتیی گرنگیدەر بە سیاسەتی نێو دەوڵەتی بەشداربوون، هەروەها چەند کەسێکیش لەوانەی پێوەندیگەلیکیان لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلاندا هەبوو تیایدا بەشداربوون.. لەو ئاهەنگەدا سەرۆکی ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلات لە فەرەنسا پێشنیازی کرد ئامادەبووان پێکی کۆماری فەرەنسی هەڵدەن کە ڕۆڵە و زادەی ماسۆنییەتی ئازادی فەرەنسییە، هەروەها پێکی ئەو کۆمارە جیهانییە هەڵبدەن کەوا لە ماسۆنییەتی جیهانییەوە لەدایك دەبێت.

سووخۆرانی جیهانی لە فەرەنسا توانیبوویان هانی بەکرێگیراوانیان بدەن و بیانگەیەننە پۆستە ڕاوێژکارییە هەستیارەکانی ئەو سەرکردە سیاسییانەی پەیماننامەی فەرسایان داڕشتبوو.

دوای ئەمە گەورەترین سەرکەوتنیان لە ساڵی ۱۹۲٤دا گەیاندنی بەڕێز هێریۆی نوێنەریان بوو بە پێگە و پۆستی هەژموون و دەستهەلاتی فەرەنسا. بەمشێوەیە سەرکردەکانی (ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلات)ی ماسۆنیی لە فەرەنسا توانیان لەسەر دەستی حکوومەتەکەی بەڕێز هێریۆدا لە ماوەی ساڵێکدا پرۆژە و سیاسەتە ناوخۆییەکانیان بخەنە واری کردارییەوە.. لێرەدا چاوێك بە هەندێك ڕووداوی مێژوویدا دەگێڕینەوە کە لە ساڵی ۱۹۲۳ بەدواوە ڕوویان دا و بەڵگەی هەژموون و دەستهەلات و کۆنترۆڵی نوورانییەکانی ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلاتە بەسەر سیاسەتی فەرەنسادا:

- له ینایری ساڵی ١٩٢٣دا ئەنجوومەی مەزنی خۆرهەڵاته بڕیاری ڕەتکردنەوەی بالێۆزخانەی فڕەنسای لـه ڤاتیکـان دەرکـرد، پارلـەمانی فڕەنسـیش لـه بیسـت و چـواری ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩٢٤ بڕیارەکـەی جێبەجیٚ کرد.

- له سـاڵی ١٩٣٢ ئەنجوومەنـەکان داوای پێڕەوکردنـی بیرۆکـه و ئایدۆلۆژیای عـەلمانییان دەرکـرد.. هیریۆ لـه هەڤـدەی یۆنیـۆی سـاڵی ١٩٢٤دا بەیاننامەیەکی پشتگیریی بۆ ئەم بیرۆکەیه بڵاوکردەوە.

- لـه ٣١ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٢٣دا ئەنجوومەنـه مەزنـەکانی خۆرهەڵات داوای کرد لێبوردنێکی گشتی بۆ گشت زیندانییـه تاوانکار و ناپاکەکان دەربچیٚ.. زۆرێك له ڕێبەره باڵایەکانی کۆمۆنیستی سوودیان له بڕیارەکه وەرگرت، یەکێك لەو کەسـانه (مـارتی) بـوو، نـاوبراو دواتـر بـووه ڕێکخـەری ئـەو تیپـه کۆمۆنیسـتییانەی لـه سـاڵی ١٩٣٦-١٩٣٩ شانبەشانی کۆمۆنیستەکانی ئیسپانیا جەنگان.

ئەنجوومەنی نوێنـەران لـه دەنگدانی پـانزەی تـەممووزی سـاڵی ١٩٢٤دا ڕەزامەندی لەسەر پـڕۆژەی لێبوردنەکـه دەربـڕی. بەمشێوەیه ئەو چەته تاوانکاره نێو دەوڵەتییانەیان بەسەر گەلدا سەپاند که لـەژێر فـەرمانی ئەنجوومـەنی بـاڵای خۆرهەڵاتـدا-نوورانییـەکان- کـار و ڕەفتاریان دەکرد.

ئەنجوومەنەکـه لـه مـانگی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٢٢دا بـۆ باوەڕهێنـان بـه گـەلی فڕەنسـی هەڵمـەتێکی گـەورەی دەسـتپێکرد، بۆ ئەوەی پێوەندییەکی دیبلۆماسی لەگەڵ حکوومەتی سۆڤییەتی دروست بکەن، بەڵام ئەو هەڵمەتـه هێنده سـەری نـەگرت و نەچـووه پێشـیٚ تـا بەڕێز هیریۆ گەیشته دەستهەڵات.. ئەم هەڵمەته هاوڕێیەتییەی فڕەنسی

ڕووسی لەو کاتەوە دەستپێکرد کە لە بڵاوکراوەی ڕەسمیی ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵات لە فەرەنسا لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ و لە لاپەڕە ٢٨٦دا گوتارێکی لەسەر مەسەلەکەدا بڵاوکردەوە، پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان حکوومەتی فەرەنسی و حکوومەتی شۆڕشگێڕیی ڕووسی لە بیست و هەشتی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٤دا بەرپابوو. هەمان هێزی شەڕخوازیش لە ئێستەدا هەمان قەوانی دانپێدانان بە چینی میللی لێ دەداتەوە.

لە پەڕتووکی (الحلبە الاسبانیە)ی ولیەم فۆسدا کە لە ساڵی ١٩٣٩ خانەی یانەی نووسەران لە لەندەنی ئینگلتەرادا لە چاپی داوە، زانیاری دووردرێژ و پێویست لەسەر ئەو کودەتایە وەدەستدێنین، لە نووسینەکانی نێو ئەو پەڕتووکەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵات لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣- ١٩٢٤ لە فەرەنسا و ئیسپانیا خەریکی ڕێکخستنی بووە، جا بۆ ئەوەی بەردەوامبوونی کودەتایەکەی سووخۆرانی جیهانی بەدیاربخەین، تیشک دەخەینە سەر چەند ڕووداوێك:

لیۆن بلۆم لە ساڵی ١٨٧٢ لە پاریس هاتووەتە دونیاوە و دایبابی جوولەکە بوون. بەهۆی ئەو ڕۆڵەی لە پرسی دریفۆسدا گێڕای زۆر بەناوبانگ بوو.. هەروەها لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٦دا وەك سەرۆکوەزیران هەڵبژێردرا و تا حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٧ لە هەمان پۆستدا مایەوە. دواتر لە ئاداری ساڵی ١٩٣٧ دووبارە هەڵبژێردرایەوە و تا مانگی نیسانی هەمان ساڵ مایەوە، لایەنگرانی توانیان ڕێگەی بۆ خۆش بکەن بگەڕێتەوە نێو کایەی سیاسی و لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٧ تا حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٨ کردیانە جێگری سەرۆکوەزیران. پێم

وایە ئێستە مەندیس فرانس هەمان ڕۆڵ دەگێڕێت (ئەمە کاتی نووسینی ئەم پەڕتووکەیە).

ئەرکی بلۆم لەو ماوەیەدا ئەوە بوو بەپێی ویست و داواکاریی سەرکردە نهێنییەکانی شۆڕشی جیهانی، سیاسەتی حکومەتی فرەنسی لەهەنبەر ئیسپانیا ڕێکبخات.. گشت گومانێکیش لە خۆیان دووربخاتەوە، پیلانگێڕەکان خەریکی زەقکردنەوە و هێنانەپێشەوەی ژەنەڕاڵ فرانکۆ و لایەنگرانی سەر بە هەردوو باڵ و بەرە بوون، چونکە ئەوان پیلانگێڕ و نەخشەدانەر و جێبەجێکاری ئەو ڕووداوانە بوون کە بوونە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی نێوەخۆی ئیسپانیا.

بلۆمیش لە جێبەجێکردنی نەخشە و پیلانی سەرکردە نهێنییەکاندا ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا، ڕۆڵەکەشی بریتیبوو لە بەخشینی چەك و فیشەك و پارە بە هێزەکانی پاشایەتیی فرەنسا.. هەروەها بۆ هێشتنەوەی ڕێگە کراوە چیاییەکانی (بریندیی) هەوڵی خۆی خستەگەڕ.. لەلایەك هەوڵی دا پێڕەوی سیاسەتی دەستوەرنەدان بکات، چونکە ئەو سیاسەتە بەسەر هێزە نیشتمانییەکانی فرانکۆدا پێڕەو دەکرا.

لەوانەیە هەندێك خوێنەر وابزانن ئێمە لە مەسەلەی ئەو هەژموونەی ماسۆنییەت لە پرسە نێودەوڵەتییەکاندا دەیسەپێنێ، زێدەڕۆیی دەکەین.. بەڵام پێیان دەڵێین فەرموون بڕۆن پەڕتووکی (دکتاتۆریەتی ماسۆنیی) ئەی گی. میشێل بخوێننەوە.. چونکە نووسەرەکە لە پەڕتووکەکەیدا دەیسەلمێنێ ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵات لە فرەنسا لە ساڵی ١٩٢٤دا بڕیارێکی دەرکرد کە پێویستە کۆمەڵەی گەلان کۆنترۆڵ بکرێ و بکرێتە ئامرازێکی ژێردەستی ماسۆنییەتی ئازاد.. ترۆتسکی لە پەڕتووکەکەی خۆیدا بەناوی (

ستالین) نووسیویەتی: ئەمڕۆ تـاوەری نـوێی بابـل لـە خزمـەتی سـتالین دایـە.. یـەکێك لـەو مەڵبەنـدە سـەرەکییانەی ئـەو تـاوەرەش لـە ژنێـف لانکەی پیلانگێڕییە.

گرنگیـــی قســـەکەی ترۆتسـکی ســـەبارەت بـــە کاریگـــەریی ئەهریمەنییانەی ماسۆنییەکانی ئەنجوومـەنی مـەزنی خۆرهـەڵاتـە لـەنێو کۆمەڵەی گەلاندا، ڕاشیکەیاندووە مەسەلەی هەژمونی ئەو ئەنجوومەنە لـەمڕۆژگارەدا بەسـەر ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکانیش ڕاسـت دەردەچـێ.. ئـەوەی چـاودێریی ڕەوتـی ڕووداوەکـانی نێـو نەتـەوە یەکگرتووەکانیش بکات، دەبینێ ئـەو گفتوگۆیانـەی بـەڕێوە دەبـرێن و ئەو یاسایانەی لەوێ دەردەچن، بـۆ کەسێکی ئـاسایی و بازاڕییانـە زۆر سەیر و بێ مانا دێنە بەرچاو.. بەڵام ئەگەر ئەو بڕیارانـەمان لـە شـوێنە دروستەکانی پیلانگێڕییەکی کۆمەڵەی کودەتاچییەکان دانـان، ئـەوا زۆر بـە جـوانی ڕوون دەبنـەوە.. بـۆ جێبـەجێکردنی ئەمـەیش، هـەر تـەنیا ئەوەندە بەسە دوو ڕووداوی گرنگ وەك نموونە بهێنینەوە:

یەکەمیان: نوورانییـەکان پێیـان وایـە زۆر پێویسـتە گشـت جـۆرە حوکمێکی دەستووری لەنێو ببرێ، جا ئەگـەر پاشایەتی بێت یـانیش کۆماری.

دووەمیان: نوورانییـەکان نیازیـان وایـە لەگـەڵ هاتنـە پێشـەوەی دەرفەتـدا دکتاتۆریـەتێکی جیهـانی دامـەزرێنن، کـاتێکیش دڵنیـا دەبـن لـەوەی کـە دەتـوانن دەسـتهەڵاتێکی ڕەهـا زەوت بکـەن و بیخەنـە ژێـر ڕکێفی خۆیانەوە، ئاوی لێ ناخۆنەوە و یەکسەر دەرفەتەکە دەقۆزنەوە.

م.ج. مارکۆس دەڵێ: مەڵبەندی ماسۆنییەتی جیهانی لـە ژنێفـە.. هـەروەها نووسـینگەی دەسـتگە پێوەنـدارەکانی سـەر بـە ماسـۆنییەت

لەوێن.. ئەمەیش ئەو شوێنەیە نوێنەران و بریکارانی ماسۆنییەت لە گشت لایەکی جیهانەوە ڕووی تێ دەکەن.. بەمشێوەیە دەبینین نهێنیی ئەو ڕێکخراوانەی پێوەندییان بە ماسۆنییەتەوە هەیە ڕوون و ئاشکرایە.

بەمشێوە دەتوانین لە قسە و ئاخاوتنەکانی سەروەر و سەرۆکە مەزنەکەی ئەنجوومەنی ماسۆنییەکانی ئیسپانیا تێبگەین کاتێك ساڵی ١٩٢٤دا لە ژنێف گەڕایەوە لە بەردەم کۆنگرەی ئەو ئەنجوومەنەدا تیشکی خستە سەر چەند مەسەلەیەك و بەمجۆرە دوا: لە ڕاپەڕاندنی کاروباری لیژنەکاندا چەند دەستپێشخەرییەکەم کرد و یارمەتیم دان.. هەروەها گوێم لە پۆل بۆنکۆر، جوهرکس، لو سیۆر، ودی جو فنال گرت... چەند بریکارێکی بزووتنەوەی ماسۆنییەکانی فرەنساشم لەگەڵدا بوو.. ئەوانە لەیەکتریان دەپرسی: ئایا ئێمە لە کۆبوونەوەیەکی جیهانیداین یان کۆبوونەوەکە تایبەتە بە ڕەوتێکی ماسۆنی؟ جۆزیف ئەفینالی ئەمینداری گشتیی کۆمەڵەکە بوو.

حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕەتی کردەوە تەفلی کۆمەڵەی گەلان بێت.. هەندێك بەرژەوەندیش لەپشت ئەم سیاسەتە گۆشەگیرییەدا هەبوو.. بەمشێوەیە بڕیار لەسەر تێکدانی کۆمەڵەی گەلان و دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان درا.. ئەوجا دەرفەتی هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی هاتە پێشێ. داروپەردووی کۆمەڵەی گەلان کۆکرایەوە بۆ ئەوەی لەسەر شوێنەوارە داڕووخاوەکەیدا دیوار و تەلارێکی نوێ بنیاد بنرێ، تەلار و دامەزراوە نوێیەکەش نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، ئەم ڕێکخراوەش لە کاتی دامەزراندنیدا یەکێتیی سۆڤییەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای وەك دوو ئەندامی زۆر بەهێز و هەژموون وەرگرت.. بەڵگەی

بەرزەفتکردنی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەلایەن هێزە نهێنییەکانەوە و توانایـان بـۆ جێبـەجێکردنی نەخشـە و پیلانـەکانیان لـەنێو ئـەم ڕێکخراوەدا، ئـەوەبوو نەتـەوە یـەکگرتووەکان فەڵەسـتینی ڕادەسـتی زایۆنیزمی سیاسی کرد، چونکە زایۆنییەکان ماوەی نیو سـەدە هـەوڵی وەدەیهێنـانی شـتێکی لـەمجۆرەیان دەدا.. هـەروەها چـین و کۆریـای بـاکوور و مەنشـووریا و مـەنگۆلیا و دوورگـەکانی هینـدی خۆرهـەڵات و چـەند بەشـێکی هینـدی چـینی بـە کۆمۆنیسـتەکان بەخشـی.. لێـرەدا پێویستە ئـەوەمان لـە بـیر بێـت کـە لینـین پێشـبینیی کردبـوو هێـزە کۆمۆنیستییەکان لەلای خۆرهەڵاتەوە جیهانی خۆرئاوا داگیر دەکەن.

هەروەها ئەفسەرێکی هەواڵگریی ئەمریکی و بریتانی ڕۆڵی خـاوەن بانکە جیهانییەکانیان لە شۆڕشی ڕووسیدا ئاشکرا کردبـوو و دواتـریش مەسەلەکەیان گەیاندبووە حکوومەتەکانیان.. حکوومەتی بریتـانیش لـە نیسانی ساڵی ١٩١٩دا سەبارەت بەم بابەتە پەڕتووکێکی سپیی دانـا.. و زۆر بەخێرایی مەسەلەکەی داپۆشت، بەڵام هەندێك زیان بەر پیلانگێـڕی و کودەتایـــە جیهانییەکـــە گەیشـــتبوو.. بەمشـــێوەیە پەنجـــەی تۆمەتبارکردن بۆ خاوەن بانکە جیهانییەکان درێژ کرا، بـەوە تۆمـەتبار دەکـران پـارە بـۆ جوولەکـەکان تـەرخان دەکـەن بـۆ ئـەوەی پیلانـی دەستگرتن و کـۆنترۆلکردنی جیهـان جێبـەجێ بکـەن.. خـاوەنی بانکـە جیهانییەکانیش دەبوایە ئامرازێك بدۆزنەوە وەڵامی ئـەو تۆمـەتبارکردن و هزرانـە بدەنـەوە.. درەنـدەییان لـە وەڵامدانـەوەی ئـەو تۆمەتانـە بەدیارکەوت کاتێك ستالینی نا جوولەکـە بـۆ گرتنـەوەی جێگـەی لینـین دانـرا، ئـەویش ترۆتسـکی لەسـەر ڕێگـەی خـۆی لادا و لـەو پاکتـاوە بەناوبانگانەی گەیاندیانە دەستهەڵات، دەستی بـە لـەنێوبردنی سـەتان

هەزار جوولەکەی ڕووسی کرد.. ئەمەیش بەسە بۆ ئەوەی باوەڕ بە کەسانی دڵسۆز و کەسانی سڕبووی بێئاگاش بهێندرێ کە سووخۆرە جیهانییەکان هیچ بەهایەك بۆ هیچ گەلێك دانانێن جا سەر بە هەر ئایین و نەژاد و ڕەنگێك بن، بەڵکو بە پارچەکانی شەترەنجی جیهانییان دەزانن و هەر کاتێ بیانەوێ و بەرژەوەندییان وا بخوازێ، دەستبەرداریان دەبن.

بەشی پێنجەم

شۆڕشی ئەمریکی

بۆ ئەوەی لەو شێواز و ڕێگەیە تێبگەین کە بەهۆیەوە پیاوانی هەژموونـدار و ئەوانـەی دەسـتیان بەسـەر بـانکی ئینگلترا و پیـاوانی کەنیسەدا گرت، چۆن توانییان دەست بەسەر بازرگانی و ئاڵوێرەکان و سیستمی دراویی ئـەمریکادا بگـرن کـە هێشـتاکە چـەند ویلایـەتێکی جیاجیای سـەر بـە ئیستعماری بریتـانی بوو، ئـەوا دەبێ بگەڕێینـەوە سەرەتای چیرۆکەکە، کاتێك بنجامین فـرانکلین وەك نوێنـەری ڕێبـەرانی دروستکردنی موستەعمەراتەکانی ئـەمریکا لـە سـاڵانی (١٧٠٦-١٧٩٠) سەردانی ئینگلترای کرد.

لـە لاپـەڕە ٩٨ی بەڵگەنامـەی ژمـارە ٢٣ی ئەنجوومـەنی پیرانـی ئەمریکا، ڕاپۆرتێکی (ڕۆبێرت ل. ئوین) ـی سەرۆکی پێشووی لیژنـەی بانك و دراوەکانی کۆنگرێسی ئـەمریکی دەخوێنینـەوە کـە تایبەتـە بـە گفتوگۆیـەکی نێـوان هاوبەشـانی ڕۆچـیڵد و بنجـامین فـرانکلین.. ئـەم ڕاپۆرتە باس لەو ەدەکات چۆن پرسیار لـە نوێنـەری ئـەمریکی کـراوە سەبارەت بە هۆی گەشەسـەندنی ژیـانی ئـابووریی نێـو موسـتەعمەراتە ئەمریکییەکانـەوە، فـرانکلینیش ڕێـك بـەمجۆرە وەڵامـی داوەتـەوە: مەسەلەکە سانایە، چونکە ئێمە خۆمان دراوەکەمان دەردەکەین و پێـی دەڵـێین کاغـەزە داراییـەکان.. هـەروەها کـاتێکیش دەری دەچـوێنین

بەشێوەیەك كارەكە دەكەین لەگەڵ پێداویستییەكانی پیشەسازی و بازرگانیماندا بگونجێ.

ئەم وەڵامە سەرنجی بنەماڵەی ڕۆچیڵدی بۆ دەرفەتێكی گەورەی ڕەخساو ڕاكێشا بۆ ئەوەی قازانجی زەبەلاح وەدەستبێنن.. بۆ ئەمە تەنیا پێویستیان بەوەیە یاسایەك دەربكەن ڕێگە بە موستەعمەراتەكان نەدات خۆیان دراوی خۆیان لێ بدەن، هەروەها ناچاریان بكەن پشت بەو بانكانە ببەستن كە بەم شتە ڕادەسپێردرێ.. لەو كاتیشدا ئامشیل مایەر ڕۆچیڵد هەر لە ئەڵمانیا دەژیا و سەربازی بەكرێگیراوی بۆ حكوومەتی بریتانی دابین دەكرد، لە بەرانبەر ٨ لیرە بۆ هەر سەربازێك.. هەژموون و دەستهەڵاتی ناوبراو بەسبوو بۆ ئەوەی یاسایەك سەبارەت بە چاپكردن و دەرچوونی دراوی ئەمریكی دەربچوێنێ.

بەمشێوەیە كاغەزە داراییەكانی پێشووی ئەمریكا هیچ بەهایەكیان نەما.. لەسەر دەستهەڵاتی موستەعمەراتەكانیش پێویست بوو چەند برە پارە و دەستەبەرییەك وەك سپاردە بخاتە نێو بانكی ئینگلتراوە تاكوو بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكان پارەی پێویستی دەستكەوێ.. فرانكلین سەبارەت بەم مەسەلەیە گوتوویەتی:

بەڵام بانكی ئینگلترا ڕەتی كردەوە زیاتر لە ٥٠٪ ی بەهای كاغەزە داراییەكانی ئەمریكی بدات كە بەپێی یاسایە نوێیەكە خرابووە سەرشانی.. ئەمەیش مانای وایە بەهای ڕۆینەی دراوی (السیولة النقدیة) نەختیی ئەمریكی ڕێك بۆ نیوە دابەزیوە.

مێژوونووس و لێكۆڵەران هۆی ڕاستەوخۆی شۆڕشی ئەمریكی دژ بە ئینگلترا دەدەنە پاڵ باجی (بەناوبانگی چای).. بەڵام فرانكلین- كە

کەسێکی زۆر گرنگ و بەرجەستەی نێو شۆڕشەکە بوو- هۆیەکانی بەمشێوەیە شی کردووەتەوە: ئەگەر هەوڵ و هەنگاوی ئینگلترا بۆ لێسەندنەوەی مافی دەرکردنی دراو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نەبووایە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دڵەوە ڕازی بوو ئەم باجە و هاوشێوەکانیشی پەسند بکات، ئەمەیش دۆخی بێکاری و بێزاری و ڕقوکینەی هێنایە ئاراوە.

ئەم تووڕەیی و بێزارییە وردە وردە دانیشتووانی گشت ویلایەتە یەکگرتووەکانی گرتەوە.. بەڵام ژمارەیەکی کەمیان درکیان بەوە کرد باجە زۆر قورسە نوێیەکان و سزایە سەپێندراوە ئابوورییەکان، دەرئەنجامی چالاکییەکانی چەتە و دزانی جیهانی بوو کە خەزێنەی بریتانییان خستبووە ژێر دەستی خۆیانەوە..

یەکەمین پێکدادانە چەکدارییەکانی نێوان بریتانییەکان و خەڵکی نێو موستەعمەراتەکان لە لکسنگتۆن و کۆنکوردا لە ١٩ی نیسانی ساڵی ١٧٧٥دا ڕوویان دا .. لە ١٠ی ئایاردا کۆنگرەی دووەمی کۆنگرێس لە فیلادلفیادا بەسترا و جۆرج واشنتۆن وەك سەرکردەی هێزی دەریاوانی و وشکایی دەستیشان کرا.. لە ٤ی تەمووزی ساڵی ١٧٧٦دا کۆنگرێس ڕایگەیاند بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی دەخاتە واری کردابییەوە.

دوای ئەمە ململانێیەکە حەوت ساڵ بەردەوام بوو، سووخۆرە جیهانییەکان لە ماوەیەی جەنگ و ململانێیەکاندا ئەرکی دەستەبەرکردنی پارەوپووڵی بەڕێوەبردنی ئەو جەنگە ئیستعمارییانەیان گرتە ئەستۆ کە دەرفەتێك بوو و لەنێویدا کۆمەڵەی ڕۆچیڵد بە ئامادەکردن و پەیداکردنی سەربازی بەکرێگیراو لە ئەڵمانیاوە بۆ حکوومەتی بریتانی پارەو سامانێکی زەبەلاحی قازانج کرد، پیاوە

ئاسـاییه بریتانییـەکان هـیچ ڕقوکینەیـەکیان لەبەرانبـەر هاوڕێیـە ئەمریکییەکانیان لە دڵدا نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەنهێنی هاوسۆزی پرسی ئەمریکا بوون.

ژەنـەراڵ کۆرنوالیسـی سـەرکردەی بریتـانی لـە ١٩ی تشـرینی یەکەمی ساڵی ١٧٨١دا تەسلیمبوونی خۆی ڕاگەیانـد، لەگـەڵ ئەویشدا سوپای بریتانی بەتەواوی بە سەربازە بـەکرێگیراوە ئەڵمانییەکانیشـەوە خۆیـان ڕادەسـت کـرد.. لـە ٣ی ئـەیلوولی سـاڵی ١٧٨٣ و لـە پەیماننامەیەکی ئاشتیی پاریسدا، بەشێوەیەکی ڕەسمی سـەربەخۆیی ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا ڕاگەیەنـدرا.. تاکـە دۆڕاویش لـەم مەسـەلەیەدا گــەلی بریتــانی بــوو.. قــەرزی نەتــەوەیی بریتانیـا بەشـێوەیەکی زۆر بـە ئاسـتێکی زۆر بـەرز زیـاد بـوو، سـووخۆرە جیهانییـەکانی لـە وەدیهێنـانی هـەنگاوی یەکـەمی نەخشـە و پیلانـە دوورمەودایـەکانی تایبـەت هەڵوەشـاندنەوەی ئیمپراتۆریـای بریتـانی سەرکەوتنیان وەدەستهێنا.

بە کرێگیراوەکانی سووخۆرە جیهانییـەکان زۆر بـە مکوڕبوونـەوە تێدەکۆشان ڕێگە لە هەوڵی یەکبوون و یەکییەتییەکەی نێوان ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگـرن.. چـونکە کـۆنترۆڵکردن و خـراپ سوود وەرگـرتن لـە ویلایەتـەکان بەشـێوەی جیاجیـا سـاناتر بـوو لـە کۆنترۆڵکردنی یەکییەتیی ویلایەتـەکان...بۆ سـەلماندنی دەسـتوەردانی خـاوەنی بانکـە جیهانییـەکان لـە کاروبـاری نێوخـۆیی گـەلی ئـەمریکی، هەرئەوەندە بەسە نێوەڕۆکی ڕاپۆرتی نێو کۆبوونەوەی سـاڵی ١٧٨٧ فیلادلفیا بهێنینەوە، لە ڕاپۆرتەکـەدا باوکـە دامەزرێنـەرەکانی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان تـاوتوێی پێویسـتبوونی دەرکردنـی هەنـدێك یاسـایان

کردبوو کەوا دەبنە لەمپەرێك بۆ خۆپاراستن لە خراپ سوود وەرگرتنی ئەو سووخۆرانە.

بەکرێگیراوانی نەخشە و پیلانگێڕییەکە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی دراوی ئەمریکی بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.. بەلاّم گشت هەوڵەکانیان بەبادا چوو.. چونکە لە بڕگەی پێنجەمی بەشی هەشتەمی مادەی یەکەم لە دەستووردا هاتووە: کۆنگرێس لە دەرکردنی دراو و دیاریکردنی بەهایەکەیدا خاوەن دەستهەلاّتە.

زۆربەی گەلی ئەمریکی پێیان وایە هەر لەو کاتەوەی دەستوور دانراوە بووەتە شتێکی هێندە پیرۆز ناکرێ دەستی بۆ ببرێ و دەستکاری بکرێ، پێویستە کۆی ئەو یاسایانەی دەریش دەچن لەگەلّ دەستووردا بگونجێن.. بەلاّم ڕاستییەکەی زۆرجار ڕێز و حورمەتی ئەو دەستوورە پێشێلکراوە!

بێگومان لێکۆڵینەوە لە پرسی کۆنترۆلکردنی ئابووریی ئەمریکا لەلایەن سووخۆرانی جیهانییەوە، زۆر گرنگە.. چونکە بەڕێوەبەرانی بانکی ئینگلترا نوێنەر و بریکارێکی خۆیان بەناوی ئەلیکسەندەر هامیلتۆن لە ئەمریکا دانا.. هەلّمەتی پروپاگەندە ئاراستەکراوەکەش توانی مۆرکی ڕێبەرێکی نیشتمانی پێ ببەخشێ.. ناوبراویش بەم سیفەتە پێشنیازی دامەزراندنی بانکێکی فیدراڵی پێشکێش کرد، بە مەرجێ ئەو بانکە سەر بە کەرتی تایبەت بێت.. ئەم داواکارییەش دژی ئەو داوایە بوو کە لەو کاتیدا باو بوو و داوای دەکرد مافی دەرکردنی دراو و سەرپەرشتیکردنی لە دەستی حکوومەتە شەرعییەکانی نوێنەری گەل بێت.

پێشنیازەکەی هـامیلتۆن داوا دەکـات سـەرمایەی بـانکی فیـدراڵی بکرێتە ١٢ ملیۆن دۆلار. بۆ مەرحەی بانکی ئینگلترا ١٠ ملیۆن قـەرز بدات و دوو ملیۆنەکەی دیکەش لەلایەن دەوڵەمەندانی ئەمریکاوە دابین بکرێ.

هێشـتا سـالّی ١٧٨٢ نـەهاتبوو، هـامیلتۆن و ڕۆبێـرت مۆریسـی هاوبەشـی، بـانکی ئـەمریکا (بانـك ئـۆف ئـەمریکا) یـان ڕێکخسـت.. مۆریس لە کۆنگرێسی ئەمریکیدا چاودێری دارایی بوو، هەر ئـەویش وای لە خەزێنەی ئەمریکی کرد دوای حەوت سالّ لە جـەنگ بکەوێتـە دۆخی کورتهێنان.. ئەمەیش بەڵگەیەکی دیکەی بەرنامـە و شـێوازی کـارکردنی دەسـتهەلاتە نهێنییەکەیـە لـە بـەکارهێنانی جـەنگ بـۆ جێبـەجێکردنی نەخشە و پیلانەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانی.. مـۆریس هـەر بەوەندەش نەوەسـتا، بـەڵکو تـەواو دڵنیابوویـەوە خـەزێنـەی ئـەمریکی ئـاوی تێـوەرکراوە و هیچـی تیـادا نـەماوە، ئەوسـا ڕێکـارێکی دیکـەی گرتەبـەر و لـە ڕێگـەی بـاربوو و پیتـاککردن (اکتتـاب) بـەو پارەیـە لـە سەرمایەی بانکی ئەمریکیدا کەمە پارەکەی نێو خەزێنەکەشی لـەنێوبرد کە ڕێژەکـەی ٢٥٠ هـەزار دۆلار بـوو.. بەڕێوەبـەرانی بـانکی ئـەمریکاش بەکرێگیراوی بەڕێوەبەرانی بانکی ئینگلترا بوون.

بـەلام ڕێبـەر و باوکـانی سـەربەخۆیی ئـەمریکا هەسـتیان بـە مەترسییەکە کرد و درکیـان بـەوە کـرد لەوانەیـە کـۆنترۆڵ و هـەژموونی بـانکی ئیـنگلترا بەسـەر بـانکی ئـەمریکا لـە دۆخـی بەخشـینی مـافی دەرکردنـی دراو بـە بـانکی ئـەمریکا، ببێتـە هـۆی کـۆنترۆلکردنی سـەرلەبەری ئـابووریی ئـەمریکا.. بـۆیێ لـە کۆنگرێسـدا مەسـەلەکەیان

وروژاند و توانیان ناچاری بکەن مافی دەرکردنی دراو بە بانکی ئەمریکا ڕەت بکەنەوە.

بنجامین فرانکلین لە ساڵی ١٧٩٠ مرد، یەکسەر بەکرێگیراوانی سووخۆرە یەهوودییەکانی جیهان هەوڵێکی نوێیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی توانا داراییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرزەفت بکەن.. لە گەیاندنی بریکارەکەیان واتا ئەلیکساندەر هامیلتۆن بۆ پۆستی وەزیری دارایی سەرکەوتنیان وەدەستهێنا.. هامیلتۆن توانی وەها لە حکوومەتی ئەمریکی بکات بە پێدانی مافی دەرکردنی دراو ڕازی بێت، ئەو مافەش لە بنەڕەتەوە پشت بە قەرزە تایبەت و گشتییەکان دەبەستێ، جا بە پاساوی ئەوەی ئەو دراوەی کۆنگرێس دەری دەکات لە دەرەوەی وڵاتدا بێبەهایە، بەڵام ئەو دراوەی پشت بە قەرزی تایبەت و گشتی دەبەستێ دەستەبەری پاساییانەی هەیە و دەکرێ گشت ئاڵوێر و مامەڵەیەکی پێ بکرێ مەسەلەکەیان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا شکاندەوە.. بەمشێوەیە گەل بووە قوربانیی دەستی ئەو پیاوانەی وەك دۆست و هاوڕێ خۆیان پیشان دەدەن!

سەرمایەی نوێی بانکەکە بە ٣٥ ملیۆن دۆلار دەستنیشان کرا، بەو مەرجەی بانکە ئەوروپییەکان بە ٢٨ ملیۆن دۆلار بەشداری تیادا بکەن.. پێدەچێ سووخۆرە جیهانییەکان هەستیان کردبێ هاملتۆن زیاد لە پێویست شت دەزانێت، بۆیێ شەڕە شمشێرێکیان لەنێوان ناوبراو و شمشێربازێکی شارەزا بەناوی ئارۆن بیر دروستکرد و هاملتۆن کوژرا.

لە کۆمەڵەی ڕۆچیلدەوە ڕێنمایی درایە خاوەن بانکە ئەمریکیەکان بە پێدانی قەرز و کۆمپیاڵە و دەستەبەرییەکانی دیکە

ڕێبینە (السیولە) لە بازاڕەکاندا زیاد بکەن.. هۆکارەکانی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن زورنای کەشبینی و خۆشگوزەرانییان لێ دەدا و مژدەی خۆشگوزەرانی و گەشەکردنی هەمووانیان ڕادەکەیاند.. دەزگاکانی پڕوپاگەندە مژدەیان بە گەلی ئەمریکی دەدا دەبێتە مەزنترین گەلی سەر گۆی زەوی.. هەمووانیش لە کردەی بنیادنانی ئەو گەلەدا بەپەلە پارە و دارایی خۆیانیان بەکارهێنا.

کاتێکیش دۆخەکە گەیشتە ئەو ئاستە، کۆمەڵەی ڕۆچیڵد ڕێنمایی نهێنیی دەرکرد و تیایدا داوای کردبوو چیدیکە قەرز و قولە و دەستەبەرییەکان نەدەن، گوشاریش بخەنە سەر ئەو ڕێژە پارەیەی لە بازاڕدایە و دەستاودەست دەکات، ئەمەیش بووە هۆی هێنانەکایەی قەیرانێکی زۆر قووڵی دارایی و داڕووخانێکی ترسناکی ئابووری.. بەمشێوەیە هاووڵاتییان نەیانتوانی ڕووبەڕووی باری قورس و ئەرکە داراییەکانیان ببنەوە، لە هەمان کاتیشدا سووخۆرەکان لە بەرانبەر بەخشینی بەشێکی کەمی نرخی تەواوی زەوی و زار، دەستەبەری و بارمتەی زەوی وزارییەکی وەهایان وەدەستهێنا بەهایەکانیان ملیۆنەها دۆلار دەبوو.

دەبێ لێرەدا ددان بەوەدا بنێین کە سەرلەبەری کردەکە بە شێوەیەکی یاسایی و شەرعی بەڕێوەچوو! !.. بەڵام ڕاستییەکەی ئال کابووڵی و داروەدستە چەتەکەی لە چەتە بانکییە جیهانییەکان زۆر بە حورمەت و بەڕێزتر بوون! !

قەیرانەکە هەروا بە ئاسانی و بەبێ ڕەخنە و گلەیی ژمارەیەکی زۆری سەرکردە و ڕێبەرە ئەمریکییەکان تێنەپەڕی.. بەڵام پێدەچێ هۆشداری و لێدوانەکانیان نەیتوانیبێ ببێتە هۆی ڕزگارکردنی

هاوپەیمانانیان لە تەڵە و تۆڕەکان.. لە نامەیەکی جۆن ئادامز (١٧٣٥=١٨٢٦) کە لە ساڵی ١٧٨٧دا بۆ (تۆماس جیفرسۆن)ی ناردووە، نووسیویەتی: هۆی ئەم بێسەروبەری و شپرزەیی و وێرانییە کەموکورتییەکانی نێو دەستوور یان نەبوونی شەرەف و چاکەکاری نییە، هێندەی بەهۆی ئەو نەزانیی نێو بواری کاروباری ئابووری و دراوی نەختینەیی و سرووشتی ژمێریاری و ڕۆیینەییەوەیە (السیولە) .

تۆماس جیفرسۆنیش وەڵامی داوەتەوە و نووسیویەتی: من باوەڕم وایە ئەم دەستگە بانکییانە مەترسییان زۆر لەو سوپایانە گەورەترە ئامادەن هێرش بهێننە سەر ئازادییەکەمان.. ئەو بانکانە ئەرستۆکراتیەتێکی دارایيان هێناوەتە ئاراوە و لە ڕێگەی دەستهەڵات و هەژموونی خۆی ڕکابەری لەگەڵ حکوومەت دەکات و ڕووبەڕووی دەبێتەوە.. پێم وایە دەبێ مافی دەرکردنی دراو لەو دەستگەیانە وەربگیرێتەوە و بدرێتەوە گەل، چوونکە کەس لە گەل زیاتر شایستەی ئەو مافە نییە.

ئەندرۆ جاکسۆنیش گوتوویەتی: ئەگەر دەستوور مافی دەرکردنی کاغەزی دراویی داوەتە کۆنگرێس، مانای وا نییە کۆنگرێس مافی هەبێت ئەو مافە بداتە چەند کەس و دەستە و دامەزراوەیەکی دەرەکی.

ئەم ڕەخنەگرتنە ئاشکرایانە سووخۆرە جیهانییەکانی ترساند، لە کۆسپوتەگەرەی بەردەمیان ئاگاداری کردنەوە، جا ڕۆچیڵد بە بۆنەی هاتنی وادەی دەرکردنی ماف و ئیمتیازی بانکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٨١١دا ئەم هۆشدارییەی ڕاگەیاند: دەبێ حکوومەتی ئەمریکی ڕەزامەندی لەسەر داواکاریی نوێکردنەوەی ماف و

ئیمتیازی بانکی ئەمریکا دەرببڕێ، دەنا لەنکاو دەبینێ لە جەنگێکی وێرانکەر گلاوە.

ئەمریکییەکان باوەڕیان نەکرد نیازی خاوەن بانکە جیهانییەکان ئەوەبێت لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان ئاگری جەنگێك خۆش بکەن، وایان زانی فرۆفێڵێك لە مەسەلەکەدا هەیە.. هەروەها ئەندرو جاکسۆنیش هەمان ڕای هەبوو، دواتر ناوبراو گوتبووی: ئێوە تەنیا ئەشکەوتی دزان و کۆمەڵە خوێنمژێکن، دەبێ تێکوپێکتان بشکێنم و لەنێوتان ببەم، سوێند بەخوا دەتانپلیشێنمەوە.

ناسان ڕۆچیڵدیش چەند ڕێنماییەکی دەرکرد و تیایاندا گوتبووی: دەرسێکی باشی ئەو ئەمریکییە بێشەرمانە دابدەن، با بگەڕێنەوە سەردەمی ئیستعمار و پێش سەربەخۆیی.

حکوومەتی بریتانی لە ساڵی ١٨١٢ ئاگری جەنگی هەڵگیرساند، ئامانجیش لەو جەنگەدا هەژارکردن و ئاو وەرکردن بوو لە خەزێنەی ئەمریکی بە جۆرێك دەستهەڵاتە ئەمریکییەکان ناچار بن دەستی ئاشتی درێژ بکەن و داوای یارمەتیی دارایی بکەن.. ناسان ڕۆچیڵد بڕیاری دا یارمەتیی پێویستی دارایی نادرێ تەنیا لەو کاتەدا نەبێت حکوومەتی ئەمریکی بە نوێکردنەوەی ماف و ئیمتیازی بانکی ئەمریکا ڕازی بێت.

پیلانەکەی ناسان ڕۆچیڵد بەتەواوی سەری گرت.. ئەمەیش بووە هۆی دروستکردنی تەنگەتاوی و ڕق و بێزاریی جەماوەر، جەماوەرەکەش سەرزەنشتی سیاسەتە هەڵەکانی حکوومەتە نیشتمانییەکانیان دەکرد، لەو کاتەی هێزە نهێنییەکان لە پشت پەردە و دوور لە هەر جۆرە گومانێك کاری خۆیان دەکرد، تەنیا ژمارەیەکی کەمی خەڵك دەیانزانی خەریکی داڕشتنی چ پیلانێکن.

کۆنگریسی ئەمریکی لە ساڵی ١٨١٦ و وەك چۆن داوای لێ کرابوو ماف و ئیمتیازی بانکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی نوێکردەوە.. هەندێك لە کەسانی جێگەی باوەڕ هاواریان دەکرد ئەندامانی کۆنگریس هەم بەرتیلیان پێ دراوە هەمیش چاویان لێ سوورکراوەتەوە بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی ئەو یاسایەدا دەنگ بدەن کەوا گەلی ئەمریکی گەڕاندەوە نێو دۆخی کۆیلەبوونی ئابووری.

لینۆرای کچی لیۆنیل ڕۆچیڵد لە ساڵی ١٨٥٧دا لە لەندەن لە فۆنسۆی ئامۆزای مارەکرا (باوەڕیشیان وەهابوو دەبێ شتەکان و کاروبارەکان لە چوارچێوەی خانەوادەدا بمێننەوە).. ئەم ئاهەنگەی بووکگواستنەوەیە بووە بۆنەیەکی گەورە و ژمارەیەکی زۆر لە کەسییەتیە جیهانییەکانی لەلەندەن کۆکردەوە، لەوانە بنجامین دزرائیلی پیاوی دەوڵەتی بریتانی کە لە ساڵی ١٨٦٨دا کرایە سەرۆکوەزیران و لە ساڵی ١٨٧٤یشدا دووبارە دانرایەوە.

دزرائیلی سەبارەت بەو بۆنە گرنگە گوتوویەتی: لێرە و لەژێر ئەم بنمیچەی ناوبانگی بە گشت پایتەختەکانی جیهان و گشت کون و قوژبنێکی جیهاندا بلاو بووەتەوە، سەرانی ڕۆچیڵد کۆبوونەتەوە.. خۆ ئەگەر بتانەوێ، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەینە دوو پارچە و دابەشی دەکەین، بەشێکیان دەدەینە جیمس، بەشەکەی دیکەش بە لیۆنێل دەبەخشین.. هەروەها ناپلیۆنی سێیەمش (ئیمپراتۆری ئەو کاتی فەرەنسا) لە قسەم دەرناچێت.. بەلام پیلانێکی هێندە قورس بۆ بسمارك دادەڕێژین دەیکاتە کۆیلەیەکی سەرشۆڕی خۆمان.

دواتر مێژوو ئەوەی تۆمار کردووە چۆن بنەماڵەی ڕۆچیڵد کەسە نزیکەکەی خۆیان (یەهووزا بی. بنجامین)یان لە ویلایەتە

یەکگرتووەکانـدا وەك نوێنـەری سـەرەکییی خۆیـان دامەزرانـدووە..
بەمشێوەیە جەنگی نێوەخۆیی ئەمریکا گەلی ئەمریکیی کردە دوو بەش
و بووە ڕاستییەکی بەرچاو!

دواتر سووخۆرەکان باوەڕیان بە ناپلیۆنی سێیەم هێنا مەکسیك داگیر بکات و بیخاتـە سـەر ئیمپراتۆرییایەکـەی خـۆی.. حکوومـەتی بریتانیشیان ڕازی کـرد دووبـارە ولایەتـەکانی بـاکوور داگیر بکاتـەوە و بیانخاتەوە نێو سنووری ئیستعمارییەوە.. جەنگی نێوەخۆیی ئـەمریکی بـۆ سـووخۆرە جیهانییـەکان، جـەنگێکی ئـابووری بـوو.. ڕێگـە بـۆ سووخۆرە جیهانییەکان زۆر خۆش بوو گوشـاری ئـابووری پـتر بکـەن و دوای ئەوەی کۆیلەکان ئازاد کـران تـرس و تـۆقینی دارایـی بخەنـە نێو ویلایەتـەکانی بـاکوور.. ئـەبراهام لینکـۆڵن گوتوویـەتی: هـیچ گـەل و نەتەوەیەك ناتوانێ هێندە ددان بەخۆیدا بگرێ لەوەی نیوەی تاکەکانی ئازاد و نیوەکەی دیکەشی کۆیلە بن.

خـاوەن بانکـە جیهانییـەکان قـەرزی سـنووربەند و دیاریکراویـان بەخشییە هێزەکانی باشوور، بۆ ئەوەی لە جـەنگی دژ بـە باکوورییـەکان ببنـە پاڵپشـت و هاوکاریـان.. هـەروەها ٢٠١,٥٠٠,٠٠٠ بـە قـەرز درایـە ناپلیۆن بۆ ئەوەی پاڵپشتیی لە هێرشەکەی مەکسیك بکەن.. لـە ساڵی ١٨٦٣دا هێزە نهێنییەکانی پشـت پـەردە هـەردوو ویلایـەتی لویزیانا و تکساسـیان بـۆ نـاپلیۆنی سـێیەم پێشـنیاز کـرد بـۆ ئـەوەی یارمـەتیی باشوورییەکان بدات، چونکە دژ بـە باکوورییـەکان زۆر پێویستیان بە یارمەتی هەبوو.

قەیسەری ڕووسی بە مەسەلەکەی زانـی، هـەواڵ بـۆ ئینگلیزەکـان نـارد ئـەوان لـەپێناو بەرژەوەنـدیی باشـوورییەکان هاتوونەتـە نێـو

مەسەلەکە و یارمەتیی سەربازییان بۆ دەنێرن، ئەگەر کارێکی وەها بکەن، ئەوا ڕووسیا وەهای لێك دەداتەوە جەنگ بە دژی ڕاگەیاندراوە..
جا وەك جەختکردنەوە لەسەر هۆشدارییەکەشی چەند کەشتییەکی جەنگیی ڕووسی ناردە بەندەرە باکوورییەکانی نیویۆرك و سان فرانسیسکۆ و خستنیە ژێر فەرمانی لینکۆڵنەوە.

جا کاتێك کۆسپوتەگەرەی دارایی چوار دەوری ویلایەتەکانی باکووری تەنییەوە، سووخۆرە جیهانییەکان لارییان نەبوو قەرزیان پێ بدەن، بەو مەرجەی ڕێژەی ٢٨٪ سوو بدەن.

ئەگەر سووخۆرەکان پەیتا پەیتا قەرزیان بە هەردوو لایەنی شەڕکەر نەدابووایە، دەکرا ئەو جەنگە لە ماوەی چەند مانگێکی دیاریکراودا کۆتایی پێ بێت.. ئەو قەرزانەش سوویێکی زۆریان خرابووە سەر.. سووخۆرەکان حیسابی وردودرشتیان کردبوو و پیلانیان بۆ هەموو شتێك دانابوو بۆ ئەوەی بەتەواوی دەست بەسەر لایەنە ئابوورییەکانی ئەو گەلەدا بگرن.. کاتێکیش بۆیان ڕوونبوویەوە کاتی کۆتایهێنان بە جەنگ هاتووە، جەنگەکەیان ڕاگرت.

دواتر لینکۆڵن هەوڵی دا کۆتوبەندی ئابووری سەر ویلایەتەکانی باکوور داڕنێ و تێدەکۆشا دەستوور پێڕەو بکات و پشتی بە بڕگەی پێنجەمی مادەی یەکەم بەستبوو کە جگە لە کۆنگرێس ڕێگە بە هیچ لایەنێکی دیکە نادات دراو دەربچوێنێ، هەروەها ٤٥٠ ملیۆن دۆلاری ڕەسمیشی دەرچوواند و پاڵپشتی و چوارچێوەی پشتگیریکاریشی قەرزی نەتەوەیی بوو.. سووخۆرە جیهانییەکان تۆڵەیان لە لینکۆڵن سەندەوە، چونکە وایان لە کۆنگرێس کرد یاسایەك دەربکات، بەپێی یاسایەکە قەدەغەکرا کاغەزە داراییەکانی لینکۆڵن لە دانەوەی سوودی

قەرزە حکوومییەکان و کاروباری دیکە وەریگیرێت..هەروەها سووخۆرە جیهانییەکانیش ئەو کاغەزە داراییەیان وەرنەگرت، ئەمەیش بووە هۆی بێبەهاکردنی دراوەکە!!.. بەهای ئەو جۆرە دۆلارەیان دابەزاندە ئاستی ٣٠ سنت بۆ هەر دۆلارێك.

کاتێك ئەو کارەیان سەری گرت، خەریکی کڕینی تەواوی ئەو جۆرە دۆلارە بوون.. دواتریش قەرزە حکوومییەکانیان بەو دراوە کڕی، بەهای هەر دۆلارێکیشیان بە یەك دۆلار هەژمارکرد.. بەمەیش لەسەر ڕێگەی خۆیاندا کۆسپوتەگەرەیەکی مەترسیداریان لادا و لە هەر دۆلارێکیشدا ٧٠ سنت قازانجیان کرد!!.

لە ڕۆژنامەی (لەندەن تایمز)دا گوتارێك بە فیتی سووخۆرێکی جیهانی بڵاوکرایەوە، نێوەڕۆکەکەشی تایبەت بوو بە لینکۆڵن و دراوە داراییەکەی.. لەو گوتارەدا نووسرابوو: ئەگەر ئەو سیاسەتە داراییە هەڵەیەی لە ئەمریکای باکوورەوە دەستی پێکرد، ڕەزامەندی لەسەر بدرابووایە و ددانی پێدا بنرابووایە، ئەوا حکوومەت دەیتوانی ئەو کاغەزە دراوییانە بەبێ هیچ خەرجی و تێچوویەك دەربکات کە دەیویستن.. بەم کاغەزانەش گشت قەرزەکانی دەدایەوە، ئەمەیش مانای وابوو قەرزی لەسەر نەدەما.. هەروەها گشت پارەپوولێکی دەکەوتە بەر دەست بۆ ئەوەی بازرگانی و ئاڵوێرەکانی پێ بەڕێوەببات.. ئەوجا گەلی ئەمریکی لە مێژووی جیهاندا دەبووە یەکەم گەل گەشەکردنێکی لەمشێوەیە بەخۆیەوە ببینێ... بەمەیش لە گشت شوێنێکی جیهاندا ئەقڵ و سامانی بۆ خۆی بەکێش دەکرد.. دەبێ ئەم دەوڵەتە وێران بکرێ و داری لەسەر بەردی نەهێڵدرێ، دەنا دەبێتە

هۆی پلیشاندنەوەی گشت دەستهەلات و پاشایەتییەکی سەر گۆی زەوی.

بلاوکراوەی (دی هازا رد سیرکیۆلار)ی وەرزی، گرنگی بە کاروباری بانکی ئەودیو دەریایەکان دەدا.. و تیایدا نووسراوە: جەنگ دەبێتە هۆی لەنێو بردنی کۆیلەیەتی.. هەر ئەمەیشە ئێمە و هاوڕێیە ئەوروپییەکانمان پالپشتی دەبین، چونکە کۆیلەیەتی بریتییە لە پەیداکردنی دەستی کار.. بەلام ئەو پیلانە ئەوروپییەی ئینگلترا دەستیپێکرد، لەسەر ئەو بنەمایە دارێژراوە کە سەرمایە دەتوانێ لە ڕێگەی کرێ و دەستهەقەوە کۆنترۆلی دەستی کار بکات.. لەسەر سەرمایەدارەکانیش پێویستە بزانن بەکارهێنانی ئەو قازانجە زەبەلاحەی لە جەنگەکانەوە وەدەستی دەهێنن، دەبێ بۆ کۆنترۆلکردنی بەهای دراو بەکاری بێنن.. جا بۆ جێبەجێکردنی ئەم خالەش، دەبێ وەك بناغەیەکی کردە بانکییەکان پشت بە کۆمپیالە و قەوالە حکوومییەکان ببەسترێ.. ئێمە لە ئێستەدا چاوەنوارین وەزارەتی دارایی ئەمریکی ئەم ئامۆژگارییەمان لە گوێ بگرێ و بیکاتە بەرنامەیەکی کار.. هەروەها بۆ ئێمە سوودبەخش نییە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕێگە بە دەستاودەستکردن و بەکارهێنانی کاغەزە سەوزە داراییەکانی لینکۆلن بدەین، چونکە ناتوانین کۆنترۆلی بکەین.. بەلام لە بەرانبەردا دەتوانین کۆمپیالە و قەوالە حکوومییەکان کۆنترۆل بکەین و لە پشتیشیەوە تەواوی دراو و دواتریش سەرلەبەری ئابووری بخەینە ژێر دەستی خۆمانەوە.

سووخۆرە جیهانییەکان پارەی هەلمەتی هەلبژاردنەکانیان بۆ ژمارەیەکی زۆری نوێنەران و پیرەکان تەرخانکرد، بۆ ئەوەی بەهۆی

ئەوانەوە پڕۆژە یاسای پارە گۆڕەرەوەکان (الصیارفة) دەنگی لەسەر بدریّ، ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی ١٨٦٣دا بووە یاسا، هەرچەندە سەرۆك لینکۆڵن زۆر دژی وەستایەوە.. بەمشێوەیە دیسانەوە سووخۆرە جیهانییەکان خولێکی دیکەشیان بردەوە.

لە نامەیەکی دەستگەی ڕۆچیڵد و برایە سەرمایەدارەکانی کە لە ڕێکەوتی ٢٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٦٣دا لە لەندەن بۆ دەستگەی بەڕێزان و سەروەرانی ئیکلهایمەر و مۆتون فاندەر گۆڵد، ناردراوە و ناونیشانەکەی: ٣ وول ستریت نیویۆرکە، هاتووە:

گەورە بەڕێزەکانم.. بەڕێز جۆن شیرمان لە هەرێمی ئۆهایۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بۆی نووسیوین و مەزەندەی خۆی سەبارەت بەو قازانجانە ڕاگەیاندووە کەوا دەکریّ بەهۆی ئەو یاسایەی کۆنگرێس سەبارەت بە کاروبارەکانی بانکەکانەوە دەری کردووە، وەدەستی بهێنین.. پێدەچیّ ئەم یاسایە بەپێی پلانە جێبەجێکراوەکەی کۆمەڵەی بانکە بریتانییەکان بووبێت.. هەروەها ئەو کۆمەڵەیە هاوڕێیە هۆشداریی داوەتە هاوڕێیە ئەمریکییەکانی و پێی ڕاگەیاندوون ئەگەر ئەو پەسند بکرێت و بڕیاری لەسەر بدریّ، دەبێتە هۆی هەڵڕژانی لافاوی قازانج بەسەر کۆمەڵەی پارەگۆڕەوەکان لە گشت جیهاندا.. چونکە ئەم یاسایە دەستهەڵات و هەژموونی تەواو دەداتە بانکی نیشتمانی کۆنترۆڵی بارودۆخی ئابووریی و دارایی نێو دەوڵەت بکات، ئەو کەمینەیەی بە نهێنیی و ڕاستیی یاسایەکە دەزانن، هیچ بەرهەڵستییەك نانوێنن، چونکە هەلیەی وەدەستهێنانی قازانجی هەیە، یانیش بەرژەوەندییەکانی بەندە بە پەسندکردن و دەنگدان لەسەر یاسایەکە.. بەڵام جەماوەری گەل ناتوانیّ لە سرووشتی پڕۆژەکە ئەو ماف و

ئیمتیازانە تێبگات کەوا کەسانی سەرمایەدار وەدەستی دەهێنن، تەنانەت ئەو گومانەشیان لەلا دروست نابێت ئەم سیستم و یاسایە دژی بەرژەوەندییەکانیان بێت.

(دلسۆزانتان ڕۆچیلد و برایەکانی).

نامەی ئیکلهایمەر و مۆرتۆن و فاندەرگۆلدیش بەمجۆرەیە:

وەها دێتە بەرچاومان بەڕێز جۆن شێرمان سیفەتەکانی پیاوێکی سەرکەوتووی بواری دارایی تیادا بێت، چونکە گەیشتن بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی کردووەتە ئامانجی خۆی، ئێستەیش ئەندامی کۆنگرێسە، بیرکردنەوە دروستەکەی وای لێکردووە درك بەوە بکات کە قازانجە مەزنەکە بریتییە لە پاراستنی هاوڕێیەتیی ئەو کەس و دەستگەیانەی سەرچاوەیەکی مەزن و فراوانی داراییان لەبەردەستە.. بەڵام سەبارەت بە ڕێکخستنی بانکی نیشتمانی و سرووشتی ئەو قازانجانەی دەکرێ بەهۆی بەکارهێنانی پارە تیایدا وەدەستبێ، تکایە چاوێك بە بڵاوکراوە هاوپێچەکاندا بخشێنن کە بریتییە لە:

-ژمارەیەك کەس - لە پێنج کەس کەمتر نەبن- دەتوانن دەستەیەکی بانکی دامەزرێنن.

- نابێ سەرمایەی هیچ بانکێك لە یەك ملیۆن دۆلار کەمتر بێت، تەنیا ئەو وڵاتانە نەبێت کە ژمارەی دانیشتووانەکانیان لە ٦٠٠٠ کەس تێناپەڕێ.

-بانکەکان دەبنە دەستەی تایبەت، ئامانجیان وەدەستهێنانی قازانجە بۆ کەسەکان، دامەزرێنەرانیشی مافیان هەیە فەرمانبەر و کارمەندەکانیان هەڵبژێرن.

-یاسایەکانی ویلایەتەکە هیچ دەستهەڵاتێکیان بەسەر بانکی نێو ویلایەتەکەدا نییە، تەنیا ئەو ڕێکارانە نەبن کە ماوەماوە کۆنگرێس دەریان دەکات.

- ئەو بانکانە سپێردراوەکان وەردەگرن، هەروەها بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان قەرزی گونجاو دەدەن، هەروەها دەتوانن کۆمپیاڵە و قەواڵەکان بکڕن و بیانفرۆشن و کاروبارە گشتییەکانی بانکی بەڕێوەببەن.

- بۆ دروستکردن و دامەزراندنی بانک پێویستە سەرمایەیەکی ملیۆن دۆلاری هەبێت، کۆمپیاڵە و قەواڵەکانی حکوومی بەقەد ئەو ملیۆن دۆلارە بکڕێ.. جا لەبەر ئەوەی قەواڵەی حکوومی بە داشکاندنی ٥٠٪ دەفرۆشرێ، ئەوا ئێستە دەکرێ بانکێک بە ٥٠٠,٠٠٠ دۆلار دابمەزرێندرێ.. ئەم قەواڵانەش خەزێنەی ئەمریکی لە واشنتۆن دایدەنێت وەك دەستەبەرکردنی کاغەزە داراییەکانە و حکوومەت پێشکێشی بانکەکەی دەکات.

- حکوومەت سوودێکی تایبەت بە بەهای قەواڵە و کۆمپیاڵەکان دەدات، ڕێژەکەشی ٦٪ و ساڵی دوو جار دەیدات.. جا ئەگەر بەهای هەنووکەیی کۆمپیاڵە و قەواڵەکان ڕەچاو بکەین، درك بەوە دەکەین حکوومەت سوودی پارە سپێردراوەکە بە ڕێژەی ١٢٪ی دەدات، دانی سوودەکەش بە زێڕ دەبێت.

- حکوومەت لە بەرانبەر قەواڵە و کۆمپیاڵە باسکراوەکاندا ڕۆیینەی(السیولە) پێویست پێشکەشی ئەو بانکە دەکات کە ئەو قەواڵەیە وەك سپێردراو دادەنێت، سوودێکی ساڵانە بە ڕێژەی ١٪ داوا دەکات.

- جا ئەگەر داواکاری بۆ ڕۆیینەی دارایی زۆر بوو، بانکەکە دەتوانێ لە پێشکەشکردنی قەرز بە خەڵکی پارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاربێنێ، سوودەکەشی تەواوە و دەگاتە ١٢٪.

- بەمشێوەیە ئەو سوودەی بانکەکە لە قەواڵە و کۆمپیاڵەکانەوە دەستی دەکەوێ، ئەو سوودەشی دەخرێتە سەر کەوا بەهۆی بەقەرزدانی کاغەزی دارایی و ڕۆیینەی دراوییەوە دێتە بەرهەم، هەروەها قازانجە کتوپڕەکانیشی دەخرێتە سەر، بۆ ئەوەی قازانجی بانکەکە بۆ ٢٨ و ٣٣,٣٪. بەرز بێتەوە

-بانکەکان دەتوانن بەپێی ویستی خۆیان قەبارەی ئاڵوێرەکانیان کەم و زیاد بکەن ، هەروەها بانکەکە چۆنی پێ باش بێت دەتوانێ قەرز بدات یانیش نەیدات.. گرێبەستی ئەو بانکانە لەلایەن کۆمەڵەیەکی بانکیی نیشتمانییەوە کۆدەکرێتەوە کە کارەکانیان یەك دەخات.. بەمشێوەیە بانکەکان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان و چۆنی بیانەوێ کاریگەری لە بازاڕی داراییدا بکەن. چونکە بۆ نموونە بانکەکان دەتوانن لەسەر ئەوە ڕێك بکەون مەسەلەی دانی قەرز ڕەت بکەنەوە، بەمەیش دەبنە هۆی دابەزین لە بازاڕە داراییەکان و دەشتوانن کاریگەری لەسەر گشت بەرهەمێکی نیشتمانیشدا دروست بکەن.

-بانکە نیشتمانییەکان لەهەنبەر ڕێژەی کۆمپیاڵە و قەواڵە و سەرمایە و سپاردەکان هیچ باجێك نادەن.

تکامان وایە ئەم نامەیە بە نامەیەکی زۆر نهێنی بزانن.. ئەوپەڕی ڕێزمان قبووڵ بکەن.

خاوەن بانکەکانی ئەمریکی دوای ئەو نامانە ئەو بنەمایانەی سەرەوەیان پێڕەو کرد.. بەمشێوەیە کاریان بۆ کێشانەوەی ڕۆیینەی دراو کرد و بەهای قەرزەکانیان بە ئاستێك دابەزاند قەرزارەکان نەتوانن ڕووبەڕووی ئەرك و بەرپرسیاریەتییە داراییەکانیان ببنەوە، خاوەن بانکەکان دەستیان بەسەر زەوی و زار و دەستەبەرییە بارمتەکراوەکاندا گرت کە بەهایەکانیان زۆر لە بەهای قەرزەکان زیاتر بوو.. بەمشێوەیە کەسانی بانکی قازانج و بەرهەمێکی باشیان کۆکردەوە.

دوای ئەو ئەزموونە غەماوی و گەورەیە لینکۆلن هەستی کرد ئەمجارە گەلی ئەمریکی ئامادەی بیستنی دەنگی ئەقڵە، بۆیێ بۆجاری دووەم هێرشێکی ئاشکرای توندی کردە سەر سووخۆرانی جیهانی.

لە گوتارێکیدا بۆ گەل گوتی: من لە ئاسۆدا مەترسیی قەیرانێك دەبینم وردەوردە نزیك دەبێتەوە.. قەیرانێکە و دەموروژێنێت و وام لێ دەکات لە ترسی لە دەستچوونی سەلامەتیی وڵاتەکەم هەڵبلەرزم.. ئێستە دەستهەلأت و سەروەرییەکەی کەوتووەتە دەست گرووپ و دامەزراوە و کۆمپانیایە گەورەکانەوە.. ئەوجا دوای ئەمەیش گەندەڵی و خراپەکاری دەگاتە بەرزترین پێگە و پۆست.. کەسانی سەرمایەدار کار بۆ پاراستنی دەستهەلأت وهەژموونیان دەکەن بەسەر دەوڵەتدا، لەمەیشدا بەخراپ سوود لە هەست و سۆز و دووبەرەکییەکانی گەل دەبینن.. تەواوی سەروەت و سامانی وڵاتیش دەکەوێتە دەستی چەند

کەسێك کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ئەمەیش دەبێتە هۆی وێرانکردنی کۆمار.

ئەوکات لینکۆلن لە کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتیدا بوو، بەلام لە هەلبژاردنەکاندا دووبارە وەك سەرۆك هەلبژێردرایەوە، قۆلی خۆیشی لێ هەلمالیبوو بەسەر دەستهەلاتی سووخۆرە بە هەلپە و چاوبرسییەکانی جیهانیدا زال بێت.. بەلام پێش ئەوەی دەست بۆ کارێکی وەها ببات و لەو کاتەی لە شەوی چواردەی ئەیلوولی ساڵی ١٨٦٥ لە نمایشێکی شانۆییدا بوو، لەسەر دەستی جۆن ویلکس بۆس تیرۆرکرا.. تەنیا ژمارەیەکی کەمی ئەمریکییەکان هۆیەکانی پشت ئەم تیرۆرکردنە دەزانن. لێکۆلەرەکان لەو کاتیدا لەنێو کەلوپەلەکانی بکوژەکەدا نامەیەکی کۆدداریان دۆزییەوە.. گەرچی نامەکە دوور و نزیك ئاماژە بە تاوانەکە ناکات، بەلام هەبوونی پێوەندیی نێوان بۆس و خاوەنی بانکە جیهانییەکان سەلماند و ئاشکرای کرد.. خۆ ئەگەر لینکۆلن ماوەیەکی درێژتر بژیابووایە، دەیتوانی باڵی سووخۆرانی جیهانی ببڕێت.

پێش کوژرانی لینکۆلن، (سالمۆن بی. چایس)ی وەزیری دارایی ئەمریکی (١٨١٦– ١٨٤٦) لێدوانێکی دا و تیایدا گوتی: بەشداربوونم لە دەنگدان و بڕیاردان لەسەر یاسای پارە گۆڕەوەکان گەورەترین هەلەی دارایی نێو ژیانم بوو.. چونکە ئەم یاسایە بووە هۆی سەرهەلدانی قۆرغکردنێکی گەورە و کاریگەریی نەرێیی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ولاتدا کرد.. لەسەرمان پێویستە ئەو دۆخە چاك بکەینەوە.. بەلام پێش ئەمە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندی نێوان بەرژەوەندییەکانی خەلك و بەرژەوەندییەکانی بانکەکان بەشێوەیەکی گشتی دەبینین کە پێشتر هەرگیز بەرچاومان نەکەوتووە.

لــە ســالّی ۱۸۸٦دا (۱,۹۰٦,٦۸۷,۷۷۰) دۆلار لــە ویلایەتــە یەککگرتووەکاندا دەستاودەستی دەکرد. بەلاّم لە سالّی ۱۸۷٦دا ئەم ڕێژەیە دابەزی و بووە ٦۰٥,۲٥۰,۰۰۰ دۆلار. بەمشێوەیە دەبینین خاوەن بانکەکان بە کێشانەوەی کاغەزە داراییەکان لەنێو بازاڕ و دۆخی دەستاودەستکردندا، بوونە هۆی کەمکردنەوەی ڕێپینەی دراوی لەنێو دەستی گەلدا، ڕێژەی زیاتر لە ۱,۳۰۰,۰۰۰,۰۰۰ دۆلاریان کێشایەوە، لە ئەنجامدا بووە هۆی ڕوودانی ٥٦,٤٤٦ ڕووداوی داڕووخانی دارایی و بە ڕێژەی ۲,۲٤٥,۱۰٥,۰۰۰ دۆلار زیان وەبەر بەکارهێنان و خستنەگەڕی دارایی کەوت.. پشکی زۆری زیانەکان وەبەر بارمتەکراوەکان و دەستبەسەرداگیراوەکان کەوت.. خاوەن بانکەکان لە ماوەی نزیکەی دە سالّدا بە کێشانەوەی ڕێپینەی دراوی لە بازاڕەکان و درێژکردنەوەی ماوەی پێدانی قەرزەکان، ڕێژەی زیاتر لە دوو بلیۆن دۆلاریان خستە سەر سەروەت و سامانەکانیان.

****

بەشی شەشەم

مانۆڕە دراوییەکان

کاتێک بنەماڵەی ڕۆچیلد بەتەواوی چنگیان لە بانکی ئینگلترا گیرکرد، سووربوون لەسەر ئەوەی زێڕ پۆشەر و پاڵپشتی دراوی کاغەزی بێت.. خاوەن بانکە ئەوروپییەکان لە ساڵی ۱۸۷۰دا کاتێک ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەردەم کۆنترۆڵکردنی دراوی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوونەوە تەنگەتاو بوون .. چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە لێدان و دەرکردنی دراوەکانیدا زیوی بەکاردێنا.. لەبەرئەوە خاوەنی بانکەکان بڕیاریان دا زیو لە بەهای هەنووکەیی و کاتیی (الابرائیە) ویلایەتە یەکگرتووەکان دابماڵن.

خاوەن بانکە ئەوروپییەکان (ئەرنست سید)یان وەك نوێنەر و بریکاری خۆیان نارده ئەمریکا، نیو ملیۆن دۆلاریشیان خستە بەر دەستی، بۆ ئەوەی لە کڕینی ویژدانی کەسییەتییە سەرەکییەکانی نێو دەستە و دامەزراوەکانی یاسادانانی ئەمریکی بەکاری بهێنێ.. خاوەن بانکەکان لە ساڵی ۱۸۷۲دا چەند ڕێنماییەکیان بۆ بەکرێگیراوەکانیان دەرکرد، بۆ ئەوەی پرۆژە یاسای ڕیفۆرمی دەرکردنی دراوی کانزایی پێشنیاز بکەن.. ڕەشنووسی پرۆژەکە زۆر بە کارامەیی و شارەزایی دارێژرابوو، بەشێوەیەك مەبەستە ڕاستەقینەکەی شاراوە بوو و بە ئاسانی هەستی پێنەدەکرا.. ئەو سیناتۆرەی پرۆژەکەی پێشکێش

کردبوو (جۆن شێرمان) بوو، – کەمێك لەمەوبەر ئاماژەمان بە نامەکەی کرد– ئاراستەی دەستگەی ڕەجێڵدی کردبوو.. لەم پرۆژەیەدا ئەندامێکی کۆنگرێس بەناوی (صمۆئیل هوپر) پشتگیری لە شێرمان دەکرد.. دوای ئەوەی شێرمان لە کۆنگرێسدا گوتەیەکی زۆر جوان و سەرلێشێوێنەری پێشکێش کرد، پرۆژە یاسایەکە بەبێ هیچ ناڕەزایی و بەرهەڵستییەك تێپەڕێندرا!!

سێ ساڵ تێپەڕین و کەس بەدوای مەترسیی ڕاستینی پشت بڕیاردان و پەسندکردنی ئەو یاسایەدا نەچوو و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەوە نەکرا.. چونکە ئەم پرۆژە یاسایە هەوڵێکی داپۆشەر و سەرلێشێوێنەر بوو بۆ ئەوەی زیو بەهای هەنووکەیی و کاتییانە (الابرائی) خۆی لەدەست بدات.. ڕاپۆرتی کۆنگرێس دەڵێ تاکە یەك ئەندامیش بە دروستی و بەتەواوی لە نێوەڕۆکی یاسایەکە نەگەیشتن، تەنیا ئەو لیژنەیە نەبێت کە پرۆژە یاسایەکەیان پێشکێش کردبوو.

بەڕێز (جۆن. ئاڕ، ئیلسۆم) لە لاپەڕە ٤٩ی پەڕتووکەکەی بەناوی (ڕەشەبایەك لەسەر خەزێنەی ئەمریکی) نووسیویەتی: ئەڕنت سید بە (بەڕێز فردریك. ئەی. لۆکتباك)ی هاوڕێی خۆی گوتووە: ڕووبەڕووی لیژنەی ئەنجوومەنی پیران و کۆنگرێس بوومەوە و بەرتیلی پێویستم پێیان دا، هەر لە ئەمریکاشدا مامەوە تا دڵنیابوومەوە هەموو شتێك باشە.

خاوەن بانکەکان لە ساڵی ١٨٧٨دا دەستیان بە کێشانەوەی ڕۆیینەی زۆرتری دراوی کرد و قەرزە بەخشراوەکانیشیان دیاری کرد، ئەمەیش بووە هۆی ١٠,٤٧٨ ڕووداوی مایەپووچ بوونی بازرگانی و بانکییانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.. بەڵام کۆنگرێس لە ساڵی

۱۸۷۹دا بۆ وەستاندنی قەیرانە دەستکردە خنکێنەرەکە لەسەر دەرچوواندنی ڕێژەیەکی زۆری دراو پێی داگرت، ئەمەیش دۆخەکانی مایەپووچیی بۆ ڕێژەی ٦,٦٥٨ دۆخ کەمکردەوە، بەلام هێزە نهێنییەکانی پشت پەردە لە ساڵی ۱۸۸۲دا چەند ڕێنماییەکیان دەرکرد، دەرئەنجامی مانۆڕە داراییەکان کە لەنێوان ساڵانی ۱۸۷۸ و ۱۸۹۲ بەڕێوەچوو، بریتی بوو لە بەرزبوونەوەی دۆخەکانی مایەپووچبوونی ئابووری لە ئەمریکا و ڕێژەکەشی گەیشتە ۱٤۸۷۰ دۆخ، لە هەمان کاتیشدا کردەی دەستبەسەرداگرتنەکان (الحجوزات) بەسەر کێڵگە و ماڵی تاکەکەسەکاندا بەردەوام بوو.. تاکە سوودمەندی ئەو دۆخەش خاوەن بانکەکان و ئەو بەکرێگیراوانەیان بوون کەوا دەستیان بەسەر موڵکە بارمتەکراوەکاندا گرتبوو.

لە ڕووداوەکانەوە ئەوە بەدیاردەکەوێ خاوەن بانکە جیهانییەکان بەئەنقەست هەوڵی دروستکردنی دۆخەکانی شکستهێنان و هەژاری و بێهیوایی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانیان دەدا، بۆ ئەوەی لە پێناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانیدا کەشێکی گونجاو بڕەخسێنن، چونکە شۆڕش وەك ئامرازی کار و ئامانجەکانیان بوو.. نامەیەکی کۆمەڵەی خاوەن بانکە ئەمریکییەکان لە ۱۱ی مارسی ساڵی ۱۸۹۳دا ئاراستەی گشت ئەندامان کراوە، و ئەم ڕاستییەی سەرەوە دەسەلمێنێ، لە نامەکەدا هاتووە:

((دەبێ بڕوانامە زیوینییەکان و کاغەزەکانی سەر بە خەزێنە یەکسەر لە ئاڵوێرکردن و دەستاودەستکردن بکێشرێنەوە، بۆ ئەوەی چەند کاغەزێکی نوێی دارایی جێگەیان بگرنەوە کە پۆشەر و پاڵپشتەکەیان زێڕ بێت.. ئەمەیش پێویستی بە دەرکردنی چەند قەوالە

و کۆمپیاڵەیەکی نویێ هەیە کە بەهایەکەی لەنێوان ٥٠٠ ملیۆن و یەك ملیار دۆلار بێت، هەر ئەمیش دەبێتە بناغەی دەستاودەستکردن و مامەڵەکردن بە دراوە نوێیەکە.. لەبەرئەوە لەسەرتان پێویستە سێیەکی ئەو دراوەی بکێشێنرێتەوە کە ئێستە دەستاودەست دەکات، هەروەها وەها باشترە نیوەی قەرزە بەخشراوەکان کەم بکرێنەوە.. هەروەها دەبێ بەتەواوی هەوڵی خۆتان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی خەڵك هەست بە گوشاری ئابووری بکات.

خاوەن بانکەکانی ئەمریکا ملیان دایە بەر فەرمانەکە، دەرئەنجامەکەش دروستبوونی دۆخی تۆقینێکی سەرانسەری بوو و لە ساڵی ١٨٩٣دا هەموو گەلی ئەمریکای گرتەوە. هاووڵاتیی ئاسایی ئۆباڵی دۆخەکەی دەخستە ئەستۆی حکوومەتەوە.

لە ساڵی ١٨٩٩دا لە ئینگلترا کۆنگرەیەکی گەورەی خاوەن بانکەکانی جیهان بەڕێوەچوو، ئەمریکا بە دوو نوێنەر بەشداریکرد، ئەوانیش (جی. بی. مۆرگان) و (ئەنتۆنی دریکسیل) بوون.. کاتێك گەڕانەوە ئەمریکا دەستگەی ڕۆچیلد ئەرکی نوێنەرایەتیکردن و بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی خستە سەرشانی مۆرگانەوە.. کاتێکیش مۆرگانیش توانی هەندێك چەکی کۆن و لەکارکەوتوو بفرۆشێتە حکوومەتی ئەمریکا، لە پۆستەکەیدا کارامەیی و شارەزایی خۆی سەلماند.

ئەو دەرئەنجامەی لە کۆنگرەی لەندەندا هاتە ئاراوە، دروستکردن و دامەزراندنی قۆرغکردنێکی جیهانی بوو و ئەم دەستگەیانەی لەخۆ گرت: (جی. بی. مۆرگان) و هاوبەشانی لە نیویۆرك، (دریکسیل) و هاوبەشانی لە فیلادلفیا، (گرنفیل) و هاوبەشانی لە لەندەن، (مۆرگان

مارگیس) و هاوبەشانی لە پاریس، دەستگەی ئێم، ئێم واربۆرگ لە ئەڵمانیا و ئەمستردام.. دەستگەی سەرپەرشتیاری ئەو قۆرغکراییەش بنەماڵەی رۆچیڵد بوو.

مۆرگان و دریکسیل یەکیان گرت و لە ساڵی ۱۹۰۱دا دەستەی دەستەبەرییەکانی باکووریان پێکهێنا، ئامانجیش لەو دەستەیە مایەپووچکردنی کۆمپانیای هاینز- مۆرس بوو..کۆمپانیای هاینز - مۆرس چەند کەرتێکی گرنگی وەك پارەگۆڕینەوە و بارکردن و دروستکردنی پۆڵا و چەند پیشەسازییەکی دیکەی کۆنترۆڵ کردبوو.. بۆیێ دەبوایە مایەپووچی بکەن و لە بازارەکانی ئەمریکی وەدەری بنێن، بۆ ئەوەی دەستگەی مۆرگان-دریکسیل بتوانێ هەڵبژاردنە فیدراڵییەکان کۆنترۆڵ بکات.

دەستگەی مۆرگان- دریکسیل لە ساڵی ۱۹۰۱دا توانی (تیۆدۆر رۆزفلت) بگەیەنێتە سەرۆکایەتیی کۆمار. هەر ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی دادگە حوکم و بڕیاری سزادانیان دوابخات، چونکە پێشتر بەوە تۆمەتبارکرابوون بۆ پاکتاوکردن و لەنێوبردنی نەیارەکانیان هۆکاری ناڕەوایان بەکارهێناوە ..هەنگاوی دواتر بەستنەوەی دەستگەی مۆرگان-دریکسیلی بوو بە دەستگەی کۆهن-لوب.. ئەم دوو دەستگەیە ئەزموونێکی هاوبەشیان بەڕێوەبرد بۆئەوەی بزانن هێزیان چەندە.. ئەزموونە نوێیەکەش کارەساتێکی نوێی ئابووری بوو.. چونکە هەردوو ڕێکخراو لە ساڵی ۱۹۰۷ پیلانی تۆقاندنی وول ستریتیان بەڕێوەبرد، کاردانەوەی میللیی لەهەنبەر ڕەفتار و ئامرازی ئەو چەتانە، بەسبوو بۆ ئەوەی حکوومەت دنە بدات هەندێك ڕێوشوێن بگرێتە بەر.

حکوومەت لیژنەیەکی تایبەتی بەناوی (لیژنەی دراوی نیشتمانی) پێکهێنا و سەرۆکایەتیی لیژنەکەش خرایە سەرشانی (نیلسۆن ئەلدریك).. دواتر روونبوویەوە ئەلدریکیش سەروسەودا و پێوەندی لەگەڵ قۆرغکارییەکانی لاستیك و تووتندا هەیە.. ئەلدریك دوا کەس بوو لە کۆنگریسدا ئەو ئەرکەی بخرێتە سەرشان.. جا لەکاتی ئامادەبوونیان لە ئەورووپادا، چەندان ئاسانکاریی پێویستیان بۆ رێکخرا بۆ ئەوەی تاوتوێی ئەو رێگەیانە بکرێ کە خاوەن بانکەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئابووریی وڵاتان دەیگرنەبەر.

ئەلدریك دوو ساڵ لە ئەورووپا مایەوە، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا ٣٠٠ هەزار دۆلاری گەلی ئەمریکای خەرجکرد و دواتریش گەڕایەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان.. تاکە دەستکەوتێکی گەلیش لەمەدا لێدوانەکەی ئەلدریك بوو کە گوتی: نەیتوانیوە بگاتە هیچ پلانێکی دیاریکراو رێگە لە دووبارە بوونەوەی ئەو قەیرانە داراییانە بگرێ کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی کردبووە پووشی بەردەم رەشەبا و بێکاریی تیادا بڵاوکردبوویەوە و ببووە هۆی بەفیڕۆدانی سەروەت و سەرمایەی بچووك.

ئەلدریك سەردەمی جەنگی نێوخۆی ئەمریکاوە لە خانەوادەی رۆکفلەر نزیك بوو، تەنانەت گەنجێکی بنەماڵەی رۆکفلەر کچەکەی خواست.. پێش ئەوەی ئەلدریك بەرەو ئەورووپا سەفەر بکات ئامۆژگارییان کرد راوێژ بە پۆل واربۆرگ بکات کە لە ساڵی ١٩٠٢ وەك کۆچبەرێکی ئەڵمانیا لە ئەمریکا نیشتەجێ ببوو، دواتر روونبوویەوە ناوبراو لە هامبۆرگ و ئەمستردام ئەندامێکی دەستگەی م. م. واربۆرگی دارایی ئەورووپی بووە.. ئەم دەستگەیە –وەك پێشتر تیشکمان خستە

سەری- سەر بە کۆمەڵەی ڕۆچیڵد بوو.. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانی پشکێك لە دەستگەی کۆهن-لۆب و هاوبەشانی لە نیویۆرکدا بکڕێ و بەبەهای نیو ملیۆن دۆلاری ساڵانە مووچەیەکی بۆ بڕابوویەوە.. هەروەها لە هاوبەشە نوێیەکانی نێو دەستگەی یەعقووب شێف بوو، ئەم یەعقووب شێفە لە ساڵی ١٨٨٢-١٩١٧ پارەی بۆ بزووتنەوە تیرۆرستییەکانی نێو ڕووسیا تەرخان کردبوو.

شێف بەتەواوی دەستی بەسەر چالاکییەکانی گواستنەوە و گەیاندن و هێڵەکانی گەیاندنی کۆمەك و یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا گرتبوو.. سەلماندیشی کۆنترۆڵکردنی ئەو پێگە و بوارانە بۆ سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لە هەر وڵاتێکدا لە پێویستییە زۆر گرنگەکانە و دەبێ ڕەچاو بکرێ.

لە شەوی ٢٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٠دا فارگۆنێکی تایبەتی هێڵی ئاسنین لە وێستگەی هۆبوکنی نیوجرسی چاوەڕوان بوو.. سیناتۆر ئەلدریك و ئەی بیات ئەندرۆزی شارەزای بواری ئابووری و یەکێك لە گەورە کارمەندانی وەزارەتی دارایی گەیشتنە ئەوێ، ناوبراو لە ئەورووپا خوێندبووەی. هەروەها (شیلتۆن)ی سکرتێری تایبەتی ئەلدریك و (فرانك فاندەرلیپ)ی سەرۆکی بانکی نیشتمانیی نیویۆرکیش گەیشتە شوێنەکە.. خودی ئەو بانکەش لە هێڵی ئاسنیندا نوێنەری بەرژەوەندییەکانی ئال ڕۆکفلەر و کۆمپانیای کۆهین- لۆب بوو.. بەڕێوەبەرانی ئەو بانکە بە هەوڵی هەڵگیرساندنی جەنگی ساڵی ١٨٩٨ ی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسپانیا بە ئاشکرا تۆمەتبار کران. جا بەبێ ڕەچاوکردنی دروستی و نادروستیی ئەم تۆمەتانە، ئەو بانکە

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگ، لە کوبادا دەستی بەسەر کشتوکاڵی قامیشی شەکر و دروستکردنی شەکردا گرت.

چەند کەسێکی دیکەش لەوانەی تەڤلی کۆبوونەوەکە ببوون (هـ. ب. دافیسۆن)ی پشکداری نێو کۆمپانیای مۆرگان و (چارل د. نۆرتۆن)ی سەرۆکی بانکی نیشتمانیی نیویۆرکی سەر بە کۆمپانیای مۆرگان بوون.. ئەو سێ کەسە بە هەوڵی کۆنترۆلکردنی دراو و ژمێریاریی سەرانسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تۆمەتبار کرابوون.

دوو کەسی دیکەش لە کۆتاییدا گەیشتن، ئەوانیش: پۆل واربۆرگ و بنجامین سترۆنا بوون.. واربۆرگ زۆر دەوڵەمەند و هەژموونداربوو، دەڵێن گوایە ئەو لە پشت شانۆگەرییە کۆمیدییەکەی (ئانیی هەتیو)دا بوو کە بنەماڵەی واربۆرگی بە دەوڵەمەندترین پیاوانی جیهان داناوە و دەتوانن بە هۆکاری سەرناسا پارێزگەری لە خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان بکەن.. بنجامین سترۆناش بەو مانۆڕە داراییانە ناسرابوو کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانە گەورەکەی ساڵی ۱۹۰۷. سترۆنا یەکێك بوو لە گەورە جێبەجێکارانی کۆمپانیای ج. ب. مۆرگان، ناوبراو لە پۆستەکەی خۆیدا کە بەسێکی شارەزای بواری جێبەجێکردنی کار و فەرمانەکان ناسرابوو و بەبێ هیچ گفتوگۆ و ڕەتکردنەوەیەك گوێڕایەڵی کەسانی سەرووی خۆی بوو و وەك سەربازێکی بە وەفا بەبێ هیچ گفتوگۆیەك کارەکانی جێبەجێ دەکرد.

هەواڵنێری ڕۆژنامەکان بە کۆبوونەوەی ئەو پیاوانەیان زانیبوو کە کۆنترۆڵی سێکتەرە مەزنەکانی ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان کردووە، بۆیێ وەك مێش و مەگەز ڕوویان لە فارگۆنە

تایبەتەکە کرد.. بەلام لێدوانی هیچ کام لە کەسەکانی نێو کۆبوونەوەکەیان دەست نەکەوت.. دواتریش بەڕێز فاندەرلیب ئەرکی لەکۆڵ خۆکردنەوەی هەواڵنێرەکانی گرتە ئەستۆ و گوتی: ئێمە هەموومان بەرەو بەسەربردنی پشوویەکی هێمنی کۆتایی هەفتە دەچین.

دوای چەندان ساڵ ئەوجا زانرا چی لەو پشووەی کۆتایی هەفتەیە ڕووی داوە.. ڕووداوەکە بەمجۆرە بووە: لە دوورگەی جیکیلی جۆرجیا کۆبوونەوەیەکی نهێنی بەڕێوەچووە.. ئەو شوێنەش بارەگەیەکی دوورەدەست و موڵکی ج. ب. مۆرگان و چەند هاوبەشێکی دیکەی بوو.. ئەوەی لەو کۆبوونەوەیەدا باسی لێوەکرابوو، تاوتوێکردنی ڕێگە و ئامرازە بەردەستانەکانی وێرانکردن و ڕێگەگرتن بوو لەو پرۆژە یاسایانەی دەخرێنە بەردەم کۆنگرێسەوە و ئامانجیان کەمکردنەوەی دەستهەڵاتی قۆرغکاریی و دانانی ئاستێکە بۆ مانۆڕەکان و دانانی چەند پرۆژە یاسایەکی دیکە لە شوێنی ئەو پرۆژانە بەو مەرجەی لە بەرژەوەندیی ئەندامانی نێو کۆبوونەوەکەدا بێت.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە، لە نیویۆرك چەندان کۆبوونەوەی دیکە بەڕێوەچوون.. هەمان ئەو پیاوانەی پێشتر لێیان دواین بەڕێوەیان بردبوو، کۆبوونەکانیش لەپێناو باسکردن و بڕیاردان بوو لەسەر چەند وردەکارییەك.. پیلانگێڕەکان ناویان لە کۆمەڵەکەی خۆیان نا یانەی ناوی یەکەم، چونکە لەمیانی کۆبوونەوەکانیاندا تەنیا ناوی یەکەمی یەکتریان دەهێنا.. بەکورتیش ئەلدریك و واربۆرگ و هاوبەشەکانی چەند پرۆژە یاسایەکی نوێیان ئامادە کرد و دواتر خرایە بەردەم کۆنگرێسەوە، لیژنەی پێکهێنراو بە سەرۆکایەتیی ئەلدریك لەژێر

ناونیشانی چەند پێشنیازێکەوە خستیانە بەردەم کۆنگرێس.. ئەم پرۆژە یاسایانە لە ساڵی ١٩١٣دا لەژێر ناونیشانی یاسای یەدەگی فیدراڵیی ساڵی ١٩١٣ دەنگیان لەسەر درا و زۆرینەی هاووڵاتیانی ئاسایی باوەڕیان وابوو ئەو پرۆژە یاسایانە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دانراوە و ئابووریی گەلی خستووەتە نێو دەستی حکوومەتەوە.

ئەمەیش تەواو دوورە لە ڕاستی.. ئەو یاسایانە ڕێگەیان بە خاوەن بانکەکانی ئەورووپا و ئەمریکا دەدا دەست بەسەر توانا و سێکتەرە داراییەکانی هەردوو کیشوەردا بگرن، ئەمەیش ڕێگەی بۆ خۆشکردن ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی خۆش بکەن کە تاکە ئامرازی سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ی ڕووسیا بوو.

ئۆرگانی یەدەگی فیدراڵی لە ساڵی ١٩١٤دا لە ١٢ بانك پێکهاتبوو، بە ١٣٤ ملیۆن دۆلار قەواڵە و کۆمپیاڵەکانی یەدەگی فیدراڵییان کڕی.. ڕاپۆرتەکەی کۆنگرێس لە ڕێکەوتی ٢٩/٥/ ١٩٤٦دا ئاماژە بەوە دەکات یەدەگی فیدراڵی گەیشتووەتە ٥ ملیۆن دۆلار.. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٦دا گەیشتووەتە ٤٥ ملیۆن دۆلار. بەمشێوەیە دەبینین خاوەن بانکەکان لە کردە داراییەکانی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا نزیکەی ٤٠ ملیۆن دۆلاریان وەدەستهێناوە.

زۆرینەی هاووڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتووەکان وادەزانن ئۆرگانی یەدەگی فیدراڵی سوود بە هەموو گەل دەگەیەنێ، پێشیان وایە پارێزگەری لە بەرژەوەندیی ئەو کەسانە دەکات کە پارە لە بانکەکان دادەنێن، چونکە هەرگیز لێناگەڕی ئەو بانکانە مایەپووچ ببن.. هەروەها لەو باوەڕەدان قازانجەکانی یەدەگەکە دەچێتەوە خەزێنە..

بەڵام ئەمریکییەکان لەمەدا بەهەڵەدا چوون، ڕاستە ئۆرگانی یەدەگی فیدراڵی لە بنەڕەتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەمریکییەکان دامەزراوە، بەڵام ئەو پرۆژە یاسایانەی لە ساڵی ۱۹۱۰ لە دوورگەی جیکیلی جۆرجیا دانراون و کۆنگریسی ئەمریکی لە ساڵی ۱۹۱۳دا دەنگی لەسەر داون و پەسندی کردوون، لە بەرژەوەندی گشت گەلی ئەمریکیدا نەبوون، بەڵکو لە بەرژەوەندیی چەند خاوەن بانکێکی ئەمریکیی بوون، ئەوانیش پێوەندییان لەگەڵ ئەو لایەنە ئەورووپیانەدا هەیە کە بەردەوام لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی جیهاندان.

ئامارەکان دەری دەخەن لەو کاتەی ئەم پرۆژە یاسایە لە ساڵی ۱۹۱۳دا تێپەڕێندراوە، لە ئەمریکا زیاتر لە ۱٤,۰۰۰ بانک مایەپووچ بوون، ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی ملیۆنان ملیۆن دۆلاری ئەو کەسانە لەنێو بچێ کە پارەیان لەو بانکانەدا سپاردووە.

بەشی حەوتەم

ڕووداوەکانی پێش شۆڕشی ڕووسی

هێرشەکەی ساڵی ١٨١٢ی ناپلیۆن بۆ سەر ڕووسیا وەك زەمین لەرزەیەکی تۆقێنەر ڕووسیای هەژاند، ئیدی دوای ئەم هێرشە ئەو وڵاتە وەك جاران نەمایەوە، بەڵکو برینێکی سارێژ نەبووی لە جەستەیدا دروستبوو.. قەیسەر ئەلیکساندەری یەکەم ئەرکی دووبارە ڕێکخستنەوەی وڵاتەکەی گرتە ئەستۆ، بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجەش، چەند یاسایەکی دەرکرد و ئەو بەند و یاسا نادادپەروەرانەی ڕەتکردنەوە کەوا لە ساڵی ١٧٧٢ بەسەر جوولەکەکانی ئەوێ سەپێندرابوون و تایبەت بوون بە نیشتەجێکردنیان لە چەند شوێنێکی دیاریکراو. هەروەها قەیسەر هەوڵێکی تاقەتپڕووکێنی دا بۆ ئەوەی وەها لە جوولەکەکان بکات لە کشتوکاڵ و چەندان کایەی دیکەدا کار بکەن و هانی دان بەتەواوی تێکەڵی جڤاکی ڕووسی ببن.

ئەسکەندەری یەکەم لە ساڵی ١٨٥٢ مرد، نیکۆلای یەکەم جێگەی گرتەوە، بەڵام ناوبراو بەو دزە کردنە خێرایەی جوولەکە بۆ نێو ئابووریی ڕووسیا ڕازی نەبوو، حکوومەتەکەشی لەهەنبەر ئەو پێداگرییە ئاسوودە نەبوو کە جوولەکەکان لەپێناو پاراستنی کەلتوور و زمان و پۆشاکی تایبەت بە خۆیان دەیاننواند.

بەمشێوەیە و وەك هەوڵێكی ناوبراو بۆ تواندنەوەی ڕەگەز و نەژادی جوولەكە لەنێو جڤاكی ڕووسیدا نیكۆلای یەكەم لە ساڵی ۱۸۳٤دا چەند یاسایەكی دەركرد، سەرجەم یاسایەكانیش جوولەكەكانیان ناچار دەكرد منداڵانیان بنێرنە خوێندنگە حكوومییەكانەوە، ئەمەیش بۆ سڕینەوەی ئەو چەوساندنەوە ئایینییە بوو كە هەر لە سەردەمی منداڵییەوە بەگوێیاندا دەچرپێندرێ.

بەڵام دەرئەنجامەكە تەواو پێچەوانە كەوتەوە، چونكە فێربوون بۆ منداڵانی جوولەكە بووە خوێندنی بەزۆر، بەڵام بۆ منداڵانی ڕووسیی ناجوولەكە بەزۆر نەبوو، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی جوولەكەكانی ڕووسیا لە هەموو گەل و پێكهاتەیەكی دیكە ڕۆشنبیرتر بن!

قەیسەر ئەلیكساندەری دووەم لە ساڵی ۱۸۸٥دا عەرشی ڕووسیای وەدەستهێنا، ناوبراو ئەو كەسەیە كە بنجامین دزرائیلی بە لێبوردەترین پاشای ڕووسیای لە قەڵەم دابوو.. ئەلیكساندەر ژیانی خۆی بۆ چاكتركردنی بارودۆخی ژیانی جووتیاران و چینی زەحمەتكێش و جووەكان تەرخان كردبوو. لە ساڵی ۱۸٦۱دا (۲۳) ملیۆن كۆیلەی ئازاد كرد.. ئەو ژمارە زۆرەش كۆیلەی تەواو بوون و گشت تایبەتمەندییەكانی كۆیلەیەتییان بەسەردا بڕابوو، كردەكانی كڕین و فرۆشتنی زەوی و زارەكان بەسەریاندا دەچەسپا و لە سەروەرێكەوە دەفرۆشرانە سەروەرێكی دیكە.

زۆرێك لە جووەكان چوونە زانكۆی جۆراوجۆر، بەڵام دوای دەرچوونییان ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمە و گرفتی توند دەبوونەوە.. جا بۆ سڕینەوەی ئەو نادادپەروەری و ستەمە، قەیسەر فەرمانی دەركرد جووەكان لە پۆست و كاروبارەكانی نێو حكوومەتدا وەربگیرێن و

ڕێگەشیان پێ بدرێ لە هەر شوێنێکی ڕووسیا بیانەوێ نیشتەجێ ببن.. لەگەڵ هاتنیساڵی ١٨٧٩شدا جووەکان دکتۆر و پەرستار و دکتۆری ددان و پیاوانی کار و پیشەکانیان لێ هەڵکەوت، ڕێگەشیان پێ درابوو لە هەر شوێنێکی ڕووسیا بە ئارەزووی خۆیان نیشتەجێ ببن.

لەگەڵ ئەمەیشدا، سەرکردە جووەکانی بزووتنەوەی شۆڕشی جیهانی لەسەر ئامادەکاری بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی جیهانی بەردەوام بوون.. کۆمەڵە و گرووپە تیرۆرستییەکەیان قەسابخانە دوای قەسابخانەیان دەنایەوە و تێدەکۆشان پاڵپشتی ئەو ڕۆشنبیرانەی ڕووسیا وەدەستبێنن کە ئەوانیان ڕەت دەکردەوە، لەلایەکی دیکە هەوڵی بەردەوامیان دەدا بیرۆکەی یاخیبوون و شۆڕش بخەنە مێشکی جەماوەری کارگەرەوە.. لە ساڵی ١٨٦٦دا یەکەمین هەوڵی تیرۆرکردنی قەیسەر ئەلیکساندەری دووەمیان خستە گەڕ، بەڵام ناویراو بە موعجیزە لە هەردوو هەوڵ و پیلانی کوشتنەکەدا بە سەلامەتی دەرچوو.. جووەکان دەستەبەردار نەبوون و ئەمجارە لە ساڵی ١٨٨١دا لە ماڵێکی جوولەکە بە ناوی هسیا هلفمان لە هەوڵی سێیەمی تیرۆرکردنیدا ئەلیکساندەریان لەنێوبرد.

ئەوجا لەو کاتەی هێزە شۆڕشگێڕەکان لە نێوەخۆدا بە گشت ئامراز و هۆکارێکی ڕێتێچوو حکوومەتی ڕووسییان ڕووگیر دەکرد، هێزە نهێنییەکان لە مەڵبەند و پێگەکانی خۆیاندا لە ئینگلترا و سویسرا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا تێدەکۆشان ڕووسیا لە جەنگی بریتانی تێوەبگلێنن، چونکە لە جەنگێکی وەهادا هیچ کام لەو دوو ئیمپراتۆریایە نەیاندەتوانی هیچ دەستکەوتێکی بەرچاو وەدەستبێنن.. دەرئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت هەردوو وڵات لە ڕووی ماددییەوە لاواز

دەبن و دەبنە نێچیرێکی ساناى پیلان و چالاکییەکانى داهاتووى شۆڕش.

پرۆفیسۆر گۆڵدوین سمیسی مامۆستای مێژووی هاوچەرخ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە ژمارەی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨١ ی گۆڤاری سەدەی نۆزدەیەمدا، نووسیویەتی: من دواجار کە لە ئینگلترا بووم، لەسەر لێواری جەنگی دژ بە ڕووسیا بووین.. جەنگەکەش سەرانسەری ئیمپراتۆریایەکەی تێوەگلاند.. بەرژەوەندییەکانی جوولەکە لە ئەورووپادا وای دەخواست ڕۆژنامەی ڤییەننا وەك هۆکارێك بەکاربێنێ، گۆڤارەکەش ئەوپەڕی هەوڵی خۆی خستبووە گەڕ و دنەی دەداین بچینە نێو جەنگەکەوە.

تیرۆرکردنی بابای بچکۆڵەی ڕووسییەکان (قەیسەری ڕووسی) بووە هۆی تووڕەبوونێکی بەرفراوان، لە زۆر شوێنی ڕووسیادا دژ بە دانیشتووانی جوولەکە کاری توندوتیژی کران.. حکوومەتی ڕووسیش بۆ ڕازیکردنی دڵی کەسە ڕەسمییەکانی ڕووس یاسایە توندوتیژەکانی ئایاری خستە واری کردارییەوە، ئەو کەسانە گوتبوویان: ئەگەر سیاسەتە نەرم و لێبوردەکەی ئەلیکساندەری دووەم بۆ ڕازیکردن و هێنانەکایەی بەرژەوەندییەکانی جوولەکە بەس نەبووە، ئیدی لەمڕۆ بەدواوە جگە لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی ڕووسیا هیچ شتێکی دیکە ڕازییان ناکات.. بەمشێوەیە و بۆ جاری دووەم گەلی جوولەکە بوونە قوربانیی ئەو تاوانکارانەی خۆیان وەك ڕێبەرانی جوو ناساندبوو.

شاندێکی جوولەکە بە سەرۆکایەتیی بارۆن گینزبیرگ لە ٢٣ی ئایاری ساڵی ١٨٨٢دا داوای بینینی قەیسەر ئەلیکساندەری سێیەمیان کردبوو بۆ ئەوەی لەهەنبەر یاسایەکاندا نارەزایی دەربڕن..

قەیسەریش بەڵێنی پێڕەوکردنی ڕێکاریکی سەرانسەری دابوو لە مەسەلەکەدا، بەتایبەتیش ئەوەی پێوەندیی بە قەیرانی نێوان جوولەکە و نا جوولەکەکانی نێو ئیمپراتۆریای ڕووسیاوە هەیە.. لە سێی ئەیلوولدا ئەم ڕاگەیەندراوەی بلاوکردەوە: ماوەیەکە حکوومەت ئەوپەڕی گرنگیی خۆی بە جوولەکە و گرفتەکانیان داوە، هەروەها ڕەچاوی دۆخە تراژیدییەکەی دانیشتووانە گەشەسەندووەکەی مەسیحییەکانی کردووە کە بەهۆی مەسەلە پێڕەوکراوەکانی نێو کار و دارایی جووەکانەوە دووچاری بوونەتەوە.. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا جووەکان هەر تەنیا بە کۆنترۆلکردنی بازرگانییەکان و گشت کاروبارەکان دەستیان هەڵنەگرتووە، بەڵکو زەوییەکی زۆریشیان لێیان کڕیوە و کێڵانی بەشێکی زۆری زەوییەکانیشیان خستووەتە ژێر دەستی خۆیانەوە... ژمارەیەکی کەمی جووەکان نەبێت، بەشی هەرە زۆریان بەشێوەیەکی گشتی نەك هەر هەوڵی خۆیان بۆ دەوڵەمەندبوون و سوودگەیاندن بە حکوومەت تەرخان نەکردووە، بەڵکو بە فروفێڵە پێچاوپێچەکانیان گەلی ڕووسیشیان لەخشتە بردووە.. خەڵکی هەژار لە دەست ئەم ڕەفتارەیان کەوتوونەتە نێو چەرمەسەری و نەهامەتییەوە، ناڕەزایی هاوولاتیان گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز، ئەمەیش لەو کارە توندوتیژانەدا بەدیارکەوتووە کە گەل دژ بە جوولەکە نواندوویانە.. حکوومەت هەوڵی بێ وچانی خستە گەڕ جووەکان لە چەوسانەوە و قەسابخانە خوێناوییەکان ڕزگار بکات، بەلام لەژێر گوشارێکی زۆر گەورەدا تەنیا ئەوەی لەدەست دێ چەند یاسایەکی توندوتیژ پێڕەو بکات، بۆئەوەی گەل لە دەست چەوسانەوە و کارە بەدخوازەکانی جوولەکە بهێنێتە دەرەوە.

پەسندکردنی یاسایەکانی ئایار هەر تەنیا تۆڵەی کوژرانی قەیسەر ئەلیکساندەری دووەم نییە، بەڵکو دەرئەنجامی ئاگادارکردنەوەی حکوومەتی ڕووسییە لەلایەن کەسانی بواری ئابوورییەوە، ئامانجیش لەو ئاگادارکردنەوەیە دانانی سنوورێکە بۆ چالاکییە ناڕەوایەکانی جوولەکان، چونکە هەڕەشەی وێرانکردنی ڕووسیا دەکەن، گەرچی ئەوان ٤,٢٪ دانیشتووانی ئیمپراتۆریایەکە پێکدەهێنن.

تیۆدۆر هێرتزلی جوولەکەی ئەڵمانی کاتێک سیاسەتە ناسامییەکانی کارل ڕیتەری بە جووەکان ڕادەگەیاند، گومانی بەنێو جووەکاندا بڵاو دەکردەوە و دەیگوت بەخێرایی بەنێو گەلی ئەڵمانیدا بڵاو دەبێتەوە..هێرتزل پێشنیازی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی جوولەکەی کرد بەناوی (بزووتنەوەی گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل بەناوی پارێزگەرانی جوولەکە).. ئەمەیش سەرەتای سەرهەڵدانی بزافی زایۆنیزم بوو.

دوای ئەوەی قەیسەر ئەلیکساندەری سێیەم حکومی خۆی بۆ سەرزەنشتکردنی جوولەکە دەرکرد و بەرپرسیارییەتیی دۆخی هەراوزەنا و و بێسەروبەری و تێکدانی ئابووریی ئیمپراتۆریای خستە ئەستۆیانەوە، چەند سەرکردەیەکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، پارتی شۆڕشگێڕی سۆسیالستییان دامەزراند..ئەرکی ڕێکخستنی ئەو پارتەش درایە پیاوێکی توندوتیژی بێبەزەیی بەناوی گێرشۆنی.. هەروەها ڕێکخستنی کەرتە شەڕکەر و چەکدارەکەش خرایە ئەستۆی یەفنۆ ئەزنفی بەرگدروو.. سەرکردەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جەختیان لەوە دەکردەوە و بەردەوام دەیانگوت پێویستە کەسانی نا جوولەکەش بێنە ڕیزی بزووتنەوەکەوە.

لەگەڵ دروستکردنی شپرزەیی و شڵەژانی کرێکاری و هێنانەکایەی دۆخێکی خراپ لەنێو چینەکانی جڤاکی ڕووسیدا، پارتە شۆڕشگێڕەکان لەنێوان ساڵی ١٩٠٠ و ١٩٠٦دا گرفت و تەنگوچەڵەمەی ئایینییان دەخولقاند تا گەیاندییانە ئاستی هەڵچوون و تەقینەوە.. تروپکی ئەو تەنگوچەڵەمە و گرفتانەش زەمینەی هاتنە کایەی چەند ڕووداوێکی کوشتن و تیرۆرکردنی بەکۆمەڵ بوو.. لە ساڵی ١٩٠٥دا تەقینەوەکە وەك شۆڕشێك ڕووی دا.

ئەو کەسییەتییە ڕەسمییانەی بەشی تیرۆری پارتی شۆڕشگێڕ تیرۆری کردن، بۆگۆلیبۆفی وەزیری پەروەردە بوو و لە ساڵی ١٩٠١دا لەنێویان برد. ئەم ڕووداوەش وەك پیشاندانی تووڕەیی جووەکان بووە لەهەنبەر ئەو سیاسەتە پەروەردەییەی یاسایەکانی ئایار لەخۆی گرتبوو، چونکە ژمارەی ئەو جوولەکانەی دیاری کردبوو کە ڕێگەیان پێ دەدرا بچنە خوێندنگە و زانکۆیەکانی دەوڵەتەوە.

لە ساڵی ١٩٠٢دا سیباگینی وەزیری ناوەخۆ تیرۆر کرا، ئەمەیش دیسانەوە وەك تووڕەیی جوولەکە بوو لەهەنبەر یاسایەکانی ئایاردا کە نەیدەهێشت جووەکان لە دەرەوەی گەڕەك و کۆمەڵگە تایبەتەکانی خۆیاندا نیشتەجێ بین.

لە ساڵی ١٩٠٣دا بۆگدانۆڤیچی حاکمی یۆفا تیرۆر کرا.. لە ساڵی ١٩٠٤ دا ڤیشیلیف ڤۆنی بیلیفی سەرۆکوەزیران کوژرا. لە ساڵی ١٩٠٥دا یەکەمین چەخماخەی شۆڕشی گشتی لە ڕووسیا داگیرسا، دۆق سێرگیۆسی خاڵی قەیسەر لە ١٧ فێبرایر کوژرا.. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٥دا جەنەڕاڵ دۆبراسۆ شۆڕشگێڕەکانی چەوساندەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٠٦دا تیرۆریان کرد.

دوای ئـەوەی قەیسـەر جووڵەکـەکانی سەرزەنشـتکرد و تۆبـاڵی سـەرهەڵدانی دۆخـە خراپەکـەی ڕووسـیای خسـتە ئەسـتۆیان، بـارۆن گینزبێـرگ چـەند ڕێنماییـەکی پێگەیشـت بـۆ ئـەوەی لـەپێناو هەڵوەشـاندنەوەی ئیمپراتۆریـای ڕووسـیا هـەوڵ و کۆششـی خـۆی بخاتەگەڕ.. بەشێکی پیلانەکەش دروستکردنی پشێوی و بێسەروبەریی نێو ڕیزەکانی سوپای ڕووسیا بوو لە خۆرهەڵاتی دووردا بەهۆی تێکدانی هێڵەکانی هاتووچوو لـە سیبیریاوە دۆخەکـەیان دروسـتکرد.. ئەمـەیش بووە هـۆی ئـەوەی یارمـەتی و پێداویسـتی نەگاتـە سـوپای وشکایی و دەریاییی ڕووسیا.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەفسەرێکی دەریاوانیی ڕووسی فـەرمانی بـە کەشـتییەکانی کـرد، کەشـتیگەلێکی ڕاوچـییانی بریتـانی لـە دەریـای باکووردا وەبەر گولله بدەن.. کاردانەوەی میللیـی هەنبـەر ئـەو ڕووداوە زۆر توندوتیژ بوو، ڕووسیایان گەیاندە دۆخێکی نزیك لـە مایەپووچـی.. ئابلۆقەشیان خستە سەر بازرگانی و ئاڵوێرەکـانی ڕووسـیا.. لـە سـاڵی ١٩٠٤ و دوای تێوەگلاندنی ڕووسیا لە جەنگی هەنبەر یابان، دەسـتگەی ڕۆچیڵد بەڵینەکانی خۆی شکاند، یارمەتیی داراییی پێشکێشـی ڕووسـیا نـەکرد، لـە هـەمان کاتیشـدا کۆمپانیـای کۆهن-لۆب و هاوبەشـانی لـە نیویۆرکدا قەرزێکی زۆریان بەخشییە یابان.

لـە چـاپی سـاڵی ١٩٤٧ و لـە بـەرگی دووەم و لاپـەڕە ٧٦ی ئینسکۆلۆپیدیای بریتانیدا هاتووە: وەزیری ڕووسی بۆ وەدەستهێنانی پارەوپوول ئەوپەڕی توانای خۆی خستبووە گەڕ.. حکوومەتی ڕووسـی لەگەڵ خانەوادەی ڕۆچیڵد کەوتە دانوستان بۆ ئـەوەی قـەرزێکی نەقدی دەستکەوێ.. هەردوو لا ڕێککەوتنامەیـەکی مەبدەئیان مۆرکرد، بـەڵام

ڕۆچیلدییەکان بە وەزیری دارایی ڕووسیایان ڕاگەیاند ئەگەر توندوتیژی و چەوساندنەوەکانی دژ بە جوولەکە ڕانەگرن، ئەوا بنەماڵەکە ناچار دەبێت لە گرێبەستەکە پاشگەز بێتەوە.. پێداویستییە بێ چەندوچۆنەکەی خەزێنەی ڕووسی یەکێك بوو لەو هۆیانەی بووە هۆی هێنانەکایەی هاوپەیمانیی فرەنسی – ڕووسی، هەروەك چۆن پەیماننامەی بسمارك بۆ بێلایەنیی هاوبەش کۆتایی پێ هێندرا.

دەستگەی یەعقووب شێف لە نیویۆرك هەر لە ساڵی ١٨٩٧ەوە پارەوپووڵی بۆ تیرۆرستەکانی ڕووسیا دابین دەکرد.. لە ساڵی ١٩٠٤شدا پارەی بۆ ئەو شۆڕشە تەرخان کرد کە لە ساڵی دواتردا هەڵگیرسا. هەروەها پارمەتیدەری ڕێکخستنی هەڵمەتێکی جیهانی بوو بۆ ئەوەی شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ پارەی بۆ تەرخان بکرێ، ئەم شۆڕشەش یەکەمین دەرفەتی بە دەستگەی یەعقووب و هاوبەشەکانی ڕەخساند بیرۆکەی تایبەت بە دکتاتۆرییەت بخەنە واری کردارییەوە.

ئەلیکساندەر ئۆلیانۆف لە کودەتایەك بەشداریکرد کە ئامانجی تیرۆرکردنی قەیسەر ئەلیسکاندەری سێیەم بوو.. بەڵام کودەتایەکە شکستی هێنا، ئەلیکساندەر ئۆلیانۆف دەستگیرکرا و حوکمی کوشتنی بەسەردا درا..ئەمەیش هۆیەك بوو بۆ ئەوەی فلادیمێری برای خۆی بۆ پرسی شۆڕ تەرخان بکات، ناوبراو بووە ئەستێرەیەکی درەوشاوە و لە توندوتیژی و دەستهەڵاتدا پێگەیەکی بەرزی داگیرکرد، تا بووە سەرۆکی پارتی بەلشەفی، ناویشی لەخۆنا (لینین).. دواتر بووە دەستهەڵاتداری ڕەها و یەکەمی یەکییەتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤییەتی.

لینین لە زانکۆ خوێندبووی.. خوێندکارانی جوولەکە باوەڕیان پێی هێنابوو کاتی ئەوە هاتووە تەختی چینی دەستەلاتدار ژێر و ژوور بکات بۆ ئەوەی جەماوەر خۆی حوکمی خۆی بکات.

لینین وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی ڕۆشنبیرە بیرمەندەکان درەوشایەوە، کاتێکیش تەمەنی سی ساڵ دەبێت دەچێتە ڕیزی پارتی شۆڕشگێڕەوە.. لینین لە ساڵی ١٨٩٥دا دەچێتە سویسرا، ئەو کات تەمەنی ٢٥ ساڵ دەبێت، بۆ ئەوەی بلیخانۆف ببینێ کە لە ڕووسیا هەڵاتبوو.

لینین و بیلخانۆفی ناجوولەکە لە سویسرادا چوونە ڕیزی فیرازاسۆلیچ و ب. ئەکسلرۆد و تەموززس تسدیرباوم، ئەوانەش هەر هەموویان جوولەکە بوون، کۆمەڵەیەکی مارکسییان بەشێوەیەکی جیهانی پێکهێنا و ناویان لێ نا کۆمەڵەی ڕزگارکردنی کرێکاران.

هەوڵە شۆڕشگێڕییە لەبارچووەکەی ساڵی ١٩٠٥ باوەڕیان بە لینین هێنا تاکە ڕێگەی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی سەرکەوتوو، ڕێکخستنی لیژنەیەکی نێودەوڵەتییە بۆ ئەوەی ئەرکی ئامادەکردنی پلانێك بگرێتە ئەستۆ.. بەمشێوەیە لینین کۆمنترنی دامەزراند، ئەمەیش لیژنەیەکی مەرکەزیی نێودەوڵەتییە بۆ پیلاندانانی شۆڕشگێڕانە.

دوای ئەوەی ڕا و بۆچوونی لینین لەسەر سیاسەتە تایبەتەکانی جێگیر بوو، لەگەڵ مارتۆف گەڕانەوە ڕووسیا بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی پارەکۆکردنەوە ڕێکبخەن، ئەو هەڵمەتەش پێکهاتبوو لە کردەکانی هەڕەشە و دزینی پارەی نێو بانکەکان و چەندان کاری دیکەی ناڕەوا.. لینین پاساوێکی بۆ ئەمە هەبوو و دەیگوت: زۆر لۆژیکییە پارەی ئەو خەڵکە ببردرێ کەوا بۆ سەرنگونکردنی حکوومەتەکەیان هەوڵ خراوەتە

گەڕ.. لینین سووربوو لەسەر ئەوەی یەکێك لە بەرنامەکانی مەشقکردن بە کەسانی تازە هەلکووتووی نێو پارتەکەی چۆنییەتیی دزینی پارەی بانکەکان و تێکدان و ڕووخاندنی بنکەکانی پۆلیس و پاکتاوکردنی ناپاك و سیخوڕەکانیان بێت.

ڕاستییەکەی چەند سەرکردەیەکی یەکەمی کۆمۆنیستەکان بە چینی کرێکارانەوە پەیوەستبوون.. زۆربەشیان ڕۆشنبیری زۆر باش و هەلکەوتوو بوون.. لە سالی ١٨٩٥دا زنجیرەیەك ئاشووب و شپرزەییان نایەوە، هەندێك لەو ئاشووبانە بوونە کاری تێکدەرانە.. بەمشێوەیە بنەمایەکی سەرەکیی پیلاندانانی شۆڕگێڕییان دانا بۆ ئەوەی ڕووداوە بچووکەکان بکەنە کاری تێکدەرانە و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەخۆی نێوان گەل و پۆلیس بهێننە ئاراوە.

لینین و مارتۆف و چەند شۆڕشگێڕێکی دیکە دەستگیرکران و خرانە زیندانەوە، لینین لە سالی ١٨٩٧ ماوەی دەستگیربوونەکەی تەواو بوو. لینین و ژنە جوولەکەکەی و دایکی چوونە دوورخراوگە.. لینین و مارتۆف و بۆتریسۆف لە ماوەی نەفیکرانەکەشیاندا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن لەدوای دوورخرانەوەیان ڕۆژنامەیەك دەربکەن، ئەو ڕۆژنامەیە کۆکەرەوەی بیرمەندان و وزە ئەقلییەکانی نێو هێزە شۆڕشگێڕەکان بێت کە تا ئەو کاتیش بەسەر چەند پارتێکی جۆراوجۆردا دابەش ببوون.

دوای ئەوەی لینین لە سالی ١٩٠٠دا ماوەی حوکمەکەی تەواوکرد، ڕۆژنامەی ئەبسکرا واتا (چەخماخە)ی دەرکرد.. ژنەکەی لینین سکرتێری دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بوو.. ماوەیەك ڕۆژنامەکە لە میونخی ئەلمانیا لە چاپ دەدرا، بەهۆی تۆڕێکی نهێنیی سەر بە

ماسۆنییەکانی ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلاتەوە چەند دانەیەکی بە قاچاغ دەبردرایە ڕووسیا و چەند ولاتێکی دیکە.

ڕۆژنامەکە داوای بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەکی دەکرد بۆ ئەوەی کۆمەڵە و گرووپە هەمەچەشنەکانی مارکسی یەکبخرێن و مەڵبەند و پێگەی سەرەکیشیان لە برۆکسل بێت. لەو کۆنگرەیەدا دیموکراسییە سۆسیالیستەکانی ڕووسیا و دیموکراسییە سۆسیالیستەکانی پۆڵەندای سەر بە ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و کۆمەڵەی ڕزگارکردنی کار و کۆمەڵەی ماکسیمالییەکان بەشداربن.. بەلام پۆلیسی بەلجیکی چەند ڕێوشوێنێکی دژی گرتەبەر، ئەمەیش وای لە ئەندامان کرد بەرەو لەندەن بچن.. ئەو کۆنگرەیە گرنگییەکی مێژوویی هەیە، چونکە لەنێویدا جیابوونەوەیەکی باوەڕی لەنێوان نووسەرانی ڕۆژنامەی (چەخماخە) ڕووی دا، لینین بووە ڕێبەری کۆمەڵەی بەلشەفیکی و زۆرینەیان پێکدەهێنا، مارتۆفیش بووە ڕێبەری کۆمەڵەی مەنشەفیکی کەمینە.

مەنشەفیکییەکان لە ساڵی ۱۹۰۵ و دوای ڕووداوەکانی یەکشەممەی خوێناوی کە ئۆباڵەکەی خرایە ئەستۆی قەیسەرەوە، لە ڕووسیا شۆڕشەکەیان بەرپاکرد.. بەلام ئەوانەی بەدوای ڕاستییەکاندا چووبوون، بەلگەی تەواویان دەستکەوتبوو ڕووداوەکە بە ئامانجی وروژاندنی تووڕەیی و ڕقی دژ بە قەیسەر لەنێو ڕیزی کرێکارانی نا جوولەکە، پێشوەخت نەخشە و پیلانی بۆ کێشراوە و لەلایەن چەند کۆمەڵەیەکی تیرۆرستییەوە جێبەجێ کراوە.. ئەو ڕووداوە ڕێگەی بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی خۆشکرد پشت بە هەزاران ژن و پیاوی نا

جوولەکە ببەستن کە تا ئەو ڕۆژە پڕ لە کارەساتەش پشتگیری قەیسەریان دەکرد و بە باوکی بچووک ناویان دەهێنا.

لە ٢ی کانوونی دووەمدا لە کارگە زەبەلاحەکانی بۆتیلۆفی پوترسبۆرگدا چەند شلەژانێکی کرێکاری سەریان هەڵدا و تیایدا داوای مانگرتنی گشتی کرا.. بەڵام باوکە گابوون گوتی بە گفتوگۆی ڕاستەخۆ لەگەڵ قەیسەر گرفتەکان چارە دەکات.. لە ڕۆژی یەکشەممەی ٢٢ی کانوونی دووەمدا باوکە گابۆن ڕێپێوانێکی گەورە و ئاشتییانەی ڕێکخست، تیایدا هەزاران کرێکار بە ژن و منداڵەکانیانەوە بەشداربوون.. ڕێپێوانەکە بەرەو دەرگە و دەروازەکانی قەیسەر ملی نا.. بەپێی چەند ڕاپۆرتێکی ڕاست و دروست ڕێپێوانەکە زۆر ڕێکوپێك و سیستماتیك بوو.. بەشدارانی ڕێپێوانەکە چەند لافیتەیەکیان هەڵگرتبوو کە دروشمی پشتگیریکردنی قەیسەریان لەسەر نووسرابوو.. لەبەردەم دەروازەکانی کۆشکەکەدا و بەبێ هیچ جۆرە هۆشداری و ئاگادارییەکی پێشوەختە، چەند دەستدرێژێکی چڕی گوللە کران و وەك داس کرێکارانیان دوورییەوە و ئاشووب و هەراوزەنا لەنێو ڕێپێوانەکەدا پەیدابوو.. سەتان کرێکار لەگەڵ خانەوادەکانیان خەڵتانی خوێن کران و گۆڕەپانی بەردەم کۆشکەکە ئاشووبێکی گەورە و تراژیدی تێکەوت.. لەو ڕۆژییەوە ئەو ڕووداوە بە (٢٢)ی کانوونی دووەمی خوێناوی ناسراوە.. نیکۆلای دووەم بەرپرسی دۆخەکە بوو.. ئەو کات نەك هەر لەنێو کۆشکەکەدا، بەڵکو لە شارەکەشدا نەبووە.. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەبوو ئەفسەرێکی پاسەوان فەرمانی تەقەکردنی بە سەربازەکان دابوو.. ڕێشی تێدەچێ ئەو ئەفسەرە فەرمانی سەرۆکە تیرۆستەکانی خۆی جێبەجێ کردبێ.. ئەو کردەوەیە وەك چەخماخەی بزوێنەری

داینەمۆ بوو، دوای ئەمەش گڕی ئاگری شۆڕش گشت شوێنێکی گرتەوە.

بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کێ بەرپرسی ئەو ڕووداوە بووە، دەرئەنجامەکەی بووە هۆی ئەوەی دەیان هەزار لەو کرێکارانەی پشتگیری قەیسەریان دەکرد بچنە ڕیزی پارتی سۆسیالستیی شۆڕشگێڕییەوە و ئاگرەکە شارەکانی دیکەشی گرتەوە.. قەیسەر ویستی شۆڕشەکە کپ بکات، لە سەرەتای مانگی شوباتەوە فەرمانی کرد لەلایەن لیژنەی شیدلۆفسکییەوە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بکرێ.. لە مانگی ئابدا ڕایگەیاند ئامادەکارییەکان بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتیی یاسادانانی دیموکراسییانە بەردەوامن، دواتر ئەو ئەنجوومەنە بە (دۆما) ناسرا.. پێشنیاز کرا لێبوردنێکی سەرانسەری بۆ زیندانە سیاسییەکان دەربکرێ.. لەژێر کاریگەریی ئەو لێبوردنەشەوە، لینین و بەلشەفیکییەکان لە تشرینی یەکەمدا گەڕانەوە ڕووسیا.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەوڵ و کۆششەوە قەیسەر نەیتوانی ڕێگە لە فراوانبوونی پانتایی شۆڕشەکە بگرێ.

یەکییەتیی کرێکارانی هێڵی ئاسنینی سەر بە مەنشەفیکەکان لە ٢٠ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٥دا مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند.. لە ٢٥ی هەمان مانگدا مانگرتنەکە فراوانبوو و مۆسکۆ و سمۆلنسک و کیرسک و چەندان وڵاتی دیکەشی گرتەوە.. لە ٢٦ی هەمان مانگدا حکوومەتی شۆڕشگێڕیی پیترسبۆرگ پێکهات.. ئەو حکوومەتە لەژێر دەستهەڵات و هەژموونی مەنشەفیکەکانی نێو پارتی کاری سۆسیالیستی دیموکراتیی ڕووسیدا بوو، گەرچی پارتی سۆسیالستی نوێنەر بوو.. یەکەمین سەرۆکێکیشی مەنشەفیک سبۆردفیسک بوو. بەڵام زۆر بەخێرایی گۆڕدرا

و جۆرجی نۆساری له شوێن دانرا. جۆرجیش لەسەر دەستی ترۆتسکی لادرا و ناوبراو له ۹ی کانوونی یەکەمی ساڵی ۱۹۰۵دا بووە سەرۆك. له ١٦ی کانوونی یەکەمدا هێزە سەربازییەکان ترۆتسکی و ۳۰۰ ئەندامی حکوومەتە شۆڕشگێڕییەکەیان دەستگیرکرد.. لەنێو ئەو گیراوانەدا تاکە یەك بەلشەفیکی گرنگ و بەناوبانگی تیادا نەبوو.

بەڵام شۆڕش کۆتایی نەهات.. بەڵکو له ۲۰ی کانوونی یەکەمدا جوولەکەیەك بەناوی بارفۆس دەستی بەسەر دەستهەڵاتی بەڕێوەبردنی شۆڕشی نوێدا گرت، له پیترسبۆرگدا داوای مانگرتنێکی گشتیی کرد، ۹۰,۰۰۰ کرێکار وەڵامی داواکارییەکەیان دایەوە.. له ڕۆژی دواتریشدا ۱۵۰,۰۰۰ کرێکار له مۆسکۆ مانیان گرت.. له ۳۰ی دیسێمبەردا هەندێك یەکە و ئەفسەر گەڕانەوە کە هێشتا لایەنگری قەیسەر بوون و بەشێوەیەکی زۆر سەیر دەستهەڵاتیان گرتەوە دەست.. بەمشێوەیە سنوورێکیان بۆ شۆڕش دانا.. قەیسەر نیکۆلا بەڵێنەکەی خۆی گەیاندە سەر و دۆما دامەزرێندرا و ئەنجوومەنی یاسادانان هەڵبژێردرا.

له ساڵی ۱۹۰۷دا کۆنگرەی پێنجەمی پارتی کاری سۆسیالستیی دیموکراسی ڕووسی له لەندەن بەڕێوەچوو.. ئەو کۆنگرەیە داوای کرد لێکۆڵینەوە سەبارەت بە لەبارچوونی شۆڕشەکە بکرێ.. لینین هۆی شکستەکەی خستە پاڵ نەبوونی هاوکاریی نێوان مەنشەفیك و ڕێبەرەکانی دیکەی شۆڕش، هەروەها داوای سیاسەت و کاری یەکگرتووانەی کرد.

مارتۆف گوزری خۆی له لینین وەشاندەوە و بەوە تۆمەتباری کرد له پێشکێشکردنی ئەو یارمەتییە کەمتەرخەم بووە کە بۆ سەرخستنی شۆڕشەکە پێویست بوو.. بەتایبەتیش بەوە تۆمەتباری

کرد پارمەتیی مادیی لێ بڕیون و دەستی بەسەردا گرتووە.. ئەوەی مارتۆف و ڕێبەرانی دیکەی جوولەکەی وەك ئیبراهامۆفیچ و ڕۆزا لۆکسمبۆرگی هەراسان دەکرد، ئەوە بوو لینین توانیبووی بۆ ئامادەبوونی ئەو هەموو نوێنەرانەی کۆنگرەکە پارەوپوولی پێویست دەستەبەربکات ، بەوەش تاوانباریان کرد لە ڕێگەی دزی و تالانی و ڕفاندن و ساختەکارییەوە پارەوپوول بۆ پارتە بەلشەفیکییەکەی دابین دەکات.. هەروەها سەرکۆنەشیان کرد لەوەی ڕەتی کردووەتەوە بەشێکی بەرچاوی پارە تالانییەکانی ژێر دەستی خۆی بۆ ڕێکخراوی یەکییەتیی مەرکەزی بنووسێت.

ئەندامان و هەڵسوڕێنەرانی کۆنگرەکە لە کۆتاییدا هاوڕابوون لەسەر زەرووڕەتی بەرقەرارکردنی پێوەندی و هاوکارییەکی پتەوتری نێوان سەرکردە شۆڕشگێڕەکان و بڕیاریان دا ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە ڕۆژنامەکەیان بۆ دەردەکەن، گرنگییەکی زۆریان بە پڕوپاگەندە دا، هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کۆی ئەو بابەت و نووسینانەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێنەوە دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕۆژنامەکە بێت، چونکە ڕۆژنامەکە بە هێڵ و ڕێبازی پارتەکە پابەندە.

بەلشەفیکییەکان لە ساڵی ١٩٠٨دا ڕۆژنامەی خۆیان بەناوی (پرۆلیتاریا) دەرکرد.. مەنشەفیکەکانیش سۆستالی دیموکراسییان دەرکرد.. ترۆتسکیش بڵاوکراوەیەکی نیمچە سەربەخۆی دەرکرد و ناوی لێنا (پراڤدا).

لینین لە ساڵی ١٩٠٩دا پشتگیریی بێمەرجی دوو سەرکردەی جوولەکەی بەدەستهێنا، ئەوانیش زینۆڤیێڤ و کامینیێڤ بوون.. ئەوانە

بەترۆیکا واتا (سێینه یان سێکوچکه) دەناسران.. هاوڕێیەتییەکەشیان تا مردنی لینین له ساڵی ۱۹۲٤ هەر بەردەوام بوو.

لینین بڕیاری دا ئازایەتی و ئاستی متمانەکردن بە ستالینی قوتابیی نوێی تاقی بکاتەوە، هەروەها ویستیشی بە سەرکردە و ڕێبەرەکانی دیکەش پیشان بدات له ڕووی داراییەوە سەربەخۆیە.. بۆ ڕاپەڕاندنی کارێکی وەها دووسەرەش ستالینی ڕاسپارد بانکی تیفلیس ببڕێ..ستالینیش لەو ئەرکەدا هاوبەشێکی ئەرمەنی بەناوی بترۆیان هەڵبژارد، دواتر ناوەکەی گۆڕا و بووە کامۆ.. بۆسەیەکیان بۆ گالێسکەی بانکەکە دانایەوە و بترۆیان مووشەکێکی تێگرت هەموو شتەکانی نێو گالێسکەکەی تەقاندەوە، هیچ شتێکیش بە سەلامەتی و ساغی نەمایەوە تەنیا سندووقێکی پتەو نەبێت، سندووقەکەش ۲٥۰,۰۰۰ ڕۆبڵی تیادا بوو.. لەو ڕووداوەدا ۳۰ کەس کوژران.. بەمشێوەیە ستالین توانای سەرکردەیی پێویستی سەلماند.

له کۆتایی شۆڕشی ساڵی ۱۹۰٥دا، نیکۆلای دووەم دەستی بە ریفۆرمێکی ڕیشەیی کرد، لەسەر ئەوەش سووربوو پاشایەتیی ڕەهای ڕووسی وەك ئەوەی ئینگلیزەکان بێت و بیکاتە پاشایەتییەکی دەستووریی.. ئەنجومەنی دۆما دەستی بە کارەکانی کرد، پیتەر ئۆکادیفیچ ستۆلینی سەرۆکوەزیران یەکێك بوو لە گەورە ریفۆرمخوازەکان، هەروەها یاسایەکانی ستۆلین دەرچوون کە مافی شارستانییان بەخشییە ئەو جووتیارانەی ڕێژەی ۸٥٪ تێکرای گەلی ڕووسیان پێکدەهێنا.. ریفۆرمە کشتوکاڵییەکانیشی بووە هۆی دەستەبەرکردنی یارمەتیی پێویستی دارایی بۆ جووتیاران، بەشێوەیەك جووتیار دەیتوانی خۆی زەوییەکەی خۆی بکڕێتەوە.. باوەڕی ناوبراو

بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچوو کە تاکە هۆکاری دژایەتیکردن و بەرەنگاربوونەوەی بانگەشەکارانی ڕێبازی کۆمۆنیستی لە ژیاندا، ماندان و پاڵپشتیکردنی بیرۆکەی بەکاربردنی تاکەکەسییە.

غەم و بەرتەماییی ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانیش داگیرکردن و وەدەستهێنانی دەستهەڵات بوو، هەرگیز ڕیفۆرمەکانیان بەلاوە گرنگ نەبوو.. لە ساڵی ١٩٠٦دا کۆمەڵەیەکی تیرۆرستی هەوڵی تیرۆرکردنی ستۆلینیان دا،ماڵەکەیان بە بۆمب وێرانکرد.. چەندان پیلانی دیکە بۆ ڕزگاربوون لە دەست ئەو سەرۆکوەزیرانە هۆنرانەوە کە گەلی ڕووسی هەرگیز خەونی بە کەسێکی لەو باشتری نەدەبینی. لە شەوێکی ئەنگوستەچاوی سێپتێمبەری ساڵی ١٩١١، گەورەترین وەزیری ریفۆرمێستی بێ هاوتای ڕووسیا لەو کاتەی لە هۆڵێکی شانۆیی شاری کییڤدا خەریکی تەماشاکردنی شانۆگەرییەك بوو، تیرۆرکرا.. بکوژەکەش پارێزەرێکی جولەکە بوو بەناوی مۆردخای بۆرگۆف.

حکومەتی ڕووسی هەوڵیدا دوای تیرۆرکرانی وەزیری ناوبراو بەرنامە ڕیفۆرمییەکانی پێڕەو بکات.. لە ساڵی ١٩١٢دا دوو یاسای دەستەبەرکردنی کرێکارانی پیشەسازی، قەرەبووی نەخۆشی و ئەو ڕووداوانەی دەکرد کە بەسەر کرێکاراندا دەهاتن، ڕێژەی قەرەبووکردنەوەکانیش بەمجۆرە بوون: قەرەبووکردنەوە بە ڕێژەی دوو لەسەر سێ کرێی ئاسایی بۆ نەخۆشی و سێ چاریەکیش بۆ ڕووداوەکان.. هەروەها بۆ یەکەمجاریش مافی ڕەوایی و یاسایی درایە ڕۆژنامەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان.. خوێندنگە حکومییەکان گەشەیان سەند و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو جۆرە قوتابخانانە کرانەوە.. هەروەها چاو بە یاسای هەڵبژاردنەکاندا گێڕدرایەوە، بۆ

ئەوەی هەڵبژاردنێکی ئازادانەتر و پاکتر بەڕێوەبچێ.. لە ساڵی ١٩١٣دا حکوومەتی قەیسەر لێبوردنێکی گشتی بۆ زیندانییەکان دەرکرد.. هەر لەگەڵ ئازادبوونیشیان لە زیندان، زیندانییەکان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ڕووسی دەستیان بە پیلانگێڕی و پیلاندانان کرد. هەروەها تیرۆرستەکان داوای پاکتاوکردنی خانەوادەی پاشایان دەکرد.. بەڵام ریفۆرمەکان باوەڕیان بە زۆرینەی گەل هێنابوو.. لەو کاتیدا پرسی شۆڕش وەك مەسەلەیەکی مردوو دەهاتە بەرچاو، لەبەرئەوە شۆڕشگێڕەکان هەوڵەکانیان لەسەر چەند وڵاتێکی دیکەدا چڕ کردەوە، بەتایبەتیش لەسەر ئیسپانیا و پورتوگال.

ئۆرگان و ئامرازەکانی پروپاگەندەی کۆمۆنیستی تەمێکی سووریان بڵاو دەکردەوە.. هەروەها هەڵمەتێکی نەخشەبۆکێشراوی ناوزڕاندن ڕێك وەك ئەوەی لە فەرەنسا و ئینگلترای بەر لە شۆڕش بەرپایان کرد، لە ڕووسیاش دەستپێکرد.. بەمشێوەیە مرۆڤی ئاسایی، وەك درندە و ئەیتەیستت لە قەیسەر و ئەرستۆکراتەکانی ڕووسییان دەنواڕی و پێیان وابوو جووتیاران دەکەنە کۆیلە و ژنە لاوەکانیان لێ زەوت دەکەن و لە کاتی گەشت و گەڕانی نێو گوندەکانیان لەسەر پشتی ئەسپەکانەوە بە ڕم و تیرەکانیان ورگی منداڵانیان هەڵدەدڕن.. جابۆ ئەوەی بیسەلمێنین دوا قەیسەر کەسێکی ڕیفۆرمیست بووە، ئەوا گوتە و قسەکانی برترام وۆڵف دەهێنینەوە کە دوژمنێکی سەرسەختی قەیسەر و شۆڕشگێڕیش بوو.. وۆڵف لە لاپەڕە ٣٦٠ی پەرتووکەکەیدا بەناوی (سێ کەس شۆڕشیان دروستکرد) نووسیویەتی: لەنێوان ساڵانی ١٩٠٧ و ١٩١٤ دا و لەژێر سایەی یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵی ستۆلیندا، ٢,٠٠٠,٠٠٠ جووتیار لە گوندەکاندا بوونەتە خاوەن زەوی..

ئەم بزووتنەوەیە ڕیفۆرمیستییە تەنانەت لە ساڵەکانی جەنگیشدا واتا ١٩١٤- ١٩١٧ بەردەوام بوو. لە ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٦دا ژمارەی سوودمەندان گەیشتە ٦,٢٠٠,٠٠٠ جووتیار.. لینین گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەگەر شۆڕش دوو دەیە دوا بکەوێ، ڕیفۆرمە کشتوکاڵییەکان ڕوخساری گوندی ڕووسی دەگۆڕن و ئیدی هێزە شۆڕشگێڕەکان ناتوانن باوەڕ و متمانە وەدەستبێنن.. لینین ڕاستی دەکرد.. چونکە کاتێك لە ساڵی ١٩١٧دا داوای لە جووتیاران کرد دەست بەسەر زەوییەکانی خۆیاندا بگرن، ئەوان خاوەنی سێ چاریەکی موڵك و زەوییەکانی خۆیان بوون.

بۆ بەدبەختی ڕاسپۆتینیش گوشاری بەدخوازانەی لەسەر ژن و پیاوانی نێو دەرباری ئیمپراتۆری دەکرد.. ژنە ئیمپراتۆریش زۆر بە خراپی کەوتبووە ژێر کاریگەریی ڕاسپۆتینەوە، چونکە ڕاسپۆتین تاکە کەسێك بوو توانیبووی خوێنبەربوونی کوڕە بچکۆلەکەی ڕابگرێ.

ڕوون و ڕەوانە ڕاسپۆتین هێزی دەروونیی موگناتیسییانەی هەبووە، ئەمەیش مەسەلەیەك بوو هەموو گەلی ڕووسی دەیانزانی.. پێدەچێ توانیبێتی ژنە ئیمپراتۆر بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، بۆ ئەوەی قەیسەر ناچار بکات خواستەکانی ڕاسپۆتین بهێنێتەدی، ڕاستییەکەی ڕاسپۆتین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ حوکمی ڕووسیای دەکرد، ئەمەیش بووە هۆی ڕق و بێزاریی گەلی ڕووسی.

ئەوەش سەلمێندراوە ڕاسپۆتین چەند ژن و پیاوێکی هێنایە نێو دەربار و کۆشکەوە کە ڕێوڕەسم و سرووتی بتپەرستانەیان پێڕەو دەکرد، ڕێك وەك ئەوەی لە بالیە ڕۆیال و پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩دا بەڕێوەدەچوو. ئەو سرووت و ڕێوڕەسمانە لەسەر بنەمایەکی زۆر پووچ دارێژرابوون و پێیان وابوو ڕووحەکان تەنیا

لەو کاتەدا ڕزگار دەبن کە گلۆر ببنەوە خەرەندی قووڵی تاوان و گوناهەوە ! .. ڕاسپۆتین تێکدەرانی هێنایە نێو کۆشك و دەرباری ئیمپراتۆرییەوە، ئەمەیش ڕێگەی بۆیان خۆشکرد بە نهێنیی کەسییەتییە گەورەکان بزانن و دواتریش هەڕەشەیان لێ بکەن بۆ ئەوەی ئەو کەسەییەتییانە فەرمانی سەرکردە تێکدەرەکانیان جێبەجێ بکەن.

***

بەشی هەشتەم

شۆڕشی ڕووسیا لە ساڵی (١٩١٧)

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٠ دا، نۆزدە سەرکردەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهان لە لەندەن کۆبوونەوە.. دواتر ئەو کۆبوونەوەیە ناوی لێنرا کۆڕبەندی لیژنەی مەرکەزی.

بەشدارانی نێو کۆبوونەوەکە بڕیاریان دا ڕۆژنامەی " سۆسیتال دیموکراسیا" بکەنە ڕۆژنامەی گشتیی پارتەکە.. ڕێبەرانی بەلشەفیک لینین و زینۆفییێڤیان وەك نووسەرانی ڕۆژنامەکە هەڵبژارد، مەنشەفیکەکانیش (مارتۆڤ و دان) یان وەك نوێنەری خۆیان لە ڕۆژنامەکە دانا.. هەروەها (کامینییێڤ) لە دەرکردن و نووسینی ڕۆژنامەی پراڤدا وەك یارمەتیدەری ترۆتسکی دەستنیشان کرا.. لەسەر ئەندامەکان پێویستبوو لەپێناو بانگەشەکردن بۆ ڕێباز و ئایدۆلۆژییە شۆڕشگێڕییە ئەیتەیستییەکان چالاکی بنوێنن.

ژنە ئیمپراتۆری نەمسا لە ساڵی ١٨٩٨دا تیرۆر کرا، شا هۆمبێرت لە ساڵی ١٩٠٠ و سەرۆك ماکینلی لە ساڵی ١٩٠١ و گراندۆق ڕجیوسی ڕووسی لە ساڵی ١٩٠٥ و پاشای پورتوگال و جێنشینەکەشی لە ساڵی ١٩٠٨دا تیرۆر کران.

سەرکردەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانی لە ژنێف کۆبوونەوە و بڕیاریان دا و گوتیان زۆر پێویستە شا کارلۆسی پورتوگال

لابری بۆ ئەوەی کۆمار لەو وڵاتەدا دابمەزرێندرێ، لەبەرئەوە لە ساڵی ۱۹۰۷ فەرمانی تیرۆرکردنیان دەرکرد. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ۱۹۰۷دا مێگالهایسی سەرۆکی (کۆڕبەندی مەزنی خۆرهەڵاتی ماسۆنییەکان) لە پورتوگال، چووە پاریس بۆ ئەوەی لەبەردەم ئەنجوومەنەکانی ماسۆنیدا گوتارێك پێشکێش بکات.. بابەتی وانەکەی پورتوگال، هەوڵی ڕووخاندنی پاشایەتی و پێویستیی دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری بوو.. دوای ئەم وانەیە بە چەند هەفتەیەك، هەریەکە لە شا کارلۆس و کوڕە جێنشینەکەشی تیرۆر کران.

فیرگۆنی گوتاربێژی کۆڕبەندی مەزنی ماسۆنییەکانی خۆرهەڵات لە ۱۲ی شوباتی ساڵی ۱۹۱۱دا لە ئیسپانیا گوتی:" دەزانن چ هەستێکی قووڵی شانازی باڵی بەسەرماندا کێشا کاتێك شۆڕشی پورتوگالی ڕاگەیەندرا؟ چونکە لەماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا، عەرشی پاشایەتی ڕووخێندرا و گەل سەرکەوت و کۆمار ڕاگەیەندرا..ئەمە بۆ ئەو کەسانەی تازە دەستیان پێکردبوو وەك هەورە تریشقەیەکی نێو ئاسمانێکی ساف بوو. لەلاّم ئێمە، ئەی برایانم، ئێمە دەزانین دەزانین برایانمان لە پورتوگال چ ڕێکخستنێکی سەرسوڕهێنەریان هەیە، هەروەها دەشزانین گوروتاویان سارد نابێتەوە و هەرگیز لە کارەکانیان وچان نادەن.. ئێمە نهێنیی ئەو ڕووداوە شکۆدارە دەزانین".

سەرکردەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێریی جیهانی و بەرپرسە باڵایەکانی ماسۆنیی ئەورووپی لە ساڵی ۱۹۱۲ لە سویسرا کۆبوونەوە.. لەو کۆنگرەیەدا بڕیاریان دا بۆ زەمینەسازی لەپێناو جەنگی یەکەمی جیهانی ئەرشیدۆق فرانسیس فردیناند تیرۆر بکەن.. لە ۱۵ی

سیپتێمبەری ساڵی ١٩١٢دا گۆڤاری ڕیڤیو ئەنتەرناسیونال دی سۆستیە سیکرێت کە (م. جۆین) سەرنووسەری بوو، لە لاپەڕە ٧٨٧-٧٨٨دا ئەم وشانەی نووسیبوو: ڕەنگە ڕۆژێك تیشك بخرێتە سەر ئەم گوتەیەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەرپرسێکی گەورەی ماسۆنییەکان لە سویسرا گوتبووی، لە کاتی تاوتوێکردنی پرسی جێنشینی عەرشی نەمسا ئەو بەرپرسە گوتبووی: ئەرشیدۆق پیاوێکی زیرەکە، ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە حوکمی بەسەردا دراوە و لەسەر پلیکانەی عەرەشەکەدا دەمرێ.

لەمیانی دادگەییکردنی ئەو بکوژانەی لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٤دا جێنشینی عەرشی نەمسا و ژنەکەیان کوشت، تیشك خرایە سەر ئەم گوتەیە.. ئەو کارەی لە سەراییڤۆدا بەڕێوەبرا، بووە چەخماخەی هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی.. ئەو ڕاپۆرتە کورتەی ڤالروس سەبارەت بە دادگەییکردنەکە نووسیبووی بەڵگەیەکی سەلمێنەرە.. ئەو ڕاپۆرتە دەیسەلمێنێ خاوەن بانکە جیهانییەکان (ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵاتی ماسۆنییەکانیان) بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی بەکارهێنابوو، هەروەك چۆن لەنێوان ساڵانی ١٧٨٧ و ١٧٨٩ بۆ تەقاندنەوەی شۆڕشی فرەنسی بەکاریان هێنابوو.. لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ سەرۆکی دادگەی سەربازی کابرینۆڤیکی بانگکردە دادگە، ناوبراو بۆمبی یەکەمی بۆ ئۆتومبێلەکەی ئەرشیدۆق هاوێشتبوو.

سەرۆکی دادگە گوتبووی: باسی هۆی زیاترم بۆبکە.. پێش هەوڵەکەت دەتزانی تانکۆزیك و سیگانۆڤیچ لە ماسۆنییەکانن؟.. ئایا وەك ماسۆنییەکی ڕیزی ئەو ناوبراوانە کاریگەریی بەسەرتەوە هەبوو؟

کابرینۆفیك: بەڵێ.

سەرۆك: ئایا لەوانەوە فەرمانی تیرۆرکردنەکەت بۆ هات؟

کابرینۆفیك: فەرمانی تیرۆرکردنم لە کەس وەرنەگرتووە.. تاکە شتێك ماسۆنییەت کردبێتی ئەوەبوو ورەی بەرز دەکردمەوە.. لە ماسۆنییەتدا کوشتن ڕێگەپێدراوە.. سیگانۆفیك پێی گوتم ماسۆنییەت ماوەی زیاتر لە ساڵێکە فەرمانی کوشتنی ئەرشیدۆق فردیناندی دەرکردووە.

جگە لەمانەیش بەڵگەیەکی دیکەش هەیە کەوا کۆنت زیزینی هاوڕێی گیانی بە گیانیی ئەرشیدۆق پێشکێشی کردووە و گوتوویەتی: ئەرشیدۆق دەیزانی ئان و ساتی تیرۆرکردنی نزیکبووەتەوە، پێش جەنگ پێی گوتم ماسۆنییە ئازادەکان بڕیاری تیرۆرکردنیان داوە.

سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی دوای سەرکەوتن لە هەڵگیرساندنی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی هەوڵیان دا باوەڕ بە کرێکاران و سەربازان بهێنن کە ئەو جەنگە جەنگی سەرمایەدارییە.. تۆباڵی گشت پرسێکی ئالۆزیشیان خستە ئەستۆی حکوومەتەکانەوە.

ڕووسیا چەند ساڵێکی کەم بوو لە جەنگی شەکەتکاری هەنبەر یابان هاتبووە دەرەوە، ئەمەیش وایکرد کەشێکی کەشێکی پڕ لە گومان و دوودڵی لە دەروونی کرێکارانی ڕووسیدا زۆر بەئاسانی دروست بکرێ، چونکە سوپای ئیمپراتۆریای ڕووسی لە ماوەی نێوان ١٩١٤-١٩١٦دا تا کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٧ لەنێو ڕیزی سەربازیی هێزی چەکداردا لە نزیکەی ٣,٠٠٠,٠٠٠ قوربانی دابوو و باشترینی گەنجەکانی خۆی لەدەستدابوو.

لینین و مارتۆڤ لە سویسرا بوون، سویسراش وڵاتێکی بێلایەن بوو و گشت نەخشە و پیلان و کودەتایەکی جیهانی لەوێوە هەڵدەچنرا.. ترۆتسکی ئەرکی ڕێکخستنی سەتان لەو شۆڕشگێڕە ڕووسیانەی گرتبووە ئەستۆ کە وەك پەناهەندە ڕوویان لە ویلایەتە یەککگرتووەکان کردبوو.. سەرکردەکانی مەنشەفیك لە ڕووسیا چالاکییە تیرۆرستییەکانیان دەستپێکردبوو.. لە ساڵی ١٩١٧شدا دەرفەتیان بۆ ڕەخسا.. چەند کردەیەك بەشێوەیەکی زۆر کارامە بەڕێوەچوون و بوونە هۆی تێکدانی ئامێرەکانی پێوەندیکردن و مەڵبەندەکانی گواستنەوە و گەیاندن و ناردنی کۆمەك و پێداویستییەکان.. ئەم ڕووداوەش لە پیترسبۆرگ بووە هۆی کەمبوونەوەیەکی مەترسیداری مادە خۆراکییەکان.. ئەمە لە کاتێکدا ڕووی دا شارەکە بەهۆی ئەو کرێکارە پیشەسازییانەی ڕوویان تێکردبوو بەدەست زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانەوە دەیناڵاند، چوونکە لە ئەرك و ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکاندا زۆر پێویستیان بەو کرێکارانە هەبوو.

مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٧ مانگێکی شووم بوو، بەپێی سیستمی کەم بەکارهێنان و پاشکەوتکردنی خۆراك ڕەفتار دەکرا.. لە مانگی ئاداردا نیگەرانییەکی گەورە بڵاوبوویەوە.. ڕیزی ئەو هاووڵاتییانەی داوای نانیان دەکرد بەردەوام لە درێژبووندا بوو.. لە ئاداردا شەقامەکان پڕ بوون لە خەڵکی بێکار.. قەیسەریش هێشتاکە لە بەرەکانی جەنگدا سەربازەکانی بەسەر دەکردەوە.

سەرکردەکانی مەنشەفیك لە ٧ی ئاداردا وەك ناڕەزاییەك لەهەنبەر کەمیی نان، جووەکانیان ڕێکخست بۆ ئەوەی لە شەقامەکاندا خۆپیشاندانێکی ژنانە ڕێکبخەن.

ژنان لە ٨ی ئاداردا خۆپیشاندانە گەورەکەیان بەڕێوەبرد.. دوای ئەمە شۆڕشگێڕەکان هاتنە نێو مەسەلەکەوە.. چەند کۆمەڵەیەکی هەڵبژێردراویش لە چەند شوێنێکی جیاجیادا چەند خۆپیشاندانێکی لاوەکییان ڕێکدەخست.. هەروەها دەستەوتاقمە بەدخوازەکان لە چەند شوێنێکدا بەدیارکەوتن، سروودی شۆڕشگێڕییان دەگوت و ئاڵای سووریان بەرز دەکردەوە.. لە چوار ڕییانی نیڤسکی برۆسبکت و کەناڵی سانت کاتریندا، پۆلیس و سەرباز بەبێ هیچ زیانێکی جەستەیی و خوێنڕشتنێك بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کرد.. پێدەچوو فەرمانەکان بەشێوەیەك درابنە سەربازەکان دیسانەوە نەگلێنە نێو ڕووداوێکی هاوشێوەی ڕۆژی یەکشەممەی خوێناویی ساڵی ١٩٠٥.

لە ٩ی ئاداردا ناوچەی نێوان نیڤسکی و برۆسبکت و سانت کاترین تا دەگاتە وێستگەی نیکۆلای پڕ بوو لە جەماوەری خۆپیشاندەر و بەهۆی فیتنەچی و کەسانی هاندەرەوە جەماوەر لە جاران بوێرتربیوو.. سوارچاکانی قۆزاق ئەرکی خاوێنکردنەوەی شەقامەکانیان گرتە ئەستۆ.. ئەو سوارچاکانە تەنیا پشتە شمشێریان بەکاردێنا، هیچ چەکێکی ئاگرینیش بەکار نەهات.. ئەو نەرمی و لێبوردەییە سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی تووڕەکرد، بۆیێ ڕێنمایی کەسانی هاندەریان کرد هەوڵی زیاتر بخەنە گەڕ بۆئەوەی ڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان گەل لەلایەك و پۆلیس و سەرباز لەلایەکی دیکە دروست ببێت.. شۆڕشگێڕەکان شەوێ چەك و ڕەشاشەکانیان لە چەند شوێنێکی نێو شارەکەدا شاردەوە.

لە مانگی ئاداردا، ڕووداوێکی ناخۆش هاتە پێشێ.. جەماوەرێکی زۆر لەبەردەم وێستگەی نیکۆلایدا کۆببوونەوە.. دەوروبەری کاتژمێر

٢ی دوای نیوەڕۆ، کەسێك لەنێو ئوتومبێلەکەیدا بە گۆڕەپانەکەدا تێپەڕی پاڵتۆیەکی لەبەر بوو بۆ ئەوەی خۆی لە سەرما بپارێزێ.. پیاوەکە کەسێکی زۆر بێ ئارام بوو، فەرمانی بە شوفێرەکەدا بەنێو خەڵکدا تێپەڕێ.. ئەمەیش هەڵەیەك بوو دەماری کەسانی خۆپیشاندەری گرت و تووڕەی کردن.

پیاوەکە لە ئوتومبێلەکەیەوە ڕاکێشرایەوە دەرەوە و خەڵك بەربوونە گیانی.. کاتێکیش توانی لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێ، بەرەو ئوتومبێلەکەی چوو ، بەشێك لە جەماوەر کەوتنە دوای، کەسێك بۆرییەکی سرەواندە تەپڵی سەری.. ئەو کردەوەیە حەزی بینینی خوێنی لە جەماوەردا بزاوت، لە شەقامی نیڤسکییەوە بەپرتاو چوون پەنجەرەکانیان دەشکاند و کاری تێکدەریان دەکرد.. ئیدی شەڕ دەستپێکرد و ئاشووب بڵاوبوویەوە.. سەرکردە شۆڕشگێڕەکانیش بەپێی پیلانە داڕێژراوەکەیان، لە شوێنە نهێنییەکانی خۆیانەوە خەڵکیان دایە بەر گوللە.. ئیدی جەماوەر شێت و هار بوو هێرشیان بۆ پۆلیس برد و بەوە تۆمەتباریان کرد سەرەتا ئەوان لە تەقەکردن دەستپێشخەر بوون، لە بەرانبەر هەر پیاوێکی خۆیاندا پۆلیسکێیان سەردەبڕی.. دواتریش زیندانییەکان ئازاد کران، بۆ ئەوەی لەو هەڵمەتە خوێناوییەدا بەشدار بن.. بەمشێوەیە هەلومەرجی گونجاویان بۆ حوکمی تیرۆر و تۆقاندن خۆشکرد.

ئازادکردنی زیندانی و تاوانکاران لە ١١ی مارسدا دۆخێکی پڕ بێسەروبەی و تێکدەرانەی هێنایە ئاراوە.. ئەنجوومەنی دۆماش هێشتاکە لە هەوڵی گەمارۆدان و سنووردارکردنی پانتاییی شۆڕشەکەدا بوو.. نامەیەکی بەپەلەیان بۆ قەیسەر نارد و بۆیان نووسیبوو دۆخەکە

زۆر مەترسیدارە، بە وردی دۆخە پڕ ئاشووب و بێسەروبەرەکەیان بۆ باسکردبوو.. بەڵام شانە کۆمۆنیستییەکانی نێو بواری پێوەندییەکان نامەیەکی دیکەیان بۆی نووسیبوو.. جا کاتێك قەیسەر نامە ساختەکە دەخوێنێتەوە، فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی دۆما دەردەکات.. بەمشێوەیە خۆی لە پشتگیریی زۆرینەی ئەو ئەندامانە بێبەش دەکات کە سەر بەخۆی بوون و پاڵپشتییان لێی دەکرد.

هەندێك یەکەی سەربازی لە ١٢ی مارسدا ڕاپەڕین و سەربازەکان ئەفسەرەکانی خۆیانیان کوشت.. کتوپڕ پاسەوان و پارێزەرانی قەڵای سانت پترسبۆرگ و سانت پۆل خۆیان ڕادەست کرد، زۆرتەی سەربازەکانیش چوونە ڕیزی شۆڕشەکەوە.

لەگەڵ خۆ ڕادەستکردنی پارێزەران و پاسەوانانی هەردوو قەڵا، لیژنەیەکی ١٢ کەسی لە دۆما پێکهات.. ئەم حکوومەتە هەرێمییە بەردەوام بوو تاکوو بەلشەفییەکانی سەر بە لینین لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩١٧ ڕووخاندیان. سەرکردە شۆڕشگێڕەکان ئەرکی ڕێکخستنی حکوومەتی شۆڕشگێڕیی پترسبۆرگیان گرتە ئەستۆ، ڕێگەشیان بە حکوومەتی هەرێمی دا لە کار و دەستەڵات بەردەوام بێت، چونکە نوێنەرایەتیی دەستەڵاتێکی ڕەوا دەکات.

لینین ئەرکی لاوازکردنی هەژموونی ڕێبەرە جوولەکە شۆڕشگێڕەکانی لە ڕووسیا گرتە ئەستۆ، هەروەها بەڵێنی دا سوپای ڕووسیا لە جەنگی دژ بە ئەڵمانیا بکشێنێتەوە، بەو مەرجەی حکوومەتی ئەڵمانی لە ڕووخاندنی حکوومەتە هەرێمییەکە و کۆنترۆڵکردنی تەواوی سیاسەت و ئابووریی ڕووسیا یارمەتیی بدات.. دوای ڕێککەوتن لەسەر ئەو مەسەلەیە، لینین و مارتۆف و ڕادیك و

تیمێکی ٣٠ کەسیی بەلشەفیکەکان بەهۆی فارگۆنێکی داخراوی شەمەندەفەرێکەوە بە نهێنی گەڕانەوە ڕووسیا و لە ٣ی نیساندا گەیشتنە پترسبۆرگ.

کاتێك حکوومەتە هەرێمییەکە لێبوردنێکی گشتی بێ مەرجی بۆ گشت زیندانییە سیاسییەکان دەرکرد، بەدەستی خۆی بەڵگەنامەی مردنی خۆی واژۆ کرد، لێبوردنەکە ئەو کەسانەشی دەگرتەوە کەوا بۆ سێبیریا دوور خرابوونەوە، هەروەها ئەو کەسانەش لێی بێبەش نەبوون کە پەنایان بردبووە بەر وڵاتانی دیکە.. ئەم لێبوردنە ڕێگەی بۆ نزیکەی ٩٠,٠٠٠ شۆڕشگێڕی توندڕۆی ڕووسی خۆشکرد بێنە نێو ڕووسیاوە، زۆربەشیان کەسانی شارەزا و مەشقدیدە بوون.. لینین و ترۆتسکی ئەم ژمارە زۆرەیان لەنێو پارتی بەلشەفیکدا ڕێکخست.

هەرکە لینین گەڕایەوە ڕووسیا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو حکوومەتە هەرێمییەی فەرمانی لێبوردنی بۆ خۆی و شوێنکەوتەکانی دەرکردبوو، دەستی بە بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کرد.. مەنشەفیکەکان لە سەرەتای نیساندا دەستیان بەسەر حکوومەتی شۆڕشگێڕی واتا ئەنجوومەنی کرێکاراندا گرت.. لەڕووی گرنگییەوەش چەپی (سۆسیالستی شۆڕشگێڕی) دوای ئەوان دەهاتن.. بەڵام بەلشەفیکەکان کەمینە بوون.. سیاسەتی حکوومەتە هەرێمییەکەش بەردەوام بە ئاراستەی جەنگکردن دژ بە ئەڵمانیا بوو، چونکە زۆرینەی ڕووسەکان هەڵپە و بەرتەمایی ڕەشی نازیزمی ئەڵمانییان بە مەترسییەکی ڕاستەوخۆی هەنبەر سەروەرییەکەیان دەزانی.. (چیدن)یش کە لەدوای مارتۆف سەرۆکایەتیی حکوومەتە شۆڕشگێڕەکەی پترسبۆرگی وەرگرت، بەهەموو هێز و توانایەوە

لایەنگری ئەو بیرۆکەیە بوو.. هەروەها (سکۆپۆلیف)ی جێگری سەرۆکیش حەزی لێبوو جەنگەکە درێژە بکێشێ، چونکە پێی وابوو شۆڕشگێڕەکان لە دۆخی بەردەوامبوونیان لە جەنگ و شکستهێنان بە سوپای ئەڵمانی، دەتوانن دژ بە حکوومەتە شکستخواردووەکان یارمەتیی کۆمەڵە شۆڕشگێڕەکانی نێو ئەڵمانیا و پۆڵەندا بدەن.

تاکە ئامانجی لینین لەو کاتیدا، وەدەستهێنانی سەرۆکایەتی بوو، ناوبراو هێرشێکی توندی کردە سەر سیاسەتی حکوومەتە هەرێمییەکە، هەروەها ئەندامەکانی بە بەکرێگیراوی بۆرژوازی تۆمەتبار دەکرد، بە ئاشکرا داوای ڕووخاندنی دەکرد.. لە هەمان کاتیشدا نەیویست دژی حکوومەتی شۆڕشگێڕی مەنشەفیك بوەستێتەوە، بۆیێ ڕێنمایی بۆ ماندەرە بەلشەفیکەکان دەرکرد داوا لە کرێکارانی کارخانەکان و سەربازە پاسەوانەکانی چەند شوێنێکی تایبەت بکەن حکوومەتە هەرێمییەکە بڕووخێنن.

ترۆتسکی یەکێك بوو لەو هەزاران شۆڕشگێڕەی دوای لێبوردنەکە گەڕابوویەوە ڕووسیا، لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا سەتان لەو شۆڕشگێڕانەی هێنابوویەوە کە لە ڕووسیاوە پەنایان بردبووە بەر ئەمریکا و کەنەدا.. زۆرینەی ئەو کەسانەش جوولەکەی دەوروبەری خۆرهەڵاتی نیویۆرك بوون.

ئەو کەسانە یارمەتیی لینینیان دا دەستهەڵات بگرێتە دەست.. زۆرینەی ئەو کەسانەش دوای تەواوبوونی ئەرکەکانیان بە مردن و دوورخستنەوە حوکمیان لەسەر دەدرا.. هێندەی پێنەچوو ئەندامانی کۆنگرەی یەکەمی جیهانی یان کوژران یانیش خرانە زیندان و دوورخراوگە!

بۆ سەلماندنی ئەو ڕۆڵەی پارە گۆڕەوە جیهانییەکان بۆ بەرژەوەندیی لینین لە شۆڕشی ڕووسیادا گێڕایان، دەبینین لە پەڕتووکی سپی کە لە ساڵی١٩١٩ دا لە بریتانیا بە ڕەزامەندی وەرگرتن لە پاشا دەرچووە، ئەو سووخۆر و پارەگۆڕەوە جیهانییانەی لەمیانی بەڕێوەبەرانی بانکەکانی ئینگلترا کار دەکەن، حکومەتی بریتانیایان ڕازی کردووە بەڵگەنامە ڕەسەنەکە بکێشێتەوە، دانەیەکی دیکەی لە شوێن دابنرێ کە گشت شتێکی تیادا لابراوە ئاماژە بە جووەکان بکات.

فرانسوا کوتی لە بڵاوکراوەی فیگارۆدا کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩٣٢دا دەرچووە، نووسیویەتی:

ئەو یارمەتی و دیارییانەی یەعقووب شێف پێشکێشی بزووتنەوە ئاژاوەگێڕەکان و شۆڕشگێڕەکانی ڕووسیا و وڵاتانی دیکەی دەکات، وەك چاوتێری و دەست و دڵکراوەییەکی تاکەکەسی نییە.. بەڵکو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەپارەی شێف ڕێکخراوێکی تیرۆرستیی ڕووسی دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە تیرۆرکردنی وەزیر و دەستەڵاتدار و بەڕێوەبەرانی پۆلیس و هتد.

ئەو نوورانییانەی بۆ وەدیهێنانی هەڵپە و تەماعە نهێنییە دکتاتۆرییەکانیان کۆمۆنیزم و نازیزم بەکاردێنن، کار و بزاوتی شۆڕشگێڕانە دابەش دەکەنە سەر سێ قۆناغ یان بزووتنەوە:

١) ئەگەر بتوانن و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ، حکوومەتە هەنووکەییە بەرقەرارەکان بە چەند ئامراز و هۆکارێکی دەستووری دەگۆڕن و دەیانکەنە دەوڵەتێکی سۆسیالیستی.

٢) بەهۆی بزاوتی شۆڕشگێڕییەوە دەوڵەتی سۆسیالیستی دەکەنە دکتاتۆریەتێکی جیهانی.

٣) بە پاکتاوکردن و لەنێوبردنی گشت ئەو کەسانەی دەبنە تەگەرەی بەردەمیان، دکتاتۆریەتی کرێکاری دەگۆڕن و دەیکەنە حوکمڕانی و دەستهەڵاتێکی ڕەها.

جوولەکە ڕووسییەکان دوای ساڵی ١٩١٨ دابەش بوونە سەر دوو بەش: بەشی یەکەم ئەو شۆڕشگێڕانەی خۆیان بە بیردۆزەکانی مارکسەوە هەڵواسیبوو، لەپێناو دروستکردنی یەکییەتییەکی جیهانی لە کۆمارە سۆسیالستییەکان هەوڵی خۆیان خستبووە گەڕ و بە (ترۆتسکییەکان) ناسرا بوون.. بەشەکەی دیکەش هیواخوازی گەڕانەوە بوون بۆ فەڵەستین (ئەوانە زایۆنیزمەکان) بوون. خاتوو ب. باسکرفیل لە لاپەڕە ١١٧و ١١٨ پەرتووکەکەی خۆیدا بە ناوی (جوولەکەی پۆڵەندی) نووسیویەتی:" زایۆنیزمی سیاسی ئامانجی گۆڕینی زایۆنیزمەکانە بۆ کەسانی سۆسیالستی پێش ئەوەی بەرەو فەڵەستین کۆچ بکەن، ئەمەیش بۆ زەمینەسازیی دروستکردنی حکوومەتێکی سۆسیالیستییە.. لە هەمان کاتیشدا دەیانەوێ ئەو حکوومەتە ئەورووپییانە ژێر و ژوور بکەن کەوا بەپێی ڕێبازەکانی ئەوان ڕەفتار ناکەن.. بەرنامەکەیان بۆ ڕێکخستنی مانگرتنەکان و کارە تیرۆرستییەکان، پڕە لە هزری سۆسیالیستی".

بەلشەفییەکان لە ساڵی ١٩١٨دا ناوی خۆیان گۆڕی و کردیانە (پارتی کاری دیموکراسیی ڕووسی)، دواتریش بە پارتی کۆمۆنیستی ناسران و بارەگەیان گواستەوە مۆسکۆ.

ئەو پارتە یەدەگە شۆڕشگێڕییەی جوولەکەکان ڕێبەرایەتیان دەکرد بەوە ڕازی نەبوو لینین ببێتە پیاوی یەکەمی ڕووسیا، لەبەرئەوە هەردوو کۆمەڵە و گرووپ لە ٣٠ ئابی ساڵی ١٩١٨دا هەوڵیان دا تیرۆری بکەن، لەو هەوڵەدا لینین بریندار بوو و یۆرتزکیش کە خودی لینین وەك سەرکردەی ڕێکخراوی شیکا داینابوو، کوژرا.. لینین ئەو ڕووداوەی کردە پاساوی بەڕێوەبردنی چەندان کاری تیرۆرستی بەرفراوان و بێ وەستان، هێرشەکانی شەو بەشێوەیەکی بێ وچان دەکران، تەنانەت ئەو کەسەی شەو دەچووە سەر پێخەف، نەیدەزانی ئاخۆ بۆ بەیانی بە زیندوویی دەمێنێتەوە یان نا!.. داڤید شۆپ لە پەڕتووکەکەی خۆیدا کە پشتگیریی لە مارکسیەتی لینین دەکات، دەنووسێ:" لە دۆزینەوەی بەڵگە و شایەتەکان و پۆلینکردنی خەڵکیدا هێندە خۆیان سەرقاڵ نەدەکرد و هێرش و هەڵمەتی ڕەشبگیری درێژەی هەبوو.. بەندکراوەکان بەرەو بنکەی پۆلیسی کۆنی تەنیشت کۆشکی زستانە دەبران، لەوێش دەدرانە بەر ڕەگبار.

کوشتن و ئەشکەنجەدان و بڕینەوەی دەست و پێ و دەستدرێژیی سێکسی بناغەیەکی فشۆڵی کۆماری سۆڤییەتیی سۆسیالیستی بوو.

ملیۆنان هاووڵاتیی ڕووسی مردن، مەزەندەش دەکرێ نزیکەی دوازدە ملیۆن کەسی دیکەش بەهۆی سوغرەکێشیی تا مەرگەوە فەرمانی خزمەتکردنی دەوڵەتیان بەسەردا سەپێندرا، ئازادیشیان بەچاوی خۆیان نەدەبینیەوە، کاتێکیش دەمردن تەرمەکانیان لە بەندیخانەکان دەهێنرایە دەرەوە.

بەشی نۆیەم

وروژاندن و دنەدانی سیاسییانە

کەمێك دوای هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی و ڕێك لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١٤، کۆمەڵێك لە دەوڵەمەندە گەورەکان داوایان لە ئەندازیارێك کرد یەکێك لە کۆشکە کۆنەکان بکاتە یانەیەکی تایبەت.. ئەو دەوڵەمەندانە سووربوون لەسەر ئەوەی ناوەکانیان بەنهێنی بمێنێتەوە، چونکە دەیانویست لە هەنبەر ئەو ئەفسەرانەی لەپێناو نیشتماندا ژیانیان دەخەنە مەترسییەوە، گوزارشت لەوپەڕی ڕێز و سوپاسی خۆیان بکەن.. ئەو یانەیەش گشت هۆکارەکانی دڵخۆشکردن و کات بەسەربردن و ڕابواردنی تیادا بوو، تەنیا تایبەت بوو بەو ئەفسەرانەی لە بەرەی جەنگ دەگەڕانەوە، بۆ ئەوەی مۆڵەتە سەربازییەکەیان لە لەندەن بەسەر ببەن.. بەڵام ئەندامە نوێیەکان، لە ڕێگەی یەکێك لە برایانی ئەفسەرەوە بە یانەکە دەناسێندران، لەوێشدا گفتوگۆ لەنێوان میوانان و بەرپرسێکدا ساز دەکرا.. جا ئەگەر بەرپرسەکە بگەیشتبایە ئەو باوەڕەی کە دەکرێ ئەندامە تازەکە متمانەی پێ بکرێ، بۆی ڕوون دەکردەوە کاروباری نێو یانەکە چۆن بەڕێوەدەچێ.. بۆیێ ئەو ئەفسەرەی داواکاریی ئەندامییەتیی پێشکێش کردبایە دەبوایە سوێند بە شەرەفی خۆی بخوات ناوی هیچ کەسێکی نێو یانەکە نەهێنێ کە لەکاتی هاتنە ژوورەوە یان چوونە دەرەوەدا دەیبینین.. دواتر بۆ ئەو

میوانە ڕوون دەکرایەوە چۆن و بەچ شێوەیەك چاوی بە بەناوبانگترین خانمانی کۆمەڵگەی لەندەن دەکەوێ، خانمەکانیش دەمامکیان بە ڕووخسارەوەیە، بۆیێ نابێ هەوڵ بدات بزانێ کێن.. خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت یەکێکیانی ناسییەوە، بەڵێنەکەی پاراستنی ئەو نهێنییەش دەگرێتەوە.

دوای تەواوبوونی ئەو هەنگاوە سەرەتاییانە، ئەفسەرەکە دەبرایە ژوورە تایبەتەکەی خۆی کە بەباشترین شێوە و نوێترین مۆدیل ئامادەکرابوو.. داواش لە میوانەکە دەکرا بە ماڵی خۆی بزانێ.. هەروەها پێشی ڕادەگەیەندرا خانمێك دێتە لای کە ملوانکەیەکی لەملە، ملوانکەکەش هەمان ژمارەی ژوورەکەی لەسەرە.. خۆ ئەگەر دوای ناسینی حەزی کرد لەگەڵی بچێتە ژووری نانخواردن، ئەوا ئارەزووی خۆیەتی و ئازادە.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٦دا نامەیەك گەیشتە کەسییەتییەکی گرنگی بواری سیاسەت، لە نامەکە داوای لێ کرابوو، چوونکە لەوێ چەند زانیارییەکی زۆر گرنگی پێ دەدرێ، بۆیێ بە ئۆتومبێلە تایبەتەکەی خۆی دەچێت و داوا لە شوفێرەکەی دەکات چاوەڕوان بێت، دواتر دەچێتە ژوورەوە، لەوێشدا بەرپرسان دەیبەنە سەر پێخەفێکی زۆر جوان و ڕازاوە و بەتەنیا جێی دەهێڵن.. هێندەی پێناچی ژنێکی گەنج دێتە سەر پێخەفەکە، هەرکە بینی هێندەی نەمابوو لە خۆ بچێت، چونکە ژنەکەی خۆی بوو کە چەندان ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو، کارەکەشی پێشوازیکردنی ئەو ئەفسەرانە بوو کە ماوەیەکی زۆر مۆڵەتیان وەرگرتبوو! !..بەڕاستی هەڵوێستەکە زۆر ناخۆش و ڕووگیرانە بوو، چونکە ژنەکە نەیدەزانی ئەو نەخشە و پیلانە

چییە هەردووکیانی لەو شوێنەدا بەیەکتری گەیاندووە، هەروەها هیچ زانیارییەکی نهێنیشی نییە ئاشکرایان بکات، بەڵکو باوەڕی وابوو ڕێکەوتێکی خراپ هەردووکیانی لەو شوێنەدا کۆکردووەتەوە، مێردەکە زانی ڕۆڵی ژنەکەی لە یانەکەدا چییە، بەڵام وەك بڵێی مردوو بێت زاری لێکنەکردەوە و لێوەکانی تەواو وشك هەڵگەڕابوون، چونکە بەرپرسێکی حکوومەت بوو و نەیدەتوانی بەرگەی ئابڕووچوون بگرێ!

هەموو ئەندامەکانی یانەکە بە ژن و پیاوەوە سیخوڕییان بەسەر یەکترییەوە دەکرد، هەواڵ و زانیارییەکانی یەکتریان بۆ سەرکردەکانیان دەگێڕایەوە، ئەو زمان لێدانە (ئیخباری) دەبووە زانیاری و لە پەڕتووکێك بەناوی (پەڕتووکی ڕەش) تۆمار دەکرا و دەنووسرا.. لە پەڕتووکەکەدا کەموکورتی و لەنگی و بێ ئابڕووییە تایبەتەکان و خاڵە لاوازەکانی تاکەکان نووسرابوون.. هەروەها بارودۆخی ئابووری و خانەوادەیی و وابەستەبوونیان بە خزموخوێشان و هاوڕێیان تۆمار کرابوون.. هەروەها پێوەندی و کاریگەرییەکانیان بەسەر پیاوە بەناوبانگ و گەورەکانی سیاسەت و کەسە مەزنەکانی بواری پیشەسازی و پیاوانی ئاینییەوە تیشکی خرابوویە سەر.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٦دا ئەندام پارلەمانێکی ئینگلیزی ویستی مەسەلەی ئەو یانە شووشەییە ئاشکرا بکات و ڕاستییەکانی بخاتە بەرچاوی خەڵك، سێ ئەفسەر سکاڵایان تۆمار کردبوو کە دوای ئەوەی بوونەتە ئەندام، یانەکە لە هەوڵدایە زانیارییان لێ دەربێنێ، هەروەها لە سکاڵایەکەیاندا نووسیبوویان یانەکە بووەتە لانەی سیخوڕی و زانیاریی گرنگ بۆ دوژمن دەنێرێ.. لەم سەرکێشییەدا خانمێکی نوستراڵی و شوفێرەکەی و زۆرێك لە ژنان و کچانی بەرپرسە

حکوومییەکانیش بەشداربوون.. بەڵام ئەو هەوڵەی ئاشکراکردنی یانەکە فڕوفەپی لێ کرا، چونکە سیاسەتی حکوومەت وەهابوو لەو کاتەی سوپا ڕووبەڕووی هێرشێکی بێئامان و بێبەزەییانەی دەریایی و وشکایی و ئاسمانی ببوویەوە، نهێنییەکانی یانەکە فڕوفەپی لێ بکرێ، نەوەك ئابڕووچۆنێکی وەها گەورە ببێتە هۆی تراژیدیایەکی نیشتمانی.. لەو کاتیدا ڕۆژنامەوانیی (ڕزگاریخواز) هێرشی توندی دەکردە سەر سەرۆکوەزیران و تۆمەتباری دەکرد بەوەی کەسانی ناشایستەی لە پێگە و پۆستە حکوومییەکان داناوە و لە سەردەمی پێش جەنگەوە چەند پێوەندییەکی فراوانی لەگەڵ پیشەساز و پارەدەرانی ئەڵمانیدا هەیە و هەواداری قەیسەریشە.. بەوەش تۆمەتباری کردبوو ناتوانێ ڕێکاری یەکلاکەرەوە و بڕیاری خێرا دەربکات.. هەروەها دەستەواژەی : (چاوەڕێ بکە و ئەسکویت دەبینیت)ی وەك نموونەیەك هێنابوویەوە.

هەندێك ئابڕووچوونی تایبەت بە پێوەندیی چەند بەرپرسێکی باڵا بە یانە شووشەییەکە بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت.. ئیمپراتۆری بریتانیش بە هۆی ئەو دۆخەوە زۆر ناچار بوو لەنێوەڕاست و جەرگەی جەنگێکی مەزندا سوارچاکەکانی بگۆڕێ.. کاتێکیش بەڕێز ئەسکویت لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٦دا دەستی لەکار کێشایەوە، وەزارەتێکی ئیئتیلافی بەدوا داهات کە لەلایەن داڤید لوید جۆرجەوە سەرۆکایەتیی دەکرا و وینستۆن چەرچڵ لە ئەندامە بەرجەستە و بەناوبانگەکانی بوون.

لە دۆسییە ڕەسمییەکانەوە زاندرا ئەو سێ ئەفسەرەی سکاڵایان دژ بە یانە وەرزشییەکە پێشکێش کردبوو، لە گەرمەی شەڕ و لەنێو جەنگدا کوژران، ڕووداوی وەهاش لەنێو جەنگدا بە شتێکی ئاسایی

وەردەگیرێت.. لەلایەکی دیکەشەوە خانمە ئوستراڵییەکە و شوفێرەکەی بە تۆمەتی بەرگریکردن لە شازن دەستگیرکران.. دواتر ڕاگەیاندرا ئەندامێکی پەرلەمانیش بەهۆی ئابڕووچوونەکەی پاڕلەمانەوە لە ژیانی گشتی دوورکەوتووەتەوە.. دوای چەند هەفتەیەکیش من لە پۆستی هەواڵگریی پاشایەتی دوورخرامەوە و وەك ئەفسەرێکی دەریاوانی لە هێزی ژێرئاوگەڕەکانی بریتانیدا دامەزرێنرام.. ٣٢٪ ئەفسەران و پیاوانمان لەدەست دا، من یەکێك بووم لەو کەسانەی قەدەر ویستی بمێنمەوە.

دوای ماوەیەکی دوورودرێژی دوای جەنگ و پاش ئەوەی خۆم لێکۆڵینەوەم لە مێژووی هاوچەرخ و بەراوردکارییە ئاینییەکان کرد، ئەوسا گرنگیی سیاسەتی زایۆنیزمم لەهەنبەر ئەو کەسانەدا بۆ ڕوونبوویەوە کەوا پیلانی کۆنترۆلکردنی تەواوی ئابوورییەکانی جیهان دادەڕێژن.. ئەم ڕووداوانەش خۆیان شایەتحاڵی خۆیانن:

کاتێك جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا، ئەسکویت سەرۆکوەزیران بوو و دژی زایۆنیزمیش بوو.. پارەدەرانی نێونەتەوەیی بڕیاریان دا حکوومەتەکەی لابدەن و حکوومەتێکی ئیئتیلافی لە شوێن دابنێن، بەو مەرجەی لوید جۆرج و وینستۆن چەرچل دەستێکی باڵایان تیادا هەبێت.. داڤید لوید جۆرج ئاوقاتێکی بزووتنەوەی زایۆنیزم بوو و لەلایەن خانەوادەی ڕۆچیلدەوە پیلانی بۆ دانرابوو و پارەوپوولی بۆ تەرخانکرابوو.. بەڵام وینستۆن چەرچڵ هەر لەو کاتەی هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە لایەنگرێکی زایۆنیزمی سیاسی بوو.

پارەدەرانی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩١٧دا لە هەمان کاتدا پشتگیرییان لە هەردوو بزووتنەوەی بەلشەفیکی و نازیزم دەکرد.. زۆر

بێمانایە ئەنجوومەنی نوێنەرانی بریتانی ئاگاداری ئەو مەسەلە و ڕووداوانە نەبووبێت، بەتایبەت کاتێك حکوومەت هەستیکرد ناچارە خۆی هەڵقورتێنێتە نێو ئازادکردنی ترۆتسکی و هاوڕێیانی، دوای ئەوەی لە هالیفکسەوە دەستگیرکران و بەنیاز بوون لە نیویۆرکەوە بچنە ڕووسیا.

بەڵام سەبارەت بە سیاسەتی بریتانیا کە لە ساڵی ١٩١٦ لە هەنبەر ڕووسیا گرتییەبەر، تاکە پاساویان ئەوەبوو حکوومتی بریتانی دەیزانی یارمەتیی دارایی و سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە پێشکێش نەکراوە، تاکو حکوومەتی ڕووسی بڕووخێ.. ئەم شیکردنەوەیە زۆر پووچ و بێمانا دێتە بەرچاو، بەڵام ئەم ڕاستییانەی خوارەوە بەڵگەی دروستییەکەی دەسەلمێنن:

شۆڕشی ڕووسی لە شوباتی ساڵی ١٩١٧دا هەڵگیرسا و قەیسەری پێنجەم لە ئاداری هەمان ساڵدا و ڕاستەوخۆ دوای ئەو ڕووداوە لادرا، یەعقووب شێف هاوبەشی دەستگەی کۆهن-لۆب لە نیویۆرك، گۆتوبەندە داراییە سەپێندراوەکانی سەر هاوپەیمانانی لادا، هەروەها فەرمانی بە مۆرتیمری کوڕی کرد برووسکەیەك بۆ سێر ئەرنست کاسل بنێرێ، لە برووسکەکەدا هاتبوو: بەهۆی ئەو کارانەی بەمدواییانە لە ئەڵمانیا بەڕێوەدەبرێن، هەروەها ئەو پێشهاتانەی لە ڕووسیا سەریان هەڵداوە، بەردەوام نابین لە ئابلۆقەی دارایی سەر حکوومەتەکانی هاوپەیمان.

حکوومەتی بریتانی لە پێنجی نیسانی هەمان ساڵدا ئارسەر جیمس بلفۆڕی وەزیری دەرەوەی ناردە ویلایەت یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی پێوەندی بە نوێنەری بانکە ئەمریکییەکان بکات و بەشێوەیەکی

ڕەسمی پێیان ڕابگەیەنێ حکوومەتی بریتانی باوەش بۆ پڕۆژەکەیان دەکاتەوە کە تایبەتە بە زایۆنیزم، بەو مەرجەی بەڵێن بدەن ئەمریکا بخەنە نێو هاوپەیمانییەوە.. بەمشێوەیە ئەمریکا هاتە نێو جەنگەکەوە، یەکەمین تیپە ئەمریکییەکان لە ٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٧دا لە فەرەنسا دابەزین. لۆرد ڕۆچیڵد لە ١٨ی تەمووزدا ئەمەی بۆ بەلفۆڕ نووسی:

ئازیزم بەڕێز بەلفۆڕ.. لە کۆتاییدا توانیم ئەو شێوە دارشتنەت بۆ بنێرم کە داواتکردبوو، ئەگەر لە حکوومەتی خاوەنشکۆ و جەنابت بەتایبەت وەڵامێکم دەستکەوێ، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا کە بەشێوەیەکی زۆر تایبەت بۆ ئەم مەبەستە ڕێکدەخرێ، ئەمە بە یەکییەتیی زایۆنیزم ڕادەگەیەنم..

لە دەقە سەرەتاییەکەی یەکەمدا ئەم خاڵانە هاتبوون:

١)حکوومەتی خاوەنشکۆ بە بنەمای زەروورەتی دووبارە دامەزراندنەوەی فەڵەستین- وەك نیشتمانێکی نەتەوەیی جووەکان- ڕازییە.

٢) حکوومەتەکەی خاوەنشکۆ سەبارەت بەو ڕێگە و ئامرازانەی بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێویستن ئەوپەڕی وزە و توانای خۆی دەخاتەگەڕ و لەگەڵ ڕێکخراوی زایۆنیزم دەکەوینە گفتوگۆ.

بەمشێوەیە حکوومەتی بریتانی- بە نوێنەرایەتیی مستەر بەلفۆڕ- بەبێ هیچ کۆت و مەرجێك ملکەچی مەرجەکانی لۆرد ڕۆچیڵد و هاوڕێیە ڕێبەرەکانی ڕێکخراوی زایۆنیزم بوو.. پێوەندیی ئەو حکوومەتەش بەو جۆرە کەسانەوە، لە ڕازیبوون بە داواکارییەکانی دیکەیان بەدیاردەکەوێ، بەتایبەتیش داواکارییەکەیان بۆ دامەزراندنی

ریدینگ وەك سەرۆکی نێردەی ئابووریی بریتانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، لە کاتێکدا خودی ئەم ریدینگ ناوە تەنیا سێر رۆفۆس ئیسحاق بوو، کە ناوی بە ئابڕووچوونە بەناوبانگەکەی فارکۆنییەوە لکا.. باوەڕهێنانیش بە حکوومەتی بریتانی بۆ ئەوەی لەو پۆستە هەستیارەی دابنێ، بووە ئەرك و غەمی خودی رۆچێلد و هاوڕێیە سەرکردە جوولەکانی وەك سێر هێربرت صامۆئیل (کە دواتر بووە مەندووبی سامیی بریتانیا لە فەلەستین) و سێر ئەلفرێد مۆند (کە دواتر ناونیشانی لۆرد)ی پێ بەخشرا.

لۆرد ریدینگ چەند دانوستانێکی داراییی گرنگی لەگەڵ حکوومەتی ئەمریکیدا بەڕێوەبرد، ناتوانی نهێنییەکەی ئاشکرا بکەم.. بەڵام دەرئەنجامەکانی ئەو دانوستانانە بریتی بوو لە دووبارە رێکخستنەوەی بانکی ئینگلترا لەسەر چەند بنەمایەکی نوێ –دوای ساڵی ١٩١٩– و بەرقەرارکردنی هەندێك پێوەندیی نهێنیی دارایی.. ئەمەی خوارەوە چەند پەرەگرافێکی نامەیەکە و (یەعقووب شیف) لە ئەیلوولی ساڵی ١٩١٧ بۆ رێبەرێکی زایۆنیزمی ناردووە و ناوی (فرێدمان) بوو: ئێستە من تەواو باوەڕم بەوە هێناوە، بووەتە شتێکی زۆر کردەیی و رێتێچوو بریتانیا و ئەمریکا و فرەنسا لە گشت هەلومەرجێکدا یارمەتیمان بدەن، بۆ ئەوەی کۆچێکی بەردەوام و بەرفراوان بۆ گەلەکەمان رێکبخەین، بۆئەوەی بەرەو فەلەستین کۆچ بکەنەوە و تیایدا سەقامگیر ببن.. دواتریش زۆر کردەییە دەستەبەری لە وڵاتانی گەورە وەربگرین بۆ ئەوەی گەلەکەمان سەربەخۆیی وەدەستبێنێ.. ئەمەیش لەو کاتەدا دەبێت کە ژمارەمان لە فەلەستیندا بگاتە رێژەیەکی پێویست، بۆ ئەوەی پاساوی ئەو داواکارییەمان هەبێت.

نامەیەکی دیکە هەیە نێوەڕۆکەکەی زۆر لەم نامەیەی سەرەوە مەترسیدارترە.. لە ٢٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩١٧دا لویس مارشاڵی نوێنەری دەستگەی کۆهن- لۆب بۆ ماکس سینیۆری زایۆنیی نووسیوە و تیایدا هاتووە: ماجۆر لیۆنیل دی ڕۆچیڵد لە ڕێکخستنی جوولەکەی بریتانیدا بۆمی نووسیوە بەڵێنی بەلفۆر و ڕازی بوونی وڵاتانی زلهێز لەسەری، کردارێکی زۆر باڵای دیبلۆماسییە.. زایۆنیزمیش تەنیا کارێکی کاتیی نێو پلانێکی دوورمەودایە و تەنیا عەنبارێکی ڕازاوە و دڵڕفێنی چەکە و بەهێزترین چەکی لێ هەڵدەواسرێ.. هەروەها بۆ هێزە نەیارەکانی دەسەلمێنین نارەزاییەکانیان بەفیڕۆ دەچن، کەسانی نارازیش دەکەونە بەر چەندان فشاری ناخۆش و دژوارەوە.

ئەو پلانە دوورمەودایەی لەو نامەیەدا باسی لێوەکراوە، تەنیا ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی پارەدەرە نێودەوڵەتییەکان نیازی کۆنترۆلکردنی تەواوەتیی ئابووریی جیهان و گشت سەرچاوەیەکی سرووشتی و هێزی مرۆیی و تەواوی گەردوونیان هەیە.

مستەر ئەسکویتی سەرۆکوەزیرانی ئینگلیز، لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٥دا ئەم چەند برگە نووسینەی لە پەڕاوی ڕۆژانەیدا تۆمارکردووە: هەر ئێستە یادداشتنامەیەکم بەناونیشانی (ئایندەی فەڵەستین) لە هێربرت صامۆئیلەوە بەدەست گەیشتووە، ئەو پێی وایە دەتوانین سێ یان چوار ملیۆن جوولەکەی ئەورووپی لەو وڵاتەدا نیشتەجێ بکەین، ئەم بیرۆکەیەم وەك دەقێکی نوێی چیرۆکەکانی جەنگی خاچپەرستی هاتە بەرچاو.. ددان بەوەدا دەنێم ڕقم لەو پێشنیازانە دەبێتەوە کە بەرپرسیاریەتیی زیاتر دەخاتە سەر بەرپرسیاریەتییەکانمان.

ئەم دەستەواژانەی سەرەوە، بەلگەی تەواومان دەدەنە دەست کە مستەر ئەسکویت مەیلی بەلای زایۆنیزم نەچووە.. بێگومان لەو کاتیشەوە چارەنووسی ئەسکویت و وەزارتەکانی بڕیاریان لەسەر درا.

زایۆنیزمەکان ماوەیەکی دوورودرێژ بوو پیشەسازییە جەنگییەکانیانی ئینگلتەرایان خستبووە ژێر دەستی خۆیان.. کاتێکیش پیلانگێڕی و کودەتایەکە بڕیاری دژایەتیکردنی سیستمی ئەسکویتی دژ بە زایۆنیزمی دا، کتوپڕ ئینگلترا خۆی لەنێو جەنگێك و لەبەردەم قەیرانێکی توندی پیشەسازیی کیمیاییدا دۆزییەوە کە بناغەی دروستکردنی فیشەك و تەقەمەنیی جەنگییە.. قەیرانەکە کارخانەکانی تۆپیشی گرتەوە و ناچار بوون دەست بە بەرهەمەکانییانەوە بگرن و سیاسەتی کەمخەرجی پێڕەو بکەن.. بێگومان گەلی بریتانیش تۆباڵەکەی خستە ئەستۆی حکوومەت.

سەرپەرشتیاری بەرهەمهێنانی کیمیایی لە ئینگلترا، سێر فریدریك ناسان بوو.. بۆ دەربازبوون لە قەیرانی بەرهەمهێنانی مادە کیمیاییەکانیش ئەرك و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان خرایە ئەستۆی کارگەکانی برۆنەر و مۆند ، بۆ ئەم مەبەستەش پارەیەکی زەبەلاحی حکوومی تەرخان کرا.. بەلام خاوەنانی ئەم دوو کارخانەیە- بەڕێزان برۆنەر و مۆند جوولەکە بوون- و کارگەیەکی زەبەلاحیان لە سیلڤەر تاون دامەزراند.. هەرچەندە بە پارەی حکوومەتیش دامەزرا، بەلام کاتێك دەستی بە بەرهەمهێنان کرد، هۆکارەکانی پڕوپاگەندە و ڕۆژنامەوانیی سەر بە سووخۆرانی زایۆنیزم بوون و ستایشێکی بێپایانی برۆنەر و مۆندیان کرد و بەشێوەیەکی گەرموگوڕ ئەو کارە مەزنەیان دایە پاڵ ئەوان و سەرمایەدارانی جوولەکە و دەیانگوت لەو

کاتەی مەترسی لە چواردەوری بریتانیادا وریبوو، هەر ئەوان پاڵپشتیی بەرهەمهێنانی سەربازیی بریتانی بوون.. بەمشێوە ئەو ناوبراوانە بە ڕوخسارێکی جێبەجێکار پیشان دران، هەرچی ئۆباڵیشە خرایە ئەستۆی حکوومەتەوە.. بەڵام هێندەی نەبرد کارگەی سیلفەر تاون کتوپڕ تەقییەوە، لەو تەقینەوە ڕێکخراو و بەئەنقەستەشدا چل کەس مردن و هەشتسەد ماڵ ڕووخان.. لە ئەنجامدا بەرهەمی کیمیاییانەی جەنگی سەرلەنوێ دووچاری پاشەکشە بوویەوە، دووبارە قەیرانەکە پەنجەی هەڕوگیفی لە وەزارەتەکانی ئەسکویت ڕادەوەشاندەوە.. پاڵەوانە ساختە و کارتۆنییەکانیش هیچ ئۆباڵێکیان نەخرایە ئەستۆ و لە گشت سەرزەنشتێك پارێزراو بوون و بەردەوام بەشان و باڵایاندا هەڵدەدرا.. دەبێ ئەوەش بهێنینە بەرباس کە سێر ئەلفرێد مۆندی ناوبراو وەك نێردراوێکی پاشا سەرپەرشتیی کاروبارە کیمیاییەکانی دەکرد، دواتر خۆی لە فەلەستیندا بووە سەرۆکی ئاژانسی جوولەکە.

ئینگلترا پابەندی یارمەتیدانی ڕووسیای هاوپەیمانی بوو، تفەنگ و فیشەکی بۆ دەنارد.. بەڵام لەگەڵ دەرئەنجامی ئەو کەموکورتییەی نێو بواری پیشەسازیی چەك و مادە کیمیاییەکانەوە، سوپای ڕووسیا لەبەرەی خۆرهەڵاتدا زەبری کوشندەی بەرکەوت، چونکە چەك و فیشەکی پێنەدەگەیشت.. ڕۆژنامەکان ڕایانگەیاند سەربازانی ڕووسی بە دار و بەرچیغ و مشتەکۆڵە شەڕیان دەکرد، دواتریش بە دەستی سەربازانی ئەڵمانی دەکوژران.. پرۆفیسۆر بێرنارد بارز نامەیەك بۆ لوید جۆرج دەنێرێ و تیایدا بە ڕوونی باس لەوە دەکات چەك و فیشەك بە ئەنقەست لە ڕووسیای قەیسەری بڕدراوە، تاکو زەمینەی گونجاو بۆ شۆڕش بڕەخسێندرێ.. نامەکەی بارز لە ساڵی ١٩١٥دا نووسراوە و

تیایدا هاتووه: لەسەرم پێویستە ڕاوبۆچوونی تەواو دروستی خۆم دەربڕم و بڵێم شکستی بەڕێزان فیکەر- ماکسیم و هاوبەشانیان لە نەراهەمکردنی چەك بۆ ڕووسیا- کە دەبووایە بەر لە پێنج مانگ بگاتە ئەو وڵاتە- کۆسپوتەگەرەی دەخستە بەردەم پێوەندیی نێوان هەردوو وڵات، بەتایبەتیش هاوکاری و پاڵپشتیکردنی یەکتری لە جەنگی ئەنووکەییدا.. بێگومان هەواڵی تەواو دروستم پێگەیشتووە هیچ جۆرە یارمەتییەکی ئینگلترا نەگەیشتووەتە ڕووسیا.

(لوید) وەزیری دارایی و بەرپرسی پڕچەککردن و دەستەبەرکردنی تفاق و کەرەستەی دیکەی جەنگ بوو.. بەڵام بەڕێزان فیکەر- ماکسیم و هاوبەشەکانیان، لەژێر ئالای سێر ئەرنست کاسیلی بریکاری کاروبارەکانی دەستگەی کۆهن- لۆب لە نیویۆرك بوون، خودی ئەرنستیش وابەستەی خانەوادەی ڕۆچیڵد و پارەدەرانی نێودەوڵەتیی ئینگلترا و فرەنسا و ئەڵمانیا بوو.

ئەوجا بۆ ئەوەی بیسەلمێنین بەڕێزان فیکەر- ماکسیم و هاوبەشەکانیان لەوکاتیدا لەژێر کاریگەریی دەستگەی کۆهن- لۆب بوون، گوتەکەی بۆریز بەرازیل دەهێنینەوە: لە ٤ی شوباتی ساڵی ١٩١٦دا پارتی شۆڕشگێڕی ڕووسیی لە ئەمریکا کۆبوونەوەیەکی کرد و ٦٢ نوێنەری نێردراو بەشدارییان تیادا کرد.. تیایدا تاوتوێی ئەو ڕاپۆرتە نهێنییانە کرا کە لە ڕووسیاوە هاتوون و گەیشتوونەتە دەست پارتەکە، ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کاتەکە گونجاوە.. هەروەها کەسانی نێو کۆبوونەوەکە دڵنیا کرانەوە کە لەلایەن کەسانێکی هاوسۆزی پرسی ڕزگارکردنی گەلی ڕووسییەوە گشت یارمەتییەك پێشکێش دەکرێ.. لەمبارەیەوە ناوی یەعقووب شێف چەندان جار

هاتە نێو ناوان.. ئەم یەعقووب شێفەش لەو کاتیدا لەنێو نیویۆرك ئەندامێکی مەزنی دەستگەی کۆمێن- لۆب بوو.. لە کۆی شێست و دوو ئەندامی نێو کۆبوونەوەکەی شوباتی ساڵی ١٩١٦ دا نزیکەی پەنجا ئەندام بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەشدارییان لەشۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ی رووسیادا کردبوو. جارێکی دیکەش لەسەریان پێویست بوو بۆ خەباتی شۆڕشگێڕی دنە بدرێن، بەڵام یەعقووب شێف پیلانی بۆ ئەوە دانابوو بەرهەمی شۆڕشەکە لە لینین زەوت بکات.

کاتێکیش ئەنجوومەنی پارلەمانی ئەم نامەیەی (بارن)یان تاوتوێکرد کەوا ئاراستەی لوید جۆرج کرابوو، هەواڵەکان دەیانگوت لوید جۆرج بەرگریی لە سیاسەتی حکوومەتەکەی کردووە، دەبێ خێر و چاکە نواندن لەنێو وڵاتەوە دەستپێبکات، چونکە هێزە بریتانیەکانمان لە فرەنسا دەجەنگن، بۆ هەر تیپێکیش تەنیا دوو ڕەشاشیان هەیە.. جا پێش ئەوەی چەك و تفاق بۆ ڕووسیا بنێردرێ، پێویستە سەربازەکانی خۆمان پڕچەك بکەین.. دەڵێن لۆرد کچنەر بەمشێوەیە وەڵامی لوید جۆرجی دابووەوە: کاتێك دەبینم لە پڕچەککردنی ڕووسیا شکستمان هێناوە، ئەوا چوار ڕەشاش بۆ هەر تیپێك بە دەستبڵاوی دەزانم و - ئاخر پێشتریش بەڵێنمان بەڕووسیا داوە- هەر ئەم هۆیەش بوو وایکرد هەر شەش سەربازی ڕووسی تاکە یەك تفەنگیان بەرکەوێ.

پیلانگێڕە جیهانییەکان ئەم قسەیەی کچنەریان بە دەرفەت زانی، فەرمانیان بە بەکرێگیراوانیان کرد هەوڵی لەکەدارکردن و ناوزڕاندنی بخەنە گەڕ.. هەواڵەکە لە گشت جیهاندا بڵاوبووەوە و بەکرێگیراوەکان دەیانگوت: کچنەر چوار ڕەشاش بۆ هەر تیپێك بە دەستبڵاوی دەزانێ و دەڵێ سەربازانی بریتانیا لە فرەنسا پێویستیان پێی نییە.. ئەم

ناوزڕاندنە تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت بەردەوامە، لە ژیاننامەی داڤید لوید جۆرجدا باسکراوە کە بەمدووابیانە دەرچووە، هەروەها لەهەمان ژیاننامەی پاکنووسکراودا و لە گۆڤاری هەفتانەی تۆرینتۆ ستاریشدا تیشکی خرابووە سەر.. من ڕاستیی هەنبەر ئەو ڕووداوە گرنگە مێژوویەم بۆ سەرنووسەری گۆڤاری ناوبراو نارد، ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی ئەو ڕاستکردنەوەیەی من داوای لێ دەکەم کارێکی دینامیکیە و چارەسەر ناکرێ، هەروەها گوتی نامەکەی منی گەیاندووەتە دەیلی ستار.. پێویستیش نییە بڵێم ڕاستییەکە هەرگیز بڵاو نەکراوەتەوە.

ئینسکۆلۆپیدیای زانیاریی جولەکە سەبارەت بە زایۆنیزم دەڵێ: جەنگی جیهانی بووە هۆی ئەوەی بە ناچاری مەڵبەندی ڕێکخراوی زایـــۆنیزم لـــە بەرلینـــەوە بگوازرێتـــەوە نیویـــۆرك.. تـــەواوی دەستهەڵاتەکانیش دراوەتە دەست لیژنەی کتوپڕی یەدەگی زایۆنی و ئێل. دی. براندیسی دادوەری ئەمریکی سەرۆکی لیژنەکەیە.

یەعقووب دی هاس لە پەڕتووکەکەیدا بەناوی (لویس دیمبتر براندیس) نووسیویەتی:" بەڵام نووسینگەی زایۆنی بۆ کۆچ، چەندان لقی لێ بووەتەوە و هێندە فراوان بووە گشت ئەو کەرتە جەنگیانەشی گرتووەتەوە کەوا هاوپەیمانان داگیریان کردووە، تورکیا و سووریا و فەڵەستین و ئوردن و بەغداشی گرتووەتەوە.. ڕاستییەکەشی تاکە یەك قرش لەو ملیۆنانەی نووسینگەکە وەری گرتن بە فیڕۆ نەڕۆیشتن، بەڵکو بۆ پێوەندی و سپاردن دەستی بە بەکارهێنانی نووسینگەکانی کاروبـــاری دەرەوەی ویلایەتـــە یـــەکگرتووەکان کـــرد، دواتـــریش نووسینگەکانی کۆچ سەرکەوتنێکی گەورەیان وەدەستهێنا، دەکرا پشتی پێ ببەسترێ.. تەنانەت وەزارەتی دارایی ئەمریکا پشتی پێی

بەست و بۆ گەیاندنی پارەپوول و ئەو نامانە پشتی پێ بەست کە حکومەت نەیتوانی بە سەرکەوتوویی بیانگەیەنێ.. باڵیۆزخانەکانی پایتەختە ئەوروپییەکان بەپێی داواکاریی ئەمینداری نهێنیی دەستەی جێبەجێکاری ڕێکخراوی زایۆنی لە نیویۆرک، پارەی کاشیان دا".

فرای لە لاپەڕە ٥١ی پەرتووکەکەی خۆیدا بەناونیشانی (ئاوەکان دەڕژێنە خۆرهەڵات) نووسیویەتی:

لەو کاتییەوە، کاریگەرییان لە بازنە و پێگە سیاسییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و بەتایبەت لە نووسینگەی کۆچدا زیاتر و زیاتر بەدیارکەوت، چونکە نووسینگەی کۆچ دەیتوانی پارەوپوول و زانیاری بگەیەنێتە لایەنە تێکدەرەکانی نێو خاکی دوژمنەوە.

دوای ئەمە، دەبینین ئەنجوومەنە مەزنەکانی خۆرهەڵات جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە نێو گۆڕەپانەکان، بۆ نموونە ئەرزبرگەر لە لاپەڕە ١٤٥ و ١٤٦ی پەرتووکی (ئەزموونەکانم لە جەنگی جیهانیدا) نووسیویەتی: لە ١٦ی ئاداری ساڵی ١٩١٦دا هاوپەیمانیی ئیسرائیلی ٧٠٠,٠٠٠ فرەنکی دایە ئەنجوومەنی خۆرهەڵاتی مەزن لە پاریس، هەروەها دەشتوانین لەنێو دۆسییەکانی ئەنجوومەنەکە لە ڕۆمادا بیسەلمێنین دوو ملیۆن لیرەی ئیتاڵی لە ١٨ی ئاداری ساڵی ١٩١٦دا دراوەتە ئەنجوومەنەکە.. هێندەش کاڵفام نیم پێم وابێ هاوپەیمانیی ئیسرائیلی بە ئامانجی ناردنی ملیۆن لیرە بۆ یارمەتیدانی جووەکانی ئیتاڵیا، تەنیا سوێندخۆرانی بەکارهێنابێ.

ئەی ئێن فیڵد لە پەرتووکەکەی خۆیدا بەناونیشانی (ئەم هەموو شتانە)دا کاتێك سەبارەت بە ڕووداوەکانی دوای جیاکردنەوەی کوەیت

له عێراق دەدوێ، له لاپەڕە ١٠٤ دا نووسیویەتی: کاریگەریی جوولەکە لەسەر سیاسەتی بریتانیا ڕوون و ئاشکرایە، بەتایبەت دوای بەدیارکەوتنی بەڕێز لوید جۆرج.

هەروەها نێڵ فرای لە لاپەڕە ٥٥ی پەرتووکەکەیدا (ئاوەکان دەڕژێنە خۆرهەلات) نووسیویەتی: یەکەمین کۆبوونەوەی ڕەسمیی لیژنەی سیاسەتی زایۆنی لە ١٧ی شوباتی ساڵی ١٩١٧دا له ماڵی دکتۆر موسا گاستەر بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بە دوورودرێژی گفتوگۆ لەسەر ئەو بەرنامەیەی زایۆنی کرا کەوا وەك بنەمای دانوستانی ڕەسمی بەکاردەهێندرێ و چارەنووسی فەلەستین و ئەرمینیا و ناوچەی نێوان دوو ڕووبار (عێراق) و مەملەکەتی حیجاز دەگرێتەوە.

بەلام جی. ئێم. ئێن. جیفریس لە لاپەڕە ١٣٩ئەو پەرتووکەی وەك بەلگە هێنامانەوە، چەند زانیارییەکی دیکەی دەخاتە سەر: وردەکارییەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بە کۆدی نهێنی گەیەندرانە ڕێکخستنی زایۆنیزمی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکان.. لەمڕۆ بەدواوەش ڕێکخستنی زایۆنی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەست لە داڕشتنی سیاسەتی بریتانی وەردەدات و پرسە نێوخۆییەکانی بریتانیاش ئاراستە دەکات.

جا بۆئەوەی بەشێوەیەکی هەستپێکراو ئاستی دەستهەلات و کۆنترۆڵی پارەدەرانی نێودەولەتی بەسەر پرسەکانی حکوومەتی بریتانی بخەینە بەرچاو، گوتەکەی صمۆئیل لاندمان دەهێنینەوە، ناوبراو دەڵێ: دوای ئەوەی سێر مارك سایکس و وایزمان و سۆکۆلۆف ڕێککەوتن، بڕیار درا نامەیەکی نهێنی بۆ دادوەر براندیسی سەرۆکی لیژنەی له ناکاوی یەدەگی زایۆنی لە نیویۆرك بنێردرێ و تیایدا پێی

ڕابگەیەنـدرێ حکوومـەتی بریتـانی لەبەرانبـەر هاوسـۆزییەکی کـارای جوولەکـە و پشـتگیریکردنیان لـە پرسـی هاوپـەیمانان لـە ویلایەتـە یەککرتووەکانی ئەمریکا، ئامادەیە یارمەتیی جوولەکە بدات بۆ ئـەوەی فەڵەستین وەدەستبێنن، بـەو مەرجـەی شـەپۆڵ و ڕەوتێکـی بـەهێز بهێنێتە ئاراوە پاڵپشتیی بەشداریکردنی ئەمریکا بکات لە جەنگدا.. ئەو نامەیەش بە کۆدی نهێنـی و بـەهۆی نووسینگەی وەزارەتـی دەرەوەی بریتانیاوە ناردرا، هەروەها چـەند نامەیـەکی دیکـەی نهێنـی لـە ڕێگـەی ژەنەڕال ماکدۆنۆوە بـۆ سـەرکردە زایۆنییـەکانی نێـو ڕووسیا نـاردرا.. دکتـۆر وایزمـانیش (یـەکێك لـە دامەزرێنـەرانی دەسـتگەی زایـۆنیزمی سیاسی) توانی لە ڕێگەی حکوومەتەوە لێخۆشبوون لە خزمەتی شەش گەنجی زایۆنی دەستەبەر بکـات، بۆئـەوەی بەشـێوەیەکی کـارا لـەپێناو پرسی زایۆنیدا چالاکی بنوێنن.. چـونکە لـەو کـاتی خزمـەتی سـەربازی زۆرەملێ بوو، تەنیا ئەو کەسانەش چاویان لێ پۆشرا کە کار و چالاکیی گرنگیـی نیشـتمانییان بـەڕێوەدەبرد، نـەدەبوو لەبـەرەکانی پێشـەوەی جەنگدا خزمەتی سەربازی پێشـکێش بکـەن.. مـن بیرمـە کاتێك دکتـۆر وایزمـان نامەیـەکی بـۆ ژەنـەڕال ماکـدۆنۆی (بەڕێوەبـەری گـردە سەربازییەکان) نووسی و تیایدا داوای یارمەتیی دەکرد بۆ ئەوەی لیۆن سیمۆن و هاری ساشر و سمۆن مـارکس و هابـا مسـۆن و تولکۆسـکی و منـیش لـە خزمـەتی سـەربازی ببـوردرێین.. هـەروەك چـۆن دکتـۆر وایزمـانیش داوای کـرد، مـن لـە نووسـینگەی جەنگییـەوە گوازرامـەوە وەزارەتی ڕاگەیاندن و دواتریش لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٦ بۆ نووسینگەی زایۆنی گوازرامەوە.. لەو کاتیەوە و بـۆ مـاوەی چـەندان ساڵ من زایۆنیزمم بە هاوپـەیمانی حکوومـەتی بریتـانی زانیـوە.. هیچ

ئەنگوچەڵەمەیەکییش لە وەدەستهێنانی پاسپۆرت یان هاتووچووی هەر کەسێك دروست نەدەبوو، ئەگەر نووسینگەکەی ئێمە پشتگیریی کردبایە.. بۆ نموونە من ناسنامەیەکم واژۆ کرد خاوەنەکەی عوسمانییەکی جوولەکە بوو، نووسینگەی نیشتمانیی بریتانی پەسندی کرد و وەك هاوڕێیەك ڕەفتاری لەگەڵ هەلگرەکەی کرد نەك وەك دوژمنێك، چونکە وەها باوبوو وەك دوژمنێك ڕەفتار لەگەڵ لووبیی تورك دەکرا.

شرۆڤەکردنی ژیانی دزرائیلی ئەوەی ڕوونکردووەتەوە ناوبراو لە لەندەن چەندان شەوی یەکشەممانی لەلای خانەوادەی ڕۆچیڵد بەسەر بردووە.. هەروەها ئەوەشی خستووەتە بەرچاو لەو کاتەی دەستگەی کۆهن- لۆب لە نیویۆرکدا پارەی بۆ شۆڕشی جوولەکەی نێو ڕووسیا دەنارد، ڕۆچیڵدییە لەندەنییەکان لەو شارەدا بەڕێوەبەری کاری قەیسەر بوون.. هەروەها دەشزانین خانەوادەی ڕۆچیڵد لە لەندەن لەگەڵ پارتی ڕزگاریخوازدا بوون و لەنێوان سالآنی ١٨٤٠- ١٩١٧ ڕۆژنامەوانیی ڕزگاریخوازانی سەر بە بنەماڵەی ڕۆچیڵد بوو ، دژی ڕووسەکان بوو. هەروەها دزرائیلیش ڕایگەیاندووە سەرکردە سیاسی و داراییەکان لە ئەڵمانیا بە کەسانی دژبەر دەزاندران، چونکە ڕێگەیان بە پارەدەرانی نێو دەوڵەتی نەدابوو بە ئارەزووی خۆیان چییان بوێ بیکەن.. نوێنەری بنەماڵەی ڕۆچیڵد لە ئەڵمانیا بارۆن فۆن بلیشریدری بەرلینی و خانەوادەی واربرگ بوون لە هامبۆرگ.. لە ڕووسیاشدا بنەماڵەی ویتشتاین لە ئەوروپا یارمەتیی بنەماڵەی گینزبرگیان دا لە سانت پترسبۆرگ بۆ ئەوەی لەو وڵاتەدا گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی ڕۆچیڵد بدەن. هەروەها پیاوێکی دیکەش هەیە لەپێناو بەرژەوەندیی

پارەدەرە نێودەوڵەتییەکاندا چالاکییەکی بێوێنەی نواندووە و ناوی ئوتۆ کاهن بووە.

ناوبراو لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی تیایاندا ژیاوە توانیویەتی لەپشت ئاڵای نیشتمانیدا زۆرێك لە ڕاستییەکانی هەنبەر ئامانجەکانی خۆی وەك شۆڕشگێڕێکی جیهانی بشارێتەوە، لە هەر وڵاتێکیشدا ژیابێت وەك هاوڵاتییەکی شەیدا و عاشقی وڵاتەکە خۆی نواندووە.. بەڕێز ئۆتۆ کاهن لە ئەڵمانیا ژیاوە، دواتر وەك پۆل واربرگ چووەتە ویلایەتە یەکگرتووەکان. وەك ناوبراویش بووەتە دەستگەی کۆهین- لۆب.. ڕاستەوخۆش دوای گەیشتنی بە ئەمریکا لەلای سپایر و هاوبەشەکانی کاری نووسەریی دەستکەوت، ئەمەیش بۆ ئەوە بوو وا بکات شتەکان بە ئاسایی بێنە بەرچاو.. دواتریش نەوەیەکی بەڕێز ولفی وەك هاوژین خواست، بەڕێز ولفیش یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی دەستگەی کۆهن- لۆب و هاوبەشەکانی.. کاتێکیش خاتوو کاهن لە ساڵی ١٩٣١دا سەردانی مۆسکۆی کرد، لە لایەن حکوومەتی ڕووسییەوە بە ڕەسمی پێشوازی لێکرا و لەسەر شەرەفی ئەودا خوان و داوەتێکی گەورە و چەندان پێشوازیی جۆراوجۆریان بۆ ڕێکخست.. کاتێکیش بە سەر ڕێگە و شەقامەکاندا ڕەتبوو، سوپای سوور بەڕیز وەستابوون و پێشوازییان لێی دەکرد.

لە ٢ی ئەپریلی ساڵی ١٩٣٤دا گوتارێك لە دەیلی هێراڵد بڵاوبووەوە و بەڕێز هانین سوافار نووسیبووی و تیایدا هاتبوو: ماوەی چەندان ساڵە (ئوتۆ کاهن)ی ملیۆنێر دەناسم.. لەو کاتەدا ناسیم کە نیشتمانپەروەرێکی ئەڵمانی بوو، هەروەها لەو کاتەش ناسیم کە بووە نیشتمانپەروەرێکی ئەمریکی.. کاتێکیش ویستی بچێتە نێو

ئەنجوومەنی گشتیی بریتانییەوە زۆر ئاسایی بوو بچێتە نێو پارتی نیشتمانییەوە.. هەروەها دەیتوانی ببێتە سەرۆکی یەکییەتیی گشتیی قسەکەر بە زمانی ئینگلیزی، بەلاّم چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانی بە ڕێکەوت ئاشکرابوون، چونکە بەلگە کەوتە بەردەست و ڕوونبوویەوە مالەکەی لانەی بەکرێگیراوانی سۆڤییەتییە، وەك: نینا سمۆرۆدین و کلێر و شاریدان و لویس بریانت و مارگرێت هارسۆن.

لە هاوینی سالی ١٩١٧دا لە ستۆکهۆلمی سوید نوێنەرانی بەرژەوەندییە بانکییەکانی بریتانیا و ئەلمانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەککرتووەکان کۆبوونەوە.. هەروەها بەڕێز برۆتۆ بۆیۆفی وەزیری نێوەخۆی ڕووسیش تیایدا بەشداربوو، بەڕێز واربرگیش لە هامبۆرگ یەکێك بوو لە ئامادەبووانی نێو کۆبوونەوەکە.. ئەوەی دوایی برای پۆل واربۆرگی هاوبەشی دەستگەی کۆهن- لۆب و هاوبەشانی نیویۆرك بوو و ڕەشنووسی یاسای سیستمی یەدەگی فیدرالیی سالی ١٩١٠ی نووسی.. شاندی گشت ولاّتانی نێو جەنگیش بەشداربوون، بۆ ئەوەی بڕیاری پالپشتیکردنی مادیی بۆ لینین و ترۆتسکی دەربچێت و لە هەمان کاتیشدا حکوومەتی سۆڤیەتیی لەنێو ببەن، لە کۆتاییشدا بڕیار دەردەچێ و دەستگەی کۆهن-لۆب لە نیویۆرکدا ٥٠ ملیۆن دۆلار دەخاتە بەردەستی لینین و ترۆتسکی.

ئەفسەرانی هەوالگریی نهێنیی بریتانی و ئەمریکی سەبارەت بەو ڕاستییانە چەند ڕاپۆرتێکیان بۆ حکوومەتەکانیان نارد.. ئەی ئێن کرۆمیی ئەفسەر لەکاتی بەرپەرچدانەوەی جەماوەری شۆڕشگێڕ کوژرا کە لە سانت پترسبۆرگدا هێرشیان دەکردە سەر کونسلگەریی بریتانی، ڕووداوەکەش بەمجۆرە بوو: ئەفسەری ناوبراو دەیویست شۆڕشگێڕان

لە شوێنی کۆبوونەوەکە دووربخاتەوە، بۆ ئەوەی کەسانی نێو کۆبوونەوەکە بتوانن بەلگەنامەکانی تایبەت بە مەسەلەکە و چەندان کاروباری دیکە بسووتێنن، بەڵام شۆڕشگێڕان کوشتیان.

دواتریش حکوومەتی ئەمریکی چەند راپۆرتێکی بۆ حکوومەتی بریتانی نارد کە لەلایەن ئەفسەرانی هەواڵگریی خۆیەوە بەدەستی گەیشتبوون.. هەروەها بەڕێز ئۆدنندایکی وەزیری زەوییە نزمەکان لە پترۆگراد- کە دوای مردنی کۆماندۆ کرووممی، لە ڕووسیا پیاوی بەرژەوەندییەکانی بریتانی بوو - هۆشداری دایە حکوومەتی بریتانی.. هۆشدارییەکەش وەك بەشێك لە کاغەزێکی سپیی تایبەت بە شۆڕشی بەلشەفی لە نیسانی ساڵی ١٩١٩دا لەلایەن کینگز پرێنتەر بڵاو کرایەوە.

پلانەکەی یەعقووب شێفیش سەبارەت بە ڕێگەدان بە ترۆتسکی و داروودەستە چەتەکەی بۆ گەڕانەوە لە نیویۆرك بەرەو سانت پترسبۆرگ، لەو کاتەدا شکستی هێنا کە کەسانی ڕەسمیی حکوومەتی کەنەدی لە هالفاکسی هەرێمی وفاسکۆشیادا لەسەر رێگەی گەڕانەوەیان بەرەو ڕووسیا، دەستبەسەری کردن.. لێرەدا هەژموون و دەستهەڵاتی پارەدەرانی نێودەوڵەتی، واتا ئەوانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناڕەزاییان پێشکێشی حکوومەتە پێوەندیدارەکان کرد کاراییی خۆی سەلماند، چونکە ترۆتسکی و گشت ئەندامانی چەتە شۆڕشگێڕەکانی ئازادکران، ڕێگەشیان پێ درا بە سەلامەتی لە کەرت و ناوچە باش پارێزراوەکانی بریتانیدا بپەڕنەوە.

بەلگەیەکی دیکەی وابەستەیی و پێوەندیی سیاسییە بریتانییەکان بە شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ی ڕووسیاوە هەیە و دکتۆر پترۆفسکی

وەدەستیهێناون، بەڵگەکە تیشك دەخاتە سەر گەمە و سیناریۆیەکەی سێر بچانانی باڵیۆزی بریتانی.. پترۆفسکی سەلماندوویەتی گەرچی حکوومەتی لوید جۆرج دەیزانی لەپشت پەردەوە چی دەگوزەرێ، بەلام یارمەتیی ترۆتسکی و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی داوە، بگەنە ڕووسیا.. لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتیی باڵای ئەڵمانیا یارمەتیی پارەدەرانی نێودەوڵەتیی داوە بۆئەوەی لینین و دارودەستە چەتەکەی لە سویسراوە بگەیەننە پترۆگراد.. بۆ ئەم مەبەستەش فارگۆنێکی تایبەت بۆ لینین و شوێنکەوتەکانی تەرخان کراوە بۆ ئەوەی لە سەفەرەکەیاندا بەنێو خاکی ئەڵمانیا بیانگەیەننە جێگەی مەبەست.

بەڕێز پترۆفسکی ڕوونی دەکاتەوە میلیۆکۆف- کەوا لە ساڵی ١٩١٧دا وەك وەزیری کاروباری دەرەوە لە حکوومەتی ڕووسیا دامەزراوە- هەر خۆیشی سەبارەت بە کودەتایەکە چووەتە نێو دانوستانەوە، لە دانوستانەکەدا هەردوو دەوڵەتی شەڕکەری دژ بەیەك (ئەڵمانیا و بریتانیا) تیایدا بەشداربوون.

زانراوە وەك پاداشتێك لەهەنبەر ئەو هاوکارییەی ژەنەڕاڵ ستانی ئەڵمانی پێشکێشی کردبوو، حکوومەتی بریتانی لەسەر داوای میلیۆکۆف ڕازی بوو ئێم. ئێم لیتفینۆف ئازاد بکات، ناوبراو وەك سیخوڕێکی ئەڵمانی لەلایەن ئەفسەرانی سەر بە هەواڵگریی بریتانی دەستگیرکرابوو.. بەلام ئاشنابوون بە کەسییەتیی لیتفینۆف زۆر گرنگە، ناوبراو ناوی تەواوی فینکلنستان بووە.. کاتێکیش تەڤلی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانی بووە، ناوی خۆی گۆڕیوە و بووەتە مایرۆوالاش.. کاتێکش پێوەندییەکەی لەگەڵ پارتی بەلشەفی و لینین پتەو بوو، جارێکی دیکە بەناوی ماکسیم لیتفینۆف دەرکەوتەوە..

ماکسیم هەمان بلیتنفینۆفی سیخوڕی ئەڵمانی بوو، هەر هەمان کەسیش بوو لە کاتی بەخشینی کاغەزی دراویی جۆری پێنجسەد ڕۆبلی کە ستالین بەهۆی دزینی بانکی تیفلیسەوە دەستی کەوتبوو، دەستگیرکرا.

هەر ڕاستەوخۆش دوای ئازادبوونی، لیتفینۆف گەڕایەوە ڕووسیا، یارمەتیی حکوومەتی کاتیی کیرننسکی و دواتریش بزووتنەوەی مەنشەفیکی سۆڤییەتیی دا.. دواتریش لە ساڵی ١٩٣٠-١٩٣٩ پۆستی یارمەتیدەری ستالینی بۆ کاروبارە دەرەکییەکانی وەرگرت. لە ساڵی ١٩٣٥یشدا وەك ئەندامی لیژنەی مەرکەزیی پارتی کۆمۆنیستی دانرا.. توانای لیتنفۆف بۆ تیرۆرکردن و وەرگرتنی پارەوپووڵی دزراو و کارکردن وەك سیخوڕ و سەرۆك چەتەیەکی نێو دەوڵەتی و ڕابەری چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانی نێو وڵاتان، بوونە هۆی ئەوەی زۆربەی وڵاتانی جیهان وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێشوازیی لێبکەن و پەسندی بکەن! !.. ئەمەیش ڕاستییەك ڕوون دەکاتەوە کە نوورانییەکان بەشێوەیەکی ڕووکەش هەژموونیان بەسەر کەسانی دەستەلاتداری نێو نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە!

بەمشێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە حکوومەتی ئیئتیلافی بریتانی کە لە دیسێمبەری ساڵی ١٩١٦دا دەستەلاتی لە ئەسکویتی سەرۆکوەزیران وەرگرت، هیچ شتێکی نەکرد تاکو ڕێگە لە پیلانەکانی هەلگیرسانی شۆڕشی ڕووسی بگرێ کە لەلایەن پارەدەرانی نێودەوڵەتییەوە نەخشەی بۆ کێشرابوو، گەرچی دەشیزانی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە دەبێتە هۆی کێشانەوەی سوپای ڕووسی لە بەرەکانی

جەنگدا.. بەلگەش بۆ ئەوەی زایۆنییەکان لە بریتانیا و ئەمریکادا بۆ ڕووخاندنی ئیمپراتۆریای ڕووسی ڕێککەوتوون ئەوەیە لینین لە نۆڤێمبەری ساڵی ١٩١٧دا دەستهەلاتە دکتاتۆرییەکەی خۆی ڕاگەیاند، لە هەمان کاتیشدا لوید جۆرجیش ڕایگەیاند سیاسەتی حکوومەتی بریتانی ئەوەیە پاڵپشتی لە دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی جوولەکە لە فەلەستیندا بکات.. ئەمەیش دەیسەلمێنێ گەرچی ڕووسیا هاوپەیمانی بریتانیا بووە، بەلام کاتێک پارەدەرانی نێودەولەتی ڕووسیایان لە مەیدانی جەنگ هێناوەتە دەرەوە لوید جۆرج هیچ ڕق و کینەیەکی لەهەنبەریاندا لە دڵ نەگرتووە.

سووخۆرەکان گرنگیدانی خۆیان ئاراستەی فەلەستین کرد، بۆ ئەوەی ببێتە مەلبەندێکی گونجاوی جوگرافیی جێبەجێکردنی پیلانە گشتییەکەیان کە بریتییە لە کۆنترۆلکردنی جیهان.. جگە لەمانەیش، دەیانزانی بەناوبانگترین جیۆلۆجییە جیهانییەکان، ئاشکرایان کردووە چەند ناوچەیەکی بەرفراوان هەن سامانێکی زۆری کانزاییان تیادایە و دەکەونە ناوچەی دەوروبەری دەریای مردوو.. لەبەرئەوە ئەو کەسانە بڕیاریان دا زایۆنیزمی سیاسی بگرنەبەر، بۆئەوەی دەولەتانی جیهان ناچار بکەن ددان بە نیشتمانێکی نەتەوەیی جوولەکە دابنێن لە فەلەستین، بەشێوەیەک دەولەتێکی سەربەخۆیان هەبێت و بتوانن بە پارە و هەژموونی خۆیان کۆنترۆلی بکەن.. جا ئەگەر پیلانەکەیان بۆ هەلگیرساندنی جەنگی سێیەمی جیهانی ئامانجە دوورمەودایەکانی پێکا، ئەوساکە لەپێناو فراوانترکردنی سنووری هەژموون و قەلەمڕەوییەکەیان دەولەتە سەربەخۆیەکەیان بەکاردێنن، بۆ ئەوەی

گشت گەلێك بگرێتەوە.. کاتێکیش ئەمە دێتەدی، دەتوانن ڕێبەرەکەیان وەك پاشای گەردوون و خواوەندی سەرزەوی دابنێن.

دوای دەرچوونی بەڵێنی بەلفۆڕیش کە هەریەکە لە بریتانیا و فرەنسا و ولایەتە یەککگرتووەکان پشتگیرییان لیّ کرد، چەند فەرمانێك بۆ لۆرد للنبی دەرچوو تورکەکان لە ئاسیای بچووکدا وەدەربنیّ و خاکی پیرۆزیش داگیر بکات.. هەروەها نیازەکانی پشت ڕادەستکردنی فەڵەستینی بۆ جوولەکە ئاشکرا نەکرد، هەتا عەرەبەکان بەتەواوی یارمەتیی لۆرد للنبیان دا ئامانجەکانی وەدی بهێنیّ!

هەستی گشتی لەو کاتیدا ئەوەبوو فەڵەستین بووە پارێزراو (محمیە)یەکی بریتانی.. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەی فەڵەستین داگیرکرا، سووخۆرانی جیهانی داوایان لە حکوومەتی بریتانی و هاوپەیمانان کرد لیژنەیەکی زایۆنی لە فەڵەستین پێکبهێنیّ و نوێنەرە سیاسییەکانیان تیایدا بکرێنە ئەندام، بەو مەرجەی ئەرکی ئەو نێردەیە پێشکێشکردنی ئامۆژگاری بێت بە ژەنەڕاڵ کلایتۆنی حاکمی سەربازیی فەڵەستین، هەروەها وەك هۆکارێکی پێوەندی لەنێوان جوولەکە و سەرکردایەتی سەربازی کار بکەن.. ئەو لیژنەیە ڕێك لە ڕێکەوتی ٨ی ئاداری ساڵی ١٩١٨دا دەستبەرکاربوو، ئەندامەکانیشی ئەمانە بوون:

– کۆلۆنیل ئۆرمسبای گۆر– کە دواتر بە لۆرد هارلیك دەناسرا– بەڕێوەبەری بانکی میدلایند و بانکی ستانداردی باشووری ئەفریقیا بوو.

– کۆلۆنێل جیمس دی ڕۆچیڵد، کوڕی ئەدمۆن دی ڕۆچیڵد، سەرۆکی لقی فرەنسای خانەوادەی ڕۆچیڵد و دامەزرێنەری ژمارەیەکی زۆری نشینگە جوولەکەکانی فەڵەستین بوو.. دواتریش ناوبراو لە ساڵانی نێوان ١٩٢٩ و ١٩٤٥ بووە ئەندامێکی ئەنجوومەنی گشتیی

بریتانی، پاشان چەرچڵ لە حکوومەتە کرێکارییە ئیئتلافییەکەدا کردییە وەزیری کاروباری پارڵەمانی.

– جێدار (ملازم) ئەدویین صامۆئیل کە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا وەك بەڕێوەبەری چاودێریی حکوومەتی بریتانی دامەزرا.. کاتێکیش ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزرا، کرایە بەڕێوەبەری ئێستگەی ئیسرائیل.

– مستەر ئیسرائیل سیف، بەڕێوەبەری کۆمپانیایە زەبەلاحەکانی مارکس و سپێنسەری بریتانی.. هەروەها پێوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ سووخۆرانی نێودەوڵەتیدا هەبوو.

– لیۆن سیمۆن، دواتر پلەی سوارچاکی وەدەستهێنا، بووە بەڕێوەبەری بەرپرسی نووسینگە گشتییەکانی پۆستە لە بریتانیا.. گشت ئامێرەکانی تەلەفۆن و سەرجەم جۆرەکانی پێوەندیی بێتەلی کۆنترۆڵ کرد.

– ئەندامەکانی دیکەی لیژنەکە بریتی بوون لە: دکتۆر ئیلدەر، جۆزیف کارین و حاییم وایزمان، هەرهەمووشیان هاوڕێی نزیکی زایۆنییە دەوڵەمەندەکانی نێو ئەمریکا بوون. سێر ستۆرز دەڵێ: پێش ئەوەی کۆنگرەی ئاشتی ببەسترێ و تەنانەت پێش کۆتاییهاتنی جەنگ، ئەو لیژنەیە ناردرایە فەڵەستین بۆئەوەی کەش و زەمینەیەکی لەبار بۆ دامەزراندنی نیشتمانی نەتەوەیی بۆ جوولەکەکان برەخسێنی و هاوکاران و یارمەتیدەرانیان بجوولێنن یارمەتیی مادییان بدەن.

بەشی دەیەم

پەیماننامەی فرسای

پەیماننامەی فرسای یەکێك بوو لەو بەڵگەنامە ستەمکار و نادادپەروەرانەی نوێنەرانی وڵاتانی بەناو پێشکەوتوو و مەدەنی واژۆیان کرد.. ئەم ستەمە بووە هۆی ئەوەی گەلی ئەڵمانی جەنگێکی دیکەی جیهانی هەڵگیرسێنن و جەنگەکە ببێتە تەمامەتییەك کەس نەتوانێ خۆی لێ ببوێرێ.

سەرەتا پێویستە درك بە ڕاستیی ئەو هەلومەرجانە بکەین کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨دا چوار دەوری واژۆکردنی ئاگربەستیان تەنیبوو، چونکە سەرکردایەتیی باڵای ئەڵمانی لەبەر مەترسیی شکستهێنانی هێزەکەی داوای ئەو ئاگربەستەی نەکرد، بەپێچەوانەوە هێزەکانی ئەڵمانیا لە گۆڕەپانی جەنگدا دووچاری هیچ جۆرە شکستێك نەببوون.. بەڵام سەرکردایەتیی باڵای ئەڵمانی داوای ئاگربەستەکەی کرد بۆ ئەوەی بتوانێ ڕووبەڕووی هەڵگیرسانی شۆڕشی کۆمۆنیستیی وڵاتەکەی ببێتەوە.. چونکە ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و ڕێکخستنەکەی کە جووەکان کۆنترۆڵیان کردبوو، پیلانیان دەگێڕا هاوشێوەی شۆڕشەکەی لینین لە ڕووسیا، لە ئەڵمانیاش شۆڕش بکەن.

بەڵام ئەو هۆیانەی وای کرد سەرکردایەتیی باڵای ئەڵمانی لە مەترسیی بەرەی ناوخۆیی دڵنیا بێتەوە بەمشێوەیە بوو:

شانە نوسـتووە شۆڕشـگێڕەکانی ڕۆزا لۆکسـمبۆرگ توانیـان دزە بکەنـە نێـو کەشـتیگەلی دەریـایی ئەڵمانییــەوە، لــە ســاڵی ١٩١٨ چالاکییەکەیان تونـدتر بـوو و چـەند پڕوپاگەندەیـەکیان بـڵاو کـردەوە گوایە سەرکردە ئەڵمانییـەکان بڕیاریـان داوە کەشتییە جەنگییـەکان و کەشـتیوانەکانیش لــە جـەنگێکی هاوبەشـی دژ بـە کەشـتیگەلەکانی ئـەمریکا و بریتانیـادا بکەنـە قوربـانی، دەنگۆیـەکی دیکەشـیان بـڵاو کردەوە گوایە ئـەو کردەیـە ئامـانجی پەکخسـتن و ئیفلیجکردنـی هێـزە هاوپەیمانەکانە، بەشێوەیەك ڕێگە بۆ سەروەرانی ئەڵمانییەکانی جـەنگ خۆش بکـات بـەبێ هـیچ بەرهەڵسـتییەك کـەناراوەکانی بریتانیـا داگـیر بکـەن.. ئـەو شـانە کۆمۆنیسـتییانە لـەپێناو سـەرهەڵدانی یـاخیبوون، پاڵپشت و هاندەری چەند پڕوپاگەندە و دنەدانێك بـوون ، بـەردەوامیش دەیانچرپاند هێرشەکە وەکات شکست دێنێت، چونکە زانایـانی بریتـانی توانیویانە چەکێکی نهێنی و نوێی کیمیـایی ئامـادە بکـەن، چـەکەکەش توانا بە هاوپەیمانان دەبەخشێ کەشتییەکانیان بسووتێنن و بـە گـڕی ئاگر چوار دەوریان بتەنن، ئاگر و گەرمی و کەمبوونەوەی ئۆکسجینیش دەبێتــە هــۆی کــوژرانی گشــت بوونـــەوەرێکی زینـــدوو.. دواتـــریش تێکـدەرەکان جــەختیان لەســەر ئــەوە دەکـردەوە تاکـە هۆکـاری دەربازبوون لەو مەترسییە، شۆڕشە لەپێناو کۆتاییهێنان بە جەنگ.. لە ٢ی تشرینی دووەمـی سـاڵی ١٩١٨دا سـەربازانی دەریـاوانیی ئـەڵمانی یاخی بوون.. لە ٧ی تشرینی دووەمیش یەکەیەکی گەورەی ژێرئاوکـەڕ کە بەرەو بەرەی خۆرئاوا دەچوو، ڕایکرد، چـونکە پێیـان گوترابـوو بـۆ داگیرکردنی بریتانیا وەك سەری ڕم بەکاردەهێندرێن.

لــەو کاتیــدا، ئاشــووب و پشــێوی ببــووە هــۆی پەککــەوتنی ژمارەیــەکی زۆری مەڵبەنــدەکانی پیشەســازیی ئــەڵمانی، هــەروەها تێکدەرەکان دەیانویست ورە و مۆراڵی گشتی دابەزێنن، بارودۆخەکە وەها تێکچوو کار گەیشتە ئەوەی قەیسەر لە ٩ی تشرینی دووەمدا واز لە عەرشی دەستهەڵات بێنی.

دوای سازشــەکەی قەیســەر پــارتی دیموکراســیی کۆمەڵایــەتی حکوومــەتێکی کۆمارییــان پێکهێنــا و لــە ١١ی تشرینی دووەمــی ساڵی ١٩١٨دا ئاگربەســتەکەی مــۆرکرد.. بــەڵام پشــێوی و ئاشــووب هــەر بەردەوام بوو، ئەمجارە دژی سۆسیالیستەکان توندوتیژییــەکی زیاتری بەخۆیەوە بینــی، ئانــەوەی ئــەو پشێوییەش بــەهۆی چــەند شانەیەکی کۆمۆنیستیی بوو کە ڕۆزا لۆکسمبۆرگ کارتە گەورە و گرنگەکەی خۆی تیادا بەکارهێنا و مــەرجی لەســەر حکوومــەتی ئــەڵمانیا دانا لەبەرانبــەر کۆتایی هێنان بە ئاشووب و پشێوییەکە سوپا هەڵوەشێنێتەوە.. ئــەم کــارەش لەبــەردەم ســەرکردایەتیی بــاڵای ئــەڵمانیا بــووە لەمپــەر و نــەیانتوانی ســوپایە ڕێکوپێکەکــەیان بــۆ ڕێگــەگرتن لــەو شۆڕشــەدا بەکاربێنن کەوا لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ ڕاگەیەندرا.

دوای شکســتهێنان و ڕووخــانی شۆڕشــە یەهوودییەکــەی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، گــەلی ئــاریی ئــەڵمانی بــەڵێنی دا تۆڵــە لــە گــەلی جوولەکە بکاتەوە، بۆیێ هــەزاران جوولەکــەیان کوشــت، هــەروەها شــەوانە ژن و پیاو و گەورە و بچووك دەستگیر دەکران و دەدرانــە بــەر دەستدرێژی گووللــە.. ڕۆزا و کــارل لیبکنیشــتی یارمەتیدەریشــی دەســتگیرکران و ئەفســەرێکی ئــەڵمانی وەك بلێــی ئــاو بخواتــەوە مێشــکیانی بــە گوللە پرژاند.

جا بۆ ئەوەی ئاستی ڕقوکینەکە بەرزتر بکەنەوە و ئاگری دوژمنایەتیی دژ بە جوولەکە هەڵگیرسێنن، ئەو کەسانە بە ئەنقەست بەرپرسیاریەتیی شکستە سەربازییەکەیان دەخستە ئەستۆی جوولەکەکان، هەروەها پڕوپاگەندەشیان کرد و دەیانگوت جوولەکە بەرپرسی بەندەکانی پەیماننامەی ستەمکارانەی فرسان.. لە لایەکی دیکەوە بە کێشانی وێنەی بریتانیاو فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك دەوڵەتانی خۆپەرستی سەرمایەداریی ژێر کاریگەریی پارەدەرانی جیهانی، پڕوپاگەندەی تایبەت بە ئاراستە و خەتی نیشتمانیی سۆسیالیستی لە ئەڵمانیا دوو هێندە کرایەوە، بەمشێوەیە ڕێگەیان بۆ پەیدابوونی هێتلەر خۆشکرد.

(لینین)یش ڕاستەوخۆ دوای واژۆکردنی پەیماننامەکە ڕایگەیاند ئەرکی یەکەمیان بریتییە لە هێنانەکایەی جیهانێکی کۆمۆنیستی کە کۆنترۆڵی گشت وڵاتانی جیهان دەکات و سنوورەکەی دەکەوێتە نێوان هەردوو هێڵی پانی ٣٥ و ٣٦ی نیوەگۆی باکووری گۆی زەوی.. هەروەها ڕاشیگەیاند لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا هەوڵی شۆڕشگێڕانە دەخاتەگەڕ و گرنگترین وڵاتیش ئیسپانیا و ئیتاڵیا و یۆنان و هەندێك ناوچەی ئاسیای بچووك دەبن، فەڵەستین و هەندێك ناوچەی جۆراوجۆری چین و ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە کە سنوورەکانی کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکان لەخۆ دەگرێ.

ئەم پلانەی لینین لە نێوەندە سەربازییەکاندا بە پلانی گایە باکوورییەکان ناودەبرێ، چونکە ئەو گیاندارە باکوورییانە بە وەستانیان بەشێوەیەکی بازنەیی و ئاراستەکردنی قۆچە تیژەکانیان بەرەو ورچ و گورگە هێرشبەرەکانەوە، توانیویانە ژیانی خۆیان بپارێزن

و لـە ژیانـدا بمێننـەوە.. دواتـر لیـنین هۆیـەکانی وازهێنـان لـە رۆزا لۆکسمبۆرگ دەهێنێتەوە، چوونکە توانیویـەتی هێزە سۆڤییەتییەکان ڕێکبخاتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە سـالآنی ١٩١٩ و ١٩٢١ دژی هێرشـە دوژمنکارییەکانی ولآتانی سەرمایەداری بوەستنەوە. لینین لە کۆنگرەی سێیەمی نێونەتـەوەیی سالّی ١٩١٢ بـۆی ڕوونبوویـەوە ئیسپانیا بۆ دامەزرانـدن و هێنانەکایـەی دەسـتهەلآتێکی کرێکـاری دەبێتـە ولآتـی دووەم، هـەروەها سـەرکۆنەی ڕۆزا لۆکسمبۆرگیشـی کـردووە چـونکە ئاگری ڕق و دوژمنایەتی دژ بەسامییەتی لە ئـەلّمانیا هەلگیرساندووە.. ئەوساکە کۆنگرەکە کارل ڕادیکسی نارد بۆ ئەوەی لە ئەلّمانیا هەلّمەتـە کۆمۆنیسـتییەکە هەلّسـووڕێنێ، چـەند ڕێنماییەکیشـی بـۆ دەرچـوو بۆئەوەی دەست بە ڕێکخسـتن و مەشـقکردن بـە پـارتی نـاوبراو بکـات، بەلآم ئاگادار کرایەوە تا ئەو کاتەی فەرمانی لە کۆمنتێرن (یەکییـەتیی جیهـانی پارتــە کۆمۆنیسـتیەکان)ەوە بـۆ دێـت، هـیچ هـەنگاوێکی شۆڕشگێڕی هەلّنەهێنێت.

پـارەدەرانی نێودەولّـەتی کـۆنگرەی ئاشـتییان کـۆنترۆلّکرد و بـە پەیماننامـەی فرسـای کۆتـایی هـات.. بەلّگـەی ئەمـەیش زۆر ڕوون و ئاشکرایە، چونکە سەرۆکی شاندی ئەمریکی هـەر خـودی واربـۆرگ بـوو کە بەتەواوی لە بەشـی پێشـوودا تیشـکمان خسـتە سـەری، نـاوبراو لـە ئـەمریکا نوێنـەری سـەرەکیی کۆمەلّـە سـووخۆرەکانی جیهـانی بـوو.. هەروەها ماکس واربۆرگی خوشکیشی سەرۆکی شاندی ئەلّمانی بوو.

کۆنــت دی ســانت ئــولایر دەلّــێ: ئەوانــەی لــە دەرەوەی بەلّگەنامەکانـەوە بـەدوای ڕاستییەکاندا دەگـەڕێن، دەزانـن سـەرۆك نیلسۆن لەو کاتەدا وەك سەرۆکی کۆمار هەلّبژێردرا کە بانکە مەزنەکەی

نیویۆرك پارەی پێشكێش كرد، خودی (كۆهن-لۆب) لەژێر فەرمان و ڕێنماییەكانی ئەو بانكە هەڵدەستا و دادەنیشت.

دكتۆر دیلۆنیش ڕوونی دەكاتەوە جووەكان بوون كۆنگرەی ئاشتییان بەو ئاقارەدا برد و فرسای پاریسیشیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی بەرنامەكەیان بە وردی بهێننە دی، هەر وەهاش دەرچوو.

سەبارەت بە ڕەشنووسی ڕاسپێرییەكەی (انتداب) بریتانیاش بۆسەر فەڵەستین، لەلایەن پرۆفیسۆر فیلكس فرانكفۆرتەری جوولەكەی بەناوبانگی ئەمریكییەوە پلانی بۆ داڕێژرا، ناوبراو دواتر و لە سەردەمی دەستەهەڵاتی ڕۆزفلتدا بووە ڕاوێژكاری یەكەمی كۆشكی سپی.. لەمەیشدا هەر یەكە لە سێر هێربرت صامۆئیل و دكتۆر فیویل و مستەر ساشار و مستەر لاندمان و مستەر بن كۆهن و مستەر لۆسیان وۆڵف پارمەتییان دا و كاریگەرییەكی زۆری بەسەر مستەر داڤید لوید جۆرجەوە هەبووە و دەڵێن گشت نهێنییە دەرەكییەكانی بریتانیای زانیوە.

كاتێكیش گفتوگۆیە سەرەتاییەكانی كۆنگرەكە دەستیپێكرد، ڕاوێژكاری تایبەتی بەڕێز كلیمانسۆ -سەرۆكوەزیرانی فرەنسا- مسیۆ ماندیل بوو.. ڕاستییەكەی ئەمەیش تەنیا ناوێكی خوازراوی ئەندامێكی بنەماڵەی ڕۆچێڵد بوو.. هەروەها مستەر هێنری مۆرگنزاویش هەبوو، ناوبراو ئەندامێكی شاندە ئەمریكییەكە بوو و باوكی ئەو پیاوە بوو دواتر بووە سكرتێری دارایی سەرۆك ڕۆزفلت.. هەروەها مستەر ئۆسكارلا ستراوسیش لەو گفتوگۆیانەدا ئامادە بوو، ئەو پیاوە بەوە ناسرابوو زۆر لایەنگری و غەمخۆری پیلانەكەی پارەدەرەكان بوو و لە دامەزراندنی كۆمەڵەی گەلانیشدا ڕۆڵێكی باڵای هەبوو.

هەر سەبارەت بەو پەیماننامەیە، بەڕێز لووسیان وۆڵف لە لاپەڕە ٤٠٨ی لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە مێژووی جوولەکە نووسیویەتی: کۆمەڵەیەکی بچووکی بەرجەستە و ناوداری جوولەکە هەبوون واژۆیان لەسەر پەیماننامەی ئاشتیدا کردبوو، ئەوەی لەجیاتی فەرەنسا واژۆی لەسەر پەیماننامەکە کرد، لویز کلوتز بوو کە دواتر لە مەسەلەیەکی دارایی گلا و لەبەرچاوان نەما. هەروەها لەجیات ئیتاڵیاش بارۆن سۆمینۆ و لەبری هندیش بەڕێز ئەدوین مۆنتاگ واژۆیان کرد.

ئەمەی خوارەوە دەقی وتەی چەند گەورە بیرمەندێکی خۆرئاوایە و ڕاگەیەندراوێکە و پێویستی بە هیچ لێکدانەوەیەك نییە:

هارۆلد نیکلسۆنی مێژوونووس و دیبلۆماسی بەناوبانگی ئینگلیزی لە پەرتووکە قەبارە گەورەکەیدا بەناوی دروستکردنی ئاشتیی ١٩١٩-١٩٤٤ لە لاپەڕە ٢٤٤ دا نووسیویەتی: لووسیان وۆڵف ڕووبەڕوو داوای لێکردووە ڕا و بۆچوونەکانی وەربگرێ کە پێی وایە دەبێ جوولەکەکان بەشێوەیەکی جیهانی بپارێزرێن، لە هەمان کاتیشدا لە گشت دەوڵەتێکدا گشت مافێکی هاووڵاتیبوونیان هەبێت.

هەروەها جۆرج باتووی نووسەری فەرەنسی لە لەلاپەڕە ٣٨ی پەرتووکەکەی خۆیدا بەناوی (گرفتی جوولەکە) نووسیویەتی: بەرپرسیاریەتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو جوولەکانەی چوار دەوری لوید جۆرج و ویلسۆن و کلیمانسۆیان گرتووە.

ئێستەیش بەرەو هەنگاریا دەچین و لە کۆتاییی جەنگی یەکەمی جیهانی دەدوێن و دەبینین بیلاکۆن لە بەهاری ساڵی ١٩١٩دا بەزۆر دەستهەڵاتی گرتووەتە دەست، دواتریش هەوڵی داوە بیروبۆچوونەکانی لووسیان وولف پێڕەو بکات.. بەڵام دەستهەڵاتە دکتاتۆرییەکەی سێ

مانگ زیاتری نەخایاند، دەیان هەزار مەسیحیی کوشت و دەستیان بەسەر موڵك و ماڵیاندا گرت.. ئەو قەسابخانە و مەرگەساتە ڕووبەڕووی کرێکار و سەرباز و بازرگان و خاوەنزەوییەکانیش کرایەوە.. جیاوازیش لەنێوان ژن و پیاو و پیاوی ئایینی و پیاوی ئاسایی نەکرا.. لەمبارەیەوە گۆڤاری نیوئەنتەرناسیونالْ لە ساڵی ١٩١٩ دا لە پەرتووکە ساڵانەییەکەی خۆیدا دا نووسیویەتی: زۆرینەی حکوومەتەکەی بیلاکۆن ئەو جووانە بوون پێگە و پۆستی ئیدارییان وەرگرتبوو.. کۆمۆنیستەکان لەگەڵ ئەو سۆسیالیستانە ڕێککەوتن کە زیاتر بە پارتی کرێکاران و کۆمەڵەی یەکیەتییەکانی کرێکاران دەچوون. لەگەڵ ئەمەیشدا بیلاکۆن یارمەتیدەرەکانی خۆی لە ڕیزی ئەو کەسانەدا هەڵنەبژارد، بەڵکو لەنێو جووەکاندا هەڵی بژاردن، بەمەیش دەستهەڵاتێکی بیرۆکراسییانەی یەهوودی پێکهێنا.

مێژوو بۆمانی دەگێڕێتەوە بیلاکۆن دوای سێ مانگ لە تێکدەری و وێرانکاری و دەستدرێژی و کوشتنی بەکۆمەڵ، لە دەستهەڵات لادرا.. بەڵام لەجیات سزادان، ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئەقڵی کرا.. دواتریش لەلایەن ئەو کۆمەڵە بەهێزەوە ئازادکرا کەوا لەپێناو بەرژەوەندیی ئەودا کاری دەکرد.. دواتر بیلاکۆن گەڕایەوە ڕووسیا، بۆئەوەی ببێتە سەرۆکی ڕێکخراوی تیرۆرستیی چیکیا، ئەو ڕێکخراوەش لەهەنبەر ئۆکرانییەکاندا ترس و تۆقاندنی نواند بۆ ئەوەی ملکەچی دەستهەڵاتەکەی ستالینیان بکات و لە بەرانبەر فەرمانی دەستپێکردنی بەرنامەیەکی بەکۆمەڵی کشتوکاڵیی ناوبراودا نەرمی بنوێنن و لاملی نەکەن. لە ئەنجامی ئەو ترس و تۆقاندنەدا پێنج ملیۆن کرێکار لە برسان مردن، چونکە یاسایە کشتوکاڵییەکەیان جێبەجێ نەکرد،

هـەروەها زیـاتر لـە پێـنج ملیـۆن کرێکـار ناچـارکران لـە سـیبیریا سوغرەکێشی بکەن.. کـاتێکیش سـتالین لـە سـاڵی ۱۹۳٦دا ویستی لـە ئیسپانیا دکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی بهێنێتەدی ، بیلاکۆنی هەڵبژارد بۆ ئەوەی (دەستهەڵاتی ترس و تۆقاندن) لەو وڵاتەدا هەڵسووڕێنێ.

با بگەڕێینـەوە کۆنگرەی فرسـای ، بۆ ئـەوەی چـەند دیمـەنێکی دیکەی هەژموون و دەستهەڵاتی پارەدەرانی نێودەوڵەتی ببینین کـە لـە ڕووداوێکـی بـەنێوبانگی نێـو گفتوگۆیـە سـەرەتاییەکانی کۆنگرەکـە بەجوانی دەبینـدرێ.. بەڕووکـەش ئـەو گفتوگۆیانـە بـەرەو سیاسـەتێك دەچوو بە دڵی پارەدەرەکان نەبوو، چوونکە لەلایەن یەعقووب شیفەوە و لە نیویۆرکەوە برووسکەیەکی دوو هەزار وشەیی بـۆ سـەرۆك ویلسـۆن نـاردرا کـە ئـەو کـات لـەنێو کۆنگرەکـەی پاریسـدا بـوو، نێـوەڕۆکی برووسکەکە چەند ڕێنماییەك بوون و بۆ سـەرۆك نووسـرابوون و تایبـەت بوون بە ڕەفتارەکانی هەنبەر پرسی فەڵەستین و چارەنووسی ڕاسپێری (أنتداب) و قەرەبووکردنەوەی ئەڵمانی و پرسی سلیسیا و ناوچەی سار و (داڵان و تەنگەبەرەی) دانزینگ.. برووسکەکە ڕێکـەوتی ۲۸ی ئایاری سـاڵی ۱۹۱۹ی لەسـەر بـوو و شـێف بـەناوی یەکییـەتیی نەتـەوە ئازادکراوەکانەوە ناردبووی.

سەرۆك ویلسۆن دوای وەرگرتنـی برووسـکەکە کتـوپڕ هەڵویستی خۆی گۆڕی و دانوستانەکان بە ئاقـارێکی دیکـەدا چـوون.. لەمباریـەوە کۆنت دی سانت ئولایر گوتوویـەتی: ئـەو دەقانـەی لـەنێو پەیماننامـەی فرسـای بـوون و تایبـەت بـوون بـە پێـنج پرسـی سـەرەکی، لەلایـەن یەعقووب شێف و هاوکار و هاوئاوازەکانی دانران.

دوای ئەوەی دەوڵەتانی هاوپەیمان دنە دران بۆ ئەوەی فەلەستین بکرێتە پارێزراوێکی بریتانی، پارەدەرانی جیهانی بە بەکرێگیراوەکانیان ڕاگەیاند بەندەکانی پەیماننامەکە زۆر توند و تیژ دەبێت، بەشێوەیەك گەلی ئەڵمانی ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگەی بگرێ، ئەمەیش بەشێك بوو لەو پلانەی ئامانجی زیاترکردنی ڕقوکینەی ئەڵمانەکان بوو دژ بە گەلی ئینگلیز و فەرەنسی و ئەمریکی و جوولەکەکان، بۆئەوەی سەرلەنوێ بۆ جەنگی وەرگرتنەوەی مافەکانیان ئامادەبن.

هەر ڕاستەوخۆش دوای واژۆکردنی پەیماننامەی فرسای، جەنگە ساختەکەی سەرمایەداری دژ بە بەلشەفیکەکان هەلگیرسا.. ئەو جەنگە ڕێگەی بۆ لینین هەموارکرد دەستبەرداری یارمەتیدانی شۆڕی کۆمۆنیستیی ئەڵمانیا بێت و بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی لە ڕووسیا وەدەستی هێنابوون، داوای خۆڕاگری و یەککرتوویی بکات.. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو جەنگە هەرگیز مەترسی بۆ سەر دکتاتورییەتەکەی لینین دروست نەدەکرد. کاتێکیش لە ساڵی ١٩٢١دا کۆتایی هات، دەرئەنجامەکەی ناوبانگێکی گەورە و فراوانی بەلشەفیکەکان بوو، لە بەرانبەریشدا دەوڵەتی سەرمایەداری زیانێکی گەورەی بەرکەوت.. ئەم دەرئەنجامە ڕێگەی بۆ بەکرێگیراوانی پارەدەرە نێودەوڵەتییەکان خۆشکرد لەژێر پەردەی ئاشتییەکی بەردەوامی جیهانیدا دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکان وەك ئەندام بخەنە نێو کۆمەڵەی گەلانەوە.

بریتانیا یەکەمین دەوڵەت بوو حەز و ویستی پارەدەرە نێودەوڵەتییەکانی وەدەیهێنا و ددانی بە دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکان دانا.. دواتریش فەرەنسا لە ساڵی ١٩٢٤ و پاشانیش ویلایەتە

یەکگرتووەکان ددانیان پێدانا، ڕۆزفلت لە ساڵی ١٩٢٣دا ددانی بە دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکان دانا. بەمشێوەیە کۆمەڵەی گەلانیش ددانی بە دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکاندا نا.. لەو ڕۆژییەوە کۆمەڵەی گەلان بووە گەمەی دەستی ستالین، بەکرێگیراوانیشی توانییان سیاسەتەکانی دابڕێژنەوە و کۆنترۆڵی چالاکییەکانی بکەن.. هەرکە دەوڵەتانی کۆمۆنیستیش چوونە نێو کۆمەڵەی گەلانەوە، ئەندامانی ئەنجوومەنی مەزنی ماسۆنی ڕۆڵیان تیادا وەرگرت.

لێرەدا ئاماژە بە (یکهام ستیدە)ی نووسەری ڕۆژنامەی تایمزی ئینگلیزی دەکەین، ناوبراو لە گشت کەسێکی دیکە زیاتر ئاگاداری کاروبارە جیهانییەکان بوو و لە چەندان بۆنەدا تیشکی خستووەتە سەر ئەو ڕاستییەی پیاوانی بواری بانکی و پارەدەرانی نێودەوڵەتی دەست لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان وەردەدەن.. هەروەها لە دوای واژۆکردنی پەیماننامەی فرسای ئەم دەستەواژە دیاریکراوەی نووسیوە: من سوورم لەسەر ئەوەی بزوێنەرانی یەکەم یەعقووب شێف و واربۆرگ و چەندان خاوەن بانکی دیکەی نێودەوڵەتی بوون، ئەمانە زۆر حەزیان لێبوو یارمەتیی بەلشەفیکە جووەکان وەدەستبێنن، بۆ ئەوەی بواری کاری جووە ئەڵمانییەکان لە ڕووسیا دەستەبەر بکەن.

هەروەها ئەو نووسینەی لیۆماکس بە نموونە دەهێنینەوە کە لە ژمارەی ئابی ساڵی ١٩١٩ ی ڕۆژنامەی ناشیونالْ ڕیفیۆدا بڵاوی کردبووە و تیایدا نووسیبووی: ئەو دەستەلاتەی حوکمڕانیی داونینگ ستریت (واتا بریتانیا) دەکات هەر جۆرێك بێت، پارێزکار بێت یان توندڕۆ، پاڵپشتیی لە ئینتلافەکە بکات یان پشتگیری بەلشەفیکەکان بێت، ئەوا لە گشت هەلومەرجێکدا دەکەوێتە دەست جوولەکە

جیهانییەکانەوە.. لێرەوە نهێنیی ئەو دەستە شاراوانە ڕوون دەبێتەوە کە هیچ لێکدانەوەیەکی هۆشیارانە لەهەنبەریاندا وەدەرنەکەوتن.

کاتێک وینستۆن چەرچڵ لە مارسی ساڵی ١٩٢١دا سەردانی فەلەستینی کرد، داوای بینینی شاندی سەرکردە مۆسڵمانەکانی کرد.. کاتێکیش چاوی پێیان کەوت، ترسی خۆیان لە ئامانجەکەی زایۆنیزمی سیاسی پیشان دا کە بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی فەلەستین و زەوتکردنی زەوییەکانی لە بەرژەوەندیی جووەکان، بۆیان ڕوون کردەوە عەرەبەکان ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ لەسەری دەژین ((ئەمە ڕێك بەوە دەچێت بگوترێ مسرییەکان ماوەی هەزار ساڵە لە میسردا دەژین، ئەمە خاکی فەلەستینییەکانە لەدێرزەمانەوە لەسەریدا دەژین و وەك هەر ولاتێکی دیکەی ئێمە، بە هاتنی عەرەب چوونەتە نێو ئیسلام و بە زمانی عەرەبی ئاخاوتوون)) و داوایان لێی کرد هەژموون و دەستهەلاتی خۆی بۆ نەهێشتنی ئەو ستەمە بخاتە گەڕ.. دەگێڕنەوە چەرچڵ پێی گوتوون:" ئێوە داوا دەکەن دەستبەرداری پەیماننامەی بەلفۆر بم و کۆچی یەهوودییەکان ڕابگرم.. ئەمەیش لە هێز و دەستهەلاتی مندا نییە، هەر پێشم خۆش نییە.. ئێمە پێمان وایە لەپێناو بەرژەوەندیی جیهان و جوولەکە و ئیمپراتۆریای بریتانی و خودی عەرەبەکانیشدا، نیازی بەجێهێنانی ئەو بەڵێنەمان هەیە".

کاتێك چەرچڵ بەمشێوەیە وەلامی داونەتەوە، بێگومان بیری لە هەڕەشەکەی حاییم وازیمان کردووەتەوە کە لە ساڵی ١٩٢٠دا بەشێوەیەکی ڕەسمی بلاوی کردووەتەوە و تیایدا گوتوویەتی: پێتان خۆش بێت یان نا، ئێمە لێرە لە فەلەستین سەقامگیر و نیشتەجێ دەبین.. تاکە شتێك لە دەستتان بێت خێراکردن یان هێواشکردنەوەی

کۆچەکەمانە، بەڵام هەر چۆنێك بێت بۆ خۆتان باشترە یارمەتیمان بدەن و نەبنە هۆی ئەوەی توانا بنیادنەرەکانمان ببنە توانای وێرانکاری و جیهان تێکوپێك بدەین.

دەبێ لەو هەڕەشەیەی وایزمان بفکرین و لە هەمان کاتیشدا درك بەو ڕاگەیەندراوە بکەین کە لەلایەن یەکێك لە پارەدەرانی نێودەوڵەتییەوە لە کۆبوونەوەیەکی زایۆنییەکاندا دەرچوو کەوا لە ساڵی ۱۹۱۹دا لە بۆدابێست بەڕێوەچووبوو..کۆنت ئولایر قسەکانی ناوبراو هێنایەوە کاتێك سەبارەت بە ئەگەرەکانی دروستبوونی حکومەتێکی جیهانی دەئاخاوت و دەیگوت: لەپێناو وەدیهێنانی جیهانێکی نوێ (کە ئەو کەسانە چاوەڕێی وەدیهاتنی دەکەن)، ڕێکخراوەکەمان بەڵگەی کارایی و چالاکییەکەی لە هەردوو کردەی شۆڕش و بنیادناندا پێشکێش کردووە و بریتییە لە دروستکردنی کۆمەڵەی گەلان کە ڕاستییەکەی کار و چالاکییەکی ئێمە بوو.. بزووتنەوەی بەلشەفیکی پاڵنەری یەکەمی پێکدەهێنێت، کۆمەڵەی گەلانیش چەرخی ئەو ئامێرەیە کە لە یەك کاتدا هێزی بزوێنەر و ئاراستەکاریشی هەیە.. باشە ئەدی لە کۆتاییدا چی ڕوو دەدات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێشوەخت لە ئەرك و کردەکەی ئێمەدا دەستنیشان کراوە.. ئەویش دامەزراندنی یەك حکومەتی جیهانییە.

دوای هەشت ساڵ لە تەواوکردنی ئەم بەشەدا شتێکی گرنگم وەگیرکەوت، ئەویش لە ڕێگەی هەواڵگریی نهێنیی کەنەدییەوە بوو، ئەم هەواڵگرییە ڕاپۆرتی کۆنگرەیەکی نائاسایی لیژنەی لەناکاوی حاخامەکانی ئەورووپای گواستووەتەوە کەوا لە ١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٢ لە بۆدابێست بەڕێوەچووە.

راپۆرتەکە بریتییە لە دەقی گوتاری نێو کۆنگرەکە و لەلایەن حاخام ئیمانوێل رابینۆڤیچەوە خوێندراوەتەوە:

سڵاوتان لێبێ ئەی رۆڵەکانم، بانگی ئەم کۆبوونەوەیە تایبەتەم کردوون، بۆ ئەوەی بە هێڵە سەرەکییەکانی رێبازە نوێیەکەمان ئاشناتان بکەم، ئەویش رێباز و بەرنامەیەکی تایبەتە بە جەنگی داهاتوو. وەك دەزانن، پلانە بنەڕەتییەکەمان پێویستی بەوە بوو ماوەی بیست ساڵ دوای بخەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەو ماوەیەدا ئەو دەستکەوتانە پتەو بکەین کە بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانییەوە وەدەستمان هێناون، بەڵام چەند رێکار و رێنماییەکی نوێ دەرچوون و بۆ ئێمە ناردراون و داوا دەکەن پێنج ساڵی ئەم مۆڵەتە بیست ساڵییە کەم بکرێتەوە..

دەبێ پێتان رابگەیەنم ئەو ئامانجەی ماوەی سێ هەزار ساڵە و تا ئێستە کاری لەسەر دەکەین، ئێستە کەوتووەتە دەستمان، بۆیێ لەسەرمان پێویستە لە کۆتاییدا بەروبوومەکەی بڕنینەوە و هەوڵەکانمان چڕتر بکەینەوە و ئەوپەڕی بلیمەتی و شارەزایی بۆ کۆ بکەینەوە. ئێستە دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە چەند ساڵێکی کەمی ماوە گەلەکەمان پێگەی یەکەمینی خۆی لە جیهاندا وەرگرێتەوە، ئەمەیش مافێکی سرووشتی خۆیەتی و ماوەی چەندان ئەوەی دووروودرێژە لێی زەوت کراوە، بەمەیش کاروبار و پرسەکان دەچنە سەر رەوتی سرووشتیی خۆیان و جوولەکە دووبارە دەبێتەوە سەرۆك و سەروەر. (چەپڵە رێزانێکی بە گوڕ).

ئێستە سەبارەت بە رێنماییەکانی تایبەت بە جەنگی داهاتوو بیرۆکەیەکتان پێدەبەخشم: ئێوە ئەو بەرنامە و رێبازە سەرکەوتووەتان

لەبیرە کە سالّی ١٩٣٠ پێڕەومان کرد و بە تەواوی سەرکەوتنی وەدەستهێنا، هەڵمەتی سەرانسەریی پڕوپاگەندە توانی ڕقوکینە لە ئەڵمانیا دژ بە خۆرئاوا و دژی سامییەکان بورووژێنێ، دواتریش وروژاندنی ڕقوکینە لە خۆرئاوا دژ بە گەلی ئەڵمانی بەهۆی دوژمنایەتیی ئەڵمانی لە هەنبەر سامییەکانەوە سەرکەوتنی وەدەستهێنا.

ئەمە هێڵی سەرەکیی بەرنامە و ڕێبازی هەنووکەییمانە و ئێستە جێبەجێی دەکەین، ئێمە لە خۆرهەڵاتدا هەڵمەتێك دژ بە خۆرئاوا و لە خۆرئاواش دژ بە خۆرهەڵات بەڕێوە دەبەین، دژایەتیی ئەو گەل و نەتەوانەش دەکەین کە بەبێلایەنی دەوەستن و ناچاریان دەکەین خۆیان بەلای بلۆك و سەربازگەیەکدا بدەن، ڕێگەش نادەین هیچ کەسێك ڕووبەڕوومان بوەستێتەوە بەتایبەت ئەگەر ویستی ئاستی توندیی ئەم ململانێیە دابەزێنێتە خوارەوە و هێوری بکاتەوە.

بێگومان دوا ئامانجیشمان لەم پلانەدا جەنگی سێیەمی جیهانییە کە شوێنەوار و وێرانکارییەکانی لە گشت جەنگەکانی پێشوو زۆرترە، هەوڵیش دەخەینە گەڕ ئیسرائیل لەم جەنگەدا بێلایەن بمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە شوێنەوار و کاریگەرییەکانی بە دوور بێت، هەروەها بۆ ئەوەی ببێتە بارەگەیەکی لیژنەکانی نێوبژیوانی و ڕاوێژکاری و چاودێری و ... هتد کە ئەوکات ئەرکی سەرپەرشتیکردنی پرسی گەلانی دەخرێتە سەرشان، ئەم جەنگە لە ململانێی مێژوویی دژ بە جوییم دوا جەنگەمان دەبێت، ئەوسا شوناسی ڕاستینی خۆمان ئاشکرا دەکەین و ڕووی شاراوەی خۆمان بۆ جیهان وەدەردەخەین.

لە دوای جەنگی سێیەمی جیهانی هیچ ئایینێك نامێنێ، هەروەها پیاوانی ئایینیش لە گۆڕێدا نامێنن، چونکە بوونی ئایینەکان و پیاوانی

ئایینی بۆسەر ئێمە مەترسین و دەتوانن سەروەربوونی داهاتوومان بەسەر جیهاندا لەنێو ببەن، چونکە ئەو هێزە ڕووحییەی ئایین لە دەروونی باوەڕداراندا زیندووی دەکاتەوە، دواتر بوێریی ئەوەشیان لە دەرووندا دەژیێنێتەوە دژمان بوەستنەوە، ئێمە ڕێوڕەسم و نەریتە ڕووکەشەکانی ئایینی جوولەکە دەپارێزین، ئەمەیش تەنیا بۆ یەك مەبەست، ئەویش پاراستنی ئەو بەستەرەی تاکەکانی گەلەکەمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لێناگەڕێین هیچ بیانییەك بەهۆی ژن و ژنخوازی و هتد بێتە نێو ئایینەکەمانەوە.

لەوانەشە لەپێناو دوا ئامانجماندا هەمان کردەی بە ئازار دووبارە بکەینەوە کە لە ڕۆژگاری هێتلەردا کردمان، واتا ئێمە خۆمان دژ بە چەند کۆمەڵە و تاکەکانی گەلەکەمان چەند ڕووداوێکی چەوساندنەوە ڕێکدەخەین، بە واتایەکی دیکە چەند ڕۆڵەیەکی گەلەکەمان لە چەند ڕووداوێکدا دەکەینە قوربانی، خودی ئەو ڕووداوانەش خۆمان دەیانوروژێنین و لە پشت پەردەوە ئاراستەیان دەکەین، بۆ ئەوەی لەلایەك بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پاڵپشتیی گەلانی ئەورووپا و ئەمریکا و تەواوی جیهان پاساوی پێویستمان بکەوێتە دەست، لەلایەکی دیکەشەوە هەروەها بۆ پاساوهێنانەوەیە لەهەنبەر ئەو دادگەییانەی دوای جەنگ بەڕێوەیان دەبەین،دادگەییەکەش بۆ لە سێدارەدانی ئەو سەرکردە و ڕێبەرە سەربازییانەیە کە دژ بەیەك دەجەنگن، هەروەك چۆن لە دادگەییەکانی نۆرمبرگ کردمان.

لەوانەیە قوربانیدان بە چەند هەزار کەسێك لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان زۆر گەورە و تراژیدی بێت، بەتایبەت کاتێك ئێمە خۆمان کار بۆ لەنێوبردنیان بکەین بۆ ئەوەی تۆمەتەکە بخەینە پاڵ خەڵکی

دیکەوە، لەوانەیە قوربانییەکە زۆر گەورە بێت، بەڵام نابێ لەپێناو دوا ئامانجەکەمان: (سەرکردایەتیکردن و سەروەربوون بەسەر جیهاندا) سڵ لە هیچ قوربانییەکی گەورە و بچووك بکەینەوە.

جا بۆ ئەوەی دڵنیاببنەوە لەوەی دەتوانین جیهان کۆنترۆڵ بکەین، کەمێك بنوارنە داهێنانەکانی پیاوی سپی، چۆن بەدژی ئەو کردوومانەتە چەکێکی کوشندە.. ڕادیۆ و چاپخانە و ئێمە بووینەتە گوزارشتکار و دەربڕی حەزەکانی خۆمان، هەروەها کارخانەی پیشەسازییە قورسەکانیش چەك بۆ ئاسیا و ئەفریقیا دەنێرن بۆ ئەوەی گەلانی ئەو ناوچانە دژ بە پیاوی سپیی دروستکەری ئەو چەکانە بوەستنەوە... بشزانن ئێمە بەرنامەی خاڵی چوارەممان لە واشنتۆندا پێشخستووە، بۆ ئەوەی پێشخستنی پیشەسازییانەی ناوچە جۆراوجۆرەکان جیهانیش بگرێتەوە، بەشێوەیەك پیاوی سپی بکەوێتە بەر ڕەحمەتی کۆمەڵە زۆر و زەوەندەکانی گەلە ڕەشپێستەکان، کە دوای ئەوەی جەنگی ناوەکی کشتوکاڵ و پیشەسازییەکەی وێران دەکات لە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە بەسەریدا زاڵ دەبێت.

بەم ڕوانینە سەرکەوتنی کۆتایی لەبەر چاوتاندا دەدرەوشێتەوە، بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆتان و بە مکوڕی و لێبڕاوانە کار بکەن، تا لە کۆتاییدا ئەو ڕۆژە دادێ ئیسرائیل ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی ئاشکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە ببێتە ڕۆشنابییەك جیهان ڕووناك بکاتەوە، ((نوورانی واتا هەڵگری ڕۆشنایی)).

ئەم گوتارە بۆچوون و زانیارییەکانی پێشووم پشتڕاست دەکەنەوە، واتا هێزە نهێنییانەی دوژمنایەتیی هەنبەر سامییەکان و لە هەمان کاتیشدا ڕقوکینە و دوژمنایەتیی هەنبەر کۆمۆنیزمیان ورووژاند،

بەشێوەیەك خزمەتی ئامانجەکانیان بکات.. هەروەها ئەو گوتارەی سەرەوە دەیسەلمێنێ نوورانییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە شاراوەکانیان کۆمۆنیزم و نازیزم و فاشیزمیان بەکارهێناوە.. هەروەها دیموکراسییەتی مەسیحیش دژ بە کۆمۆنیزم بەکاردێنن بۆ ئەوەی بگەنە قۆناغی دواتری پیلانە دوورمەودایەکەیان، ئەویش جەنگی سێیەمی جیهانییە.

پارەدەرانی نێودەوڵەتی بە خۆشاردنەوەیان لەپشت بەندەکانی پەیماننامەی فرسای توانیویانە بەسەر دووبارە بنیادنانەوەی سوپای ئەڵمانی و چاککردنەوەی ئابووری دەوڵەتاندا زاڵبن.. دواتریش لەگەڵ سەرکردایەتیی باڵای ئەڵمانیدا رێککەوتن، لەو رێککەوتنەدا جەخت لەوە کراوەتەوە رووسەکان بەنهێنی گشت چەك و تفاقێکی شەڕ بدەنە ژەنەراڵەکانی ئەڵمانی بۆ ئەوەی سوپایەکی نوێ و هاوچەرخی چەندان ملیۆنی دروست بکەنەوە.. هەروەها لەسەر ئەوەش رێککەوتوون دکتاتۆری سۆڤییەتی گشت ئاسانکارییەکیان بخاتە بەردەست، بۆ ئەوەی مەشق بە گشت ئەفسەرانی ئەڵمانی بکرێ.

بەمشێوەیە دوای ئەوەی پارەدەرانی نێودەوڵەتی پارەیان بۆ ئەو پرۆژە گەورە و زەبەلاحە تەرخانکرد، بەندەکانی رێککەوتنامەکە کەوتنە واری جێبەجێکردنەوە... ئەوجا توانییان لە وڵاتە کۆمۆنیستەکان و فاشستییەکانیشدا هێزێکی زەبەلاحی سەربازی و ئابووری بنیاد بنێن.. هەروەها توانییان هەلومەرج بۆ سەرکردایەتیی ئەڵمانی برەخسێنن بۆ ئەوەی بەندەکانی پەیماننامەی فرسای بخاتە ژێر پێی، بەتایبەت ئەو کۆتوبەندە سەربازییانەی بەسەریاندا سەپێندرابوو.

جا لە ڕێگەی کارخانەکانی چەك و فیشەك و تەقەمەنیی کۆمۆنیستیی پشت چیایەکانی ئۆراڵەوە، چەك و تفاق و گشت پێداویستییەکانی دامودەستگە ئەڵمانییەکان فەراهەم کران.. ئەم نەخشە و پیلانگێڕییەش تەنیا نیشاندەری نیازێکی شاراوەی ئەو پارەدەرە نێودەوڵەتییانە بوو بۆ ئەوەی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسێنن.. هەروەها ئەو وڵاتانەی بە هاوپەیمانیش ناو دەبران لە ڕووداوەکانی پشت پەردە بەدوور نەبوون، بەڵکو وردودرشتی مەسەلەکانیان دەزانی.. من خۆم لە کاتی ئامادەبوونم لە کۆنگرەی چەکداماڵینی دەریاییدا کە لە ساڵی ۱۹۳۰ لە لەندەن بەسترا، هەستم بەو ڕاستییە کرد، ئەمەیش بەڵگەیەکی دیکەی ڕاستگۆییی دیزرائیلییە کاتێك گوتی: حکوومەتە هەڵبژێردراوەکان حوکم ناکەن.

ڕاستییەکەی ئەو قۆناغە مێژووییە زۆر ئاڵۆزە و بۆ هاووڵاتیانی ئاسایی ئاسان نییە تێی بگەن.

چونکە کۆمۆنیزم و نازیزم چەندان سیفەتی هاوبەشیان لەنێواندا هەیە: هەردووکیان بنەمایەکی ئەیتەیستییان هەیە و نکوڵی لە بوونی خودا دەکەن.. هەردووکیشیان پاڵپشتی لە هەڵگیرسانی جەنگ ڕقوکینە و هێز دەکەن.. بنەما و ڕێبازەکانیان دژ بە بنەمایەکانی مەسیحییە کە بریتین لە ئاشتی و خۆشەویستی و پەروەردە.. لەبەر ئەوە سەرکردە باڵایەکانی هەردوو لا ڕۆدەچنە نێو ئەیتەیستی و مادەیەکی دەستی بەکرێگیراوانی ئەهریمەن.. هەردوو بیروڕاش بە شێوەیەك لە شێوەکانی ئەنجوومەنی ماسۆنی لە خۆرهەڵاتی مەزن بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی خەڵك لە ئایینەکانی خۆیان دووربخەنەوە.

لێکۆڵینەوەیەکی شیکردنەوەیی لە ساڵانی ١٩١٤ و ١٩٤٣دا بۆی ڕوونکردینەوە کۆمەڵەی سووخۆرە جیهانیەکان گشت هەوڵ و کۆششەکانی خۆیان لەو قۆناغەدا لەسەر وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە چڕکردووەتەوە:

-خۆشکردنی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی، ئەمەیش ڕێگە بۆ دروستکردنی کەشێکی گونجاوی کاری شۆڕشگێڕی خۆش دەکات و ڕێگەیان بۆ هەموار دەکات بەتەواوی دەست بەسەر ئیمپراتۆریای ڕووسیادا بگرن.

- گۆڕینی سەرۆکە دەستەڵاتدارەکانی ئەوروپا، پێش ئەوەی هەر کۆمەڵەیەکیان هەژموون و دەستەڵاتی خۆیان بسەپێنن و حوکمێکی ڕەها بگرنە دەست.

- ناچارکردنی هەردوو حکوومەتی بریتانیا و فڕەنسا بۆ ڕازیبوون لەسەر دروستکردنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جوولەکە لە فەڵەستیندا.

حکوومەتی بریتانی ناچارکرا یارمەتیی پارەدەرانی نێودەوڵەتی بدات بۆ ئەوەی لە جێبەجێکردنی پیلانی سەرخستنی شۆڕشی بەلشەفێکی هاوکاریان بێت، لە بەرانبەرشدا بریتانیا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەجەنگدا یارمەتیی بدرێ.. دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییەی کەشتیی لویزیانا لەپێناو پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتی ئەمریکی لەهەنبەر جەنگدا بە ئەنقەست نقوم کرا، ڕێك وەك ڕووداوی بیرڵ هاربۆر بووە پاساوی ئەمریکا بۆ چوونە نێو جەنگی دووەمی جیهانی.. ((ئەو بەڵگەنامانەی بریتانیا لە ساڵی نەوەدەکاندا ئاشکرای کردن، دەریانخست خودی بریتانییەکان دنەی یابانییەکانیان دا هێرش

بکەنــە ســەر ئــەمریکا، مەســەلەی دنەدانەکــەش بەمشــێوەیە بــوو: کەشتییەکی جەنگیی بریتانی کە ئاڵای ئەمریکای لەسەر بوو، کۆدێکی ئەمریکی بەکارهێنا، بریتانییەکانیش دەزانن یابانییەکان توانیویانە ئەو کۆدە شی بکەنەوە کە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەیەکی ساختە و درۆزنانــە بــەکارهاتبوو، لــە نامــە ســاختەکاندا جــەخت لەســەر ئــەوە کرابوویــەوە ئــەمریکا بڕیاری یــەکجاری خــۆی داوە هێرش بکاتــە سەر یابان، لەبەرئەوە یابانییەکان ویستیان پێشوەخت دەست بوەشێنن.. هــەروەها دەشــڵێن ســەرۆکی ئــەمریکا پێشــوەخت ئاگــای لــە نیــازی یابانییــەکان هــەبووە بــۆ هێرشــکردنە ســەر بــێرل هــاربۆر، بــەڵام مەســەلەکەی پشــتگوێ خســتووە چــونکە حــەزی لێبــووە پاســاوێکی دەستکەوێ تا بچێتە نێو جەنگەوە!)).

لــە دەقــە ئەســڵییەکەی تایبــەت بــە ئینتیــدابی بریتــانی بــۆ ســەر فەڵەستین هاتووە:

((فەڵەســتین بکرێتــە نیشــتمانێکی نەتــەوەیی یەهوودییــەکان.. بــەڵام ئــەم دەســتەواژەیە لــە دوا ســاتدا گــۆڕدراوە و کراوەتــە: بــۆ دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جوولەکــەکان لــە فەڵەستیندا.. ئەمەیش لەپێناو شاردنەوەی بەرتەمایی نهێنیی زایۆنیزم بووە.

هەروەك چۆن زایۆنییــەکان بەرتــەمایی داگیرکردنــی فەڵەستینیان شــاردووەتەوە، ڕاســتیی ئــەو ســامانە کانزاییــە زۆرزەوەندانەشــیان خستووەتە پشتی پەردەوە کە دەکەونە کــەنارەکانی دەریــای مردوو، هەتا فڕەنسا و بریتانیا و ویلایەتــە یــەکگرتووەکان ڕاسپێرییەکەیان (الانتداب) ڕانەگەیاند، زایۆنییەکان هەرگیز ئــەو مەسەلەیەشیان ئاشکرا نەکرد.

بەمشێوەیە سووخۆرە نێودەوڵەتییەکان زایۆنیزمیان بەکارهێنا، بۆئەوەی بەرژەفتی سەروەریی دەوڵەتێك بکەن کە مەڵبەندێکی مامناوەندی جوگرافیی هەیە، بۆ ئەوەی هەژموون و دەستهەڵاتی خۆیان بەسەر وڵاتانی دیکەشدا پێڕەو بکەن، هەروەك چۆن هەژموون و دەستهەڵاتیان بەسەر یەکییەتیی سۆڤییەتیشدا سەپاند.

بەشی یانزەیەم

ستالین

ستالین ژنی دووەمی هێنا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، چونکە بە ژنه جوولەکەیەکی جوان گەیشت بەناوی ڕۆزا کاگنۆڤیچ.. دەڵێن گوایە کاتێك نادیای ژنی دووەمی خۆی کوشت، ئەو خەریکبوو لەگەڵی جووت دەبوو.. زۆربەی بیروڕایەکان لەسەر ئەوە کۆکن خۆکوشتنی نادیا هەر تەنیا بەهۆی سەربردە عەشقبازییەکانی ستالینەوە نەبووە، بەڵکو بەهۆی داخ و کەسەرە گەورەکەی نێو دڵیشییەوە بووە، چونکه ستالینی مێردی لە کوشتن و لەنێوبردنی ژمارەیەکی زۆری ئەو نەیارانەیدا زۆر توندوتیژ بووە کە ژنەکە بە برای ئایینیی دەزانین و ستالینیش بە کەسانی لادەری هەژمار دەکردن.

برای ڕۆزا- لازار کاگنۆڤیچ- هاوڕێیەکی نزیکی ستالین بوو، بۆیە کردییە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بۆلیتبیرۆ، تا مردنی ستالینیش هەر لە پۆستەکەی خۆیدا مابوویەوە.. کاتێك لازار کێڵگە نەوتییەکانی بازینی پێشخست و ئۆتۆستراد مۆسکۆی دامەزراند، توانای خۆی لە سەرپەرشتیکردنی پیشەسازییە قورسەکاندا سەلماند.. میخائیل لە ١٥ی تەمووزی ساڵی ١٩٥١دا سفیتلانای کچی ستالینی خواست.. کاتێك ئەو ژن و مێردایەتییە بڕیاری لەسەر درا، کچەی ناوبراو شوودار بوو.. هیچ شتێکیشی سەبارەت بە مێردی یەکەمی نەزانی، هەرئەوەندە

نەبێت یەکسەر وەك کۆسپی سەر ڕێگە لادرا، ڕێك وەك ئەو کاتەی ستالین ڕۆزای ژنی دووەمی خواست و ژنی دووەمی لەنێو برد، یانیش ژنەکە بەدەستی خۆی، خۆی لەنێوبرد.

مۆلۆتۆڤی جێگریشی بێجگە لە هێنانی ژنی دووەم، ژنە جوولەکەیەکی خواست کە خوشکی سام کاربی سەرمایەداری گەورەی ئەمریکی و خاوەنی کۆمپانیای زەبەلاحی کارب ئێکسپۆرتینگی بواری هاوردەکردن بوو. دواتر لە ساڵی ١٩٥١دا کچی مۆلۆتۆڤ درایە ڤاسیلیی کوڕی ستالین . بەمشێوەیە دەبینین مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی تا ئاستێك لە دەستی خانەوادەی ستالین و کەسە نزیکەکانییەوە بوو.

ستالین گەیشتە ئەو باوەڕەی بچێتە نێو ڕیزی چینی باڵای پارتی شۆڕشگێڕی ڕووسییەوە، چونکە زۆربەی سەرکردە باڵاکان لە قۆناغەکانی یەکەمی شۆڕشی کۆمۆنستیدا لەنێو زیندانەکاندا بوون.. ستالینیش لە سەردەمی دەستهەڵاتی لینیندا بۆ هیچ پلە و پۆستێك بەرز نەکرایەوە، بەڵام لە دوا قۆناغی دەستهەڵات و حوکمڕانیی لینیندا، ڕیزی پێشەوەی داگیر دەکرد.. ئەوسا ململانێ کەوتە نێوان ستالین و ترۆتسکی و چەندان جوولەکەی دیکەی نەیار.. ململانێیەکە بە وەرگرتنی دەستهەڵات کۆتایی هات و تا مردنیشی لە شوێن و پێگەکەی خۆیدا مایەوە.

ترۆتسکی لە ساڵی ١٩٢٧دا دژ بە ستالین ڕاپەڕی، بەوەش تۆمەتباری دەکرد گوایە لە ئایدۆلۆژیای مارکسی لایداوە و خولیای پێکهێنانی حوکمێکی دکتاتۆریی ئیستعماریی تۆتالیتاریی هەیە و دەیەوێ وەك ئەلتەرناتیڤی یەکیەتییە ڕەسەنەکەی کۆمارە

سۆسیالیستەکانی سۆڤییەت بیهێنێتە ئاراوە.. ئەوجا ستالین دەستی بە هەڵمەتێکی پاکتاوکردن کرد و چەند ملیۆن کەسێکی لەنێوبرد، چەندان ملیۆنیشی ڕەوانەی دوورخراوگە و زیندانەکانی سوغرەکێشی کێشی کرد.. کۆتاییی زۆربەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە ئەنتەرناسیونالی یەکەمەوە بەمجۆرە بوو و تا نەیانکوشتبان یان دەستگیریان نەکردبان، وازیان لێیان نەدەهێنا.. لەو سەرکردانەی ستالین لە کۆڵ خۆی کردنەوە ئەمانە بوون: ترۆتسکی، زینۆڤییێڤ، کامینییێڤ، مارتینۆڤ، وزاسۆلیش، دۆش و بارفۆس، واکسلرۆد، ورادیك، بۆرتزکی، سفیردلۆڤ، دان، لیبر، مارتۆڤ.. لە کەسە نزیکەکانی خۆیشی تەنیا لازار کاگنۆڤیچ و زاوایەکەی و ڕۆزای ژنی مانەوە.

ستالینیش هەر لەسەر سیاسەتی لینین ڕۆیشت کە بریتی بوو لە دامەزراندنی جیهانێکی کۆمۆنیستیی نێوان هێڵی ٣٥ و ٤٥ی نیوە گۆی باکووری گۆی زەوی.

پلانی ستالین ئەوەبوو هێزە چەکدارەکانی خۆی نەخاتە نێو جەنگی دژ بە دەوڵەتانی دیکە، هەروەها کار لەسەر هەڵگیرساندنی شۆڕشەکانی باشووری یەکییەتیی سۆڤییەت - نێوان هێڵی ٣٥ و ٤٥- بکات.. ئەم سیاسەتە زۆر زوو بەرهەمی دا، چونکە لە کاتی مردنی ستالیندا کۆمۆنیزم دەستی بەسەر نیوەی ناوچەی ناوبراودا گرتبوو، هەروەها نیوەی دانیشتووانی گۆی زەوی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی کۆمۆنیستییەوە.

((باسی ئەو سەرکوتکاری و چەوسانەوە و ڕاگواستنە دەکەین کە لەهەنبەر موسڵمانەکانی نێو کۆمارە ئیسلامییەکانی ژێر دەستهەڵاتی ڕووسیا بەڕێوەچوو، بۆئەوەی ئایین و زمان و کەلتوورەکەیان

بسڕێتەوە.. ئەمەش پێچەوانەی ئەو شۆڕشە سۆسیالیستانە بوو کە لە نیوەی سەدەی ڕابردوودا جڤاك و کۆمەڵگەکانی وێران کردین و ئێستەیشی لەگەڵدا بێت باجی مەرگەسات و نەهامەتییەکانی دەدەینەوە ! !)).

هەروەها ستالین لەسەر پلانی دووەمی لینین ڕۆیشت، پلانەکەش ئەوەبوو لە کردەی وەرچەرخاندن و گۆڕینی وڵاتان بۆ دەوڵەتی کۆمۆنیستی، لە ئیسپانیاوە دەستپێبکات. چونکە ئەمە فەڕەنسا و بریتانیا دەوروژێنێ بەسەر کۆمۆنیزمدا زاڵبن، دواتریش ئەڵمانیا دەکەوێتە نێوان بەرداشەوە..ئەگەر ڕووداوێکیش ڕووبدات نەیەڵێ ئیسپانیا بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی کۆمۆنیستییەوە، ئەوا ڕووداوێکی وەها بۆ هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی دووەمی، جیهانی دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر.

کاتێکیش ستالین خۆی بۆ شۆڕشی ئیسپانیا ئامادە دەکرد، لە جەنگە ئابوورییەکەدا بەشدارییەکی کارای هەبوو کە لەدوای واژۆکردنی ئاگربەستی ساڵی ١٩١٨ وە بەرداشەکەی دەخولێندرایەوە، چونکە چەند چینێکی زۆر دەوڵەمەند بەهۆی بەشداری نەکردنیان لە جەنگی جیهانییەوە، لەدوای جەنگەکەدا بەشێوەیەکی ناڕەوا دەوڵەمەندتر ببوون، هەروەها گەلانی وڵاتە هاوپەیمانەکان لە دوو ساڵی دوای جەنگەکەدا لە خۆشگوزەرانیدا دەژیان.. بەلام بەر لەوەی وەبەرهێنەرانی لووتکە بتوانن بە پارەکانیان وەبەرهێنان بکەن، پارەیەکی زۆر لە بازاڕدا کێشرایەوە، هەروەها متمانەی بانکەکان دیاری کران، کردەی داواکردنەوەی قەرزەکان تەشەنەی دەسەند.. ئەمە تراژیدیا و کارەساتە بچووکەکە بوو کە جیهان لە ساڵانی نێوان ١٩٢٣ و

١٩٢٥دا تێیکـەوت و سـەرەتای کارەسـاتێکی گـەورە بـوو مێـزە نهێنییـەکان بەشـێوەیەك پلانیـان بـۆ دانـابوو لـە سـاڵی ١٩٣٠دا بێتـە ئاراوە.

ئـەم کارەسـاتە گەورەیـە دوای گۆڕانی سیاسـەتی دارایـی سـاڵی ١٩٢٥ بوو، دیسانەوە خۆشگوزەرانی بە هـەنگاوی گـەورە و تـا ئاستی دەوڵەمەنـدبوونی نـاڕەوا لـە ئـەمریکا و بریتانیـا و کەنـەدا و ئوسـترالیا سـەری هەڵدایـەوە.. ئەوسـاکە و پـێش کۆتاییهـاتنی سـاڵی ١٩٢٩، گورزێکی کوشندەی کتـوپڕ وەشـێندرا..گەورەترین تراژیـدیای ئـابووری هاتە ئـاراوە کـە جیهـان لـە سەرانسـەری مێـژووی خۆیـدا ڕووداوی لـەو چەشنەی بەخۆیەوە نەبینیبوو.. دەرئەنجامی ئەو مەرگەساتە ئەوە بوو ملیۆنان خەڵك بۆ نانێك بە ئاسماندا دەچوون و بەدوای پـارووە نانێکدا هەڵوەدا بوون.. هەزاران کەس خۆیان کوشت.. ئەوکات ئۆباڵەکە خرایـە ئەستۆی خراپیی بەڕێوەبردن و ئەو دەستهەلاتەی وای لە دەیان ملیـۆن کەس کرد بکەونە نێو هەژارییەکی کوشندەوە، ٣٠٠ کەسـی ملیـۆنێریش داهاتەکانیان گەیشتە ڕێژەی چەندان تریلیۆن.

ستالینیش لـە سـاڵی ١٩٢٥ پیلانـە پێنجینەییـە پیشەسازییەکەی خسـتە واری جێبەجێکردنـەوە، ئەمـەیش-وەك خـۆی دەیگـوت- بـۆ چاکترکردنی بارودۆخی نێوخۆیی وڵاتانی کۆمۆنیستییە.. پلانەکە بریتی بـوو لــە سـوود وەرگـرتن لــە سەرچـاوە سرووشـتییەکان و بـە پیشەسازیکردن و چاکترکردنی ئامرازە کشتوکاڵییەکان و نوێکردنەوەی پیشەسـازی.. ئـەم پلانـە پێنجینەییـە لـە ڕێگـەی قەرزبەخشـینێکەوە بەشـدارییەکی کـارا و بـەهێزی لـە چـاکترکردنی ئـابووریی ڕووسـیا و

بنیادنانەوەی هێزی سەربازیی ڕووسی و ئەڵمانیاشدا کرد و لەلایەن سووخۆرانی نێودەوڵەتییەوە پارەپووڵی بۆ تەرخان کرا.

هەنگاوی دواتری ستالین دامەزراندنی کێڵگە هەرەوەزییەکان بوو.. گەلی ڕووسی ماوەی چەندان سەدە لەنێو ئەو زەوییانەدا کەمتر لە کۆیلە دەژیان کە دەرەبەگەکان قۆرغیان کردبوو، دواتریش لینین بەڵێنی بە جووتیاران دا ژیانێکی باشتریان بۆ دەستەبەر بکات، ئەوسا زیاتر لە دوو ملیۆن خانەوادەی جووتیاران لە دەرەبەگەکانی خۆیان دوور کەوتنەوە و زەوییەکان دابەش کران، هەموویان بوونە خاوەن زەویی سەربەخۆ.. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٦دا ژمارەی خانەوادەکان بۆ ٦,٢٠٠,٠٠٠ خانەوادە بەرز بوویەوە.

بەڵام بەدبەختی یەخەی ئەو کەسانەی بەرنەدەدا، چوونکە سووخۆرانی نێو دەوڵەتی دەیانویست ئەو قەرزانەی خۆیان وەرگرنەوە کە بۆ پلانی کشتوکاڵی و بنیادنانەوەی سوپای ئەڵمانی بەخشیبوویان، لەبەرئەوە سووربوون لەسەر ئەوەی هەنارده و هاوردەکانی کۆمۆنیستی کۆنترۆڵ بکەن، هەروەها داوایانکرد کێڵگە هەرەوەزییەکان وەک تاکە ئامرازی زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی دابمەزرێنرێن.

مێژوو ئەو ڕاستییەی تۆمارکردووە کاتێک ستالین بەهێز و زۆرەملێ پرۆژەی کێڵگە هەرەوەزییەکانی جێبەجێ کرد چی ڕووی دا، زیاتر لە پێنج ملیۆن جووتیار ڕووبەڕووی سێدارە کرانەوە، یانیش لە برسان مردن، هەر لەبەرئەوەی ڕەتیان کردەوە پرۆژەکە جێبەجێ بکەن یان دژی وەستابوونەوە.. هەروەها زیاتر لە پێنج ملیۆنی دیکەش ڕاگوێزرانە سیبیریا و لەوێ سۆغرەیان پێ دەکرا.. لەوانەش زیاتر، ئەوەبوو گەنمی جووتیاران لەلایەن ستالینەوە دەستی بەسەردا گیرا و

فرۆشرایه سووخۆره نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئەوەی بخرێته سەر ئەو ڕێژه گەنمەی ئەو کەسانه له وڵاتانی دیکەدا کڕیبوویان.. مەبەستیش لەو کردەیه پیلانگێڕی بوو دژ به گەنمی ئەمریکی و کەنەدی، بۆ ئەوەی بازاڕی بشکێ و بازاڕی ساغکردنەوەی گەنمەکه نەمێنێ یانیش به ئارەزوو و بەرژەوەندیی خۆیان گەمه به نرخەکان بکەن.. هەروەها سووخۆرەکان گورزێکی دیکەشیان له گۆشت و ئاژەڵی کەنەدی و ئەمریکی وەشاند، هەستان ڕێژەیەکی یەکجار زۆر گۆشتی بەستوو و قوتووبەندکراویان له ئەرژەنتین و چەند وڵاتێکی دیکەی بەرهەمهێنەری گۆشت کڕی.

سووخۆران لەنێوان سالآنی ۱۹۲۰ و ۱۹۲۹دا کرێباری کەشتیی گشت وڵاتانیان داشکاند، تەنیا بریتانیا و کەنەدا و ئەمریکای نەگرتەوە.. له ئەنجامی ئەو چەتەگەرییه بازرگانییه دەریاییشەدا، کەشتیی ئەو سێ وڵاته نەیانتوانی له نرخی کرێباردا کێبڕکێ لەگەڵ کەشتییەکانی دیکەدا بکەن، بۆیی هەزاران کەشتیی بازرگانی له کەنار و بەندرەکاندا لەنگەریان گرت و کردەی هەناردەکردن بەشێوەیەك پەکی کەوت که له مێژوودا هاوشێوەی نەبووە.

لەو کاتەی ئاستی هەناردەکردن له وڵاتانی هاوپەیماندا بەشێوەیەکی سەیر دادەبەزی، کردەی هاوردەکردن لەئەڵمانیا و یابان و وڵاتانی ئەورووپای نێوەڕاستدا بەرز دەبوویەوە... بەمشێوەیه بارودۆخی وڵاتانی هاوپەیمان بەرەو خراپتر دەچوو.. بۆ نموونه له کەنەدا له هەر هەشت کەسی خاوەن دەرامەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتیان به کردەی هەناردەکردن دەبەست.. خۆ ئەگەر ئاستی هەناردەکردن دابەزێ، ڕاستەوخۆ نزمبوونەوە و پاشەکشەی

بازرگانی بەدوادا دێت.. چونکە توانای کڕینی پێنج کەس لە هەشت کەسی خاوەن دەرامەت دادەبەزێ.. ئەمەش کار لە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە وەك هۆکارێکی بژێوی پەیداکردن پشت بە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان دەبەستن.. جا ئەگەر ئەو دابەزینەی ئاستی کڕێ هەر لە دۆخی خۆیدا مایەوە یان هەناردەکردن وەستا، ئەوا پاشەکشەکردنی بازرگانی دەبێتە قەیران و بەرەو کارەسات دەچێت.

جا بۆ ئەوەی داڕێژەرانی نەخشە و پیلانی کودەتای جیهانی لە گلۆریوونەوەی پەیکەریی ئابووریی ولاتانی هاوپەیمان دڵنیابینەوە، بازاڕی جیهانییان پڕ لە کرد لە گەنم و گۆشت، نرخەکەنیشیان هێندە کەم بوو لە تێچووی بەرهەمهێنانی نێو کەنەدا و ئەمریکا و ئوستڕالیا زۆر کەمتر بوو.. دەرئەنجامی ئەو کردەیەش ئەوە بوو عەنبارەکانی گەنمی نێو ولاتانی هاوپەیمان لەسەری دەڕژایەوە و نەیاندەتوانی بیفرۆشن، لە هەمان کاتیشدا گەلانی نێو چەند دەوڵەتێك لەبەر نەبوونی نان و گۆشت لە برسان دەمردن.. بریتانیا بە خزمەتگوزارییەکانی ئەو دیو دەریایەکانەوە دەیتوانی جیاوازە گەورەکەی نێوان ئاستی هەناردە و هاوردەکردن پارسەنگ بداتەوە، چونکە نزیکەی ٨٥ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی قازانج دەکرد.. بەلام کاتێك کێبڕکێییەکی زۆر نا دادپەروەرانە نەیهێشت ئەو ڕێژە دەرامەتەش وەدەستبێنێ، گورزێکی کوشندەی بەرکەوت.. لە هەمان کاتیشدا سووخۆرانی نێو دەوڵەتی ئەو قەیرانە دەستکردە ئابوورییەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی لەنێو ولاتانی کۆمۆنوێڵسدا کەشێکی پڕ لە بێنە بەردە و ناکۆکی بهێننە ئاراوە بەو ئامانجەی ئیمپراتۆریای بریتانی لاواز بکەن و دواتریش هەڵی بوەشێننەوە.

ئەو جەنگە ئابوورییە چی بوو؟.. پاشەکشەکردن و بێ بازاڕییەکی کوشندەی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی وڵاتانی هاوپەیمان و سەرمایەداری گرتەوە، لە هەمان کاتیشدا زیادبوونێکی زۆر و فراوانبوونێکی گەورەی چالاکییەکیانی وڵاتانی کۆمۆنیستی و وڵاتانی هاوپەیمانی تەوەرەیی لێ کەوتەوە..

بەمشێوەیە دۆخە نێودەوڵەتییەکەی هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانیان دەڕەخساند لەو کاتەی خۆیان دەیانویست.

بەشی دوانزەیەم

شۆڕشی ئیسپانی

بابا ئەنیوسینسی سێیەم لە سەدەی سێزدەیەمی زاینیدا لەپێناو دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو زەندیقانە دادگەکانی پشکنینی دامەزراند کە خۆیان بە کەسانی دیندار پیشان دەدا (ڕاستییەکەی بۆ ئەشکەنجەدانێکی دڕندەیی موسڵمانان و جوولەکە بوو! !).. پێش ئەو دۆخە ئیسپانیا ڕێزی لە جوولەکەکان دەگرت و بەشێوەیەکی زۆر دۆستانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن.. لێرەوە دەبینین گشت تاوانەکانی سووخۆرە خوانەناسەکان و بەکرێگیراوانیان لە ئیسپانیا و چەندان وڵاتی دیکە بە جووەکانەوە دەلکێنران.. کار و چالاکییەکانی دادگەکانی پشکنین لە ڕۆژگاری ئیزابیلا و فردیناند واتا لەنێوان ساڵانی ١٤٧٥ و ١٥٠٤ بەردەوام بوو.

کاتێکیش حوکمڕانیی تورکۆمادا بەرپابوو، دادگەکانی پشکنین بینیان شانە و خانە نووستووەکانی هەڵگەڕاوە و تێکدەران بەشێوەیەکی بەربڵاو لە وڵاتدا تەشەنەیان کردووە و ڕێکخستنێکی زۆر ورد و سیستماتیکیان هەیە.. ئەوسا ئیسپانیاش ڕێچکەی وڵاتانی دیکەی ئەورووپی گرت و جووەکانی لە خاکی خۆی وەدەرنا، ئەمەیش توندڕۆیانی دنەدا دژ بە جووەکان چەند کار و کردەیەکی توندوتیژانەی جەماوەری بکەن، چەند قەسابخانەیەکی پڕ لە تراژیدیا دروستبوون کە

دەستهەڵاتی کەنیسە لە ڕۆما شەرمەزاری کردن و بەشێوەیەکی ئاشکرا هێرشی کردە سەریان.

لە سەدەی حەڤدەیەم و دوای دووبارە ڕێکخستنەوەی پیاوانی بانکیی جیهانی، بەکرێگیراوەکانیان گەڕانەوە و دزەیان کردە نێو بەڕێوەبەرایەتیی خەزێنەی ئیسپانی، ئەو کەسانە لە سەردەمی هەردوو شۆڕشی فەرەنسی و ئینگلیزیدا چالاکییەکی بەرفرەیان هەبوو.. بەمە هەوڵی خۆیان خستەگەڕ ئابووریی ئیسپانیا بەرەو داڕمان و لاوازکردن ببەن و خودی وڵاتەکەش بکەنە لانەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان.

زۆر گرنگە سەرەداوەکانی ئەو کودەتایە سیاسییە بدۆزینەوە کە لەنێوان ساڵانی ١٨٣٩ و ١٩٣٩ داڕێژران، بۆئەوەی وێنەیەکی ڕوونی شێوازی کاری شۆڕشگێڕانەمان بێتە بەرچاو کە خۆی لە سێ قۆناغی زۆر گرنگدا دەبینێتەوە:

١)دزەکردنی تاکەکانی پارتی شۆڕشگێڕی بۆ نێو پۆست و پێگە گرنگەکانی حکوومەت و مەڵبەندەکانی خزمەتگوزاریی گشتی و هێزە چەکدارەکان و ڕێکخستنەکانی کرێکاران، لەپێناو خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووخاندنی حکوومەت لە ناوەوە لەو کاتەی دەرفەت دەڕەخسێ و فەرمان دەردەچێت.

٢) وابەستەکردنی پارتی شۆڕشگێڕی بە پارتی سۆسیالستی یان پارتی چەپڕەو، لەپێناو ڕووخاندنی حکوومەت، جا ئەگەر پاشایەتی بێت یانیش کۆماری.

٣)بەڕێوەبردنی چەند چالاکییەکی تێکدەرانە لەپێناو خولقاندنی ئاشووب و وروژاندنی ڕای گشتی لەهەنبەر حکوومەتی بەرەی میللیی مونتەلیفە، بۆ ئەوەی شکست بێنن، ئەمەیش ڕێگە بۆ بەرپابوونی

حکوومەتێکی دکتاتۆریی پرۆلیتاری خۆش دەکات کە هەر لەگەڵ لەدایکبوونیدا کردەکانی پاکتاوکردن دەستپێبکات، دواتریش دکتاتۆریەتی تۆتالیتاری بەدیار دەکەوێ.. ڕێك هەر ئەمەیش لە ساڵی ١٩١٧دا لە ڕووسیا ڕووی دا.

ئێستە بابزانین چۆن ئەو سێ قۆناغە لە ئیسپانیا جێبەجێ کران، کە لەلایەن لینین و دواتریش ستالینەوە بە ئامانج گیرا بوون.

بەکرێگیراوانی کارڵ مارکس لە ئیسپانیا یەکەمین مانگرتنی گشتییان لەساڵی ١٨٦٥دا ڕێکیان خست.. لەساڵی ١٨٦٨دا ڕێبەرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێریی جیهانی (سینۆر فانیلی) یان نارده ئیسپانیا، بۆ ئەوەی کار و چالاکیی ئەنارکیستەکان لەگەڵ مارکسییەکان ڕێکبخات.. سینۆر فانێلی هاوڕێیەکی دڵسۆزی باخۆنین بوو، خودی باخۆنینیش پێوەندییەکی پتەوی بە مارکس و ئەنگلسەوە هەبوو.. بەڵام باخۆنین پێوەندییە پتەوەکەی لەگەڵ مارکسدا نەما، چونکە لە ساڵی ١٨٧٠دا دژ بە سیاسەتی مارکس وەستایەوە، بۆیێ لە ئینتەرناسیۆناڵی یەکەم (کۆنگرەی یەکەم)ی ڕێبەرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێریی جیهانی وەدەرنرا.

هەریەکە لە باخۆنین و فانیلی بەجیا چالاکییەکانی خۆیان بەڕێوەدەبرد، باخۆنین توانی کاریگەری لەسەر سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی ئیسپانی بکات و لە ساڵی ١٨٧٠ هاوپەیمانییەکی سۆسیالستیی دیموکراسی دامەزرێنی، حکوومەتیش بڕیاری قەدەغەکردنی ئەو ڕێکخستنەی دەرکرد، بەڵام بە نهێنی لە کار و چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بوو.

لە هەمان کاتیشدا (ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەلات) لەنێو ئیسپانیادا ڕێکخستنی بەهێزی پێکهێنابوو.

لەو کۆنگرە گشتییەی لە زارگۆزا بەسترا، بالی ئیسپانیای مارکسیزمی نێو دەولەتی بە هاوپەیمانیکردن لەگەل بزووتنەوەی ئانارکیستەکان ڕازی بوو.. دوای ئەو هاوپەیمانییە هەردوو لا ڕێککەوتن هەول و کۆششەکانیان ڕێك بخەن، بۆ ئەوەی چینە کرێکارییەکان یەکبخەن و هاوپەیمانییەکی بەرفراوان پێکبهێنن، دواتر ئەو هاوپەیمانییە بە (کامۆرا) ناسرا.. لە سالی ١٨٧٣دا چالاکییەکانی خۆی بە هەلگیرساندنی شۆڕش و دامەزراندنی کۆماری یەکەمی ئیسپانی دەستپێکرد.

وەك جارانیش، ئەو چالاکییە شۆڕشگێڕییە سەردەمێکی پڕ لە تۆقین و بلاّبوونەوەی ئاشووب و بێسەروبەریی فراوانی لەگەل خۆیدا هێنا.. ئەو کردار و ڕەفتارە پڕ لە ئاشووب و ئانارکیستییانە وای لە ژەنەڕال بافیا کرد جموجۆلە کودەتاییەکەی ئاگریدات.. ئەوسا کاری شۆڕشگێڕی دووبارە گەڕایەوە دۆخی نهێنی، بەلاّم زۆری نەخایاند، چونکە زۆر بەخێرایی ئەندامانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی پشتگیریی خۆیان بۆ سەرکردەکانی بزووتنەوەی میانڕۆی ڕزگاریخواز دەربڕی، بۆیێ دیسانەوە گەڕانەوە نێو گۆڕەپانی سیاسی.. ئەوسا ئاگری ململانێی نێوان لایەنگرانی نەوەکانی پاشا دۆن کارۆلز و لایەنگرانی نەوەکانی ئێزابێلا خۆش دەکرد.. ئەو ململانێیەش لە سالی ١٨٧٦دا بە شکستهێنانی لایەنگرانی نەوەکانی کارۆلز کۆتایی هات.

لەو کاتیدا بزووتنەوە کرێکارییەکان لە ترۆپکی خۆیاندا بوون، زۆربەشیان لەپێناو ئامانجێکی پیرۆز و جوان لە خەباتدا بوون و

دەیانویست دادپەروەری بۆ کرێکاران بهێننەدی.. زۆربەی کرێکارانیش سیاسەتە توندڕۆیەکەی بزووتنەوەی ڕەتکردنەوەی چەپڕۆییان ڕەت دەکردەوە، بۆیێ خۆیان لەنێو یەکییەتیی کرێکاراندا ڕێکخست.. بەڵام دوای ئەوەی شۆڕشگێڕە توندڕۆیەکان دزەیان کردە نێو یەکییەتییەکەوە و لەناوەوە دەستیان بە پاکتاو کرد، سەرکردە میانڕۆیەکانی ئەو یەکییەتییە زۆر بەخێرایی کەوتنە دەرەوەی یەکییەتییەکە.. چالاکی و کارە پاکتاوییەکان تا ساڵی ١٨٨٨ بەردەوام بوون، کاتێك بابلۆ ئیگلیسیاس دامەزراندنی یەکییەتیی گشتیی کرێکارانی ڕاگەیاند، بۆئەوەی زۆرترین ژمارەی میانڕۆیەکان بگرێتە خۆی.. ئەو یەکییەتییە گشتییە لە ئیسپانیا بە U.G.T دەناسرا و بەبێ پاڵپشتیی حکوومەت مایەوە تا ئەو کاتەی حکوومەتەکەی یەکییەتیی ئیبری ڕاگەیەندرا کە گشت توندڕۆیەکان و کەسانی نێو ڕیزی بزووتنەوەکانی ڕەتکردنەوەی ئانارکیستی لە خۆگرتبوو.

دواتریش لە ساڵی ١٩١٠دا یەکییەتییە توندڕۆیەکانی کرێکاران یەکییەتییەکی گشتیی سەندیکاییان ڕاگەیاند و لە ئیسپانیا بە C.N.T ناسرا، ئەو یەکییەتییە گشتییە سەندیکاییە و چەندان سەندیکای دیکە تا ساڵی ١٩١٣ خەریکی کار و چالاکییەکانیان بوون و ئیدی ئەو سەندیکایانەیش بەهۆی مانگرتنە یەك لەدوای یەکەکانەوە هەڵپەسێردران.. حکوومەتیش هاوکاری و ڕەزامەندی پێشکێشی بزووتنەوە کرێکارییەکان دەکرد و پاڵپشتیی لە داواکارییە بە کۆمەڵەکان دەکرد، بەڵام توندڕۆیەکان وردەوردە لەپێناو مەبەستە تایبەتەکانیان بەخراپ سوودیان لەو سەندیکایانە وەردەگرت و ئامانجەکانی خۆیانیان پێ دەهێنانەدی.. لەبەرئەوە حکوومەت گشت

سەندیکایەکانی هەڵوەشاندەوە و دووبارە کرێکاران بێ پشتوپەنا مانەوە.

شۆڕشگێڕە توندڕۆیەکانیش دووبارە گەڕانەوە بۆنەوەی بە خراپ سوود لە دۆخە نوێیەکەی کرێکاران وەربگرن و کار و ڕەفتارەکانی خۆیان لە ڕابردوو توندوتیژتر و مەترسیدارتر ئاراستە بکەن..وردە وردە چالاکییەکانیان دژ بە گشت پارتە سیاسییەکان و خودی دەوڵەتیش بەرەو فراوانی دەبرد.. لە ساڵی ١٩١٦دا ڕێکخستنی یەکییەتیی توندڕۆی سەندیکایەکان بەناوی G.R.T ڕێکخرایەوە و ناوی دوو ڕێبەر کەوتە سەر زاران، ئەوانیش: بیستاتا و سیگۆی بوون، ئەو دووانە توانیبوویان لە شاری بەرشەلۆنەدا کاری سەندیکایی یەکبخەن.

ئەوەی یارمەتیدەری سەرکەوتنی ڕێکخستنە توندڕۆیەکانی سەندیکایی بوو، ئەو ستەم و نادادپەروەرییە بوو کە لە کاتی جەنگی یەکەم و ماوەی دوای ئەو جەنگە دەرهەقی کرێکاران پێڕەو دەکرا.. چونکە ئیسپانیا لە ڕۆژگاری جەنگدا دەوڵەتێکی بێلایەن بوو پارەوپوولێکی زۆری وەدەستهێنابوو، بەلام کرێکاران بەشێوەیەکی گشتی لە گەشەسەندەکەی ولاتەکەیاندا بەشدار نەبوون، بۆیێ بەلێشاو ڕوویان لەو ڕێکخستنە توندڕۆیانە دەکرد کە هەوڵی وەدیهێنانی دەستکەوتەکانیان و نەهێشتنی ستەمی خستبووە گەڕ.. لە هەمان کاتیشدا هەندێك سەرکردەی میانڕۆ لە چالاکییەکانیان بەردەوام بوون و توانیان لە ساڵی١٩٢٠ یەکییەتییەکی ئازادی سەندیکایی دامەزرێنن.

لە ماوەی دوای ئەو ساڵە کە تا ساڵی ١٩٢٣ بەردەوام بوو، ململانێی نێوان بزووتنەوە چەپڕەوە سەندیکاییەکان توندتر بوو.. ئەو ولاتە چەندان مانگرتنی خۆجێیی و گشتی و کاری توندتیژی و

تیرۆرکردنی بەرفراوانی سەرکردە کرێکارییەکانی بەخۆیەوە بینی، ئەمەیش بە ئامانجی لاوازکردنی بەرەی دوژمنەکانیان بوو.. کۆی ئەو تاوانە قیزەونانەش بەناوی ئازادییەوە کران، تا گەیشتە دۆخی ئاشووب و هەراوزەنایەکی تەواو.. ئەوساکە پاشای ئیسپانیا داوای لە ژەنەراڵ بریمۆدی ڕیفێرای ئەفسەری ئاسایشی وڵاتەکەی کرد دۆخەکە بوەستێنێ و لە گشت هەنگاوێکی سەربازیش سەرپشکی کردبوو بۆ ئەوەی نەیەڵێ کۆمۆنیستەکان شۆڕشێکی دیکە هەڵگیرسێنن.

یەکەمین دەرئەنجامی دەستهەڵاتی دکتاتۆریی دی ڕیفێرا ئەوەبوو بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە کۆتایی بە جەنگی ئیسپانیا- مەغریب هێنا.. کەسییەتیی ژەنەراڵ فرانکۆش لەمیانی ئەو جەنگەوە پێکهاتبوو و وردەوردە جەماوەری زیاتر و بەرفراوانتر دەبوو.. ناوبراو توانی بە دادپەروەری و ویستی لێبڕاوانەی خۆیەوە خۆشەویستی و سەرسامی و هاوڕێیەتیی گەلی مەغریب وەدەستبێنێ! هەرچەندە شت سەبارەت بە دی ڕیفێرا گوتران، بەڵام جێگەی خۆیەتی دادپەروەر بین و بڵێین ناوبراو توانی سیستم بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە، هەروەها دوای ئەوەی لەگەڵ ئابالیرۆ هاوکاریی کرد، توانی بارودۆخی کرێکاران باشتر بکات و چەندان ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیشی هێنایە ئاراوە.. بەڵام ئەو چالاکی و ماندووبوونە زۆرە ژەنەڕال دی ڕیفێرای بێهێزکرد و لە ساڵی ١٩٢٩ تەندروستیی بەتەواوی تێکچوو.. هەرئەمەیشە بووەتە هۆی ئەوەی وەك هەندێك کەس مەزەندەیان کردووە ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٠ بکەوێتە نێو هەڵە و سەرچیغ ڕۆیشتنەوە، چونکە لەو ساڵەدا دوو ڕێبەری بزووتنەوەی سۆسیالستیی واتا بستیرۆ و سابووری هەڵبژارد وەك ئەوەی هەستی بە باری گرانی سەرشانی خۆی کردبێ و ویستبێتی

بارەکە سووکتر بکات، داوای لەو دوو ڕێبەرە کرد تۆرگانی هەڵبژاردنی ئەو نەتەوەیە ڕێکبخەنەوە، بۆ ئەوەی گەل بتوانێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات و لەنێوان پاشایەتی و کۆماریدا یەکێکیان هەڵبژێرێ.. هۆی هەڵبژاردنی ئەو دوو کەسە نەزانراوە و وەك ڕووداوێکی بێ لێکدانەوە دەمێنێتەوە.. بیسترۆ و سابووریش وەك دوو سەرکردەی شۆڕشگێڕ ڕەفتاریان کرد، تۆرگانی هەڵبژاردنیان ئابلۆقە دا و بەشێوەیەك ئامادەیان کرد هەڵبژاردنی حکوومەتێکی سۆسیالیستی ببێتە شتێکی حەتمی.. ساختەکارییەکی زۆر لەنێو دەنگداندا بڵاوبوویەوە، بەشێوەیەك تەنیا شاری مەدرید ٤٠ هەزار دەنگی ساختەی لێ کۆکرایەوە.

ئەنجوومەنی خۆرهەڵاتی مەزن لە ئیسپانیادا یەکییەتییەکی تایبەتی ڕێکخستبوو ناوی لێنابوو یەکییەتیی سەربازییانەی برایانە، ئامانجیشی ڕووخاندنی سیستمی پاشایەتی بوو.. توانیشی لە کۆی ٢٣ ژەنەڕالی ئیسپانیدا بەڵێن لە ٢١ کەسیان وەربگرێ، بۆ ئەوەی لە دامەزراندنی حکوومەتێکی کۆماریدا یارمەتیی بدەن.. ژەنەڕال (مولا)ی سەرۆکی هێزی ئاسایشی نێوخۆیی لە ئیسپانیا لە پەڕتووکەکەی خۆیدا بەناوی (Tempestad Calma Intriga Y Crisis) ئەو زانیارییانەی خستووەتە بەرچاوان و تیایدا پێمانی ڕادەگەیەنێ ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵات لەو کاتەی ژەنەڕاڵەکان پشتگیری و پەیوەستبوونی خۆیان لە هەنبەری ڕادەگەیەنن، ملیۆن و نیوێك بیزیتای خستە بەردەمیان، تاکوو ئەگەر بزووتنەوەی کۆماری شکستی هێنا، بتوانن بەو پارەیە ڕابکەن.. فرانکۆش یەکێك بوو لەو ژەنەڕاڵانەی تەڤلی یەکییەتیی برایانەی سەربازی نەبوو.. گوتەکانی ژەنەڕال مولا

جەخت لەوە دەکەنەوە ژەنەڕاڵێکی دیکەی نێو ڕیزەکانی یەکییەتیی برایانەی سەربازی، ژەنەڕاڵ کانو لۆبیز بوو، ناوبراو لە گوتەیەکی خۆیدا لە پارلەمانی ئیسپانیا (کۆرتس) گوتبووی: ماسۆنییەت هەر لە ساڵی ١٩٢٥ەوە لەژێر دروشمی یەکییەتیی برایانەی سەربازییەوە زۆرینەی گەورە ئەفسەرانی سوپای کۆکردوونەتەوە.

یەکێك لەو کەسانەی وەك ئەندام چووبوونە نێو ئەو یەکییەتییە، کابانیلاس و سانگۆرگۆ و گوید و مولا و لۆبیز و ئوشاو و کیبۆ دی لانا و چەندانی دیکە بوون.

لۆبیز درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ: دووجار فەرمان بۆ ئەو ژەنەڕاڵانە دەرچوو، جارێکیان لە ساڵی ١٩٢٩ بوو تاکوو ئەو دکتاتۆریەتە بڕووخێنن کە دی ڕێفێرا سەرۆکایەتیی دەکرد، جارێکی دیکەش لە ساڵی ١٩٣١دا فەرمانیان پێ کرا پاشایەتی بڕووخێنن، ژەنەڕاڵەکانیش بە موو لە فەرمانەکانیان لانەدا و بە دڵ و داو جێبەجێیان کرد.

ژەنەڕاڵ مولا گێڕاویەتییەوە چۆن خۆی و زۆرینەی ژەنەڕاڵەکانی دیکە ئەو پەیمان و بەڵێنەیان شکاندووە کە پێشتر بە ئەنجوومەنەکەیان دابوو، کاتێك بۆیان ڕوونبوویەوە زۆر بەسادەیی لەخشتە براون و بۆ جێبەجێکردنی چەند نەخشە و پیلانێکی نهێنیی ستالین لەپێناو گۆڕینی ئیسپانیا بەرەو دکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی، بەکارهێنراون.

گۆڤارێکی فرەنسی لە ڕاپۆرتێکی خۆی لە ساڵی ١٩٣٢ بڵاوی کردبوویەوە چۆن ستالین بەڵێنی دووسەت هەزار دۆلاری وەك بەشداریکردن لە تەرخانکردنی گوژمەی مەڵبەندەکانی مەشقی شۆڕشگێڕان لە ئیسپانیا داوە.. هەروەها چەند دەرخستەیەك کە لە

ساڵی ١٩٣١دا پێشکێشکی کۆنگرەی نێودەوڵەتیی کۆمۆنیستی کراوە، ڕوونیان کردووەتەوە ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانی دووسەت و چل هەزار جونەیە -دراوی ئینگلیزی- یان وەرگرتووە، هەروەها بۆ کڕینی چەك و تفاقیش دوو ملیۆن و نیو بیزیتایان خراوەتە بەر دەست.. ژەنەراڵ مولا گوتوویەتی لە ساڵی ١٩٣٨دا دووسەت سەکردەی شۆڕشگێڕ لە ڕووسیاوە گەیشتنە ئیسپانیا، هەمووشیان لە دەستگەی لینین لە مۆسکۆدا مەشقیان بینیوە.

هەر لە ساڵی ١٩٣٠ و تا ڕێکەوتی دەستپێکردنی کردەکانی هەڵبژاردن، هەڵمەتی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی پاشای ئیسپانیا و خانەوادەکەی دەستی پێکردبوو.. یەکێك لە درۆیە پووچەکانیشیان ئەوە بوو پاشا ڕۆژانە خوێنی سەربازێکی ڕشتووە بۆ ئەوەی میری ئەستووریا بە زیندوویەتی بمێنێتەوە، چونکە دووچاری خوێنبەربوون ببوویەوە.. هەروەها پاشا تۆمەتی داوێنپیسیی خرایە پاڵ، هەروەك چۆن بوختان بە ئیمپراتۆری ڕووسیا کرا بەوەی عاشقی ڕاسپۆتین بووە.

جا دوای ئەوەی کردەکانی ساختەکاری تەواوبوون و سندووقەکانی دەنگدانی گوندییەکانی لایەنگری پاشایەتی بەتاڵ کران و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندیی حکوومەتی کۆماری ڕاگەیەندرا، پاشا فۆنسۆی سێزدەیەم دوا ڕاگەیەندراوی خۆی بۆ گەل بڵاوکردەوە و تیایدا گوتی: ئەو هەڵبژاردنەی ئەمڕۆ یەکشەممە بەڕێوەچوو سەلماندی من وەك جاران گەلەکەم خۆشمی ناوێ و ڕێزم لێناگرێ.. بەڵام هێشتاکە هەر باوەڕم وەهایە ئەم بارودۆخە گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە من بەردەوام لەپێناو ئیسپانیا تێکۆشاوم و بە

دڵسۆزییەوە قوربـانیم بـۆی داوە.. لەوانەیـە پاشـا هەنـدێك هەڵـە و کەموکورتی لێ بوەشێتەوە، بێگومانیشم لە هەڵـە و کـەموکورتی بـەدەر نەبووم، بەڵام گەلەکەم بەردەوام و بەبێ هیچ ڕق و کینەیەك لـە هەڵـەی خـەڵکیان بووریـوە.. مـن کـە کەسـێکی ئیسـپانی و پاشـای گشـت ئیسپانییەکانم، دەمتوانی بەدژی هەموو ئـەو کەسانەی بەرهەڵسـتییەك دەنوێنن، گشت توانایەکانی خـۆم بـۆ پاراستنی مافـە پاشایەتییەکانم بەکاربێنم.. بەڵام پـێم باشـتر بـوو دەسـتبەرداری عەرشـی دەسـتهەڵات ببم، لە ترسی ئەوەی نەوەك وڵاتەکەم دابەش ببێت و ئیسپانییەکان لـە شەڕێکی نێوخۆییدا دەستیان بچێتە خـوێنی برایـەکانیان.. لـەو کاتـەی من وڵات جێدەهێڵم، سوورم لەسـەر ئـەوەی هێشـتا بـاوەڕم بـەو مافـە هەیە کـە لـەمیانی مێـژووەوە بـۆم دەسـتەبەرکراوە و ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بەدوایـدا دەچـم و پشـتگوێی ناخـەم.. هـەروەها مـن کـە ئێسـتە دەستبەرداری گشـت توانـا و دەسـتهەڵاتەکانی ئێستەم دەبم- بـاوەڕم وەهایە ئەمە لە بەرژەوەندیی وڵات دەبێت و با گەلیش بەرپرسـی خـۆی بێت- لە خـوا دەپاڕێمـەوە گشـت ئیسـپانییەك، وەك مـن ئـەو ئەرکـەی خـۆی جێبـەجێ بکـات کـە خۆشەویسـتیی بـۆ ئیسـپانیا بەسـەریدا دەسەپێنێ.

تـا ئـەو کـاتی، پیلانگێڕەکـان هـەنگاوی یەکـەمی نەخشـەکەیان هەڵێنابوو، خەرکی هەنگاوی دووەم بوون.. گشت ئەندامانی حکوومەتـە نوێیەکە بەکرێگیراوی سـووخۆران نـەبوون، بـەڵکو ژمارەیـەکی زۆریـان کەسانی دڵسۆز بوون، بەڵام هەر هەموویان بـێ دەسـتهەڵات و کـەمتوانا بوون.. دەستهەڵاتی ڕاستینیش لە دەستی بەکرێگیراوی کۆمۆنیستەکان و ئەو ئانارکیستانە بوو کە خۆیان بـۆ هـەنگاو و قۆنـاغی دواتـر ئامـادە

دەکـرد، ئـەویش دامەزرانـدنی دکتاتۆرییـەتی پرۆلیتـاری بـوو.. بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجەش لەسـەر دوو پـەت گەمـەیان دەکرد، هەندێ شـانە و خانـەی کۆمۆنیسـتی بـە حکوومـەتیان دەگوت هەنـدێك هەڵ بکـات، هەنـدێك خانـەی دیکـەی دەرەوەی حکوومـەتیش هێرشـیان دەکردە سەر حکوومەت چوونکە کەوتووەتە نێو هەڵەوە و بە کاڵفام و گەندەڵیان ناو دەبرد.. لێرەدا بـەکرێگیراوانی مۆسکۆ سڵیان لـە هیچ جۆرە تاوانێـك نـەکردەوە، بۆئـەوەی خـەڵك دنـە بـدەن نـەك هـەر بـە دکتاتۆریـەتی پرۆلیتـاری ڕازی بـن، بـەڵکو لـەپێناو پاراسـتنی وڵات و ئاسایشی نێوخۆیی، داوای پێکهێنانی ئەو جۆرە دکتاتۆرییەتە بکەن.

ژەنـەڕاڵ دی ڕێفـیرا، لارگـۆ کابـا لـیرۆ و گرووپەکـەی بـەکارهێنا، بۆئەوەی ئاسـتی تونـدیی ململانێـی نێـوان کرێکـاران و خاوەنکارەکـان دابەزێنێت.. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی کرێکاری هاتە ئـاراوە، کابا لیرۆ خۆی ئاشکرا کرد و لە ساڵی ١٩٣٥دا بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە توانیویەتی دەیان هـەزار خانـە و شـانەی کۆمۆنیسـتی لـە سەرانسـەری ئیسپانیادا دروست بکات.. هەر ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی لە کۆنگرەی گشتیی پانزەیەمی لیژنەی جێبەجێکاری نێونەتـەوەیی کۆمۆنیسـتی بـە چـەپڵەڕێزانەوە پێشـوازییەکی گـەرم لـە شـاندی ئیسـپانی بکـرێ و ستایشـی شـاندەکە بکـرێ لـەوەی زەمینەسـازییەکانی هەڵگیرسـاندنی شـۆڕش بەشـێوەیەکی زۆر خێـرا و گونجـاو و ڕێـك و بـەپێی پیلانـە شۆڕشـگێڕییەکەی تایبـەت بـە ئیسـپانیا بەڕێوەچـووە.. لـە کـۆنگرەی دوانزەیەمی ئەنتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستیدا بەمشێوەیە ڕێز لە شاندەکە گیرا و ستایش کرا: ئێمە بەتایبەت لە ئیسپانیا بەدرێژایی چەند مانگێك تێبینیی بەڕێوەچوونی چالاکیی شۆڕشگێڕانە و مانگرتنی بـەردەواممان

کرد کە وڵاتەکە پێشتر هەرگیز هەلومەرجی لەمجۆرەی بەخۆیەوە نەبینیبوو.. ئەم ململانێیە کرێکارییە تەنیا هەنگاوێکی سەرەکیی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسپانییە.

ئەوەی پاشان لە ئیسپانیادا ڕووی دا زۆرێك لە دەمامکەکانی کودەتا و پیلانگێڕییەکەی داماڵی، بەتایبەت ئەو ڕووداو و پێشهاتەی لەنێو خودی ڕێکخستنی کۆمۆنستیدا ڕووی دا.. جا هەروەك پەندە کۆنەکەی دەڵێ: کاتێك ناکۆکی دەکەوێتە نێوان دزەکانەوە، ڕاستی بەدیاردەکەوێ؛ ئەوا ڕێك لە ئیسپانیا ئەو ڕاستییە خۆی دووبارە کردەوە.. چونکە هەرسێ ڕێبەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی واتا مۆرین و سێرگس و نین، خوێندنە شۆڕشگێڕییەکەیان لە دەستگەی لینین لە مۆسکۆ تەواو کردبوو و بۆ ڕێبەرایەتیکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گەڕانەوە.

مۆرین، دوای چەندان ساڵ لە ژیانێکی پڕ لە هەراوزەنا و چالاکیی شۆڕشگێڕانە، لە ساڵی ١٩٢٦دا پەرتووکەکەی خۆی بەناوی (Hacia la Segunda Revolution) نووسی و دژایەتیی خۆی لەهەنبەر ستالین ڕاگەیاند، چونکە بە بۆچوونی مۆرین، ستالین لە بیروباوەڕی مارکسییانە لای داوە.. هەروەها مۆرین ستالینی بەوە تاوانبارکرد کە هێزە کۆمۆنیستییەکان بۆ مەرامە تایبەتەکانی خۆی بەکاردێنێ بۆ ئەوەی دەستهەڵاتێکی دکتاتۆرانەی ئیستعماری بێنێتەکایەوە.

بەمشێوەیە ململانێی نێوان ستالین لەلایەك و هەرسێ گەنج – مۆرین و سێرگس و نین– سەری هەڵدا.. ئەو سێ کەسەش لە کۆکردنەوەی کرێکاران و دواتریش کۆنترۆڵکردنیان کارامەییەکی گەورەیان خستەڕوو، ستالینیش بڕیاری دا لەنێویان بەرێ دوای ئەوەی

تا سەرەتای جەنگی نێوخۆیی ئەرکەکانی سەرشانیان بەتەواوی ڕاپەڕاند.. فەرمانی ستالین بۆ لەنێوبردنی ئەو سێ کەسە بەجۆرێك بوو مردنەکەیان وەك شەهیدبوونێکی قارەمانانە لەپێناو کۆمۆنیزمدا بخاتە بەرچاوی گەل، کۆمۆنیستەکان شوێنی مۆرینیان بە فرانکۆ پیشان دا، دوای ئەوەی حوکمیشی لەسەر درا، لەنێوبرا.. سەبارەت بە سێرگسیش ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە کردبوو بە دەستی خودی کۆمۆنیستەکان کوژراوە.. (نین)یش لە ڕووداوێکی لێڵ و تەماویدا کوژرا.. دواتریش بە خەڵك و جەماوەریان ڕاگەیاند تەنیا دوژمنانی کۆمۆنیستی ئەو کەسانەیان کوشتووە.

بەڵام ئەو ململانێیە هەروا بەبێ دەرئەنجام و ئاشکرانەبوون تێنەپەڕی.. بەڵکو کۆمۆنیستەکان یەکتریان ئاشکرا دەکرد و ڕاستیی خۆیان دەخستە بەر چاو و گوێی خەڵك.. یەکێك لەو ئابڕووچوونەش نووسینەکەی سێرگسە، ناوبراو نووسیویەتی: کۆمۆنیزم لەساڵی ١٩٣٦ەوە لە شۆڕشگێڕیی نێونەتەوەییەوە بووەتە نەتەوەپەرستی و هێزی زەبەلاحی سەربازی پێکدەهێنێت و چەندان پارتی نێو وڵاتانی جۆراوجۆر لە خزمەتیدان، ئەو دەوڵەتە بەهێزەش گوژمە و پارەوپووڵ بۆ ئەو پارتانە دابین دەکات.. چونکە دوای ساڵی ١٩٣٦ ستالینییەکان پارتی سۆسیالیستی یەکگرتوویان دامەزراند کە کۆنگرەی سێیەمی ئەنتەرناسیونالی کۆمۆنیستی چاودێریی دەکرد.. ئامانجیش لەمە دامەزراندن و دروستکردنی هێزێکی نوێی ڕەفتار فاشیيانە بوو، بۆ ئەوەی بتوانێ فەرەنسا ئابلۆقە بدات، چونکە شیمانەیان کردبوو فەرەنسا لەو جەنگەی زەمینەسازیی بۆ دەکرێ لەوانەیە ببێتە هاوپەیمانی ڕووسیا.

مۆرین لە شوێنێکی دیکەدا نووسیویەتی سیاسەتی ئینگلیز لەدێرزەمانەوە ئەوەبووە دوژمنەکانی دابڕووخێنی، تاکو دواتر وەك پارێزەرێك خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ و ڕابوون و هەڵسانەوەی دووبارەیان ئەستەم بێت.. ئێمە دەزانین ئیسپانیا بە پلەی یەکەم قوربانیی بریتانیا و بە پلەی دووەمیش قوربانیی فەڕەنسایە.. خۆ ئەگەر ئیسپانیا بەرەو ئینگلترا خواری کردەوە، ئەوا فەڕەنسا زیاتر دەیچەوسێنێتەوە.. جا لەبەرئەوەی فەڕەنسا و ئینگلترا هەردووکیان دەوڵەتی سەرمایەدارین، ئەوا نابنە هاوپەیمانێکی سرووشتیی ئیسپانیا.. لەبەرئەوە ڕەوت و ئاراستەی لۆژیکی لە ئیسپانیا ئەوەبوو ڕووی خۆی بەرەو پورتوگال و ئەڵمانیاو ئیتاڵیا و ڕووسیا وەرسوڕێنێ، چونکە ئەو جۆرە بەرەیە وا لە فەڕەنسا و ئینگلترا دەکات بۆ ئەو ببنە دوو وڵاتی بێلایەن.

سێرگس لە شوێنێکی دیکەدا ڕوونی دەکاتەوە چۆن گردبوونەوەی چەپڕەوان لە ئیسپانیا توانیویانە لە ڕۆژنامەگەریی جیهانیدا پڕوپاگەندەی خۆیان بەشێوەیەکی بەرفراوان پەخش بکەن، لە کاتێکدا فرانکۆ لەلایەن ڕۆژنامەگەرییەوە زۆر بە کەمی ئاوڕی لێ دراوەتەوە.. سێرگس نووسیویەتی: هیچ کەسێك لە مێژوودا وەك ستالین نەیتوانیوە ڕێگەی چەپەڵ و نامەردانە بگرێتەبەر، چونکە ناوبراو و داورودەستەکەی لەپشت کۆنگرەی نێونەتەوەیی سێیەمی کۆمۆنیستیدا بەردەوام و بەبێ ڕەچاوکردنی ڕاستی و ڕاستگۆیی، پڕوپاگەندەی ناڕاست و درۆو دەلەسەیان بڵاو دەکردەوە.. ئەوان لەو پڕوپاگەندە بێبنەمایانەدا شێوازی دووبارەکردنەوە و گاڵتەپێکردنیان بەکاردەهێنا تا ئەو شێواز و ڕەوتە بۆ ئەوان بووە شتێکی میکانیکی..

خۆ وەنەبێ ئەو شێوازەیان تەنیا لە سنوور و چوارچێوەی نێوخۆیی بەکارهێنابێ،بەڵکو بیرۆکراتییەتی سۆڤییەتی بەشێوەیەکی نێونەتەوەیی گەشەی پێدا.. هەر لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەی ئەزفستیا لە فلنتیا درۆیەکی کردبایە، یەکسەر ڕۆژنامەکانی پاریس و ستۆکهۆڵم و برۆکسل و لەندەن و نیویۆرك و ملبۆرن و بیۆنس ئایریس ڕاستەوخۆ لێیان وەردەگرتەوە و پەخشیان دەکردەوە.. بەمشێوەیە ملیۆنان ڕۆژنامەی پڕ لە درۆودەلەسەی سەرلێشێوێنەر بڵاو دەبوویەوە.. ئەو ڕۆشنبیرانەش کە دژی فاشیزم بوون زانیاری و ڕۆشنبیرییەکی فراوانیان لەبەردەمدا نەدەمایەوە و باوەڕیان بە ڕۆژنامەگەری دەکرد، چونکە تاکە هۆکاری وەرگرتنی زانیارییەکان بوو.. لێرەوە مرۆڤ هەست دەکات جیهانی ئەمڕۆ بەدەست کردەیەکی زەبەلاحی شێواندنی (تضليل) ئەخلاقی دەناڵێنێ.. هەر ئەمەیشە وادەکات بە دڵنیاییەوە - کە جێگەی داخە- باوەڕ بە قسەکانی ترۆتسکی بکەم، کاتێك پڕوپاگەندەی کۆمنترینی ستالینی بە (نەخۆشیی سێکسیی)ی بزووتنەوەی کرێکاری لە قەڵەم دا.

قسەکانی سێرگ و مۆرین دوای جیابوونەوەیان لە مۆسکۆ، ڕێك وەك نووسینی نێو بڵاوکراوە پاپاییەکەیە کە پاپا بیۆسی یانزەیەم لە ئاداری ساڵی ١٩٣٧دا فەرمانی بڵاوکردنەوەی دا و لە بەشێکی ئەو بڵاوکراوەیەدا هاتووە: لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ ئەو بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنە بەرفراوانەی حزبە کۆمۆنیستییەکان هەیە.. بەڕاستی پڕوپاگەندەیەکی ئەهریمەنانەیە و جیهان پێشتر هەرگیز شتی وەهای بەخۆیەوە نەبینیوە.. چونکە هەر هەموویان لە یەك مەڵبەندی سەرەکیدا ڕێکدەخرێن و بەڕێوەدەبرێن، بە سەرانسەری جیهانیشدا بڵاو

دەبنەوە بەشێوەیەك لە گەڵ هەموو کەسێکدا بگونجێ.. هەروەها هەژموونیشی بەسەر سەرچاوە زەبەلاحەکانی داراییشەوە هەیە و بەردەوام لەژێر دەستی خۆیدا دەیانهێڵێتەوە، ئەمەیش دەرفەتی کۆنترۆڵکردنی جۆرەها ڕێکخراو و کۆنگرەی نێودەوڵەتی و ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی بۆ دەڕەخسێنێ.. ئەم پڕوپاگەندەیە سوود لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سینەما و شانۆ و ئێستگە و خوێندنگە و تەنانەت زانکۆیەکانیش وەردەگرێ.. وردەوردەش دەتوانێ بچێتە نێو ئەقڵی تاکە جۆراوجۆرەکانی سەرجەم چین و توێژەکانەوە.. هەروەها لایەن و ڕێگەیەکی دیکەی ئاسانی بڵاوبونەوەی کۆمۆنیزم هەیە، ئەویش دەمکوتکردن و ئابلۆقەدانی کەرتێکی نۆری ڕۆژنامەگەریی جیهانییە.. ئێمە دەڵێین تەنگەبەرکردن و ئابلۆقەدان، هەروەها ڕۆژنامەگەری بەردەوام بەهەڵپە و هەڵوەداییەوە بەدوای هەواڵدا دەگەڕێ بۆئەوەی لاپەڕەکانی خۆی پێ پڕبکاتەوە، و چاو لە هیچ هەواڵیکی ورد و درشت ناپۆشێ، چ جای ڕێکخستنێکی جیهانیی وەك کۆمۆنیزمی ڕووسی. ئەم بێدەنگی و قرووقەپ لێکردنە لەلایەك بۆ کورتبینیی هەنبەر ڕەهەندە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی هەبوونی چەندان هێزی بەدخوازەوەیە کە ئێستە و ماوەیەکی دوورودرێژە کار بۆ خاپوورکردنی جڤاك دەکەن.. ئێستە ئێمە بە چاوی خۆمان دەرەنجامە پڕ لە تراژیدیایەکانی ئەو پڕوپاگەندانە دەبینین.. ئەم تەشەنەکردنە بەرباڵوەی کۆمۆنیستی و شانازیکردنی ڕاشکاوانەی پاڵەوانەکانی بە وێرانکردنی کەلتووری مەسیحی و لە ڕەگەوە دەرکێشانی گشت یادەوەرییەکی لە دڵی خەڵکدا و بەتایبەت لە دەروونی لاواندا.. لە ئیسپانیاشدا هاتووەتە پێشێ، چونکە دەستیان بە هەر کەنیسە و

دێرێك ڕاگەیشتبێ، ئاتاریان لەسەر پاتاری نەهێشتووە و لەگەڵ زەوی تەختیان کردووە، هەروەها گشت نما و شوێنەوارێکی ئایینی مەسیحییان سڕیوەتەوە.. بیردۆز و پیلانەکەیان هەر بە کوشتنی مەترانەکان و هەزاران ڕاهیب و ژنان و پیاوانی نێو ئەو ئایینە نەوەستاون، بەڵکو دەستیان لەو کەسانەش وەشاندووە کە ژیانیان لە قەبێر خزمەتکردنی کرێکاران و هەژاران کردووە، زۆرینەی قوربانییەکانیان خەڵکی ئاسایی نێو ڕیزی جەماوەر و گشت چین و توێژەکان بووە.. هەموویان بە ڕقێکی درندانە و هۆڤانەی ئەوتۆ لەنێوبراون هەرگیز باوەڕ ناکرێ لە سەردەمێکی ئاوا پێشکەوتوودا ڕووی دابێ.. هیچ پیاوێکی ئاقڵ و سیاسییەکی بەرپرس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات ئەوەی لە ئیسپانیا دەگوزەرێ لەوانەیە سبەی یان دوو سبەی لە هەر وڵاتێکی دیکەی مەدەنیشدا دووبارە ببێتەوە.. ئەگەر بیرۆکەی خودا لە دڵی مرۆڤەکاندا بسڕێتەوە، هەر ڕووداوی لەم جۆرە دێنەپێشێ، چونکە لە دوخێکی وەهادا هیچ شتێك ناتوانێ لە دەستبردن بۆ قێزەونترین تاوانی هۆڤانە دووریان بخاتەوە.

بەشی سێزدەیەم

جەنگی نێوخۆیی ئیسپانیا

ژەنەڕاڵ مولا دەڵێ: دوای ئەوەی حکوومەتی سۆسیالیستی لە ئیسپانیا جڵەوی دەستهەڵاتی گرتە دەست و پاشا لە وڵات هەڵات، حکوومەتەکە بەرەو بیرۆکەی چوونە نێو ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵاتی ماسۆنییەکان دەچوو.. بەرپرسان و کەسانی ڕەسمی بیریان کردەوە ئەوان بە داواکاریی چوونە نێو ئەو ئەنجوومەنانە، لە مەترسیی ئەو ستەمە بەدوور دەبن کە زۆرینەی ماسۆنییەکانی نێو حکوومەت لەهەنبەر خەڵکیدا پێڕەویان دەکرد، لە هەمان کاتیشدا باوەڕبوونیان بە دەستهەڵاتی کۆماری دەسەلمێنن، بەمەیش لە وێرانبوون و فەوتانێکی بێ چەندوچۆن قوتار دەبن.

چەرچڵ نووسیویەتی: یارمەتیی کۆمۆنیستەکان دراوە بۆ ئەوەی حوکمڕانییەکی کۆماری پێکبهێنن، لەپێناو ئەوەی بتوانن جارێکی دیکە ئاشووب و هەراوزەنای ئابووری و سیاسی بنێنەوە و تا دۆخەکە دەگاتە ئاستێك وەها لە سەرۆك و سەرکردەکان بکرێ لۆژیکییانە بە گوێی هاووڵاتییانی نێو جڤاکە پڕ لە ئاشووب و شپرزەییەکاندا بچرپێنن تاکە

ڕێگەی گەڕاندنەوە و بەرقەرابوونەوەی یاسا و ڕەواندنەوەی ئەمی دۆخە ناهەموارەکە، تەنیا بە دکتاتۆریەتی پرۆلیتاری دەبێت.

هەنگاوی لۆژیکییانەی دوای ڕووخاندنی سیستەمی پاشایەتی، هێرشی چڕوپڕ بوو بۆسەر ئەو ئایینەی گەل باوەڕی پێی هەبوو، بۆیێ دوای دروستکردنی هەزاران گەنج و تولازی خوانەناس و بەلشەفیی دژ بە بەهایە کۆمەلایەتییەکان، عەلمانییەتیان هێنایە نێو خوێندنگەکان و هەلمەتێکی بەرفراوانیان دژ بە دەستهەلاتی باوکسالاری و دەستهەلاتی کەنیسە بەڕێوەبرد.. تەنیا چاوەنواڕی دەرفەتی گونجاو بوون، بۆئەوەی ئەو جەماوەرە دنە بدەن هێزی زۆرەملێ دژ بە یاسا و سیستم بەکاربێنن.

کۆبونەوەیەکی نێو یانەی ئەتینیۆی مەدریدی بۆ شرۆڤەکردنی بەرنامەی داهاتووی سیاسی بەڕێوەبرا و لەسەر ئەم هەشت خالەی خوارەوە ڕێککەوتن:

١)بەرپاکردنی دکتاتۆریەتێکی کۆماری.

٢) ڕاوەدوونان و سزادانی بێ خۆگنخاندنی هەموو ئەو کەسانەی لەژێر سایەی ئەو دکتاتۆریەتەدا هەر کارێکی ناڕەوا دەکەن.

٣) هەلوەشاندنەوەی پاسەوانی نیشتمانی و سوپا و پۆلیس و دانانی سوپای کۆماری لە شوێنیان کە لە چینی کرێکاران و ئەندامانی یانە کۆمارییەکاندا هەلبژێدراون.

٤) دەستگرتن بەسەر مولك و مالی دەستگە و دامەزراوە ئایینییەکان.

٥) خۆمالیکردنی زەوییەکان.

٦) لەنێوبردنی ئەو ئاژانسە ڕۆژنامەوانییانەی دژی سیستەمی کۆماریی دکتاتۆرین.

٧) سوود وەرگرتن و قۆستنەوەی خوێندنگەکان بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەگەڵ چەند هەیکەلێکی دیکە.
٨) دواخستنی پێکهێنانی پارلەمان.

بەرجەستەترین ڕێبەری سیاسیی ئەو کات ئازانای خاوەن بیری ئازادیخواز، بریتۆی سۆسیالیستی، کابالیرۆی کۆمۆنیست بوون.. ئازانا وەها خۆی نیشان دا پشتگیری لەو پێشنیازە توندڕۆیانە ناکات و گاڵتەی پێکرد، بەڵام بە نهێنی پشتگیریی لە گشت خاڵەکان دەکرد، چونکە هەر لەگەڵ ئەوەی هەڵبژێردرا، موو بەموو هەمووی جێبەجێ کردن.

دوای ڕێککەوتن لەسەر ئەو هەشت خاڵە، ئەنجوومەنی دامەزرێنەرانەی یاسادانان هەڵبژێردرا.. جا لەژێر دروشمی یاسا پارێزگەری لە گەل دەکات، دکتاتۆرییەتێکی بێ بەزەیی بەرپابوو و هیچ نما و ڕوخسارێکی دیموکراسییانەی تیادا نەدەبیندرا تەنیا ناوەکەی نەبێت، ئەویش کۆماری کرێکاری بوو.. دواتر شۆڕشگێڕێکی مەشقدیدە بەناوی جیمینزا ڕەشنووسی دەستووری دانا.. بەڵام ئیزانا هەموو هەوڵ و گرنگیدانی خۆی لەسەر لەنێوبردنی کەنیسە و پاکتاوکردنی پیاوانی ئایینیدا چڕکردەوە.. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٢دا ڕابیتەی ئەیتەیستی دامەزراند، بە پارەی گەل داهاتی بۆ گۆڤارەکەیان– سن دیۆس (ئەوانەی نکوڵی لە خواوەندیی دەکەن) دابین کرد.. لەژێر ناوی دیموکراسییەت گەیشتنە سەرجەم ئامانجەکانیان!! گەل لە ڕێگەی چەند سەرکردەیەکەوە ڕایانگەیاند: ئێمە ئێستە لەدەست هەژموونی کەنیسە و ئەو پیاوە ئایینییانە دەربازبووین کە لەگەڵ دەرەبەگ و پاشایانی داپڵۆسێنەر هاوپەیمان بوون و پەنجەیان تێکهەڵکێشابوو..

پاشان قۆناغی دواتری نەخشە و پیلانەکە هات ئەویش دروستکردنی کەشێکی پڕ لە هەراوزەنا و شپرزەیی و بێسەروبەری و کاری تێکدەرانە بوو، چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە کەتالۆنیا بەڕێوە دەچوو.. سەرەتا ژەنەراڵ بریمۆ توانی سەرکوتی بکات، بەڵام چالاکی و خەباتی شۆڕشگێڕی دیسانەوە سەری هەڵدایەوە.. پەیامنێری (مۆرنینگ پۆست)ی لەندەنی، لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٣دا نووسیبووی: عەنبارە زەبەلاحەکانی بۆمب و چەك و فیشەك لە گشت شوێنێکی ئیسپانیا دۆزرانەوە.. هەروەها پۆلیس دڵنیابوویەوە لەوەی پارەیەکی قەبە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش خەرجکراوە.. هەروەها لەکاتی پشکنینیشدا ڕوونبوویەوە ئەوانەی دەستگیرکرابوون پارەیەکی زۆریان پێ بوو.

لە ساڵی ١٩٣٤ و دوای شۆڕشەکەی کەتالۆنیا هەندێك ئەفسەر بە فرۆشتنی چەك تاوانبارکران، ئەمە بووە هۆی ئەوەی شۆڕش لە ئستروریا سەرهەڵبدات.

ئەوسا فرانکۆ هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ سوپای ئیسپانی ڕێکبخاتەوە و ئاستێك بۆ هەراوزەناو پشێوییەکە دابنێ.. بەڵام لەلایەن دەستهەڵات و لایەنە پێوەندیدارەکانی حکوومەتەوە، بەپێی پێویست یارمەتی نەدرا.. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ڕێکخستنی نهێنیی پارتی کۆمۆنیست زۆر تۆکمە بووە، چونکە لەیەك کاتدا و لە چەندان شوێنی دوور لەیەکتری شار و گوندەکان، زیاتر لە سێسەت کەنیسە سووتێندران.. هەروەها تیرۆر و تۆقاندن زۆر تەشەنەی سەند، تا کوشتن بووە پیشەیەکی زۆر ڕوون و هەرزان، بەشێوەیەك دەتواندرا بە ٥٠ بیزتا (کەمێك زیاتر لە نیو دۆلاری ئەمریکی) هەر دوژمنێکی

شۆرش بکوژرابایە.. بەمشێوەیە بەکرێگیراوانی مۆسکۆ هەلومەرجە پڕ لە پشێوی و ئاشووبەکەی نێو ئیسپانیایان قۆزتەوە، بۆ ئەوەی پیلانەکەی لینین جێبەجێ بکەن کە تایبەت بوو بەو وڵاتە.. کوشتن و پەلبڕین و دەستدرێژیی سێکسی و سووتاندن و خوێنڕشتن و کوشتن، هەرهەموویان چەند هۆکارێك بوون کۆمۆنیزم بۆ گەیشتن بە دەستهەڵات بەکاری هێنان.

بەمشێوەیە بارودۆخی ئیسپانیا لە خراپ بەرەو خراپترین چوو، هێشتا سەرەتای ساڵی ١٩٣٦ دانەهاتبوو هەڵچوون و شپرزەیی و ئاشووب سەرانسەری ئەو وڵاتەی گرتەوە.. ئەوسا ئەنجوومەنی یاسادانانی دامەزرێنەر هەڵوەشایەوە و ١٦ی مانگی شوبات وەك وادەی هەڵبژاردنی گشتی دیاری کرا.. تا وادەی هەڵبژاردنیش داهات، جیل رۆبلز و کالفۆ سۆتیلۆ هەڵمەتێکی دژ بە کۆمۆنیزمیان دەستپێکرد، بەڵام هەڵمەت و ڕیکلامی بەلشەفییەکان لە ڕێگەی بڵاوکراوەیەك بەناوی- هاوڕێیانی ڕووسیا- بەڕێوە دەچوو..

لەو سەروبەندەدا لارگۆ کالبیرۆی کۆمۆنیست، بەهۆی شکستخواردنی لە جێبەجێکردنی هەوڵێکی کودەتایی لە زیندان بوو.. مستەر ئەدوارد کنوبلەر چاوپێکەوتنێکی بەناونیشانی پەیامنێرێك لە ئیسپانیاوە، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازدا، تیایدا نووسیویەتی: ٢٦٥ کورسی وەدەستدەهێنین، بەشێوەیەکی ڕیشەیی سیستمی دەستهەڵاتەکە دەگۆڕین.. ئەو پێنج ساڵە تێناپەڕن ئێمە خۆمان بۆ دوا ئامانجمان ئامادەکردووە، ئەویش یەکییەتیی کۆمارەکانی ئیبریە.. ئەوسا نیمچە دوورگەی ئیبیری دەبێتە تاکە نیشتمانی هەمووممان.. من هیوادارم پورتوگال بە ڕێگەی ئاشتییانە تەڤلی واقیعەکە بێت، دەنا

ناچار دەبین - بەتایبەت ئەگەر دۆخەکە وەها بخوازێ- هێز بەکاربێنین.. دەشتوانیت لەمیانی میللەی پەنجەرەی زیندانەوە دەستهەڵاتداری داهاتووی ئیسپانیا ببینیت.. لینین ڕایگەیاندووە ئیسپانیا دووەم دەوڵەتی سۆڤییەتییە لە ئەورووپا، ئەم پێشبینییەشی وەڕاست دەگەڕێ، منیش دەبمە لینینی دووەمی وەدیهێنانی ئەو مەبەستە.

دوای هەڵبژاردنێکی تەواو لایەنگرانە کە ئیسپانیا لە مێژووەکەیدا هاوشێوەکەی بەخۆیەوە نەبینیبوو، سەرۆک زامۆرا نووسیویەتی: بەرەی میللی بەهۆی سیستمێکی زۆر خراپ و نادادەپەروەرانەی هەڵبژاردنەوە لە ١٦ی شوباتدا گەیشتە دەستهەڵات، هەر بەهۆی ئەو سیستمەشەوە بەرەی میللی زۆرینەی بەدەستهێنا، کەچی ڕاستییەکەی کەمینەیەکی دوور لە بردنەوە بوو (تێبینیت کردووە ئەمە دەرئەنجامی گشت هەڵبژاردنەکانە، چونکە تەنیا بەهێزترین و پارەدارترینی ئەو لایەنانە براوە دەبن کە ڕاگەیاندنێکی زەبەلاحیان هەیە).

بەڵام لە دەنگدانی یەکەمدا دەرئەنجامەکان لە بەرژەوەندیی بەرەی میللیدا نەبوون، چونکە لە کۆی ٤٦٥ دەنگدا ٢٠٠ دەنگی وەدەستهێنا.. بەم ڕێژە دەنگەش نەیتوانی حکوومەت پێکبهێنێ، بۆیێ ناچاربوون لەگەڵ کەمینەکانی دیکەی پارلەماندا هاوپەیمانییەك پێکبهێنن، لەبەرئەوە لەگەڵ باسك و چەندان لایەنی دیکە چوونە نێو هاوپەیمانییەوە و ئەنجوومەنێکییان پێکهێنا بۆ ئەوەی ئەرکی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی گشت پارێزگەکان بگرێتە ئەستۆ.. ئەوجا ناوبانگی هەندێك پاڵێوراوی ڕاستڕەویان لەکەدار کرد و گومانی خەڵکیشیان وروژاند لەوەی کەسانی بێ توانا و نەشارەزان، بەمەیش

توانیان له سەرکەوتنەکەیان دڵنیابن.. له ئەنجامی کۆتاییدا ڕێک وەك چۆن کابالیرۆ پێشبینیی کردبوو! ٢٦٥ دەنگیان وەدەستهێنا.. لەگەڵ ئەمەیشدا دەنگەکان بەمشێوەیە دابەشکرانە سەر قەوارەکان:

*پارتــە میانڕۆیــەکان و ڕاســتڕەوەکان ٤,٦١٠,٠٠٠ دەنگیــان وەدەستهێنابوو.

* پارتەکانی بەرەی میللی ٤,٣٥٦,٠٠٠ دەنگیان وەدەستهێنابوو.

بەمشـێوەیە میانڕۆیـەکان و ڕاسـتڕەوەکان زیـاتر لـە ٥٥٤,٠٠٠ دەنگیان وەدەستهێنابوو.

خوێنـەر دەتـوانێ درك بـەوە بکـات سـەرکەوتنی بـەرەی میللـی بـەهۆی یـەکبوونی هێـزە چـەپڕەوەکان بەشـێوەیەکی ڕوون و سـەیر هاتووەتە دی، لەو بەرەیەدا لە سۆسیالیستە میانڕۆیەکانەوە بگرە تـا دەگاتـە کۆمۆنیسـتی بەلشـەفی، هـەر هـەموویان لـەژێر ئـاڵای یـەك هاوپەیمانیدا یەکیان گرتبوو.

بەمشـێوەیە دەبینـین چـۆن کۆمۆنیسـتە سـتالینییەکان دۆخـی گشتیی ئیسپانیایان ئامادە کردبـوو تـا بگەنـە ئـەو دەرئەنجامانـە.. لـە دۆسـییە حکوومییـەکانی مـاوەی پـێش هەڵبـژاردنی شـوباتی سـاڵی ١٩٣٦دا هـاتووە: هـەر لەگـەڵ کۆتاییهـاتنی دکتاتۆریـەتی سـەرۆك دی ڕیڤرا لە ساڵی ١٩٣١، یـەك شـۆڕش هەڵگیرساوە و تیایدا ٢,٥٠٠ کـەس کـوژراون، هـەروەها حـەوت ڕاپـەڕین و ٩,٠٠٠ هـەزار مـانگرتن و پێـنج دواخسـتنی بودجـە و زیـادبوونی دوو بلیـۆن بیزیتـا لەسـەر بانکـە ناوخۆییـــەکان هاتووەتـــە ئـــاراوە، هـــەروەها ١٠٠٠ شـــارەوانی هەڵوەشێنراونەتەوە و ١١٤ ڕۆژنامە وەستاون، وڵات ماوەی دوو ساڵ و نیو لەژێر دەستهەڵاتێکی سەربازیدا بووە.

بەلام لە شەش هەفتەی دوای پێکهێنانی حکومەتی بەرەی میللی بە سەرۆکایەتیی ئیزاننا و کابالیرۆ و بریتۆ، ئەم ڕووداوانە هاتوونەتە پێشێ:

یەکەم: تیرۆکردن و دزی: لە چەق و مەڵبەندەکانی سەرکردایەتیی سیاسیدا ٥٨ ڕووداو، لە دەستگە تایبەتەکان ١٠٧ ڕووداو و لە کەنیسەکاندا ٣٦ ڕووداو، ڕوویان داوە.

دووەم: ئاگرکەوتنەوە: لە سەنتەر و مەڵبەندەکانی سەرکردایەتیی سیاسیدا ١٢ حاڵەت و لە دامودەستگە تایبەتەکان ٦٠ حاڵەت و لە کەنیسەکاندا ١٠٦ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە ڕووی داوە.

سێیەم: کار و کردەوەی تێکدەرانە: ١١ مانگرتنی گشتی، ١٦٩ ڕاپەڕین، ٧٦ حاڵەتی کوشتن، ٣٦٤ بریندار.

کابالیرۆ لە ناوچەی زاراگۆزا گوتارێکی پێشکێش کرد و گوتی: دەبێ ئیسپانیا خاپوور بکەین، بۆ ئەوەی ببێتە هی ئێمە.. لە ڕۆژی تۆڵەکردنەوەشدا داری لەسەر بەردی نایەڵین.. لە شوێنێکی دیکەشدا ڕایگەیاندبوو: پێش هەڵبژاردنەکان دەمانپرسی چیمان دەوێ، بەلام هەنووکە و دوای هەڵبژاردنەکان، بەهەر ئامرازێک بێت هەرچیمان بوێ دەیبەین.. با ڕاستڕۆیەکانیش پێشبینیی هیچ سۆز و بەزەییەکی کرێکاران نەکەن، چونکە ئێمە نایەڵین هیچ دوژمنێک لەبەر دەستمان دەربچێ.

ئازاناش بە ڕووییەکی خۆش و پڕ لە شادییەوە ڕایگەیاند: ئیدی ئیسپانیا هەرگیز وڵاتێکی کاسۆلیکی نییە.

لە ڕاپۆرتێکی هەواڵنێری ڕۆژنامەی تایمزی شوباتی ساڵی ١٩٣٦دا سەبارەت بە بارودۆخی بەرشەلۆنە هاتووە: ئەنجوومەنێکی حکوومی

هۆشداریی داوەتە چەند کەسێکی ڕەسمی بەوەی کە زۆر پێویستە لە مانگی شوباتدا دەستبەرداری پۆستەکانیان ببن، ئەم هۆشدارییەش یەکسەر جێبەجێ کرا.. دوای مانگێک نووسیبووی: ئێستە غەمی گەورەی گشت کۆمۆنیستەکان ئەوەیە دکتاتۆرییەتی پرۆلیتاری بنیاد بنێن.. دوای ماوەیەکی دیکەش نووسیبووی: سۆسیالیزمی ئیسپانی زۆر بەخێرایی بەرەو کۆمۆنیزم هەنگاوی هەڵێنا.. مارکس و لینین لەلایەن گەنجانەوە پشتگیرییەکی گەورەیان لێ دەکرێ و خۆیان بە قوتابییانی ئەوان دەزانن.. ئەو گەنجانە باوەڕیان وایە وەدەستهێنانی دەستهەڵات داواکاری و خواستی شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیزمی ئیسپانییە، هەروەها توندوتیژی و کاری توندڕۆیانە، هۆکاری سەرکەوتووانەی وەدەستهێنانی ئەو دەستهەڵاتانەن.. باوەڕیشیان وەهایە تاکە ڕێگەی پاراستنی دەستهەڵات دکتاتۆرییەتی پرۆلیتارییە.. بەمشێوەیە ڕێوڕەسم و ڕێکارەکانی ئەو ڕێبازە ڕووخێنەرە بەشێوەیەکی بەرفراوان تەشنە دەستێنێ.. هەمان ئەو هەواڵنێرە لە ئاداری ساڵی ١٩٣٦دا دیسانەوە نووسیبووی: ئەندام پارلەمانەکانی ئیسپانی هەمان سروودی نیشتمانیی ڕووسییان گوتەوە و مشتەکانیان بەرز کردبوویەوە و سڵاوی کۆمۆنیستییان کردبوو.

ئێستەیش لە خۆمان دەپرسین: بۆچی گەنجانی ئیسپانی بە کۆمەڵ بوونە کۆمۆنیستی؟

بەدواداچوونەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئیزانا- یەکێک لە سەرکردە شۆڕشگێڕەکان- وەک خاوەن هزری ئازادیخوازی و باوەڕدار بە سۆسیالیزمێک خۆی پیشان دا کە دژی ئایین ناوەستێتەوە..هەروەها لەهەنبەر ئەو ترس و تۆقاندنەی تێکدەران و کۆمۆنیستەکان

دەیاننواند، نارەزایی دەردەبڕی.. بەڵام کاتێك گەیشتە دەستهەڵاتی سیاسی، ئەم وێنەیەی بۆ خۆی کێشابووی بە تەواوی گۆڕا، چونکە دەستهەڵاتەکەی بۆ لەنێوبردنی ئەنجوومەن و گردبوونە ئایینییەکان و قوتابخانە ئایینییەکان بەکاردەهێنا، دواتریش بڕیاری دروستکردنی قوتابخانە عەلمانییەکانی خستە ئەستۆی فرانسیسکۆ.. ئیدی بەمشێوەیە خوێندکاران لەکاتی دەستپێکردنی وانەکانیان سروودی عەلمانییانەیان دەگوتەوە، لەو سروودانەش:

ئێمە ڕۆڵەی شۆڕشین، ئێمە ڕۆڵەی ئازادین.. بە ئێمە خۆری نوێی مرۆڤایەتی هەڵات.

هەروەها لە قوتابخانەکانی بەرشەلۆنەشدا چەند سروودێکیان دەگوتەوە، لەوانە:

بۆمبێك بهاوێژە، مینەکە جوان دابنێوە، بە توندی دەمانچە بگرە دەست، سرووده نیشتمانییەکان بلێرەوە.. بەچەکەوە تا مەرگ ئامادەبە، بە دەمانچە و دەنەمیتەکەت حکوومەت وێران بکە!!

چەند سروودێکی دیکەی هاوشێوەش هەن کە لە ڕادیۆی مۆسکۆدا بە زمانی ئینگلیزی پەخش دەکران و لەنێوان ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ ئاراستەی کۆمۆنیستە ئینگلیزەکان دەکران، بەمشێوەیە سەرنووسەران و کەسانی بەرپرسی ڕۆژنامە بریتانی و ئەمریکییەکان ڕەتیان کردەوە ڕاستییەکان بڵاوبکەنەوە، چونکە بەشێوەیەکی هێندە سەیر بڵاو ببوونەوە کەس نەیدەتوانی باوەڕیان پێ بکات.. لەگەڵ ئەمەیشدا ڕاستییە تاڵەکە لە نامەیەکی فرانسیسکۆ بۆ هاوڕێیەکی ئاشکرابوو، لە نامەکەدا نووسیبووی: جا بۆ ئەوەی خەڵك نەترسێنین و پاساوی داخستنی دەستگەکانمان نەدەینە دەست، بە قوتابخانە

نوێیەکان ناومـان دەبـردن، نـەك بـە قوتابخانـەکانی فێرکردنـی بنەمایەکانی ڕەتکردنـەوە و گۆڕانکـاری.. هـەر چەندە مـن حـەزم لـە بەرپاکردنی شۆڕشە، بـەڵام لەوکاتیـدا تـەنیا ئەوەندەم پـێ بـەس بـوو مزری شۆڕشگێڕی لە مێشکی گەنجاندا بچەسپێنم، بەشێوەیەك دژ بـە پۆلیس و پیاوانی ئایینی باوەڕی سەتاسەتیان بـە زەروورەتـی نوانـدنی توندوتیژی هەبێت و تاکە ئامرازشییان ببێتە بۆمب و ژەهر.

ئـەو نامەیـە وەك بەڵگەیـەك دژی فرانسیسـكۆ بـەکارهات، کاتێـك هێزەکانی فرانكۆ لە سەردەمی جەنگی نێوخۆییـدا دەسـتگیریان کـرد.. کاتێکیش بە تۆمەتی ناپـاکی حـوکمی لەسێدارەدانیان بـۆ فرانسیسـکۆ دەرکرد، ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵات لە پاریس تەواو هەڵچوو، لەلای گشت ئەنجوومەنەکانی دیکەی جیهان نارەزایی دەربـڕی، بـەو پاسـاو و بانگەشەیەی فرانسیسکۆ چالاکیی دژ بە کاسۆلیکی بەڕێوەبردووە.

هـەر ئەوەنـدەش بەسـە گوتەکـەی لیـنین بهێنینـەوە: باشـترینی شۆڕشـگێڕەکان ئـەو گەنجەیـە خـۆی لـە ڕێبـازە ئەخلاقییـەکان ڕزگـار کردووە.. ئێمەیش دەزانین گوتەکانی لینین لەلای کۆمۆنیستەکان وەك یاسا وەهـان. لەبەرئـەوە گشـت تاکـەکانیان کاریـان بـۆ دروسـتکردنی نەوەیەکی گەنجان کرد –لە هەردوو ڕەگەزدا– کە باوەڕیـان بـە بەهایـە کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان نەبوو.

هـەنگاوە سـەرەتاییەکانی بەرنامـەی پـەروەردەکردنی گـەنجانی شۆڕشگێڕ بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی پێوەندییـەکانی خانـەوادەیی و دنەدانی منداڵان دژ بە دەستهەڵاتی باوکانیان تەنانـەت پـێش ئـەوەی بگەنـە تەمـەنی پێگەیشـتن.. ئـەو تێکدەرانـە وەهایـان لـە منـداڵان گەیاندبوو باوکانیان نەوەیەکی کۆنەپەرستی دواکـەوتوون و منـداڵانیان

لەسەر درۆ و ئەفسانە پەروەردە دەکەن، ڕێك وەك سەربردەکەی بابانۆیل و ئەو شوێنەی منداڵی لێ دێتە دەرەوە !

تێکدەرەکان هۆی دواکەوتوویی باوکانیان وەك ئەنجامێکی چەوساندنەوەی سەرمایەداری لێکدابوویەوە، پێشیان وابوو ئەوەی کۆن قوربانیی دابونەریت و ڕێوڕەسمە کۆنەپەرستییەکانە.. لێرەوە لەسەر منداڵ پێویست بوو دایبابی لەسەر مزری نوێی هاوچەرخ پەروەردە بکات، هەرگیز ڕێگەشیان پێ نەدات کۆنترۆڵی بکەن و بە ئارەزووی خۆیان ئاراستەی بکەن.. ئامانج لەو هەڵمەتە ڕووخێنەرەش ڕووکاندنەوەی پیرۆزییەکان و یەکییەتیی ژیانی خانەوادەیی بوو.

هەنگاوی دووەمیش بریتیی بوو لە: لادانی هەستی ڕێزگرتنی منداڵان لە هەنبەر پیاوانی ئایینی.. جا بۆ ئەوەی بگەنە ئەو مەبەستە، پیاوانی ئایینیان وەك توێژێکی کەم ئەقڵ و بێدەستەڵاتی نێو جڤاك وێنا کردبوو، دەیانگوت ئەو پیاوە ئایینییانە خزمەتکاری چینە دەستەڵاتدارەکەن.. منداڵانیانیشیان لەسەر گوتە بەناوبانگەکەی مارکس ڕادەهێنا کە دەڵێ: ئایین ئەفیوونی گەلانە. چونکە تەنیا لەپێناو چاککردنەوەی ڕووح مرۆڤ لەسەر ملکەچی و ڕازیبوون بە هەژاری و نەخۆشی و کاری تاقەتپڕووکێن ڕادەهێنێ..بەمشێوەیە ڕاهیبەکان لە چاوی گەنجاندا بوونە ئەو گورگانەی خۆیان لە پێستی مەڕدا شاردووەتەوە و وەك ئەو قەلانە دەهاتنە بەرچاویان کە لەسەر نەزانی و کاڵفامیی جەماوەری گەل دەلەوەڕێن.. خۆ ئەگەر ڕاهیبێك لە ئابڕووچوونێك بگلابووایە، ئەوا گشت هۆکارێکی پڕوپاگەندەیان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی بیکەنە بەهانەی تێکشکاندنی سەرتاپای ئایین.

هەر لەو کاتەش ئەو وێنە قێزەونەی پیاوانی ئایین لە مێشکی گەنجان چەسپا، هێرشی ڕاستین بۆ سەر ئایین دەستی پێدەکرد و بەشێوەیەکی زۆر قێزەون و ناشرین گاڵتە بە ئایین دەکرا.. بۆ نموونە دەیانگوت مەسیح کوڕە ناشەرعییەکەی ئەو کچە گەنجە جوولەکەیە کە یووسفی لەخشتەبرد وەهای تێگەیاند کوڕەکەی دیارییەکی ڕووحی پیرۆزە.. هەروەها وێنای مەسیحیان وەك فێڵبازێك دەکێشا کە بە ئەفسوون و جادوو، لاوازی و کەموکورتییە کەسییەکەی دەشارێتەوە و ناوی لەو ئەفسوونە ناوە پەرجوو.. دەشیانگوت دوانزە قوتابییەکەی مەسیح یارمەتیدەرە بەدخوازەکانی بوون!! بەو ئاستەش نەوەستان، بەڵکو سەربردەکانی مەسیحیان - کە لە منداڵیدا پینەدۆز بووە - بە واتایەکی دیکە بەکاردەهێنا و دەیانگوت بۆ فرۆشتنی عەرەق و مەشرووب لە ئاهەنگەکانی بووکگواستنەوەدا سیحری بەکارهێناوە.. هەروەها مەسیح و گشت شوێنکەوتە کاسۆلیکییەکانیان بە گۆشتخۆرانی مرۆڤ تۆمەتبار دەکرد، لەمەیشدا پشتیان بە دەقێکی تەوراتی دەبەست کە تیایدا دەڵێ: مەسیح سەرزەنشتی شوێنکەوتەکانی کردووە ئەگەر گۆشتەکەی نەخۆن و خوێنەکەی نەنۆشن، نەمریی وەدەستناهێنن!!

نەوجەوانەکانیش لە ڕێگەی پیاسە و هاوڕێیەتییەوە مەشقیان پێ دەکرا، ڕاهێنەرێك لەگەڵ نەوجەوانێك دەبوو و ئازادیخوازیی فێر دەکرد، ئەو نەوجەوانەش دواتر خۆی لە گشت بەهایەك دادەماڵی و بەتەواوی خۆی لە گشت یاسایەك ڕادەپسکاند.. نەوجەوانەکان فێر دەکران تاکە گوناه و تاوانی گەورە گوێڕایەڵ نەبوونە بۆ سەرکردەکانیان، هەروەها

تەنیا دوو تاوانیش هەن لەوانەیە تاکەکەس بیانکات: پشتگوێخستنی ئەرك، ناپاکیکردن لە نهێنییەکانی حزب.

دوای ئەو هەنگاوانەش، قۆناغی بەریککەوتن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلیس دەستی پێدەکرد.. جا بۆ ئەوەی گەنجانی تازەکار و ئەوانەی تازە مەشقیان بینیوە لەسەر ئەو کردارانە ڕابێن، دەیانخستنە نێو چەند گرووپ و کۆمەڵەیەکەوە کە لەلایەن سەرکردە کۆمۆنیستەکانەوە سەرکردایەتییان دەکرا.. ئەو سەرکردانەش گەنجانیان لەسەر پێشێلکردنی سیستم و یاسا ڕادەهێنا و ناچاریشیان دەکردن بکەونە شەڕەوە بۆ ئەوەی ئاشنای هێز و دەستهەڵاتی جەستەییان بن.. دواتریش دنەیان دەدان تاوانی بچووك بکەن، ئەو تاوانکارییە بچووکانەش هەنگاوی یەکەمی کردنی تاوانی دیکە بوون، دواتریش ڕێگەیان پێ دەدرا زیاتر و زیاتر ئاشنای ڕێکخستنی نهێنییانەی کۆمۆنیستی بن.

کۆمۆنیستەکان چیرۆکەکانی تاوانکاری و تەمسیلییە سێکسییەکانیان وەك بەشێك لە جەنگە دەروونییەکانیان بەکاردێنن.. ئەو نواندنانەش بەشێوەیەکی تایبەت ئامادە کراون بۆ ئەوەی پاڵنەرە بەدخوازە سادییە شاراوەکانی نێو دەروونی منداڵ بوروژێنن.. هەروەها قەڵغانی ئاکاریی هەندێك منداڵی لاواز دەکرد.. تەنانەت خودی گەمەکردنیشیان ببووە دەمانچە و سەرباز و تفەنگ، هەروەها بەشی هەرە زۆری فیلمە سینەماییەکانیش تاوانکاری و تەقەکردنیان تیادابوو.. کۆی ئەم شتانەیش کاریان بۆ وێرانکردن و تێکشکاندنی ڕووحی ئاساییانەی مەسیحییەت دەکرد لە منداڵاندا، وای لێیان دەکرد لەگەڵ دیمەنە توندوتیژەکان و مردنی کتوپڕ و بەکارهێنانی چەك و

تفاقی شەڕ رابێن.. چەندان پەرتووك و گۆڤاری ڕووتیشیان لە چاپ دەدا و بە نرخێکی هەرزان و بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاویان دەکردنەوە.. ئەو چاپەمەنییانەیش بەشێوەیەکی تایبەت بۆ تێکشکاندنی ئەو ڕەهەند و نما ئەخلاقییانە ئامادەکرابوون کە بەهایە کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکانی مەسیحی برەوی پێیان دابوو.

خەڵك زۆر بە کەمی درکی بە کاریگەریی سینەما دەکرد.. سینەمای نوێ ڕۆڵێکی نوێ و هاوچەرخی گەورەی لە هەڵگەڕانەوەی گەنجان بەڕووی ماڵ و خانەوادە و نیشتمان و ئایینەکانیان هەبووە.. هۆڵەکانی سینەما چەندان فیلمی دووردرێژیان نمایش دەکرد و گشت کارە تاوانکارییانەیان پیشان دەدا، ئەو ڕۆڵە تاوانکارییانەش لەلایەن ژن و پیاوانی بەدڕەوشت دەگێڕدران، کردەوەکانیشیان هێندە قێزەون و چەپەڵ بوون، ویژدان سزای دەدان و یاسا قەدەغەی دەکردن.. لە کۆتاییەکەشدا تەنیا یەك خولەك بۆ سزادانی ئەو جۆرە کەسانەی نێو فیلمەکان تەرخان دەکرا، یان دەمردن یانیش پیاوانی یاسایی دەستگیریان دەکردن!!.. کاتێکیش فیلمی شۆڕشی مەکسیکی لە شاری گالڤستۆنی تکساسدا نمایش کرا و بەشێوەیەکی ڕاستین وێنەی ڕووداوەکانی شۆڕشەکەی نمایش دەکرد کە تیایدا پیاوان دەکوژران یانیش لە ماڵەکانیان پەلکێشی دەرەوە دەکران و لەسەر دەستی شۆڕشگێڕان سەریان دەپەڕێندرا، ژنانی بینەر لەهۆش خۆیان چوون.. بەڵام پیاوەکان بەزۆری ڕشانەوە.. ئەمەیش بووە هۆی قەدەغەکردنی ئەو فیلمە.. بەڵام لە ئێستەدا دەبینین فیلمی لەمجۆرە لە ئاهەنگە تایبەتەکاندا پێشکێش دەکرێ و منداڵان و نەوجەوانان بەگەرمی داوای دەکەن، هێندەش توندوتیژ و دڵڕەق بوون ئیدی ئەو دیمەنە

خوێناوییانە هیچ کاریگەرییەکیان لێ ناکات و بەبێ هیچ هەراسانبوونێك تەماشای دیمەنەکانی کوشتن و دەستدرێژیی سێکسی دەکەن.. کۆی ئەم نەخشە و پیلانانە ئەو بنەما و ڕێبازە شۆڕشگێڕییە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێ ئێمە تەنیا لە ڕێگەی کردەی شۆڕشگێڕانەوە دەتوانین ڕیفۆرمێکی زۆر گرنگ ومکوڕ وەدی بهێنین.

لەو ولاّتانەی هێشتاکە سەرکردە و سەرۆکەکانیان ملکەچی سەرکردەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانی نەبوون، چەند ئاژانسێکی تایبەتی فیلمەکان چەند شتێك دابەش دەکەن کە لە خەیاڵیش بەدوورن، وەك دیمەنە ڕووتەکان و لەشفرۆشی و داوێنپیسی، بۆ ئەوەی بە نهێنی پیشانی کۆمەڵە خەڵکێك بدرێن.. ئەو فیلمانە گشت ئەو لادانە سێکسییانە دەخەنەڕوو کە مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوەی بینیوە (ئێستە ئەو فیلمە پۆڕنۆیانە لە کەناڵە ئاسمانییەکان و زەمینییەکانیش پەخش دەکرێن!) .. ئەم فیلمانە بۆ تێکدانی گەنجان بەکاردەهێنرێن، ئەمەیش دنەیان دەدات بەئاسانی بچنە نێو ڕیزی ڕێکخراوە ڕادیکالەکانەوە.

بەمشێوەیە گەنجانی شۆڕشگێڕ پەروەردە دەکرێن.. تاکو ئەگەر دوژمنایەتیی خۆیان لەهەنبەر ئایین و بەهایە کۆمەلاّیەتییەکان پیشان بدابووایە ڕەهەندەکانی توندوتیژی و توندڕۆییان لێ بەدی بکرابایە، دەنێردرانە مۆسکۆ. لەوێشدا لەسەر جەنگی شۆڕشگێڕی و جەنگی شەقامەکان ڕادەهێندران.. ئەمەیش لەو مەشقانە جیابوون کە سەرکردە ڕۆشنبیرەکان و کرێکاران دەیانکردن.

جەنگی دەروونیی شۆڕشگێڕانە لە ولاّتانی خۆرئاوایی و ئیسپانیاشدا ڕۆڵی خۆی بەسەرکەوتوویی گێڕا و ئامانجەکانی بەتەواوی

مێنایە دی، چونکە مرۆڤ لەو شوێنانەدا گوێبیستی دوا گۆڕانکارییەکانی جیهان و هەواڵی تاوانەکان و ڕووداوی فڕۆکەکان و هاتوو چوو و تیرۆرە مۆڤانەکان دەبوو، دواتریش وەك بڵێی مێشیش میوانی نەبێت دەچوو بە ئاسوودەیی لێی دەخەوت.. خۆ ئەگەر ڕووداوی لەمجۆرە پێش پەنجا ساڵ لەمەوبەر ڕووی بدابووایە خەوی لە چاوان دەتۆراند.

ئەو کارە تیرۆرستییانە بوونە چەند دیاردەیەکی باو و ڕۆژانە ڕوویان دەدا، وای لێهات ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی لە ڕابردوودا دووچاری هەڵچوون و شڵەژانیان دەکردین، بەهیچ شێوەیەك کارمان تێنەکەن و بەلامانەوە زۆر ئاسایی بن، خۆ کاتێکیش دەمانبیست فلانە حکومەت بەهێزی سەربازی ڕووخێندراوە هەر گرنگیشمان پێی نەدەدا، خۆ ئەگەر کەمێك بەلامانەوە گرنگ بووایە، بۆ وەستاندنی ئەو جۆرە دۆخانە هەوڵێکمان دەخستەگەڕ.

کاتێك کۆمۆنیزم بەتەواوی باڵی بەسەر ئیسپانیادا دەکێشا، خەڵك دەیانگوت کۆمۆنیزم لێرە هیچ شتێکی لەدەست نایەت، چونکە زۆرینەی خەڵك گوێیان لەو کەسانە ڕادەگرت کە باسیان لە ئاسایش و سەقامگیرییەکی ساختە دەکرد.. کاتێك دوژمنانی خۆیان دەبینی ڕێك وەك شینەشاهۆ سەریان لەژێر خۆڵ دەنا و وایان دەزانی بەمجۆرە لە بەلا و موسیبەتەکانیان دوور دەبن.. بەڵام دەبێ بزانن بە خۆشاردنەوە و ڕەفتاری شینەشاهۆیانەوە ناتوانن مرۆڤێك لە دەستی بکوژ یان داگیرکەرێك دەرباز بکەن و تەنانەت لە بۆمبێکی مەترسیداریش دووری بخەنەوە.

کاتێك وادەی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکەی ئیسپانیا داهات، دابەشکارانی ئەدەبی ڕووت و وێنەی لەشفرۆشان گورپوتاوێکیان

هاتەوەبەر، تەنانەت لەبەردەم دەرگەی کەنیسەکان دەوەستان و لەو کاتەی نوێژکەران دەچوونە نێو کەنیسەکە و لێی دەهاتنە دەرەوە، ئەو جۆرە وێنانەیان پێیان نیشان دەدا! !.. بەرگی ئەو بڵاوکراوانە وێنەی ڕاهیبەکانیان لە دۆخێکی زۆر ئابڕووبەرانە لەسەربوو.. مەستەر کنۆبلۆی پەیامنێر کە بەڕاستی بە سەرچاوەی تایبەت بە بەسەرهات و ڕووداوەکانی جەنگی نێوخۆی ئیسپانی دادەندرێ، لە پەڕتووکەکەی خۆیدا بەناوی (پەیامنێرێك لە ئیسپانیاوە) دەنووسێ: ماوە ماوە، شاندی پیاوانی ئاینیی پرۆتستانتی، دەهات و بە چەند وشەیەك ناڕەزایی لەهەنبەر ئەو نووسینانە دەردەبڕی کە دەرهەق بە پیاوانی ئاینی دەنووسران.. بەڵام بەباشترین شێوە پێشوازییان لێ دەکرا، دواتریش ڕێبەرێکی تایبەت شاندەکەی دەبردە ئەو شوێنەی دەستهەڵاتدارە کۆمۆنیستییەکان دەیانویست.. دوای یەك دوو ڕۆژ و پاش ئەوەی بەتەواوی کاریگەرییان لێ دەکردن، دەگەڕانەوەماڵەوە.. بەڵام ڕۆژێك شاندێکی پیاوانی ئاینی چووە پەڕتووکخانەیەك و بەدوای هەندێك پەڕتووکدا دەگەڕا.. جا پێش ئەوەی فەرمانبەری پەڕتووکخانەکە بتوانێ ڕێیان لێ بگرێ، هەندێك ژمارەی گۆڤاری La Traca و Bicharracos کەوتنە بەرچاویان، لەسەر بەرگی ئەو گۆڤارانەشدا وێنەی ئابڕووبەرانەی ژن و پیاوانی ڕاهیبی نیمچە ڕووت هەبوو.. هەروەها گۆڤارەکان چەندان وێنەی ڕووت و نا ئەخلاقییان لەنێودا چاپ کرابوو.. شاندەکە وەك ئەوەی جنۆکە دەستی لێیان وەشاندبێ لە پەڕتووکخانەکە هاتنە دەرەوە.

دەتوانین بەراوردێك لەنێوان دۆخی ئیسپانیای ساڵەکانی نێوان ١٩٢٣ و ١٩٣٦ و کەنەدای ئێستە بکەین.. ناکۆکییەك لەنێوان ئەو

دانیشتووانانه هەیە کە بەزمانی ئینگلیزی دەپەیڤن لەگەڵ ئەوانەی بە فرەنسی دەئاخڤن.. لە ئیسپانیادا گەلی باسک دەژیەت و بەو زمان و کەلتوور و دابونەریتانە دەناسرێتەوە کە بۆ سەردەمێکی زۆر دێرین دەگەڕێنەوە.. ئەو گەلە بە نەفسبەرزی و فرەدینداری دەناسرێنەوە.. باسکەکان هەروەك کەنەدی وفرەنسییەکان پێیان وایە شایستەی سەربەخۆیی نەتەوەیین.. جا بۆئەوەی ئەو سەربەخۆییەش وەدەستبێنن، بزووتنەوەیەکی جوداییخوازیان بۆ ڕزگارکردنی باسك و جیابوونەوەی لە ئیسپانیا پێکهێناوە.. زۆر ئاساییە بۆ پیلاندانەرانی بزووتنەوەی جیهانی لە ئیسپانیا، دۆخێکی وەها بقۆزنەوە و پشتگوێی نەخەن، چونکە باسکییەکان گەلێکی کاسۆلیکیی فرەدیندارن، کاتێکیش لەپێناو سەربەخۆییدا دەجەنگن باوەڕی تەواویان بە ڕەوایی پرسەکەیان هەیە.. بەلام زۆرینەی ئەو گەلە لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیان، لەگەڵ کۆمۆنیستەکان کاریان کردووە، بەبێ ئەوەی بزانن لەگەڵ کێ هاوپەیمانن.. ئەمەیش لەو کاتەدا ڕووی دا کە کۆمۆنیستەکان دزەیان کردە نێو جڤاکی باسکی و و ڕاستینەی خۆیان شاردەوە، تا بوونە سەرکردەی بزووتنەوە جوداخوازییەکە.. ئەوسا لەژێر دروشمی نیشتمانی و گوڕوتاوی ئایینییەوە گەلی باسکیان بەرەو قەسابخانەی خوێناوی برد.. ئەو سەرکردانە وەك سەرۆگ نگوییر و گیرال و نیرجن، لەسەر دوو پەت بازبازێنیان بوو، هەردوو دروشمی خاچی مەسیحی و چەکۆش و داسی کۆمۆنیستەکانیان بەیەکتر بەستبوویەوە.. کاتێکیش شۆڕش هەلگیرسا لە جەماوەرەکە دوورکەوتنەوە جەماوەرەکەش بەبێ هیچ پشت و پەنایەك ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی کرایەوە.. جا لەو کاتەی سەتان کەس دەکوژران،

ئـەگوێیری سـەرۆکی دەوڵـەتی باسـك و سـەرکردە سـەربازییەکەی لـە نووسینگەکەی بلباو بۆ غەم لێی دانیشتبوون.

لە پەڕتووکی (ستەمی سوور لە وڵاتی باسك)دا هاتووە:

کاتێـك ڕۆژی دیـاریکراو داهـات، جوداخـوازانی باسـك لـەو کاتـەی سۆزێکی کوێرانە دنەی دەدان، هەستیان دەکرد بەشێوەیەکی زۆر پتەو لەگـەڵ کۆمۆنیسـتـەکان و ئەیتەیسـت و تێکدەرانـدا یـەکیان گرتـووە.. باسـك کەوتـە جەنگـەوە و بەرپرسـیاریەتیی سـەرپەڕاندن و کوشـتنیان گرتە ئەستۆ، باوەڕیشیان بـە گشـت هۆکـارە هۆڤانـەکان هـەبوو.. ئـەو کەسانە گوتەی (بابا بیۆسی یانزەیەم)ی ڕێبـەری ئایینییـان فـەرامۆش کرد کە وەك فەرمانێکی گشتی دەرچووبوو و بەسەر گشت ئەبرەشییە ڕۆمـە کاسـۆلیکەکاندا دابـەش کـرا و تیایـدا گوتبـووی: بێگومـان کۆمۆنیستی هەڵگەڕانەوەیە لە ئایین.. هەرگیز و بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بەو کەسـانە نـادرێ کـە حـەز لـە خزمـەتکردنی کـەلتوور و ڕۆشـنبیریی مەسـیحی دەکـەن، بچـن لەگـەڵ کۆمـۆنیزم پەنجـە تێکهەڵکێشـن و هاوکارییان بکەن.

***

بەشی چواردەیەم

فرانکۆ

جەنگی نێوخۆیی ئیسپانیا لەساڵی ١٩٣٦دا هەڵگیرسا. کالقۆ سۆتیلۆ لە ئەنجوومەنی یاسادانان ڕایگەیاند: لە ماوەی نێوان شوبات و حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٦، ١١٣ مانگرتنی گشتی، ٢١٨ مانگرتنی بەشۆکی ڕوویان دا، ٢٨٤ تەلار و باڵەخانە و ١٧١ کەنیسە و ٦٩ یانە و ١٠ نووسینگەی ڕۆژنامەوانی سووتێندران و ٣٣٠٠ کردەی تیرۆرکردنیش بەڕێوەبران.

بەهۆی ئەم ڕاگەیاندنەوە، کساریس کویرۆگای سەرۆکوەزیران قەڵمبازێکی دا و بە توورەییەوە وەڵامی دایەوە: لەو هەڵچوون و گرژییانەی بەهۆی گوتارەکەتەوە دێنە ئاراوە خۆت بەرپرسیاری یەکەمیت.. بەڵام دۆلۆریز ئیباروری کۆمۆنیست لە ئەنجوومەنەکەدا هەڵسایە سەرپێ و بە قیژەوە ئاماژەی بۆ سۆتیلۆ کرد و بەسەریدا نەڕاند: ئەم پیاوە دوا گوتاری خۆی دا.

هەروەهاش دەرچوو، ئەمە دوا گوتاری سۆتێلۆ بوو، چونکە لەماڵەکەی خۆیدا لەلایەن چەند سەربازێکی فەرمانبەرداری کاپتن دۆن ئەنجل مۆرینۆ پەلکێش کرا و ڕاپێچی گۆڕەپانی کەنیسەیەکی نزیکیان کرد و کوشتیان.. ئەو ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی هەندێك ژەنەڕاڵ واز لە ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵات بێنن و داوا لە فرانکۆ بکەن

سەرکردایەتیی وڵات بگرێتە دەست.. دەبێ بزانین دۆلۆریز ئیباروری ژنە شۆفارێکی ستالین بوو، ئەرکەکەشی خراپکردنی ئەفسەرانی سوپا و ڕێکخستن و پیلاندانان بوو بۆ هێرشکردنە سەر هێزە حکوومییەکان..ناوبراو ئەرکە فرە ڕەهەندەکەی بە باشترین شێوە ڕادەپەڕاند.

دوای تیرۆرکردنی سۆتیلۆ پاسەوانی لەناکاو هێرشیان کردە سەر ماڵی چەندان کەسایەتیی بەناوبانگی دژ بە کۆمۆنیزم، بەڵام زۆربەیان توانیان ڕابکەن چونکە پێشوەخت ئاگادار کرابوونەوە.

لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٣٦دا فرانکۆ بە تەلەفۆن پێوەندیی بە ژەنەڕاڵ بۆزاسی سەرکردەی پاسەوانی میللی کرد و هۆشداری دایە کە کۆمۆنیستەکانی هەڵبژێدراو بۆ ئەنجوومەنی یاسادانان، بە ئامانجی ڕووخاندنی حکوومەتی کۆماری، هەوڵی نانەوەی پشێوی و کاری توندوتیژی دەدەن، دواتریش پێوەندیی بە ژەنەڕاڵ مۆلێرۆی وەزیری جەنگ کرد ودۆخە مەترسیدارەکەی بۆ ڕوونکردەوە.. فرانکۆ پێشنیازی کرد ڕێگەی پێ بدرێ حوکمی نەریتی (العرفی) لە وڵاتدا ڕابگەیەنێ.. فرانکۆ توانی ڕەزامەندیی زۆربەی سەرکردەکان وەدەستبێنێ بۆ ئەوەی شەپۆلی توندوتیژی و کاری تێکدەرانە ڕابگرێ، تەنیا واژۆی ئەنجوومەنی وەزیران مابوو، بۆ ئەوەی سیستم و یاسا بگەڕێنێتەوە و ڕێگە لە ڕابوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی بگرێ کە دژ بە حکوومەتە کۆمارییەکە هەڵسابووە سەر پێ.. بەڵام فرانکۆ نەیتوانی واژۆیەکە وەدەستبێنێ، چونکە سەرۆکوەزیران داوای کردبوو لە واژۆکردن لەسەر ئەو بڕیارە لێی ببوورن.. وەڵامی فرانکۆش زۆر ڕێك و ڕاشکاو دەبێت و دەڵێ: تۆ هۆی

ئەو بارودۆخە خراپەی ئیسپانیایت.. دەبێ هەر خۆیشت هەوڵی ڕزگارکردنی بخەیتەگەڕ.

ئەوسا فەرمان بۆ ژەنەڕاڵ فرانکۆ دەرچوو بچێتە دوورگەکانی کناری.. ئەمەیش وەك نەفیکردنی بوو بۆ دەرەوەی ئیسپانیا.

جا پێش ئەوەی فرانکۆ وڵاتەکەی جێبهێڵێ، لەگەڵ هەردوو ژەنەڕاڵ- مولا و فاریلا- کۆبوویەوە، هەردوو ژەنەڕالیش دڵنیایان کردەوە ژەنەڕالەکانی دیکەش کاتێك بە ڕاستییەکە دەزانن، واز لە ئەنجوومەنی سەربازییانەی ماسۆنی دەهێنن.

پێش ئەوەی کۆبوونەوەکە کۆتایی بێت، لەسەر شێوازی پێوەندییەکی نهێنی نێوان مۆلا و فرانکۆ ڕێککەوتن.. هەر لەگەڵ ئەوەی فرانکۆ ئیسپانیای جێهێشت و بەرەو دوورگەکانی کناری چوو، بەکرێگیراوانی ستالین دەستیان بە چالاکییەکانی خۆیان کردەوە.

لە ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٦دا، فرانکۆ نامەیەکی دووروودرێژی بۆ وەزیری جەنگ نارد، تیایدا دووبارە لەمەڕ چەند مەترسییەك هۆشداریی پێدابوو.. بەڵام ئەو هۆشدارییانە تەنیا پشتگوێ خران و هیچی دیکە، چوونکە وەزیرە کۆمۆنیستەکانی نێو حکوومەتی کۆماری، سیاسەت و بزاوتەکانی حکوومەتیان بەتەواوی کۆنترۆڵ کردبوو..

تا ئەو کاتەی کالگۆ سۆتیلۆ لە ١٣ی تەمووز کوژرا، فرانکۆ بڕیاری دا دەست بەکار بێت، چەند نامەیەکی کۆدداری بۆ هەندێك ژەنەڕال نارد، مەبەست ئەو ژەنەڕالانەیە کە سوێندیان خواردبوو لەپێناو ئیسپانیا بجەنگن تا لە چەنگی کۆمۆنیزم و بەرەی ڕووسیا ڕزگاری دەکەن.. ئەوانەی فرانکۆ پێوەندیی پێوە کردبوون لەمانە پێکهاتبوون: مۆلا و گۆدید و فانجۆل و سانجورجۆ و سالیکویت و

هەنـدێك ئەفسـەری دیکـەی دەریـاوانیی ئیسـپانی بـوون.. هـەروەها پێوەنـدی بـە بکۆیبـۆ دی کـرد.. فرانکـۆ دوای نـاردنی نامـەکان لـە دوورگەکانی کنارییەوە بەرەو تەتوان فڕی، چونکە دەیتوانی متمانە بە هێزە مەغریبییەکان بکات.

فرانکۆ لە ٢١ تەممووزدا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و مەسەلەکەی بە کەمترین وشە ڕوونکردبوویەوە: لەسەر هەمووان پێویستە بچنە نێو ئەو ململانێییەی لەنێوان ڕووسیا و ئیسپانیادا بەرپابووە.. بەمشێوەیە جـەنگی نێوخـۆیی هەڵگیرسـا، وڵات دابـەش بـووە سـەر دوو گـرووپ: لایەنگران کە بریتیی بوون لە گشت چین و توێژ و گرووپە چەپڕۆیەکان و لەژێر ئاڵای بەرەی میللیدا کۆببوونـەوە، هـەروەها بـەرەی دووەمـیش نیشتمانییەکان بوون، ئەوانە کۆی ئەو گرووپانە بـوون کـە لـەژێر ئـاڵای فرانکۆدا کۆببوونەوە و گشت پارتە ڕاستڕۆیەکانی لەخۆ گرتبـوو.. ئـەو پڕوپاگەندەیەی لەو کاتیدا بڵاوببوویەوە و خەڵکی ڕەشۆکیی ئیسپانی باوەڕیان پێ کردبوو، ئەوەبوو گوایـە گرووپێکـی بچووکی ژەنەڕاڵـەکان کودەتایەکی سـەربازییان ڕێکخسـتووە بـۆ ئـەوەی حکوومـەتی بـەرەی میللیی کۆماریی بکەنە دکتاتۆرییەتێکی سەربازی.

کۆمۆنیسـتەکان بەسـەر دوو گرووپـدا دابـەش بـوون.. یەکـەمیان دەیویسـت وەك مۆدێلەکـەی سـتالین دکتاتۆرییـەتی پرۆلیتـاری بکاتـە حـوکمێکی ڕەهـا ، گرووپـی دووەمـیش حـەزی لێبـوو ئیسـپانیا بکاتـە بەشـێکی دانـەبڕاوی ئـەو کۆمـارە سـۆڤییەتییانەی مارکسـیزم داوای وەدیهاتنیانی دەکرد.

بـەڵام نەتەوەییـەکانی ئیسـپانی هەنـدێکیان تـەڤلی بزووتنـەوەی پاشایەتی بوون کە لـە سـاڵی ١٨٣٧ەوە هیـوای دەخواسـت پاشـایەتی

بگەڕێتەوە و بدرێتەوە دەست نەوەکانی دۆن کارۆلز . تەنیا ئەوانەش بوون یارمەتیی فرانکۆیان دا، چونکە بەرگەی ئەوەیان نەدەگرت بەچاوی خۆیان ببینن کۆمۆنیزم بەسەر ئیسپانیادا حوکمڕانی بکات.. سوپایەکەی فرانکۆ لەتەك پاشایەتیخوازەکاندا پارتی تیپەکانی ئیسپانیشی لە خۆگرت، ئەویش پارتێکی ڕاستڕەوی توندڕۆ بوو کۆمەڵێك کەسی نازیی ئەڵمانیی تیادابوو بۆ لەنێوبردنی دوژمنە چەپڕۆیەکانیان باوەڕیان بە جەنگێکی سەرتاسەری هەبوو.. لەو دۆخە پڕ لە جیابوونەوە و بەش بەش بوونەدا، ئاسایی بوو ڕاستڕۆیەکان گشت چەپڕۆیەکانیان بەو کۆمۆنیستانە تۆمەتبارکردبایە کەوا وەك بەشێك لە پیلانێکی تۆقێنەری کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە، هەزاران کەسیان کوشت و دەستدرێژییان کردنە سەر.. بەڵام هەندێك لایەنی توندڕۆی هاوسەنگەری فرانکۆ بێدەنگ نەبوون، بەهەمانشێوە ڕەفتاریان لەگەڵ دوژمنەکانیان کردەوە.. ئیدی جەنگە نێوخۆییەکە مرۆڤی هێنایە ئاستێکی زۆر نزمتر لە دڕندە.. لێرەدا ئۆباڵەکە وەئەستۆی هەموو ئەوانەی جەنگی وەها هەڵدەگیرسێنن.

ئەوەی سەیریش بوو ئەوەبوو پیلانەکەی فرانکۆ و هەوڵەکەی لەپێناو شکستپێهێنانی کۆمۆنیستەکان، شکستی نەخوارد، گەرچی بەدواداچوونەکانی دوای جەنگی نێوخۆیی سەلماندییان کۆمەڵەیەکی نۆری ناپاکەکان بە یارمەتیی بەکرێگیراوانی مۆسکۆ کە ئەندامانی حکومەتی بەرەی میللیی ئیسپانی بوون، دەزیان کردبووە نێو ڕیزەکانی سوپا و چەند شوێنێکی زۆر هەستیار.

پێش جەنگی نێوخۆیی، جۆلیۆ فێریز دیل فایۆ لە حکومەتی کۆمارییەکاندا وەزیری دەرەوە و سەرۆکی گشتیی کاروباری سوپای

ئیسپانی بوو، زۆرینەی هەرە زۆری ئەو کەسانەش سەر بە پارتی کۆمۆنیست بوون، بۆیێ سەربازانیان ناچار کرد بچنە ڕیزی پارتەکەوە.. بالیۆزی پێشووی کۆماری ئیسپانی لە پاریس لە گۆڤاری نیویۆرك تایمزی ڕێکەوتی ١٩ی ئاياری ساڵی ١٩٣٩ ئەو ڕاستییەی درکاندووە.

بەڵگەیەکی دیکەش هەیە لەسەر زاری ئەندالیکۆ بریتۆی نوێنەری سۆسیالیستەکان دەیهێنینەوە کە لە سەردەمی جەنگی نێوخۆییدا وەزیری بەرگریش بووە، ناوبراو جەنگی دژ بە فرانکۆشی بەڕێوەبردووە.. لە ڕاپۆرتێکدا بەناوی چۆن و بۆچی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانیم جێهێشت؟ نووسیویەتی: لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارییەتییەکە زۆر دژوار بوو، چونکە کۆمۆنیستەکان پۆستی زۆر گرنگ و هەستیاریان داگیرکردبوو، بەوپەڕی نهێنیشەوە ڕاستی پەیوەستبوون و خودی خۆیان شاردبووییەوە و توانیبوویان دزە بکەنە نێو پارتەکانی دیکەشەوە..با وەك نموونە یەکێکیان باس بکەم کە دکتۆر جوان بوو، ناوبراو لە سەردەمی جەنگی نێوخۆییدا هەژموون ودەستهەڵاتێکی بەهێزی هەبوو.. جا لەبەرئەوەی من فەرمانەکانی مۆسکۆم ڕەتکردنەوە، جوان نرجن لەو حکوومەتە وەدەری نام کە لە پێنجی نیسانی ساڵی ١٩٣٨دا سەرۆکایەتیی دەکرد.. هەروەها توانی لە پۆستی وەزیری بەرگریش وەدەرم بنێ، دوای ئەوەی لە یەك کاتدا دوو پیلانی بۆم هەڵچنیبوو.. یەکەمیان لەلایەن هێزی پۆلیسی نهێنیی ڕووسی و پیاوە سەربازییەکانیان لە وڵاتەکەماندا جێبەجێیان کرد، دووەمیش لەلایەن کۆمۆنیزمی ئیسپانییەوە جێبەجێ کرا.. ڕووسەکان فەرمانیان دەردەکرد و کۆمۆنیزمی ئیسپانیش جێبەجێی دەکرد.

ئەو دکتۆر جوانە دەڵی کۆمۆنیست نەبوومە و ڕۆژێك لە ڕۆژانیش وەها نەبووە، بەڵام هەر خۆی فەرمانی دا حەوت هەزار سندووق زێڕی ئیسپانی ڕادەستی ستالین بکرێ.. ئەو سندووقانەش لەلایەن کین و نیف فۆلگلیزەوە برانە سەر ئەو کەشتییەی ئالای ڕووسی بەسەرەوە دەشەکایەوە.. جۆزیە فیلاسکۆ و ئاتۆرۆ کاندیلا وەك ئەمیندار و پیاوانی جێگەی متمانە یاوەری ئەو کەشتییانە بوون تا گەیشتنە ئۆدێسای ڕووسی. هەموو شتێك بە نهێنی و لەژێر پەردەوە بەڕێوەچوو.. تەنانەت ئەندامانی حکوومەتی بەرەی میللیش ئاگایان لە هیچ نەبوو.. هەروەها هەر لە سەردەمی جواندا سێ کۆمۆنیست لە پۆستەکانی یارمەتیدەری سکرتێریی بەرگری دامەزران، هەر ئەو سێ کەسەش دەستهەڵات و هەژموونی تەواویان بەسەر هێزەکانی وشکایی و دەریایی و ئاسمانیی ئیسپانیدا هەبوو.

گەرچی لارگۆ کابالیرۆ کۆمۆنیست بوو، بەڵام کاتێك ملی نەدایە بەر ئەو فەرمانانەی بۆی دەرچووبوون، کۆمۆنیستەکان گوێیان نەدایە پۆستە سەرۆکایەتییەکەی.. کابالیرۆ هەوڵی دەدا نکۆڵی لە هەڵەکانی بکات، بەڵام بینی کار لە کار ترازاوە و زۆر درەنگە.

لسیۆ ڕۆجەرز لە پەرتووکەکەیدا بەناوی (ئیسپانیا لە کەشتێکی ترازیدیدا) ئاماژە بەوە دەکات چەند بەڵگەنامەیەك سەبارەت بە هەڵگیرسانی شۆڕشێکی بەرفراوان کە بەدڵنیاییەوە دێتە ئاراوە، کەوتبوونە بەردەستی فرانکۆ و ژەنەراڵ موولا.. ڕۆجەرز نووسیویەتی: چەند بەڵگەنامە و پیلانێکی کۆمۆنیست و ئانارکیستەکان کەوتوونەتە دەست.. هەمووشیان دەری دەخەن پیلانێکی باش دارێژراو بۆ

کودەتاکردن دژی حکوومەتی مەرکەزیی مەدرید و پێکهێنانی دکتاتۆرییەتی سۆڤییەتی لە ئارادایە.

جێبەجێکردنی پیلانە کۆمۆنیستییەکە سێ جار دوا خراوە، بۆ ئەوەی هێزە بەکرێگیراوەکان بەیەکجاری خۆیان ڕێکبخەنەوە و بەتەواوی خۆیان ئامادە بکەن.

لەسەر جیهان پێویستبوو زانیاریی لەسەر پیلانەکەی مۆسکۆ هەبووایە کە بە دژی ئیسپانیا داڕشتبوو، چونکە ئەو بەڵگەنامانەی دوا فەرمانی شۆڕشیان تیادابوو و لە کۆمنترنەوە بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ئیسپانی ناردرا بوون، لە نیسانی ساڵی ١٩٣٦ ئاشکرا بوون و کەوتنە سەر زاران و دەنگیان دایەوە.

لەو ڕۆژنامەیەدا نووسرابوو:

دەقی ئەو ڕێنماییانەی ئاراستەی میللیشیای سوور کراون.

ئەو ڕێنماییانە ئاراستەی میلیشیای سووری ئیسپانی کراون، لە ڕێکخستنی مەرکەزیی ئیسپانییەوە دەرنەچوون، بەڵکو لە لقی خزمەتگوزارییە تەکنیکییەکانی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی فڕەنسییەوە دەرچوون کە لەگەڵ کۆمنترن و نێردەکانی لە فڕەنسا هاوکاری دەکەن.. ئەو بەڵگەنامانەی ئێستە بڵاویان دەکەینەوە کەوتوونەتە دەستی حکوومەتی مەرکەزی، باوەڕی تەواویشمان هەیە مسیۆ دالادیری وەزیری جەنگ و بەرگری بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویستی بەرگری و خۆپارێزی، فەرمانی دەرکردووە.

لە دەقەکەدا ئەم خاڵانە هاتوون:

١)بەهێزکردنی تیمەکانی بەریەککەوتن و پاسەوانی لە مۆڵگەکان و دابینکردنی دەمانچەی ئۆتۆماتیکی بۆیان.. ئەو تیمانە

ئەندامەکانی پارتی کۆمۆنیستین و لەنێو هێزە هەمیشەییەکانی سەربازی و هێزە یەدەگەکاندا خزمەت دەکەن.

٢) پێوەندی لەنێوان تیمەکان و ئەو کەسانە دەکرێ کە هێرش دەکەنە سەر مۆڵگەکان.. هێرشبەرەکان یەك جۆرە پۆشاك لەبەر دەکەن، لەژێر فەرمانی ئەو ئەفسەرانەشمان دەبن کە متمانەی تەواومان پێیان هەیە.

٣) کاتێك جەنگەکە هەڵدەگیرسێ، ئەفسەر و سەربازەکانمان بە نهێنی دەبرێنە مۆڵگەکان.. لەوێشدا لیژنەیەکی تایبەت لە پێشوازییاندا دەبێت و بەپێی پیلانە دارێژراوەکەش لەگەڵ ئێمە لەنێو مۆڵگەکاندا بەهاوبەشی کاردەکەن.

٤) لیژنەی نێو مۆڵگەکان هەردوو ڕۆژ جارێك تابلۆیەك ئامادە دەکەن، لە تابلۆ و لیستەکەدا لایەنە نەیارەکان و بێلایەنەکان و هەواداران و شارەزایان دەگرێتەوە.. کاتێکیش مۆڵگەکان دەکەونە بەردەستمان، زۆر بەخێرایی ئەو کەسانە لەنێو دەبەین کە لە لیستی دوژمنان ناومان نووسیون، بەتایبەتیش ئەفسەر و سەرکردەکان.

٥) هەر ئەندامێکی لیژنەکان لیستی ناوی ئەو کەسانەیان پێ دەدرێ کە پێویستە بەشێوەیەکی تاکەکەسی بکوژرێن.

٦) دوای پاکتاوکردن و لەنێوبردنی دوژمنان، بێلایەنەکانیش دەخرێنە بەردەم ئەزموونێکی زۆر دژوار و توندوتیژەوە، بۆ ئەوەی لە دوودڵییەکان دەرباز بن.

٧) لیژنەی بەرپرسی تایبەت بە بێلایەنەکان، ڕێکاری پێویست دەگرنەبەر بۆئەوەی گرووپە پاسەوانەکانی دەرەوەی مۆڵگەکان

بەپاساوی نەهێشتن و سنووردارکردنی شۆڕشەکە، بێنە نێو مۆڵگەکانەوە.

٨) لیژنەی بەرپرسی بێلایەنەکان لە دە کەس پێکدێن و دەمانچەی جەنگییان پێیە و ئەرکیان لەنێوبردن و پاکتاوکردنی ئەو ئەفسەرە نەیارانەیە که ناویان لە لیستەکاندا هاتووە.. هەر ژەنەراڵێکیش دوو یارمەتیدەر و سکرتێرێکی هەیە و دەبێ لە ماڵەکانی خۆیاندا بکوژرێن.. ئەو کۆمەڵەیەی ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو کردە گرنگەیان پێ سپێردراوە، نابێ لەبەردەم هیچ کۆسپوتەگەرە و ناخۆشییەك پاشەکشە بکەن، ئەگەر ناچاریش بوو دەبێ ئەو کۆسپوتەگەرانە لابدات و لەنێویان ببات جا لە هەر جۆرە تەمەن و ڕەگەزێکدا بوون.

٩) بەلام ئەو ژەنەڕالانەی لە خزمەت خانەشین کراون و لە لیستەکەدا ناویان نووسراوە، دەبێ بەچەند گرووپێکی سێ کەسی لەنێو ببرێن و بەپێی خالّی هەشتەم و برگەی کۆتایی خاڵەکە، ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن.

١٠) وردەکاری سەبارەت بە چۆنییەتیی داگیرکردنی هەندێك ماڵ و خانوو و تەلار لە شوێنە ستراتیژییەکاندا و پڕچەککردنیان نووسراوە، بەشێوەیەك میلیشیا کۆمۆنیستەکان بتوانن لەو شوێنانەدا بۆسە بۆ هێزە و ئەندامە هەلأتووەکانی نێو ئەو مۆڵگانە دابنێن.. لە ڕێنماییەکاندا هاتووە لەو کاتەی ئەفسەرانی میلیشیا پاسەوانی لە ئۆتومبێلەکان دەکەن، گرووپە میلیشیاییەکان بە تانك و ئۆتومبێلەکانیان بەرەو مەلبەندە ستراتیژییەکانی وەك چوارڕیانەکان هێرش دەبەن و دەبێ ڕەشاش هەلگرن بۆ ئەوەی

نەیەڵن یارمەتیی سەربازیی لەهەر شارێکەوە بگاتە نێو شارەکانەوە.. دەبێ لە لۆرییەکان برێك نارنجۆك بار بکرێ..

١١) کاتێك شۆڕش هەڵدەگیرسێ، دەبێ گرووپە میلیشیاییەکان بە پۆشاکی پاسەوانی میللی و پاسەوانی هێزشییەوە، سەرانی پارتە سیاسییەکان بە پاساوی پاراستن و دوورخستنەوەیان لە مەترسی، دەستگیر بکەن.. دوای دەستگیرکرانیشیان ئەو نەفسەرە خانەنشینانە لەنێو دەبرێن.. گرووپە یەکپۆشەکان ئەو سەرمایەدارە بەناوبانگانە دەستگیر دەکەن کە ناویان لە لیستی بی بڕیاری گشتێندراوی ژمارە (٣٢)دا هاتووە.

١٢) نابێ توندوتیژی لەهەنبەر ئەو سەرمایەدارانە بنوێندرێ، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە هەوڵی بەرگری و بەرهەڵستی دەدەن.. بەڵام دەبێ ناچار بکرێن کۆمپیاڵە و قەواڵە داراییەکان و پارەوپووڵی نێو بانکەکانیان ڕادەست بکەن..دواتریش خۆیان و خانەوادەکانیان لەنێو دەبرێن و نابێ کەسیان بمێننەوە.

١٣) هەمان ڕێگە و ڕێکاری بەکارهاتووی ڕووسی لە ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەو ئەندامانەی هێزی چەکدار دەگیرێتە بەر کە پاڵپشتی و هاوسۆزیی خۆیان بۆ ئێمە دەردەبڕن.. سەرەتا سوود لە یارمەتی و خزمەتەکانیان وەردەگرین، دواتریش وەك دوژمنانی سەرخست ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ و لەنێو دەبرێن..چونکە بۆ ئەوەی هەوڵەکانمان سەرکەوتن وەدەستبێنن و بەردەوام بن، دەبێ سەربازێکی بێلایەنمان لەو کەسە پێ باشتر بێت کاتێك ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە، ناپاکی لە یاسایە سەربازییەکان دەکات،

چونکە ئەگەر کەسێکی وەها پێشێلکار و ناپاك دەرفەتی بۆ
بڕەخسێ تەنیا ناپاکیی لێ دەوەشێتەوە.

١٤) کردەکانی پێوەندی و گواستنەوەی فەرمانەکان بەهۆی ئوتومبێلی
بچووك و سوارماتۆڕەکانەوە دەبێت، سوار ماتۆڕەکانیش
دەمانچەی جەنگییان هەلگرتووە.

١٥) دەبێ ڕاپۆرتی زۆر ورد و جێگەی متمانەپێکردن سەبارەت بە ژیانی
بێلایەنان و هەواداران ئامادە بکرێن، لە ڕاپۆرتەکاندا تیشك بخرێتە
سەر گشت لایەنێکی ژیانیان، تەنانەت مەسەلە خێزانییەکان و ئەو
کەسانەی پێوەندی خۆشەویستی و وابەستەییان لەگەڵیاندا هەیە..
ئەو شتانە لەکاتی پێویستدا زۆر سوودمان پێدەگەیەنن.. خۆ
ئەگەر ئەندامێکمان یان هەوادارێك و کەسێکی بێلایەن لەهەنبەر
فەرمانەکانماندا بێدەستهەلاتی نواند یان ڕەتیکردەوە، ئەوا دەبێ
یەکسەر سکالای لەسەر بنووسرێ و بۆ لیژنەی بالا بەرز بکرێتەوە.

١٦) دەبێ میلیشیایەکان و ئەندامەکانیان بەشێوەیەك ڕێکبخرێن و
دابەش بکرێن لە شوێنی نیشتەجێبوونیان یان ئەو گەڕەکە دوورین
کە خانەوادەکانیان تیایاندا دەژیەن، چونکە ئەزموونەکانی ڕابردوو
فێریان کردووین لە ساتی کۆتاییدا ئەندام و تاکەکانمان بەهۆی
سۆزی هەنبەر ئەندامانی خانەوادە و خزموخوێش و ناسیاوانەوە،
فەرمانەکانی سەرووی خۆیان ڕەتکردووەتەوە.. هاوڕێیەتییەکانیش
لە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی بەپێی پلان دامانڕشتوون، هۆی
زۆرێك لە خۆکنخاندن بووە.

١٧) دەبێ ڕەچاوی خاوەن ئەنبارەکانی کەرەستە و پێداویستی و کۆگە
بازرگانییە زۆر گرنگەکانی سەرمایەداری بکرێ.. ئەو ئەنبار و

کۆگەیانە لەلایەن چەند لیژنەیەکی ئیدارییەوە بۆ خزمەتی حکوومەتی کرێکاری ڕێك دەخرێن.

١٨) ئەم برگە و خاڵە تیشك دەخاتە سەر پرسی بەکارهێنانی برسییەتی و قاتوقڕی وەك هۆکارێك بۆ لەنێوبردنی خێرای نەیاران.. لە دەقەکەدا هاتووە: لە هەفتەی یەکەمدا و تاکوو لیژنەی دامەزرێنەر بەشێوەیەکی ئاسایی پێکدێت، خۆراك و خواردنەوە لە چینی بۆرژوازی دەبڕدرێ.. ئەو خۆراکە ئەنبارکراوانەی نێو مۆڵگەکانیش کە ناتوانین دەستیان بەسەردا بگرین، دەبێ بە مادەی براقین و مادەکانی دیکەی تێکدەری خۆراك تێکبدرێن.

لەو کاتەوەی ئەو ڕێنماییانە دەرچوون، سەرکردایەتییە شۆڕشگێڕەکان لە گشت دەوڵەتێکدا پلانی پێویستیان بۆ چۆنییەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ پیاوانی پۆلیس و فریاکەوتن داناوە، چونکە ئەزموونەکان سەلماندوویانە ئەندامانی نێو ئەم دوو ڕێکخستنە ڕەسمییە بۆ سەروەرە بۆرژوازییەکانیان بە دڵسۆزیی دەمێننەوە.. پلانەکە ئەم سێ هەنگاوەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو:

١) درزەکردنە نێو ئەو دوو هێزە.

٢) تێکدانی ڕێکخستنی ناوخۆی ئەو دوو هێزە.

٣) داوا لە ئەندامانی حزب دەکرێ ئەو شوێنانە بکڕن یان بەکرێی بگرن کە دەڕواننە بنکە و مەڵبەندەکانی پۆلیس و تیمەکانی فریاکەوتن، تاکو لەکاتی ئاڵوگۆڕی ئەندامەکانیان و پاسەوانی گرتن و گەڕان و سووڕانیاندا لەنێوببرێن.. بەمشێوەیە و لەو کاتەی مەفرەزە گەڕۆکەکان دەگۆڕدرێن، وادەی هەڵگیرسانی شۆڕش دادێت.

ئـەم زانیارییانـە وردەکـاریی پێویسـتیان دیـاری کـرد بـۆ ئـەوەی سەرکردایەتییەکانی پارتی کۆمۆنیست بتـوانن دەست بەسـەر شوێن و سـێکتەرە گشـتییەکان و بەڕێوبەرایەتییـە ڕەسمییـەکانی ئیسـپانیادا بگـرن.. مەبەسـتیش لەمـەدا کـۆنترۆڵکردنی تـەواوی گشـت کۆگـەکانی مادەی خۆراکی و هۆکارەکانی هاتووچووبوو لە کورتترین ماوەدا.

***

بەشی پانزەیەم

حوکمڕانییە تۆقێنەر و تیرۆرستییەکەی شۆڕش

سەرکردە شۆڕشگێڕەکان شانە نووستووەکانی خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی مەڵبەند و شوێنە سەرەکییەکانی نێو بەندیخانە و زیندان و نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە ئەقڵییەکان بەکارهێنا، بۆ ئەوەی کەسانی تێکدەری نێو جڤاك بەرهەڵدا بکەن و لەو پێکدادانەدا بەکاریان بێنن کە لەکاتی شۆڕشدا دروست دەبوون، ئەمەیش بۆ تۆقاندنی جەماوەر و خوێنڕێژی بوو، بۆ ئەوەی زەمینەسازی بۆ دەستهەڵات و حوکمڕانییەکی تۆقێنەر و تیرۆرستی خۆش بکەن و توانا بۆ شۆڕشگێڕان برەخسێنێ لە کورتترین ماوەدا گەل بخەنە ژێر دەستی خۆیان.

بەمشێوەیە سیاسەتی بەندیخانەی مەدرید زۆر بە ئامۆژگارییەکانی ژەنەڕاڵ کلبیر کاریگەر ببوو، ناوبراو کە خەڵکی کەنەدا بوو بەشێوەیەکی تیۆری لە دەستگەی لینین لە مۆسکۆ ئامادەکرابوو، دواتریش ڕەوانەی ئیسپانیا کرا بۆ ئەوەی لەوێ خزمەتی ستالین بکات و لە جەنگە شۆڕشگێڕییەکاندا مەشقی کرداری ببینێ.

هەر لەگەڵ ئەوەی حکوومەتی بەرەی میللی لە ئاداری ساڵی ١٩٣٦دا دەستبەکار بوو، چەپڕەوانی توندڕۆ پێیان لەسەر دەرکردنی فەرمانی لێبووردنی گشتی داگرت، بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانە

بگرێتەوە کە لەکاتی شۆڕشی ئستورانی لە کونجی زیندانەکان پەستێندرابوون.. ئیدی سوپایەکی بچکۆڵە – شۆڕشگێڕانی ئستووریا- ئازاد کران و لەگەڵ ئەوانیشدا چل هەزار تاوانکاری دیکەش بەریان هەڵدرا، بەو مەرجەی لەگەڵ سوپای لایەنگردا چەك هەڵبگرن.. دوای ئەوەی ئەو تاوانکارانە ئەرکەکانی خۆیان بەتەواوی جێبەجێ کرد، زۆربەیان لەلایەن سەرکردە شۆڕشگێڕەکانەوە لەنێوبردران. بەمشێوەیە توانیان باوەڕ بە خەڵك بهێنن کە ئەو کردەوە تیرۆرستییانەی لەکاتی شۆڕشدا کراون، کاری تاوانکارانەی تاکەکەسییانە بوون، نەك بەپێی پیلانێکی پێشوەختەی تۆکمە بووبێت.

ئیدی ئەمە ئەو دۆخە دژوارە بوو ڕووبەڕووی فرانکۆ بوویەوە کاتێ قۆڵی خۆی لێ هەڵماڵی بۆ ئەوەی ئیسپانیا لە ستەمی کۆمۆنیستی ڕزگار بکات.. زۆرێك لە پەڕتووکەکان دەگێڕنەوە چۆن فرانکۆ لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی ژەنەڕاڵەکان توانییان شکست بە نەخشە و پیلانە کۆمۆنیستییەکە بێنن.. هەرلەگەڵ ئەوەی فرانکۆ ڕاگەیەندراوەکەی بڵاو کردەوە، چەند فەرمانێك لە بەرپرسانی کۆمۆنیستیی نێو سکرتاریەتەکانی سوپای وشکایی و دەریایی و ئاسمانییەوە بۆ شانە کۆمۆنیستییەکان دەرچوو، بۆ ئەوەی سەرجەمی ئەو ئەفسەرانە لەنێو ببەن کە لە لیستەکاندا وەك دوژمن ناویان هاتووە.. ئەو فەرمانانە بەوپەڕی وردییەوە جێبەجێ کران، چونکە شانە نووستووەکانی کۆمۆنیستی خۆیان کۆکردبوویەوە کۆنترۆڵی گشت هۆکارەکانی پێوەندی و هاتووچوویان کردبوو هەر لە هۆکارە میکانیکییەکانەوە بگرە تا دەگاتە پێوەندی کردنی تەلەفۆنی و بێتەل.

بەشێکی بەرچاوی ئەفسەرانی ئیسپانیا لە قۆناغەکانی یەکەمی مێژشەکەدا لە چاوتروکانێك و کتوپڕ تیرۆر کران.. هەروەها یاخیبووەکان باوەڕیان بە بەرپرسەکان دەهێنا بەوەی فەرمانەکانی حکوومەت جێبەجێ دەکەن و ئەو کەسانەیش لەنێو دەبەن کە وەك دوژمن سەلمێندراون.

کاتێك جەنگی نێوخۆیی سەری هەڵدا ڕووداوی وەها ڕوویان دا بەخەیاڵی کەسدا نەدەهاتن.. بۆنموونە دەتبینی دوو کەشتیی جەنگی لە دووری تەنیا چەند مەترێکەوە تەقەیان لە یەکتری دەکرد و یەکتریان دەدایە بەر تۆپ و مەترەلۆز.. جارێکیان تۆپێکی کۆمۆنیستەکان وەبەر پاشکۆی کەشتییەك کەوت، لە هەمان کاتیشدا تۆپی نەیارانی کۆمۆنیستیش وەبەر پاشکۆیەکەی دەکەوتن.. قەسابخانە خوێناوییەکە لە کەشتییەکانەوە گەیشتە سەر کەنار و بەندەرەکان، لەوێشەوە بەرەو شارە نزیکەکان پەلیان هاوێشت.

لەوانەیە هەندێك کەس پاساو بۆ ئەو قەسابخانانە بهێننەوە و دژ بەو کەسانەی دەچوونە ڕیزی فرانکۆوە بە کاری پێویستیان لە قەڵەم بدات، بەڵام کەس ناتوانێ پاساو بۆ ئەو ترس و تۆقاندنە بهێنێتەوە کە کۆمۆنیستەکان دژ بە گەلێکی بێ وەی و بێ چەك پێڕەویان دەکرد.. بەڵام واقیع سەلماندی کوژرانی سەتان هەزار کەس خودی سیاسەتەکەی لینین بوو و بەسەر ئەو وڵاتەدا پێڕەو کرا.. چونکە لینین سووربوو لەسەرئەوەی کە دەبێ هەوڵی ڕووخاندنی هەر حکوومەتێك لە ڕێگەی هێزەوە بێت.. ناوبراو پێی وابوو بۆ کۆنترۆڵکردنی خێرا و سەرانسەریی جەماوەر تیرۆر و تۆقاندن دوو هۆکاری سادە و ڕێگەی نزد کورتن.. ستالینیش گوتوویەتی: سەت بێ تاوان بکوژرێن باشترە

لەوەی یەك نەیار هەڵبێت و ڕزگاری ببێت.. ئەم فەرمانەش بە کەللەڕەقییەکی ئەمریمەنانەوە جێبەجێ کرا.

فیرقەیەك لەو کۆمۆنیستانە لە ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٣٦دا بە جلی حکوومییەوە گەیشتنە دێری ژنە ڕاهیبەکانی دۆمینیکانی بەرشەلۆنە.. سەرۆکی فیرقەکە بە سەرۆك دێرەکەی ڕاگەیاند دەستهەڵاتەکان دەترسن کاری توندوتیژانە بگەنە دێرەکە، بۆیێ فەرمانی لەلایە ژنە ڕاهیبەکان بباتە شوێنێکی بێ مەترسی.. ژنە ڕاهیبەکانیش کەمە کەرەستە و پێداویستییەکانی خۆیان کۆکردەوە و بەبێ هیچ ترس و گومانێك لەگەڵ سەربازەکان بەرەو دەوروبەری شار ملی ڕێگەیان گرت، لەوێشدا هەموویان کۆمەڵکوژ کران.. سەرکردەکان وەك ئەوەی نە بایان دیبێ و نەباران گوتیان: پێویستمان بە تەلاری دێرەکە هەبوو، بۆیێ پێش داگیرکردنی نەمانویست بیسووتێنین.

هەروەها سەربردەکەی سەنیۆریش لە گۆڕێدایە، ناویراو بە نەیارێکی سەرسەختی کۆمۆنیستەکان ناسرابوو.. تیمەکانی پاکتاو و لەنێوبردن لە بەرشەلۆنە سێ جار چوونە سەر ماڵەکەی.. کاتێکیش بۆ جاری سێیەم نەیانتوانی شوێنی خۆ حەشاردانەکەی پێ بزانن، هەر هەشت ئەندامی خانەوادەکەیان کوشت!

یەکێك لە درندەترین و توندوتیژترین تاوانێك لەژێر دروشمی ئازادی و یەکسانی و برایەتیدا کرابێت، کوشتنی شانزە کەسی خۆبەخش بوو کە لە نەخۆشخانەیەکی بەرشەلۆنەدا وەك یارمەتیدەری پزیشکی خەریکی کاری خۆبەخشی بوون.. تاکە تاوانی ئەو قوربانییانەش ئەوەبوو سەر بە ڕێکخستنێکی ئاینی بوون و بە

یەکسانی ڕەفتاریـان لەگـەڵ گشـت نەخۆشـێك دەكـرد بـەبێ ئـەوەی ڕەچاوی چین و ڕەنگ و ڕێبازەكانیان بكەن.

نـی ئـێم گـۆدن لـە لاپـەڕە ٧٢ی پەڕتووكەكەیـدا (ململانـێ لـە ئیسپانیا) نووسـیویەتی: دوای سـەربڕین و سـەرپەڕاندنی زینـدووەكان تەرمەكانیشـیان دەشـێوێندرا.. لـە هەفتـەی كۆتـایی مـانگی تـەمووزی ساڵی ١٩٣٦دا تەرمی ژنە ڕاهیبەكانیان لە گۆڕەكانیان دەرهێنـران و بـە دیـواری دێرەكانـــەوە هـــەڵیان دەواســـین و چـــەند تابلۆیـــەكیش بـــە جەستەكانیانەوە هەڵواسرابوون جنێو و قسـەی زۆر ناشـرینیان لەسـەر نووسرابوو.

من ئامۆزایەكم هەبوو بەناوی تۆم كـار، وەك ئەنـدازیارێك لـەنێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٣٨ لە كانەكانی ئیسـپانیادا كـاری دەكـرد، لـە هۆلفـا كچی بەڕێز كۆكی كونسوڵی ئەمریكای خواسـت.. تـۆم گێڕایـەوە كاتێـك ئەنـــدامێكی تـــابووری پێنجـــەمی كابـــالیرۆ وەك پارێزگـــەری هۆلفـــا هەڵبژێردرا، فەرمانەكان لـە مۆسـكۆوە دەرچـوون، ئـەو ئەندامـە گشـت دەستهەڵاتە ڕەسمییـەكانی ڕادەسـتی كۆمۆنیسـتەكان كـرد.. یەكـەمین كارێكی ئەو كۆمۆنیستانەش ئەشكەنجەدان و دواتریش كوشـتنی گشـت ڕاهیبەكان بوو.. بەڵام ژنە ڕاهیبەكان پۆشاكیان لەبەر دادەڕنـدرا و بـە ڕووتـی تووڕییـان هەڵدەدانـە شـەقامەكان، بۆئـەوەی شۆڕشـگێڕەكان خۆیان پێ سەرگەرم بكەن! !

گۆدن گفتوگۆی نێـوان خـۆی و دوو ژنـی ئینگلیـزی دەهێنێتـەوە بەهۆی ئـەوەی خـەڵكی بیـانی بـوون گرفتیـان بـۆ دروسـت نـەكراوە و بەسەلامەتی دەرچوون.. ئەو دوو ژنە دەڵێن ناچـاركراون جـەماوەرێكی نۆری ژن و پیـاوان ببیـنن كـە وەك دەروێشـانی دەمـارگیر ڕەفتاریـان

دەکرد.. سەرەتا بینیبوویان کۆمەڵێك کۆمۆنیست ڕاهیبێك ئەشکەنجە دەدەن، دواتریش دوای پەڕاندنی پەلوپۆی ڕاهیبەکە جەستە و پەلە براوەکانیان بە پەیکەری مەریەمی پاکیزەوە هەڵواسیبوو.. دواتریش بینیمان خەڵك ڕاهیبێکیان بە زیندوویی لە خاچ دا و بە زیندوویی جەستەیان کوناودەر کرد.

بیرڤانی نووسەری بەناوبانگی فرەنسی لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٦دا گوتەکانی دیمیترۆڤی هێناوەتەوە کاتێ گوتوویەتی: سەرزەنشتمان دەکەن لەوەی کەنیسە و دێرەکانی ئیسپانیا وێران دەکەین.. جا چییە ئەگەر هەندێك کەنیسە و دێرمان ڕووخاند.. ئاخر ئێمە جیهانە نوێیەکەمان بنیاد دەنێین.

لیژنەیەکی ڕەسمی لە ساڵی ١٩٣٦دا بۆ بەدواداچوون و ئاشکراکردنی ئەو تاوان و کوشتوبڕە هۆڤانەیە پێکهات کە کۆمۆنیستەکان لە ئیسپانیا کردبوویان. ڕوونبوویەوە پارێزکارترین چاودێر، ژمارەی هاووڵاتیانی لەنێوچووی بەرشەلۆنەی لەنێوان ساڵانی ١٩٣٦- ١٩٣٧ بە پەنجا هەزار کەس مەزەندەکردووە..بەڵام لە ڤالنسیا ژمارەکە گەیشتە سی هەزار کەس.. جگە لەمانەیش لیژنەکە بۆی ڕوونبوویەوە یەك لە دەی دانیشتووانی مەدرید لەپێناو پێکهێنانی دەوڵەتێکی دیکەی دکتاتۆریدا فەوتێنراون.

هەروەها مارسیل دوترای نووسەری بەناوبانگی فرەنسی گوتوویەتی: سەرکردایەتیی سەربازیی کۆمۆنیستی لە کاستەر نوردیالزدا کۆنە پۆلیسێکیان وەرگرتبوو کە پێشتر بەهۆی دزیکردنەوە لە کارەکەی دەرکرابوو.. بەڵام سەرکردەی باڵای پۆلیس لەسەر وێنەگرتن و فرۆشتنی وێنەی ڕووت دەژیا.. هەروەها پۆستی چاودێریی

کاروباری گشتی درایە کەسێك منداڵی ناشەرعیی ژنێکی بەناوبانگی بواری لەشفرۆشی و بەرەڵایەکی سەر جادەکان بوو.. ئەو کەسە بە کوڕی دایکی دەناسرا.. پۆستی سەرۆکی دادوەرانیش درایە کرێکارێکی کانەکان و دوو پیاویش یارمەتیدەری بوون هەرەیان لە برەی دەرنەدەکرد و هیچیان لە بارەی دادوەری نەدەزانی.. کۆی ئەو کەسانەش زۆر سادی بوون و خۆیان بڕیارەکانی خۆیان بەسەر تۆمەتبارەکاندا جێبەجێ دەکرد و بەمە دڵیان خۆش دەبوو، بۆ نموونە سکی ڤینسنت مۆرایان هەڵدڕی، جولی یانکۆشیان لە گۆڕەپانی گشتیدا لە سێدارە دا، پەلوپۆی فاریزی پاڵەوانی بەناوبانگی پێشبڕکێی ماتۆڕسوارییان پەڕاند، چونکە ڕەتی کردبوویەوە بەهۆی ناپاکییەوە هاوڕێیەکانی بخاتە نێو تەڵەکانیان.

مستەر ئارسەر بریانتیش پێشەکییەکی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانەی تایبەت بە درندەیی کۆمۆنیستەکانی ئیسپانیا نووسیوە و ئاماژە بەوە دەکات بەکرێگیراوانی سۆڤییەت توانییان بەجۆرێك کۆنترۆڵی هۆکارەکانی پێوەندی بکەن و بتوانن بە ئارەزوو و لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان ڕاگەیاندن ئاراستە بکەن، هەروەها نەیانهێشت هیچ هەواڵێکی دژ بەوان دزە بکاتە نێو ڕاگەیاندنەکانەوە.. سەبارەت بە فرانکۆ و هێزە چەکدارەکەشی درۆودەلەسەشیان بلاّو دەکردەوە، بەبێ ئەوەی کەس بتوانێ ڕووبەڕوویان بوەستێتەوە.. هەروەها مامۆستای هیچ زانکۆیەك و تاکە یەك شیکەرەوەی کەناڵی بی بی سی بریتانیش هیچ شتێکیان سەبارەت بە ڕاستیی ئەو ڕووداوانە ڕوون نەکردەوە کە بەسەر ژنانی سان مارتن فالدیگلازیر هاتبوون و لەسەر دەستی بیست و پێنج پیاوی سەر بە میلیشیایە سوورەکان دووچاری خراپترین

جۆرەكانی سووك و ڕیسواكردن ببوونەوە. تاكە تاوانی ئەو كچانە ئەوە بوو هەستێكی ئایینیانەیان هەبوو.. ئەوان گوێیان نەدایە ئەوەی دایك و باوكانی ئەو كەسانە لە زیندان پەستێنراون، لەبەرچاوی دایكانیاندا هەتكیان دەكردن و زۆر بە بێ موبالاتییەوە فەرمانەكانی خۆیانیان بەسەریاندا سەپاند.. ئەو كارە تاوانكارییانە كاری لە ئەقڵی ئەو ژنانە كرد، تەنانەت ئەو كەسانەی لە ژیانیشدا مابوونەوە، گوتبوویان خۆزگەیان خواستبوو جەللادەكانیان بیانكوژن نەك بەو جۆرە هەتكیان بكەن.. خراپترینی ئەو كارە تاوانكارییانەش لەبەرچاوی چاوی منداڵاندا بەڕێوەبرابوون، چونكە لەو كاتەی میلیشیایەكان ژنانیان لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ دەكردن و دەستدرێژییان دەكردە سەریان، هەندێك دایك منداڵانیان لە باوەشدا بوو.

لێرەدا دەبێ تیشك بخەینە سەر ئەو دەستەواژەیەی لینین چەندان جار دووبارەی دەكردەوە: هیچ شتێك لەنێو سیاسەتدا بەناوی ئەخلاق بوونی نییە.. بەڵام بەرژەوەندییەكان هەن.. ڕەنگە بەرژەوەندییەكان وابخوازن كار لەگەڵ دڵڕەشێكی بەد ڕەوشت بكەیت و هاوكاری بیت.. تەنیا لەبەرئەوەی بەمجۆرەیە و هیچی دیكە.. لینین لە چەند شوێن و بۆنەیەكی دیكەدا گوتوویەتی: لەسەر شۆڕشگێڕی گەنج پێویستە یەكسەر خۆی لەسەر كوشتن ڕابهێنێ، ئەویش بەهۆی چەند كردەیەكی ڕاستین، وەك لەنێوبردنی ناپاكان و سیخوڕان یان تەقاندنەوەی بنكەی پۆلیس و دزینی پارەی بانك و بەكارهێنانی پارەكە لە شۆڕش و هتد.. نابێ هیچ سڵ لەو هێرشە وێرانكارانە بكەنەوە.. لەوانەیە ئەو كردارانە ببنە هۆی توندڕۆیی ئەمەیش زۆر

ئاساییە، بەڵام ئەو گرفتانەی دەیانننێتەوە دەبنە گرفتی ئایندە نەک گرفتی هەنووکەیی.

منداڵێک بۆمان دەگێڕێتەوە بەر لەوەی ڕاهیبێک بکوژێت، چۆن دەرفەتی بۆ ڕەخساوە گاڵتە بە هەستوسۆزی بکات ، ئەو منداڵە دەبێژێ: شەوێ دەمانبردە لای ئەو گرووپانەی بڕیارمان دابوو لەنێویان ببەین، دواتریش دەمانخستە ڕیزێکی دیکەوە، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆی مەرگی هاوڕێیانی ببینێ.. دواتریش دەمانگەڕاندەوە کۆشکی بێل ئارت.. هەموو شەوێك چاوەنواڕی مەرگی خۆی بوو.. بەڵام مردنی خێرا بۆ ئەو زۆر بوو.. بۆیێ بەرلەوەی بەیەکجاری لەنێوی ببەین، حەوت جار کوشتمان.

مستەر کنۆبلۆ لە لاپەڕە ٨٧ی پەرتووکەکەی خۆیدا بەناوی (پەیامنێرێك لە ئیسپانیاوە) سەربردەی دوو گەنجی کۆمۆنیست دەگێڕێتەوە کە لەبەردەم دکتۆرێکدا بە شانازییەوە دەیانگێڕایەوە چۆن دوو ڕاهیبیان کوشتووە.. پێیان ڕاگەیاند چۆن پۆشاکی ڕاهیبانیان پۆشیوە و چوونەتە لای ئەو دوو ڕاهیبە هەشبەسەرانە کە لە ترسی مەرگ لە کانێکی خەڵووزدا کاریان دەکرد، دواتریش هەردووکیان بردوونەتە شوێنێك و داوایان لێکردوون بە دەستانی خۆیان گۆڕی خۆیان هەلکەنن.. دواتریش بەوپەڕشی دڵخۆشییەوە لە مەرگی هێواشی هەردوو ڕاهیبیان نواڕیوە.

با هەندێك ڕووداوی شاری کالا بگێڕینەوە بۆئەوەی سەبارەت بە بەرهەڵداکردنی تاوانکاران و شێت و شوارەکان قسەکانی پێشوومان پشتڕاست بکەینەوە.. کۆمۆنیستەکان لە ٢٠ تەمووزی ساڵی ١٩٣٦ لە کالا سەرجەم زیندانییەکانیان بەرهەڵدا کرد.. تا ژمارەیان گەیشتە

هەزار پیاو و دوو هەزار ژن، له مۆلگه و بارەگەیەکی شارەکەدا چەك و تفاق درایە هەموویان.. جا دوای ئەوەی بە باشترین شێوە ئەرکی هێرشکردنە سەر مەدریدیان ڕاپەڕاند، ڕەوانەی سیکۆنزا کران و لەوێشدا بۆ ئەوەی بەرگری و بەرهەڵستیی کەسانی دیکە تێکبشکێنن، دوو سەت هاوولاتیان کوشت.. ئەو تاوانکارانە ماوەی شانزە هەفتە هەر لە سیکۆنزا مانەوە هەتا فرانکۆ لەو شارە دەرپەڕاندن.. جاکاتێك فرانکۆ توانی له سیکۆنزا وەدەریان بنێ، بینی گشت مێینەکانی تەمەن ١٠-٥٠ ساڵی دەستدرێژییان کراوەتە سەر و هەتککراون.. هەندێك لەو ژنانە یان لەو دڕندە خوێنڕێژانە سکیان پڕ بوو یانیش دووچاری نەخۆشیی زۆر پیس ببوونەوە، هەندێکیشیان هەردوو بەلاَ و نەهامەتییان بەسەر هاتبوو.

لە کۆتاییدا ئەو نووسینەی مارسێل دۆتری دەهێنینەوە کە سەبارەت بە شاری کیمبۆزیۆلۆس نووسیویەتی، لەو شارەدا سەت ڕاهیب و پیاوی ئایینی بە کۆمەڵێك شێت و شواری چەقۆ بەدەست بەسترابوونەوە، خوێنەر خۆی دەتوانێ تۆقینی دوای ئەو ڕەفتارە قێزەون و نامرۆڤانەیە بێنێتە بەرچاوی خۆی.

****

بەشی شانزەیەم

ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی هەلگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی

سووخۆرانی نێودەوڵەتی بە نهێنی و بە یارمەتیی ستالین زەمینەی دووبارە پرچەککردنەوەی ئەڵمانیایان هێنایە ئاراوە، هەرچەندە لە پەیماننامەی فرسایدا چەندان کۆتوبەندی بەسەردا سەپێندرابوو.. جا بۆئەوەی درك بە هۆکارەکانی وەدەرکەوتنی هێتلەر بکەین، دەبێ زانیاریمان لە هەنبەر ئەو کودەتا سیاسییانە هەبێت کە لە ماوەی نێوان سالآنی ١٩٢٤-١٩٣٤ دارێژران.

ئەگەر کۆمۆنیستە ئەڵمانییەکانی لێ وەدەربنێین، دەبینین زۆرینەی گەلی ئەڵمانی لەسەر ئەم چەند مەسەلەیە کۆك و هاوڕا بوون: ئەگەر ئەو ناپاکییانە نەبووان کە ئەڵمانیای کردە قوربانیی جەنگ، ئەوا ئەڵمانیا لە جەنگدا نەدەدۆڕا.. هەروەها پارەدەران و سووخۆرانی نێودەوڵەتی دۆخی بە ناو دیموکراسیی نێو بریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەککگرتووەکانیان قۆستەوە، بۆ ئەوەی شکست بە سوپای ئەڵمانی بهێنن.. پارتی کۆمۆنیستیش بە سەرکردایەتیی جوولەکان و بە یارمەتیی پارەدەرانی نێودەوڵەتی، هۆی دروستکردنی پشێوی و ئەو

هەراوزەنا و بێسەروبەرییە بوون کە پێش واژۆکردن لەسەر ئاگربەست هاتە ئاراوە و دوای واژۆکردنەکەش شۆڕش هەڵگیرسا.

هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە لەسەر گشت نیشتمانپەروەرێکی ئەڵمانی پێویستە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئەڵمانیای دوای جەنگ بنیاد بنێنەوە و کۆتوبەندە سەربازی و ئابوورییەکانی پەیماننامەی فرسای بەسەر وڵاتەکەیان تێکوپێك بشکێنن.

دیسانەوە ئەگەر کۆمۆنیستەکانی لێ دەرێنین، دەبینین زۆرینەی ڕێبەرە سیاسەکانی ئەڵمان لەسەر زەروورەتی ڕزگارکردنی خۆیان لە ڕێککەوتنە ئابوورییەکان کۆك و هاوڕابوون، چونکە لەلایەن پارەدەران و سووخۆرانی نێودەوڵەتییەوە بەسەریاندا سەپێندرابوو.. ڕێبەرانی ئەڵمانی درکیان بەوە کرد ئەو ڕێککەوتنانە مەترسیی لەسەر سەربەخۆیی وڵات دروست دەکات، چونکە ئەو سوودەی بەپێی ئەو ڕێککەوتنانەوە سەپێندرابوون، دەبوونە هۆی ئەوەی وڵاتەکە بکەوێتە ژێر چنگی ئەوانەی قەرزەکەیان پێ دابوو، ڕێك وەك بریتانیای ساڵی ١٦٩٤ و فەرەنسای ساڵی ١٧٩٠ و ئەمریکای ساڵی ١٧٩١ دەبنە نێچیرێکی چەوری سووخۆرانی جیهانی.. هەمووشیان درکیان بەوە کردبوو ئەو قەرزانە دەبنە قەرزاری و بەکۆیلەکردنی گشت تاکەکانی گەل، چونکە دانەوەیان تەنیا بە سەپاندنی باجێکی زۆری سەر هاووڵاتیان مەیسەر دەبێت.

ئەوسا سەرکردەکانی پارتی فاشیست بڕیاریان دا دراوێك لە چاپ بدەن پشت بە قەرز و قوولە نەبەستێ، بەڵکو پشت بە دەرامەتی نەتەوەیی و موڵکە نیشتمانییەکان و سەرچاوە پیشەسازییەکان و

کشتوکاڵ و سامانە سرووشتییەکان و وزەی بەرهەمهێنی گەل بیەستێ.. گەلی ئەڵمانی بەشێوەیەکی گشتی هەستیان کرد لەگەڵ گەلانی ئیتالی و ئیسپانی و یابان لە هیوا و خۆزگەکانی وەدیهێنانی ئایندەیەکی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتانەدا هاوبەشن، بۆیێ هاوپەیمانییەکی تەوەرەیی هاتە ئاراوە و بزووتنەوەی فاشیستی بە سەرۆکایەتیی هێتلەر و مۆسۆلینی و فرانکۆ هاتە کایەوە.

مێژوو هەوڵ و کۆششی مەزنی ئەو سێ کەسەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن بۆ بنیادنانەوەی وڵاتەکانیان و ڕزگارکردنیان لە قەیران و شۆڕش و ئەو جەنگانەی تێی کەوتبوون، هەوڵی بێ وچانیان خستووەتە گەڕ.. ئەوان پیشەسازی و کشتوکاڵیان بەشێوەیەکی زۆر پەرجووانە پێشخست.. کردەی دووبارە بنیادنانەوەی هێزی سەربازیش، بە یارمەتیی بەکرێگیراوانی نوورانییەکان بوو، چونکە دەیانویست وڵاتانی فاشیستی و سەرمایەداری لە جەنگێکی دیکەی جیهانیدا بەشەڕبێنن.

سەرەتا هێتلەر و مۆسۆلینی سیاسەتی فاشیزمێکی میانڕۆیان پێ باش بوو، بڕیاریشیان دا گەندەڵی و خراپەکارییەکان لە ڕەگەوە دەرکێشن و وڵات لە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان پاك بکەنەوە و پیشەسازی و ئابوورییەکەشی بەشێوەکی گشتی لەژێر دەستهەڵات و هەژموونی نوورانییەکان دەربێنن.. بەڵام هەر لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، کەوتنە ژێر کاریگەریی لۆردە نازییەکانی جەنگەوە، ئەو لۆردانەش بانگەشەیان دەکرد تەنیا لە ڕێگەی داگیرکردنی سەربازییەوە ئاشتی و ئاسایشی جیهان سەقامگیر دەبێت

ئیدی سەرکردایەتیی باڵای سەربازی لە ئیتاڵیا و یاباندا پشتگیریی خۆیان بۆ لایەنگرانی نەخشە و بیردۆزەکانی کارل ریتەر ڕاگەیاند کە ناوبراو لە ساڵی ١٨٤٩دا ڕایگەیاندبوون.. بەڵام فرانکۆ ڕازی نەبوو لەنێو چوارچێوەی نەخشە و پیلانەکەدا بمێنێتەوە، چونکە بیر و باوەڕە ئایینییەکانی ئەو بۆچوونەیان لەلای چێکردبوو هەر ئایدۆلۆژیایەك نکوڵی لە بوونی خودا بکات لە ڕیزی ئەهریمەنە و هاودەستیەتی.

نازییەکان بێجگە لە داگیرکردنی فرەنسا و بریتانیا، پیلانی قڕکردنی جوولەکەکانی نێو هەردوو وڵاتیان دارشت، هەروەك چۆن لە وڵاتانی ئەورووپیدا تارومارییان کردبوون.. پیلانەکە پاکتاوکردن و لەنێوبردنی پارەدەرانی نێودەوڵەتی و گەورە سەرمایەداران و دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵەکانیانی گرتبوویەوە.

جا لەو کاتەی هێشتاکە هێتلەر بەدەست نەشکەنجەی پێش ساڵی ١٩٣٤ی زیندانەوە دەیناڵاند، چونکە بە دوژمنی سەرسەختی لۆردە نازییەکان و پارەدەرانی نێو دەوڵەتی دادەندرا، پەرتووکی (تێکۆشانم) نووسی، لە دوا لاپەڕەی پەرتووکەشدا نووسیویەتی: بەمشێوەیە پارتی سۆسیالستیی نیشتمانی هەڵوێستێکی ئەرێییانەی لەهەنبەر مەسیحییەتدا هەیە، بەڵام کاروبارەکانی ئایین و بیروباوەڕ بۆ کۆمەڵێك کەسانی پسپۆڕ بەجێناهێڵێ.. هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە دژی ڕووحی مادیانەی جوولەکە وەستاوەتەوە کە زۆر بە قووڵی ڕۆچووەتە نێو دەروونی ئێمە و خەڵکانی دیکەشەوە.

هێتلەر بەر لەمە و لە ساڵی ١٩٣٢دا سیاسەتەکانی لەهەنبەر بریتانیادا ڕوونکردبوویەوە، ئاماژەی بەوەش کردبوو مارکس و ستالین

و لینین چەندان جار جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە پێش ئەوەی کۆمۆنیزمی جیهانی بگاتە دوا ئامانجی خۆی، دەبێ بریتانیا و ئیمپراتۆریایەکەی وێران بکات.. هێتلەر لە درێژەی گوتەکانی لەو کاتیدا گوتی: ئەگەر پێویست بێت من ئامادەم بەهێز بەرگری لە بریتانیا بکەم.

هێتلەر سەبارەت بە پەیماننامەی فرسای نووسیویەتی: ئەو پەیماننامەیە لە بەرژەوەندیی بریتانیادا نەبوو، بەڵکو لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە بەرژەوەندیی جوولەکە بوو بۆ ئەوەی ئەڵمانیا بخەنە دۆخی وێرانەییەوە.. هەروەها نووسیویەتی: تەنانەت لەنێو بریتانیاشدا، ململانێیەکی بەردەوام لەنێوان نوێنەرانی بەرژەوەندیی بریتانیا و بەرژەوەندییەکانی دیکتاتۆرییەتی جوولەکەی جیهانیدا هەیە.. جا لەو کاتەی بریتانیا بۆ وەرگرتنی پێگە بەرزەکەی لە جیهاندا ئەوپەڕی هێز و توانای خۆی خستبووە گەڕ، دەبینین جوولەکە لەنێو ئەو وڵاتەدا تەنگوچەڵەمە و سەرئێشەیان دەنایەوە، لەبەرئەوە تێکۆشانی دژ بە مەترسیی جیهانییانەی جوولەکە لە بریتانیاوە و هاوکات لە گشت شوێنێکی دیکەی جیهان هاتە ئاراوە.

هێتلەر لەهەنبەر هاوپەیمانی لەگەڵ بریتانیادا هەرگیز ڕا و بۆچوونی خۆی نەگۆڕی.. ئەو دەیزانی مانەوەی ئەڵمانیا وەك هێزێکی مەزن بەندە بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیمپراتۆریای بریتانییەوە.. لەبەرئەوە هەڵمەتی هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٣٦دا دەستیپێکرد، چەند گفتوگۆیەکی نا ڕەسمی لەنێوان دیبلۆماسییەکانی بریتانی و ئەڵمان ڕێکخران.. جا کاتێك گفتوگۆیەکان لەپێناو هاوپەیمانی لەگەڵ بریتانیادا شکستیان خوارد و هێتلەر ئەوپەڕی هێز و کۆششی خۆی بۆ خستبووە

گەڕ، گوتی: بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ بریتانیا هەموو قوربانییەك دەدەین.. ئەم هاوپەیمانییە پاڵپشتی بۆ موستەعمەراتەکانمان فەراهەم دەکات، هێزێکی مەزنی دەریاییش دەبێتە هاوسەنگەرمان، هەروەها چوونە نێو کێبڕکێ لەگەڵ پیشەسازیی بریتانیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

شکستهێنان لە پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ بریتانیا، بووە هۆی لاوازبوونی بەرهەڵستیی ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاری کە لۆردە جەنگییەکانی نازیزم بانگەشەیان بۆ دەکرد.. هێتلەریش دوای شکستهێنانی گفتوگۆیەکان گەیشتە ئەو باوەڕەی سیاسەتێکی میانڕۆ ناتوانێ سنوورێك بۆ هەژموونی سووخۆرانی نێودەوڵەتی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی بریتانی دابنێ.. لەبەرئەوە ناچاربوو ددان بە ڕاست و دروستیی ڕا و بۆچوونەکانی کارل ڕیتەردا بنێ کاتێ گوتبووی: بۆ ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێت و سەربەخۆیی ئابووری بگەڕێتەوە جیهان، سەرەتا دەبێ پارەدەرانی جوولەکە و گشت ئەندامانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانی لەنێوببرێن کە کۆمۆنیزم ئاراستە دەکەن و هەژموونیان بەسەریدا هەیە.

لەو گفتوگۆیانەی لە ساڵی ١٩٣٦دا لەنێوان بریتانیا و ئەڵمانیادا بەڕێوەچوون، نوێنەری بریتانیا لۆرد لندندری و نوێنەری ئەڵمانیاش گۆرنگ و خودی هێتلەر بوو.. لەو گفتوگۆیانەدا، گۆرنگ ڕاڤەی وردەکاری و مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانی کرد و لەمبارەیەوە نووسین و باسی کارل ڕیتەر و کەسانی دیکەی بە نموونە هێنایەوە.. دواتریش بۆ زەرووڕەتی بەکارهێنانی جەنگێکی سەرانسەری دژ بەو ئەقڵییەتە دکتاتۆرییە، هەوڵی خۆیان خستە گەڕ.. هەروەها پلانەکەی ئەڵمانیشیان بۆ باسکرد کە ئامانجی داگیرکردنی

گشت وڵاتانی کۆمۆنیستی و ڕزگارکردنی گەلانیان و لەنێوبردنی گشت ناپاکێکە.. بۆشیان ڕوونکردەوە تاکە ڕێگەی لەنێوبردنی کۆمۆنیزم بە لەنێوبردنی گەلی جوولەکە مەیسەر دەبێت.. ئەو بەڵگەنامانەشیان خستە بەردەمی کە پێوەندیی کۆمۆنیستەکان بە گەورە دەوڵەمەندانی جوولەکە دەسەلمێنن، چونکە هەر جوولەکەکان بزووتنەوەکە ئاراستە دەکەن و پارەی پێویستی دەخەنە بەردەم، لە هەمان کاتیشدا پشتگیری لە زایۆنیزمی سیاسیش دەکەن و لایەنە مادییەکەی زایۆنیزمیان گرتووەتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجە نهێنییە چاوەڕوانکراوەکەیان، ئەویش ئامادەکارییە بۆ ئەو سەردەمەی مەسیحە ڕزگارکەرەکەیان دەگەڕێتەوە سەر زەوی.

دەشڵێن هیتلەر بەڵێنی داوە دژی پیلانە توندڕۆیەکانی لۆردە نازییەکانی جەنگ بوەستێتەوە و چالاکییەکانی دژ بە کۆمۆنیزم تەنیا لە نێو کیشوەری ئەورووپادا سنووربەند بکات، بەو مەرجەی بریتانیا ببێتە هاوپەیمانی ئەڵمانیا.. بەڵام لۆرد لندندری گومانی خۆی خستەڕوو لەوەی حکوومەتی بریتانیا لە پیلانی لەنێوبردنی کۆمۆنیزمدا بەشداری بکات و بە کردەی لەنێوبردنی مرۆڤایەتیی دادەنێ.. ئەوسا هیتلەر چارەسەرێکی مامناوەندی خستەڕوو و گوتی ئەڵمانیا بەتەنیا ئەو ئەرکە بەجێ دەگەیەنێ، بەو مەرجەی بریتانیا پەیماننامەیەکی لەگەڵ ببەستێ و بەڵێن بدات ماوەی دە ساڵ جەنگ لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەڵنەگیرسێ جا ئەگەر هەلومەرج بەهەر شێوەیەك بگۆڕێ.. هیتلەر ڕوونی کردەوە تاکە ڕێگەی سەربەخۆیی بریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا بە سەربەخۆیی ئابوورییەوە بەندە، لەسەر ئەو وڵاتانەش پێویستە ئەو قەرزە قورسە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و خۆیان جڵەوی

ئابوورییەکانیان بگرنە دەست، بۆ ئەوەی ئابووریی جیهانی بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.. دواتریش دەریخست ئەو ئامانجەی پارتە سۆسیالستییە نیشتمانییەکەی هەوڵی وەدەیهێنانی دەدات، ئەوەیە چارەسەرێکی ڕیشەیی ڕاستەوخۆ بۆ هەژموون و باڵادەستیی سووخۆران بەسەر کاروباری نیشتمانی و نێوخۆیی و جیهانی بدۆزێتەوە.. دەڵێن لەو دانیشتنەدا گوتەکەی دزرائیلی بە نموونە هێناوەتەوە کە ناوبراو لە پەڕتووکەی خۆیدا بە ناوی (Coningsby) لەسەر زاری کەسایەتییەکی نێو پەڕتووکەکەدا دەری بڕیوە: ((کۆننگسبی ئازیز، بەمشێوەیە بۆت ڕوون دەبێتەوە ئەوانەی جیهانیان بەڕزەفت کردووە کەسانی زۆر جیاوازن بە هیچ جۆرێك بەو وێنایە ناچن کە کەسانێك کێشاویانە و نازانن چی لە پشت پەردەوە دەگوزەرێ)).

ئیدی گۆرنگ پشتگیری بۆ ڕا و بۆچوونەکەی هێتلەر دەردەبڕێ و ئاماژە بەوە دەکات مێژوو ڕوونی کردووەتەوە چۆن جوولەکە دەوڵەمەند و بە هەژموونەکان توانیویانە ئابووری و سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە کۆنترۆڵ بکەن کە دزەیان کردووەتە نێویانەوە و بە شێوازی ناڕەوا و ڕێگەی پڕ لە خراپەکاری و تێکدەرانە ئەو ئامانجەیان وەدەستهێناوە.. ئەوسا هرفۆن ڕینترۆب ڕووداو و دۆخی کەنەدای بە نموونە هێناوەتەوە، کاتێك لۆرد لندندری خۆی لەوێ بووە.. ڕوونی کردووەتەوە لیژنەی پاشایەتیی ستیڤن لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە پرسی گومرگەکانی کەنەدا بەڕێوەبردووە و بۆی ڕوون بووەتەوە ئەو وڵاتە ساڵانە سەت ملیۆن دۆلاری لێ دەدزرێ.. ئەم دزییەش بزووتنەوەی جیهانی ڕێکی دەخات و دزە دەکاتە نێو وڵاتەکە و گەندەڵی و خراپەکاری و بەدئەخلاقی بڵاو دەکاتەوە و زۆرێك لە

بەرپرسان و پیاوانی حکوومەت دەخاتە دۆخی کۆیلەیەتییەوە، چونکە دەیانخاتە نێو تەڵەی بەرتیل و بەدئەخلاقییەوە.. هەروەها ڕپنترۆپ گوتبووی: دۆخی ویلایەتە یەکگرتووەکان چەندان هێندەی کەنەدا خراپترە، جا بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسییە، دەبێ سێسەت پیاوی نەخشەدانەر و تەگبیرکار و ئەقڵی بەڕێوەبەر لەنێو ببرێن کە بۆ وەدیهێنان و جێبەجێکردنی پیلانە دوور مەودایەکانیان، لایەن و گرووپە نەرێیی و تاوانکارەکان ئاراستە دەکەن، ئامانجەکەشیان بریتییە لە بەرزەفتکردنی جیهان بەهۆی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانییەوە.

دەشڵێن گۆرنگ گوتوویەتی سووخۆرانی جیهانی پارەیان بۆ شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ی ڕووسیا تەرخان کردووە، ئەو دەرئەنجامەشی خستووەتە بەر باس کە توانا بەو کەسانە دەبەخشێ بتوانن بیهێننەدی، ئەویش برەودانە بە بڵاوکردنەوەی ڕقوکینە و دوژمنایەتییەکی بێ وێنەی نێو مێژووی مرۆڤایەتی.

دواتر هێتلەر بۆ لۆرد لندندریی نێردەی بریتانیای باسکردووە چۆن ملیۆنان مەسیحی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ەوە زۆر درندانە سەربڕاون و بەرپرسانی ئەو قەسابخانانەش تەنیا دز و تێکدەرە جیهانییەکانن.

دواتر ئەندامانی نێو کۆبوونەوەکە دوا مەسەلەیان تاوتوێ کرد، ئەویش مەسەلەی هەوڵی ستالین بوو بۆ گۆڕینی ئیسپانیا بەرەو دکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی.. بەمشێوەیە و بەهۆی شێوازە نهێنییەکەی خۆپرچەککردنەوەی ئەڵمانیا و باڵادەستی و هەژموونی ئەنجوومەنی مەزنی خۆرهەڵاتی ماسۆنییە ئازادیخوازەکان بەسەر فرەنسا و تا دەگاتە شێوازی پارێکردن و دنەدانی بریتانیا بۆ خۆپرچەکنەکردن-

لەو کاتەی دوژمنە سەرسەختەکانی بە باشترین شێوە خۆیان پرچەك دەکرد-گشت بەندەکانی کودەتا و پیلانگێرییە جیهانییەکە پەردەیان لەسەر هەڵماڵدرا.. هەروەها ڕوونیش بوویەوە ئەڵمانەکان گەڕانەوی سەقامگیری و ئاسایش بە ئەستەم دەزانن ئەگەر کۆمۆنیزم و زایۆنیزم لەنێو نەبرێن، چونکە باوەڕیان وابوو ئەو دوو بزووتنەوەیە خەریکی هەلگیرساندنی ئاگری جەنگێکی دیکەن.

لە کۆتاییشدا هێتلەر بە شێوازە گوتارییەکەی خۆی کۆتایی بە گفتوگۆیەکان هێنا، هیواشی خواست لۆرد لندندری تێبکۆشێ باوەڕ بە حکوومەتەکەی بێنێ لەگەڵ ئەڵمانیادا بچێتە نێو هاوپەیمانییە پێشنیازکراوەکە.. دواتریش ڕێك و ڕاست گوتبووی: چونکە من باوەڕم وەهایە ئیمپراتۆریای بریتانی و کەنیسەی کاسۆلیکی، دوو دەستگەی جیهانین، مانەوەشیان بۆ پاراستن و بەرقەراربوونی یاسا و سیستمی ئایندەیی جیهانی پێویستە.

لەوانەیە ئەو قسانەی هێتلەر بەلای ڕای گشتییەوە سەیر و نامۆ بێتە بەرچاو، لەبەرئەوە چەند ڕاستییەکی دیکەی مێژوویی دەهێنینەوە بۆ ئەوەی ئەو قسە و بۆچوونانەی ناوبراو پشتڕاست بکەینەوە:

لۆرد لندندری دوای گفتوگۆیەکان گەڕایەوە لەندەن و ڕاپۆرتێکی پێشکێشی حکوومەتی بریتانی کرد.. لە ٢١ شوباتی ساڵی ١٩٣٦دا نامەیەکی بۆ ڕبنترۆب نارد و لە پەرەگرافێکی نامەکەیدا نووسیبووی: هێتلەر و گۆرنگ ئەوەیان بیرچووەتەوە ئێمە لێرە لە ئینگلترا بۆ ماوەی چەندان سەدە بەدەست تەشەنەکردنی شۆڕش ناڵاندوومانە.. سەبارەت بە جووەکانیش، ئێمە حەزمان بە لەنێوبردنیان نییە.. جگە لەمانەیش هەست و مەزەندەیەکی مادییانە لەگۆڕێدایە و پێی وایە ئێوە هەوڵ

دەدەن کۆنترۆڵی هێزێکی گەورە بکەن و لەوانەیە ئەو هەوڵەی ئێوە ببێتە هۆی کاردانەوەی ئەو هێزە گەورەیە لە سەرانسەری گۆی زەویدا بێتە ئاراوە.. هەروەها دەشتوانین لە وروژاندنی ئاشووب و نانەوەی پشێوی لە جیهاندا، شوێنپێی هەوڵ و کۆشش و بەشداریکردنی جوولەکە هەلگرین.. بەلام لە هەمان کاتیشدا دەبینین هەندێکیان لە بەرانبەردا هەڵوێستێکی زۆر یەکلاکەرەوەیان هەیە، هەژموون و پارە و سامانی خۆیان بۆ وەستانەوە بەڕووی ئەو چالاکییە شەڕخواز و لەخشتەبەرەی برایەکانیان خەرج دەکەن.

کاتێك هێتلەر دڵنیابوویەوە بریتانیا لە هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ ئەڵمانیا شکستی هێناوە، زیاتر و زیاتر بەرەو ڕاست شکاندییەوە، چونکە باوەڕی وابوو هیچ تاك و گرووپ و نەتەوەیەك بەتەنیا ناتوانێ هەژموون و دەستهەلاتی سووخۆرانی جیهانی لە ولاتانی بەناو دیموکراسی تێکوپێك بشکێنێ، لەبەرئەوەی لەڕووی داراییەوە ئەو ولاتانەیان تەواو قۆڵبەست کردووە و هەرهەموویان خستوونەتە ژێر قەرزێکی کەمەرشکێنەوە.

جەنگی نێوخۆیی ئیسپانیا لە تەمووزی ساڵی ١٩٣٦دا هەلگیرسا، بەکێشبوون و نزیکبوونەوەیەکیش لەنێوان فرانکۆ و هێتلەر و مۆسۆلینی هاتە کایەوە.. بڕیار و نەخشەی فرانکۆ بۆ خەبات لەپێناو دەرپەڕاندنی کۆمۆنیستەکان لە ولاتەکەیدا وای لە هێتلەر کرد لەڕووی سەربازییەوە سنوورەکانی تۆکمە بکات، چونکە زۆر حەزی لێبوو بزانێ ئاخۆ ستالین لەسەر حیسابی ولاتانی دیکەی ئەورووپی هیچ هەوڵێکی فراوانکردنی سنوورەکەی دەدات؟ ڕۆژنامەوانیی دژ بە هێتلەریش هەر هەنگاوێکی هێتلەریان بە دوژمنایەتییەکی فاشیستی ناودەبرد.. بەلام

هێتلەر پاساوی بۆ هەنگاوەکانی خۆی دەهێنایەوە و ڕایدەگەیاند هەنگاوی خۆپارێزن، لە شوێنێکی دیکەشدا گوتبووی گرنگیدان و بایەخی یەکەمی لەسەر ئەوەیە ڕێگە لە ستالین بگرێ و نەیەڵێ لە دەوروبەری هێڵی پانیی ٤٠ لە ئەوروپادا ناوچەیەکی هەژموون و دەستهەڵات دامەزرێنێ.. خۆ ئەگەر ڕێگەی بدابایە، ئەوا ئەڵمانیا و بریتانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپی دەکەوتنە نێو تەڵەوە..

نازییەکان لەنێو گەلی ئەڵمانیدا دەستیان بە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای جێرمانی کرد.. ئەم باوەڕ و ئایدۆلۆژیایە پێی وایە نەژاد و ڕەچەڵەکی جێرمانی لە هەموو لایەن و نەژادێکی دیکە پێشکەوتووترە و دەبێ بە هێزی سەربازی جیهان بخاتە ژێر دەستی خۆی و دەوڵەتێکی جێرمانی بنیاد بنێ.. یەکێك لە باوەڕە نەگۆڕەکانی ئەو ڕێبازەش ئەوەیە دەبێ ملکەچی بۆ سەرۆکی دەوڵەتی جێرمانی کوێرانە بێت و بە شێوەیەکیش گفتوگۆی گومانایی لەبارەوە نەکرێ.

بەمشێوەیە ململانێیی نێوان مەسیحییە فرەدیندارەکان بە هەردوو باڵی کاسۆلیکی و پرۆتستانتی، بە دژی دەوڵەت دەستیپێکرد، پیاوانی ئایینی هێرشی توندیان دژ بە نازیزم بەرێوەبرد، ڕاشیانگەیاند نازیزم هەوڵی وێرانکردنی مرۆڤایەتیی خستووەتە گەڕ.. نازییەکانیش وەڵامیان دانەوە و گوتیان: پیاوانی کەنیسە دژی یاسان و لەگەڵ دەستهەڵات یەکیان گرتووە.. ئەوسا پیاوانی ئایینی گوتیان: نازیزم دژ بە پلانی خواوەندییە لە ئافراندنی مرۆڤدا و ئەو پلانەش ڕەت دەکاتەوە.. نازییەکانیش پیاوانی کەنیسەیان بەوە تۆمەتبارکرد دەست دەخەنە چەند کاروبارێکی دەوڵەتەوە کە بە هیچ شێوەیەك پێوەندیی بەوانەوە نییە.

هیتلەر یاسایەکی توندوتیژی دەرکرد، هۆشداریی دایە پیاوانی ئایینی ڕەخنە لە دۆخە باوەکان نەگرن و مل لەبەر ملی یاساییەکانی دەوڵەت نەنێن.. هەروگیفیشی لێیان کرد ئەگەر دادگەیەکان سەلماندیان یاسایان پێشێڵ کردووە، ئەوا سزایان بەسەردا دەسەپێنێ.

بەشێك لەبڵاوکراوەکەی بابا بیۆسی یانزەیەم لە چواردەی ئاداری ساڵی ١٩٣٧دا به ناونیشانی (سەبارەت بە هەلومەرجی کەنیسە لە ئەڵمانیا) دەرچوو، فەرمانی دا بەسەر جیهانی مەسیحیدا بڵاو بکرێتەوە، بابا لە بڵاوکراوەکەدا بە گشت کاسۆلیکەکانی ڕاگەیاندبوو ئەوەی لە قسەکانیدا سەبارەت بە نازییەکان و خۆبەزلزانینی جێرمانییەوە باسی کردووە، تەواو ڕاست و دروستن، بابا نووسیبووی: لەوانەیە جیاوازییەك لەنێوان گەلان و حکوومەتەکان و نوێنەری دەستهەڵاتە ئەهلییەکان و هتد هەبێت، ڕێشی تێدەچێ هەندێك کەس و لایەن بەهۆی جیاوازیی سرووشتی و زیرەکیی مرۆیی سروشتییەوە پێگەیەکی باڵایان هەبێت و لە خەڵکی دیکە پێشکەوتووتر بن.. بەڵام بەرزکردنەوەی ئەو چین و گرووپ و گەلانە بۆ ئاستی پێشکەوتن و باشتربوونێکی میسالییانە، گۆڕین و دەستدرێژکردنە بۆ سەر سرووشت، چونکە تەنیا فراوەژۆیی (الکمال) بۆ خواوەندە، هەر ئەویش ئافرێنەر و چارەساز و بڕیاردەرە، تاك یان کۆمەڵە و گرووپێك بۆیان نییە بانگەشەی مافی خواوەندیبوون و پەرستراوییان هەبێت..ناشبێ کەس بکەوێتە نێو هەڵەی ئەوەی نیشتمانەکەی بە نیشتمانی خودا یان ئایین بزانێ، مەگەر دەبەنگ بێت و تێبکۆشێ و سنووری توانایەکانی خواوەند تا ئەو ڕێژەیە بەرتەسك بکاتەوە، چونکە خودای مەزن پاشایەکی فەرمانڕەوا و دادپەروەرە و هەرگیز نابێ توانای نەتەوە و

گەلان بە هێز و توانایەکانی بەراورد بکرێ، دۆخی لەمشێوەیە وەك بەراوردکردنی تنۆکێك ئاوە بە دەریا.

ئەمە سەبارەت بە کاسۆلیکەکان.. بەلام پرۆتستانییەکان، زۆر ئازایانە ڕوویەڕووی نازیزم بوونەوە و لە مانگی ئابی ١٩٣٨ دا نامە و پەیامێکیان بلاوکردەوە و تیایدا ڕوونیان کردەوە هەلوێستی نازییەکان لەهەنبەر ئایینی مەسیحی لە ئەلمانیا بەشێوەیەکی زۆر زەق لەگەل بۆچوون و جەختکردنەوەکانی فوهۆر دژە.. هەروەها لە پەیامەکەدا هاتبوو: ئەوەی نازییەکان ئامانجیانە چەپاندن و سەرکوتکردنی کەنیسەی کاسۆلیکی و پرۆتستانییەکان نییە بە تەنیا، بەلکو لەنێوبردنی بیروباوەڕە سەرەکییەکەی مەسیحییەتە کە لەسەر باوەڕبوون بە یەك خواوەند بنیاد نراوە، لە هەمان کاتیشدا دەیانەوێ بیروباوەڕی جێرمانی لە شوێنی دابنێن.. واتای هەولی گۆڕینی خواوەندی مەسیحی بۆ خواوەندی جێرمانی چییە؟ ئەدی بیروباوەڕی خواوەندیی جێرمانی چییە؟ .. ئایا لە خودای گەلانی دیکە جیاوازە؟.. ئەگەر وایە، ئەوا واتای ئەوەیە هەر گەل و نەتەوەیەك خواوەندێکی تایبەت بەخۆی هەیە.. واتای ڕاستینی ئەو بیرۆکەیەش ئەوەیە هیچ خواوەندێك لەبنەڕەتەوە بوونیان نییە.

هێزی ڕەشی نازیزم و هێزی سووری کۆمۆنیستی لە جەنگەی دژ بە مەسیحییەت و ئیمپراتۆریای ڕۆمانیدا هاوسەنگەر بوون.. دۆخە ئالۆزەکەش بوو پیاوانی کەنیسەی ناچارکرد وەك هەلوێستێکی نەتەوەیی دژی نازیزمی ڕەش بوەستنەوە، لە هەمان کاتیشدا مەترسییە کەمترەکەی فاشیزمیان پشتگوێ خست و سەبارەت بە بیرۆکەی مەترسیی کۆمۆنیزم لەگەل فرانکۆ هاوڕابوون.. ئەو دۆخەش

ڕاڤەی هۆیەکانی هاوپەیمانیکردنی کاردینال مندزنیتی لەگەڵ سەرکردە فاشییەکان ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەدەست هەژموونی کۆمۆنیستیی نێو ولاتەکەیان ڕزگار بن.

لە هەلومەرجێکی وەهادا، ملیۆنان کەس لە گەلی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالی و ئیسپانی و یابانی، دەبوایە بەناچاری یەکێك لەو دوو لایەنە هەڵبژێرین: یان پشتگیری لە کۆمۆنیزم یانیش فاشیزم بکەن.. هۆبسۆن ڕێگەی پێ نیشان دان و پێی ڕاگەیاندن ئەوە هەڵبژێرین کە مەترسییەکەی کەمترە و لە ئەهریمەن دوورترە.

بەمشێوەیە نەخشە و پیلانگێڕییە ئەهریمەنییەکە بۆ ڕەخساندنی هەلومەرج و زەمینەی جەنگی دووەمی جیهانی هاتە کایەوە، دیکتاتۆریەتی ڕووسی بە نهێنی ئەڵمانیای پڕچەك دەکردەوە.. دکتاتۆریەتی ئیتالیش بە سەرۆکایەتیی مۆسۆلینی بەنهێنی کەشتیگەلی ژێرئاوەگەڕەکانی ئەندازیاران و زانایانی ئەڵمانیای بنیاد دەنا.. ئەو ژێرئاو گەڕانە بەشێوەیەکی کرداری لە جەنگی نێوخۆیی ئیسپانیدا خرانەگەڕ، چونکە لە ساڵی ١٩٣٦دا هێزی ئەو ژێرئاوگەڕانە و خۆڕاگرییان لەبەرانبەر گشت چەکە بریتانییە دژە ژێر ئاوگەڕەکان بەتەواوی سەلمێندرا، ئەو ژێرئاوگەڕە نوێیانە دەیانتوانی بە قووڵایی پێنجسەد پێ بچنە ژێر دەریاوە، ئەمەیەش مەودایەکە و هیچ چەکێکی ئەوکاتی نەیدەتوانی پێیان بگات و بیانپێکێ.. ئیدی حکوومەتی بریتانیش بەو مەسەلەیەی زانی و بە نهێنی هەواڵی ئەو ئامادەکارییانەی پێگەیشت.. کاپتن ماکس مارتۆن لە هێزی دەریایی بریتانیدا تاقیکردنەوەیەکی کرداری کرد بۆ ئەوەی بتوانێ لەو کاتەی ئەو ژێرئاوگەڕانە لە بەندەرەکانی خۆیاندا لەنگەر دەگرن، هێرشیان بکرێتە

سەر، بە ژێرئاوگەڕەکەی خۆیشی توانی خۆی لە گشت چەکێکی دژ بە ژێرئاوگەڕەکان دووربخاتەوە و بەشێوەیەکی تیۆری دوانزە کەشتیی ژێرئاوگەڕی لەنگەر گرتوو تێکبشکێنێ.. جا لەجیات ئەوەی کاپتن مارتن لەلایەن سەرکردەی کەشتیگەلەکانەوە سوپاس و پێزانینی ئاراستە بکرێ، کەوتە بەر ڕق و کینە و نارەزایی و پلە بەرزکردنەوەیان وەستاند و بەتەواوی دەمکوتیان کرد.. بارودۆخەکە هەتا ساڵی ١٩٤٠ وەك خۆی مایەوە، کاتێك ژێرئاوگەڕە نوێیەکانی ئەڵمانی هەڕوگیفیان لە بریتانییەکان کرد و گوتیان یان دەبێ خۆتان ڕادەست بکەن یانیش لە برسان بمرن.. ئەوساکە سەرکردایەتیی داوایان لێ کرد لە زەریای ئەتلەنتیدا جەنگی بەرپەرچدانەوەی ژێر ئاوگەڕەکان بەڕێوەببات.

لەگەڵ هۆشدارییە پێشووەختەکانیش، بەڵام کاتێك جەنگ بەرپابوو هیچ چەکێکی دەریایی بۆ پارێزگەریکردن لە کەشتییە بریتانییەکان نەبوو.. لە ئەنجامدا بریتانیا پێش ئەوەی بتوانێ لە ساڵی ١٩٤٣ جڵەوی جەنگ و سەرکەوتنەکە وەدەستبێنێ، ٧٥٪ ی کەشتیگەلە بازرگانییەکان و چل هەزار سەربازی دەریاوانیی لە دەست دا.

دەگەڕێینەوە ئەڵمانیا، هیتلەر لە ئەڵمانیا هەنگاوێکی دژ بە سوورخۆرە نێودەوڵەتییەکان هەڵێنابوو، چوونکە سیاسەتێکی سەربەخۆیانەی ئابووریی و ڕیفۆرمی دارایی ڕاگەیاندبوو.. داوای لە یابان و ئیتاڵیا و ئیسپانیا کردبوو لە ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی هێزی کارتل و قۆرغکارییەکانی سوورخۆرە نێودەوڵەتییەکاندا پاڵپشتی بن، بانکێکی نێودەوڵەتیان تەرخانکرد کە نوا بەرهەمی نەخشە و پلانی سزایەکەیان بوو.. ڕایخ پلانەکەی خۆی بە لەنێوبردنی دکتۆر

مانسی بەڕێوەبەری بانکی ڕایخ و بەکرێگیراوی سووخۆرە جیهانییەکان دەستپێکرد.. جا پێش ئەوەی هیتلەر هەنگاوە بوێرانەکەی خۆی هەڵێنێ، کەس نەیدەتوانی دکتۆر هانس لە پۆستەکەی لابدات، تەنیا بە ڕەزامەندیی ئەو و ئەندامانی بانکی نێودەوڵەتی نەبێت.

سووخۆرانی نێودەوڵەتی لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بیست و شەش بانکی مەرکەزییان بنیادنابوو، ڕێک هاوشێوەی ئەو بانکە فیدراڵییانەی لە ساڵی ١٩١٣ بەسەرپەرشتیی و ڕێنمایی پۆل واربۆرگ بنیاد نرابوون، ناوبراو لە ساڵی ١٩٠٧ چووە ئەمریکا و دواتریش بووە هاوبەشی دەستگەی کۆهن- لۆب و هاوبەشانیان لە نیویۆرکدا.

لەکاتی ئاخاوتنمان سەبارەت بە بزووتنەوەی ئابووریی ئەو قۆناغە مێژووییە، گوتەکانی تیۆدۆر وڵسن (١٩١٦) دەهێنینەوە، واتا دوای سێ ساڵ لە دەستبەکاربوون و کارکردن بە سیستمی بانکی یەدەگی فیدراڵی کە لەلایەن واربۆرگی جوولەکەوە ڕێکخرابوو، وڵسن لە ئاخاوتنەکەی سەبارەت بە دۆخی ئابووریی ئەمریکا دەڵێ: بارودۆخی گەلە پیشەسازەکەمان وەک بارودۆخی زۆربەی وڵاتە پیشەسازییە مەزنەکانە و سیستمی پێشینەدان (التسليف) و قەرزەکانی کۆنترۆڵی کردووە..سەرچاوەی ئەو قەرز و پێشینەدانەش چەند کەسێکن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و دواتر دەستیان بەسەر گەشەکردنی نەتەوەکەماندا گرتووە، گرووپ و دەستەیەکن و بەتەواوی دەستهەڵاتیان بەسەر وڵاتدا سەپاندووە.. لەبەرئەوە ئیدی حکوومەتەکان- تەنانەت بەهەژموونترین و سیستماتیکترینیان- گوزارشت لە زۆرینەی ئەو دەنگانە ناکەن کە هەڵیانبژاردوون، بەڵکو ڕاستییەکەی گوزارشت لە دەستە و تاقمە هەژموونداره دەکەن.

هەر ئەم دۆخەیشە لە ئێستەدا جیهانی مۆدێرن و شارستانی بە دیموکراسی ناوی دەبات. فرانکلین ڕۆزفلتی سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ بۆچوونی سەرۆك ویلسندا هاوڕایە، چونکە لەو کاتەی قەیرانەکە - یان تراژیدیایە - ئابوورییە گەورەکەی سییەکان سەری هەڵدا، ڕۆزفلت گوتی: تەنیا شێست خانەوادەی ئەمریکی دەستیان بەسەر ئابووریی گەل و نەتەوەدا گرتووە.. سێیەکی گەلی ئەمریکیش بەدەست خراپیی دۆخی نیشتەجێبوون و خۆراك و خواردنەوە دەناڵێنن.. هەروەها گوتی: سەتا بیستی ئەوانەی لە پرۆژەکانی W.P.A کار دەکەن، لە دۆخێکی زۆر نالەباری بەدخۆراکیدان، تەنانەت ناتوانن کاری ڕۆژانەیان بەتەواوی راپەڕێنن.. من سوورم لەسەر ئەوەی پیاوانی بانکی لەنێو قەڵا و قوولە پارێزراوەکەیان دەربهێنرێن.

بەڵام هێندەی نەبرد ڕۆزفلتیش گۆڕا.. هەستی کرد سەرکردایەتیی وڵاتەکەی دەکات و گەلەکەی بەرەو جەنگ و شەڕی دژ بەو دەوڵەتانە دەبات کە سەبارەت بە سیاسەتی پێش هەڵبژاردنی لەگەڵیدا هاوڕابوون.. جا دوای ئەوەی ڕۆزفلت تەمەنێکی زۆری لە خزمەتکردنی سەرمایەداریدا بەسەربرد، لە خانووی بێرنارد باڕۆخی دەوڵەمەندترین و بەهێزترین پیاوی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا مرد، ئەو بێرناردەی ماوەی چل ساڵ لەژێر پەردەوە دەستی بەسەر ئەو وڵاتەدا گرتبوو و هەر خۆی حوکمڕانییەکەی دەکرد.. جا ئەگەر خوێنەرێك هەیە گومانی لەو قسانەی ئێمە هەبێت کە سەبارەت بە بێرنارد باڕۆخ کردمان، با پێمان بڵێ وەڵام و لێکدانەوەی بۆ سەردانەکانی وینستۆن چەرچڵ چییە کە هەرگیز سەری لەو پیاوە نەبڕیوە بەردەوام هاموشۆی کردووە؟ .. ئەدی چۆن ڕاگەیاندراوە مێژووییەکانی چەرچڵ

لێکدەداتەوە کە ڕاستەوخۆ دوای چوونی بۆلای بارۆخ لە ساڵی ١٩٥٤ ڕاگەیەندراوێکی تایبەت بە پشتگیریکردنی زایۆنیزمی سیاسی بڵاوکردەوە؟

ئیدی (دیموکراسی) بووە ئەو وشە بریقەدارەی دەستەڵاتدار و سەرۆکەکان بۆ لەخشتەبردنی گەلانیان وەك بنێشت بەردەوام لەسەر زاریان بوو.. ئەو وشەیە لە وڵاتانی سەرمایەداریدا بەکار دەبرێ کە شوێنی حەوانەوە و کەیفوسەفای پارەدارانی جیهانییە، ئەو پارەدارانە بە زیادکردن و کەمکردنەوەی ڕۆییینە (سیولە) بەپێی ویست و بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆیان دەستکاری بەهای دراو دەکەن.. ئەو دیموکراسییەی هەریەکە لە بریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆیانی پێ پێناسە دەکەن، واتای پێوەندی و وابەستەبوونی ئەو وڵاتانە دەگەیەنێ بەو پارەدەر و سووخۆرە نێودەوڵەتییانە ئەویش لە ڕێگەی قەرز و قولەوە..لە لایەکی دیکەشەوە، وڵاتانی کۆمۆنیستیش خۆیان بە وڵاتی دیموکراسی ناودەبەن، چونکە کەوتوونەتە ژێر هەژموون و دەستەڵاتی هەمان گرووپ و دەستەی سووخۆر و پارەدەرانی جیهانییەوە.

سێر ئەنتۆنی ئیدن گوزارشت لە ڕای ئەو سووخۆر و پارەدەرانە دەکات، کاتێك لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٩دا پەیامێکی ڕادیۆیی ئاراستەی گەلی ئەمریکی کرد و لە برگەیەکدا گوتبووی: **کاتمان بۆ ڕەخساوە ئەوروپا لە دەمارگیری و هەڵپە و هەژموونی هەوارهەوەسەکان دەرباز بکەین.. لەسەریشمان پێویستە لەمیانی جیهانێکی دژ بەیەك و پڕ لە جەنگدا شارستانییە نوێیەکەمان بنیاد**

نەنێین.. ئەمە بۆگەنبوونێکی هزرییە و هیچی دیکە.. ئایا جەنگەکان بۆ وێرانکردنن یان بنیاد نان؟

زۆرێک لە بریتانییەکان هەوڵیان خستەگەڕ وڵاتەکەیان و هاوپەیمانەکانی لە چوونە نێو جەنگێکی نوێی دژ بە ئەڵمانیا بە دووربگرن..هەر لە ساڵی ١٩٣٠ەوە لە گشت بۆنەیەکدا بێزاری و نارەزایی خۆیان لەهەنبەر هەڵگیرسانی ئاگری جەنگێکی دیکەدا دەردەبڕی.. بەڵام هەر هەموویان بە نازییە ڕەشەکان تۆمەتبار دەکران کە لە بەرژەوەندیی لۆردە جەنگییەکانی نازیزم کار دەکەن.. یەکێك لەو بریتانیانەی دوژمنایەتیی خۆیان لەهەنبەر کۆمۆنیزم ڕاگەیاند و پشتگیرییان بۆ فاشیزم دووپات کردەوە (سێر ئۆزوێلد موسلی) بوو.. ناوبراو و چەندان سیاسەتمەدار و ژەنەڕاڵانی خانەنشین بە هەوڵێکی بێدەنگ و بوێرانەوە هۆشدارییان دەدایە ئەندامانی نێو حکوومەت نەبنە نێچیری پیلان و کودەتایەکی جیهانی.

بزاڤی دژ بە (سامییەت) لە ئینگلترا لە ساڵی ١٩٢٠ەوە سەری هەڵدابوو، کاتێك مارسدن گەڕایەوە ئینگلترا و پەڕتووکەکەی پرۆفیسۆر سێرجی نیلۆس (مەترسیی یەهوودی) لەگەڵ خۆیدا هێنابوو.

کاتێك مارسدن ئەو بەڵگەنامانەی وەردەگێڕا، هەڕەشەیان لێی کرد ئەگەر دەستبەرداری چاپ و بڵاوکردنەوەی پەڕتووکەکە نەبێت، دەیکوژن.. بەڵام مارسدن لە هەڕەشەکە نەترسا، پەڕتووکەکەی لە چاپدا و ناونیشانی (پرۆتۆکۆلی سەرانی زایۆنیزم)ی بۆ هەڵبژارد.. دوای چەند ساڵێك لە چاپکردنی پەڕتووکەکە - هەر وەك لە هەڕەشەکەدا هاتبوو- لە هەلومەرجێکی پڕ لە تەمومژدا مرد.

ئەو پەرتووکە لە ئینگلترا و دواتریش لە سەرانسەری جیهاندا هەرا و مقۆمقۆیەکی گەورەی نایەوە.. سووخۆرانی نێودەوڵەتی ویستیان خۆیان لەو ئابڕووچوونە دەرباز بکەن و هەڵمەتێکی پروپاگەندەیان دژ بە مارسدن بەڕێوەبرد، بە درۆزن و دوژمنایەتیکردنێکی ڕاشکاوی سامییەت تۆمەتباریان کرد.. لە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکارییەکانی خۆمدا دەتوانم بڵێم ئەو بەڵگەنامانەی لە پەرتووکەکەی پرۆفیسۆر نیلۆسدا لەژێر ناونیشانی مەترسیی جولەکە هاتوون و لە پەرتووکەکەی مارسدن بەناوی (پرۆتۆکۆلی سەرانی زایۆنیزم) هێنراوەنەتەوە، هەمان پیلانە دوورمەودایەکانی نوورانییەکانە کە ئەمشێل ڕۆچێلد لە کۆبوونەوەی ساڵی ١٧٧٣ی فرانکفۆرتدا بۆ هاوڕێیەکانی خۆی ڕاڤەی کردوون.

هیچ گومانێکیش لەوەدا نییە ئەو بەڵگەنامانەی کەوتوونەتە دەست پرۆفیسۆر نیلۆسەوە، چەند بەڵگە و ئاماژەیەکی دیکە بوون و دەتواندرێ لە ڕاڤەکردنی شێوازی پێڕەوکردنی نەخشە و پیلانەکەدا پشتی پێ ببەسترێ و بگەینە ئەو ڕاستییەی چۆن داروینیزم و مارکسیزم و نیچەیزم (ڕێبازەکەی نیچە) بەکارهێنراون.

خوێنەری ئەو بەڵگەنامانە -جا سەرچاوەکەیان هەرچییەك بێت- ناتوانێ وەك گوزارشتێك لەو بەرنامەیەی بەڵگەنامەکان هەر لە ساڵی ١٧٧٣ەوە پێشنیازی کردوون، نکۆڵی لە زنجیرەداری و بەدوایەکداهاتنی ئەو ڕووداوانە بکات.. هەروەها سەری لەو پێشبینییە وردە دەسوڕمێ کە هەرگیز بە هەڵەدا نەچووە.

ماکس ناردۆ لە کۆنگرەی شەشەمی زایۆنیزمدا که لە ساڵی١٩٠٣ لە بازلی سویسرا بەڕێوەچوو، گوتارێکی خوێندووەتەوە ئەمەیش دەقی

پەرەگرافێکی گوتارەکەیتی: ڕێگەم بدەن ئەم چەند وشەیەتان پێ بڵێم، وەك ئەوەی پلیکانە پلیکانە بەسەر پەیژەیەکدا سەرتان بخەم.. کۆنگرەی زایۆنیزم.. پرۆژەی ئۆگەندای بریتانی... جەنگی پێشبینیکراوی جیهانی.. کۆنگرەی ئاشتی کە تیایدا بە یارمەتیی بریتانیا دەوڵەتێکی سەربەخۆی جوولەکە لە فەڵەستین پێکدێت.

زۆرێك لە سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەوانان ئەو بەڵگەنامانەیان خوێندووەتەوە و دنەی داون لە پرسە جیهانییەکان وردببنەوە و لێیان بکۆڵنەوە، وەك لۆرد سیدنهام و هێنری فۆرد. هێنری فۆرد دوای خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان پەرتووکێکی بەهاداری نووسیووە، کۆتاییی لێکۆڵینەوەکەشی ڕێك وەك دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی منن.. لە ١٧ی شوباتی ساڵی ١٩٢١ نیویۆرك وورڵد چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێز هێنری فۆرد سازدابوو، لەو چاوپێکەوتنەدا ئەم پەرەگرافەم هێناوەتەوە: گرنگترین شتێك بمەوێ سەبارەت بە پرۆتۆکۆلەکان بیڵێم ئەوەیە نێوەڕۆکی ئەو پرۆتۆکۆلانە هاوشێوەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆن.. شانزە ساڵ بەسەر بەدیارکەوتنی ئەو پرۆتۆکۆلانە تێپەڕیون، کەچی ئێستە و دوای سەدەیەك لە دەرچوونیان، لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەیی جیهان دەگونجێ!

ئێستە سی و چوار ساڵ بەسەر ئەم دەستەواژەیەی فۆرد تێپەڕیوە (بەسەر گوتنی ئەم قسەیە تێپەڕیوە) ، کەچی هەتا ئێستە هاوشێوەی ئەو واقیعەیە کە تیایدا دەژین.. ئەمەیش بەسە بۆ ئەوەی وەها لە گشت خاوەن ویژدانێکی زیندوو بکات ددان بەوەدا بنێ ئەو بەڵگەنامانە تەنیا دەقی ئەسڵیی ئەو پیلانەیە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ

قۆناغی جیبەجێکردنی زیاتر دەچنە پێشێ و و زۆربەی مەبەستەكانی خۆیشی پێكاوە.

لە کۆتایی ئاخاوتنەكەمان سەبارەت بە پرۆتۆكۆلەكانی سەرانی زایۆنیزم، پێویستە پێوەندیی نووسەرەكەی -بەڕێز مارسدن- بە شا ئەدواردی هەشتەمی ئینگلیز بهێنینە بەر باس، چونكە ئەو پێوەندییە كاریگەرییەكی زۆری بەسەر خودی پاشا و پەردە هەڵماڵین لەسەر لایەنەكانی ئەو پیلانگێڕییەدا هەبووە كە لەو كاتیدا لە ئینگلترا هاتووەتە ئاراوە. مارسدن لە ساڵی ١٩٢١ تا ١٩٢٧ لە ڕۆژنامەی مۆرنینگ پۆستدا كاری كردووە، لەوێ زۆر هاوڕێی دۆزیوەتەوە.. بەڵام لە هەمان كاتیشدا لەلایەن پیلانگێڕەكانەوە زۆر بەتوندی دوژمنایەتیی كراوە.. لە ساڵی ١٩٢٧دا دەستنیشان كراوە لەگەڵ وەلی عەهد (میری وێڵز) بۆ گەشتێكی ئیمپراتۆری بچێت.. هیچ ماقووڵیش نییە بەڕێز مارسدن ئەو دەرفەتەی نەقۆستبێتەوە و میری لەو بەڵگەنامە و پیلانگێڕییانە ئاگادار نەكردبێتەوە كەوا پارەدەران و سووخۆرانی نێودەوڵەتی و لە هەمان كاتیشدا پیلانگێرانی هێنانەكایەی كۆمۆنیزم و زایۆنیزم بەیەكەوە هەوڵی هەڵسووڕاندن و جێبەجێكردنی دەدەن.. ئیدی كاتێك وەلی عەهد دەگەڕێتەوە بریتانیا زۆر دەگۆڕێ، ئیدی وەك میرە دەستبڵاوەكەی جاران نەما، بەڵكو بووە پیاوێكی مكوڕ و بە قووڵی تێدەفكری.. بەڵام هەركە مارسدن گەیشتەوە بریتانیا باری تەندروستییەكەی تێكچوو، دوای چەند ڕۆژێكێكیش مرد.. ئەمەیش ڕووداوی ژەهرخواردكردنی میرابۆمان بیردێنێتەوە، دوای ئەوەی پاڵنەرە ڕاستینەكانی شۆڕشی فەرەنسای بۆ لویسی پاشا ڕوونكردەوە.

گۆڕانی وەلی عەهد دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەدا زۆر قـووڵ و سـەرتاپاگیر بـوو، ئیـدی بەبایەخـەوە دەینواڕییـە گرفتـە ئـابووری و کۆمەلایەتییەکان، سەری لـە کانـە خـەڵووزەکان دەدا و دەچووە مـاڵی کرێکارەکـان و لەگـەڵیان دەکەوتـە ئاخـاوتن، لەمەیشـدا ڕەچـاوی نەریتـەکانی پاشـایەتی نـەدەکرد.. دواتـریش دژی هـەر سیاسـەتێك دەوەسـتایەوە ئەگـەر هەسـتی کردبایـە بـاش و شایسـتە نییـە، زۆر بوێرانەش ڕا و بۆچوونی خـۆی لەهەنبـەر گشـت مەسـەلە و کاروبـارێکی سیاسـەتی دەرەوە دەردەبـڕی، بەمـەیش دژی هێـزە نهێنییـەکان دەوەسـتایەوە، بەتایبـەتیش کـاتێ لـە ٢٠ی کـانوونی دووەمـی سـاڵی ١٩٣٦ تاجی پاشایەتیی لەسـەر نـرا.. بەمشـێوەیە ئیدواردی هەشـتەم کەوتە نێو ململانێیـەکی تونـدی هەنبـەر جڵـەو بەدەسـتە ڕاستینەکانی سیاسەتی بریتانی.. بەڵام هێندە خۆی ڕانەگرت، چونکە سووخۆران بـۆ یەك چرکەش دەستبەرداری ناوزڕاندنی نەبوون، بەتایبەت کاتێك لەگـەڵ مسـتەر مارسـدن چـوونە گەشـتەکە.. پڕوپاگەنـدەی سـووخۆرەکان ئەوەبوو دەیانگوت ڕاوچیی ژنانـە و هـەواداری ڕاسـتڕەوانە و دەسـتی لەگەڵ ئۆزوێلد مۆزللی لایەنگری بزووتنەوەی فاشیزم تێکـەڵ کـردووە.. بەڵام کۆی ئەو پڕوپاگەندانە نەیانتوانی ژیاننامە و ناوبانگە مکوڕەکـەی بڕووشـێنن، تـا ئـەو کاتـەی بڕیـاری دا بێـوەژنێکی ئـەمریکی بخـوازێ بـەناوی والی سیمبسـۆن.. ئەوسـا هۆکارەکـانی پڕوپاگەنـدەکردن وەك کوورەی هەنگ وروژان و ڕای گشـتییان دژ بـەو خاتوونـە وروژانـد، ئـەم مەسەلەیە بووە تاکە مەسەلەیەك مێشـکی خـەڵکی ئینـگلترای جـەنجاڵ کردبوو.. مسـتەر بالـدوین فـەرمانی سـووخۆرانی بـۆ لابردنـی پاشا لـە عەرشی دەستهەلات لەنێو دەستانی دابوو.. پاشـا دوو بژاردەی خرایـە

بەردەم: یان دەستبەرداری عەرشی دەستهەڵات بێت، یانیش واز لە خواستنی مس سیمبسۆن بێنێ، ئەویش ئەو چارەسەرەی هەڵبژارد کە کەرامەتەکەی دەپارێزن و نایکردە قەشمەرجاڕی دەستی نەیارانی، واتا دەستبەرداری عەرشی دەستهەڵات بوو.

بەشی حەڤدەیەم

هەلگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی

هەر لەگەڵ ئەوەی ئیدواردی هەشتەمی پاشای بریتانیا ڕایگەیاند دەستبەرداری عەرشی دەستهەلآت دەبێت، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و بیرمەندانی بریتانی -بە ئەندامانی پارلەمان و کۆنە سەرکردەکانی سوپاشەوە- هەڵمەتێکی فراوانی پڕوپاگەندەیان بەڕێوەبرد بۆ ئەوەی باوەڕ بە حکوومەتی ولآتەکەیان بهێنن پیلانگێڕییەکی سووخۆرانی نێودەوڵەتی لەگۆڕێدایە و هیچ گفتوگۆیەك هەڵناگرێ.. یەکێك لەو کەسانە کاپتن ڕامزی و ئەدمیرال سێر باری دومفێل بوون و لە ساڵی ١٩٣٨ دا گەیشتنە ئەو باوەڕەی سەرکردایەتیی جوولەکەی جیهانی کە لەلایەن پیاوانی بانکی و سووخۆرانی جیهانییەوە ڕێبەرایەتییان دەکرێ، لە پیلانێکی دوورمەودا و بە ئامانجی نانەوەی ململانێی نێوان گەلان، پارەیەکی قەبە و زەبەلاحی بەردەستیان بۆ کڕینی کەسانی پلە باڵآ و پێگە هەستیارەکان بەکاردێنن، ئامانجی پیلانەکەش خۆ ئامادەکردن و زەمینەسازییە بۆ هاتنی مەسیحی جوولەکەکان بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات، ئەوسا حکوومەتی مەرکەزیی لە فەلەستیندا دەتوانێ دەستهەلآت و حوکمڕانییەکی دکتاتۆرانە بەسەر گشت گەل و نەتەوەکانی جیهاندا بسەپێنێ.

کاپتن رامزی و ئەدمیرال دومفیل ئەو پەڕی هەوڵ و توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی نەهێڵن بریتانیا لە جەنگی دژ بە ئەڵمانیا بگلێ، هەروەها کاپتن رامزی هەوڵێکی تاقەتپڕووکێنی دا بۆ ئەوەی بەڕێز چامپرلینی سەرۆکوەزیرانی بریتانی لە مەترسییەکەی سەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا ئاگادار بکاتەوە، چونکە پیلانگێڕە نێودەوڵەتییەکان پیلانەکەی خۆیان بەتەواوی جێبەجێ کردبوو و بریتانیایان گلاندبووە نێو جەنگی دژ بە ئەڵمانیا.. گەرچی نەیتوانی باوەڕ بە سەرۆکوەزیران بهێنێ، بەڵام هەر هیچ نەبێ کاریگەرییەکی باشی لێکرد و دنەی دا نێوانی خۆی و هیتلەر چاك بکاتەوە و لە میونخ بگەڕێتەوە و چەترەکەی دەستی و کاغەزەکەی دەستی ڕاوەشێنێ و بڵێ ئەمە ڕێکەوتنێکە و لە ئێستەدا ئاشتی دەهێنێتە کایەوە.

هەر ڕاستەوخۆ دوای ئەو ڕاگەیاندنە، ئەو ڕۆژنامەگەرییەی لەلایەن سووخۆرانی نێودەوڵەتییەوە دەستی بەسەرداگیرابوو، هەڵمەتێکی پڕ لە ڕق و کینەی دژ بە فاشیزمیان بەڕێوەبرد، نەفرەتیان داباراندە سەر چامپرلین و بەو پیرەژنە تۆمەتباریان کرد کە دەیەوێ بە هەر نرخێك بێت ئاشتی بکڕێت، هەروەها گوتیان هاوکار و پاڵپشتی فاشیزمە..بەکرێگیراوانیش لە خۆپیشاندانێکی گەورەی نێو گورەپانی گشتیی مۆسکۆدا گریان لە پەیکەرێکی وەهمیی چامپرلین بەردا.. ئەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییە فاشیزمی ئەڵمانی و ئیتاڵییان وەك ئەیتەیستییەکی ڕەش پیشان دا کە ئامانجی تۆتالیتارییەکی ڕەهایان هەیە.. خەڵکانێکی کەمیش لە جیاوازیی نێوان نازیزم و فاشیزم و کۆمۆنیستی و سۆسیالستی دەگەیشتن.

یەکێك لە وردەکاریی ئەو ڕێکارانەی لە پشتی پەردەوە گێرانەبەر، ئـەوەبوو کـاپتن رامـزی بـەڵێنی بـە سـەرۆکوەزیرانی بریتـانی دابـوو بەڵگەنامەیەکی بخاتە بەردەست کە گەواهیدەری پیلانگێڕییـەکی دژ بـە بەرژەوەندییەکانی بریتانیایە.. ئەو بەڵگەنامەیە چەند نامەیەکی نهێنیی کۆددار بوون و لەنێوان وینستۆن چەرچل و ڕۆزفلێتی سەرۆکی ئـەمریکا ئاڵوگۆڕ کرابوون.. هەروەها رامزی بەڵێنی هێنـانی ئـەو نامانـەی دا، بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنێ سـووخۆرانی جیهـانی ئامانجیـان هەڵگیرسـاندنی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانییە.

کـاپتن رامـزی لـە رێگـەی تایلـەر کێنتـی ئەفسـەری ئـەمریکیی راسپێردراو بـە پەخشـکردن و وەرگرتنـی ئـەو نامانـە لـە باڵیۆزخانـەی ئـەمریکا لـە لەندەنـەوە، بەدەسـتی گەیشـتبوو.. خـودی تایلـەر کێنـت پێوەندی بـە کـاپتن رامزیـەوە کردبـوو، چـونکە دەیزانـی پیلانگێـڕی و کودەتایەکی جوولەکەی جیهانی بەڕێوەیـە، دەشـیزانی بـۆ وەسـتاندنی جـەنگ ئەوپـەڕی هـەوڵی خـۆی خسـتووەتە گـەڕ .. کـاتێکیش رامـزی پێشنیازی کردبوو ئەو نامـە بەڵگەییانـە بداتـە دەسـت سـەرۆکوەزیران، کێنت رازی ببوو ئەو نامانە بباتە ماڵی رامزی لە گلۆستەری لەندەن.

لەو کاتیدا پیلانگێڕانی جیهانی سنووری چالاکییەکانیان فـراوانتر ببـوو.. لـە ئـاداری سـاڵی ١٩٣٩دا توانیـان دنـەی چـامبرلین بـدەن پەیماننامـەی پاراسـتنی پۆلەندییـەکان دژ بـە هێـرش و دوژمنایـەتیی ئەڵمانییـەکان واژۆ بکـات، ئەمـەیش بـە زەقکردنـەوە و پیشـاندانی هۆشدارییەکی ساختە لـە ئەڵمانییـەوە بـۆ پۆڵەندییـەکان بـەڕێوەبرا.. ڕاسـتییەکەی ئـەڵمانیا ئـەو هۆشـدارییەی نـەناردبوو، بـەڵکو بـۆ چارەسـەرێکی ئاشـتییانەی گرفتـی دالآن و تەنگەبـەرەی پۆڵەنـدی و

دانـزنگ، پرۆژەیـەکی زۆر بـاش و پەسـندی لـە دوو تـوویّی خۆیـدا هـەلگرتبوو، ئـەو گرفتـەش بـەهۆی پەیماننامـە نادادپەروەرییەکـەی فرسای دروستبوو.

یاداشـتانەمەکە مـاوەی چـەندان مـانگ پشـتگویّ خـرا، بـەلاّم رۆژنامەگـــەریی دژ بـــە هیّتلـــەر دژە هیّرشـــیّکی توندوتیـــژیان دەسـتپیّکردبوو.. رۆژنامەگەرییەکـە وەك پیاویّـك ویّنـای کردبـوو کـە جیّگـەی متمانـە نییـە، ئـەو درۆیـەش بەسـەر هەمووانـدا تیّپـەرِی، وەك نموونەیـەکیش بـۆ پیّشـیّلکردنی گشـت ریّککەوتنامـەکان لەلایـەن هیّتلەرەوە – هـەروەك چـۆن پیّشـتریش پەیماننامـەی فرسـای پیّشـیّل کردبو– ئـەو گوتەیـەی هیّتلەریشـیان بـەکارهیّنا کـە دوای داگیرکردنـی سدتنلاند گوتبووی ئیدی دوای ئەمە داوای هیچ شتیّکی دیکـە ناکـات.. هەروەها ئەو یادداشتنامە ئاشتیخوازییەی هیّتلەریشیان بە دوژمنکارانـە لەقەلّەم دا کە ئاراستەی پۆلّەندای کردبـوو و وەك نموونەیـەکی دیکـەی خواست و ویستە فراوانخوازییەکانی هیّتلەریان لیّك دایەوە.

راسـتییەکەی هیّتلـەر رایگەیانـدبوو دوای ئـەوەی ئـەو سـتەمی سەپیّندراوی پەیماننامـەی فرسـای رەوانـدەوە کـە دوژمنـانی ئیسـپانیا دایانرشتبوو، ئیدی هیچ شتیّکی دیکـەی گـەرەك نییـە و داوای ناکـات.. هیّتلـەر لـەو بەلّیّنـە راسـتگۆبوو و تـەنیا بـەرەو ناوچـەی سـدتندلاند و بەشیّك لە چیکۆسلۆڤاکیا و تەنگەبـەرەی پۆلّەنـدی و دانـزنگ هـاتبوو، چونکە پەیماننامەی فرسـای بـە دروسـتکردنی تەنگەبـەرەی پۆلّەنـدی، بروسیای لە خاکی ئـەلّمانی جیاکردبوویـەوە.. بـەلاّم دانـزنگ شـاریّکی ئـەلمانی بـوو و پەیماننامەکـە لـە گشت ناوچـەکانی دیکـەی ئـەلّمانیای دابرِیبوو.. ئەو بەشەی لە ئیستەدا بە چیکۆسلۆڤاکیا ناسراوە، چەند

هاوولاتییەکی ئەلمانیی خراپە سەر و لەلایەن چیکییەکانەوە ڕەفتاری زۆر خراپیان لەگەڵ کرا و بەسەریاندا زاڵبوون.. هێتلەر تەنیا لەو کاتەدا چووە نێو ئەمساوە کە گەلی ئەمسا داوایان لێیکرد لە دوژمنایەتیی کۆمۆنیستەکان بیانپارێزی، بەڵام هەموو لایەك نکۆڵییان لەو مەسەلەیە کرد.

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەوانیی خۆرئاوایی گەلانی ئەوێیان ئامادەکردبوو وەك دوژمنێك بنوارنە ئەڵمانیا و گشت ئەو وڵاتانەی پاڵپشتیی لە سیاسەتەکانی دەکەن، وەك فرەنسا و چەند وڵاتێکی دیکە.

کاتێکیش گەلی ئەڵمانی هێتلەریان گەیاندە پێگەی سەرکردایەتیی چەرچڵ هەستایە سەرپێ و گوتی: هێتلەر تەنیا درندەیەکە و کوڕی درۆ و فرۆفێڵە.. بەڵام کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات هێتلەر جار لە دوای جار هەوڵی دەدا بگاتە چارەسەرێکی دادپەروەرانەی گرفتی تەنگەبەرەی پۆڵەندی و دانزنگ، بەڵام سووخۆرانی جیهانی ڕێگەیان پێ نەدا، چونکە وەهایان لە مستەر چامپرلین گەیاندبوو هێتلەر یادداشتنامەی هۆشدارییەکەی ناردووە.. ئەم درۆ و فێڵەش وایان کرد مستەر چامپرلین بە دوودڵییەوە ئامۆژگاریی حکوومەتی پاشایەتی بکات جەنگی دژ بە ئەڵمانیا ڕابگەیەنێت.

لەوانەیە خوێنەر ڕای وابێت ئەو تۆمەتانەی دەیانخەمە پاڵ سووخۆرانی جیهانییەوە نادروست و دوور لە ڕاستی بن.. بەڵام ئەگەر ویستی بەراوردێك لەنێوان ڕووداوەکانی پێش و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هەروەها ڕووداوەکانی پێش و دوای جەنگی دووەمی جیهانی

بکـات، وێکچـوونێکی زۆر گـەورەی نێـوان نەخشـە و پـیلان و دەرئەنجامەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

جەنگە گەورەکە بە پەیماننامـەی فرسای کۆتـایی هـات کە هـیچ کەسێك ناتوانێ بڵێ سەرکردە و ڕێبەرانی ڕاستەقینەی مەسیحی بتـوانن پەیماننامەیەکی هاوشێوەی ئەو پەیماننامە ستەمکارانەیە واژۆ بکـەن.. بەڵام هـەمان سـەربردە جارێکی دیکـە لـە جـەنگی دووەمـی جیهانیـدا دووبـارە بوویـەوە، ئـەویش ئـەوەبوو هاوپـەیمانان سیاسـەتی خۆڕادەسـتکردنی بێمـەرج و پیلانـە ئابووریەکـەی سـتالین-وابـت-مۆرگانتۆ و دابەشکردنی ئەڵمانیا بـۆ دووبـەش و دروسـتکردنی قـەیرانی فرەنسـیی دوای جـەنگیان گرتەبـەر. جگـە لـەو کەمـە مەترسـیدارەی پارەدەرانی نێودەوڵەتی و سەرکردە دکتاتۆرەکانی ڕووسیا و چین لـە دوای کۆتاییهاتنی جەنگ لەگەڵ یابان کردیان.

کـاتێکیش هێتلـەر لـە چاوەنوارپیی وەڵامـی پۆڵەنـدا و جـەنگی پڕوپاگەندەی نێو ڕۆژنامەکان ماندووبوو، فەرمانی بە سـوپایەکەی کـرد بەرەو پۆڵەندا بجولێن.. ئەوسـا بریتانیـا بـەپێی ڕێککـەوتنی پێشـووی لەگەڵ ئەڵمانیا جەنگی ڕاگەیاند.. لێرەدا دەتوانین ئەو تاوانـە قێزەونـە بخەینە ڕوو کە سووخۆرانی جیهانی نەخشە و پیلانیان بـۆ داڕشتبوو.. گفتیان بە پۆڵەندییەکان دا یارمەتی بریتانیا بـدەن و بیپـارێزن گەرچـی تەواو دەیانزانی بریتانیا بەڕاستی ناتوانێ هیچ یارمەتییەکی ئاسمـانی و وشکایی و دەریایی پێشکەش بکات.

گوتەکـەی لـۆرد لۆسـیانی بـاڵیۆزی بریتانیـا لـە ویلایەتـە یەککگرتووەکانـدا وەك بەلگەیـەك دەهێنمـەوە کاتێـك لـە ئەنجوومـەنی گشتیدا لە دوا ئاخاوتنی خۆی ڕاستییەکی خستە ڕوو و گـوتی: ئەگـەر

بنەما و ڕێبازی سەروەریی خودی لە بەرژەوەندیی ئەڵمانیا نەك بەدژی پێڕەو بکرایە، مانای ئەوە بوو گەڕاندنەوەی سدتنلاند و چیکۆسلۆڤاکیا و چەند بەشێکی پۆڵەندا و تەنگەبەرەی پۆڵەندی و دانزنگ بخرێنەوە سەر ڕایخ.

هێزی فڕۆکەوانیی ئەڵمانی بەدرێژایی مانگەکانی یەکەمی جەنگەکە و وردتر بڵێین بەدرێژایی ماوەی دەستهەڵاتداریی چامبرلین وەك سەرۆکی حکوومەتی بریتانی، خۆیان لە بۆمبابارانکردنی بریتانیا بەدوور دەگرت.. بریتانیاش هێرشی نەدەکردە سەر خاکی ئەڵمانیا، ئەمەیش وەك جێبەجێکردن و ڕەچاوکردنی گوتەکەی چامبرلین بوو کە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی جەنگ لە ڕێکەوتی ٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩ پێشکەشی کردبوو، ناوبراو لە گوتەکەیدا ڕایگەیاندبوو فەرمان بە هێزەکانی دەکات جگە لە ئامانجە سەربازییەکان هێرش نەکەنە سەر هیچ ئامانجێکی دیکە.. ئەمەیش مانای دەست پاراستن بوو لە هێرشکردنە سەر خەڵکی سڤیل و شارەکان.

دوای کشانەوەی ئینگلیز لە دنکرك، جەنگ ماوەیەك و بەمشێوە هێمنە نیمچە ئاشتییە بەردەوام بوو، ئەڵمانییەکان هێرشیان نەدەکردە سەر ئینگلترا، ئینگلیزەکانیش کاری دوژمنکارانەیان نەدەکرد.. ئەو ماوە و قۆناغە بە جەنگی پووچ و بێمانا ناودەبرا.. ئەوجا هەڵمەتی پروپاگەندە و ناوزڕاندنی چامبرلین دەستیپێکرد، وینستۆن چەرچڵیش پۆستی سەرکردایەتیی باڵای هێزە بریتانییەکانی وەرگرتبوو، ناوبراو لە ئەرویژدا سەرکێشییەکی شکستخواردووی کرد و بووە هۆی لەنێوچوون و کوژرانی ژۆرێك لە سەرباز و ئەفسەرانی بریتانی،ئەمەیش شکستەکانی چەرچڵی لە ئەنتۆرب(١٩١٤) و شکستەکەی دیکەی لە داگیرکردنی

گالیبۆلی (١٩١٥) هێنایەوە نێو یادگە. ئەم شکستە بۆ بێتوانایی سەربازیی چەرچڵ ناگەڕێتەوە، چونکە ناوبراو کەسێکی زۆر زیرەك و کارامە بوو، بەڵکو بەشێك بوو لە پیلانی ڕووخاندنی حکوومەتەکەی چامپرلین، هەروەك چۆن لە سەردەمی جەنگی جیهانیدا حکوومەتەکەی ئەسکویتیش بە هەمان سیناریۆ ڕووخێندرا.. بەمشێوەیە ئۆباڵی شکستەکە نەخرایە ئەستۆی چەرچڵەوە، بەڵکو هەڵمەتی پڕوپاگەندەکە سەرلەبەری ئاراستەی چامپرلین کرابوو، لەبەرئەوە چامپرلین ناچاربوو دەست لەکار بکێشێتەوە و وینستۆن چەرچڵ بچێتە جێگەی.

چەرچل لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٠دا دیسانەوە هاوپەیمانییەکی لەگەڵ سۆسیالیستەکان بەست، بۆ ئەوەی حکوومەتێکی نوێ پێکبهێنێ و لەسەر دەستی حکوومەتەکەدا جەنگە پووچ و بێمانایەکە بکرێتە جەنگێکی ڕاستین.. لە شەوی ١١ی ئایاری ساڵی ١٩٤٠ و ڕێك لەو کاتەی چەرچڵ هاتە سەر کورسیی دەستهەڵات، فەرمانی بە فڕۆکەوانیی بریتانی کرد هێرش بکەنە سەر شارەکانی ئەڵمانیا، بەمەیش پاساوی خستە دەست ئەڵمانییەکان بەهەمانشێوە کاردانەوەیان هەبێت، ئیدی دوای ئەو هێرشە جەنگەکە بووە ماڵوێرانییەکی تەواو.. گەرچی زۆر کەس بەرگرییان لە سیاسەتی هێرشکردنە سەر ئامانجە مەدەنییەکان دەکرد، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی پاساوێکی گونجاوی بۆ بهێننەوە.

ئەوسا سەرکردە نازییەکان چوونە لای هێتلەر و ڕای خۆیان سەبارەت بە زەروورەتی هێرشکردنە سەر یەکییەتیی سۆڤییەت دەربڕی، ئەمەیش بۆ خۆ دوورگرتن بوو لە دۆخی چۆڵبوونی پشتی ئەڵمانیا کاتێك کردە بەرفراوانە جەنگییەکانی بەڕێوە دەبات..

فوهۆریش ناچار بوو ڕەزامەندی لەسەر ڕا و بۆچوونەکەیان دەربڕێ.. لە ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١دا سوپای ئەڵمانی چووە نێو یەکیەتیی سۆڤییەت.. ئەوساکە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵە مادییەکانی خۆیان یەکخست بۆ ئەوەی یارمەتیی ستالین بدەن بەڕووی هێزەکانی ئەڵمانیا بوەستێتەوە و بەرپەرچیان بداتەوە.. هەڵمەتێکی ڕێکوپێکی ناردنی ئەو کەشتییانە دەستپێکرد کە چەك و تفاقی جەنگییان بۆ ڕووسیا دەبرد.. کۆمەکەکانیش لە ڕێگەی کەنداوی عەرەب و مۆرمانسکەوە گەیەندرانە ڕووسیا.

لەو کاتیدا چەرچڵ هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی بەڕێوەدەبرد کە دژی جەنگی هەنبەر ئەڵمانیا بوون.. لەو هەڵمەتەی دەستگیرکردندا پشتی بە یادداشتنامەیەك بەستبوو کە لەکاتی جەنگی نێوخۆیی ئێرلەندا دەرچووبوو.. ئیدی ژمارەیەکی زۆری کەسایەتییەکانی سەر بە سوپای کۆماری ئێرلەندی خرانە زیندانەوە، بەبێ ئەوەی مافی بەرگری لەخۆکردنیان هەبێت.. ئەو فەرمانی ڕەشبگیرییە لە ڕێگەی هێربرت مۆریسۆنی وەزیری نێوخۆی ئەوکاتدا دەرچوون. دواتریش ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٤ لە کەنەدا و لەکاتی هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ زایۆنیزم بەدیارکەوت، پاساوی ئەو هەڵمەتە بەرفراوانەی ڕەشبگیریش ئەوەبوو لەپێناو سەلامەتیی گشتی و بەرزەفتکردنی کەسانێکی نیازپیس و مەترسیدارە.. ئەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوانەی دوای جەنگ بەڕێوەچوون، سەلماندییان ئەو ڕەشبیگرییە هیچ پاساوێکی نەبووە، بەڵکو بەچەند بیانوویەکی زۆر پووچەوە بەڕێوەبراون.

لەنێو کەسانی دەستگیرکراودا کاپتن ڕامزی و ئەدمیرال سێر باری دۆمفێل و ژنەکانیان و هاوڕێیەکانیان هەبوون. هەر هەموویان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری هاوولاتییاندا خرابوونە زیندانی بریکستۆنەوە و هەندێکیان تا ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٤ ئازاد نەکران.

پێش دەستپێکردنی ڕەشبگیرییەکە، بۆ زەمینەسازکردن لەپێناو هەنگاوهەڵێنانی چەرچڵ، هەڵمەتێکی فراوانی پروپاگەندەی ڕۆژنامەوانیی سەر بە سووخۆرانی جیهانی بەڕێوەبرا.. ڕۆژنامەگەری وەهای لە خەڵك گەیاندبوو جەماوەری ئەڵمانیا تابوورێکی زۆر بەهێز و سیستماتیکیان لەنێو ڕیزەکانی ئینگلیزدا هەیە و ڕێکاری پێویستی گرتووەتە بەر دژە بە سوپای ئەڵمانی بکات.

چەندان بەڵگەی پێوەندیی حکوومەتی چەرچڵ بە جوولەکەی جیهانی لەبەردەستن و بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە و ستەمکارانە چەند کەساییەتییەکی بەناوبانگ و خاوەن پێگەی نێو گەلی بریتانییان خستە زیندانەوە، تەنیا سووچ و گوناهیان ئەوەبوو پڕ بە دەنگیان هاواریان کردبوو جوولەکەی جیهانی دنەی بریتانیای دا بگلێتە نێو جەنگی دژ بە ئەڵمانیا.

بەڵگەکانی دادگەی بریتانی و لێکۆڵینەوەکانی هەوالگریی ئەو وڵاتە، وەڵامی بوختان و درۆ و دەلەسەی پیاوانی حکوومەتی بریتانیان دایەوە، چونکە هیچ دەستگیرکراوێك بەهیچ جۆرێك تۆمەتی هاوکاریکردنی ئەڵمانیای بەسەردا ساغ نەبوویەوە، بەڵکو تەنیا تۆمەتێکی هەڵبەستراوی بەکرێگیراوانی سووخۆرە جیهانییەکان بوو.. ئەو کەسانە ویستیان تۆمەتێکی ئاوا بدەنە پاڵ ژنی ئەدمیراڵ نیکۆڵسۆنی کۆنە سەرکردەی دەریاوانیی بریتانی، بەڵام دادگە

بێتاوانییەکەی سەلماند، حکوومەتەکەی چەرچڵیش بەبێ هیچ تۆمەتێك دەستگیری کرد بۆ ئەوەی تۆڵەی لێ بکاتەوە، چونکە ناوبراو پێش جەنگ داوای دەکرد ڕێگە لە هەڵگیرسانی ئاگری جەنگێکی لەمجۆرە بگیرێت.

زیندان نەیتوانی دەنگی ئەمیراڵ دۆمفیل و کاپتن ڕامزی خامۆش بکات، یەکەمیان پەڕتووکە بەناوبانگەکەی خۆی (لە ئەمیراڵێکی تازە پێگەیشتووی دەریاییەوە)ی نووسی و تیایدا نهێنیی ڕووداوەکان و ئەو لایەنانەی ئاشکرا کرد کە بوونە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی، تیایدا هۆشداریی دابووە گەلی ئینگلیزی.. ڕامزیش پەڕتووکەکەی خۆی بەناوی (جەنگێکی بێناو)ی نووسی.. ئەم دوو پەڕتووکە - هەرچەندە لە بازاڕەکاندا نەمان- توانییان نهێنییەکانی پیلانگێڕی و کودەتایەکە بۆ ڕای گشتیی ئینگلیزی و ئەورووپی ئاشکرا بکەن.

نیڤڵ چامپرلینی سەرۆکوەزیرانی پێشوو کاتێك دەیبینی وڵاتەکەی تەنیا لەپێناو بەرگریکردن لە بەرژەوەندی و مەبەست و نیازەکانی کۆمەڵێك سووخۆری جیهانی دەکرێتە قەسابخانەیەکی گەورە، بەداخ و کەسەری نێو دڵییەوە سەری نایەوە.. هەڵمەتی ناوزڕاندنی چامپرلین لەلایەن سووخۆرانی نێو دەوڵەتییەوە تا دوا ڕۆژی مردنیشی بەردەوام بوو، نەك هەر ئەمە بەڵکو هەزاران پەڕتووك سەبارەت بە ناوبراو دەرچوون و هەرهەموویان وەك کەسێکی سست و بێدەستهەڵات و تۆقیو لە هیتلەر لێی دواون .. لەهەمان کاتیشدا سێر وینستۆن چەرچڵ تا ئێستەیشی لەگەڵدا بێت وەك کەسێکی شکۆدار

لێی دەڕواندرێ و لە ناز و نیعمەتی خۆشگوزەرانیدا گەوزان دەدات و بچێتە هەر شوێنێ ستایشی دەکرێ و ڕێزێکی بێپایانی لێ دەگیرێ.

هەر لەگەڵ هێرشەکەی هێتلەر بۆ سەر ڕووسیا، چەرچڵ و ڕۆزفلت ڕایانگەیاند خۆیان و حکوومەتەکەیان بەوپەڕی هێز و توانایانەوە بۆ پاڵپشتی و پشتگیرکردنی ستالین تێدەکۆشن.. چەرچڵ لە گوتەیەکی زۆر کاریگەردا گوتی: تەنانەت سڵ لە هاوپەیمانیکردنی شەیتانیش ناکاتەوە ئەگەر بەڵێنی بداتێ لە لەنێوبردنی فاشیزمدا یارمەتیی دەدات.

دوای ئەمە چەرچڵ و ڕۆزفلت یارمەتییەکی بێسنووری ستالینیان دا، هەروەها پارەوپوولێکی خەیاڵیشیان لە خاوەن بانکە جیهانییەکان قەرز کرد، دواتریش قەرزەکە و سووەکانی قەرزەکانیشیان خستە سەر حیسابی قەرزی نەتەوەیی هەردوو وڵات، دانەوەی ئەو قەرزەش خرایە ئەستۆی هاووڵاتیانیان، خاوەن بانکەکانیش بەو پەڕی ئاسوودەییەوە سەتان ملیۆن دۆلاریان لەو مامەڵەیەدا وەگیر دەکەوت.

ستالین و ڕۆزفلت بۆ دوژمنایەتی و بەربەرەکانێکردنی ئەڵمانیا ڕێککەوتن.. ڕۆزفلت بۆ ستالینی دووپات کردەوە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ ئەڵمانیایەك نامێنێتەوە ببێتە هۆی نیگەرانی.. دواتر لە چەند سەرچاوەیەکەوە گێڕدرابوویەوە بەبێ دادگەییکردن فەرمانی گوللەبارانکردنی بۆ ٥٠٠٠٠ ئەفسەر و سەربازی ئەڵمانی دەرکردبوو.. ڕۆژنامەگەریی ئاراستەکراویش بەردەوام لەسەر ژێی سیاسەتی لەنێوبردنی گەلی جوولەکە ئاوازی دەژەند.. بەڵام هەرگیز باسی سیاسەتی ڕۆزفلتی نەدەکرد کە ئامانجی ڕیشەکێشکردنی گەلی ئەڵمان بوو.

ستالین کۆمنترینی هەڵوەشاندەوە، لە بەرانبەریشدا ڕۆزفلت لەهەنبەر ناوبراودا چەند سازشێکی نوێی نواند، دەستی ستالینی لە بەرانبەر ٦٠٠ ملیۆن مرۆڤی دانیشتووی ئەورووپای خۆرهەلاتدا ئاوەلا کرد.

تەنیا خودی چەرچڵیش دەتوانێ ڕوونی بکاتەوە بۆچی لەگەڵ ڕۆزفلت دادەنیشت و گوێی لە پێشنیازەکانی دەگرت بۆئەوەی لەپێناو ڕازیکردنی ماوتسی تۆنگدا هۆنگ کۆنگ بداتە چینی کۆمۆنیست.. چەرچڵ چۆن توانیویەتی وەك هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی خۆی پیشانی سەرۆکی ئەمریکا بدات، لە کاتێکدا ئەوەی کۆتایی بەردەوام دەیگوت هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنویلسی بریتانی بۆ پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیی مرۆڤ پێویستە و هێتلەریش بیروباوەڕی پێچەوانەی ئەمە بوو.

ڕاستیی ستالین تەنیا دوای داگیرکردنی بەرلین و ئەڵمانیای خۆرهەلات بەتەواوی دەرکەوت.

سەرمایەدارانی خۆرئاوایی بە چاوی گرنگیدان و مکوڕبوونەوە دەیانڕوانییە ڕکابەرییە بەرچاوەکانی ستالین.. بەلام هیچیشیان لەدەست نەدەهات.. ئەوان کارتێکی زۆر قازانجهێنیان لەبەر دەستدابوو.. جا پێش ئەوەی گەمە بەو کارتە بکەن، چەند ڕێنماییەکیان دایە دەست ڕۆزفلت بۆ ئەوەی بۆ دواجار هەوڵ بدات ستالین بهێنێتەوە نێو ڕیزەکەوە.. ڕۆزفلت پێشنیازی کرد دەستی ستالین لە خۆرهەلاتی دوور ئاوەلا و سەرپشك بکرێ و داوای هەر شتێك بکات پێی ببەخشرێ، لە بەرانبەر ئەوەی لەگەڵ سەرمایەدارانی خۆرئاوا بگونجێت.. ڕۆژنامەگەریی ئاراستەکراویش جەختی لەوە دەکردەوە

ڕۆزفلت بۆیێ ستالینی له خۆرهه‌لاتی دووردا سه‌رپشك کردووه، چونکه ڕاوێژکاره سه‌ربازییه‌کانی پێیان ڕاگه‌یاندووه دوای ئه‌وه‌ی ئه‌ڵمانیا به‌ر له دوو ساڵ له جه‌نگێکی بێ ئامان خۆی ڕاده‌ستکرد، ناتواندرێ یابان بهێنرێته سه‌رچۆك.. ئه‌و درۆیه هێنده ڕوون بوو به‌شێوه‌یه‌ك ژه‌نه‌ڕاڵ مارك ناچار نه‌بوو ڕاسته‌وخۆ درۆیان بكات.. ژه‌نه‌ڕاڵه ئه‌مریکییه‌کانیش ده‌یانزانی یابان ماوه‌یه‌کی زۆر به‌ر له‌و دۆخه داوای دانوستانی ئاشتی کردووه.

ستالین جارێکی دیکه ده‌ستی به‌سه‌ر گشت ئه‌و شتانه‌دا گرته‌وه که له مه‌نشووریا ده‌یویستن.. دواتر په‌یمانه‌که‌ی خۆی شکاند و گه‌ڕایه‌وه نێو دۆخی ململانێیه‌وه.. ئه‌مه به‌س بوو بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و هێزه شاراوانه تووڕه بكات که‌وا به‌نهێنی کۆشکی سپییان به‌ڕێوه ده‌برد.. بێگومان هه‌رده‌بێ پێشنیازێکی جه‌هه‌نه‌مییان خستبێته ڕوو، ئه‌مه‌یش وایکرد ڕۆزفلت نه‌خۆش بکه‌وێ و بمرێ.. ده‌شڵێن له ماڵی بێرنارد باروخدا مردووه.. دوای ئه‌مه ڕاوێژکارانی حکومه‌تی ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کان بڕیارپیان دا کارته به‌سووده‌که ڕاکێشن.. واتا چه‌کی ئه‌تۆمی.. دوو بۆمبی ئه‌تۆمی به‌ردرایه‌وه سه‌ر هێروشیما و ناکازاکی، بۆ ئه‌وه‌ی ستالین بۆی ده‌رکه‌وێ ئه‌گه‌ر به جوانی نه‌یه‌ته سه‌ر ڕێگه چ شتێك چاوه‌ڕوانیه‌تی.. مه‌سه‌له‌ی هه‌بوونی بۆمبی ئه‌تۆمیی ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کان تا ئه‌و ڕێکه‌وته به نهێنی هێڵدرابوویه‌وه.. ڕێك هه‌ر له‌و کاته‌ی بۆمبه‌کانیش به‌ردرانه‌وه سه‌ر ئه‌و دوو شاره، یابان شکستی هێنا و پێشبینیی ته‌سلیمبوونی ده‌کرا.. به‌مشێوه‌یه زیاتر له سه‌ت هه‌زار که‌س کوژران و نزیکه‌ی سێسه‌د هه‌زار که‌سیش بریندار و که‌م ئه‌ندام بوون، ته‌نیا له‌به‌رئه‌وه‌ی له ستالین بگه‌یه‌نن ویلایه‌ته

یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆمبی ئەتۆمیی هەیە.. لەلایەکی دیکەشەوە دەبینین چەرچڵ فەرمانی دەرکرد ئەڵمانیا بۆمباباران بکرێ بۆ ئەوەی نیازپاکیی نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکان لە ستالین بگەیەندرێ و ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکی دروست بکەن ئەو نێو نەتەوەییانە نیازی هاورێیەتی و دۆستایەتییان هەیە و ویلایەتە یەکگرتووەکان لەپێناو هۆشداری و ئاگادارکردنەوەی ستالین، بە بۆمبی ئەتۆمی لە یابانیان داوە و ئەگەر نەیەتەوە سەر ڕێگەی ڕاست هەمان چارەنووسی یابان چاوەنواریەتی.

بەشی هەژدەیەم

مەترسییە هەنووکەییەکان

شرۆڤەکردنی مێژوو دەرفەتی پێشبینیکردنی ئایندەمان بۆ دەڕەخسێنێ، چونکە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە و ئەوانەی لەپشت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانیش وەستاون پیلانە دوور مەودایەکیانیان ناگۆڕن، بەڵکو سیاسەتەکانیان بەشێوەیەک دەگۆڕن لەگەڵ هەلومەرجە هاوچەرخەکانیان بگونجێ، هەروەها دەستکاریی پیلانەکانیشیان دەکەن بۆ ئەوەی پێشکەوتنی زانستە نوێیەکان گەورەترین سوودیان پێ بگەیەنێ.

بۆ تێگەیشتنیش لە هەڵوێستە هەنووکەییەکەی جیهان، پێویستە بگەڕێینەوە ئەو کاتەی لینین لە ساڵی ١٩١٨دا دکتاتۆرییە ڕەهایەکەی لە ڕووسیا پێکهێنا و سەلمێندرا ئەو دکتاتۆرییەتە بۆ ئەوە دامەزراوە دەرفەت بۆ نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکان بڕەخسێنێ بیردۆزە دکتاتۆرییە جیهانییەکەیان بخەنە واری جێبەجێکردنەوە.

دوای ئەوەی لینین مرد، ستالین دەستهەڵاتی گرتە دەست و لەسەرەتادا داردەست و ئامرازێکی بەر دەستی سەرمایەدارە جیهانییەکان بوو. هەروەها بۆ جێبەجێکردنی پیلانی کۆکردنەوەی کرێکاران لە ئۆکرانیا بیلاکۆمیی دەستنیشانکرد. کاتێکیش کرێکاران ملیان نەدایە بەر فەرمانەکان، بە زۆرەملێ دەستی بەسەر گەنمدا گرت

و برسییەتی ڕووبەڕووی پێنج ملیۆن کرێکار بوویەوە. دواتریش ئەو گەنمە بردرایە بازاڕەکانی جیهان بۆئەوەی قەیرانە دەستکردە ئابوورییەکە زیاتر تەشنە بکات و پێنج ملیۆن جووتیاری دیکەش ڕەوانەی خێوەتگەکانی سوغرەکێشی کران بۆ ئەوەی لە میللەتەکەی بگەیەنن دەوڵەت لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و سەرۆکی دەوڵەتەکەش خوایە و دەبێ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن.

دۆخەکە هەر وا مایەوە تا ستالین ژمارەیەکی زۆری ئەو سەرکردە کۆمۆنیستە یەهوودییانەی لەنێوبرد کە بەبێ هیچ گومانێك مارکسی بوون. ئەوسا ترۆتسکی و ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانی دیکەش تەواو دڵنیابوون لەوەی ستالین وازی لە نوورانییەت هێناوە و خەریکی وەدیهێنانی حەز و ویستە ئیستعمارییەکانیەتی.

هەڵویستی ستالین لەهەنبەر شۆڕشی ئیسپانیدا نیگەرانیی نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکانی ڕۆژ بەڕۆژ نیگەرانتر دەکرد، بەتایبەتیش کاتێك سێرجس و مۆرین سەلماندییان ستالین بۆ جێبەجێکردنی نەخشە و پیلانە نهێنییەکان و هەڵپە و ئامانجە ئیستعمارییەکانی، کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی بەکاردێنی.

دوای ئەوەی فرانکۆ لە جەنگی نێوخۆییدا سەرکەوتنی وەدەستهێنا، لێکدانەوەی ڕەفتارەکانی ستالین زۆر دژوار بوو، هەروەها ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانی کەنەدا و ئەمریکا نەیانتوانی بەدواداچوون بۆ گۆڕانە ڕیشەییەکانی پێڕەو و پڕۆگرامی پارتەکە بکەن هەر وەك چۆن لە کاتی وەرگرتنی بیروباوەڕی مارکسییانەدا بۆیان ڕوون کرابوویەوە، کاتێکیش ستالین پەیماننامەی دەستدرێژنەکردنی لەگەڵ هێتلەر مۆرکرد، دوای ئەوەی هەردوو ئیمپراتۆریای بریتانی و ئەڵمانی نوقمی

نێو جەنگی دووەمی جیهانی ببوون، ڕەفتارەکانی ستالین بەشێوەیەک بوون وەک بڵێی ئەوپەڕی توانای خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی یارمەتیی هیتلەر بدات دەست بەسەر ئەورووپادا بگرێت و دەستهەلات و هەژموونی خاوەن بانکە جیهانییەکان بڕووخێنێ.

دۆخەکە بۆ خاوەن بانکە جیهانییەکان هێندە مەترسیدار بوو تا گەیشتنە ئەو باوەڕەی هەوڵ بدەن ستالین ڕازی بکەن هەلپە و تەمایە ئیستعمارییەکانی وەلاوە بنێت، بە مەرجێك لەگەڵیاندا لە سایەی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەدا بژیەت.. هەوڵیشیان دا باوەڕ بە ستالین بهێنن کە زۆر گونجاوە خۆی بەشێوەیەکی کۆمۆنیستییانە حوکمی جیهانی خۆرهەلاتی بکات، ئەوانیش بەهۆی حکوومەتێکی ڕاگوزەرییەوە حوکمڕانیی جیهانی خۆرئاوایی بگرنە دەست. ستالین داوای کرد ڕاستگۆیی خۆیان بسەلمێنن. ئەمە سەرەتای بیردۆزی پێکەوەژیانی ئاشتییانە بوو کە ئێستە قسە و باسێکی زۆری لەبارەوە دەکرێ. بەلام پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان دوو گرووپی جیهانیدا، یان لەنێوان باوەڕداران بە خودا و باوەڕداران بە شەیتان شتێکی ئەستەمە.

لەنێوان چەرچڵ و ڕۆزفلتدا چەند پێوەندییەکی نهێنی بەڕێوە چوون، دواتر تایلەر کێنت پەردەی لە ڕوودا هەلمالێن و بووە هۆی ڕێککەوتن لەسەر لادانی چامپرلین لە سەرۆکایەتیی حکوومەتی بریتانی بۆئەوەی چەرچڵ زەمینەی وەرگرتنی پۆستەکەی بۆ ساز ببێت و جەنگی سارد و قسەیی ببێتە جەنگێکی ڕاستین. ئەمەشیان بە شتێکی بێ کەموکورتی هەژمارکرد نیازپاکیی خۆیان بۆ ستالین بەدیاربخەن.

مێژوو بۆمانی ڕوونکردووەتەوە بەڕێز چامپرلین لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٠ بەهەمان شێوەی لادانی ئەسکویت لە ساڵی ١٩١٥، لەسەر

کورسیی دەسـتهەڵات لابـراوە، چەرچـڵ لـە ١١ی ئایـاری سـاڵی ١٩٤٠ پۆسـتی سـەرۆکایەتی وەرگـرت و ڕێـك هـەر لـە شـەوی وەرگرتنـی دەستهەڵاتەکەشدا فەرمانی بە فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی دا دەست بـە بۆمبابـارانکردنی شـار و ناوچـە ئەڵمانییـەکان بکـەن. بەڕێز جی. ئێم سایتی گەورە ئەمینداری یارمەتیدەر لە وەزارەتی فڕۆکەوانیی ئەوکاتدا، دوای کۆتـایی هـاتنی جەنگەکـە پـەڕتووکێکی بەناونیشـانی (بۆمبابارانی تۆڵەیی) لە چاپ دا. نووسەر لـە پەڕتووکەکەیدا سـەبارەت بە دەستەوەشاندن لە شارەکانی ئەڵمانیا، پاساو بۆ سیاسەتی چەرچڵ دەهێنێتەوە و پێی وایە وەك ڕزگارکردنی شارستانی بووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا ددان بەوەدا دەنێت فەرمانەکانی چەرچڵ دژ بە ڕێککەوتنامـە واژۆکراوەکـەی ڕێکـەوتی ٢ی کـانوونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٣٩ی نێـوان فەرەنساو بریتانیا بـووە، چونکە لـەو ڕۆژەیـدا سـەرۆکوەزیرانی ئینگلتەرا لەگـەڵ سـەرۆککۆماری فەرەنسـا ڕێککـەوتن جـەنگ بـە دژی ئـەڵمانیا ڕابگەیەنن، لەبەرئەوەی ئەڵمانیا پۆڵەندای داگیرکردبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن شارەکانی ئەڵمانیا بۆمبابـاران نەکـەن، چونکە ناکرێ سەرجەم گەلی ئـەڵمانی بـاجی هەڵـە و سەرکێشیی تاکـە کەسێك بداتەوە، هـەروەها سـەرۆکی هـەردوو حکوومـەت لەسـەر ئـەوە ڕێککـەوتن دەبـێ بۆمبابارانەکـە زۆر دیـاریکراو بێـت و تـەنیا ئامانجـە سەربازییەکان بپێکێ.

دوای جەنگ سەلمێندرا هۆی ڕاستینی پشت فەرمانەکەی چەرچڵ بۆ بۆمبابارانکردنی شارەکانی ئـەڵمانیا- گەرچی دژی ڕێککەوتنامەکە بـوو- حـەز و ویسـتی خـاوەن بانکـە خۆرئاواییـەکان بـوو بـۆ ئـەوەی لەهەنبـەر داوای بەرقـەرارکردنی جـۆرە پێکـەوەژیانێکی ئاشـتییانەی

نێوان کۆمۆنیزمی خۆرهەڵات و نوورانییەتی خۆرئاوا، دڵسۆزی و ڕاستگۆیی خۆیان بۆ ستالین بسەلمێنن.

بۆمبابارانکردنی ئەڵمانیا لەلایەن بریتانیاوە بووە هۆی تۆڵەکردنەوەیەکی خێرای ئەڵمانییەکان لە گەڵی بریتانی و ئەزموونێکی مێندە تاڵ بوو بەدرێژایی مێژوو هیچ ڕووداوێکی وەها توندوتیژ ڕووی نەداوە.

زۆر دژوارە هاوڵاتییەکی ئاسایی ئاستی نزمبوونەوەی هاوبەشانی پیلانگێڕی و کودەتای جیهانی بخەملێنێ. ئەوەیش سەلمێندرا نوورانییەکان نیازیان نەبوو لەو بەڵێنەی بە ستالینیان دابوو وەفاداری بنوێنن. هەروەها ئەوەش دەسەلمێندرێ سەرکردە جەنگییەکانی نازیزم لەو کاتەی بەنهێنی پیلانی ڕووخاندنی کۆمۆنیزمی جیهانی و سەرمایەدارییان دادەڕشت، دەیانویست فێڵ لە چەرچڵ بکەن و وەهای تێبگەیەنن هیچ پیلانێکی وەهایان نییە بە هێرشی سەربازی جیهان بەرزەفت بکەن.

لە بەهاری ساڵی ١٩٤١دا سەرکردە جەنگییەکانی نازیزم – ئەوانەی هێتلەر نەیدەناسین– داوایان کرد (هیس) بە فڕۆکە بچێتە بریتانیا و ئەو پێشنیازە بخاتە بەردەم چەرچڵ کە ئەگەر ڕازی بێت جەنگی دژ بە بریتانیا بوەستێنێ، ئامادەن هێتلەر لەنێو ببەن و ستالین و کۆمۆنیزمیش بەتەواوی بسڕنەوە، بەڵام دوای ئەوەی چەرچڵ پرسوڕای بە ڕۆزفلت کرد، پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە.

دوای ئەمە سەرکردە جەنگییەکانی نازیزم هەوڵیان دا لە ڕێگەی تیرۆرکردنی هێتلەرەوە نیازپاکیی خۆیان بۆ نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکان بسەلمێنن، بەڵام پیلانەکە شکستی هێنا و هێتلەریش

دەرباز بوو. جا کاتێك نازییەکان لە دەرخستنی نیازپاکی خۆیان بۆ ئەو کەسانە شکستیان هێنا کە ڕۆزفلت و چەرچلیان ئاراستە دەکرد، بڕیاریان دا هێرش بکەنە سەر ڕووسیا، بۆ ئەوەی یەکەمجار شکست بە ستالین بهێنن و دواتریش ڕوو لە جەنگی بریتانیا و ئەمریکا بکەن. لە ڕێکەوتی ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١دا هێرشیان کردە سەر ڕووسیا و هەر لەگەڵ هێرشەکەدا چەرچڵ و ڕۆزفلت ڕایانگەیاند خۆیان و حکوومەتەکانیان بەوپەڕی هێز و توانای خۆیان دەبنە پاڵپشتی ستالین. چەرچڵ لە گوتەیەکی زۆر کاریگەردا ڕایگەیاند دەست دەخاتە نێو دەستی شەیتانیش ئەگەر شەیتان لە لەنێوبردنی فاشیزمی ئەڵمانیدا پشتی بگرێ. هێتلەری بە تۆپەڵێك درۆ و فێڵ وەسف دەکرد. بەلام چەرچڵ دەیزانی هێتلەر لەگەڵ هەموو هەڵە و کەموکورتییەکانیشییەوە، کەسێکی نێونەتەوەیی نەبووە.

هەروەك پێشتریش گوتمان ئەو ڕاگەیاندنەی پێشتر لێی دواین توانی گشت گومانێکی ستالین لەهەنبەر دڵسۆزیی خۆرئاواییەکان سەبارەت بە پرسی دابەشکردنی جیهان بۆ دووبەش و دواتریش بیرۆکەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا نەهێڵێ. دوای ئەمە چەرچڵ و ڕۆزفلت یارمەتییەکی بێسنووریان پێشکەشی ستالین کرد. پارەیەکی خەیاڵییان لە سووخۆرانی جیهانی قەرزکرد و سووەکانیشیان دا، دواتریش قەرزەکە و سووەکەشیان خستە سەر هەژماری هاوولاتییانی ئاسایی هەردوو ولات، خاوەن بانکەکانیش زۆر بە سانایی ملیۆنان دۆلاریان لەو ڕێککەوتنەدا قازانج دەکرد. ئەمە چاوتێرییەك بوو بە گیرفان و خوێنی خەڵك پیشان درا، ڕێگەشی

لەبەردەم هەرسێ پیاوە گەورەکە خۆشکرد لە تاران و یالتا و پۆتسدامدا درێژە بە کۆبوونەوە بەردەوامەکانیان بدەن.

ستالین لە تاراندا گەمەیەکی زۆر چەپەڵانەی دەکرد. چوونکە ڕوونبوویەوە هێشتاکە باوەڕی وەهایە نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکان بەردەوام فێڵی لێ دەکەن. وەهاشی تێگەیاندبوون زۆر دژوارە باوەڕی پێ بهێندرێ و بەسەریدا زاڵبن. چەند داواکارییەکی زۆر توندوتیژ و دژواریشی خستە بەردەمیان و داوای سازشی زۆر نابەجێشی لێیان کرد. لە کاتی ئاخافتنەکەیدا گوتبووی بەهۆی ئەو داواکارییانەوە دڵسۆزی و نیازپاکیی ئەو پیاوانەی تاقی کردووەتەوە کە بە شارەزاییی خۆی دەیانناسێت و دەزانێ هەر ئەوانن کودەتا و پیلانگێڕییە جیهانییەکە ئاراستە دەکەن. ڕۆزفلت هەموو داواکارییەکانی ستالینی بەجێ هێنابوو و گشت شتێکیشی پێ بەخشیبوو. چەرچڵیش دوو بژاردەی خرابووە بەردەم، ئەوانیش: یان ڕەزامەندی دەربڕێ، یانیش یارمەتییە دارایی و پاڵپشتییە سەربازییەکەی سووخۆرانی جیهانی لەدەست دەدات.

دواتر کۆبوونەوەی یالتا بەڕێوەچوو، ستالین هەڵویستی خۆی گۆڕی. وەهای لە کەسە نێونەتەوەییەکانی خۆرئاوایی گەیاند سۆز و ڕەزامەندیی ئەویان وەدەستهێناوە. ڕۆڵی خانەخوێیەکی میسالییانەی گێڕا. ئەو کۆمێنترنەش ئەو دەستەیە بوو کە پیلانی بۆ شۆڕش و پشێوی و ئاشووبەکانی نێو وڵاتە جۆراوجۆرەکان دادەڕشت، ستالین و ڕۆزفلت و چەرچڵ ڕازیبوون دژی ئەڵمانیا بوەستنەوە. ڕۆزفلت ستالینی دڵنیا کردەوە لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ ئەڵمانیایەك وەها نامێنێتەوە ترس و نیگەرانی دروست بکات، دواتریش ئاشکرابوو

ڕۆزفلت بەبێ هیچ دادگەییکردنێك فەرمانی گوللەبارانکردنی ٥....٥ ئەفسەری ئەڵمانی دەرکردووە، ڕۆژنامەگەریی ئاراستەکراویش بەردەوام لەسەر ژێی سیاسەتی لەنێوبردنی گەلی جوولەکە ئاوازی دەژەند.. بەڵام هەرگیز باسی سیاسەتی ڕۆزفلتی نەدەکرد کە ئامانجی ڕیشەکێشکردنی گەلی ئەڵمان بوو.

ستالین کۆمنترینی هەڵوەشاندەوە، ڕۆزفلتیش لەهەنبەر ناوبراودا چەند سازشێکی نوێی نواند، دەستی ستالینی لە بەرانبەر ٦٠٠ ملیۆن مرۆڤی دانیشتووی ئەورووپای خۆرهەلاتدا ئاوەلا کرد.

تەنیا خودی چەرچڵیش دەتوانێ ڕوونی بکاتەوە بۆچی لەگەڵ ڕۆزفلت دادەنیشت و گوێی لە پێشنیازەکانی ڕۆزفلت دەگرت بۆئەوەی لەپێناو ڕازیکردنی ماوتسی تۆنگدا هۆنگ کۆنگ بداتە چینی کۆمۆنیست.. چەرچڵ چۆن توانیویەتی وەك هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی خۆی پیشانی سەرۆکی ئەمریکا بدات، لە کاتێکدا ئەوەی کۆتایی بەردەوام دەیگوت هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنویلسی بریتانی بۆ پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیی مرۆڤ پێویستە و هێتلەریش بیروباوەڕی پێچەوانەی ئەمە بوو.

بەڵام کەس نەیدەتوانی فێڵ لە ستالین بکات. چونکە لەگەڵ بەکرێگیراوانی سووخۆرە جیهانییەکاندا کاری دەکرد و ماوەیەکی زۆریش وابەستەیان بوو، تا وای لێهات وەك پەڕتووکێکی کراوە دەیتوانی هزر و بۆچوونەکانیان بخوێنێتەوە، لە هەموو کەسێکی دیکەش باشتر دەیزانی تەنیا بۆ وەدیهێنانی هەڵپە و تەمایە ئیستعمارییەکانیان کۆمۆنیزمیان دروستکردووە، بۆیێ بڕیاری دا بەپێی گەمە تایبەتەکەی خۆیان گەمەیان لەگەڵ بکات. بەمشێوەیەش توانی

له ئاخروئۆخری جەنگدا سوپای هاوپەیمانان ناچار بکات چاوەڕێ بن تا سوپایەکەی بەرلین داگیر دەکات.

فەرمانێکی سەربازیی ستالین بۆ ئەفسەرانی سوپای سۆڤییەتی کە لە ڕێکەوتی ۱۹ی شوباتی ساڵی ۱۹٤۲دا دەرچووە، ڕاستیی ئەو بۆچوونەی سەرەوەمان دەسەلمێنێ، ناوبراو لە فەرمانەکەیدا گوتوویەتی:

لەوانەیە ئەو حکوومەتە بۆرژوازییانەی وڵاتانی خۆرئاوایی کە ئێمە هاوپەیمانیمان لەگەڵیاندا واژۆ کردووە، وابزانن تاکە ئەرکی ئێمە دەرپەڕاندنی نازییەکانە لە خاکی خۆماندا. بەڵام ئێمەی بەلشەفی و گشت بەلشەفییەکانی جیهانیش دەزانین ئەرکە سەرەکییەکەمان تەنیا دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی دووەمی جەنگەکە دەستپێدەکات. دواتریش قۆناغی سێیەم دەستپێدەکات کە بۆ ئێمە قۆناغێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەیە و قۆناغی ڕووخاندنی سەرمایەداریی جیهانییە: ئامانجی بەردەواممان شۆڕشێکی جیهانی و دەستهەڵاتی ڕەهای کرێکارانە. تەنیا لەبەر گەیشتن بە قۆناغی سێیەمیش چووینە نێو ئەو هاوپەیمانییەوە. کاتێکیش بزانین هاوپەیمانانمان دەبنە کۆسپی بەردەم ئامانجە بەرزەکانمان، لێیان جیا دەبینەوە.

ڕاستیی ستالین تەنیا لە دوای داگیرکردنی بەرلین و ئەڵمانیای خۆرهەڵات ئاشکرابوو. دوای ئەوە گشت بەڵێنەکانی خستە ژێر پێ. کۆی ئەو ڕووداوانەش لە ڕۆژنامەگەری شاردرانەوە، چونکە نە چەرچڵ و نە ڕۆزفلت دەیانویست گەل بزانێ چۆن ستالینی ڕابردوو دیار، ستالینی بانکبڕ و تاوانکاری ساختەچیی جیهانی لە خشتەی بردوون.

لەسەر نێونەتەوەییەکان پێویست بوو لەگەڵ کات خۆیان بگونجێنن. هەروەها دڵنیاش بوونەوە لەوەی ئەگەر ستالین و ماوتسی تۆنگ هەوڵەکانیان یەکبخەن، دەتوانن وەك هێرشی کوللە و پەتای تاعوون سەرانسەری ئەورووپا بخەنە ژێر دەستی خۆیان. دواتر تێفکرین کە ستالین کەوتووتە نێو ساڵەوە و لە قۆناغی پیریدایە. پێیان باشتر بوو خۆیان لەگەڵی بگونجێنن و بیکەنە دۆستی خۆیان نەك مل لەبەر ملی بنێن و توورەی بکەن و کودەتا شەیتانییەکەیان ئاشکرا بێت.

سەرمایەدارانی خۆرئاوایی بە چاوی گرنگیدان و مکوڕبوونەوە دەیانڕوانییە بەرەنگاری و گرفتە بەرچاوەکانی ستالین، وەلێ هیچیشیان لەدەست نەدەهات. کارتێکی گرنگیان لەدەست بوو. جا پێش ئەوەی کارتەکە ڕابکێشن و گەمەی پێ بکەن، چەند ڕێنماییەکیان بۆ ڕۆزفڵت دەرکرد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ستالین بگەڕێنێتەوە نێو ڕیزی خۆیانەوە. ڕۆزفڵت ستالینی لە خۆرهەڵاتی دوور سەرپشك کرد و هەموو داواکاری و خواستەکانی هێنایەدی، بەو مەرجەی لەگەڵ سەرمایەدارانی خۆرئاوادا ڕووی خۆش پیشان بدات و لەگەڵیان بگونجێ. ڕۆژنامەگەریی ئاراستەکراویش جەختی لەوە کردەوە ڕۆزفڵت ستالینی لە خۆرهەڵاتی دوور سەرپشك کردووە، چونکە ڕاوێژکارە سەربازییەکانی- وەك پێشتر لێی دواین- پێیان گوتبوو ناکرێ دوای تەسلیمبوونی ئەڵمانیا لە جەنگێکی بێ ئامان، مل بە یابان کەچ بکرێ. ئەو درۆیە هێندە بێمانابوو بەشێوەیەك ژەنەڕاڵ ماك ئارسەر ناچار نەبوو ڕاستەوخۆ درۆ بکات، ژەنەڕاڵە ئەمریکییەکانیش دەیانزانی یابان زۆر بەر لە دۆخەکە داوای دانوستانی ئاشتی دەکات.

ڕووداوی جیابوونەوەی تیتۆ لە ستالین لە دوای جەنگدا، ئەوە دەسەلمێنێ ستالین لە جێبەجێکردنی بەرنامە ئیستعمارییەکەی خۆیدا بەردەوام بووە. تیتۆ بەردەوام ملکەچی سووخۆرانی نێودەوڵەتی بوو، چوونکە بەردەوام پارەیان پێ دەدا بۆ ئەوەی لە ئەورووپای نێوەڕاستدا پێگەی خۆی بپارێزێ. کوڕەکەی چەرچل چەندان جار لە ناوچەکانی ژێر دەستهەڵاتی تیتۆ سەرکێشی بە ژیانی خۆی کرد و خۆی خستە مەترسییەوە و بە پەڕەشووت خۆی هەڵدەدا بۆ ئەوەی لەجیات وڵاتانی خۆرئاوایی لەگەڵی بکەوێتە گفتوگۆوە.

لە کۆتاییدا ستالین مرد یان بە واتایەکی دیکە لەنێوبرا، بەکرێگیراوی نێونەتەوەییەکانیش لە مۆسکۆ لەگەڵ مردنی ستالیندا دەستی خۆیان وەشاند.بەمشێوەیە خۆیان لەو سەرکردانەی سەر بە ستالین دەربازکرد کە ناوبراو متمانەیەکی زۆری پێیان هەبوو. کوڕەکەی ستالینیش بەتەواوی بزر بوو بەبێ ئەوەی کەس سەروسۆراغی بزانێ.

لەپێناو ڕاپەڕاندن و شاردنەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕووسیا، ڕێکەوتنێك کرا بۆ ئەوەی لەدوای ستالین مالینکۆف بەشێوەیەکی کاتی دەستهەڵات بگرێتە دەست. مالینکۆف فەرمانی ستایشکردنی ستالینی دا و لە نێو خەڵکدا وەك کەسێکی شکۆدار لەبارەیەوە دەدوان، بەڵام هێندەی نەبرد نەخشە و پیلانەکانی خۆی گۆڕی. دیسانەوە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سەرۆکی چین نوێکردەوە و هەوڵی دا لەمەدا ڕەزامەندیی گەلی ڕووسی وەدەستبێنێ و پاڵپشتیی لە پێشخستنی گیانی نەتەوەیی دەکرد. بەم کردارەی بڕیاری لەسەر چارەنووسی خۆی دا.

نێونەتەوەییەکانی خۆرئاوا داوای پرچەککردنەوەی ئەڵمانیایان کرد. بەلاّم فرەنسا دژی ئەو داواکارییە وەستایەوە. ڕێبەرانی پیلانگێڕییەکە مەندیسی فرانسیان گەیاندە دەستهەلاّت و هەر لە پۆستەکەی خۆی هێشتیانەوە تاکو گشت داواکاری و خواستەکانی ئەوانی بەجێهێنا و سەبارەت بە دووبارە پرچەککردنەوەی ئەڵمانیا، ڕەزامەندیی فرەنسایان وەدەستهێنا. دوای ئەوەی مەندیس فرانس ئەرکەکەی خۆی بەتەواوی بەجێگەیاند، چارەنووسی وەك زۆرێك لە کەسانی پێش خۆی بوو: پشتگوێ خرا و لەبیرکرا.

هەڵویستی هەنبەر خۆرهەلاّتی دوور، ئاڵۆز و تێکچڕژاو بوو، بەلاّم تێگەیشتنی دژوار نییە. نێونەتەوەییەکانی خۆرئاوا چۆن هاوڕێیان لە یەکییەتیی سۆڤییەتدا هەبوو، لە چینیش بەهەمان شێوە بوو، بەلاّم ناکرێ ماوتسی تۆنگ بە یەکێك لەو هاوڕێیانە دابندرێ. ماوتسی تۆنگ و ستالین ڕا و بۆچوونیان لەهەنبەر نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکاندا چوون یەك بوو. بەلاّم دەستهەلاّتدارانی خۆرهەلاّتی و خۆرئاوایی یەك ئامانجی هاوبەش کۆی دەکردنەوە، ئەویش پاکتاوکردن و لەنێوبردنی چیانگ کای چیك بوو.

سەرمایەدارانی خۆرئاوایی لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی یاباندا هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنیان دژ بە چیانگ کای چیك بەڕێوەبرد، ئەم هەوڵەیان دوو ئامانجی هەبوو. دەیانەویست بۆ ماوتسی تۆنگی بسەلمێنن پێکەوەژیانی ئاشتیینەی نێوانیان شتێکی کردەییە، لە هەمان کاتیشدا دەیانویست خۆیان لە بەلاّی ڕێبەرە نیشتمانییەکە دەرباز بکەن، ڕۆژنامەگەری حکوومەتی نیشتمانی، چینی بە گەندەڵی و سەرکردە نیشتمانییە سەربازییەکانیشی بە خۆگنخاندن و

خاووخلیسکی و ڕێکنەخستنی هێزە چەکدارەکان تۆمەتبار کرد، هەروەها سەربازە نیشتمانییەکانیشی بە کردنی تاوانی دزی و تالانی و دەستدرێژیی ئاشکرا تۆمەتبارکرد. ڕاستییەکەی زۆربەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی نیشتمانییەکان کرابوون ڕاست بوون.

گەندەڵیی نێو ڕیزی کەسانی سەر بە حکوومەتی نیشتمانی بیانوویەك بوو تاکو پاساو بۆ ددانپێدانانی حکوومەتی بریتانی بە سستمی کۆمۆنیستی بهێننەوە. ئەو پاساوە لەلایەن هەندێك ڕاوێژکاری حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ سەندنەوەی متمانە و پاڵپشتی لە چیانگ کای چیك بەکار هات. کاتێك گەندەڵییەکانی حکوومەتی نیشتمانیی چین خرایە بەر چاوی خەڵك و ڕای گشتی، ڕۆژنامەگەری ئەرکی شاردنەوەی ئەو ڕاستییەی لە جەماوەر گرتە ئەستۆ و وەهایان بڵاو دەکردەوە ئەو کەسە فەرمییانەی بە ڕەفتارە خراپەکانیان ناوبانگی حکوومەتی چینیان لەکەدارکرد، زۆربەیان سەر بە شانە نووستووەکانی کۆمۆنیستەکان بوون کە دەزیان پێکرابووە نێو حکوومەتی نیشتمانی بۆ ئەوەی وەك خۆرە لەناوەوە بیڕزێننەوە. ئەو ڕا و بۆچوونەش ڕاستییەك پاڵپشتیی لێ دەکات کە زۆرێك لەو کەسە ڕەسمییانەی بەهۆی گەندەڵییەکانیانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند کرانەوە، دواتر سیستمی کۆمۆنیستی بە باوەشی ئاوەڵاوە چووە پێشوازییان و پۆست و پێگەی گرنگیان وەرگرت. ئەم قسانە لیزلی ملین لە کۆرنتۆ پشتڕاستیان دەکاتەوە کاتێك وەك نێردەیەکی مژدەهێن (التبشیری) لەو کاتیدا لە چین بووە بەرگوێی کەوتوون.

ڕەوتی ڕووداوە جیهانییەکانی دوای ساڵی ١٩٤٦ بەڵگەی ئەوەن ڕووسیا تا وادەی مردنی ستالین چەکی ئەتۆمی نەبووە ، چونکە ئەگەر

چەکێکی وەهای هەبووایە سێ و دووی لە بۆمبابارانکردنی شارە گەورەکانی کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکان نەدەکرد.

چەرچڵ ئەو ئەرکانەی بەتەواوی بەجێگەیاند کە لەلایەن خاوەن بانکە جیهانییەکانەوە خرابوونە سەر شانی. بەڵام چەرچڵ بەنێو ساڵدا چوو و کەوتە قۆناغی پیرییەوە و بووە بارێکی گران. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو فڕێ بدرێتە کونجی پشتگوێخستن و لەبیرکردن. بەڵام ڕۆژنامەگەری و پڕوپاگەندەکان کەسییەتیی چەرچڵیان بنیاد نابوو و لە چاوی خۆرئاواییەکاندا وەك پیاوێکی مەزن لێی دەنواڕدرا. هەروەها پاڵەوانی نەتەوەیی گەلی بریتانیش بوو و بە هەڵمەتی ناوزڕاندن و ئابڕووبردن لەنێو نەدەبرا. هەروەها نەشیان دەتوانی بە ئاسانی لە پێگە و شوێنەکەی خۆی دەریپەڕێنن. پیلانگێڕان بەوپەڕی چەپەڵییەوە نیازەکانی خۆیان شاردەوە و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی بە ستایش و شکۆدارکردنێکی بێ وێنە بیبەنە کەشکەڵانی فەلەك. جا لە هەشتایەمین ساڵیادی تەمەنیدا دیاری و ڕێزلێنانیان بەسەریدا باراند. هەروەها خەڵکی ڕەشۆکیان تێگەیاند چەرچڵ لە جیهاندا هیچ دوژمنێکی نییە.

ڕووداوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕێبەرە کۆمۆنیستەکان و نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکان هاوڕابوون لەوەی چەرچڵ کۆسپی سەر ڕێگەی وەدیهاتنی خواست و تەمایە نهێنییەکانیانە، سەرکردە کۆمۆنیستەکان بڕیاریان دا ئەنۆرین بیڤان بۆ ملشکاندن و خلیسکپێبردنی چەرچڵ بەکاربێنن. کاتێك ماوتسی تۆنگی دکتاتۆری چین لە ساڵی ١٩٥٤دا پێشوازیی لە ئەتلی وبیڤان کرد و خوانێکی شاهانەی بۆ ڕێکخستن، کۆمۆنیستەکان لە سەرانسەری جیهاندا

هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەگەریی جیهانیش وێنەی ئەوان و خوانە مەزنەکەی بڵاوکردەوە.

بۆ کەسێك کۆمۆنیست نەبێت زۆر زەحمەتە لە ئاماژەکانی ئەو وێنانە تێبگات. ئەتلی لە وێنەکەدا لە سەرەوەی مێزەکە دانیشتبوو. بەڵام بێڤان وەها دەهاتە بەرچاو لەلای خوارەوە و نزیك دەرگە دانیشتبوو. بۆچوونی گشتی ئەوە بوو ئەتلی میوانی شەرەف بوو و بیڤانیش لەلای کۆمۆنیستەکانی چین و ڕووسدا کەسێکی هێندە گرنگ نەبووە، بەمشێوەیە مەسەلەکە بۆ ڕای گشتی ئاڵۆزیی تێکەوت. چونکە خوو و نەریت وابوو میوان لە نزیك دەرگە دادەنیشێندرا.

کاتێك مرۆڤ چاو بە ڕووداوە زانراو و تۆمارکراوەکاندا دەگێڕێتەوە دەتوانێ بەوپەڕی دڵنیاییەوە پێشبینیی ڕوودانی چەند ڕووداوێکی ئایندە بکات، ئەوانیش:

یەکەم: کۆمۆنیستەکان ئەنۆرین بیڤان بەکاردێنن –جا ناوبراو بەمە زانێت یان نا– بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر سیاسەتی دەرەوەی لە ئەنجوومەنی گشتیدا، چەرچڵ لە دەستهەڵات لابدەن.

دووەم: نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکانیش هەڵمەت و هێرشەکانی بیڤان بۆ سەر چەرچڵ لەپێناو دەرکردنی بیڤان لە پارتی کرێکاران و پەرلەمان بەکاردێنن. لە هەمان کاتیشدا گومان دەخەنە نێو مێشکی خەڵك و جەماوەر کە چەرچڵ بەو تەمەنە پیرەوە نەتوانێ دانوستانە نهێنییە زۆر گرنگەکان بەڕێوەببات، بەمەش ناوبراو لەکۆڵ خۆیان دەکەنەوە. ڕێگەشی تێدەچێ نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکان بەپێی پێویست پەردە لەسەر ڕووداوە نهێنییە دیبلۆماسییەکان دابماڵن بۆئەوەی پاساو بۆ هێرش و هەڵمەتی نەیارەکان بهێننەوە. ئەوسا

ئەگەر لەو کاتیدا چەرچڵ جوامێرانە و ئازایانە واز لە کورسییەکەی نەهێنێ، دەکەوێتە بەر مەترسیی ئاشکرابوونی ئەو ڕووداوانەی بەنهێنی و لەپشتی پەردەوە لە گفتوگۆیەکانی تاران و یاڵتا و بۆتسدامدا ڕوویان دابوو.

سێیەم: دەتوانین زۆر بە سانایی پێشبینی بکەین هەر کاتێ چەرچڵ هەست بە گوشارەکە بکات دەست لەکار دەکێشێتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەتوانین پێشبینی بکەین بیڤان ناکشێتەوە و ناخلیسکێ. بە نیمچە دڵنیاییەکیشەوە دەتوانین بڵێین ئەتلی و ویدکن واز لە پارتی کرێکاران دەهێنن یانیش لەلایەن پارتەکەوە وەدەر دەنرێن و بیڤانیش بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنە گشتییەکان کەوا سێر ئەنتۆنی ئیدن دوای جێگرتنەوەی چەرچڵ داوای دەکات، سەرکردایەتیی پارتەکە دەگرێتە دەست.

چوارەم: کوڕەکەی ڕۆزفلت چەند وردە ئاماژەیەکی سەبارەت بە واقیعی خۆ گونجاندنی ناچارانەی چەرچڵ لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕۆزفلت و ڕاگەیاندنی هاوڕێیەتییە ڕووکەشەکەی باوکی لەهەنبەر سەرۆکی ئەمریکا کردووە. گەرچی سەرۆکی ئەمریکا بەوپەڕی قسە ڕەقییەوە ڕایگەیاند حەزی لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمۆنوێلسی بریتانییە، بەڵام ڕۆزفلت ناچار بووە خۆی وەك هاوڕێییەکی گیانی بەگیانی پیشان بدات، ئەمەیش ڕاستییەکە و ئەو ڕێبازە ڕوون دەکاتەوە کە نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکان لەپێناو پیاوەێکدا دەیگرنەبەر کە زۆر کەس بە پیاوێکی مەزنی نێو سیاسەتی بریتانیای دەزانن.

ئەو خاڵەی دەبێ وەبیر بهێندرێتەوە ئەوەیە نێونەتەوەییە نازییەکان لە گۆڕەپانی گەمەکە دوورخراونەتەوە، ئێستە دوو کۆمەڵە

خەڵك ماونەتەوە و هەردوولایان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی جیهانیان خستووەتە گەڕ، ئەوانیش: دیکتاتۆرە کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا و چین، سەرمایەداران یان نێونەتەوەییە خۆرئاواییەکانن.

جا مادام هەردوو کۆمەڵە ڕازین بەشێوەیەکی ئاشتییانە پێکەوە بژیەن و جیهان لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن، جۆرە ئاشتییەکی دژواری لەرزۆك دێتە کایەوە.بۆ ئەوەی ئەگەر سەرکردەی یەکێك لەو دوو لایەنە بڕیاری دا بیردۆزی پێکەوەژیانی ئاشتییانە هێندە سست و لاواز بووە ئیدی ناتوانێ وەڵامگۆی پێداویستییەکان و سیستمە نوێیەکان بێت، تاکە جێگرەوە و ئەلتەرناتیڤێکی ئەو ئاشتییە جەنگ بێت.

ئەگەر کۆمۆنیستانی خۆرئاوایی لە هەڵگیرساندنی جەنگی سێیەمی جیهانیدا دەستپێشخەر بن، ئەوا جەنگەکە بەبێ هیچ هۆشدارییەکی پێشوەختە هەڵدەگیرسێ. لە گشت وڵاتانی سەرمایەداریدا داوای مانگرتنێکی گشتیی جیهانی دەکرێ. ئەو کردارەش دەتوانێ ئەو ئیفلیجییە گشتییە بێنێتە کایەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێی دا. هەروەها فرۆکەی کۆمۆنیستەکان دەست بە بۆمبابارانکردنی مەڵبەندە پیشەسازییەکان دەکەن بۆ ئەوەی دەست لە هێزە شاراوەکەی ویلایەتە یەککرتووەکان و کەنەدا بوەشێنن و لەپێناو زوو خۆ ڕادەستکردن و ملکەچی، زۆرترین کەس لەنێوببەن. لەوانەشە بریتانیا هەمان ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ. ڕێشی تێدەچێ غازی ئەعساب لەو ناوچانە بەکاربهێندرێ کە دوژمن نایەوێ وێرانیان بکات. هەروەها هێزەکانی سۆڤییەت ناوچە کاناوییەکانی باکووری کەنەدا دەخەنە ژێر دەستی خۆیان. ناوچە داگیرکراوەکانیش وەك بنکەی کردەکان لە

بەشە باشوورییەکاندا بەکاردێنیٚ. مانگرتنی گشتیش جوولەی سەر بەندەر و کەناراوەکانی جیهان پەك دەخات، ئەمەیش دەبێتە هۆی برانی یارمەتی و گەیاندنی کۆمەك بە بریتانیا. هەروەها ژێرئاوگەرە سۆڤییەتییەکان هەر کون و کەللەبەرێك دەگرن کە ببێتە هۆی دزەکردنی یارمەتییەکان. ئەوسا گەلی بریتانی بەدەست برسییەتییەکی کوشندەوە دەنالێنن و دوای چوار هەفتە لە دەستپێکردنی کردەکانی نێو دەریا، خۆی رادەستی داگیرکەران دەکات. هەروەها کەسانی نێو شانە نووستووەکانی کۆمۆنیستی لە ولاتانی خۆرئاواییدا ماوەیەکی کەم بەر لە بۆمبابارانکردنی شارەکان، دەبرێنە دەرەوە و سوپایە نهێنییەکانیش دەگەرێنەوە و ئەو خاکانە داگیر دەکەن کە دەستیان لێ وەشێندراوە و بۆمبابارن کراون. هەروەها تابووری کۆمۆنیستی هەموو ئەو کەسانە لەنێو دەبات کە ناویان لە لیستی رەشدا هاتووە. بەمشێوەیە سەرکردە نێونەتەوەییەکانی خۆرئاوایی بەکاتێکی زۆر کورتتر لەو کاتەی رکابەرە نازییەکانیان لە دادگەی نۆرمبێرگدا لەنێو برد، تارومار دەکرێن.

لە بەرانبەریشدا ئەگەر سەرکردە و رێبەرانی نەخشە و پیلانگێرییەکە گەیشتنە ئەو باوەرەی هێرشی کۆمۆنیستەکان بۆ سەریان لە ئان و ساتی خۆیدا نزیك بووەتەوە، ئەوا حکوومەتە دیموکراسییەکانی جیهانی خۆرئاوایی ناچار دەکەن جەنگی سێیەمی جیهانی بەرێوەببەن، ئەمەیش دەرفەتی یەکەم دەستوەشاندنیان بۆ دەرەخسێنیٚ. بە پێشەکییەکی راگەیاندن و رۆژنامەوانییەوە و بە ترساندنی خەلك لەهەنبەر مەترسییەکانی کۆمۆنیستی، زەمینەی هەلگیرساندنی جەنگەکە خۆش دەکریٚ. هەروەها جەخت لەسەر

مەترسیی هەنبەر مەسیحییەتیش دەکەنەوە. ئەیتەیستە مادییەکانیش ئەوانەی بەشێوەیەکی ئابوورییانە کۆنترۆڵی جیهانیان کردووە، دەچنە نێو جەنگی پیرۆزی خاچپەرستییەوە. بەڵگە و پاساو بۆ هێرشە ئەتۆمییەکانی سەر رووسیا و چینیش دەهێننەوە هەروەك چۆن چەرچڵ بۆ هێرشکردنە سەر ئەڵمانیا بیانووی هێنایەوە. دواتریش دەڵێن ئەمە بۆ ڕزگارکردنی شارستانییەکەمان زۆر پێویست بوو. بەڵام با فێڵ لە خۆمان نەکەین، بەبێ ڕەچاوکردنی شێوازی زەمینەسازی هەڵگیرساندنی جەنگ، ئەگەر جەنگی سێیەمی جیهانی هەڵبگیرسێ ئەوا جەنگی بڕیاردانە لەسەر ئەوەی ئاخۆ کۆمۆنیزم حوکمڕانیی جیهان دەگرێتە دەست، یانیش سەرمایەدارانی خۆرئاوایی لە کۆنترۆڵکردنی جیهان بەردەوام دەبن.

هەروەها ئەگەر جەنگی سێیەمی جیهانی هەڵبگیرسێت، وێرانکارییەکەی هێندە سەرانسەری دەبێت کە نێونەتەوەییەکان بەردەوام پاساو بۆ باوەڕ و بۆچوونی خۆیان دەهێننەوە و دەڵێن تەنیا بە حکوومەتێکی دیاریکراو و هێزی پۆلیسی جیهانییەوە دەتواندرێ حوکمڕانیی جیهان بەڕێوەببرێ. ئەوساکە بەبێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر جەنگێکی دیکە، گرفتە هەمەجۆرەکانی نیشتمانی و جیهانی چارەسەر دەبن. ئەو بەڵگە و پاساوەش بە لۆژیکی و بەجێ دێتەبەرچاو ئەگەر چاو لەو واقیعە بپۆشین کە ڕێبەرە کۆمۆنیستەکانی خۆرهەڵات و ڕێبەرە سەرمایەدارەکانی خۆرئاوا لە کۆتاییدا دەیانەوێ هێزە تایبەتەکانیان بخەنە واری کردارییەوە و دەستهەڵاتێکی دکتاتۆریانەی بەزەبروزەنگی ئەیتەیستی دامەزرێنن.

ئەوانەی دەخوازن بە ئازادانە بمێننەوە دەبێ یەك پلانی كار بگرنەبەر. دەبێ دژ بە كۆمپانیا و قۆرغكردنە بەكۆمەڵەكان هانی دەستپێشخەرییە تاكەكەسییەكان بدەن و پاڵپشتی ئەو كەسانە بن كە داوای ئابوورییەكی نوێی دژ بە ئاراستەی بەردەوامبوونی ئابوورییەكە كۆنەكە دەكەن.

ئەگەر دەمانەوێ نەوەكانی داهاتوو لەو چارەنووسە شوومە دەرباز بكەین كەوا لەلایەن هێزە شەڕخوازەكانەوە بۆیان ئامادە كراوە: دەبێ دەستوبرد هەوڵی خۆمان بخەینە گەڕ.. كاتمان نییە بە فیڕۆی بدەین. لەوانەیە خوێنەر بپرسێ: باشە چیمان لەدەست دێ و چی بكەین باشە؟

ئەمە پرسیارێكی زۆر بە جێیە. خۆ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە ئامادە نەبووایە هیچ پاساوێكم بۆ نووسینی ئەم پەڕتووكە نەدەبوو. خەڵكانێكی زۆر كاتەكانی خۆیان لە پرسیاری وەك ئەمە چییە و بۆچی بەسەر دەبەن. دژی فلان و فیسارن. بەڵام ئەو نووسەرانە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن كە نەفرەت دادەبارێننە سەر بیرۆكە و رێكخراو و بزووتنەوەیەك و لە هەمان كاتیشدا چارەسەری كرداریی گرفتەكان دەخەنە ڕوو و چەند پێشنیازێك بۆ لە ڕەگەوە دەركێشانی شەڕخوازی دەخەنە بەر دەست.

یەكەم: وەك تاك لەسەرمان پێویستی ئاشنای ئەو مەسەلە ڕووحییانە بین كە پێوەندییان بە پرسەكەوە هەیە. چەندان پەڕتووك هەن، بە پەڕتووكە پیرۆزەكانیشەوە ڕێگەی وەدیهێنانی ئەو ئامانجەمان پێ نیشان دەدەن.

دووەم: دەبێ چەند هەنگاوێکی کردارییانە هەڵێنین و ئەو هۆکارە دەستوورییانە بەکاربێنین کە دەتوانن لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزمی جیهانی و سەرمایەداری و ئەو باوەڕە ڕووخێنەرانە یارمەتیدەرمان بن کە هەوڵی وێرانکردنی دەستهەڵاتی مەسیحییانەی ڕاستەقینە دەدەن، ئەمەیش بەم هەنگاوانەی خوارەوە مەیسەر دەبێت:

-داواکردنی ڕیفۆرمی ئابووری: لەبەرئەوەی خۆپەرستی و هەڵپە و تەماع و حەزی وەدیهێنانی دەستهەڵات بنەڕەتی گشت هەستێکن، زۆر بەجێیە هەندێك ڕێکاری دەستووری بگیرێنە بەر بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەفیڕۆچوونی سامان و هەوڵی هەژموونگەرایی گرووپە ئەیتەیستە مادییەکان بگرین کە بە پلەی یەکەم لە حکوومەتی گەلانیان زەوتکردووە. جا لەبەرئەوەی ئەمە ڕاستییەکی بێ چەندو چۆنە، مافی گشت هاوولاتییەکی ئاساییە -ئەوانەی باج دەدەن- داوا لە حکوومەتە هەڵبژێردراوەکانیان بکەن قەرەبووی ئەو هەڵە و کەموکورتییانە بکەنەوە کەوا پیلانگێڕان و سەرمایەداران لە ڕێگەی حکوومەتەکانەوە لەهەنبەریاندا کردوویانە، ئەمەیش بە دانانی ئاستێك دەبێت بۆ دانانی سووخۆری و گەڕاندنەوەی ئەو پارەو پوولە زەبەلاحەی بازرگانانی چەك و جەنگەکان وەك سووی سەر قەرزە کانیان لە ولاتە قەرزارەکان وەری دەگرن، دەبێ ئەو پارە زۆرەش بگەڕێندرێتەوە خەزێنەی گەل، خۆ ئەگەر ئەو ئامۆژگارییە لە گوێ گیرا، ئەوا کرێکاران ئەو دیموکراسییە ڕاستینە وەدەستدێنن و هیچ پاساوێکیش بۆ دەستهەڵاتدارانی کۆمۆنیستیی نێو ڕووسیاو چین نامێنێتەوە لەژێر پەردەی دوژمنایەتیکردنی سەرمایەداریدا نیاز و هەڵپە ئیستعمارییەکانیان بشارنەوە.

- کۆنترۆڵکردنی دراو: دەبێ دەنگدەران بەردەوام لەسەر دەرکردن و لەچاپدانی بەرزەفتکردنی دراو سووربن، دواتریش دەبێ بدرێتە دەست حکوومەتەکان، چونکە هەر ئەوان خاوەن مافی یەکەمن. لێرەدا مەبەستمان لە حکوومەتەکان دەستهەڵاتی باڵای جێبەجێکاری هەڵبژێردراوە کە بەهۆی توانا و شارەزاییەکانیان لە بەڕێوەبردن و راپەڕاندنی کاروبارەکانی گەل بەشێوەیەکی کارا و کرداری، لەلایەن دەنگدەرانەوە هەڵبژێردراون و لەسەر بنەمای دادپەروەری و چاکەکاری بڕیارەکانی خۆیان دەردەکەن.

-سزادان: لەسەر دەنگدەران پێویستە لەهەنبەر ئەو کەسانەی بە گەندەڵی و بەرتیل خواردن تۆمەتبار کراون، داوای توندترین سزا بکەن، چونکە ئەم دوو هۆکارە سەرەکییە بەکرێگیراوانی گشت رێکخراوەکان بەکاردەهێندرێن بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە ناچارین فەرمان و داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەن. هەروەها دەبێ راوەدووی گشت رێکخراوە تێکدەرەکان بنرێ و ئەندامانی سەر بەو جۆرە رێکخراوانەش بە پێشێلکاری یاسا لە قەڵەم بدرێن و توندترین سزایان بۆ دەربچێ. ئەوانەی بۆ لابردن و رووخاندنی رژێمەکان داوای بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی دەکەن، لەپێناو زەوتکردنی پارە وسامان و وەدەستهێنانی هەژموونی خۆیانە، بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە و بەبێ ئەوەی خۆیان ئەرکەکە بگرنە ئەستۆ، بگەنە ئامانجە نەگریسەکانی خۆیان. لەسەر ئەم بنەمایەوە دەبێ سزایان کاری تاقەتپڕووکێن و خزمەتکردنی گشتی بێت. هەروەها دەبێ کاتژمێرەکانی کارکردنیان بە رێژەی ٢٥٪ لە کاتی رەسمی زیاتر بێت و کرێ و دەستهەقیشیان بە رێژەی ٢٥٪ لە

ڕێژەی ڕەسمی کەمتر بێت. هەروەها دەبێ ماوەی خزمەتکردنەکەیان پشت بە باشتربوونی هەڵوێستە نەرێیەکەیان.

– **جەنگە پیرۆزەکان:** لەسەر مەسیحییەکانی سەر بە گشت ڕێباز و مەزهەبەکان پێویستە ئاستێك بۆ دەمارگیری و بەدحاڵی بوون دابنێن. ئەوماڵەی درزی تێکەوتبێ بێگومان ڕۆژێك دادێ دەڕووخێ. هەروەها دەبێ جەنگە پیرۆزەکان لەسەر بنەمای ئامانجی ڕۆشنبیرکردنی گەل و ئاشناکردنی بەو هۆکارانە بێت کە نەیاران گرتوویانەتە بەر. هەروەها دەبێ گرنگییەکی تایبەت بە گەنجانی نەتەوەکەمان بدەین و لە کاریگەریی تێکدەران و بەکرێگیراوی پیلانگێڕەکان بەدووریان بخەینەوە. هەروەها دەبێ ئەو کەسانەی لەسەر ئەو جەنگە پیرۆزە ڕادەهێندرێن و مەشقیان پێ دەکرێ، هەڵوێستیان لەهەنبەر کەسانێکدا نەرێیی بێت کە پێوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوە تێکدەرەکاندا هەبووە، جا ئەگەر پێوەندییەکە بە ویستی خۆیان بووبێت یان بەهۆی نەزانییەوە تێکەوتبن، چونکە بێزراندن و نەفرەت ڕیزەکانی خەڵك هەڵدەوەشێنێتەوە و زیاتر لە جڤاك دووریان دەخاتەوە.

خۆ ئەگەر کەسی باوەڕدار متمانەی خەڵکی وەدەستهێنا، دەتوانێ بۆیان ڕاڤە بکات کە چۆن ڕێبەری بیروباوەڕە توندڕۆیەکان و پیلانگێڕەکان تەنیا خەڵك دەکەنە گەمەی نێو سیناریۆیە گڵاوەکانیان. کاتێکیش خەڵك تێدەگەن ڕیبەرانی ئەو بزووتنەوانە خەڵك لەپێناو مەرامەکانی خۆیاندا بەکاردێنن و کە ئیشیان پێیان نەما بەتەواوی پشتگوێیان دەخەن، ئەوا چاوێك بە هەڵویست و ڕەفتارەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە. بەهۆی کاری ئەدەبی و هزریی تایبەت بە مەسەلەکە و

دوای دروستکردنی گومان لە ئەقڵیاندا، دەکرێ باوەڕیان پێ بهێنین. جا وەك ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەش پەڕتووکی (جیهان گەمەی دەستی ئیسرائیلە) لە چاپ درا.

-دانوستانە سیاسییەکان: لەبەرئەوەی بەکرێگیراوانی کودەتایە جیهانییەکە تەنیا لەپشت پەردەوە و لەپشت حکوومەتەکانەوە خەریکی هەڵڕشتنی ژەهر و بەڕێوەبردنی کاری خراپن و بۆ وەدیهێنانی پیلانە نهێنییەکانیان تەنیا بە نهێنی کۆبوونەوەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا ڕێگەیان پێ بدرێ بە نهێنی کۆبوونەوەکانی خۆیان بەڕێوەببەن، خۆ ئەگەر حکوومەتەکە هی گەل بێت و لە گەلەوە هەڵبژێردرابێت، ئەوا گەل مافی هەیە بزانێ لە کۆبوونەوەکاندا چی دەگوزرێ و چ شتێکیش خراوەتە بەرباس.

نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا ئەسپی تەراوادەی پیلانگێڕانی جیهانییە و سەری ڕمی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانییە. زۆربەی دەقی پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ئەلجر هیسی بەکرێگیراوی سیخوڕیی سۆڤییەتییەوە نووسراوە. هەروەها سەرە ڕمی هێزی پاراستنی ئاسایشی جیهانی بووە (ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی ئاسایش بەردەوام لەلایەن کۆمۆنیستە ڕووسییەکانەوە دانراوە) بریتین لە سۆبیلۆف ١٩٤٦-١٩٤٩، کۆنستانتین زینشتنکۆ ١٩٥٠-١٩٥٣، ئیلیا چیریچێف ١٩٥٣-١٩٥٧، دوبرینین ١٩٥٧-١٩٦٠، جیورجی ئەرکادیف ١٩٦٠-١٩٦٢، یۆجینی کیسیلیف ١٩٦٢ (لە پۆستی جێگری گشتیی ڕۆشنبیری لە یونسکۆ) فلادیمێر مارلۆفسکس ١٩٦٢(پۆستی سەرۆکی بەشی فێرکردنی ناوەندی لە یونسکۆ) بەڕێز (ئەی- جیفالۆڤا) دوو کەسی کۆمۆنیستی ڕووسین . سەرۆك و جێگری

سەرۆك و نۆ دادوەر لە دادگەی دادی نێودەوڵەتی کۆمۆنیستن. ئەم ڕاستییانە و چەندان ڕاستیی دیکە دەبێ بخرێنە بەرچاوی خەڵك وئاشکرا بین.

-قاچاغچییەتی و ئەزموونە نا یاسایی و ناڕەوایەکان: کاتێك تابووری پێنجی تێکدەر و تۆڕی چەتە نهێنییەکان لە شارە گەورەکاندا ڕێکخراو و بە نهێنی و لە جیهانی ژێرەوەی شاراوەدا ڕەگیان داکوتابوو، هەروەها کاتێك بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان تەنیا بە هاوکاریی هەمەکیی لەگەڵ ئەو تۆڕە ڕێکخراو و مەشقدیدە و پڕچەك و تەواو ئامادەکراوەکاندا سەرکەوتن وەدەست دەهێنن، دەبێ ڕای گشتی ئەو ڕاستییانە بزانێ و داوای دەستگیرکردن و دادگەییکردنی هەموو ئەو کەسانە بکات کە پێوەندییان بە قاچاغچییەتی و بازرگانیی ناڕەوا و نایاسایی و چەتە نهێنییەکانەوە هەیە، جا سەر بە هەر لایەنێکی سیاسی بن و پێگەیان لە جڤاکدا هەر چی بێت. لەسەر جەماوەر پێویستە لەپێناو پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی ئەفسەرانی پۆلیس و دادگە و دادوەرە بەشەرەفەکاندا یەکبگرن. هەروەها دەبێ نوێنەرانی گەل لە ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتیدا درك بەوە بکەن سیاسەتی بەرشوبڵاوکردنەوە تەنیا بووەتە هۆی دابەشبوونی چەتەی نێو یەك گرووپی دیاریکراو بۆسەر سەتان شانەی نووستوی شەڕخوازتر. هەروەها دەبێ ئەوانەی دەستگیر دەکرێن ئەو حوکمانەیان بەسەردا پێڕەو بکرێ کە پێشتر باسمانکردن.

– ڕاگەیاندن: لەسەر هاووڵاتیانی ئاسایی پێویستە یەکبگرن و خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڵمەتانەی پڕوپاگەندە ڕێکبخەن کە بانگەشەکارانی نێونەتەوەیی بەڕێوەیان دەبەن. هەروەها لەسەر

کۆمەڵـە خۆجییـەکانی هـەر شارۆچـکەیەکیش پێویسـتە بەوپـەڕی سووربوون و پێداگرییەوە داوای پاککردنەوەی ڕۆژنامەگـەری و ڕادیـۆ و تەلـەفزیۆن بکـەن لـە پڕوپاگەنـدەی ڕووخێنـەر. هـەروەها دەبـێ بـۆ حکوومەتی دەستووری داوای ڕەخساندنی دەرفـەت بکـەن بـۆ ئـەوەی خۆی بە جەماوەر بناسێنێ.

-هـەڵاتن و پاشەکشـەکردن: دەبـێ لـەپێناو ڕووبەڕووبوونـەوەی ئەوانـەی بانگەشـەی هـەڵاتن و پاشەکشـە دەکـەن، ئەوپـەڕی توانـای خۆمان وەگەڕبخەین. ئەو جۆرە کەسانە بـەزۆری بەڵگـە دەهێننـەوە و دەڵێن بۆ چاکترکردنی بارودۆخی هەنووکـەیی هـیچ شتێکمان لەدەست نایەت. هەروەها باوەڕیشیان وایە مـرۆڤ نـابێ غـەمان هـەڵگرێ، چونکە قەدەر پێشوەخت نووسراوە و هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونیش لە قـەدەر نییە، ئەو جۆرە کەسانە وەك ئەو کەسەن کە دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێك، چونکە سـەرەتا کردەی دەسـتدرێژییەکەی بـۆ دەڕازێنێتـەوە و پێی دەڵێ مادام ناتوانیێ ئەو چارەنووسە لەخۆی دووربخاتـەوە، بۆچـی بە ئاسوودەییەوە ناسرەوێ و چێژ لە ڕووداوەکـە وەرنـاگرێ. هـەروەها ئـەو کەسانەی بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن مـرۆڤ لەهەنبـەر کەڵـەگایی و دەستهەڵاتی ڕەها و سەرکەوتنی شەڕخوازاندا هیچـی لەدەست نایـەت، ئەو ڕاستییە پشتگوێ دەخەن کە خودا هەیـە و هـەر خـۆی گرنگـی بـە بـارودۆخ و ڕووداوی ژیـانی مرۆڤـەکان دەدات. هـەروەها دەبـێ ئـەو کەسـانەی ورەیـان دابـەزیوە و ئازایـەتییان لەدەست داوە، بـەردەوام ئـــەوەیان لـــەبیر بێـــت تاکـــە هۆکـــاری ڕزگـــارکردنی ڕووحیـــان و ئاسـوودەییەکی هەمیشـەیی ئەوەیـە بـەدژی هێـزە شـەڕخوازەکان لـە تێکۆشـان بـەردەوام بـن. هـەروەها دەبـێ دڵنیـابن لـەوەی پاداشـتی

خواوەند بەپێی ئەو دەستکەوتانە نییە کە وەدەستی دەهێنن، بەڵکو بەپێی ئەو هەوڵ و کۆششە بێگەردانەیە کە دەیخەنە گەڕ.

-خۆشەویستیی برایانە: مادام خواوەند هەموو شتێکی بەخشیوەتە مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ ژیانی سەر زەویی پێ بەسەرببات، هیچ پاساوێکی بەجێ بوونی نییە هەندێك لە بوونەوەرەکانی لە بەترانی و ورگزلی و چڵیسیدا بژیەن و هەندێکی دیکەش تا ئاستی مەرگ برسی بن. لەسەرمان پێویستە بۆ هەڵێنجان و هێنانەدیی هۆکاری باشتری دابەشکردنی دادپەروەرانەی پێداویستییە هەنووکەیی و بێ چەندوچۆنەکان بەسەر خەڵکیدا، بیردۆزی نوێی شارەزایانی بواری ئابووری بەکاربێنین. کاتێکیش ئەمە دێتەدی، باوەڕهێنان بە دەوڵەمەندان و ئەوانەی سەروەت و سامانێکی زۆریان هەیە ئاسان دەبێت، بۆئەوەی سەروەت و سامانەکانی خۆیان ببەخشنە ئەو برایانەیان کە هیچ شتێك شك نابەن یان کەمە شتێکیان هەیە و بەشی پێداویستییەکانیان ناکات. هاوبەشیکردنمان لەگەڵ کەسانی بێبەش و بەخشینی دارایی و سامانمان بەوان، گەورەترین شادمانیی سەر ئەو گۆی زەوییەمان بۆ دەڕەخسێنێ. کاتێکیش سیستەمەکانی ژیانمان لەسەر بنەمایەکی ڕووحییە ، ئەوا هەلومەرجە ئابوورییەکان هێندە بەرەو باشتربوون دەچن، بنیادنانی خانوو و ماڵ و پێکهێنانی خانەوادە دەبێتە مەسەلەیەکی سانا، ئەوکاتیش گشت هۆکارەکانی ترس و نیگەرانی لەنێو دەچن.

-ئامادەکاریی سەربازییانە: مادام ئەو هەلومەرجانەی نێو ئەم پەڕتووکە بەردەوام لە گۆڕێدا بن، ئامادەکاریی سەربازی زۆر پێویستە. هەر هاووڵاتییەك لە باوەشی بەسۆزی نیشتماندا بێت و مافی

هاوولاتیبوونی بۆ دەستەبەر کرابێت، ناچارە و ئەرکی سەرشانیەتی دژ بە دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە و داگیرکەران بەردەوام ئامادە بێت بەرگری لە نیشتمانەکەی بکات، تاکە پاساوی هەڵگیرساندنی جەنگ بەرگریکردنە لە نیشتمان دژ بە هێز و دەستهەڵاتی دوژمنان، مادام تاکو ئێستەیش جۆرە ئازادییەکمان هەیە، کەواتە هێشتا هیوای سەرکەوتن بە سەر دوژمنان و هێزە شەڕخوازەکان بوونی هەیە.

– **ئاسایشی نێوخۆیی:** باشترین هۆکاری بەهێزکردنی ئاسایشی نێوخۆییی هەر گەل و نەتەوەیەك، پێکهێنان و دامەزراندنی ئۆرگان و مەڵبەندی بەرگرییەکی بەهێز و کارای مەدەنییانەیە. جا لەبەر ئەو جوولە خێرایەدا دەبێ ئەو مەڵبەندە ببێتە بەشێك لە ئاژانسی ئاسایشی نێوخۆیی نەتەوەیی. لەبەرئەوە پێویستە مۆرکێکی فیدراڵییانەی هەبێت. ئەمجۆرە ڕێکارە ئێستە لە کەنەدا گیراوەتەبەر و وەزیری داد و سوارچاکانی پۆلیسی پاشایەتیی کەنەدی هاریکاریی دەکەن و بەرپرسی ئاسایشی نێوخۆیی نەتەوەیە.

بەرگری مەدەنییانە بریتییە لە ئامادەکردن و مەشقکردن و دابەشکردنی خەڵکی مەدەنی بەسەر چەند گرووپ و لقێك بۆ زیادکردنی ئەو بەشە سەربازی و سیستماتیکانەی لە دۆخی ئاساییدا خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن. هەروەها کارمەندانی بەرگری مەدەنی لە دۆخی هێرشی دوژمناندا مەشقی خۆیان و هاوسێیەکانیان دەگرنە ئەستۆ. جا لەبەرئەوەی دوژمنەکانمان تابوورەکانی پێنج و ڕێکخراوی نهێنی بۆ ڕووخاندنی حکوومەت بەکاردێنن و خودی ئەو ڕێکخراوانەش بەکاری شۆڕشگێڕانە دەیانەوێ حکوومەت لابدەن و بەهۆکاری تۆقێنەرانەش جەماوەر بەرزەفت دەکەن ، زۆر بەجێ و لۆژیکییە

یەکەکانی بەرگریی مەدەنی لەسەر شێوەی دەستە و ئۆرگانێکی دژ بە کاری شۆڕشگێڕانە ڕێکبخرێن. لەسەر پۆلیسی بەرگریی تایبەتی مەدەنی و یەکەکانی هەوالگری پێویستە لەژێر چاودێریی پۆلیسی ڕەسمی مەشق ببینن، بۆئەوەی لە دۆخە کتوپڕەکاندا هاوکاریی نێوانیان لەپێناو پاراستنی سەلامەتیی گشتی بێت.

-کارکردن.. کات ئەماوە بەفیڕۆ بدرێ: لەکاتی خوێندنەوەی ئەم پەرتووکەدا ڕووبەڕووی ئالنگاری بوویەوە، هەروەها وەڵامدانەوە و کاردانەوەت لەهەنبەر پاڵنەرەکانی کار و نەخشە و پلانە کێشراوەکەیدا هەبووە، ئەگەر باوەڕێکی پۆلایینت بە خواوەند بێت، ئەوا ئایندەی مرۆڤایەتی دیاری دەکەیت و ئەو هێزە شەڕخوازانەش سەرنگون دەبن کە پیلانی وێرانکردنی ژیانی دیموکراسیمانیان داڕشتووە. ئەرکەکەش لەسەرووی وزە و توانای ئێمەوە نییە. دەبێ ئەوەشمان لەبیربێت ئەو ئۆرگانە و پێگە شەڕخوازەی لە ئێستەدا شەیتان بەکاری دەهێنێ، تەنیا ٣٠٠ بیلمەتی خاوەن مێشکی سەرئاسان.

- باوەڕ، هیوا، چاکەکاری: نابێ هەرگیز ئەوە لەبیر بکەین ئایینە ئاسمانییەکان لەسەر بنەمای باوەڕ و هیوا و چاکەکاری بنیادنراون و باوەڕە ئەیتەیستییەکانیش تەنیا لەسەر گومان و ڕق و کینە و بێهیوایی داڕێژراون.. خواوەندی مەزنی بەتوانا بەشێوەیەکی پلە بەپلە دەرفەتی تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی مەسەلە و نهێنییەکانی سرووشتی بۆمان دەستەبەر کردووە، بۆ ئەوەی بەخراپ ئەو سوودانە بەکارنەهێنن کە پێشکێشمانی دەکات. ئێستە ئێمە دەتوانین بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە وزەی ئەتۆمی بەکاربێنین، هەروەها دەشتوانین بەشێوەیەکی خراپ بەکاری بهێنین و دەرفەت بۆ هێزە شەڕخوازەکان برەخسێنین بەدژی

ئێمه بەکاری بێنن و بتوانن نیوەی ڕەگەزی مرۆیی لەنێو ببەن و ئەوانی دیکەش دووچاری پەککەوتەیی و کەمئەندامی بکەنەوە. دەشتوانین دڵنیابینەوە لەوەی کەسانی ڕزگاربووی نێو ئەو قەسابخانە تۆقێنەرە دەبنە بەکرێگیراوی ئەو هێزە شەڕخوازە.

خودا هەموو ئەو شتانەی پێمان بەخشیوە کە لەم ژیانەدا پێویستمان پێی هەیە. هۆکارەکانی حەسانەوە و چێژی ڕەوای بۆمان دەستەبەر کردووە. لەبەرئەوە لەسەرمان پێویستە کاربکەین بۆئەوەی هەموو خەڵکێش ئەو نیعمەت و خۆشییانە وەدەستبێنن و کە خودا بەخشیویەتییە مرۆڤ. نابێ ئەو کاتەش هەرگیز بێت عەنبارەکانی خۆرئاوا پڕبن لە گەنم، کەچی ملیۆنان کەس لە خۆرهەڵاتی دووردا بەهۆی برسییەتی و قاتوقڕییەوە بمرن. دەبێ لە بەخشینی ئەو شتانەی هەمانە دەست و دڵ کراوەبین و ئەو شتانەی لە پێویستی خۆمان زیاترن ببیبەخشینە کەسانی بێ نەوا و با لەوەش دڵنیابین کاتێك دەمرین، هیچ شتێك لەگەڵ خۆمان نابینە نێو گۆڕەوە.

کۆتایی









لەوانەیە پەڕتووکێکی دیکە لە مێژوودا نەبێت بارتەقای ئەم پەڕتووکە هەرا و زەنای نابێتەوە. لەوانەیە هۆی ئەمەیش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم پەڕتووکە وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بێت بۆ گشت ئەو کەسانەی دەیانەوێ نهێنییەکانی پشت پەردەی ئەم جیهانە تێبگەن. بەو واتایەی چەند لێکدانەوەیەك پێشکێش دەکات کە بە بەڵگە و پاڵپشتیی پتەوکراون سەبارەت بەو ڕووداوە گەورە و تۆقێنەرانەی جیهان گوزەری پیایاندا کردووە. وەك شۆڕشە مەزنەکان و هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی. بەبێ ئەوەی بزانێ دەستە شاراوەکانی بزوێنەر و پاڵنەری ئەو ڕووداوانە کێن.

نرخ: ٨٠٠٠ دینار



AWER 5 29